# تۆماری سەروەری

# 6

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# تــۆمــارى ســەروەرى

بەرگى شەشەم

(6)

دۆســــــييە

دوو

نووسين و ئامادەكردن: ئازاد سەراوى

# تۆماری سەروەری - بەرگی شەشەم-
# دۆســـــــــییە - دوو


نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی

تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار

دیزاین :- هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی حەمدی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم

ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦ ) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە



سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.



لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## ناوەڕۆك

داستانی دابان
- شەڕی دابان ........ ٢٣
- تێکڕای داستانەکە........ ٢٤
- داستانی دابان هەلاج لە ئیزگەوە ........ ٢٦
- تیپی ٣٧ لە شەڕی دابانداا ........ ٣٦
- تیپی ٥٧ سەگرمە ........ ٣٦
- تیپی ٥١- ٥٣........ ٣٨
- تیپی ٣١ پێنجوێن........ ٤٠
- تیپی مەڵبەندی دوو........ ٤١
- تیپی ٢٣ سورداش ........ ٤٢
- تیپی ٤٣ ئاسوس ........ ٤٣
- تیپی ٩٩ بێتوێن ........ ٤٤
- تیپی ٥٥ قەرەداخ ........ ٤٤
- تیپی ٢٥خاڵخالان........ ٤٦
- شەڕی دابان لە ڕۆژنامە جیهانییەکاندا........ ٤٨
- نوکتەکانی دوای دابان........ ٤٨
شەڕی سێ مانگەی قەیوان – ماوەت
- قەیوان ماوەت – چیای گوڵێ........ ٥٢
- پێش گرتنی ڕەبیەی گوڵێ........ ٥٤
- چیرۆکی گرتنی ڕەبیەکە........ ٥٥
- سەنگەری بەرد........ ٥٧
- بروسکە کاک جەبار ........ ٥٨
- جاشی زێباری و قۆنتەرات........ ٥٩
- سەنگەری کەڵەک ........ ٦٠
- پشوویەکی کورت ........ ٦٠

– هێرشی دوژمن ........ ٦١
– خەندەیەک ........ ٦٢
– گرتنی جاشێک ........ ٦٣
– بەکریان جێنەهێشت ........ ٦٣
– ڕەوە بەراز ........ ٦٤
– تیپی ٥١ لەشەڕگەی قەیوان ........ ٦٥
– شەهید بوونی شێخ جەمال ........ ٦٦
– چڕنوکی پارتی ........ ٦٦
– ئاگادارییەک بۆ ........ ٦٧
– بەشداری حزبەکان لە یەک سەنگەردا ........ ٦٨
– پەیامی ئێزگە بۆ پاسۆک ........ ٦٨
– تیپەکانی هەولێر ........ ٦٩
– شەهید بوونی دوو جگەر گۆشەی کاک کۆسرەت ........ ٧٠
– تیپی ٥٧ سەگرمە ........ ٧١
– گەڕانەوەی تیپی ٥١ گەرمیان ........ ٧١
– تیپی مەڵبەند ........ ٧٣
– تیپی ٣١ سلێمانی ........ ٧٤
– کەڵکی قەیوان – هێرش ........ ٧٩
– تیپی ٤٣ ئاسۆس ........ ٨٢
– بۆنی کەلاک و ........ ٨٤
– نوکتە و توانج ........ ٨٤
– تیپی ٢٣ سورداش ........ ٨٥
– تیپی ٤٧ پیرەمەگرون ........ ٨٦
– تیپی ٤٤ چەکوچ ........ ٨٨
– تیپی بڵفەت ........ ٨٨
– تیپی ٦٣ جوتیاران ........ ٩٠
– قوڵی مارە ڕەش – کۆڕەنگ ........ ٩٠

- قۆڵی گوڵێ – سپیدارە.......... ٩١
- تیپی ٤٧ پیرەمەگرون .......... ٩٢
- سەنگەر لێدان.......... ٩٢
- کۆرەنگ .......... ٩٣
- حەسەن بەگ.......... ٩٣
- شەهید بوونی کەریم .......... ٩٤
- تیپی پارێزگاری.......... ٩٥
- برووسکەی مام جەلال.......... ٩٥
- ورەی حەمە ڕەش .......... ٩٦
- کوشتنی ٢٩ حەرەس جمهوری.......... ٩٧
- کۆتایی مانگی یانزە .......... ٩٨
- قەیوان - تیپی ٩٣.......... ٩٩
- گرتنەوەی کەڵکی قەیوان.......... ١٠٠
- تیپی مەڵبەندی یەک .......... ١٠١
- برووسکەی مام جەلال.......... ١٠١
- گەڕانەوەی مام جەلال.......... ١٠١
- هاتنی فازیل مەتنی.......... ١٠٢
- مام جەلال خەڵاتیکردن .......... ١٠٣
- تیپی ١٥ ئەکبەر یەناخی .......... ١٠٤
- نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات.......... ١٠٤
- تیپی ١٢ سۆران .......... ١٠٦
- بەتانییەکەی سەعدەدین.......... ١٠٦
- قسەی کادیرانە .......... ١٠٦
- تیپی ٧٨ کاروخ.......... ١٠٧
- تیپی ٨٣ هەورێ.......... ١٠٨
- تیپی کۆڕەک.......... ١٠٩
- کۆڕەک و کۆڕەنگ.......... ١٠٩

- نان و داد پەروەری ........................................ ١٠٩
- تۆپبارانی سەخت ........................................ ١١٠
- پەیوەندی مام جەلال ........................................ ١١٠
- شایی – داوەت ........................................ ١١١
- شێرە بۆر ........................................ ١١١
- دۆشکەکەی تیپی کۆڕەک ........................................ ١١١
- سەنگەر ........................................ ١١٢
- سابات وهاوەن ........................................ ١١٢
- بێتەلەکان ........................................ ١١٣
- تیپی ٥٥ قەرەداخ ........................................ ١١٥
- تیپی ٤٧ پیرەمەگرون ........................................ ١١٦
- تیپە ٥٧ سەگرمە ........................................ ١١٨
- شێخ ڕەشید ورەیەکی کەڵەگەت ........................................ ١١٩

شەوانە ڕۆژی قەیوان ماوەت
تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن
- یەکەم شکستی دوژمن لە دۆڵبێشک ........................................ ١٢٠
- شاخە سۆران – تیپی شیروانە ........................................ ١٢١
- تیپی ٣٧ شارباژێر ........................................ ١٢٢
- تۆپخانەی شۆڕش ........................................ ١٢٢
- کەڵکی قەیوان ........................................ ١٢٣
- تۆپخانە ........................................ ١٢٣
- شارباژێر و تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن ........................................ ١٢٤
- شەڕگەی خەمزە – قەیوان ........................................ ١٢٥
- سێ شەهید ........................................ ١٢٥
- بۆردومانی فڕۆکە ........................................ ١٢٦
- دۆڵە ڕووت - کەڵکی قەیوان ........................................ ١٢٦

- لە کارێزە و مۆکەبەوە ................................................ ١٢٦
- تیپی ٨٦ – ٩٣ ................................................ ١٢٧
- قۆڵی کارێزە................................................ ١٢٨
- پێکان وکەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەک ................................................ ١٢٨
- زەرون - تەورداسە................................................ ١٢٩
- کارێزە - کۆڕەنگ ................................................ ١٢٩
- قۆڵی قەیوان – مۆکەبە ................................................ ١٣٠
- تیپی مەڵبەندی دوو................................................ ١٣٠
- دیسان کەڵکی قەیوان................................................ ١٣١
- لە تۆپخانەی شۆڕشەوە................................................ ١٣١
- تیپی ٣١ سلێمانی................................................ ١٣٢
- چیای کۆرەنگ ................................................ ١٣٢
- مارە ڕەش................................................ ١٣٣
- لە قۆڵی کارێزەوە................................................ ١٣٣
- تیپی ٩٩- پاسۆک................................................ ١٣٣
داستانی قەیوان – قۆناغی یەکەم
١ تا ١٩٨٦/٩/٢٠................................................ ١٣٥
- تیپی ٣٧ - چیای گۆڵێ................................................ ١٣٨
- ماوەت سورە قەڵات ................................................ ١٣٨
- کەڵکی قەیوان................................................ ١٣٩
- تۆپخانەی شۆڕش................................................ ١٣٩
- کەڵکی قەیوان هێرشی تێکشکاو................................................ ١٣٩
- تێکشکاندنی چوار پەلاماری دوژمن................................................ ١٤١
- تیپی بڵفەت ................................................ ١٤٣
- تۆپخانەی شۆڕش................................................ ١٤٣
- تیپی شارباژێر................................................ ١٤٤
- تێکشکاندنی دوو هێرش................................................ ١٤٤

- هەر کۆرەنگ ........................................................................................ ١٤٥
- مۆکەبە - کۆرەنگ.................................................................................. ١٤٦
- قوتەی حەسەن بەگ گۆڕستانی دوژمنانە ........................................................ ١٤٦
* قۆناغی دووەم ....................................................................................... ١٤٧
قۆناغی سێیەمی پەلاماری دوژمن.................................................................... ١٤٨
- تێکشکاندنی شەش پەلاماری دوژمن ............................................................. ١٤٩
به درۆ خستنەوەی ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق لە لایەن دەزگای پێشمەرگایەتی
........................................................................................................... ١٥٣
- لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک..................................................................... ١٥٨
- بۆچی لە کەرکوک درا................................................................................ ١٥٩
- مەڵبەندی دوو سێ.................................................................................... ١٦١
- قۆڵی مەڵبەندی یەک.................................................................................. ١٦١
- حاجی ئەحمەد ڕەحیمی ............................................................................. ١٦٢
- کاک نەوشیروان و ماڵاوایی لێکردن................................................................ ١٦٣
- لێدانی چاڵە نەوتەکانی جەوەڵ بۆر ................................................................. ١٦٤
- برووسکەی پیرۆزبایی هەڤاڵ مام جەلال.......................................................... ١٦٧
- برووسکەی هەڤاڵ نەوشیروان بۆ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی............................ ١٦٩
- لە مەڵبەندی یەکەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و دەزگای پێشمەرگایەتی........................... ١٧٣
- زرنگی سەرکردایەتی................................................................................. ١٧٤
- داستانی خاپور کردنی بیرە نەوتەکانی بابەگوڕگوڕ ............................................ ١٧٦
- بەیاننامەی لقی ئەورووپا ............................................................................ ١٨٠
- برووسکەی پیرۆزبایی خەڵکی دەڤەری بادینان.................................................. ١٨٧
- کاردانەوەکان.......................................................................................... ١٨٨

ئاشتبوونەوەی گشتی
سەرەتایەکی گەش..................................................................................... ١٩٢
- ئاشتبوونەوەی یەکێتی – پارتی...................................................................... ١٩٤

- بەلاغی هاوبەشی یەکێتی و سۆسیالیست ........................ ١٩٥
- ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک – ی.ن.ک) ........................ ١٩٧
- پرۆژەی هاوکاری نێوان پارتی – یەکێتی ........................ ١٩٩
- بەیاننامەی لقی ئەوروپای(ی.ن.ک) ........................ ٢٠١
- بەیاننامەی سێ قۆڵی ئەوروپای (ی.ن.ک) حسک ،پاسۆک ........................ ٢٠٤
- برووسکەی حزبی شیوعی ........................ ٢٠٦
- لەیەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە ........................ ٢٠٧
- لە یەکێتی نووسەرانی کوردستانەوە ........................ ٢٠٩
- لەیەکێتی هونەرمەندانی کوردستانەوە ........................ ٢١٠
- بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەکان ........................ ٢١١
- پاشکۆی ژمارەیەک ، دەقی پاشکۆکە ........................ ٢١٤
- ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتی(ی.ن.ک) (پ.د.ک) لە ئەوروپا ........................ ٢١٦
- پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە لایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە .... ٢١٨
- وەڵامی حزبە کوردستانیەکان سەبارەت بە پێشنیارەکەی هەڤاڵ مام جەلال ٢١٩
- لە کاک مەسعود بارزانیەوە ........................ ٢١٩
- لە کاک ڕەسول مامەندەوە ........................ ٢٢٠
- لە کاک ئازاد مستەفاوە ........................ ٢٢٢
- لە مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە ........................ ٢٢٣
- داستانی ڕزگاری ........................ ٢٢٥
- بەرەی کوردستانی ........................ ٢٢٥

داستانی ڕزگاری

- تێکڕای داستانی ڕزگاری ........................ ٢٤٠
- کلکەی پیرەمەگروون شەوێک پێش داستانی ڕزگاری ........................ ٢٤٢

قۆڵ و شەڕگەکانی داستانی ڕزگاری وردەکاری شەڕەکە

- شەڕگەی وڵاغلو-باڵخ........ ٢٤٥
- تیپی ٥٥ قەرەداخ........ ٢٤٦
- هەڵمەتەکانی پێشمەرگە ........ ٢٤٦
- قۆڵەکانی شەڕەکە ........ ٢٤٧
- شاخە سوور ........ ٢٤٧
- دوو برا ........ ٢٤٧
- پشتی قەیوان ........ ٢٤٧
- گەوەرە-پشتی خەمزە ........ ٢٤٧
- سەرجادەی سلێمانی قەیوان ........ ٢٤٨
- ئەزمڕە بچکۆل........ ٢٤٨
- گۆیژە........ ٢٤٨
- پەلاماری دوژمن........ ٢٤٨
- پەلاماری دوژمن دوو برا........ ٢٤٩
- تۆپخانەی شۆڕش ........ ٢٤٩
- چەکی کیمیایی ........ ٢٥٠
- وڵاغلو........ ٢٥١
- تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن........ ٢٥١
- شکانی حەوت هێرشی دوژمن........ ٢٥١
- تیپەکانی مەڵبەندی سێ........ ٢٥٢
- لە قۆڵی گمۆوە ........ ٢٥٤
- تیپی ٣١ سلێمانی ........ ٢٥٥
- شەهیدبوونی یانزە پێشمەرگە........ ٢٥٩
- تیپی ٢١ کەرکوک ........ ٢٦١
- تیپی ٢٣ سورداش ........ ٢٦٢
- تیپی ئاسۆس........ ٢٦٢
- شەڕی قولە پوشینە ........ ٢٦٥

- تیپی پارێزگاری ........ ٢٦٦
- سەگرمە-کەرکوک ........ ٢٦٦
- تیپی تۆپخانە ........ ٢٦٧
- تیپی ١٢ سۆران ........ ٢٦٧
- گرتنی ٤٣ جاش ........ ٢٦٨
- هەڵۆ حەسەن-وتاری ئاگرین ........ ٢٦٨
- پەلاماری دوژمن ........ ٢٦٩
- عەزیزی داود ........ ٢٦٩
- گرتنی مقەڕسریەیەک ........ ٢٧٠
- پشوویەک لە گۆجاڕ ........ ٢٧٠
- مریشک و برسیەتی ........ ٢٧١
- دووبارە پەلامار ........ ٢٧١
- دووبارە تیپی ٢٣ سورداش ........ ٢٧٢
- تیپی بڵفەت ........ ٢٧٢
- زینوی سپی-تیپی ٦٣ جوتیاران ........ ٢٧٣
- تیپی ٤٤ چەکوچ ........ ٢٧٤
- تیپی ٤٧ پیرەمەگروون ........ ٢٧٥
- تیپی ٩٩ بتوێن ........ ٢٧٦
- تیپی ١٩ کوڕەک ........ ٢٧٧
- دیداری مام جەلال ........ ٢٧٨
- لە بن هەنوان بوون ........ ٢٨٠
- تیپی ٢٥ خاڵخالآن ........ ٢٨٠
- سێ شەهیدی تیپی خاڵخالآن ........ ٢٨٢
- تیپی هەورامان ........ ٢٨٢
- فەرتەنە ........ ٢٨٣
- تیپی کاروخ ........ ٢٨٣
- تیپی ٨٣ هەورێ ........ ٢٨٣

- ڕەبییەکانی سەری گۆجاڕ ........................................ ٢٨٤
- دۆشکەی سەری گەڕەدێ ........................................ ٢٨٤
- گرتنی ملازمێک ........................................ ٢٨٥
- تیپی ٨٥ بەڕانەتی ........................................ ٢٨٥
- شەهیدبوونی شەمسەدین ........................................ ٢٨٧
- تیپی ٩١ سەفین ........................................ ٢٨٧
- تیپی ٩٣ کۆیە ........................................ ٢٨٩
- تیپی ٥٩ حەمرین ........................................ ٢٨٩
- تیپی ٩٠ باواجی ........................................ ٢٩٠
- تیپی ٤٧ پیرەمەگروون ........................................ ٢٩٠
- تیپی ٥٣ شێروانە ........................................ ٢٩١
- شەهیدانی داستانی ڕزگاری ........................................ ٢٩١

***

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کۆمەڵکوژ ........................................ ٢٩٦
- بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی ........................................ ٢٩٨
- کیمیابارانی بالیسان ........................................ ٣٠٢
- کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ........................................ ٣٠٣
- برووسکەی کاک نەوشیروان ........................................ ٣٠٦
- شانزە تابلۆ و دیمەنی حەزین ........................................ ٣٠٨
- کیمیابارانی وەرێ ........................................ ٣١١
- کیمیابارانی قاسماوا ........................................ ٣١٢
- شەهیدانی کیمیابارانی شێخ وەسانان ........................................ ٣١٤
- شەهیدانی وەرێ ........................................ ٣٢١
- کیمیابارانی سێوسێنان ........................................ ٣٢٣
- کیمیابارانی شاناخسێ ........................................ ٣٢٧
- کۆپتەر و نوکتە ........................................ ٣٣٠
- کیمیابارانی گۆپتەپە – عەسکەر ........................................ ٣٣١

- شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە – عەسکەر...................................................... ٣٣١
***
سرک – ڕێکخراو – ڕاپەڕین
- سوپای ڕزگاری کوردستان – سرک................................................................... ٣٣٨
- جۆری ڕێکخستنی سرک ............................................................................... ٣٤٠
- پێناسەی سرک ......................................................................................... ٣٤٣
- تیپی یەک سرک ....................................................................................... ٣٤٥
- مەفرەزەی تۆڵە ......................................................................................... ٣٤٦
- ڕۆڵی ژن لەناو سرک ................................................................................. ٣٤٧
- چالاکی بەغدا ............................................................................................ ٣٤٩
- پێشمەرگەکانی تیپی یەک ............................................................................ ٣٤٩
-
*تیپی تایبەتی گەرمیان (کەلار).................................................................... ٣٥١
- دەستگیرکردنی عەلی شەهید محەمەد.............................................................. ٣٥٢
- مام نەریمان .............................................................................................. ٣٥٢
*تیپی سێی سرک ......................................................................................... ٣٥٤
- چالاکی ئۆردوگای برایەتی.............................................................................. ٣٥٥
- دەستگیرکردنی هاوڕێ شەماڵ......................................................................... ٣٥٦
- بەرەو ڕاپەڕین ........................................................................................... ٣٦٢
- شانەکانی شالاو .......................................................................................... ٣٦٢
*مەفرەزەی بازیان – سرک................................................................................ ٣٦٥
- نامەیەکی برزوو بۆ نەسرەوت ......................................................................... ٣٦٦
- ڕێکخراوی سلێمانی ..................................................................................... ٣٦٧
- هێڵەکانی تەکیە – ئاغجەلەر – چەمچەماڵ.......................................................... ٣٦٧
- ئەرکسین پێشمەرگەی ژن ............................................................................ ٣٦٩
- هەوڵی دەستگیرکردن ................................................................................... ٣٦٩
- دەقی نامەکە ............................................................................................. ٣٧٠

- نزیکبوونەوە لە ڕاپەڕین ........................................................................ ٣٧١
- چالاکییەکانی مەفرەزەی بازیان ............................................................. ٣٧٣
- مەفرەزەی هاوڕێ عەتا.............................................................................. ٣٧٥

***

پێش ڕاپەڕینی ڕانیە

ڕێکخستن ، برووسک ، سرک ..................................................................... ٣٩٥
- شانەکانی برووسک.................................................................................. ٣٩٧
- هاتنە خوارەوەی عەزیز بەگ ................................................................. ٤٠٣
- ڕاپەڕین بۆچی خرایە ٣/٥.......................................................................... ٤٠٥

***

- محەمەدی کاک هەمزە لوتکەی هەرە بەرزی مامۆک ............................ ٤٠٦
- دەقی نامەکە ........................................................................................... ٤٠٧
- خڕی ناوزەنگ .......................................................................................... ٤٠٧
- یاسین عەزیز ، محەمەدی کاک هەمزە .................................................... ٤٠٧
- نامەیەکی کاک کۆسرەت .......................................................................... ٤٠٨
- نامەی دووەمی کاک کۆسرەت .................................................................. ٤٠٩
- سێ نامەی کاک نەوشیروان ...................................................................... ٤١٠
- ڕاپەڕین ................................................................................................... ٤١٣
- ڕاپەڕینی ڕانیە.......................................................................................... ٤١٧
- ڕزگاری کردنی دەڤەری بتوێن – قەمتەران.............................................. ٤١٩

***

- ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە ..................................................................... ٤٢٧
- شەهیدانی دووڕیانی سەرچنار.................................................................. ٤٢٩
- کتێبخانەی شەهید ئارام ............................................................................ ٤٤٠
- ئەنفال...................................................................................................... ٤٤٠
- ئەنفالی قەرەداخ ...................................................................................... ٤٤١
- سوپای ڕزگاری کوردستان ....................................................................... ٤٤١

- تاقمی تفەنگ ........................................................................ ٤٤٣
- خواردن بۆ پارتیزانەکان ........................................................................ ٤٤٣
- نامەی شێرکۆ جدی ........................................................................ ٤٤٤
- مام خەلیفە ........................................................................ ٤٤٤
- ژن لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا ........................................................................ ٤٤٥
- دەستگیرکردنی ڕێکخراوی سلێمانی ........................................................................ ٤٤٧
- لە سێدارەدانی پێنج تێکۆشەری ڕێکخراوی سلێمانی ........................................................................ ٤٦٤
- خۆ ڕێکخستنەوە ........................................................................ ٤٦٥
- خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین ........................................................................ ٤٧٠
- ڕاپەڕینی شاری سلێمانی ........................................................................ ٤٧١
- شەهیدانی ڕزگاری سلێمانی ........................................................................ ٤٧٣
- ڕاپەڕینی پیرەمەگروون –دووکان ........................................................................ ٥٠٣
- ڕزگارکردنی تێکڕای پارێزگای سلێمانی ........................................................................ ٥٠٣
***
- ئازادکردنی کۆیە هەیبەت سوڵتان ........................................................................ ٥٠٥
- ڕاپەرینی دەربەند، کەلار، باوەنور ........................................................................ ٥٠٥
ڕاپەڕینی خورماتوو
- کەلی هەنجیرە ........................................................................ ٥٠٦
- شەهیدبوونی حەمە ڕەش ........................................................................ ٥٠٨
*ڕزگارکردنی گەرمیان، خورماتو حاجی هۆمەران ........................................................................ ٥١٣
***
ڕێکخراوی هەولێر
ڕاپەڕین و ڕزگاری هەولێر ........................................................................ ٥١٥
- ن.ق باریکە ........................................................................ ٥١٧
- ڕۆڵی دیموکرات ........................................................................ ٥١٧
- دەستگیرکردنی مستەفای سەید قادر ........................................................................ ٥١٨
- ئامادەکاری ڕاپەڕین ........................................................................ ٥١٩

پێکهاتەی ڕێکخراوی هەولێر پێش ڕاپەڕین ............................ ٥٢٠
- لێپرسراوی ڕێکخراو مەلا قادر ............................ ٥٢٠
- کەرتی شەهید یوسف دەرگەڵە ............................ ٥٢٠
- کەرتی شەهید عەلی ساڵح ............................ ٥٢٤
- کەرتی شەهید شوان ............................ ٥٢٨
- هێڵی شەهید ڕەفیق لە کەرکوک ............................ ٥٣٣
- کەرتی ڕێکخستنی شەهید محەمەد شینە
- کەرتی شەهید عەبدوڵلا ڕەشید ............................ ٥٣٧
- کەرتی شەهید عەبدولخاق مەعروف ............................ ٥٤٠

سوپای ڕزگاری کوردستان سرک، هەولێر
- تیپی سەفین ............................ ٥٤٣
- تیپی بابە گوڕ گوڕ ............................ ٥٤٥
- گروپی ٠٠٣ ............................ ٥٤٧
- گروپی ٠٠٤ ............................ ٥٤٧
- ڕاپەڕینی شارۆچکەی خەبات ............................ ٥٤٩
- بۆلای تەحسین کاوانی ............................ ٥٤٩

***

- ڕزگارکردنی قەڵای هەولێری دێرین ............................ ٥٥١
- ڕزگارکردنی شاری خانەقین ............................ ٥٥٣

***

- شانە چەکدارەکانی برووسک-بادینان ............................ ٥٥٨
- ڕزگاربوونی شاری ئاکرێ ............................ ٥٦٠
- ڕزگاربوونی شاری زاخۆ ، شێخان ، مەخمور، قەراج، کەندیناوا ............................ ٥٦١
- ڕزگاربوونی شاری دهۆک ............................ ٥٦٣

***

- مام جەلال – سەفەر – گەڕانەوە ........................................................ ٥٦٦
- ساڵیادی هەڵەبجە .................................................................... ٥٦٦
- سەفەری مام ........................................................................... ٥٦٧
- بەرەو سوریا ........................................................................... ٥٦٨
- پڕۆژەکەی کوەیت .................................................................... ٥٦٨
- کۆبوونەوە ............................................................................... ٥٦٩
- حکومەتی تاراوگە .................................................................... ٥٧١
- سەردانی ئۆزال ........................................................................ ٥٧١
- کۆبوونەوەی بەیروت ................................................................. ٥٧٢
- کۆبوونەوەی سعودیە ................................................................. ٥٧٢
- گەڕانەوەی مامجەلال ................................................................ ٥٧٣
- تەزبیحەکەی مام ...................................................................... ٥٧٨
- وتارە مێژوویەکەی مامجەلال ....................................................... ٥٨٠

***

- لە چاوەڕوانی ڕزگاربوونی کەرکوکدا ............................................. ٥٨٢
- ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی کەرکوک ........................................ ٥٨٣
- کۆبوونەوەی تەکیە .................................................................... ٥٨٤
- هێڵ و خەتەکانی ناو کەرکوک ...................................................... ٥٨٧
- ڕێکخستنی عەرەبەکانی کەرکوک ................................................... ٥٨٨
- ڕەشبگیری لەناو کەرکوکدا ......................................................... ٥٨٩
- چوونە ناو هەولێر ..................................................................... ٥٩١
- هێڵی ژنان ............................................................................... ٥٩١
- بەرەو ڕزگارکردنی کەرکوک ....................................................... ٥٩٢
- قۆڵی پردێ هەولێر .................................................................... ٥٩٣
- ڕزگارکردنی شاری کەرکوک ........................................................ ٥٩٤

# داســـتانی دابـــــان

1985/2/15

# یــــــەك

**لەبەرگی دووەمی دۆسیەدا**
***داستانی دابان**
***شەڕی سێ مانگەی قەیوان – ماوەت**
***لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوك**
***شاشتبوونەوەی گشتی**
***داستانی ڕزگاری**
***کیمیابارانی کوردستان**
***سرك، ڕێکخراو،ڕاپەڕین**

## شـــــەڕی دابـــان

دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی دابان هەلاج قەرەتیکە، وەرچەرخانێکی گرنگ و مێژوویی بوو لە شەڕی پێشمەرگانە کە لە یەک شەوو لە ماوەیەکی کورتی چەند کاتژمێریدا دوو مقەڕ سریە و ١٧ ڕەبییە دەستیان بە سەردا گیراو لە دوژمن پاککرانەوە.

لە گەرمەی گفتوگۆی نێوان (ی ن ک) و ڕژێمی عێراقدا بیرۆکەی دەستبە سەرداگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی سەرچیای دابان گەلاڵە بوو، چونکە ئەو ڕەبییانە دەیانڕوانی بە سەر دۆڵی شەدەڵە- سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵی جافەتی، کە بنکەو بارەگا سەرەکییەکانی (ی ن ک) لە ڕادیۆو چاپخانە و مەڵبەند و کۆمەڵێک دەزگایتری لێبوو، دەستبەسەردا گرتنی چیای دابان و مۆڵگەکانی دوژمن لەو چیایە، زامنی پاراستنی بارەگاو داموودەزگاکانی شۆڕش بوون لەو ناوچەیدا، لەگەڵ پاراستنی سەرووگیانی دانیشتووانی دێهاتەکان.

لەگەڵ تێکچوونەوەی گفتوگۆی نێوان (ی ن ک) و ڕژێمی عێراق و دەرکردنی بەیاننامەی کۆتاییهێنانی گفتوگۆ لە لایەن (ی ن ک) وە لە ١٩٨٥/١/١٥ بیرۆکەی دەستبە سەرداگرتن و پاککردنەوەی زنجیرە شاخی دابان زیاتر چەسپاو بەرنامەو پلانی وردی بۆ دانرا.

سەرکردایەتی (ی ن ک) بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی یەک و دوو کە پێکهاتبوون لە تیپەکانی ٥٧ی سەگرمە، ٥١ی گەرمیان، ٣١ی سلێمانی، ٥٣ی شێروانە، ٣٧ی شارباژێڕ، ٤٣ی ئاسۆس، ٢٣ی سورداش، ٢١ی کەرکوک، ٢٥ی خاڵخالان، ٥٥ی قەراخ، تیپی مەڵبەندی دوو، ٩٩ی بیتوێن، ٩٣ی کۆیەی بانگکردە سەرکردایەتی، دوای دیاریکردنی کات و ئامادەکاری پێویست هێرشکرایە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی دابان، بەرنامەو پلانی هێرشەکە و بەشداری تیپەکان بەمجۆرە بوو.

## تێکڕای داستانەکە

سەرکردایەتی "ی ن ک" بە نەخشەیەکی ورد پلانی ئازادکردنی زنجیرە شاخی گرنگ و ستراتیژی "دابان-هەلاج" ی داڕشت کە بۆ ئەو سەردەمە گرنگی گەورەی سەربازی هەبوو، لە لایەک جۆشدانەوەو هەڵسانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو دوای گفتوگۆ، لە هەمانکاتیشدا پاراستنی سەرکردایەتی (ی ن ک) بوو کە لەو ناوچەیەدا دەزگاو بارەگا گرنگەکانی شۆڕشی لێبوو.

هەر بۆیە مەڵبەندی "١و٢) بەشێک لە تیپەکانی سەگرمە و گەرمیان و شارباژێڕ و پێنجوێن و شێروانە و خاڵخاڵان و سورداش و کەرکوک و ئاسۆس و قەراخ و تیپی مەڵبەندی دوو لە چەند قۆڵێکەوە سەعات ٤ی شەو هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەو سەربازگەی لوتکەکانی دابان، هەلاج، قەرەتیکان، بارەگای سریە کەوتە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی کەرتی (١و٢و٤و٥) و کەرتی تیپی ٥٧ سەگرمە و کەرتێکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس و کەرتی یەکی تیپی مەڵبەندی دوو و سێ مەفرەزەی دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندی ٢ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون.

٤ ڕەبیەی زنجیرە شاخی دابان و بارەگای سریە کەوتە بەر هەڵمەتی کەرتەکانی "١،٣،٥" و کەرتی تیپی ٥١ ی گەرمیان و کەرتەکانی (١،٢،٣،٤،٥) و کەرتی تیپی ٥٣ی شێروانە و کەرتەکانی (١،٢،٣،٤) و کەرتی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ و کەرتەکانی (٢،٣) تیپی ٣١ی پێنجوێن و کەرتی ڕێکخستنی چوارتا و هێزی پشتگیری، لە سەعات ٤ تا ٨ی بەیانی هەموو ڕەبییەکانی سەر شاخ دەستیانبەسەرداگیرا.

لە لایەکی دیکەوە کەرتەکانی (١،٢) هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای سریەی شەدەڵە و ڕەبییەکانی دەوروپشتی و دەستیانبە سەرداگرتن، ٣ ئیڤای مغاویر کە بۆ پاڵپشتی لە مقەڕ سریەی شەدەڵە هاتبوون، کەوتنە بۆسەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداغ و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەکەوەو سوتێنران.

هاوکات کەرتەکانی (٢،٣،٥) ی تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٥٥ی قەرەداغ و ٥١ی شیروانە و ٤٣ ی ئاسۆس و تیپی مەڵبەندی ٢ دوو مەفرەزەی دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندەکانی "١و٢" هێزی پشتگیری دەستیان بە سەر ٥ ڕەبییەی دەوروبەریدا

گرت، هەمان ڕۆژ جادەی سلێمانی – دووکان لە ژێر کۆنترۆڵی تیپەکانی سورداش و خاڵخالان و کەرکوکدا بوو، لە کاتژمێر ٤ی بەیانی ١٩٨٥/٢/١٥ دوو مەفرەزەی کەرتەکانی ١ی قەلاسێوکەو ٣ی چەمچەماڵ و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی ٢٣ی سورداش هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکانی قوڵە پوشێنە.

## بـــۆسەو هـــێرش

دەبابەیەک و مودەرەعەیەک و ٤ ئیڤاو ٥ جێب قیادە لە ئاستی گوندەکانی حاجیتان و سابوراواو چالاخ و دووکان، کەوتنە بۆسەی کەرتی ٢ی تیپی کەرکوک و مەفرەزەکانی سورداش و خاڵخالان، هێزەکانی ڕژێم ویستیان بە هانای یەکترەوە بچن بەلام کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەو سەری سەلامەتیان نەبردەوە.

سەعات چـواری بەیانی هەمان ڕۆژ کەرتی ٥ی تیپی ٩٩ی بیتوێن و دوو مەفرەزەی ناوچەو کەرتی ڕێکخستن بۆسەیەکیان لە باداوان و کانی مازوو دانا، دواتر هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەی شێخ منصوریان و خاپوریانکرد، کاتژمێر ٥:٠٧ دەقیقەش هێزێکی دوژمن لە نزیک گوندەکانی "حەسەن تەپەو قازیاوا" کەوتنە بۆسەی کەرتی ٢ی تیپی ٢٣ی سورداش وخاڵخالانەوەو تارومارکران.

کەرتی یەکی شەهید ئەحمەد برنەو کەرتی ٣ی شەهید شەماڵی تیپی ٩٣ی کۆیە و مەفرەزەیەکی تیپی ٩٩ی (بیتوێن) و کەرتی ڕێکخستنی کۆیە، لە بۆسەیەکدا دەستیان بە سەر بەشێک لەو هێزەدا گرت کە ویستیان بەرەو خەلەکان بچن، دواتر دوژمن بە پشتیوانی هێلیکۆپتەر هێزێکی نارد بە هانای هێزە پەرتەوازەکەیەوە، بەلام لە لایـەن کەرتی ٤ی شەهید سەربازی کۆیەو کەرتی ٤ی تیپی بتوێن و مەفرەزەیەکی ناوچە تێکشکێندران.

داستانی گـەورەی دابان کە تیایدا دەستگیرا بە سەر ١٨ ڕەبییەو دوو مقەڕ سریەدا بە خوێنی ١٨ شەهید تۆمار کرا کە ئەم نەمرانە بوون:

* شەهید فاروق محەمەد ڕەزا
* شەهید والی باریکەیی

* شەهید عوسمان عەلی محەمەد
* شەهید ئیسماعیل عەبد محەمەد
* شەهید عوسمان محەمەد مەحمود
* شەهید وەستا محەمەد عەزیز
* شەهید سەید ئیبراهیم
* شەهید شوان حەکیم حەمە ڕەش
* شەهید شامل حەمە عەلی
* شەهید عبدالخالق عزیز
* شەهید سلیم سلام
*شەهید شفیق کامل
* شەهید کاوە تەیفور ئەحمەد
* شەهید حمید عوسمان
* شەهید همزە خدر
* شەهید ئومێد ئەحمەد
* شەهید عزیز محەمەد شەوگێڕی
* شەهید هادی عبدول

## داســـتانی دابـــان هەلاج لە ئـــێزگەوە ئەمـــجارە بـــەفریش گـــڕیگرت

تۆڵەی شەهیدان سەید کەریم و هاوڕێکانی، مامە ڕیشە و هاوڕێکانی، هەموو ئەو قارەمانانەی لە ماوەی گفتوگۆدا شەهیدکران، دێهاتەکانی گۆپتەپە و عەسکەرو شێخ جیری و زەنگنە، گرتنی حەڤدە ڕەبییە و سێ مقەڕسریە لە دابان و دۆڵی شەدەڵە، شەڕەگەورەکانی جادەی سلێمانی- دووکان – خەلەکان

ئیستعماری ئیستطانی لەوە زیاتر چۆن دەبێ ئیسرائیلیش بە تۆزی پێیاندا ناگا، نەک هەر شارو گوند لوتکە شاخ و دۆڵ و کەڵبەز و گەر بۆشیان بکرێ کونە

گورگ و کونە کەمتیار و چەقەڵیش تەعریب دەکەن و دەگۆڕن، ئەمەش ناوی لوتکەو قوتەی شاخەکانی هەلاج و قەرەتیکان و دابان و گۆڕە جووە کە ئەم ناوە عەرەبییانەیان لێناوە.

ڕەبییەی ڕەشید، سەعد، قوتەیبە، موهەلەب، مەنصور، مەحمود، رأس العين، عیسی، ڕەمەزان، بەدر، قادسية، تەئمیم، بابل، سەیف سەعد، نەینەوا، کەریم.

مقەڕ سريەکانیش، قائید ثانیة، قائید ثالثة، قائید رابعة .

میللەتە خۆشەویستەکەمان تاجی سەری پێشمەرگە، گوێڕادێرن بۆ ئەم هەواڵە، بۆ ئەم مژدەی سەرکەوتنە، خۆزگە ئێوەش تەماشاچی مەیدانی شەڕ دەبوون و دەتانبینی کە چۆن هاتن.

کەرت کەرت ، تیپ تیپ، هەزاران سوارەی مەریوان، بازی بەرزە فڕی گەرمیان، ئاسکی تیژڕۆی شێروانە، هەڵۆی هەڵمەتی شاربازێر، شێری قەراخ و ئاسۆس، پڵنگی تورەی پێنجوێن، بەوری چاوتیژی سەگرمە، یەکانەکانی خاڵخالان، پەڵخی شەڕەنگێزی سورداش، وێزی گورجوگۆڵی کەرکوک.

پێش ئەوەی سواری ئەسپی سەرکێشی بڕوابن و بەرەو هەواری هەڵمەت کراسی ڕەشی دایکی شەهیدانیان ماچکردوو چاویان گێڕا بە دێهات و کانی و دارو بەردی ڕاگوێزراوو کاولکراوی کوردستاندا هەریەک مشتێ خۆڵی هەڵگرت سوێندی پێخوارد نەسرەوتن تا سەرکەوتن.

داگیرکەری شەڕخواز و شەڕ سەپێن، بە سوپاو جاش و دەبابە و مودەرەعە و تۆپی قورس و کۆپتەرو پیلاتۆز و سیخۆی پەلاماری بارەگاو گوندەکانمان دەدا بێ پەیمان و بێ بەڵێن و هەلپەرست و نەهێنگر ئەوەی دەیکا مەگەر هەر کردەوەی ئەوبێ شۆڕشەکەشمان لە بەرژەوەندی گشتی و هەڵوێستی بەرزو دروشمە سامدارو ڕاستگۆو ئاگرینەکانی خۆی درێخی ناکا، هەمیشە ئاشتیمان ئاشتی و شەڕیشمان شەڕبووە، تۆڵەمانە بەسەبرو ئەمما بەزەبربووە.

## لە مەڵبەندی یەك و مەڵبەندی دووەوە.

بەشێک لە تیپە قارەمانەکانی سەگرمە و گەرمیان و شارباژێڕ و پێنجوێن و شێروانە و خاڵخاڵان و سـورداش و کەرکوک و ئاسۆس و قـەراخ و تیپی مەڵبەندی دوو، لە چەند قۆڵ و لایەکەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەو سەربازگەی سەر لوتکەکانی دابان و هەلاج و قەرەتیکان و کلکەی پیرەمەگرون و دۆڵی شەدەڵە، بەشی سینەمای دەزگای ڕاگەیاندنیش کامێراکانی هەموو ڕەبییە و سەربازگە و هەڵمەتی پێشمەرگەو کوژراوو بریندارەکانی دوژمنی وێنە گرتووە.

هێرشبرا سەعات چـواری شەوێکی سـارد پانزەی دوو کە بەڕاستی وەکو خۆتان دەڵێن ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە، هەر پێشمەرگەو بەفر بەسەر لوتکەی شـاخـەوەبـوون هـەر ڕەبییەو مۆڵگەی داگیرکەربوو لەناو سامی پێشمەرگەدا دەتوایەوە، هەر بلێسەی ئاگری ئاربی جی بوو لە شەوی تاریکی سەر بەفری دابان، چەخماخەی تورەیی و گیانی مامەڕیشەی دەنوان.

گوێگری بەڕێز خۆزگە توش لێرە دەبوویت دەتبینی چۆن پێشمەرگە لەدوای گرمەی ئاربی جی نەیدەهێشت دووکەڵی سەر ڕەبییەکەبرەوێتەوە خۆی هەڵدەدایە ناویەوە، ئەو ڕەبییانەی لەساڵی (١٩٧٥) ەوە لەسەر دوندو لوتەکە سەخت و بەرزەکان قایم دەکرێن لەسەعات چواری شەوەوە بەمشێوەیە کەوتنە بەر هێرش، شەش ڕەبییەی زنجیرە شاخی هەلاج و قەرەتیکان و مقەڕی سریەکەیان کەوتە بەر هەڵمەتی ئەم پێشمەرگانەوە و گیران.

کەرتی یەک و کەرتی دوو کەرتی چوار و کەرتی پێنج و کەرتی تیپ، تیپی (٥٧) ی سەگرمە، کەرتێک لە تیپی ٤٣ ئاسۆس، کەرتی یەکی تیپی مەڵبەندی دوو، سێ مەفرەزەی دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندی دوو تیپی (٤٧)ی پیرەمەگرون، چوار ڕەبییەی زنجیرە شاخی دابان و مقەڕی سریەکەیان کەوتە بەر شاڵاوی ئەم پێشمەرگانەو گیران.

کەرتی یەک و کەرتی دوو کەرتی سێ و کەرتی پێنج و کەرتی تیپ، تیپی (٥١) گەرمیان، کەرتی یەک و کەرتی دوو کەرتی چوار و کەرتی پێنج و کەرتی تیپ، تیپی

(٥٣)ی شێروانە، کەرتی یەک و کەرتی دوو کەرتی سێ و کەرتی چوارو کەرتی تیپ، تیپی (٣٧)ی شارباژێڕ. کەرتی دوو کەرتی سێ تیپی (٣١) پێنجوێن و کەرتی ڕێکخستنی چوارتا و هێزی پشتگیری.

لەسەعات چواری شەوەوە تاکو هەشتی بەیانی هەموو ڕەبییەکانی سەرشاخ گیران و پاککرانەوە و بە بی کەی سی تەپڵی سەرکەوتنیان تێدا لێدرا ئینجا شۆڕ بوونەوە دۆڵی شەدەڵە و لەمقەڕی سریەو فەوج و دۆڵەکەدا، مقەڕ سریەی شەدەڵە و ڕەبییەی دوروپشتی کەوتە بەر شاڵاوی ئەم پێشمەرگانە و گیران. کەرتی یەک و کەرتی دووی تیپی (٥٥) ی قەراخ، لەهەمانکاتدا سێ ئیڤای مغاویربەحسابی خۆیان فریای مقەڕی سریە گیراوەکە دەکەوتن ئەمانیش لەجێدا کەوتنە بەرگوللەی هێزێکی تیپی (٥٥) ی قەراخ و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک و ئیبادەکران، ئینجا کەرتەکانی دوو سێ و پێنج و تیپی (٥٧) ی سەگرمە و هێزی پشتگیری هێرشیانبردە سەر ڕەبییەی نێوان سریە و فەوج و گرتیان، پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی تیپی (٢١) ی کەرکوک و کەرتی دووی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕو مەفرەزەیەکی سەرکردایەتی بەتۆپ و دۆشکە لەسەر شاخەوە ڕێگەی سورداش و دووکان و سەربازگەکانیان دەکوتا و گوللە تۆپەکان بەچاکی دەیانپێکا.

ئینجا هێزە هاوبەشەکەی (٥٧)ی سەگرمە و (٥٥)ی قەراخ و (٥١)ی گەرمیان و (٥٣) ی شێروانە و (٤٣)ی ئاسۆس و تیپی مەڵبەندی دوو، دوو مەفرەزەی دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندی یەک و هێزی پشتگیری هەر پێنج ڕەبییەکەی دەوری فەوجیان گرت و فەوجیش واهێرشی برایە سەر و گوللەبارانکرا ئاگر لە دارو بەردوو قوڕو لیتەشی بەربوو.

بەمجۆرە ئەم دۆڵ و شاخانە لە ماوەیەکی کەمدا لە پیسی و پۆخڵی و گولی پاککرانەوە و زەرەروزیانێکی زۆر زۆر لە دوژمن کەوت بەس لەم شەڕەدا زیانی دەژمن زیاتر لە (٢٠٣) کوژراوە مەیتی (١١٩) یان بیندراوە، (٩٥) دیل جگە لەوانەی سووتان و یان لەشاخ هەڵدێراون و ونبوون، قوربانی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش خوێنی پاکی شەش شەهیدیتربوو کە ئەم قارەمانانەن.

١- شەهید شێخ فاروق محەمەد ڕەزا فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕ

٢- شەهید والی قادر (والی باریکەیی) جێگر کەرتی دووی شارەزور تیپی (٥٥) قەراخ.

٣- شەهید عوسمان عەلی محەمەد کەرتی تیپی (٥٧)ی سەگرمە

٤- شەهید ئیسماعیل عەبد محەمەد فەرماندەی مەفرەزە کەرتی تیپی (٥٣)ی شێروانە

٥- شەهید عوسمان محەمەد مەحمود کەرتی (٣)ی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕ

٦- شەهید وەستا محەمەد عەزیز کەرتی (٣) ی تیپی (٣١)ی پێنجوێن

لەهەمان ڕۆژدا جادەی سلێمانی دووکان لە ژێر کۆنترۆڵی تیپەکانی سورداش خاڵخاڵان کەرکوکدا بوو بەمجۆرە.

لەسەعات چورای بەیانی (٢/١٥) دا مەفرەزەیەکی کەرتی یەکی قەڵا سێوکە و مەفرەزەیەکی کەرتی سێی چەمچەماڵ و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی (٢٥)ی خاڵخاڵان، مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی (٢٣)ی سورداش هێرشێکی توندیان بردە سەر ڕەبییەکانی قوڵە پوشینە و بە چەکی هەمەجۆرە کوتایان، لەماوەی شەڕێکی دوو سەعاتیدا زیاتر لە بیست سەرباز کوژران.

قوربانی ئێمەش لەم نەبەردییەدا شەهیدبوونی ڕۆڵەی کاراو بەجەرگی چەندین هەڵمەت و پەلامار فەرماندەی کەرتی سێی تیپی خاڵخاڵان کاکە سەید برایمی هەرگیز نەمر بوو.

لەسەعات شەشدا هێزێکیتری دوژمن دەبابەیەک و مودەڕەعەیەک و چورا ئیڤا و پێنج جێب قیادە و تەنکەرێک هاتن، لە ئاستی حاجیتان و سابوراواو چالاخ و دولکان کەوتنە ناو دۆزەخی کەرتی دووی تیپی کەرکوک و مەفرەزەیەکی کەرتی یەک و مەفرەزەیەکی کەرتی سێی تیپی خاڵخاڵان و مەفرەزەیەکی کەرتی یەک و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپ، تیپی سورداشەوە.

لەیەکەم دەستڕێژیدا مەودەڕەعەیەک و دوو ئیڤا و سێ جێب قیادە و

تەنکەرێک شکێندران و بەدەیان سەرباز لە خوێندا دەتلانەوە، دیسان لەسەعات نۆدا هێزێکیتر نۆ دەبابە و هەشت ئیڤا و پێنج جیپ قیادە هاتن بە هانای هێزە وەک پۆڕ خوراوەکەیانەوەو ، هەر لە هەمان شوێندا پێشمەرگەکان لێیاندانەوە و دەبابەیەکیتریان شکاند. دیسانەوە لەسەعات ١٠,٣٠ دەقیقە هێزێکیتر شەش دەبابە و مودەڕەعەیەک و پەنجا ئیڤا و جیپ قیادەیەک هاتن دڵنیابوون لەوەی کە تازە ناتوانن بەجادەی قیردا بگەنە شەدەڵە ویستیان بەو دیهاتانەدا تێپەڕنەوە کە بۆسەی پێشمەرگەی تیابوو بەڵام قارەمانەکانی خاڵخالان و سورداش و کەرکوک بڕیاریاندا دەبابە بەسەر لاشەیاندا تێنەپەڕێ، ئەو هێزە زەبەلاحەشیان بە زەرەرو زیانێکی زۆرەوە شکاندەوە، دیسان پێنج دەبابە و سی و دوو مغاویری پیادە خۆیان کوتا بەرەو بناری پیرەمەگرون تا لەوێوە دزە بکەن و پشت لە پێشمەرگەکان بگرن، لەهەر سی و دوو مغاویرەکە پێنج کەس گەڕایەوە دواوەو هەموو کوژران، ئینجا دەبابەکان کەوتنە کۆکردنەوەی مەیت و دابێژانی چیاو گوند ئەو هەموو هێزە زلەی دوژمن کە لە ناوچەکانی بەناو سنووری عێراق ئیرانەوە لە پێنجوێن و هەڵەبجەوە بەکێشیان کردبوون کلکیان لە سلێمانی و تاسلوجە و سەری جنراویشیان لە ژێر دەستی پێشمەرگەدابوو بەزی و شکا، پەنایانبردە بەر پێنج کۆپتەری باری و جەنگی و دوو فڕۆکەی پیلاتۆز ئەمانیش لە قولایی ئاسمان توندکران، دیسان دوو ئیڤاو پێنج جیپ قیادە شکێندران لە تەواوی ئەم هێرشە شکاوانەی دوژمندا زیاتر لە سەدو پەنجا کوژران  و زیاد لەسەد بریندار، قوربانی ئێمەش پێنج شەهیدی ڕێگەی ڕزگاری ئەم کوردستانە شەهیدان

*شوان حەکیم حەمە ڕەش فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی دووی شوان تیپی (٢١)ی کەرکوک خەڵکی دوبز

*شەهید شامیل حەمە عەلی کەرتی دووی شوان تیپی کەرکوک خەڵکی گۆرانی سەرخاسە

*شەهیدە کاوە تەیفور ئیبراهیم کەرتی دووی شوان تیپی کەرکوک خەڵکی گەیناک

*شەهید سەلیم سەلام حەمەد ناسراو بە ڕەوەند کەرتی دووی شوان تیپی کەرکوک خەڵکی دوبز

*شەهید شەفیق کاکل ناسراو بە هێمن کەرتی دووی شوان تیپی کەرکوک خەڵکی گورگان

هەزار سڵاو لە گیانی پاکیانبێ

هەر لە سەعات حەوت و چارەکی سەر لەبەیانی هەمانڕۆژدا هێزێکیتری دوژمن شەش دەبابە و سەدو پەنجا ئیڤا و ئیسعاف و شۆفلێت لە سلێمانی و تاسلوجەوە بەڕێکەوتن بەرەو سوسێ و شەدەڵە لە نزیک گوندەکانی حەسەن تەپە و قازیاواو و قالاوا کە دوو کیلۆ مەتر لە تاسلوجەوە دوورن کەوتنە بۆسەی قارەمانەکانی کەرتی دووی تیپی سورداش و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی خاڵخاڵانەوە هەر لەیەکەم دەستڕێژدا چوار ئیڤا و ئیسعافێک و شۆفرلێتێک ئاگردران، چوار دەبابە و پەنجا ئۆتۆمبیل بەهەڵەداوان دەربازبوون شەڕ پانزە سەعاتی خایاند تاکو شەشی ئێوارە درێژەی هەبوو زیاتر لە حەفتاو پێنج کەس لە دوژمن کوژران و برینداریش بەرباد بوو ڕۆڵەی قارەمان و نەمری گەلەکەمان کاکە عەبدولخاق عەزیز ناسراو بە ئاسۆ شەهید بوو.

تێکڕای زەرەروزیان لە شەڕی جادەی سلێمانی دووکان کوژرانی زیاتر لە دوو سەدو بیست و پێنج کەس، سووتان و شکاندنی سێ دەبابە، یەک مودەڕەعە، بیست و پێنج ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر.

قارەمانەکانی کۆیە و بیتوێن و کۆسرەت لەسەعات چواری بەیانی هەمانڕۆژدا ٢/١٥ ڕۆڵە دلێرەکانی کەرتی (٥)ی شەهید جەعفەر تیپی (٩٣)ی کۆیە، کەرتی پێنجی تیپی (٩٩)ی بیتوێن، دوو مەفرەزەی ناوچەو کەرتی ڕێکخستن بۆسەیەکیان لە نێوان باداوان و کانی مازو دانا لەسەعات نۆی بەیانیدا دوو مودەڕەعەو ئۆتۆمبێلێک کەوتنە بۆسەکەوە دوای گوللەبارانێکی خەست ئۆتۆمبێلەکە سووتاو مودەرەعەکان هەڵاتن، ئینجا پێشمەرگەکان ئاربی جی و تفەنگەکانیان ڕووکردە ڕەبییەی شێخ مەنسووریان لێیاندا و تەپاندیان بەسەریاندا بووە هۆی کوژرانی دە سەرباز و

سووتاندنی ئۆتۆمبێلێکی هینۆ، لە سەعات دەی بەیانیدا هێزێکی مغاویری فیرقەی بیست و چوار کە پێکهاتبوون لە هەژدە ئیڤا و دەبابەیەک و مودەڕەعەیەک ویستی بەرەو خەلەکان بچن کەوتنە ناو بۆسەی پێشمەرگە ئازاکانی کەرتی یەکی شەهید ئەحمەد  برنەوی تیپی (٩٣)ی کۆیە و کەرتی سێی شەهید شەماڵی تیپی (٩٣) و مەفرەزەیەکی تیپی (٩٩) بیتوێن و کەرتی ڕێکخستنی کۆیەوەو دابێژرا شەڕێکی گەرم و دەست و یەخە دامەزرا، قارەمانەکانی کۆیە و کۆسرەت و بیتوێن دەستیان بەسەر بەشێک لە هێزەکەدا گرت.

زیانی دوژمن سوتاندنی پێنج ئیڤا و شکاندنی ناقیلەیەک، کوژرانی زیاتر لە چل مغاویر.

دەستکەوت یەک ڕەشاش بی کەی سی و چوار مەخزەن و لولەیەکی زیادە.

هاوەنێکی شەش ملیم و پانزە گوللە و چوار کلاشنکۆف، جیهازێکی پی ئاڕ سی ، بەدالەیەکی دوانزە خەت، هەشت تەلەفون، دە سندوق فیشەکی بی کەی سی ، دە سندوق فیشەکی کلاشنکۆف، سی گولله ئاربی جی ،بەدیلگرتنی سێ مغاویر بەمناوانە .

*جوندی ئیحتیاط حسین محمد عبدالحی موالید ٥٦ موسل حی العربی

*جوندی ئیحتیاط باسم محمد عمر موالید ٤٥ بغداد جدید

*جوندی ئیحتیات الماس سمین ابراهیم موالید ٥٤ تازە خورماتو

قوربانی ئێمەش شەهیدبوونی پێشمەرگەی قارەمان حەمید عوسمان لە کەرتی یەکی شەهید ئەحمەد برنەو تیپی کۆیە.

دوژمن هێزێکیتری نارد بە هانای هێزە پەرتەوازەکەیەوە کە بریتیبوو لە پێنج دەبابە و سیانزە مودەڕەعەو دوو هەزار جاش و جەیش بە پشتیوانی سێ کۆپتەر، ڕۆڵـە جەربەزەکانی کەرتی چواری شەهید سەرباز تیپی کۆیە کەرتی چواری تیپی بیتوێن و مەفرەزەیەکی ناوچە لەم هێزەش هاتنە دەست و شەڕێکی سەخت بەرپابووەوە تاکو سەعات هەشتی شەو بەردەوامبوو.

ئەنجام بەمجۆرەیە

تێکشکاندنی دەبابەیەک
کوژرانی زیاتر لە پەنجا قوات خاسە
کوژرانی دوانزە جاش
قوربانی ئێمەش شەهیدبوونی چوار ڕۆڵەیتری گەلەکەمان شەهیدان (حەمزە خدر جێگیری کەرتی چوار تیپی بیتوێن خەڵکی چوراقوڕنە.
شەهید ئومێد ئەحمەد کەرتی چوار تیپی بیتوێن خەڵکی قەرەنیاغا
شەهید عەزیز مەحمود شەوگێڕی کەرتی چواری تیپی بیتوێن
شەهید هادی عەبدول پێشمەرگەی ناوچە خەڵکی قەسرۆک) .
زەرەرو زیان و دەستکەوت لە هەموو شەڕەکانی ڕۆژی (٢/١٥) دا لە دابان و شەدەڵە جادەی سلیمانی دووکان خەلەکان
سەرجەمی کوژراوی دوژمن زیاتر لە ٥٤٠ کەس
بریندار یەکجار زۆرە
سووتاندن و شکاندی ٤ دەبابە ٢ مودەڕەعە ٢٧ ئۆتۆمبێلی هەمە جۆرە
سەرجەم دیل
٩٨ دیل
زەرەرو زیانی دوژمن زۆر لەمانە فرەترە بەڵام ئەوەندەمان لێزانیوە
تێکڕای دەستکەوت
١٧٦ کلاشنکۆف
٦ ئاربی جی
٥ هاوەنی ٦٠ملم
٤ ڕەشاشی بی کەی سی
٨ قەناس
١١ ڕەشاش ئاربی کەی
٢ ئۆتۆمبیلی ئیڤا
٥٠ سندوق نارنجۆک،

٢ دووربین، ٧ جیهازی بێتەل گەورەو بچووک
٥ زۆپا عەلادین
١٠٠٠ بەتانی، ٤ هێستر،٣ بەداله، سەدان سندوق گولله هاوەن و ئاربی جی و فیشەکی کلاشنکۆف و بی کە سی.

قوربانی ئێمەش خوێنی گەشی (١٨) شەهیدیتری ڕێگای ڕزگاری ئەم کوردستانە داگیرکراوەبوو.

ئەمە هیممەت و ئازایەتی پێشمەرگەی کوردستانە، گوێگرانی خۆشەویست هەر لەحزەیەک کەلە جێیخۆیدا بێ و پێویست بکات پێشمەرگە ئاوا دەکات جا کە ئێوە پێشمەرگەی ئاواتان هەبێ باکتان چییە لە دوژمنان و کەیدەتوانێ سەرکەوێتە سەر کێوی بڕواو متمانە و نەبەزینی کورد.

سەرکەوتن و ژێرکەوتن بە زۆری و چەک و گرموهوڕنییە بە بڕواو لەسەر هەقی ونەبەرزینە.

ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرست دەیڵێینەوە ئێوە هێندە گەورەو پیرۆزو خۆشەویستن  دەنگ و قەڵەم و زمان تەنانەت کامێراش ناتوانێ باسی ئازایەتی و پاکی و داستانی ئێوە بکات.

بۆ پێشەوە بە گیانی سەرکەوتنەوە بەیادی شەهیدانەوە، ڕێی خەبات بگرن و با هەموو پێکەوە بلێین یان کوردستان ، یان کورد نەمان.

## تـــیپی 37ی شـــارباژێڕ لە شـــەڕی دابـــاندا

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی جەمالی حەمەی خواکەرەم و بەشداری (١٢٠) پێشمەرگە لە کەرتەکانی (١، ٢، ٣، ٤) بە فەرماندەیی کەمالی حەبێ، عومەری قالە گوڵباخ، مەجیدی حاجی عەلی، شێخ فاروق لەگەڵ کەرتی ڕێکخستنی چوارتا بەشداریان لە گرتنی زنجیرە ڕەبیەکانی داباندا کرد.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ گرتنی ڕەبیەکانی تەختی دابانیان پێ سپێردرا، لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان بە سەر دوو ڕەبیەی سەر تەختی داباندا گرت.

هێشتا دووکەڵی ڕەبییەکان نەڕەویبووەوە خەڵکی دڵسۆزی سلێمانی- دووکان و ناوچەکانی نزیک دابان کفتە و کەبابی گەرمیان گەیاندە پێشمەرگە، بە شێوەیەک هێشتا هالاّوی لێهەڵدەستا.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە داستانی داباندا دوو شەهیدی بەخشی، شێخ فاروق و عوسمان گرگاشەیی دوو گوڵە شلێری دابان بوون.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ دوای تۆمارکردنی داستانی دابان بە سواری ئۆتۆمبێل و بە جادەی قیردا بە بەردەم ڕەبییەکانی ڕژێمدا بە ناو کارێزەو سوورەقەڵات و (کێلێ)دا گەڕانەوە بارەگاکانیان لە کوڕاداوێ، کونجرین، ئامادین و شوێنەکانیتر.

## تـــیپی 57ی ســـەگرمە

حاکم عەزیز هاتبووە دێلێژە بۆ لای ئازادی سەگرمە نامەیەکی مولازم عومەری پێبوو بۆ کاک ئازاد.

مولازم عومەر لە نامەکەیدا نووسیبووی هێزێک کۆبکەرەوە (٢٥٠) پێشمەرگەو وەرە بۆ ئەو شتەی باسمانکرد، سەرەتای گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ مولازم عومەر بە کاک ئازادی وتبوو کە ئێوە هاتووچۆی سەرگەڵوو بەرگەڵوو دەکەن بە چاوی موشتەری سەیری ئەم ڕەبییانە بکەن[١]. کاک ئازاد هێزەکەی ئامادە کردو ویستیان سواری ئیڤایان بکەن، کاک ئازاد بە مولازم عومەری وت سواری ئیڤا بم خۆم بە

[١] مەبەست لە ڕەبیەکانی سەری دابان بوو.

جاش دەزانم لە بەر ئەوە نایەم مولازم عومەر ووتی بابە ئێوە مەیەن[2].

(٢٥٠) پێشمەرگەی تیپی (٥٧)ی سەگرمە بە شەو پەڕینەوە چوونە سەرگەڵوو، لە کاتی دیاریکراودا دەستیانگرت بە سەر زنجیرە شاخی داباندا، زنجیرەیەکی سەخت بە تیپی سەگرمە سپێردراو دەستیان بە سەردا گرت، هەتا نزیک هۆمەر قەوم تیپی سەگرمە بەشدار بوون لە دەستبە سەرداگرتنی مۆڵگەکانی دوژمن، تیپی سەگرمە چەند ڕەبیەیەکیان پێسپێردرابوو ئازادی سەگرمە و سەربەست لە دەستەی هێرشدا بوون، ئەنوەر دۆڵانی و شێخ وریاش لە دوای ئەوانەوە بوون ڕەبییەی دووەمیان گرت تا تێکڕای ڕەبییەکان دەستیان بە سەردا گیرا.

لە شەڕی داباندا ژمارەیەکی زۆر سەربازی دوژمن دیل کرابوون، برابوونە بەندیخانەی شۆڕش، کاک ئازاد لەگەڵ مولازم عومەر چوبوون بۆ لای دیلەکان بۆ بەندیخانە، دیلەکان کردبوویانە هەلهەلەو هاتووهاوار، دیلێک بە مولازم عومەری وتبوو ئیشەڵڵا ئەگەر شتێک بوو وەرن بۆ ڕومادی، مولازم عومەر چرپاندبووی بە گوێی کاک ئازادا وتبووی وەڵڵا هەر ژنە عەرەب چاومان دەردێنن، دەڵێ وەرن بۆ ڕومادی ئەگەر ئیشەڵڵا شتێک بوو[3]

---

[2] ئەو کاتە پێشمەرگە بە سواری ئیڤا دەچوونە حاجی مامەندو شوێنەکانیتر، بەڵام تیپی سەگرمە ئامادە نەبوون بە سواری ئیڤا بڕۆن.

[3] دیارە سەربازەکە مەبەستی ئەوە بووە ئەگەر ڕێکەوتنێک پێکهاتنێک لەگەڵ عێراق هەبوو وەرن بۆ ڕومادی، ئیتر مرۆڤ لە کاتی بێ دەسەڵاتیدا هەموو لوتفێک دەنوێنێ تا سۆزی بەرانبەرەکەی ڕاکێشێ.

## (51)ی گــــەرمیان (53)ی شـــێروانە

ئەرکی دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی دابان بە تیپەکانی (٥١)ی گەرمیان و (٥٣)ی شێروانە سپێردرا شوێنێکی سەخت و یاخیبوو.

شەوی لێدانی ڕەبییەکان لە هەڵەدن کۆبوونەوە، ئاگادار کرانەوە کاتژمێر (٤)ی بەیانی لە ڕەبییەکان دەدرێ، تیپەکانی (٥١)ی گەرمیان، (٥٣)ی شێروانە کاتژمێر (١١)ی شەو جوڵەیانکرد، شەوێکی ساردو هەورازی سەخت، وزەو توانا بوون بۆ پێشمەرگە.

بە دەم ڕۆیشتن و سەرکەوتنەوە بۆ بن ڕەبییەکانی لوتی دابان، دوو برای پێشمەرگە، دوو عاشقی خاک، گفتوگۆیان بوو تا کامیان ئەو شەرەفەیان بەردەکەوێت ئەمشەو دەبنە گوڵە شەهیدی دابان.

شارەزاو چاو ساغی تیپەکانی (٥١)ی گەرمیان، (٥٣)ی شێروانە غەریب هەڵەدنی شارەزای دارو دەوەنی دابان بوو لەگەڵ کەسێکیتردا، غەریب هەڵەدنی پێشیانکەوت ڕەبییەکانیان دۆزیەوە کە بۆیان دەستنیشانکرابوو هەڵمەتیان بەرنە سەرو دەستیان بە سەردا بگرن.

تەقە لە دەوری ڕەبییەکان درووستبوو، کاتژمێر (٤)ی بەیانی لە هەر چوار لاوە بووە تەقە، هێزەکەی تیپی ٥١ و ٥٣ی شێروانە کرابوونە دوو بەش لە سەرو خواروی ڕەبییەکان هێرشیان دەستپێکرد.

مەحموود سەنگاوی و کەریم چاوڕەش گەیشتنە بن لوتی ڕەبییەکە، سیمی دەوری ڕەبییەکەیان بەرز کردەوە، دەوروبـەری ڕەبییەکە مینڕێژ کرابوو بەڵام بەفرێکی ئەستور کەوتبوو بە سەر مینەکاندا ڕۆیشتن و چوونە ناو ڕەبییەکەوە مینەکان نەتەقینەوە، شەڕی دەست و یەخە لە نێوان پێشمەرگەو سووپای داگیرکەر لە نێو ڕەبییەکاندا ڕوویدا لە ماوەیەکی کورتدا دەستگیرا بە سەر ڕەبییەکەدا چەندین کەلاکیان لە دوژمن خست، چەک و تەقەمەنیەکی زۆر دەستکەوت بوو، کە ڕۆژ هەڵات بەشەکەیتری هێزەکە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سەری دابان و گرتیان.

ئەو دوو برایەی عەشقی شەهید بوون سەودا سەریان بوو لەو شەوە تاریک و تەزیوەدا بە دەمرێگەوە گەنگەشەی ئەوەیان بوو کامیان شەهید دەبێ و دەبێتە

گوڵە ئەستێرە، برا بچووکەکەیان (ئیسماعیل عەترە) لەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا بۆ سەر ڕەبییەی شاخی هەڵەدن پێکرا، دوای چوار کاتژمێر لە بریندار بوونی گرەوی شەهید بوونی لە برا گەورەکەی بردەوەو شەهید بوو، ئاواتەکەی هاتە دی.

دوای دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکانی سەری دابان و ملەی هەڵەدن، مەحموود سەنگاوی، عادل شکور، غەریب هەڵەدنی شۆڕ بوونەوە دۆڵی شەدەڵە، هێرشبرایە سەر مقەڕ سریە و فەوجەکە، لە یەکەم هەڵمەتدا مقەڕ سریەکە گیراو شەڕ کەوتە مقەڕ فەوجەکە.

مەحموود سەنگاوی و عادل شکور و غەریب هەڵەدنی بە ناو دارەکانی دۆڵی شەدەڵەدا دەڕۆیشتن گوێیان لە خشپەیەک بوو، کاک مەحموود تەماشایکرد سەربازێک زامنی تفەنگەکەی دەترازێنێ میلی تفەنگی ڕاکێشا و فیشەکێکی پێوەنا قەباغی تفەنگەکەی پەڕی، سەربازەکە هەستاو تەقەی لە کاک مەحموود کرد، عادل شکور و غەریب هەڵەدنی هاتنە دەست و سەربازەکەیان کوشت، دوای کوشتنی سەبازەکە لەگەڵ مولازم عومەر، قادری حاجی عەلی، جەبار فەرمان، سامان گەرمیانی و ئازادی سەگرمە یەکیانگرت و نەخشەی هێرشکردنە سەر شەدەڵەیان داڕشت لە ناو دێی شەدەڵەوە هێرشیانکردە سەر سەربازگەکە تۆپخانەی دوژمن بە چڕی تۆپبارانی سەر ڕێگەکەیانی دەکرد بەڵام تا نزیکی سەربازگەکە نەوەستان، شەڕێکی سەخت و دژوار ڕوویدا، بەشی سەروی سەربازگەکە کەوتە دەست پێشمەرگە، لای خوارەوەشی پێشمەرگە گەیشتە ڕەبییەی حیمایەکەو دوو پێشمەرگە شەهید بوون.

هێرشەکە چڕکرایەوە، فشاری گەورە لە سەر سەربازگەکە بوو لە گرتن نزیک ببووەوە، بەڵام بۆسەکانی نزیک هۆمەر قەوم شوێنەکەیان چۆڵکردبوو دەلاقەیەک بۆ هێزەکانی داگیرکەر کرایەوە هێزێکی دوژمن بە تانکەوە فریای سەربازگەکە کەوتن نەخشەی دەست بە سەرداگرتنەکە سەرینەگرت دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە دابان هێزەکەی تیپی ٥١ گەڕانەوە گەرمیان.

## تــیپی 31ی پـــێنجوێن

مەڵبەندی (١ و ٢) بەشێک لە تیپەکانی سەگرمە و گەرمیان و شارباژێرو پێنجوێن و شێروانە و خاڵخاڵان و سورداش و کەرکوک و ئاسۆس و قەراخ و تیپی مەڵبەندی دوو لە چەند قۆڵێکەوە سەعات ٤ ی شەوێکی ساردی ٩٨٥/٢/١٥ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەو سەربازگەی لوتکەکانی دابان و هەلاج و قەرەتیکان و کلکەی پیرەمەگرون و دۆڵی شەدەڵە، هەر تیپەو شوێنی خۆی بۆ دیاری کرابو تا هێرش بکاتە سەری و دەستیبەسەردا بگرێت.

کەرتەکانی (٢ و ٣) ی تیپی ٣١ ی پێنجوێنیش هاوشانی تیپەکانی ٥١ ی گەرمیان و ٥٣ ی شێروانە و تیپی ٣٧ ی شارباژێر هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرەیەک ڕەبییەی سەر شاخی دابان و مەقەر سریەیەک، لە سەعات ٤ تا ٨ ی بەیانی هەموو ڕەبیەکانی سەر شاخ کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە، قوربانی هێزی پێشمەرگە لەم قۆڵەدا شەش شەهید بوو کە یەکێک لەو شەهیدانە، وەستا محەمەد عەزیز پێشمەرگەی کەرتی ٣ی تیپی ٣١ ی پێنجوێن بوو.

# تــیپی مــەڵبەند
# تـــیپی مـــەڵبەندی (دوو)

لە داستانی دابانداکە وەرچەرخانێکی سەربازی گەورە بوو لە شەڕی پێشمەرگانە و هەژدە ڕەبیەو دوو مەقەڕ سریە دەستیان بە سەرداگیرا تیپی مەڵبەندی دوو هاوشانی تیپەکانیتری یەکێتی، ڕۆڵی دیاری بینی لە هەڵکوتانە سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن لە سەری دابان و مەمچوغە و چەرماوەند.

تیپی مەڵبەند بە سەر دوو میحوەردا دابەشبوو، بەشێک بۆ ڕەبییەکانی دابان، بەشێکیتری هێزەکەش بۆ قەمچوغە لە هەر دوو بەشەکەدا پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەند ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی، کەمال شێخە یەکێک لەو فەرماندە کەرتانە بوو کە هاوشانی کەرتەکانی دیکە بەشداری بەرچاویانکرد، ڕەبییەی سەختی "کونێلە" تیپی مەڵبەند خاپوریکرد.

دوای دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە شاخی دابان و پاککردنەوەی ناوچەکە لە هێزەکانی داگیرکەر، ئەرکی پاراستنی زنجیرە شاخی دابان تا قەرەنگوێ، لە ئەستۆی تیپی مەڵبەندا بوو، تیپی مەڵبەندی دوو لە سەرەتای درووستبوونی مەڵبەندەوە لە (١١٠) پێشمەرگەو چەند کەرتێک پێکهاتبوو، دواتر فراوانبوو بۆ نۆ کەرت و (٣٥٠) پێشمەرگەی بەردەوام.

جگە لە کەرتی مەڵبەند و کەرتی سجن، تێکڕای کەرتەکانی دیکە بە سەری دابانەوە سەنگەریان لێدابوو، ئەوە جگە لەوەی دەیان داستان و نەبەردی هەمە جۆریان تۆمارکرد، بەشێکی زۆر لە کەرتەکانی تیپی مەڵبەند، جگە لە پاراستنی مەڵبەندو ئەرکەکانیان بە زنجیرە چیای دابانەوە تا قەرەنگوێ، لە جەولەدا بوون و داستان و نەبەردی گەورەیان تۆمارکرد.

## تـــیپی 23ی ســـورداش

تیپی ٢٣ی سورداش شەڕی گەورە و کەم وێنەیانکرد، بەشێکی تیپی ٢٣ لە حاجیتان و سابوراوا بوون بەشێکیش لە کۆتەڵ و حەسەن تەپە.

لەگەڵ لێدانی زنجیرە ڕەبییەکانی دابان هەلاج قەرەتیکە و لێدانی مەقەڕ سریە و بارەگاکانی تری ڕژێم لە شەدەڵە و تەنکاییەکانی خوار دابان، ڕژێم بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنەوەی دابان بە هێزێکی زۆرو بە تانک و تۆپ و دەبابەی بێشومارەوە بەرەو گۆڕەپانی شەڕەکە پێشڕەویانکرد، بەڵام لە ئاستی حاجیتان و سابوراوا هێزێکی تۆکمەی تیپی ٢٣ی سورداش بە فەرماندەیی هەڵۆ چەمچەماڵی ڕێگەی بەهێزەکەی ڕژێم گرت و شەڕ دامەزرا، شەڕێکی قورس و یەکلاکەرەوە لە نێوان قارەمانەکانی تیپی ٢٣و جاش و سوپای ڕژێمی داگیرکەردا ڕوویدا، زیاتر لە ٢٥ دەبابە چواردەوری هێزەکەی تیپی ٢٣ی دابوو، بەڵام تێکیان شکاندن و بە لوتی شکاوەوە بەرەو مۆڵگەکانیان ڕاویان نان، ئەو هێزەی داگیرکەر کە دەیویست لە حاجیتان و سابوراواوە بەرەو شەدەڵە و دابان پێشڕەوی بکات لە دۆزەخی کوڕانی تیپی ٢٣دا بوونە سوتەمەرۆ.

بەشێکیتریش لە تیپی ٢٣ی سورداش لە کۆتەڵەوە تا حەسەن تەپە شەڕی گەورەو داستانی گەورەیان تۆمار کرد.

شایەنی باسە دەلیلی تێکڕای ڕەبییەکانی دابان لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندو ناوچەکە بوون، هەر ڕەبییەو دوو دەلیلی تیپی مەڵبەندی لەگەڵدا بوو.

## تــــیپی (43)ی ئـــــاسۆس

شەوێکی ساردو ئەنگوستە چاو، بەفرو باران و کڕێوە، شەختە بەندی سەر دابان هەلاج گەلە گورگی برسی و هاریشی دەتەزاند، هێندە ساردو بەستەڵەک و بڕندە بوو بەفری ئەوێ، کە دەباریە سەر دڵی خاک هەر دەت وت شاخەو بەرشاخ دەکەوێ، سەرمای بێئەندازەی ئەوێ، سەرمای شەوێ.

هاوشانی تیپەکانی دیکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تیپی ٤٣ی ئاسۆسیش، وەک باقی تیپەکانی دیکە، بە بەرنامەو پلانی پێشوەخت، بەشداری داستانی دابان هەلاجیان کرد، هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٥٧ی سەگرمە و ٥٥ی قەرەداغ و ٥٣ی شێروانە و تیپی مەڵبەندی دوو، دوو مەفرەزەی دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندەکانی (١و٢) هێزی پشتگیری، ٥ ڕەبییەی دەوروبەری فەوجیان دەستبەسەرداگرت.

کەرتێکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس لەو هەڵمەتانەدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەی "کێلە کونتێ"دا، کە ڕەبیەیەکی سەخت و یاخیبو، لە یەکەم هەڵمەتدا دەستیان بە سەرداگرت و ١١ سەربازیان بەدیل گرت.

لە داستانی دابان‌دا عبدالرحیم فەرماندەی تیپ و مەحمود سێدەری فەرماندەی کەرت و زاهیری مەلا عەلی و دەیان پێشمەرگەیتر بەشدار بوون.

هەر لە داستانی داباندا بەشێک لە تیپەکانی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی ملازم عومەر، کە تیپی ٤٣ یەکێک بوو لەو تیپانە، دابەزینە شەدەڵە، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی فەوجی هۆمەر قەوم، هێزەکە کرایە دوو بەش، بەشێک بە بناری شاخ و بەشێکیتریش بە چەمدا، هەڵمەت وهێرش دەستپێکرد، تیپی ٤٣ ڕەبییەی نزیک فەوجیان گرت، کەمێک پێشتر لە هەڵمەت بردنە سەر ئەو ڕەبییەدا "والی باریکەیی" و پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید بوون.

تیپی ٤٣ ی ئاسۆس لە داستانی داباندا، تەنها ٢ برینداریان هەبوو، عبدالرحیم فەرماندەی تیپ و عەلی سوور.

## تــــــیپی 99 بـــــتوێن

تیپی ٩٩ی بیتوێن هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری دیاری لە داستانی (دابان هەلاج)دا کرد بە دوو بەش.

بەشێک لە تیپی ٩٩ی بیتوێن لە دۆڵی خەلەکان تا بێستانە دامەزران و شەڕێکی قورس و گرانیان لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەر کرد کە تیایدا دەستی بە زەبروو گورزی کاریگەریان لە هێزەکانی دوژمن سرەواند.

بەشێکیتری تیپی ٩٩ لە (باداوان)ی دۆڵی خەلەکان لە بۆسەدابوون بۆ دوژمن، لەو قۆڵەش شەڕی قورس و گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند.

لە باداوان سێ پێشمەرگە و فەرماندەی تیپی ٩٩ شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

* شەهید هەمزە خدر فەرماندەی کەرت
* شەهید ئومێد ئەحمەد فەرماندەی مەفرەزە
* شەهید عەزیز محمد شەوگێڕی

## تـــیپی 55ی قـــەرەداخ

تیپی ٥٥ی قەرەداخ هاوشانی تیپەکانیتر بەشدارییان لە داستانی داباندا کرد، شەوی ١٩٨٥/٢/١٣ لە جادەی خەراجیانەوە پەڕینەوە چوونە سیرەمێرگ لەوێشەوە بەرەو هەڵەدن.

کەرتی یەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە فەرماندەیی مەولود گوڕبازی و کەرتی دوو بە فەرماندەیی والی باریکەیی جێگری فەرماندەی کەرت یەکەم ڕەبییەی نزیک شەدەڵەو مقەڕ سریەیەکیان بۆ دانرا بوو تا لە کاتی دیاریکراودا هێرشی بکەنە سەر.

کاتژمێر ٤ی بەیانی هەر دوو کەرتەکەی قەرەداخ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکەو لە ماوەی حەوت دەقیقەدا دەستیان بە سەرداگرت، ژمارەیەک جەیشی ناشەعبی لە ناو ڕەبییەکەدا کوژران کە زۆربەیان خەڵکی ڕوومادی بوون، ژمارەیەکیش دیلکران.

لە هەمانکاتدا هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەکەی شەدەڵە تا دەمەو بەیان شەڕ

بەردەوام بوو، برایم عەزیز پێشمەرگەی تیپی قەرەداخ فیشەکێک بەر قۆڵی کەوتوو بریندار بوو.

مقەڕ سریەکە هێزێکی زۆری تێدا بوو تیپی ٥٥ی قەرەداخ کشانەوەو دواتر هێرشیانکردەوە سەری، لە گەرمەی شەڕدا مقەڕ سریەکە داوای هێزیان کردبوو بێن بە هاواریانەوە، لە مقەڕ فەوجەوە سێ ئیڤای پڕ لە سەرباز هاتن بە هانای مقەڕ سریەکەوە، لە کاتی بەڕێکەوتنی ئیڤاکان بەرەو مقەڕ سریەکە تیپی ٥٥ی قەرەداخ دەستیانگرت بە سەر مقەڕ سریەکەدا سێ ئیڤاکە لە مقەڕ سریەکە نزیک بوونەوە والی باریکەیی ووتی کوڕینە بێری دەرکەوت.

هەر سێ ئیڤاکە کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و دووی قەرەداخ، ئیڤاکان بە جۆرێک نزیک بوون لە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەوە، دلێرەکانی قەرەداخ خەمی ئەوەیان بوو بکەون بە سەریاندا.

لە ناو هەر سێ ئیڤاکەدا ٨٦ سەربازی تیابوو، ٨٦ پارچە چەک و گوللە (ئار بی جی)یەکی زۆر دەستکەوت بوو.

دوای دەستبەسەرداگرتنی مقەڕ سریەی شەدەڵە تیپی ٥٥ی قەرەداخ و بەشێک لە پێشمەرگەی تیپەکانیتر کە لە سەر شاخی دابانەوە دابەزیبوونە شەدەڵە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٥ بەرەو لێدانی بارەگای مقەڕ فەوج لە هۆمەر قەوم بەڕێکەوتن، هێرشیانکردە سەر بارەگای فەوجەکە.

ئەو هێزەی دوژمن کە لە قازیاواو حەسەن تەپەو حاجیتان لێدرا بوون و دواخرابوون بەرایی دەبابەکانیان گەیشتە مقەڕ فەوج.

پێشمەرگەکانی سەر شاخی دابان بە دۆشکە لە مقەڕ فەوجیان دەدا بەڵام لە بەر زۆری هێزی دوژمن و هیلاکی و شەکەتی پێشمەرگە و تاریکی مقەڕ فەوجەکە نەگیرا.

لە ئێوارەیەکی درەنگدا پێشمەرگەکان کشانەوە هەڵەدن، لە هێرشی سەر مقەڕ فەوجدا والی باریکەیی جێگری فەرماندەی کەرت و چەند پێشمەرگەیەکیتر شەهید بوون.

## تـــــیپی 25 خـــــــاڵخالان

هێزێکی تیپی ٢٥ خاڵخالان بە فەرماندەیی خەلیل بێدەری هێزێکی تیپی ٢٣ سورداش بە فەرماندەیی هاوڕی کاوە لە ئاوایی حەسەن تەپەی سەروو بۆ لێدانی هێزەکانی دوژمن دامەزران کە بە نیاز بوون گەمارۆی سەر زنجیرەی دابان بشکێنن و بەرەو سەرگەڵو برۆن پێشمەرگەکان دەستیان لەسەر بە لە پیتکەی تفەنگ و چاو لەسەر قەرەولا بوون، مەفرەزەیەکی خاسە لە جاشە تاوانبارەکان بەرەو حەسەن تەپە هاتن پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە و ئۆتۆمبێلەکانیان تێکشکاندن دواتر هێزێکی گەورەی دوژمن بە پشتیوانی دەبابە و کۆپتەر بەرەو شەڕەکە هاتن قارەمانەکانی خاڵخالان و سورداش لێیان هاتنە دەست و شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵدا کردن شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو.

## کـــونکردنی خـــــانووەکان
## دۆزیـــــنەوەی پـــارە

ماڵەکانی ئاوایی حەسەن تەپە چۆڵیانکردبوو پێشمەرگەکان دیواری خانووە کانیان کون کرد بۆ تەقە کردن فەخرەدین سمایل بەگی دیواری ماڵێکی کون تێکرد قتویەکی شیر کەوتە خوارەوە، فەخرەدین قتووەکەی هەڵگرتەوە و هەڵیپچڕی (٥٠٠) دیناری تێدا بوو پارەکە هەمووی پێنج دیناری بوو فەخرەدین هاوڕێکانی ئاکادار کردەوە لە دۆزینەوەی ئەو پارەیە و ووتی ئەگەر شەهید بووم بابزانن ئەو پارەیە لای منە شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و دوژمندا بەردەوام بوو، بۆ نانی نیوەڕۆ پێشمەرگەکان لە ماڵەکاندا خواردنیان درووستکرد ماڵەکان هەموو پێداویستییەکی تیا بوو سەر لە بەیانی خاوەن ماڵەکان چۆڵیانکرد بە پێشمەرگەکانیان ووت هەموو پێداویستییەکی لێیە چی دەخۆن گەردنتان ئازا بێت، نیوەڕۆ فەخرەدین و عەتار قودرەتە مریشکیان لێنابوو خەلیل بێدەری قەلی لێنا بوو بەدەم شەڕو لێدانی دوژمنەوە خواردنیان درووستدەکرد، لە کاتی نانخواردندا تۆپێک لەو ماڵەیدا کە فەخرەدین و عەتار قودرەتەی هاوڕێی تێدابوو مەنجەڵە مریشکەکەیان هەڵگرتوو

چوونە خانوویەکیتر خواردیان، خەلیل بێدەری لە دەبابەیەکیدا و شکاندی دۆشکەی سەر دەبابەیەکیتر تەقەی لە خەلیل بێدەری کردوو قورپولیتەی ئەو ناوەی دا بەسەریاندا شەڕ تا کاتژمێر ٧ ئێوارەی خایاند لەو شەڕەدا خەلیل بێدەری جێگری کەرت، حەمە سوور دوو شیوانی فەرماندەی مەفرەزە و ژمارەیەک پێشمەرگەیتری تیپی خاڵخالان بەشداربوون

**زیانی دوژمن**

*تێکشکاندنی ٢ دەبابە

*سووتاندنی تەنکەرێک بەنزین

*سووتاندنی ٢ شۆفرلێتی مەفرەزە خاسە

*سووتاندنی ٦ ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر

زیانی گیانی دوژمن

کوژرانی ٧٥ ئەفسەر و سەرباز و جاش

## گـــــەڕاندنەوەی پـــــارەکە

ئەو کاتەی فەخرەدین پارەکەی دۆزییەوە هەواڵەکەیان لە ڕێگەی بێتەلەوە گەیاندە ئێزگە، لە ئێزگەوە خوێندرایەوە کە پێشمەرگەی یەکێتی چەندە دەستپاک و خاوەن ڕەوشتی بەرزن، داواشکرا کێ خاوەنییەتی بچێت بۆ وەرگرتنەوەی پارەکە دوای شەڕی دابان تیپی ٢٥ خاڵخالان کشانەوە و چوونە قازان، خاوەنی پارەکە چووە قازان بۆ لای تیپی خاڵخالان تاوەکو پارەکە وەرگرێتەوە دوای ئەوەی ناونیشانەکەی ڕاست بوو پارەکەیان بۆ گەڕاندەوە خاوەن پارەکە ناوچەوانی فەخرەدینی ماچکرد سوێندی خوارد دەبێت بەشێک لە پارەکە هەڵگرێت بۆ خۆی، فەخرەدین بە گۆڕی شەهیدان سوێندی خوارد کە هەرگیز پارە وەرناگرێت فەخرەدین بە خاوەنی پارەکەی ووت ئەرکی ئێمە پاراستنی سەر و سامانی ئێوەیە پێشمەرگەی یەکێتی بەم هەڵوێستانەدا دەناسرێتەوە.

## شـــەڕی دابان لە ڕۆژنامە جـــیهانی و نـــاوچەییەکاندا

داستانی دابان لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیش دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو ڕۆژنامە بیانی و ئێرانیەکان هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە چیای دابانیان لە لایەن (ی ن ک) بڵاوکردبووەوە.

*ڕۆژنــامــەی گـاردیـانـی بـریـتـانـی لـە ڕووپـــەڕی ڕۆژنـامـەکـەدا هـەواڵـی دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە چیای دابانی بڵاوکردبووەوە.

*ڕۆژنامەی کەیهانی ئێرانی بە پیتی گەورە (مانشێت) نووسیبووی (چیای چەرمامەند ئازاد شود) سەبارەت بە زەرەری گیانی دوژمن نووسیبووی ٤٠٠ سەرباز کوژران، ڕۆژنامەکە گەیشتبووە دەستی مامجەلال.

## نـــوکتەکانی دوای دابـــان

شەڕی گەورەی دابان، زەنگی سەرکەوتنێکی گەورەی دوای گفتوگۆ بوو کە ڕژێم دەیویست بە بەرنامە خەڵکی لە شۆڕش و پێشمەرگە سارد بکاتەوەو کەف و کوڵی شۆڕشگێڕانە بگۆڕێ بە نائومێدی، بۆیە ئەو سەرکەوتنە لە دڵی خەڵکدا چەند جار گەورەو جێگەی متمانە بوو.

١/ لە قەمچوخە هەندێک مێرمنداڵ کۆببوونەوە وتبویان چۆن بەفر گڕ دەگرێت، مێرمنداڵێکیان بەنزینی هێنا بوو کردبووی بە سەر بەفرەکەداو ئاگریدابوو، وتبووی ئەوە نییە بەفریش گڕ دەگرێت.

٢/ مام نادر خەڵکی سەرگەڵوو بو هاتبووە دووکان بۆ لای قایمقام داوای شەکرو چاو بەشە خۆراکی ماڵ و منداڵی کرد بوو کە چەند مانگێکە وەرینەگرتووە قایمقام وتبووی لە کەیەوە بەشە خۆراکت وەرنەگرتووە، مام نادریش وتبووی قوربان لە شەڕی دابانەوە، قایمقامیش تورە ببوو وتبووی، بۆچی دابان بوو بە مێژوو، ئیتر مام نادری کردبووە دەرەوە.

# شـــــەڕی سێ مـــــانگەی
# قـــــەیوان مـــــاوەت
# دوو

## شــــەڕی سێ مانگەی قـــەیوان – مـــاوەت

شەڕی قەیوان ماوەت- شەڕی بەرەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق و جاشە ئەڵقە لە گوێکانی.

ماوەی سێ مانگ و دە ڕۆژ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەیەکی گەورەو بەرفراواندا ڕووبەڕووی هێرش و پەلامارەکانی دوژمنی داگیرکەرو جاشەکانی بووەوە، لەو ماوەیەدا سەدان هێرشی دوژمن وردوو خاشکرا، بە هەزاران لە جاش و سەربازو قوات خاسە کوژران و بریندار بوون.

ڕژێمی فاشی عێراق بە پشتیوانی کۆپتەرو سیخۆی و پیلاتۆز و ڕاجیمەو دەبابە و تانک و تۆپی دوورهاوێژ، بە هاوکاری هەزاران جاش و سەربازو قوات خاسە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا بەڵام لە هەموو پەلامارێکدا پەراش دەبوو بە لوتی شکاوو کەلاکی زۆرەوە بەرەو مۆڵگەو سەربازگەکانیان ڕاودەنران، ئەو شاخ و کێوانەی شەڕگەی بەرفراوانی قەیوان ماوەت، گۆڕ بوون گۆڕستانی داگیرکەر بوون.

لوتکەو بنارەکانی ماوەت، چیای گوڵێ، کەڵکی قەیوان، دووبرا، خەمزە، دۆڵبێشک، کارێزە، حەسەن بەگ، وڵاغلو، کۆرەنگ، قەمچوغە، زنجیرە لوتکەکانی تەورداسەی پشتی سەفرەو زەرون، کونە ماسی، شاخە سوور، دوو وێڵەکان، گابەروا، سپیدارە، ژاژڵە، کانی بیوکە، مۆکەبە، کۆڵە رد، دۆڵە ڕووت، مارە ڕەش، سەنگەری نەبەزین و نەبەردی تیپە قارەمانەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٥١ی گەرمیان، ٥٧ی سەگرمە، ٤٣ی ئاسۆس، ٥٣ی شێروانە، ٣٧ی شاربازێڕ، ٣١ی سلێمانی، ٩٣ی کۆیە، ٩١ی سەفین، ٤٧ی پیرەمەگرون، تیپی مەڵبەندی دوو، ١٥ی هەورامان ٨٧ی قەرەچوخ، ١٩ی کۆڕەک، ١٢ی سۆران، تیپی مەڵبەندی یەک، ٢٣ی سورداش، ٩٩ی بیتوێن، ٢١ی کەرکوک، ٦٣ی جوتیاران، ٥٥ی قەرەداخ، ٦٥ی بلفەت، ٨٣ی هەورێ، تیپی پارێزگاری، دەزگای پێشمەرگایەتی، پێشمەرگەکانی گومرگ و هێزی پشتگیری بوون، لە ژێر گڕپۆش و قەرەولی پێشمەرگە دلێرەکانی تیپە قارەمانەکاندا هێزەکانی داگیرکەر ببوونە پەندی زەمانە.

ڕژێمی عێراق بە نیاز بوو ئەو ڕێگەو پێگانە بگرێت و بخاتە ژێر دەسەڵاتی سەربازی خۆیەوە کە (ی ن ک) دەگەیەنێتە سنوورەکانی ئێران، چوونکە عێراق پێیوابوو کە بە گرتنی ئەو ڕێگانەو دەستبەسەرداگرتنی دەتوانێت ڕێگە لە هاوکاری و چەک و تفاقی جەنگی بگرێت بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەم هەنگاوەشی پێیوابوو دەتوانێت ڕێگە لە گەشەکردن و بەهێز بوونی (ی ن ک) بگرێت لە ڕووی توانای شـەڕی پێشمەرگانەو دەستکەوتنی چەکی پێشکەوتووتر لـەوەی هێزی پێشمەرگە بەدەستیەوەیەتی، ڕێگەش لە هێرش و پەلاماری ئێران بگرێت بۆ سەر قوڵایی و مۆڵگە و سەربازەکانی لە ناوچەکە.

هەر بۆیە پێش دەستپێکردنی هێرشەکان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قەیوان- ماوەت، نزار خەزرەجی فەرماندەی فەیلەقی یەکی سووپای عێراق لە ڕێگەی کەسایەتی دیـاری ڕۆژهـەڵات و کوردستان و دۆستی نزیکی مامجەلال کاک محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ کە لە کونە ماسی نیشتەجێبوو، پەیامێکی بۆ مامجەلال و سەرکردایەتی (ی ن ک) نارد ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قەیوانەوە تا ماوەت چۆڵبکات و بیداتە دەست هێزەکانی سووپای عێراق، ئەوا سووپای عێراق پەلاماری هێزی پێشمەرگە نادات و شەڕی پێشمەرگە ناکات، بەڵام مامجەلال و سەرکردایەتی (ی ن ک) داواکـەی نزار خەزرەجیان ڕەت کردەوەو بڕیاری بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکیاندا کە بکرێتە سەر ناوچەکە.

محەمەدی مەلا عەلی پەیامەکەی گەیاندەوە هێزەکانی ڕژێم، بەڵام لە جیاتی ڕێزگرتنی ئەو کەسایەتییە کە تەنها نوێنەر بوو لە نێوان هەر دوولادا محەمەدی مەلا عەلی لە ناحیەی کارێزە دەست بەسەر کرا.

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ سوپاو جاش پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، لە تۆپخانەکانی سورە قەلات، قەڵاچوالان، کارێزە بۆمبارانی ناوچەکانیان دەستپێکرد، هێزی پێشمەرگە چەند لوتکەو قوتەو ناوچەی لە هێزەکانی داگیرکەر پاککردەوەو کردنیە سەنگەری قایموو قوڵ و قەڵای بەرگری لە بەرانبەر پەلامارەکانی دوژمنی داگیرکەردا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەوی ١٩٨٦/٩/٣٦٢ بە پێی نەخشەیەکی ورد هێرشیانکردە سەر ناحیەی کارێزە و دەستیان بە سەرداگرت محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ کە لە ناحیەکەدا دەست بە سەر بوو ئازاد کرا، بەڵام لە کاتی دەرباز بوونی لە ناحیەکە بە تۆپی دوورهاوێژ شەهید بوو، شەهید بوونی محەمەدی مەلا عەلی جێگەی داخ بوو، کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕو پشتیوان و هاوکاری (ی ن ک) بوو هەر لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی (نوێ) .

*هاوشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزەکانی پارتی سۆسیالیست (پاسۆک) و حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) بەشداریان لە شەڕی قەیوان – ماوەت کرد.

شەڕی قەیوان ماوەت سێ مانگ و دە ڕۆژی خایاند، دوای تێکشکاندنی سەدان هێرش و پەلاماری دوژمن ، ئینجا توانی ناوچەیەکی جوگرافی بچووک دەستبە سەردا بگرێت.

گورەزێک، بە ناو سەنگەرو داستان و نەبەردییەکانی پێشمەرگەو خوێن و دووکەڵ و شەڕدا دەکەین، سێ مانگ خوێن و دووکەڵ و شەڕ، سەرکەوتن و نەبەزین لە لولەی تفەنگەکانی پێشمەرگەوە دەنووسینەوە.

## شـــەڕگەی قەیوان-مـــاوەت، چـیای گوڵێ

چیای گۆڵێ جێگەماڵو جێگە نووستن و پشوودان و جێگە سەنگەرو جێگە هەڵفڕینی گوللەی ژێر پەلەپیتکە و دوا ماڵو دوا هەواری شەهید بەهادین و ڕزگار بەردە زەردی بوو، لە شەڕی (گۆڵێ)دا، دارو بەردو خاک و خۆڵو دارمـازوارو شێخەڵیش بە گوللەی تۆپ هەنجن هەنجن بوون بەڵام بە باڵای کەڵەگەتی پێشمەرگە نەوێران دواجار هەر سوپای داگیرکەر بوو هەر دەست و قاچی بڕاو بوو بە سەر شێخەڵ و تاشەبەردو ڕەوەزەکانی گوڵێ بەجێمابوون، هەر دەست و قاچ بوو قرتابوون هەر کەللە سەر بوو پژابوون، هەر گەورە ئەفسەری سوپا بوو لە ئاست قارەمانێتی پێشمەرگەدا تاسابوون.

١٩٨٦/٩/٢ برووسکەیەک گەیشتە تیپی ٣٧ و دەڵێ ئەو ڕەبیانەی گوڵێ بگرن و شەڕگەی لێدرووستبکەن ئەو سەردەمە کاک سەلیم ئاغا فەرماندەی تیپ بوو مامۆستا جەمال جێگر بوو، کاک بەکر لێپرسراوی ڕێکخستن بوو، کاک خالید لێپرسراوی کۆمەڵایەتی بوو، سەید ئەحمەد ڕابەری سیاسی بوو، کاک مەجید و ئاسۆی شێخ عارف و حەمەی حاجی سەعید و حمە هەژار و کەمالی حەبێ فەرماندەی کەرت بوون، سەرەتا کاک سەلیم ڕازی نەبوو بەوەی شەڕگەی لێدرووست بکرێت بەڵام ڕازی بوو لە سەر ئەوەی کە ڕەبییەکان بگیرێن، هێرش کرایە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی چیای گوڵێ و گابەرواو دەستیان بەسەردا گیرا، لە لوتکەی کڵاش دڕانەوە تا گوڵێ و سپیدارە ڕزگارکران و شەڕگەیان لێدرووستکرا.

دوای دەست بەسەرداگرتنی ڕەبییەکان کاک سەید ئەحمەد بە کاک سەلیمی وتبوو باشە بۆچی تۆ ڕازی نەبوویت شەڕگەی لێدرووست بکرێت، کاک سەلیم ئاغاش وتبووی سەید من کە ئەو هەموو پێشمەرگە منداڵ و گەنجانەم دەبینی بڕوام نەدەکرد پێیان بکرێت، چونکە کە شەڕگەکە شکا دەڵێن سەلیم شکا، بەڵام ئێستە کە دەبینم ئەو پێشمەرگە گەنجانە وەکو برووسکە لە لەشکری داگیرکەران دەدەن و دوایان دەکەون زۆر خۆشحاڵم تا شەهید نەبم لێرە ناڕۆم، کاک سەلیمی حەمە ئاغا یەکێک لە پیاوە ئازاو جەربەزەو فەرماندە کەم وێنەکانی شۆڕش بوو، لە ڕیزی ئەو پیاوانە بوو کە دەڵێن کون لە جەرگیدا نەبوو.

لە پانتایی لوتکەی کڵاش دڕانەوە تا چیای گوڵێ حکومەت هێرشی بەردەوام و ڕۆژانەی دەستپێکرد، زۆربەی هێرشەکان بە ڕۆژ دەکرانە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە ماوەی شەڕی گوڵێ- شەڕی سێ مانگەی قەیوان-ماوەت زیاتر لە ٢٥تا٣٠ هێرشی گەورەی ڕژێم تێکشکێندران، لە سلێمانی و ناوچە ئاوەدانەکانەوەو لە ڕێگەی ڕێکخستن و خەڵکی دڵسۆزەوە خواردنی گەرم، کولێرەی گەرم دەگەیشتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

# پـــــێش گرتنی ڕەبـــیەی گــــوڵێ

لە نەخشەو پلانی داستانی (قەیوان ماوەت)دا، گرتنی زنجیرە شاخ و لوتکەو گەوەکانی چیای گوڵێ تا سپیدارەو گابەروا بە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ سپێردرا بوو.

ڕەبییەی گابەرواو گوڵێ سەخت و قایموو دەست تەنگ بوون، لە ساڵی (١٩٧٥) ەوە ڕەبییەو مۆڵگەی دوژمن بوون و قایمکاریان تیادا دەکرا.

تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بە فەرماندەیی سەلیم ئاغا کۆبوونەوەیەکیان سازدا، نەخشەو پلانی ڕزگارکردنی زنجیرە چیای گوڵێیان تاووتوێکرد، بەرنامەی تۆکمەیان دارِشت، کۆبوونەوە بڕیاریدا سەید ئەحمەدو دکتۆر برایم ماوەتی چاوساغی هێزەکە بن، هەر چەند هەردووکیان خەڵکی ماوەت بوون بەڵام شارەزای شاخ و لوتکەو تولە ڕێکانی ئەوێ نەبوون، نەشیان دەتوانی بڵێن ئێمە شارەزا نین تا تەفسیری جۆراجۆری بۆ نەکرێت.

هێزەکە بەڕێکەوت کاتژمێری سفر بۆ لێدانی ڕەبییەکانی گوڵێ و گابەروا دانرا، بڕیاردرا کاتژمێر ١٢ی شەو لە هەر دوو ڕەبییەکە بدرێت، هێشتا دەستەی هێرشکردنە سەر ڕەبییەی گوڵێ نەگەیشتبوونە تەلبەند و سیمی ڕەبییەکە ڕەبییەی گابەروا تەقەی لێهەستاو ڕەهێڵەی گوللەی لێباری، قۆلی ڕەبییەی گوڵێ، دەستەی هێرش و پەلامار لە سیمی ڕەبییە و چواردەوری بە لوغم چێنراوی نزیک بوونەوە ، گەیشتبوونە بن لوت و هەناسەی ڕەبییەکە، چوار دەوری بە لوغم چێنراوو سیمی هەناسە بڕی ڕەبییەی گوڵێ دەرفەتی هێرش و هەڵمەت و پەلاماری ڕەبییەکەی نەهێشتبووەوە، بۆیە گەیشتنە ئەو بڕوایەی گرتن و دەستبە سەرداگرتنی ڕەبییەکە ئاسان و بێ قوربانی زۆرو زەوەند نابێ، لە بەر ئەو هۆکارانە بڕیاری پاشەکشە درا.

هێزەکە پاشەکشەی کرد، پرتەو بۆڵە، دەستیپێکرد، بەرانبەر سەید ئەحمەدو دکتۆر برایم، هێزەکە کشایەوە سپیدارە، دکتۆرو سەید کۆبوونەوەیان بە پێشمەرگەکان کردو دۆخەکەیان بۆ ڕوونکردنەوە، ووتیان ئێمەش هەر هێندەی ئێوە شارەزاین، گلەیی چیمان لێدەکەن، ڕاستە خەڵکی ناوچەکەین، بەڵام شارەزای ئەم شاخ و کێوە نین.

دوای ئەوەی نەتوانرا دەستبگیرێ بە سەر ڕەبییەی (گوڵێ)دا ڕەبییەی گابەرواش کە شەوی پێشوو گیرابوو، چۆڵکرا، لە سەرکردایەتیشەوە بە تایبەت مامجەلال و کاک نەوشیروان بەردەوام دووپاتیان دەکردەوە دەبێ ئەو ڕەبییە بگیرێ.

## چـیرۆکی گـرتنی ڕەبـیـیەکە

ڕەبییەکەی گوڵێ مەفرەزەیەک جاشی تیا بوو، لەگەڵ سەربازێکی عەرەب.

جەمال فەرماندەی مەفرەزەیەکی جاش بوو، لە ڕەبییەی پشتی ماوەت (قوڵە مازو) بارەگای هەڵدابوو، جەمال ڕۆژانە دەچووە ناو بازاڕی ماوەت و لە دووکانی هاووڵاتیان دادەنیشت و باسی جوامێری و پیاوەتی خۆی دەکرد، دەیوت بە ناچاری بوومەتە جاش ئەگینا من یەکێتیم، یەکێتی هەر داوایەکم لێبکاو هەر ئەرکێکم پێبسپێرێ بێ دوو دڵی جێبەجێی دەکەم هەر بۆیە تیپی ٣٧ خەڵکیان ناردە لای تا هاوکاریان بکات بۆ تەسلیم بوونی ڕەبییەکە، جەمال ڕازیبوو هاوکاری پێشمەرگە بکات بۆ تەسلیم بوونی ڕەبییەکە، ناسنامەکەی خۆی نارد بۆ پێشمەرگە وتبووی ئەو ناسنامەیەی من بەرن بۆ ڕەبییەکە ئامر ڕەبییەکە ئامۆزامە، ڕەبییەکەتان تەسلیم دەکات.

عەلی کوڕێکی چالاک و چەلەنگی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە ماوەت پێشمەرگە بە عەلی دا ناسنامەکەی جەمالیان نارد بۆ ڕەبییەکە کە نیشانەی تەسلیم بوون بوو، عەلی چووە ناو ڕەبییەکەو ناسنامەکەی دانێ، جاشەکانی ناو ڕەبییەکە ڕازی بوون و وتیان لەگەڵ بانگی شێوان "ئار بی جی" یەکمان لێبدەن ئێمە خۆمان چۆڵیدەکەین بەڵام وریا بن نەمانکوژن.

بەرەو خۆرنشین خەریک بوو دنیا تاریکی بپۆشێ پێشمەرگە ڕەبییەکەیان دایە بەر ئار بی جی و ئێس بی جی ناین و ڕوممانە، جاشەکان هەندێ تەقەیان بە ئاسماندا کردو چۆڵیانکرد، سەربازە عەرەبەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد، بەمجۆرە ڕەبییەکە کەوتە دەستی پێشمەرگە.

دوای چۆڵکردنی ڕەبییەکە حکومەت هەڕەشەی لە جاشەکان کردبوو، چۆن ڕەبییەکەیان داوە بە دەستەوە ئاواش بیگرنەوە، بۆ ڕۆژیی دوایی جاش هاتنە

سەر ڕەبییەکە، ئیستیخباراتی عەسکەری ناچاری کردبوون، پێشمەرگە هاواریان لێکردن مەیەنە پێش دەتانکوژین، بەڵام گوێیان پێنەدا، چەند کەلاکێکیان لێکەوت و پاشەکشەیانکرد.

دوای دەستبەسەردا گرتنی ڕەبییەکە، هێزی پێشمەرگە ناو ڕەبییەکەیان چۆڵکرد، لە دەورووبەری ڕەبییەکە بەو ڕکە شاخەدا کە درێژ دەبێتەوە تا کلاشدڕان و سپی دارە و گابەروا سەنگەری قایم و پتەویان لێدا، تۆپخانەکانی دوژمن بەردەوام لە ماوەت و ئاوەکورتێ و کەنارو، تۆپبارانی چیای گوڵێ و ڕەبیەکەیان دەکرد، بۆیە پێشمەرگە ڕەبیەکەیان چۆڵکردو لە دەوروبەری ڕەبیەکە سەنگەریان لێدایەوە.

لە نیوەی شەڕگەی قەیوان-ماوەت –چیای گوڵێ تیپی جوتیاران کە لە سەرەتای شەڕەکەوە لەگەڵ تیپی ٣٧ بوون بە برووسکەیەک گەڕانەوە، مامۆستا عەلی پەرلەمانیش کە ١٠ پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو برووسکەی بۆ کرا تا بگەڕێتەوە بەڵام مامۆستا عەلی سەنگەرەکانی جێنەهێشت و ئامادەی گەڕانەوە نەبوو، لە ماوەی شەڕی سێ مانگەدا ڕژێمی عێراق بە تێکڕای تۆپخانەکانی لە ماوەت و قەڵاچوالان و چوارتاوە بە کۆپتەرو فڕۆکەی هەمەجۆر بە بۆمب و ساروخی سەمتی، بە ڕاجیمەو گوللەی دەبابە بە هەموو جۆرە چەکێک لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی ئەدا بەڵام نەیتوانی ورەی بەرزی پێشمەرگە لەق بکات نەیتوانی بالای کەڵەگەتی پێشمەرگە نەوی بکات.

ئامر سریەیەکی جاش لە ڕەبییەکانی نزیک کەنارو جوابی بۆ پێشمەرگە ناردبوو کە ژمارەیەکی زۆر فیشەک و گوللەی هەمە جۆری لایەو دەیەوێت بیداتە پێشمەرگە، بەڵام نایەوێت تەسلیمی کەسی بکات بۆیە داوای کردبوو چەند پێشمەرگەیەک بنێرن تا لێیانی وەربگرن، تیپی ٣٧یش خاڵە سەراوی و حاجی سەراویان نارد بۆ وەرگرتنی تەقەمەنیەکان ئەوەش لەو دەمەدا پشتیوانیەکی باش بوو بۆ هێزی پێشمەرگە.

زانیاری گەیشتە پێشمەرگە کە هێزەکانی ڕژێم لە چیای گمۆوە دێنە خوارەوەو نەخشەی گەمارۆدان و لەناوبردنی هێزی پێشمەرگەیان هەیە لە چیای گوڵێ، بۆ

ئەو مەبەستە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ برووسکەیان کرد بۆ هەڤاڵ مامجەلال تا لە بارودۆخەکە ئاگاداری بکەنەوەو ڕێنمایی پێویست وەرگرن.

## (لە مام جەلال بۆ تیپی -37گمۆ بڕوات ئێوە ناڕۆن).

جیهازی تیپ باری کردبوو گەیشتبوونە چەمی شەشۆ، سەید ئەحمەد پێیان گەیشتوو بارەکەی پێخستن، ئەو کات شێخ جەمال لە سەر جیهازەکە بوو، جیهازەکە پاترییەکەی لە کارکەوتبوو دابەزیبوو ناچار ڕزگار عەرەبیان نارد بۆ شاناخسێ تا پاتری بێنێ، ڕزگار ڕۆیشت و گەڕایەوەو پاتری هێنا، برووسکە بۆ مامجەلال کرا، لە وەڵامی برووسکەکەدا مام جەلال دەڵێ گمۆ-دەڕوات- ئێوە ناڕۆن.

پێشمەرگە لە سەر بڕیاری مام جەلال چیای (گوڵێ)یان چۆڵ نەکرد بەڵام ئەو پێشمەرگانەی بریندار بوون گوازرانەوە بۆ بارەگای دواوە، کە بەشێکی لە گوندی سپیدارە بوو بەشێکیش لە شاناخسێ.

## ســـــەنگەری بــــەرد

بەردێکی گەورە بە سەر قوتەیەکەوە بو ژێرەکەیان بۆشکردبوو کردبوویانە سەنگەرێکی مەحکەم و قایم، بەرانبەر ئەو قوتە سەنگەرەش، سەربازگەی ماوەت بوو، دەبابەیەک بە ئاڕاستەی سەنگەرەکە دانرابوو.

وەستا فاروق و عومەر گرگاشەیی لەوێوە سەیری دەبابەکانیان دەکرد، کە بریسکەی ئەدا ئەمان خۆیان ئەدا بە زەویدا، عوسمان چوارتایی (ئاپۆ) لە سەرویانەوە بوو ووتی وەستا فاروق شوێنەکەتان چۆنە، وەستا فاروق ووتی وەرە ئاپۆ، ئاپۆ ووتی بە خوا نایەم سەر بە گێچەڵی وەستا فاروق ووتی بە خوا دێیت.

وەستا فاروق دووربینەکەی دایە دەست (ئاپۆ) سەیری سەربازگەی ماوەتی پێکرد، لە پڕ دەبابەکە بریسکەی لێهەستا، وەستا فاروق فریانەکەوت بڵێ دانیشە، خۆیدا بە سەر ئاپۆدا، هەتا ئاپۆ ووتی ئەوە چی بوو، تۆپەکە دای لە زەوی، ئاپۆ ووتی ئەوا بۆ واتکرد، وەستا فاروق ووتی ئەوە دەبابەیە بەرانبەرمان دەبێ یەکێک

چاودێری بکات کە بریسکە هەستا دەبێ لێرە خۆت بدەی بە زەویدا.
ڕۆژانە پەنجا تۆپ ئەیدا لە بەردەم بەردەکە، هەر کە تۆپەکە ئەیدا لە زەوی دووبارە سەریان دەردێنایەوە.

## بـــــروسکەی کــــاك جــــــەبار

جەبار فەرمان برووسکەیەکی بۆ سەید ئەحمەد کرد و دەڵێ کێ لە هاوەن دەزانێ، سەید ئەحمەد ــــ من دەورەم بینیوە لە ناوەندی کۆمەڵە، کاک جەباریش دەڵێ ئەولۆفانەی ماوەتم بۆ قەسف بکە.
سەید ئەحمەد و کەریم بەگ و عوسمان چوارتایی"ئاپۆ" هاوەنێکی "٨٢" ملم یان لە هێسترێک بار کردوو بردیانە سەنگەرەکانی مەجیدی حاجی عەلی، کاک مەجید بووە ڕەسەد، کاک سەید گوللەیەکی هاویشت، کاک مەجید ووتی کەس نازانێ بۆ کوێ چوو، چووە بۆ بایزاوا، کاک سەید ووتی کوڕە بابە ناگاتە بایزاوا، سەید ئەحمەد گوللەیەکیتری تێکرد لە خوار ڕەبییەکەی "سوێراو" ی دا، کاک مەجید ووتی ٤ گوریس کورتی کرد، سەید ئەحمەد ئاخر ٤ گوریسی کوێ، کاک مەجید ــــ گوریسی شاناخسێ، کاک سەید ــــ گوریسی شاناخسێ چەند مەترە، کاک مەجید ــــ ٨ مەترە، کاک سەید ــــ ئاخر گوریسی ماوەت ٧ مەترە چۆن ئەبێ.
گوللەیەکیتریان تێکرد، یەکسەر چووە ناو ڕەبیەکەوە، تۆپخانەکانی حکومەتیش دەستیان کرد بە بۆمبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە.
عەبدوڵلا فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٦٣ی جوتیاران وتبووی ئەمانە جاسوسی عێراقین گوللەیەکیان هاوێشت تا حکومەت تۆببارانی ئێمە بکات، ئەو تفەنگەم بدەنێ با..... مامۆستا مهدی ڕێبەری سیاسی تیپی ٦٣ بوو وتبووی ئەوە کاک سەید ئەحمەدە ڕێبەری سیاسی تیپەکەیە جاسوسی چی .... ئەوە بووە نوکتە.

## جـــاشی زێباری و قــــۆنتەرات

لە شاخی گوڵێ تا کڵاش دڕان، لە هەرموتاو تا پشتی ئاوکورتێ (٦٠-٧٠) پێشمەرگەی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕی لێبوو، ناوچەیەکی گەورەو فراوان بوو، هەر پێشمەرگەیەک هەشت کاتژمێر ئێشکگر بوو، نان و خواردن زۆر کەمبوو، پێشمەرگەیەک ژەمی یان ڕۆژی پەرداخێک وردە نانی بەردەکەوت بیخوات.

سوپاو جاش بە پشتیوانی تانک و کۆپتەر لە ماوەت و ئاوکورتێ و کانی بیوکێوە هێرشی بەرفراوانی دەستپێکرد، وەک پورەی هەنگ جاش و چەکدار لە دەوری یەکتر هاڵابوون، بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەنگاوەکانیان هەڵدێنا، بە جۆرێک هەر پێشمەرگەیەک (١٠٠) سەربازو جاشی بەردەکەوت.

پێشمەرگە چاودێری جوڵەی سەربازو جاشەکانیان دەکرد هێزێکی بێشومارو دەستەیەک پێشمەرگەی کەم، بەراورد نەدەکرا، بۆیە محەمەدی حاجی سەعید و حەمە هەژارو وەستا فاروق لە جیاتی چاوەڕوانی نزیک بونەوەیان، بۆسەو کەمینی پێچەوانەیان بۆ دانان، حەڤدە پێشمەرگە لە ڕکە بەردەکانی پشتی (جێن جێ) کە یەک دوو ماڵن لە پشتی ماوەت، بۆسەو کەمینێکی مەحکەمیان بۆ دانان.

پێشمەرگەو جاش بە جۆرێک لێک نزیک ببوونەوە، نێوانیان تەنها سێ مەتر بوو، وەک شێر لە بێشە بێتە دەر لەو ڕکە بەردو شاخانە بۆیان هاتنە دەرو لێیان دان، هەر لە جێدا سیانزە جاش و سەرباز کوژران، لە هێزی پێشمەرگەش جەمال گرگاشەیی بریندار بوو فیشەکێک لە قاچیدابوو.

دوای یەک دەسرێژو خستنی سیانزە جاش و سەرباز، سەر بەرەو خوار ڕاویان نان، ژمارەیەکیتریشیان ڕەوانەی دۆزەخ کرد، لەو تاشە بەردوو ڕکە بەردوو لە ناو کەڤرو تاوێری چیای گوڵێدا هەپرون بە هەپرون بوون جاشێک لە بن بەردێکدا ئەجەل هەڵیگرتبوو هەڵنەدەستا تا ڤیزای دۆزەخیان پێبەخشی.

بە پێی وتەی جاشەکان لە ماوەت، تەنها لەو شەڕەدا زیاد لە ٤٠ جاش و سەرباز کوژران و ٨٠ی دیکەش بریندار بوون، ١٣ چەک دەستکەوت بوون، فیشەکێکی زۆرو چەندین مەتارەی ئاوی سارد کەوتنە دەست پێشمەرگە، لە گەرمەی شەڕو بەو ڕکە شاخانەوە دەستکەوتنی ئاوی سارد دەروونی فێنک دەکردەوە.

## ســـــەنگەری کـــــەڵەك

دەبوایە پێشمەرگە سەنگەری قوڵوو قایم هەڵکەنێ تا لە تۆپباران و هێرشی دوژمن بیانپارێزێ، بەڵام وەستا فاروق و عومەر گرگاشەیی، سەنگەرێکیان لە کەڵەکە بەرد دروستکردبوو هەر ئەوەندە جێگەی چەند کەسێکی تیا بێتەوە.

چەند ڕۆژێک لەو سەنگەرە نەجوڵابوون، چڵکن و بێحاڵ بوون، چون لە کانیەکەی گوڵێ سەریان بشۆن، نەگەیشتبوونە کانیەکە بانگیان کردنەوە ووتیان وەرن ڕزگار شەهید بووە.

دوای ڕۆیشتنی وەستا فاروق و عومەرە سوور، هاوەن هاتبوو لە شوێن سەنگەرەکەیانی دابوو، ڕزگار شەهیدو تەهای مالیە بریندار بوو.

جارێکیتر سەنگەرەکەیان بە کەڵەک دروستکردەوە.

## پــــــشوویەکی کـــــورت

نزیک بە مانگێک بوو تیپی ٣٧ی شاربازێڕ لە شەڕدا بوو لە ناوچەیەکی بەرفراواندا بەرگری سەختیان دەکرد هەر لە گوڵێ و گابەرواو سپیدارە تا ئاوکورتێ پێشمەرگە ئێشکگری نیشتمان بوون، بۆ پشویەکی کورت و بە بڕیاری سەرکردایەتی تیپێکی تێکەڵاو لە کەرتەکانی چەند تیپێکی جیاواز بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا وسوو، تیپەکانی ٦٥ ی بلفەت و ٤٣ی ئاسۆس و چەند کەرتێکیتر، عەبدوڵڵا هەمزەو عەبدوڵڵا محەمەد و کاک ڕەحیم لە فەرماندە کەرتەکان بوون، عەبدوڵڵا وسو سەرپەرشتی دەکردن هاتنە جێ سەنگەرەکانی تیپی ٣٧.

بەکر فەتاح لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی (٣٧) تەکلیفی لە دکتۆر برایم کرد لەگەڵ تیپەکەی عەبدوڵڵا وسو بمێنێتەوە، دکتۆرو چاو ساغ و ڕێنیشاندەریان بێت، هەفتەی یەکەم دنیا بێدەنگ و شەڕگە خامۆش بوو.

## هــــێرشی دوژمـــــن

کەرتی چواری تیپی ٣٧ مەجیدی حاجی عەلی فەرماندەیان بوو، چوبوونە ڕکە شاخەکانی گابەرواو هەرموتاویێ، دوای شەڕێکی سەخت بۆ پشویەکی کورت، جەلال پێنجوێنی ئێشکگر بوو، گوێی هەڵخستبوو دەنگێک لە دوور دەهاتە گوێ، جەلال بە قادری حاجی عەلی وت گوێم لە دەنگێکە، دەنگی پێ، دەنگێک وەک ئەوەی کە بەردێک بێتە خوارەوەو بترازێ، قادری حاجی عەلی وتبووی جەلال ڕەنگە ڕێوی و سمۆرە و ئاژەڵی کێوی بن، جەلال ڕۆیشت، جارێکیتر هاتەوە لای قادر ووتی دەنگەکە زیادیکرد، کاک مەجید سەرخەوێکی شکاندبوو بەخەبەریان هێناو وتیان دەنگە دەنگ دێ، لەو قسانەدا بوون (ئار بی جی) یەکیان لێدرا.

پێشمەرگە بە سەر ڕکە شاخەکەدا دابەشبوون، شەڕێکی قارەمانانە و کەم وێنەیان کرد، لە کۆی ١١ پێشمەرگە شەش پێشمەرگە بریندار بوون.

لە کاتژمێر ٤ی بەیانی شەڕ دەستیپێکرد، تا کاتژمێر هەشتی بەیانی بەرگریکرا، پێشمەرگە فیشەکیان پێنەما، بە ناچاری پاشەکشەیانکرد قادری حاجی عەلی فیشەک بەر قۆڵی کەوت، جەلال و خەبات لە پێشمەرگە بریندارەکان بوون.

دکتۆر برایم چارەسەری سەرەتایی بۆ کردن دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاناخسێ و سەردەشت کران.

## دووبــــارە هـــێرش

مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی جەلال ماوەتی لە شاخەسوران بوو هێرشی جاش و قوات خاصە بەرەو چیای گوڵێ و سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستیپێکرد.

هێزو تیپەکەی عەبدوڵلا وسو بە ڕێنمایی دکتۆر برایم چوونە هەرموتاویێ، لوتکەی هەرموتاویێ لە نێوان سپیدارەو گوڵێ هەڵکەوتووە، شاخ و لوتکەیەکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو لە ستراتیژی سەربازیدا، بۆیە ئەگەر ئەوێ بگیرایە چیای گوڵێ و سەنگەرەکانی ئەو زنجیرە شاخە بە تەواوی دادەبڕاو گەمارۆ ئەدرا.

مەفرەزەیەکی ١٥ کەسی بەرەو هەرموتاویێ بەڕێکەوتن جاش و سەرباز نزیک ببوونەوە لە شاخەکە خەریکبوو دەیانگرت، بەڵام پێشمەرگە لێیاندان لە چاوتروکانێکدا

تاروماریان کردن و هێزەکەیان شکاند، بەهادین لە بەری ئەو بـەرەوە لە کانی ئازیز لەگەڵ جاش و سەرباز لە شەڕدا بوون، بەهادین ڕوممانەیەکی بە دەستەوە بوو دەیویست هەڵیبداتە ناو جاشەکان، لە کاتی هەستان بۆ هەڵدانی ڕوممانەکە گوللەیەک پێکای، ڕوممانەکەش بە خۆیدا تەقیەوەو هەر لە جێدا شەهید بوو.

لە شەڕی هەرموتاوێ کاک ڕەحیم لە تیپەکەی عبدالله وسو بریندار بوو، ڕژێم زەرەرو زیانی زۆری لێکەوت دەیان کوژراوو بریندارى هەبوو، کوڕی مستەشارێک لە نێوکوژراوەکاندا بوو.

دواتر عەزیز ماوەتیان نارد بۆ وەرگرتنەوەی لاشەی جاشەکە، پێشمەرگەش تەرمەکەیان دایەوە، تیپەکەی عەبدوڵڵا وسو لە سەنگەرەکان کشانەوە بۆ پشودان و تیپی ۳۷ گەڕایەوە جێگەیان.

## خـــــەندەیەك

پێشمەرگەیەکی لای عەبدوڵڵا وسو لە بارەگای کاک مەجید بوو لە هەرموتاوێ، جەستەیەکی لاوازو بێهێز، بێخواردن و خواردنەوە، تەنها نانەڕەقی سێ ژەمە، هێندە بێهێزو لاواز بوو، هاوەنێک لە نزیک بارەگاکەی دابوو پێشمەرگەکە بورابووەوە، سواری وڵاغێکیان کردوو هێنایان بۆ سپیدارە.

دوای ئەوەی گەیەنرایە سپیدارە، دکتۆر برایم نەبزی دڵی بۆ گرت، هیچی نەبوو، برینداریش نەبوو، دکتۆر برایم سپرایەکی دان هێشەی پێبوو کردی بەدەم و لوتیدا، یەکسەر هەستایە سەرپێ و دانیشت.

بەدارێکی سپیدارەوە گۆشتی بـەراز هەڵواسرابوو، پێشمەرگەکە چاوی بە گۆشتەکە کەوت، چاوی چووە پشتی سەری و دەستیکرد بە جنێودان، جنێودان بە کاک سەلیم و عەبدوڵڵا وسو

وا ......... سەلیم ئاغا

وا .........عەبدوڵڵا وسو

بۆ خۆتان گۆشتی مەڕەسوری دەخۆن و ئێمەش نانە ڕەق، وتیان کاکە جوێن

مەدە گۆشت بخۆ ئەوە گۆشت و پێوەیکە، پێشمەرگەکە دەستیکرد بە گۆشت پێوە کردن، چەند شیشێکی لێداو خواردی، دوای ئەوەی گۆشتەکەی خوارد ئینجا وتیان ئەوەی خواردت گۆشتی مەڕە سور نەبوو گۆشتی بەراز بوو، دیسان تورە بوو ووتی بۆ پێمنالێن گۆشتی مەڕە سوور نییە گۆشتی بەرازە.

## بەدیـــــلگرتنی جـــاشێك

لە شەڕەکانی چیای گولێ، گابەروا، سپیدارە، جاشێک بەدیل گیرا بوو، یەکێک لە فەرماندەی پێشمەرگەکان پێیوتبوو:

ئاخر دایەت ........ زەویم لێداگیر کردوی

ئاخر دایەت ....... ژنم لێهەڵگرتوی

ئاخر دایەت ...... ڕەزو باخم لێسەندوی

ئاخر بۆ هاتویتە سەرمان لەم شاخ و کێوە

دوای ئەو زنجیرە شەڕانە پێشمەرگە پاشەکشەی کرد بۆ شاناخسێ، سەلیم ئاغا، بەکر، سەلام چوارتایی، و قادری حاجی عەلی و جلال و چەند پێشمەرگەیەکیتر بریندار بوون.

## بـــەکریان جێنـــەهێشت

برینداره‌کانی تیپی ٣٧ی شاربازێڕ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بوندا بوون و هەڵدەکشان، دکتۆر برایم هەندێک لەفاف و چەند دەرزیەکی پێمابوو، بە لەفاف و پشتێنی پشتی خۆیان برینەکانی بۆ دەبەستن، دواتر ڕەوانەی شاناخسێ و نەخۆشخانەکانی ئێران دەکران.

بەکر پێشمەرگەیەکی قارەمانی تیپی ٣٧ی شاربازێڕ بوو بە سەختی بریندار بوو، برینەکانی قورس بوون، پێشمەرگەش لە پاشەکشێ دابوو بەرەو شاناخسێ، هیلاکی و شەکەتی ڕێگا، ماندوویەتی چەند ڕۆژی ڕابردو توانا و بڕستی لە پێشمەرگە بڕیبوو، هێزی ئەژنۆ لاوازو ڕێگای سەخت و هەورازو نشێو هەر توانای هەڵگرتنی تاقم و تفەنگی هەبوو،

بەکر هێشتا گیانی تیادا مابوو، ڕاستە چاوەکانی داخرابوون و ڕەنگ و ڕووی پەڕیبوو، دەستەکانی شل ببوون و جەستەی ساردوو لاواز ببوو، بەڵام هەناسەی دەداو هەست بە لێدانی دڵی دەکرا، هەندێک وتیان با جێیبهێڵین، پرتەو بۆڵەی لێرەو لەویَ دەرفەتی دەرچون و ڕزگار بوونی بۆ بەکر نەهێشتبووەوە، بەکریش بە هیوا نەبوو جارێکیتر ڕزگاری بێت لە چاوەڕوانی جێهێشتن و دوا هەناسەدا بوو،

لە مقۆ مقۆی جێهێشتن و جێنەهێشتندا بوون، جەلال ماوەتی ووتی دکتۆر برایم با جێینەهێڵین، دکتۆر برایم ووتی من هەر جێیناهێڵم، ئێوەش بڕۆن من دەمێنمەوە چونکە من دکتۆرم ڕەوشتی پیشەیی و باری دەرونیم ڕێگە بەوە نادا جێیبێڵم.

جەلال خدر ماوەتی فەرماندەی مەفرەزە بوو، بانگی پێشمەرگەکانی کردوو ووتی قبوڵی ناکەم بڕۆن، دەبێت لەگەڵ خۆمان بیبەین.

لە بەتانی و دار ، تابوتێکیان بۆ بەکر دروستکردوو کردیانە ناوی، بە هەورازی شەشۆدا سەریان خست،، دوو کاتژمێر هەورازی کوڕو تاقەت شکێن.

لە هەورازەکە ئاوا بوون، تابووتی دارو بەتانی بەکریش بە سەر دەست و شانی پێشمەرگەوە بە هەورازدا سەردەکەوت، پشتی هەورازی کوڕیان شکاند و چۆکیان پێدادا، لە شاناخسێوە ووڵاخدار بەرەو پیریان هاتن، بەکریان خستە سەر پشتی ووڵاخێک و بەڕێیانکرد بۆ سەرچەم لەوێشەوە بۆ ئێران، بریندارەکانیتر لە شاناخسێ چارەسەر کران، بەکریش دوای وەرگرتنی چارەسەر گەڕایەوە ڕیزەکانی پێشمەرگەو لە مەرگ ڕزگاریبوو.

## ڕەوە بـــەراز- سێ ڕۆژ پـــێش پاشەکشە

ڕۆژانە هاوەنێک لە سەربازگەکەوە دەبرایە ژاژڵەو ئێوارە دەیانگەڕاندەوە، پێشمەرگە بۆی داگەڕان و لەزیل و هاوەن و قافڵەکەیانداو هەموویان سوتاندو گەڕانەوە، لە تەقەی پێشمەرگە ڕەوە بەرازێک دەرپەڕین و ڕووەو پێشمەرگەکانی سەر شاخ هاتن، لێیاندان و ١٢ بەرازیان کوشت و بە سەر کەرتەکاندا دابەشکراو خواردیان.

سێ ڕۆژ دوای ئەوە پێشمەرگە پاشەکشەیکرد، بەشێکی گۆشتەکە لەوێ مابوو، جاش و جەیش کە هاتبوون گوشتەکەیان بینیبوو خواردبوویان وایانزانیبو گۆشتی ئاسک و کەڵەکێوییە، وتبویان ئەم سەگبابانە بۆیە ئەوەندە بەرگریان کردووە گۆشتی ئاژەڵی کێوی دەخۆن.

کە پێشمەرگە ئەوەیان بیست، چوونە ماوەت و بڵاویانکردەوە و وتیان وەڵڵا ئەوە گۆشتی بەراز بوو خواردومانە، جاشەکانیش لێیان خواردووە، جاشەکان کە بەرگوێیان کەوتبوو وتبوویان ئەی لەو سەگبابە بەرازخۆرانە دەبوایە بمانزانیایە بۆیە وەکو بەراز وان.

لە داستانی سێ مانگەی قەیوان-چیای گوڵێ-گابەروا-سپیدارە، سوپای عێراق بە جەیش و جاشیەوە زەرەروزیانی زۆری لێدەکەوت، قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان بوو، شەهید بەهادین ناسراو بە "بەهە کوێر" جێگری فەرماندەی کەرت، شەهید ڕزگار بەردە زەردی، قادری حاجی عەلی شاناخسێ و تەهای مالیە و جەمال گرگاشەیی وچەند پێشمەرگەیەک لە داستانی چیای گوڵێدا بریندار بوون.

## تـــیپی 51 لە شـــەڕگەی قەیوان- مـــاوەت

لەگەڵ نزیکبوونەوەی پەلاماری داگیرکەری عێراق بۆ سنوورو سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە دۆڵی جافەتی- قەیوان ماوەت، دوانزە دێی دۆڵێ، تیپەکانی گەرمیان لە لایەن سەرکردایەتیەوە داواکران، تیپی ٥١ی گەرمیان هاوشانی تیپەکانی مەڵبەندی یەک، لە نزیک کونە ماسی، دۆڵبێشک، قامیش، وڵاغلو، دابەشبوون بۆ پاراستنی سەرکردایەتی.

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ سەرەتا و دەستپێکی هێرشی داگیرکەر بوو بۆ سەر سەنگەرە پتەوەکانی پێشمەرگە، هێزەکانی داگیرکەر پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان و تیپەکانی تریاندا لە دۆڵبێشکەکانەوە[٤]، ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕ فراوانتر و قورستر دەبوو، بەڵام تیپی ٥١ی گەرمیان هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی

[٤] دۆڵبێشکەکان ژمارەیان (٥) دێ بوو، هەر پێنجیان ناویان دۆڵبێشک بوو بە پاشگری جیاوازەوە، دۆڵبێشکی شێخان، دۆڵبێشکی شێخ حسێن، دۆڵبێشکی حاجی هەباس، دۆڵبێشکی مام خۆشی، دۆڵبێشکی حاجی قادر.

کوردستان، بەو پەڕی ورەوە وەڵامی  پەلامارەکانی دوژمنیان دەدایەوەو وەکو هەڵۆ چۆن دادەنـەوێ بۆ نێچیر بـەو شێوەیە هێرشیاندەکردە سـەر دوژمـن و پەلامارەکانیان تێکدەشکاند.

## شـــەهید بوونی شـــێخ جـــەمال

لە درێژەی پەلاماری هێزەکانی داگیرکەر بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شەڕگەی قەیوان- ماوەت، دوژمن هێرشێکی فراوانیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قۆڵی دۆڵبێشک، هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی هێرشەکەی دوژمن بوونەوەو تێکیانشکاندن و تا ناو مۆڵگە و سەربازگەکانیان ڕاویان نان.

هێزەکانی داگیرکـەر لـە تۆڵـەی شکستەکەیاندا تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیانکرد، شێخ جەمال جێگری تیپی ٥١ی گەرمیان لە کاتی تۆببارانەکەدا بە دووربین تەماشای دیمەن و مەیدانی شەڕەکەو مۆڵگەکانی دوژمنی دەکرد، لە ناکاو گوللەیەکی وێڵ و ڕێ ونکردوو پێکایی و لە جێدا شەهید بوو.

شێخ جەمالی گەرمیان قارەمانی دەیـان داستان و نەبەردی کەم وێنە بوو، پێشمەرگەی ساڵانی سەختی خەبات و سەرەتاکانی درووستبوونی شۆڕش بوو، فەرماندەیەکی خۆشەویست، بوێر، دلێر، چالاک و وریـاو زرنگ بوو قارەمانی شەڕەکانی گەرمیان، خورماتوو، قەراخ و زینانە و دەیان نەبەردی بوو دوای شەهید بوونی شێخ جەمال، هێزەکەی تیپی ٥١ گەڕانەوە گەرمیان.

## چـــــڕنوکی پـــــارتی

بەشی زۆری تیپە قارەمانەکانی (ی ن ک)، لە شەڕی قەیوان مـاوەت بوون، تیپەکانی دەشتی هەولێر تەنها چەند پێشمەرگەیەکی کەمیان لە ناوچەکانیان جێهێشتبوو، بەشێک لەو پێشمەرگانە یان نەخۆش بوون، یان بە مۆڵەت و بۆ کاری تایبەت لە ناوچەکانیان مابوونەوە، ئەوانیش تاک و تەرا بوون.

هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە جیاتی پشتیوانی هێزی پێشمەرگە و

بەگژاچوونەوەی هێزەکانی داگیرکەر لە ناوچەکانی هەولێر هەڕەشەیان لە پێشمەرگە نەخۆش و بریندارەکان دەکرد هێزی خۆیان تیادا تاقیدەکردەوە، هەر بۆیە (ی ن ک) لە ڕێگەی ئیزگەوە ئاگادارییەکی لەو بارەیەوە بڵاوکردەوەو خەڵکی کوردستانی لە هەڵوێست و ڕەفتارەکانی پارتی لە ناوچەی هەولێر ئاگادار کردەوە.

ئەمەش دەقی ئاگادارییەکەی (ی ن ک) ە بۆ کۆمەڵانی کوردستان و حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقیەکان.

## ئـــاگادارییەك بۆ کۆمەڵانی خـــەڵکی کـــوردستان

ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان، حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقیەکان، هەموو لایەکتان ئاگادارن کە ئەمڕۆ ماوەی ١٨ ڕۆژە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕێکی جەبهەیی دەیان کیلۆمەتریدایەو ڕۆژانە چەندین هێرشی یەک لە دوای یەکی دوژمن تێکدەشکێنن، داستانێکی مێژوویی ئەوتۆیان لە لاپەڕەی خەباتی پڕ قارەمانێتیدا تۆمار کردووە کە دەبێ لە داهاتوودا وەکو دەرس و پەند لە قوتابخانەی گەلەکەماندا بخوێندرێت.

بەڵام بە داخەوە ئا لەم کاتەدا مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هاتوونەتە ناوچەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و هەڕەشە لە پێشمەرگە نەخۆش و بریندارەکان دەکەن کە بە ئیجازەو ئیشوکار لەو ناوچەیەدا ماونەتەوە.

ئەگەر چی ئێمە لەم ڕۆژانەدا چاوەڕوان بووین کە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی خۆی بنێرێ بۆ ئەم شەڕەو هاوکاری (ی ن ک) بکات لە دژی ڕژێمی فاشیست و لە ڕادیۆکەشیان پشتگیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن نەک لە جیاتی ئەمانەو لەم کاتە ناسکەدا مەفرەزە بنێرێ بۆ هەڕەشە کردن.

ئێمە بە پێویستی دەزانین کە هەموو لایەک لەو ڕەفتارەی پارتی دیموکرات ئاگادار بکەینەوە بە تایبەتی لەم کاتەدا کە خوێنی پێشمەرگەکانی (ی ن ک) و پارتی سۆسیالیستی کوردو حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق لە شەڕی بەرەنگاری ڕژێمی فاشیدا دەڕژێ و تێکەڵاو بە یەکتر دەبێ.

بۆیە ئەگەر ئەو جۆرە کارە ناڕاستانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دووبارە بێتەوە ئەوا بێگومان بێدەنگ نابین و هەر وەکو خۆیان دەزانن دێینە وەڵام، دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هێزی لە شکان نەهاتووی گەلە.

١٨ /١٩٨٦/٩

## بەشداری حزبەکان لە یەك سەنگەردا

شەهید بوونی کاک بێستوون پێشمەرگەو فەرماندەی پاسۆک لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا

لەگەڵ ڕێکەوتنی حزبە کوردستانییەکانداو لە نێوانیاندا پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک هاوکات لەگەڵ شەڕگەی قەیوان ماوەتدا پێشمەرگە و فەرماندەکانی پاسۆک هاوشانی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە یەک سەنگەردا بەشدار بوون و هەر لە شەڕگەی قەیوان ماوەت شەهیدیان بەخشی.

لە سەنگەرەکانی بەرگریدا لە شەڕگەی قەیوان ماوەت پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمانی پاسۆک کاک بێستون شەهید بوو گیانی سپاردە کوردستان و خوێنی پێشمەرگەی یەکێتی و پاسۆک تێکەڵ بە یەکتری بوون.

لە ووتارێکدا بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ئازاد مستەفا سکرتێری پاسۆک نووسیبووی: ئەوا خوێنی پاسۆکانەمان تێکەڵ بە خوێنی یەکێتییانەتان کرد، بەڵێ خوێنی پێشمەرگانەی یەکێتی و پاسۆک لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا تێکەڵی یەکتر بوون.

## پـــەیامی ئـــێزگە بۆ پـــاسۆك

دوای شەهید بوونی کاکە بیستوون ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان پەیامێکی ئاڕاستەی برایانی پاسۆک کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

برایان ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی پاسۆک هاوبەشیتان لە شەڕگەی بەرەنگاری قەیوان ماوەت شانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبەکەتان و جێگەی تەقدیری هەموو

گەلی کوردە شەهید بوونی کاکە بێستوونیش شایەتێکیتری قارەمانێتی پێشمەرگە و گیانبازی گەلی کوردە لە پێناو ڕزگار کردنی کوردو کوردستاندا.

ئەمڕۆ هەموو گەلی کورد بە تاسەوە گوێ لە هەواڵی هاوسەنگەری و تێکەڵاو بوونی خوێنی پێشمەرگەی حزبە کوردستانییەکان دەگرێت.

بە ڕاستی سەلماندتان کە قارەمانی کۆڕی جەنگ و پێشمەرگەی ڕێگای یەکێتی ڕیزەکانی گەل و ئاشتبوونەوەو پاراستنی خاکی کوردستانن.

بڕۆن بۆ پێشەوە لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکیتر

شەهید بێستوون ئەندامی مەکتەبی عەسکەری پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بوو سڵاو لە گیانی پاکی

## تـــــیپەکانی هـــەولێر
## 86، 87، 85

شەڕی گەورەو فراوانی بەرەیی، شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت، پانتاییەکی گەورە لە شەڕ، لە کەڵکی قەیوان- دووبرا، کارێزە، ولاغلو، باڵخ، کۆڕەنگ، خەجە لەرزۆک، چیای گوڵێ، سپیدارە، زۆربەی تیپەکان و مەڵبەندەکان بەشدار بوون.

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ هێزەکانی هەولێر- قەرەچوخ لەگەڵ تیپی ٢١ی کەرکوک لە دەشتی هەولێر کۆبوونەوە تا بەرەو شەڕگەکانی قەیوان ماوەت بەڕێکەون، لەگەڵ گەیشتنیان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشبوون.

* تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بۆ دۆڵبێشک.
* تیپی ٢١ی کەرکوک، بۆ لوتکەی دووبرا.
* بەشێک لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ٨٥ی بەڕانەتی بۆ نزیک قەیوان.

هێزەکانی داگیرکەر چەندین هێرشی بەربڵاویان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەڵام قارەمانەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٧ی قەرەچوخ و ٢١ی کەرکوک لە دووبراو قەیوان و دۆڵبێشک هێرشەکانیان تێکشکاندن و چەندین کەلاکیان لێخستن.

## شـــەهید بوونی ئاراس- پـــێشڕەو
## دوو جــگەر گــۆشەی کاك کــۆسرەت

سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٦ بوو هێشتا شەڕی قەیوان ماوەت گەرمبوو، هاژەی چەموو دەنگی تۆپ و ئاربیجی و ناڵەی ناپاڵم و هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگە تێکەڵ بە یەکتر دەبوون.

هێزەکانی تیپەکانی هەولێر بەرانبەر دێی باڵخ چادریان هەڵدابوو، دارو پووش و پەڵاشی ئەو چیاو بەندەنانە گڕیان گرتبوو، هاڵاویان لێهەڵدەستا، هێواش هێواش دادەمرکان و دەبوونە خۆڵەمێش، بێتەلەکان هەر ورتەو هاواریان بوو، تۆپەکان لورەیان دەهات و لە بۆڵە نەدەکەوتن.

کاک کۆسرەت، ڕێباز، شێخ جەعفەر، مامۆستا بەکر، فاروقی عەلی مەولود، سابیر ڕەسوڵ، سەرگەرمی قسەی خۆش و نەستەق و نووکتە بوون، تریقەو قاقای پێکەنین تێکەڵ بە دەسرێژی گوللەو گرمە و ناڵەی تۆپەکان دەبوون، لە نێو ڕەشایی و سووتانی خاک و ئاگربارانی کۆپتەرو تۆپە دوور هاوێژەکان، سەرگەرمی قسەی خۆش و خەمڕەوێن بوون.

## بـــرووسکەی دوو کـــۆستی گـــەورە

برووسکە هاتبوو لە سماقولی دوو کوڕی کاک کۆسرەت (ئاراس و پێشڕەو) بە بۆردومانی فڕۆکە شەهید بوون، هەواڵەکەیان بە کاک کۆسرەت نەوتبوو، کاک نەوشیروان ناردبووی بە دوایدا لەوێ هەواڵەکەی پێگەیاندبوو.

ڕێبازو فەرماندەکانی دیکەی هەولێر لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە چوونە بارەگای کاک نەوشیروان لەگەڵ کاک کۆسرەت گەڕانەوە (سماقولی) کاک کۆسرەت چووە سەر گۆڕی هەر دوو کوڕەکەی، شەهید بوونی دوو کوڕ کە هێشتا لە تەمەنی گوڵدا بوون، کۆست و زامێکی قوڵ بوو بۆ کاک کۆسرەت، وەکو باوکێک کاریگەری لە سەری هەبوو بەڵام وەکو چیای کۆسرەت خۆڕاگر بوو.

شەهید بوونی (ئاراس و پێشڕەو) بوونە هەوێنی زیاتر تێکۆشان و ڕامالینی ئەو ڕژێمەی هەزاران ئاراس و پێشڕەوی خستە ژێر خاک.

## تــیپی 57ی ســەگرمە

پێشمەرگەکانی تیپی (٥٧)ی سەگرمە لە گەرمیان بوون، تیپی ٥١ی گەرمیانیش دوای شەهید بوونی شێخ جەمال گەڕابوونەوە گەرمیان، لە چالاکیەکی هاوبەشدا لە بیرە نەوتەکانی کەرکوکیاندا.

دوای لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک، تیپی ٥٧ی سەگرمە بەرەو شەڕگەی قەیوان ماوەت بەڕێکەوتن، لە بایلۆسەو برزوت و باڵخ سەنگەریانگرت، هەموو شەوێک هێزەکانی سەربازو جاش پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی تیپی (٥٧) ی سەگرمەیان دەدا، بەڵام کوڕانی سەگرمە چەندین هێرشی دوژمنیان تێکشکاند، کەلاکی زۆریان پێجێهێشتن، گورزی کوشندەیان لێدان دوای کۆتایی هاتنی شەڕی قەیوان ماوەت گەڕانەوە سەگرمە.

## گــــەڕانەوەی تــــیپی 51ی گەرمـــــیان

دوای شەهید بوونی شێخ جەمال، تیپی ٥١ی گەرمیان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، شەڕ لە قەیوان ماوەت درێژەی کێشا، لە حەسەن بەگ و وڵاغلو شەڕ گەرم بوو، لە ناوەڕاستی مانگی ١١ی ١٩٨٦ داوای تیپی ٥١ کرا بۆ شەڕگەی وڵاغلو حەسەن بەگ، هێشتا نەگەیشتبوونە جێگە لە ڕێگا بوون لە ئیزگەوە هەواڵی گیرانی وڵاغلو بڵاوکرایەوە[٥] کە گەیشتنە سەرکردایەتی کاک نەوشیروان ڕەوانەی دۆڵی سەفرەی کردن بۆ لای کاک جەبار فەرمان.

مانگی ١١ ئەو کوێستانانە سەخت و ڕێونکەرن، بەفرێکی زۆر لە سەرو پرچی ئەو کێوانە دەهاڵێ، بەفر بە باوە دەبارێ و هەندێک جار کرێوە دەکات، لە ماوەیەکی کەمدا ڕێگەو تولە ڕێ و شوانە ڕێ دادەپۆشێ و مێزەرێکی سپی سپی لە سەر چیاو لوتکە بەرزەکان دەکات زۆر جاران بەفر هەر لە شاخەکاندا ناوەستێ دادەگەڕێتە خوار بۆ ناو دێیەکان و باڵا پیاوێک هەندێک جار زیاتریش بەفر دەکەوێ و وولات سپی دەکات، بۆیە دەرچوون و جوڵە لە ناو بەفردا هەر لە توانای کوڕانی یەکێتی

[٥] لەو شەڕەدا وریای شێخ ڕەشید یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکانی گەرمیان کە خەڵکی قەڵای سەنگاو بوو گیانی بەو داستانە بەخشی و شەهید بوو.

دابوو ئەوان بەفریان دەچەماند و سەردەکەوتنە سەر بەرزترین لوتکە.

پێشمەرگەکانی گەرمیان بە ماندووبوونێکی زۆر کاتژمێر ١٠ی شەو گەیشتنە گەلاڵەی دۆڵی سەفرەو زەرون، دوای پشوودانێکی کورت ئێوارەی ڕۆژی دوایی سەرکەوتنە سەر شاخی برزوت و بایلۆسە کە بە سەر دۆڵی قامیش و ماوەتدا دەڕوانێت، لەوێ دامەزران.

شەڕ لە ناوچەکەدا بەردەوام بوو، هێزەکانی داگیرکەر هێرشیان هێنایە سەر شاخی گۆجاڕ، لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢٦ کۆپتەر لە سەر لوتکەی شاخی گۆجاڕ دابەزی لەوێ ڕەبیەیان دانا هێزی سەربازی تیا مایەوە.

پێشتر ولاغلو شاخی حەسەن بەگ گیرابوو بەشێک لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە کەوتبوونە ناو بازنەی هێزەکانی داگیرکەرەوە، لە هەر دوو دیوی ماوەت و ولاغلو تۆبباران دەکران، دۆخەکە ڕووی لە خراپیبوو، دوژمن لە پەلاماری بەردەوامدا بوو، هەوڵەکانی بۆ گرتنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە چڕکردبووەوە، هێزەکانی گەرمیان بۆ ماوەی (٨) ڕۆژ لە شەڕو بەرگری بەردەوامدا بوون، برزوت و بایلۆسەیان کردبووە گۆڕستانی داگیر کەر.

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٣ هێزەکانی دوژمن هێرشێکی لە ناکاویان کردە سەر سەنگەری پێشمەرگەکانی گەرمیان لە برزوت و بایلۆسە، قارەمانەکانی گەرمیان لوتی دوژمنیان شکاندو پەلامارەکەیان وردو خاشکرد، لە بەردەم لولەی تفەنگی کوڕانی گەرمیاندا هێزەکانی داگیرکەر بوونە ئاردی ناو دڕک، دەواری شڕی بەر ڕەشەباو زیانی گەورەیان بەرکەوت، لەو بەرگریە سەخت و دلێرانەیەدا فەرماندەی کەرت حەمە تیماری شەهید بوو.

هێزەکانی داگیرکەر بۆ پەلامارێکیتر بە پاڵپشتی تانک و تۆپ و فڕۆکە و هێزی زەمینی خۆیان ئامادە کردەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٤ پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، شەڕێکی سەخت دەستیپێکرد، لە بەرفراوانی پەلامارەکەی داگیرکەرو لە دەستدانی هەندێک شوێن، هێزەکەی گەرمیان برزوت بایلۆسەیان جێهێشت و کشانەوە دۆڵی سەفرەو گەلاڵە.

هێزەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕو ٥٧ی سەگرمە لە گردە ڕەشبوون، دوژمن لە قۆڵی ئەوانەوە هێرشی دەستپێکردو شەڕێکی سەخت ڕوویدا، لە کۆتایی شەڕەکەدا سەفرەش کەوتە دەست هێزەکانی دوژمن، هەر بۆیە بڕیاری کشانەوە درا، بە کوێستانی گەلاڵەدا کشانەوە سەرگەڵو بەرگەڵو چالاوا.

هێزەکانی گەرمیان و تێکڕای تیپەکانیتری پێشمەرگە، لە سەنگەرەکانی قەیوان ماوەت، چیای گوڵێ تا کلاشدڕان و سپیدارە و دووبرا و کارێزە و باڵخ و دۆڵی ولاغلو، لە (٣) مانگ و (١٠) ڕۆژ بەرگری بەردەوام لە لوتکەی هەرە بەرزی برزوت، بایلۆسە و ئەحمەد ڕۆمی، بەرگری بێوێنە و شەڕی کەموێنە و هێرشی کەمەر شکێنیان کردە سەر هێزەکانی داگیرکەرو بە سەدان کەلاکیان لە مەیدانی شەڕدا پێجێهێشتین، لاشەی داگیرکەر لە سەر چیا و دۆڵ و قوتە و قەدپاڵ و لاپاڵی قەیوان ماوەت بە پانتایی ئەو شەڕگەیە کەوتبوون ببوونە خۆراکی قەل و داڵ، بەلام دواجار هێرشی بەربلاوی داگیرکەر سەدان تۆپخانە و ڕاجیمە و کۆپتەرو ناپاڵم هەزاران جاش و خۆفرۆش و سەربازو قوات خاسە، لە توانای هێزی پێشمەرگە دانەماو بۆ ماوەیەکی کاتی پاشەکشەیانکرد.

مەحموود سەنگاوی فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان لە سەر کشانەوە لە برزوت و بایلۆسە لە لایەن هەڤاڵ مامجەلال بۆ ماوەی سێ مانگ سڕ (تەجمید) کراو گەڕایەوە گەرمیان.

## تــــیپی مەڵبەند

بەشێک لە هێزەکانی تیپی مەڵبەندی ٢ بە فەرماندەیی عوسمان هەڵەدنی فەرماندەی کەرت بەرەو شەڕی قەیوان ماوەت بەڕێکەوتن، لەگەڵ گەیشتنیان بەرزاییەکانی پشتی گاپیلۆنیان پێسپێردرا، ماوەی ١٩ شەوو ڕۆژی بەردەوام بە پشتی گاپیلۆنەوە لە سەنگەردا بوون، دەیان هێرشی دوژمنیان تێکشکاند، گورزی کاریگەریان لە داگیرکەر وەشاند و وانەی گرنگیان دان.

دوای ١٩ شەوو ڕۆژی بەردەوام لە داستانی قەیوان ماوەت لە بەرزاییەکانی

گاپیلۆن، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هێزەکەی تیپی مەڵبەندی (٢) یان بەدل کردو چوونە شوێنەکانی ئەوان، تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی عوسمان هەڵەدنی لە ناو گوندی گاپیلۆن کۆبوونەوە تا بەرەو گوندی گەڕەدێ بڕۆن بۆ پشودان.

پێشمەرگە وەکو ئەڵقەیەک بە دەوری یەکدا ڕیزیان بەستبوو، سەرقاڵی قسەو باسی شەڕگەکان و هەواڵپرسینی هاوڕێکانیان بوون، لەو کاتەدا تۆپبارانی کوێرانەی دوژمن دەستیپێکرد، تۆپێک لە ناو ئەڵقەو ڕیزبەندی پێشمەرگەکانیداو هەر لە جێدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون و سێ پێشمەرگەی تریش بریندار بون.

عوسمان هەڵەدنی فەرماندەی کەرت لە تیپی مەڵبەندو فەرماندەی هێزەکەی تیپی مەڵبەند شەهید بوو، (هاوڕێ) ڕێبەری سیاسی کەرت شەهید بوو "شەپۆل" پێشمەرگەی دلێری یەکێتی شەهید بوو، ئەردەڵان ژاژڵەیی پێشمەرگەی ناوەندی شۆڕشگێڕان شەهید بوو، خالید کرژەیی جێگری فەرماندەی کەرت لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی "ڕەحمان" بریندار بوون.

شەهید ئەردەڵان بارام کوڕی مامۆستا بارامی ژاژڵە لە ناوەندی شۆڕشگێڕان پێشمەرگە بوو، لەگەڵ عەلی حەمە ڕەش لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان هاتبووە گاپیلۆن بۆ بەشداری لە شەڕو پێکدادانەکانی ناوچەکە، لە تۆپبارانی گاپیلۆن لەگەڵ عوسمان هەڵەدنی و هاوڕێ کاوەو شەپۆل شەهید بوون.

دوای شەهید بونی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە هێزەکەی تیپی مەڵبەند گەڕایەوە بارەگای مەڵبەند.

## تیپی (31)ی سلێمانی

تیپی ٣١ ی سلێمانی دوو بەش بوو، بەشێکی لە سنوری تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون بە تایبەت کەرتی ٣ و ٤ ی تیپەکە جێگیر کرابوون، هەر بۆیە لە سەرەتای شەڕی قەیوان ماوەتدا بەشداری شەڕەکە بوون و ڕۆڵی دیارو گرنگیان لە نەبەردییەکانی سێ مانگەی شەڕگەی قەیوان ماوەتدا بینی، ئەو کەرتانەشی کە لە سنوری شارباژێڕ جەولەیان دەکرد چەند مەفرەزەیەکیان لە شارباژێڕ هێشتەوەو ئەوانیتر کشانەوە بۆ بەری قەیوان بۆ بەشداریکردن لەو داستانە مێژووییە چەند مانگییەدا، کەرتی یەک

بە فەرماندەیی ئازاد دەرەمیانەیی و کەرتی دوو عەبە ڕەق و کەرتی سێ شەهابە سوور بوو، کەرتی ٤ حەمەمینی خەجێ بوو بەڵام گواسترایەوە بۆ سەر مەکتەبی عەسکەری و جەمالی حەمە کەریم کرایە سەرپەرشتیاری کەرت و دواتریش فەرماندەی کەرتەکە، کەرتی پێنج حەمە زیاد بوو، سەرەتای شەڕی قەیوان ماوەت کاک هەڵۆ فەرماندەی تیپ بوو دواتر کاک شۆڕش ماوەیەک سەرپەرشتیارو دوای ئەوەش مامۆستا جەمال کرایە فەرماندەی تیپەکە، پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر قەیوان و سنوورەکانی سەرکردایەتی کە شەڕی گەورەو بێئامان و نەبەردی کەموێنەو داستانی گەورەیان تۆمارکرد مەفرەزەکانیان چوونە ناو شاری سلێمانی و گورزی گەورەیان لە دوژمن وەشاند بە جۆرێک دوژمنیان هەراسان کردبوو کە پێش خۆرئاوا بوون شەقامی شەست مەتری شارو بەشێکی گرنگ لە گەڕەکەکانی قەراخ شارو ناو شار لە ژێر دەسەلات و هەیمەنەی قارەمانەکانی تیپی ٣١دابوو، ڕژێم توانای جوڵەو هاتوچۆی سنوردار کرابوو، لەو چالاکیانەدا دەستی بەزەبریان لە هێزەکانی ڕژێم و دەزگا سیخوڕیەکان و بەکرێگیراوەکانیان وەشاند و وانەی گەورەیان پێدان.

ڕۆژی ٩٨٦/٩/١ بە پشتیوانی تۆپخانەکانی سیتەک و سورەقەڵات و ماوەت و ساردادوی سلێمانی، بە پشتیوانی دەیان کەتیبەی تۆپ و دەبابە و هێزی گەورە و بێشوماری سەربازو قوات خاصە بە هاوکاری دەیان فڕۆکەی باری و جەنگی هێرشی گەورەو فراوان بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستپێکرد، لە قەیوان ماوەت لە پشتی خەمزەوە بۆ سەر شاخی دووبرا و شاخە سورو شاخ و بەرزاییەکانی پشتی سیرەمێرگ و کارێزەو شاخی کۆڕەنگ، لەوێشەوە بەرەو کونە ماسی و شاخی حەسەن بەگ و برزوت و بایلۆسە تا دەگاتە چیای گوڵێ لە پشتی ماوەت و گوندی ژاژڵە شەڕەکە درێژ بووەوە.

تیپی ٣١ی سلێمانی بەدرێژایی شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت لە پشتی قەیوان ، لە کۆڕەنگ، لە شاخە سوور، لە دووبراو کەڵکی قەیوان سەنگەریان لێدابوو، چەند جارێکیش چوونە کونە ماسی و کارێزە لەوێ سەنگەریان لێدا عوسمانی سەعە

پیریژن لەوێ شەهید بوو، بەڵام بەشداری سەرەکی و سەنگەری هەمیشەیی هێرش و بەرگری تیپی ٣١ ی سلێمانی لە کەڵکی قەیوان بوو، ئەوە جێگە سەنگەرەکانی تیپی ٣١ بوو کە دەیان هێرشی دوژمنیان تێکشکاندو لە دەیان هەڵمەتی دلێرانەدا مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن لە ژێر پێی قارەمانەکانی سلێمانیدا خاپوور کران و دەستیان بە سەردا گیرا، لە ماوەی سێ مانگەی شەڕی قەیوان ماوەتدا، کەڵکی قەیوان سێ جار لە لایەن ڕژێمەوە گیراو دواتر هێزی پێشمەرگە لە ژێر دەستی ڕژێم دەریهێناو ڕزگاری کردەوە، ڕژێم نەیتوانی دەست بگرێت بە سەر کەڵکی قەیواندا هەر چەند لە گرتنی شاخی دووبرادا بە سەر ناوچەکەدا زاڵبوو دۆشکەی چواردەونیوو دوو لولەی دانابو کە ڕێک ئەیدا لە ناو سەنگەرەکانی کەڵکی قەیوان.

کەڵکی قەیوان ناوەکەی گەورەو دوژمن شکێنە، بەڵام خۆی شاخێکی بچکۆلەیە، بەدرێژایی شەڕی قەیوان تەنها پێنج سەنگەر لەو شاخە هەبوو کە هەر سەنگەرەی دوو پێشمەرگەی تیادا جێگە دەبووەوە، لەگەڵ هەندێک خڕکە بەردو تاوێری بچوک کە بە ڕووکاری هێزەکانی ڕژێمدا زاڵبوو، ئەویش تەنها بۆ شەو سوودی لێدەبینرا، قەیوان شاخێکی ڕەق و بەردینە توێژێکی کەم گڵی بەسەرەوەیە کە ئەو توێژە گڵە لە ٣٠ سم تێناپەڕێت، بەردێکی ڕەق و سەختە پێشمەرگە بە پیک و نوێڵ، کاری هەڵکەندنی تیاکردبوو، بۆیە تەنها توانرا پێنج سەنگەر هەڵبکەندرێت هەر سەنگەرەش جێگەی دوو پێشمەرگە بوو، واتە سەنگەرەکانی ڕۆژ تەنها دە پێشمەرگەی تیادا بوو، ئەو هێرش و پەلامارانەی دوژمن بە پشتیوانی هەزاران سەربازو جاش بە هاوکاری کۆپتەرو تۆپخانەی گەورەو زەبەلاح ئەنجامی ئەدا لە سەر دەستی ئەو پێنج سەنگەرو دە پێشمەرگەیە بەرپەرچ ئەدرایەوەو تێکئەشکێنرا، کە لە بڕواو قەناعەتی هیچ کەسێکدا نیە، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی کوڕانی ڕۆژانی سەخت قارەمانەکانی ٣١ی سلێمانی لە موعجیزە موعجیزەتریان خوڵقاند، بە سەدان کەلاک و قاچ و دەستی بڕاو بە سەر ڕکە شاخ و ڕەقەن و ڕووتەنەکانی قەیوانەوە جێمان و بوونە خۆراکی قەل و داڵ.

شەوانە سەنگەرەکانی قەیوان قایموو مەحکەمتر دەکران سەنگەرەکانی دووقات دەکران و ڕکە بەردەکانی بەردەم سەنگەرەکان سودیان لێدەبینرا و پێشمەرگە

دەبوونە بیست کەس.

شەوێک لە شەوەکانی کەڵکی قەیوان کە پێشمەرگەکانی ٣١ بڕیاریاندا ئەگەر ئەو شاخە دارمێت و باربکات و بڕوات ئەمان ناڕۆن و جێیناهێڵن، لەو شەوەدا ڕژێم بە پشتیوانی هەزاران قوات خاصە و تۆپخانە و چەکی قورس و گران لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٢١ هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قەیوان، بەڵام هەر ٢١ هێرشەکە تێکشکێنرا، دوژمن تارومار کرا بەدەیان ئەمبولانس و سەیارەی هەمەجۆر کەلاک و برینداری دەگواستەوە نەخۆشخانەکانی سلێمانی، نە شاخ جولاو نە پێشمەرگە چۆڵیکرد، ئەوەی ڕووخاو دۆڕاو تێکشکا و سەری لە تاشە بەردە ڕەق و تەقەکانی کەڵکی قەیواندا تەنها و تەنها سوپای ڕەشی فاشیست بوو پێشمەرگە بە جۆرێک نوقمی چەرە دووکەڵ و باروت بوو تەنها شوێنێک کە لە جەستەیان سپی بوو دەم و ددان بوو.

تیپی ٣١ ی سلێمانی چوار هێرشی ڕاستەوخۆیان کردە سەر هێزەکانی بەعس لە کەڵکی قەیوان، یەکێک لە هێرشەکان بۆ "سەری بۆڕ" بوو لە خەمزە لەو هەڵمەتەدا ئازاد دەرەمیانەیی و عەبەڕەق دەستەی هێرش و فەرماندەی هێزەکە بوون لەگەڵ هەڤاڵەکانیاندا کە زەرەرو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند، کەڵکی قەیوان دووجار لە لایەن هێزەکانی ڕژێمەوە گیرا، بەڵام تیپی ٣١ و ٤٧ و تیپی کۆیە بە فەرماندەیی ڕابەری سەید برایم لە ماوەیەکی کورتدا لە دوژمنانی سەندەوە، لە هێرشی سەری بۆڕی خەمزەش تیپی کۆیە بەشدارو دەستەی هەڵمەتی پێشەوە بوون.

خۆڕاگری و جەربەزەیی و قارەمانێتی کوڕانی تیپی ٣١ ی سلێمانی بە جۆرێک بوو لە پەیامێکیاندا بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان کە فەرهاد سەنگاوی بە جۆش و خرۆشەوە خوێندیەوە وتیان (ئەگەر کەڵکی قەیوان بڕوات تیپی ٣١ ناڕوات).

هەر تیپی ٣١ی سلێمانی بوو لە ڕێگەی پەیامێکەوە ڕایانگەیاند کە سێ ڕۆژ مۆڵەت ئەدەنە حکومەتی عێراقی تابێن تەرمی کوژراوەکانیان بەرنەوەو هاوکاریشیان دەکەن و لەو سێ ڕۆژەدا تیپی ٣١ ئاگر بەست ڕادەگەیەنن، حکومەتی عێراقی قبوڵی ئەو پەیامەیان کردو هاتن تەرمەکانیان بردەوە، تیپی ٣١ هێندە کەلاکیان بە دوژمن

جێهێشتبوو شاخ و لوتکەو تاشە بەردو تاوێرو دارو دەوەنیش بۆنی تەرمیان گرتبوو ، ئەو پەیامەی تیپی ٣١ بۆ حکومەتی عێراقی چەند لایەنە بوو لە لایەکەوە ورەی بەرزی پێشمەرگە و نەبەزین و گورز وەشاندنی گەورەی لە سوپای داگیرکەر دەگەیاندە خەڵکی کوردستان و بارتەقای کەڵکی قەیوان وزەو توانای بەهێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بەخشی لە لایەکی دیکەشەوە مرۆڤ دۆستی و هەڵوێستی نەگۆڕی شۆڕشی بەڕێزگرتن لە بنەماکانی یەکێتی و مافەکانی مرۆڤ دووپاتکردەوەو مەشخەڵانەکەی شۆڕشی چەند بارە کردەوە کە دەیوت.

**(لە ئاشتی دا کۆتری سپی و شنەی باین، لە شەڕیشدا پڵنگین و ڕەشەباین).**

هێرشەکانی تیپی ٣١ برووسکە ئاسا و کورت و کەمەرشکێن بوون سەرەتا وریشەی دوو ڕەتڵ ئار بی جی ڕەبییە و مۆڵگەکانی ڕژێمی تارومار دەکرد، دوای دووەم ڕەتڵ دەستەی هێرش خۆی دەگەیاندە ناو قوتەو ڕەبییەو مۆڵگەی داگیرکەرو دەستیان بەسەردا دەگرت.

ئازاد دەرەمیانەیی و شەهابە سوور و عەبەڕەق و دەیان پێشمەرگە و فەرماندەیتر لە شەڕی کەڵکی قەیواندا مێژووی سەربەرزی و نەبەزینیان نووسییەوە کە مێژوو لە بیری ناکات، لە ماوەی سێ مانگی شەڕی قەیوان ماوەت کاک وەهاب و صلاح چاوشین و عەلی بچکۆل و مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد، بەڵام کاک وەهاب زۆرترین کات سەرپەرشتیاری شەڕەگەکە بوو زۆرترین کات دەمایەوە.

لە شەڕی سێ مانگەی (قەیوان ماوەت)دا سلێمانی بەردەوام فرمێسکی دەڕشت، لە هەر هێرش و پەلامارێکدا خەڵکی سلێمانی و دەستەو دوعا بوون تا ڕۆڵەکانیان سەرکەون و سەریان وەک قەیوان بەرز بێ، دیمەن بە دیمەنی هێرشەکانی ڕژێم و بەرگری بێوێنە و هەڵمەتەکانی هێزی پێشمەرگەو تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن لە بینایی چاوانی سلێمانییەوە لە زاکیرە و لە یادەوەری خەڵکی شۆڕش پەروەری سلێمانیدا، هەنگاو بە هەنگاو و هەڵمەت بە هەڵمەت تۆمارکراوە، تا هەتایە دیمەنی خۆڕاگری پێشمەرگە و خۆڕاگری قەیوان و کوڕەکانی، لورە لوری ئەمبولانس و

شپرزەیی جاش و سوپاو قوات خاصەی ڕژێم کەلاک و برینداری بێشومار، لە یادەوەری خەڵکی سلێمانیدا بیر چوونەوەو کاڵ بونەوەی بۆ نیە، بەڵکو نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، پێشمەرگەکانی کەلکی قەیوان هەمیشە سونبولی نەبەزین و بەرگرین لە دیرۆکی خوێناوی گەلی کورداو شەهیدەکانیش جوانترین گوڵە ئەستێرەن کە تا ئێستا قەیوان لە بەرۆکی دابێ، چۆڕاوگەی خوێنی شەهیدان هەر قەتماغە دەبەستێ و وشک نابێ، هەڵمەتی قارەمانانی ٣١، نەبەزین و نەنەوینی پێشمەرگە وریشەی ئار بی جی و ڕەهێڵەی گولله، تاوە تەرزەی بەهاری کەلکی قەیوانن و هەرگیز خۆش ناکەنەوە، ئەو کێوو شاخ و بەندەنە هەرگیز عەرەقەی نێوچاوانی پێشمەرگەو گوللەو قاوەنی لەزامنەوە هەڵوەریوی هێزی پێشمەرگەی لێنابڕێ، هەرگیز فرمێسکی چاوانی سلێمانی خۆشناکاتەوە

## کـــــەڵکی قەیوان- هـــــێرش

یەکەم ڕۆژ کەلکی قەیوان بە تیپی ٣١ سپێردرا، لەگەڵ تیپەکانیتری مەڵبەندەکان کە تێکرا چەندین تیپ و کەرت بوون.

تیپی ٣١ بارەگای بردە گەوەڕە، ماوەی مانگێک بە سەر شاخی دووبراوە بوون لە پشتی خەمزە، دواتر تیپی ٩٣ی کۆیە هاتە جێگەیان، تیپی ٣١ هاتنە قەیوان.

کەرتی تیپی ٣١ بە نۆرە یەکتریان دەگۆڕی، ئەو شوێنەی پێشمەرگەکانی لێدامەزرا بوون شاخ بوو، سەنگەریان تیادا دروستکردبوو، کەڵەکە بەردیان کردبووە سەنگەر، سەنگەرەکان بەردەوام تەقەیان لە سەر بوو.

تاریک و ڕوونی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٠ هێزەکانی داگیرکەر هێرشیان هێنایە سەر کەڵکی قەیوان، هێزەکەی تیپی ٣١ لە سەنگەرەکاندا دامەزرابوون مەفرەزەیەکی کەرتی چوار و کەرتی سێ بە فەرماندەیی شەهابە سوور، سەنگەرێک شێخ سالارو ڕەزا بەردە زەردی و جەمال چاوشین جێگری کەرت بوون، جەمال چاوشین ئاربیجی پێبوو، ڕەزا بیکەیسی و دوو کلاشینکۆفیان لابوو.

کەمالی مالیە، تەها کانی دڕکەیی لە سەنگەرەکانیتر دامەزرا بوون، هێزەکانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا و تێکشکان.

هێشتا تاریکی شـەو نەڕەوییبوو هێرشێکیتریان هێنایە سەرکەڵکی قەیوان، ئەمجارەش تێکشکان، پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی گوێیان لە هـاوارو بەرکەوتنی هێزەکانی دوژمن بوو، شەڕێکی سەخت و بەردەوام ڕوویدا.

شەو هەڵات و ڕووناکی باڵیکێشا بە سەر قەیواندا، کەمالی مالیە بریندار بوو، سەنگەرەکەی چۆڵبوو، فیشەکێکی (BKC) لە قوڵی جەمال چاوشینی دا، شێخ سالار گەیاندیە نەخۆشخانە، هەژار پێشمەرگەی تیپی ٣١ لە هەمان شەودا بریندار بوو.

سەنگەرەکەیان تەنها ڕەزای تیا مابوو، هەتا بانگیان نەکرد پاشەکشە بکات سەنگەرەکەی چۆڵ نەکرد.

لەو شەوەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون، سەنگەرەکان گیران کەوتنە دەست دوژمن، بۆ ڕۆژی دوایی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکان و گرتیانەوەو لە دەست دوژمن دەریانهێنا.

هەڵۆ پێنجوێنی کادیری کۆمەڵە بوو لە تیپی ٣١ی سلێمانی بۆ وەرگرتنی بڵاوکراوەو چاپکراوەکانی شۆڕش بەرەو گاپیلۆن بەڕێکەوتبوو، لە ڕێگە توشی بوو بە توشی کوڕێکی گەنجی خوێن گەرم کە پێشتر هاوپۆلی کاک هەڵۆ بوو، دوای چاکوو چۆنی پرسی بۆ کوێ دەچیت و بەرەو کوێ ملی ڕێگەت گرتووە، ئەویش ووتی هاتوم ببمە پێشمەرگە، هاتوم تا نەهێلم چەکەکەی خاڵم بکەوێتە زەوی و سەنگەرەکەی پڕبکەمەوە، تا سەنگەرەکەی چۆڵ نەبێت و تفەنگەکەی بێ ناز نەبێت.

لەتیف ئەو پێشمەرگە ئازاو کەم وێنەیە بوو کە هەر دوای ماوەیەکی کەم لە وەرگرتنی چەکەکەی خاڵی هەر لە کەڵکی قەیواندا گیانی سپاردو شەهید بوو، شەهید لەتیف خوشکەزای شەهید جەمال مەولود کەنارۆییە کە لە شەڕی گەورەی چیای کەتوو پیری شەوکێڵ لە هەڵکوتانە سەر دەبابەیەکی دوژمن شەهید بوو، شەهید لەتیفی خوشکەزای لە قەیواندا بووە ڕێبواری  ئەو کاروانەی کە ساڵێک لەوەوبەر خاڵی لە چیای سەربەرزی کەتودا بە خوێنی خۆی ڕێگاکەی نەخشاند و سوورکرد.

دوژمن هێرشی بۆ سەر کەلکی قەیوان دەستپێکردو بەشێک لە شاخەکە کەوتە دەست ڕژێم، پێشتریش چەند جارێک کەڵکی قەیوان لە لایەن ڕژێمەوە دەستی

بەسەردا گیرابوو بەڵام لە شەوێک زیاتر نەیانتوانیبوو تیادا بمێننەوە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕزگار کرابووەوە، پێشمەرگەکان پێیان وابوو پاشەکشە بکەن و دواتر خۆیان ڕێکبخەنەوەو هێرش بکەنەوە سەر کەڵکی قەیوان و بیگرنەوە، بەڵام لەتیف قبوڵی ئەو دۆخەی نەکردبو و هێرشی ڕاستەوخۆی کردبووە سەر شاخەکە، گوللەیەک دەیپێکێ و هەر لە جێدا گیان دەسپێرێ، نەورۆز کە خەڵکی گاپیلۆن بوو ئەویش هەر لەوێ شەهید بوو، ژمارەیەک پێشمەرگەی قارەمانیش بریندار بوون.

داستانی قەیوان- ماوەت داستانێکی سێ مانگەی بەرەیی ئەزمونێکی گەورە و کەم وێنە لە شەڕی پێشمەرگانە، کە بە وەرچەرخانێکی گرنگ هەژمار دەکرێت لە گۆڕینی تەکتیک و گۆڕانی پلان و ستراتیژی سەربازی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لە کۆتایی شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا هێزی پێشمەرگە بەشێک لە ناوچەکانی لە دەستدا ئەویش دوای ئەوەی کە سوپای عێراقی دوابڕیاریدا ئەبێ ئەو ناوچانە بگرن، بە جۆرێک جەنراڵە پلە باڵاکانی سوپای عێراق عبدالجبار شەنشەل و نزار خەزرەجی و فەرماندەی فەیلەق و فیرقەکانی سوپا، فەرماندەیی هێرشەکانیان کرد، تەنها بۆ گرتنی "شاخی حەسەن بەگ" پێنج هەزار قوات خاصە بەشداری پێکرا، لە هێرشەکاندا، تۆپخانەی گەورە و بێشوماریان خستبووە کار، بە جۆرێک هەزاران گوللە تۆپ بە ئاسمانی ناوچەکەدا لورەی دەهات و ناوچەکەی دەکوتا، هەر هەزار قوات خاصە و لە هێرشێکدا بەشدار بوون، پێنج هێرش پێنج هەزار قوات خاصە لە هێرشدابوون، تەواوی ناوچەکە سوتماک کراو زەوی دەکوڵا، بەو شێوەیە دوای چەند ڕۆژێک بەشێک لە ناوچەکان گیران.

## تـــــیپی 43 ئـــــاسۆس

شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت، داستانی شەوانە ڕۆژی پێشمەرگەکانی (ی ن ک) بوو، لە بەرانبەر سوپایەکی زەبەللاح و پۆشتەو پڕ چەک، بەرگری و نەبەزینی هێزی پێشمەرگە و ئیرادەی پۆلاینی خەڵکی کوردستان بوو دژی فاشیزم و داگیرکاری و بە سووتماککردنی نیشتمانێکی هەزاران ساڵە و بە عەرەبکردنی گەلێکی خاوەن کلتورو زمان و ناسنامەی نەتەوایەتی و شارستانیەت، سێ مانگ شەڕی قەیوان ماوەت توانەوەی شێرە بەفرینەی داگیرکەر بوو لە بەر گڕی حەقیقەتی شۆڕشێکی پێشکەوتوخوازو نوێخوازو خاوەن مەسەلەیەکی ڕەوا.

لە داستانی قەیوان ماوەتدا زۆربەی تیپەکانی هێزی پێشمەرگە بەشداربوون، وەک دارەبەن و دار مازوارەکانی کێوەکانی کوردستان، وەک قەیوان و سەری دوو برا چەقیبون و بەپێوە وەستا بوون.

لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت دا، تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە قەیوانی بچوک و پشتی خەمزەو شاخی دووبرا لە شەڕدابون، لە سنگرو مێولاکەش هەمان تین و تاوی بەرگری بوون، تیپی ٤٣ی ئاسۆس و تیپەکانیتری قەیوان و دووبرا هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتی دەکردن، قەیوانی بچوک و دووبراو سنگرو مێولاکە تا هەتایە جێگە هەڵمەت و بەرگری تیپی ٤٣ی پێوە دیارەو لە تەوێڵی نابێتەوە.

کەرتێکیتری تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە فەرماندەیی محمود سێدەری و زاهیر سێدەری و پۆلێک پێشمەرگەی قارەمانی دیکە لە شەڕگە و قۆڵی ولاغلو بوون، کە ئەو کات عبدالرحیم سەرپەرشتی شەڕگەی ولاغلو-حەسەن بەگی دەکرد.

لە قوتەی حەسەن بەگی نێوان باڵخ و ولاغلو تیپی ٤٣ی ئاسۆس توشی شەڕێکی قورس هاتن، بەردەوام لە نێو نزارو ڕەزو باخ و بەرزاییەکانی نێوان باڵخ و ولاغلو لەو چیاو کێوو بەندەنە شەڕ بەردەوام بوو، هەر هێرشی داگیرکەر بوو تێکدەشکاو هەر سوپای بەعس بوو دەبەزی و لە ناو خوێندا دەتلایەوە.

ڕۆژێکی لێڵ و تەم و مژو چاو لە چاو کەوتوو، کە مەودای بینین لە ١٠٠ م کەمتر بوو بە فەرماندەیی محمود سێدەری و حەمەمین کوێرەکانی و زاهیری ملا

عەلی و پۆلێک پێشمەرگەی جەربەزە هێرشێکی قوات خاصەیان تێکشکاند.

لەو ڕۆژە تاریک و لێڵەدا قوات خاصە دزەیان کردبووە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام کوڕانی ئاسۆس زەبرێکی وایان لێدان و تێسرەواندن، هەر کەلاک و جەنازەی قوە خاصە بوو لەو کێوانە، دەبووە خۆراکی داڵە کەرخۆرەو مەل و قاژوی ئەو شاخانە، هەر چەک و فیشەک و تەقەمەنی بوو دەبووە دەسکەوتی پێشمەرگە لە نێو هەڵمەت و داستاندا.

دوای حەسەن بەگ و وانەی گرنگ بۆ دوژمنان، هێزێکی تیپی ٤٣ چووە شاخە سور، دەیان هێرش و پەلاماری داگیرکەریان لە کەڵکی قەیوان تێکشکاند و دەیان کوژراوو کەلاکیان پێجێهێشتن، لەو شەڕو پێکدانانەدا هەمزە شێنەیی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس هاوشانی فەرماندەی کەرتەکانی دیکە ڕۆڵی دیارو بەرچاوی بینی.

تیپی ٤٣ی ئاسۆس سەنگەرێکیان بەڕووکاری دیوی قەیواندا هەڵکەندبوو، عوسمان سێدەری و فەقێ عەلی و حەمەمین کوێرەکانی دەچوونە ناوی، تا خۆرئاوابوون نەیاندەتوانی بێنەدەر، چونکە ڕووبەڕووی ڕەبییەو دەبابەکان بوو سەنگەرەکە هێندە قایمبوو شوێنی نان خواردن و حەوانەوەش بوو.

## بـــۆنی کـــەلاك و شـــتیتر

ئیزگەکە هاواریدەکرد لە بەر بۆگەنی کەلاکی جاش و سەرباز هەراسان بووین لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا.

ئەشکەوتێکی بچووک لە بەرزاییەکەی کەڵکی قەیوان بوو کەلاکی جاش و سەربازی لێکەوتبوو بەڵام لەو دیو ئەشکەوتەکەوە شوێنی دەست بە ئاو گەیاندن بوو بۆگەنێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات.

ڕەشـەی مامەخلە پێشمەرگەی تیپی ئاسۆس چوو بوو لـەوێ دانیشێ، کە گەڕابووەوە بە پێشمەرگەکانی وتبوو بە شەرەفم ئیزگە هەرچی دەڵێت درۆ دەکات هەمووی بۆنی پیسایی پێشمەرگەیە دێت نەک کەلاک.

کەلاکی جاش و سەربازەکان وشک ببوونەوە هەر ئێسقانیان مابوو کەسووکاریان دەهاتن دەیانبردنەوە.

## نـــــوکتەو تـــــوانج

لە تێکڕای ئەو شەڕانەدا تیپی ٤٣ بێزیان بوون، زۆر جار توانجیان لێدەدان و دەیانگوت ئێوە کەستان شەهید نابێ، یان بۆچی شەهیدتان نییە، هەڤاڵانی تیپی ٤٣ دەیانگوت ئێمە بچینە هەر شوێنێک لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا سەنگەری وا قوڵ و گەورە لێدەدەین، هەم شەڕی تیا بکەین، هەم تیایدا بخەوین، سەنگەر لێدان هاوکارو یارمەتیدەرێکی گرنگ بوو بۆ خۆپاراستن و بەرگری، هەندێک جار محمود سێدەری بە نوکتەوە بەرانبەر ئەو توانجانە دەیگوت، کاکە خۆ خۆمان نایانکوژین بڵێین چی شەهیدمان نییە، یان زیانمان کەمە.

# تـــیپی 23 ســــورداش

شـەڕی سێ مانگەی (قـەیـوان- مـاوەت) شـەڕی بـەرەیی و فـراوانـی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بو دژ بە دوژمنی داگیرکەر، سێ مانگ شەڕی بەرەیی و تێکشکاندنی بۆسەو هێرش، زۆربەی زۆری تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداریان لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا کرد، لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا تیپی ٢٣ی سورداش بەشێکیان لە دووبراو قوڵە جاخ و ئەشکەوتە سوور بوون، بەشێکیتریشیان بە قوتەی حەسەن بەگەوە بوون.

لە مـاوەی ئەو سێ مانگەدا دەیـان هێرشیان تێکشکاند ژمارەیەک بریندارو شەهیدێکیان بەخشی، شەهید لەتیف فەرماندەی مەفرەزەو خەڵکی شارباژێڕ بوو، بووە چۆڕاوگەی خوێنی ئەو داستانە.

لە گەرمەی شەڕی قەیوان ماوەت، هەڵۆ ئەحمەد کوردە لە تیپی ٢٣ گواسترایەوەو جوامێر براخاس هاتە جێگەی، کاک جوامێر فەرماندەیەکی دلێرو دێرینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو پیاوێکی سادەو ساکارو خاکی بوو.

بەشێکیتری تیپی ٢٣ی سورداش بە قوتەی حەسەن بەگەوە بوون ، قوتەی حەسەن بەگ هێندە هێرشی بۆ کرابوو، هێندە تۆپ و ڕاجیمە و ڕۆکێتی فڕۆکەی تیادا تاقی کرابوەوە، خاک و خۆڵی ببووە پارچەیەک ئاگرو ئاسن، بەڵام پێشمەرگە هەر نەدەڕۆشتن و چۆڵیان نەدەکرد، وەکو دەڵێن خاکی بە تورەکە بێژرابوو.

لە بەغداوە لیژنەیەکی سەربازی هاتبوو تا لێپێچینەوە لە فەرماندەی سەربازی شەڕەکە بکات، فەرماندە سەربازیەکەش لیژنەکەی بردبووە قوتەی حەسەن بەگ، دەستی کردبوو بە مشتێ خۆڵداو هەڵیگرتبوو، وتبووی ئەم شاخەم وا کوڵاندووە بووەتە پارچەیەک ئاسن، میکرۆبم تیا نەهێشتوە، کەچی پێشمەرگە ناجوڵێ و شاخەکە چۆڵناکات.

قوتەی حەسەن بەگ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونی پێوەبوو، شەڕی قارەمانانەیان کردبوو، زۆریـان لە دوژمـن کوشتبوو، دوای تیپی ٤٧ی تیپی ٥٧ی سەگرمەی پێوەبوو. تیپی ٢٣ی سورداش بە فەرماندەیی کاک جوامێر چوونە شوێنەکەی ئەوان

و دامـەزران، چوونە سـەنگەرەکانەوەو سێرەی تفەنگیان لێگرت، دەبابەیەک جوڵا تا هێرش بکات، سابیر کۆکەیی (ئار بی جی) یەکی لێدا بەر زنجیرەکەی کەوت، دەبابەکەش تۆپێکی پێوە ناو سابیر کۆکەیی بریندار بوو، هەر لە قوتەی حسن بەگ محمد بازیانی فەرماندەی مەفرەزە بریندار بوو.

لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا تێکڕای تیپی ٢٣ بەشدار بوون، ماوە ماوە کەرتەکان یەکتریان بەدل دەکرد، ئەو سەردەمە فەرماندەی کەرتەکان لە شوێنی خۆیان بوون هیچ گۆڕانکاریەک ڕووی نەدابوو بەڵام دەستەی تیپ گۆڕانی بە سەردا هاتبوو بەم شێوەیە.

کاک جوامێر فەرماندەی تیپ، بێستون سابوراوایی، ڕابەری سیاسی تیپ، فەقێ وشیار کادێری کۆمەڵایەتی تیپ.

## نــوکتەکانی قـــەیوان- مـــاوەت

فەرماندەیەک بە پێشمەرگەکانی وتبوو ئەوەی ڕابکات وەکو سەمیرە سەعید وایە، کاک ئازادی سەگرمەش بە گاڵتەوە پێیوتبوو ئەزانی سەمیرە سەعید چەند جوانە.

هەر لە شەڕگەی قەیوان ماوەت، پێشمەرگەیەک بە هەمان فەرماندەی وتبوو وەڵڵا کاک فڵان من حەزم لە تۆبباران نییە، ئەویش وتبوی بۆ کاکە من ڕەقسی لە بەردا دەکەم.

## تـــــیپی 47

لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت دا تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە زۆربەی لوتکەو قوتەو بەرزاییەکانی ناوچەکە ئەرکی پێشمەرگانەی پێسپێردراو سەرکەوتوانە بەرپەرچی هێرشەکانی داگیرکەری دایەوە.

سەرەتا بەشێک لە تیپی ٤٧ لە پشتی کارێزە کۆن بوون هەر لەوێ بە بۆردومانی دەبابەکانی داگیرکەر سێ پێشمەرگەی تێکۆشەری تیپی ٤٧، عەتا وەستا محمود، سەردار، ئارام شەهیدبوون و گیانیان سپارد.

لە شاخی دووبرا، خەمزە، قوڵەڕەش، ئەزمڕ، بەرزاییەکانی گاپیلۆن، پیر بایز، قارەمانەکانی تیپی ٤٧ ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی لە تێکشکان و وردوخاش کردنی هێزی داگیرکەر.

هەر کەرتە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ بە هاوکاری تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە چیای کۆڕەنگ و خەجە لەرزۆک چەندین گورزی کەمەر شکێنیان لە هێزەکانی داگیرکەردا.

لە حەسەن بەگ شەڕی گەورەو بێئامان ڕوویدا لە حەسەن بەگ و پشتی باڵخ قارەمانەکانی تیپی ٤٧ لەگەڵ تیپەکانیتری پێشمەرگە چەند هێرشی داگیرکەریان تێکشکاند، لە ولاغلو، بەردە سپیانی ولاغلۆ، دیسان تیپی ٤٧ شەڕی گەورەو نابەرانبەریان لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەردا کردو سەدان کەلاکیان لێخستن، تا مانگی ٩٨٦/١١ شەڕی گەورە لە حەسەن بەگ و بەردەسپیان بوو کە تیپی ٤٧ و ژمارەیەک هێزیتری لێبوو.

لە حەسەن بەگ تیپی ٤٧، سێ شەهیدی بەخشی یەکێک لەو شەهیدانە شەهید "ڕەسوڵ زەرونی" بوو، لە دوای مانگی (١١) ەوە شەڕ کەوتە بایلۆسە و زینوی سپی.

## تـــیپی (44) چـــەکوچ

تیپی (٤٤)ی چەکوچ بەشداری شەڕی قەیوان ماوەتیانکرد، کەرتی تیپی (٤٤)ی چەکوچ بە فەرماندەیی تایەر ئاغا چوونە سنگر، لەوێشەوە چوونە کەڵکی قەیوان، ماوەی هەفتەیەک لە قەیوان مانەوە چەندین جار پەلاماردران، بەڵام پەلامارەکانی دوژمنیان یەک لە دوای یەک تێکشکاند.

دوای چەند هەفتەیەک مانەوەیان لە کەڵکی قەیوان ناردیاننە کوێرەنگ، هێزەکانی دوژمن جاش و سووپا بە پشتیوانی کۆپتەرو تۆپخانە پەلاماری چیای کۆڕەنگیاندا هەموو پەلامارێک بە کوژراوو لوتی شکاوەوە لە سەر دەستی کوڕانی تیپی چەکوچ دەگەڕانە دواوەو شکستیان دێنا.

کەرتی دووی تیپی ٤٤ی چەکوچ بە فەرماندەیی تایەر ئاغا ماوەی (٥٥) ڕۆژ لە قەیوان و کۆرەنگ مانەوەو لە بەرگریدا بوون.

## تـــیپی بـــڵفەت

تیپی (٦٥) بڵفەت وەکو تێکڕای تیپەکانیتر بەشداری شەڕی (قەیوان ماوەت)یانکرد.

تیپی بڵفەتیان ناردە مێوڵاکە، تێکڕا ٨٥ پێشمەرگە بوون بە سەر شاخ و لوتکەکانی مێوڵاکەوە پاسەوان بوون ماوەی ٣٥ شەوو ڕۆژی بەردەوام لە قوتەو قۆپ و لوتکەکانی مامە ڕووت بوون، لەو ماوەیەدا جاش و سەرباز چەندین جار پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی (بڵفەت)یاندا، بەڵام قارەمانەکانی بڵفەت پەلامارەکانی دوژمنیان یەک لە دوای یەک تێکشکاند.

دوای (٣٥) ڕۆژ مانەوە لە قوتە و لوتکەکانی (مێوڵاکە) تیپەکانیتر هاتنە جێگەیان، تیپی بڵفەت گەڕانەوە تا بچنەوە بارەگاکانیان پشوو بدەن هێشتا لە ڕێگادا بوون پەیوەندیان پێوە کردن دوژمن پەلاماری جەسەن بەگی داوە دەبێت بگەڕێنەوە بچنە حەسەن بەگ، تیپی بڵفەت گەڕانەوە، لە گاپیلۆن حامیدی حاجی خالیدیان بینی ووتی بگەنە حەسەن بەگ، بە هەمان شێوە بەشێک لە تیپی (٦٣) ی جووتیاران گەڕانەوە حەسەن بەگ.

١٩٨٦/١١/٥ باران بە خوڕەم دەباری بارانێکی بێ پسانەوە و بەردەوام هەموو گیانیان شەلاڵی ئاو بوو، ئاودامان بوون، کە گەیشتنە گەڕەدێ خەڵک لە بەر لافاو قاچ و قولیان هەڵکردبوو.

تیپی بڵفەت گەیشتنە حەسەن بەگ چەند کەرتێکی تیپەکانیتری لێبوو مەولود هێرۆیی کرایە فەرماندەی ئەوانیش.

تۆببارانێکی سەخت لە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو حەسەن بەگ دەتووت بێژنگە خاک و خۆڵی هێندە تۆپ و ڕۆکێت لێیدا بوو بەلاَم ورەی پێشمەرگە لە کێوان بوو.

مام جووتیارو مەولود هێرۆیی بە یەکەوە بوون تەموومژ بوو لە بن کەڵەک و دارودەوەنەوە تەقەیان لێکرا ئەمانیش چوار دەوریان بە گوللە کێلا، کە تەمەکە ڕەویەوە هەر دە مەتر سووپای عێراقیان لێدوور بوو، سەربازێک B.K.C پێبوو ویستی تەقە بکات مەولود هێرۆیی کوشتی.

سەربازێکیتر B.K.C پێبوو مام جووتیار ووتی من دەچم بۆ ئەو سەربازە، شەڕ بە فراوانی دەستپێکرد تیپی بڵفەت و جوتیاران و دەستەیەکی شۆڕش ئیسماعیل بەشداری شەڕەکەیانکرد ٣٥ کەلاکیان بە دوژمن جێهێشت، دوژمن شکاو هەلاَت، (٨) کلاَشینکۆف و (B.K.C) یەک دەستکەوت بوو.

مەولود هێرۆیی بە پێشمەرگەکانی وت دوژمن پەلامارمان دەداتەوە تا تەرمە جێماوەکانی بەرێت هەر کەس حەرەس بوو تەقە بکات، بەو جۆرە تا بەیانی تەقە بوو.

تیپی بڵفەت ماوەی (٨) ڕۆژ لە حەسەن بەگ مانەوە کە لە مێولاَکەش گۆڕدران (١٠) پێشمەرگەیان جێما، چوونکە تیپەکانی هاتبوونە شوێنیان پێشمەرگەیان کەم لەگەڵدا بوو تیپی بڵفەت تێکرا (٤٣) ڕۆژ لە شەڕی قەیوان ماوەت بوون، دوای (٤٣) ڕۆژ گەڕانەوە بارەگاکانیان.

## تــــیپی (63)ی جـــــوتیاران

بەشێک لە تیپەکانی جوتیاران، ئاسۆس، بڵفەت لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا لە چیای گوڵێ و سەنگەرەکانی پشتی ماوەت و سپیدارەو مارە ڕەش و کوێرەنگ بوون.

بەشەکەی تیپی ٦٣ی جوتیاران لە پشتی گوڵێ، دۆڵبێشک، مارە ڕەش، کۆڕەنگ بەشێک بە فەرماندەیی مام جوتیار جێگری تیپی جوتیاران و بەشێکیتر بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا هەمزە بەشداریان لە شەڕگەی قەیوان ماوەت کرد.

## قـــۆڵی مارە ڕەش، کـــۆڕەنگ، حــــەسەن بــــەگ

مانگی ١٩٨٦/٩ بەشێک لە هێزەکانی تیپی (٦٣)ی جوتیاران بە فەرماندەیی مام جوتیار کە پێکهاتبوون لە (٥٠) پێشمەرگە لە مارە ڕەش بوون ماوەی دوو مانگ لەوێ مانەوە دوژمن چەندین جار پەلاماریدان بەڵام تیپی جوتیاران پەلامارەکانیان تێکشکاند.

دوای دوو مانگ مانەوە لە مارە ڕەش چوونە کۆڕەنگ لەوێ تیپەکان ئاڵوگۆڕیان پێکرا بەڵام لە تیپی جوتیاران (١٠) پێشمەرگە مانەوە دوای (٣) ڕۆژ ئەوانیش گۆڕدران لە کۆرەنگ هاتنە خوارەوە بچنەوە بارەگاکانی خۆیان لە کانی تو هێشتا لە ڕێگا بوون لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندیان بە مام جوتیارەوە کرد بگەڕێتەوە بچێتە حەسەن بەگ.

بارانێکی بە خوڕ دەباری هاتنە مالومە نەوەستان بەڕێوەبوون بەرەبەیان گەیشتنە ولاغلو، لە ناو ولاغلودا بارەگایان دانا پێشمەرگە دەچوونە سەری حەسەن بەگ لەگەڵ هێزەکانیتردا نۆرەیان دەکرد یەکتریان دەگۆڕی.

بەیانیەک دوژمن بە سەختی پەلاماری حەسەن بەگیدا مام جوتیار پێشمەرگەکانی ئاگادارکردەوە سەرکەونە حەسەن بەگ، پێشمەرگەکانی ٦٣ی جوتیاران بە ناو تۆبباران و چەڕەدوکەڵدا سەرکەوتن، کاتێک گەیشتە حەسەن بەگ پەلامارەکەی دوژمن شکابوو، مستەفا سلێمان لە تیپی جوتیاران بریندار بوو، ژمارەیەک

پێشمەرگەی تیپەکانیتر شەهید بوون.

تیپی ٦٣ی جوتیاران لە حەسەن بەگ مانەوە دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٦ دوژمن جارێکیتر پەلاماری حەسەن بەگی دایەوە (دوانزە) قوات خاسە لە سەنگەرەکانی جوتیاران، بلفەت، ئاسۆس نزیک دەبوونەوە مام جوتیار ووتی لێیانگەڕێن تا نزیکتر دەبنەوە، قوات خاسەکان گەیشتنە بەرلوتی تفەنگەکانی پێشمەرگە و لێیاندان هەر دوانزەیان کوشتن (١٢) تفەنگ دەستکەوت بوون، جگە لە کوشتنی ئەو ژمارەیە چەندین سەرباز کوژران کە تێکڕایان (٣٥) کەلاک لە بەردەستی پێشمەرگە بوو.

تیپی جوتیاران هەفتەیەک لە حەسەن بەگ مانەوە تا گۆڕیانن تیپەکانیتر هاتنە شوێنیان، تیپی جوتیاران گەڕانەوە چوونە چالاوا بەشێکی تیپی جوتیاران بە فەرماندەیی محەمەد ڕازانی لەوێ بوون، لە چالاواو کونە کۆتر مانەوە، بەشەکەیتر لەگەڵ مام جوتیار گەڕانەوە کانی توو.

## قـــۆڵی گـــوڵێ- ســـــپیدارە

بەشێکیتر لە تیپی جوتیاران بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا هەمزە چوونە چیای گوڵێ، پێش ئەوەی بچنە گوڵێ لە دۆڵبێشک ڕەبیەیەکیان پێسپاردن لە هەڵمەتێکدا دەستیان بە سەردا گرت گڕ لە دارو بەردی بەر بوو لەو هەڵمەتەدا ژمارەیەک پێشمەرگە بریندار بوون محەمەد عەزیز جێگری کەرت شەهید بوو.

دوای شەڕی دۆڵبێشک و گرتنی ڕەبیەیەک لە چەمی بەر بەرد پەڕینەوە چیای گوڵێ لە شەڕەکانی گوڵێ، سپیدارە، بناری ماوەت ڕۆڵی دیاریان بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا.

جگە لە تیپی ٣٧ی شاربازێڕ کە لە چیای گوڵێ بوون بەشێک لە تیپی بلفەت، جوتیاران، ئاسۆس هاتنە چیای گوڵێ، تێکڕایان عەبدوڵڵا وسوو جێگری تیپی بلفەت فەرماندەیان بوو.

## تــــیپی 47ی پـــیرەمەگرون

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لەو ناوچەیەدا بوو کە شەڕگەی قەیوان ماوەتی تیا بوو، سنووری چالاکی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون تێکڕای ئەو شاخ و لوتکەو بنارانەی دەگرتەوە کە شەڕگەی قەیوان ماوەتی تیادا گەرم بوو، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چاوساغی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە بوون کە هاتبوونە ناوچەکە بۆ بەشداری لە شەڕی قەیوان ماوەت لە کۆڕەنگ، گۆجاڕ، ئاسنگەران، دووبرا، پشتی خەمزە و قوڵەڕەش، گەوەڕە، حەسەن بەگ، تا خورخورەو یاخیان و قەیوان و کارێزە، ئەوە جگە لەوەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بەشداری گەورەیان لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا کرد هەر لە کەڵکی قەیوان و گرتنی ناحیەی کارێزە و حەسەن بەگ و بەردە سپیان.

## ســـــەنگەر لـــێدان

پێش دەستپێکردنی شـەڕی قـەیـوان مـاوەت مـامـجـەلال، شـۆڕش ئیسماعیل فەرماندەی تیپی ٤٧ی بانگکردوو ڕایسپارد لە دۆڵی جافەتی، کارێزە کۆن و گاپیلۆن و دێیەکانیتر سەنگەر لێبدەن خەڵکی دێیەکان لە هێزی بەرگری و دانیشتووان بانگ بکەن هاوکاریتان بکەن لە سەنگەر لێدان تا لە ئەگەری هەر پەلامارێکی دوژمن بتوانن سوودی لێوەرگرن.

## گـــــرتنی کـــــارێزە

نیوەڕۆیـەک لە ماڵی شـۆڕش ئیسماعیل کۆبوونەوەیەک کرا، تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون و تیپی مەڵبەندی دوو بەشێک لە تیپەکانی گەرمیان نەخشەی گرتن و دەستبە سەردا گرتنی کارێزە دانراو لە کاتی خۆیدا جێبەجێکرا، ناحیەی کارێزە دەستی بە سەردا گیرا.[٦]

لە گرتنی ناحیەی کارێزەدا مدیر ناحیە دەستگیرکرا لە کاتی دەستگیرکردنیدا جانتایەکی دبلۆماسی پێبوو کەوتە دەستی پێشمەرگە، مدیر ناحیە بە قادری حاجی

[٦] لە بەشی گرتنی ناحیەکاندا بە وردی باس لە گرتنی ناحیەی کارێزە کراوە

عەلی وتبوو جانتاکەم ئاڵتونی خێزانەکەمی تیادایە، کە جانتاکەیان گەڕاندەوە بۆ مدیر ناحیە کیلۆو نیوێک ئاڵتونی تیا بوو ئەوەش نموونەی دەست پاکی پێشمەرگە بوو لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا، چوونکە پێشمەرگە هەمیشە سەر ڕاست و خاوەن باوەڕ بوو لەو پێناوەشدا تێدەکۆشاو نموونەی نموونە جوانەکان بوو.

## کـــــــۆرەنــگ

سەرەتا تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە کۆڕەنگ بوون لە نێوان سوورە قەڵات و کارێزە دەبابەیەک جێگیرکرا بوو بە سەر ناوچەکەدا زاڵبوو، دەبابەکە تۆپی دەنا بە کۆڕەنگ و شوێنەکانی ترەوە عومەر پاڵەوان لە سەر دۆشکە بوو دەبابەکە تۆپی دەتەقاند دۆشکەکەش فیشەکی پێوە دەنا.

## خـــــــەمزە

جاش پەلاماری خەمزەیاندا تیپی ٤٧ چوونە ئەوێ جاشەکانیان شکاند لە دوو برا سەنگەریان لێداو بەرگریانکرد، لە نێوان هەر دوو قەیوانی گەورەو بچووک تیپی ٤٧ سەنگەریان هەبوو.

## حــــــەسەن بـــەگ

دوژمن بە نیاز بوو پەلاماری حەسەن بەگ بدات تا بە سەر ناوچەکانی دۆڵی جافەتیدا زاڵ بێت و گۆجاڕیش بگرێت.

مامجەلال تیپی ٤٧ی ناردە پشتی باڵخ، بەردە سپیان، حەسەن بەگ لەوێ سەنگەریان لێدا، هێزەکانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە چیای حەسەن بەگ، قوتەی حەسەن بەگ گیرا بەڵام بەردە سپیان نەگیرا.

ڕۆژێک بەفر باریبوو سەربازەکانی دوژمن پاڵتۆیەکیان لە بەردا بوو لە ڕەنگی بەفرەکە پاڵتۆیەکی سپی.

تۆپخانەکانی دوژمن تۆپبارانی بەردە سپیان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد سەدان تۆپ لە یەک کاتدا دەکەوتە زەوی سەدانیش لورەیان بوو لە ئاسماندا

تۆپ و ڕاجیمە پێکەوە دەبارین، گوللە ڕاجیمەیەک بە جۆرێک چوو بوو بە ناخی زەویدا ئەو شاخە ڕەق و تەقە خەریک بوو دەگەیشتە ئاو، کاک شۆڕش، ئازاد دەرەویانی بانگکرد ووتی ئەو چاڵە داپۆشنەوە لە بەر ورەی پێشمەرگە.

دوژمن هێرشێکی سەختی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەڵام کوڕانی تیپی ٤٧ و تیپەکانیتری پێشمەرگە پەلامارەکەی دوژمنیان شکاند.

بۆ ڕۆژی دوایی تەمومژێکی زۆر بوو چاو لە چاو نەدەخشا دوژمن بە هەلیزانی دووبارە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دایەوە تا سوود لە تەمومژەکە ببینێ، پێشمەرگەیەک ناوی کەریم بوو تۆپێک لێیداو شەهید بوو.

## شـــەهید بوونی کـــەریم

مـرۆڤ چەندە لە شـەڕوو تەنگە بـەری ڕۆژگـاردا بێت چەندە لە تەنگانە و نزیکبوونەوەی مەترسیدا بێت هێندە زیاتر لەو مرۆڤە نزیک دەبێتەوە کە پێی دەڵێن دایک، نێوان مرۆڤ و دایک تەنها چاوو پێڵوی چاو، گەروو هەناسە، دڵ و شادەمارە خوێن بەرەکانی دڵە، دایک هێندە نزیکە.

کەریم پێشمەرگەی قارەمانی (ی ن ک) لە گەرمەی پەلاماری دوژمن و تۆپبارانی سەخت دا وێنەی دایکی لە گیرفانی دەرهێنا بوو بە تاسەوە تەماشای دەکرد لە کاتی سەیرکردن و تێرامان لە وێنەی دایکی تۆپێک لە کەریمی داو شەهید بوو، لەگەڵ شەهید بوونی کەریمدا وێنەکەش شەهید بوو، ئاخر ئەویش ئازاری پێدەگاو هەڵدەوەرێ و پارچە پارچە دەبێ، لەگەڵ داخورپان و خوێن لێچۆڕانی کوڕەکەیدا ئەویش خوێنی لێدەچۆڕێ و شەهید دەبێ.

جەبار پێشمەرگەیەکیتر لە دواوە فیشەکی قەناسە لێیدا شەهاب فیشەکێک دای لە کەلەکەی، هێزەکانی دوژمن لە دواوە تەقەیان لە پێشمەرگە دەکرد لە کاتی تەموو مژەکەدا دزەیان کردبوو هاتبوونە پشتی پێشمەرگەکانەوە.

تەموومژەکە ڕەوییەوە هێزەکانی دوژمن لە دواوە دەرکەوتن پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و ٦٥ی بڵفەت لە هێزە دزەکردووەکەی دوژمنیانداو دەیانیان

لێکوشتن، بە جۆرێک تێکڕژان بوو پێشمەرگە دەستی لە پاڵتۆی سەرباز گیر دەبوو.
پەلامارەکەی دوژمن تێکشکا ئەو قوتەیەی حەسەن بەگ کە گیرا بوو کەوتەوە دەستی پێشمەرگە و لە دەست هێزەکانی دوژمنیان دەرهێنا.
کەرتی یەکی تیپی ٣٧ شارباژێڕ بە فەرماندەیی محەمەدی حاجی سەعید هاتنە حەسەن بەگ ڕۆڵی دیاریان بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا، لە سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون دەیان پەلاماری گەورەو بچووکی دوژمنیان تێکشکاند.

## تــــیپی پــــارێزگاری

لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا سەرەتا چوونە برزوت و بایلۆسە بەڵام هەر تۆپبارانیان لە سەر بوو بە سەر سەربازگەی ماوەتدا دەیانڕوانی.
هاوەنێکی (٨٢) ملم هێنا بۆ لای کانی و ئەستێرەکەی پشتی ولاغلو بە دیوی قامیشدا، شەریفی قورئانی هاوەنەکەی بەکار دەهێنا بۆردومانی سەربازگەکەیان دەکرد، دەبابەیەک تەقەیدەکرد شەریفی قورئانی هاوەنێکی نا بە سەربازگەکەوە مەشجەبی سەربازگەکە گڕیگرت پارچەیەک چوو بووە ناو مەشجەبەکەوە حەشوەی گوللە تۆپی تیا بوو گڕیگرت و تەقیەوە، هەر سەرباز بوو ڕایدەکرد دووکەڵ و گڕ لە سەربازگەکە هەڵدەستا، پێشمەرگە لە باسکی زریان هەڵدەپەڕین.
تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە حەسەن بەگ بوون تیپی پارێزگاری چوونە شوێنیان و گۆڕییانن، ڕەحمان سیتەکی لە حەسەن بەگ مایەوە دوای ماوەیەک بەشێکیتری تیپی پارێزگاری بە فەرماندەیی عومەری قالە گوڵباخ چوونە جێگەی ڕەحمان سیتەکی و ئەو بەشەی تری تیپی پارێزگاری.

## بــــرووسکەی مــــامجەلال

مامجەلال برووسکەی بۆ هێزەکەی تیپی پارێزگاری کرد (ئەمشەو دوژمن پەلامارتان دەدات بتانبینم).

عومەری قالە گوڵباخ، کەمال تاماس، جەمال حاجی مامەندی، مەلا جەلال، کەمال شێخ قادر، ئەکرەمی حەبێ، قادر عەرەب، خەلیل یاخسەمەری و پۆلێک پێشمەرگەیتر بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشبوون چوار پاسەوانیان هێشتەوە ئەوانیتر چوون پشوو بدەن هێندەیان زانی بوو بە تەقە، پێشمەرگەکان چوونە سەنگەرەکانیانەوە شەڕ درووست بوو چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند دوو کاتژمێری بەردەوام شەڕ بوو نەیانهێشت دوژمن هەنگاوێک بێتە پێشەوە.

تۆپخانەکانی دوژمن بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا، ڕاجیمە لورەی دەهات چل گوللە بە ئاسمانەوەو چلیتر دەیدایە زەوی، گوللە ڕاجیمەیەک سەریکرد دای لە مزگەوتەکەی ولاغلو.

شەڕێکی هێندە گەرم و قورس بوو لولەی تفەنگەکان سوور ببوونەوە، عەلی پێشمەرگەیەک بوو بە جەمال حاجی مامەندی وت با جگەرەیەک بخۆم جەمال ووتی بڕۆ بە لولەی بیکەیسیەکە دایگیرسێنە، لولەکەی هێندە سوور بووەتەوە جگەرەی پێدادەگیرسێت.

## ورەی حــەمە ڕەش

ئاگر باران بوو لە سەر حەسەن بەگ و ولاغلو سەدان گوللە تۆپ، ڕاجیمە، دەبابە، لورەی دەهات ئەو شاخ و کێوانەی دەکێلا.

عومەری قالە گوڵباخ بە چەند پێشمەرگەیەکی وت بچنە خوارەوە بۆ ناو ولاغلو تەقەمەنی بهێنن حەمە ڕەش پێشمەرگەیەکی منالکار بوو تازە ببوو بە پێشمەرگە ووتی من دەچم.

لە گەرمەی لێزمە بارانی گوللە تۆپ و ڕاجیمەدا حەمە ڕەش هێستریکی بردوو ڕۆیشت جەمال حاجی مامەندی بە عومەری قالە گوڵباخی وت با ئەو کوڕە نەنێرین مناڵە عومەر ووتی دەیدەینە دەست خودا دوای کاتژمێرێک حەسەن گەڕایەوە و تەقەمەنیەکەی هێنا، عومەری قالە گوڵباخ ڕوویکردە جەمال حاجی مامەندی و ووتی جەمال نەموت دەیدەینە دەست خوا، دوای چەند ڕۆژێک لەو شەڕانە چوونە باسکی زریان.

## کـــوشتنی 29 حـــەرەس جـــمهوری

بەرە بەیانی یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی (٩) ١٩٨٦ بوو، هێزێکی زۆری حەرەس جمهوری بە جلووبەرگی بارانی شینەوە بارگەوبنەیان خست.

هێزێکی تیپی پارێزگاری بە بەردە سپیانەوە بوون بەیانیەکی زوو بوو نمە نمە باران دەباری و بە سەر سەرو ڕیشی پێشمەرگەدا دەهاتە خوارو سەرو بسکی دەهاڵۆسکاندن، هەندێک جاریش نەرمە بایەک پرچ و کاکۆڵی بە گوللەو بارووت بۆنگرتووی پێشمەرگەی شانە دەکردوو خۆی دەلەنگان، زۆر بەیانی ئەو نەرمە کزە با ساردە لە سەڵڵا هەڵیدەکردوو بۆ پێشمەرگە دەچووە ژان، ڕۆژ هەبوو هەر لەوێ دەمایەوە سەرو سەختی ئەو شاخانەی بەکزە با دەتەزاند و ئەو ساکە دەگەڕایەوە.

بە سەر سەری بەردە سپیانەوە دۆشکەیەک دامەزرابوو جەمال حاجی مامەندی و کەمال تاماس لە سەر دۆشکەکە بوون، دۆشکەکە بە گریس چەور کرابوو بارانیش دەباری ڕەشاوی گریسەکەی لە دەمووچاوی کەمال و جەمال هەڵدەسوو، دەموو چاوی کەمال و جەمال ڕەش ببوو لە گریسدا بە یەکتری پێدەکەنین.

حەرەس جمهوریەکان لە دۆڵبێشک بوون جەمال حاجی مامەندی و کەمال تاماس بە دۆشکە لێیاندان و ٢٩ حەرەس جمهوریان کوشت هێزەکەی دوژمن شکان و ڕایانکردو گەڕانەوە مۆڵگەکانیان.

بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە مامجەلال نامەو برووسکەی پیرۆزبایی ئاڕاستەی تیپی پارێزگاری کرد، جگە لە پیرۆزبایی لە نامەکەدا نووسیبووی عومەری قالە گوڵباخ بکرێتە فەرماندەی تیپ، کەمال تاماس بکرێتە فەرماندەی کەرت، جەمال حاجی مامەندی بکرێتە جێگری فەرماندەی کەرت، ئەکرەمی حەبێ جێگری کەرت، مەلا جەلال فەرماندەی مەفرەزە.

دوای ئەو سەرکەوتنە تیپی پارێزگاری گۆڕدران و گەڕانەوە بارەگاکانیان.

## كــــۆتایی مــانگی 11، شــەڕی باڵخ، كــــونە ماسی

كەرتێكی قارەمانی تیپی ٤٧ی پێرەمەگرون بە فەرماندەیی كەمال شێخە لە نێوان (باڵخ و كونە ماسی) شەڕێكی گەورەو سەختیان لەگەڵ هێزەكانی ڕژێم دامەزراند، كەرتەكەی كەمال شێخە لە لایەن هێزەكانی ڕژێمەوە گەمارۆ درابوو، پێیان وتن، حەسەن بەگ گیراوە پاشەكشێ بكەن بەڵام كەمال شێخە و كەرتەكەی ئامادەی پاشەكشێ نەبوون، پێیان شەرم و عەیب بوو سەنگەرەكان جێبهێڵن، لە لایەكیتریشەوە پێیان وابوو حەسەن بەگ نەگیراوە دەیانەوێت ئەمان بكێشنەوەو بە شكست لە سەریان حساب بكرێت بۆیە بەردەوام بوون لە بەرگری.

مامۆستا محەمەد بە نان و فیشەكەوە بەرەو پیرەلیاسی باڵخ بەڕێكەوت نان و فیشەكیان بگەیەنێتێ بەڵام بەداخەوە لە ڕێگادا شەهید بوو، حسێن بندایزانی فەرماندەی تێكۆشەری باڵەكایەتی چەندین هێرشی دوژمنی تێكشكاند تا بگاتە پیرەلیاسی باڵخ و گەمارۆی سەر كەرتەكەی تیپی ٤٧ بشكێنێ.

حسێن بندایزانی گەیشتە لایان و لە گەمارۆی دوژمن ڕزگار بوون، كەرتەكەی كەمال شێخە كشانەوە بۆ خەجە لەرزۆك بەڵام ئەویش گیرابوو، پێش پاشەكشەو دەرچوونیان لە گەمارۆی دوژمن عەلی حاجی محمود و مستەفا سەرگەڵویی هاتبوون بەدلیان بكەن بەڵام ناوچەكە كەوتە دەست دوژمن.

## قـــەیوان مـــــاوەت

تیپی بیتوێن وەکو سەرجەم تیپەکانیتری پێشمەرگە و لە سەر فەرمانی سەرکردایەتی بەشداری لە داستانی سێ مانگەی قەیوان ماوەت دا کرد کە داستانێکی گەورەو لە سنوورێکی فر اوان دا سێ مانگ شەڕی بەرەیی بەڕێوەچوو.

سەرەتا تیپی بیتوێن لە گوندی مۆکەبە بوون، لەوێ سەنگەری بەرگریان گرتبوو، تیپی ٩٩ لە مۆکەبە بەرپەرچی هێرشێکی سەختی داگیرکەریان دایەوە کە سیانزە کاتژمێری خایاند، سیانزە کاتژمێر شەڕی قورس و بێ ئامان، کە تیایدا دەیان چەکی قورس و تۆپخانە و کۆپتەر بەکارهێنران.

دوای شەڕی مۆکەبە تیپی بیتوێن گواسترانەوە بۆ چیای کۆرەنگ، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونیان بەدل کردو چوونە سەنگەرەکانی ئەوان، لە چیای کۆرەنگ توشی شەڕی قورس و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داگیر کەر بوون لەو شەڕانەدا زیانی گەورەیان لە دوژمندا.

دواتر سەنگەرەکانی کارێزە کۆن و کونە ماسیان پێسپێردرا، ماوەی مانگێک لەوێ مانەوە، لەوێش تووشی شەڕو پێکادان و بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی داگیرکەر بوونەوە کە تیایدا لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ، کاک هەڵمەت بریندار بوو.

## قـــەیوان- تـــیپی 93ی کـــۆیە

لە ١٩٨٦/٩/٢ تیپی ٩٣ی کۆیە گەیشتنە سەری خەمزە- کانی گەوەڕە ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمن بوونەوە.

تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی ڕەهبەر سەید برایم لە یەکەم ڕۆژی شەڕی قەیوان – ماوەت بەشدار بوون، لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢ ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمن بوونەوەو پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند لەو بەرگریە دلێرانەیەدا (بەکر عەزیز) فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی کۆیە شەهید بوو.

دوای تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن تیپی ٩٣ی کۆیە هاتنە خوارەوە بۆ ناو دێی قەیوان ڕەهبەر سەید برایم بە پارچەی تۆپ بریندار بوو بەڵام لە شەڕگەکە مایەوە.

تیپی ٩٣ی کۆیە ماوەی دوو مانگ لە شەڕگەی قەیوان مانەوە، لەو ماوەیەدا چەندین پەلاماری دوژمنیان لە زنجیرە چیای قەیوان تێکشکاند.

تیپی ٩٣ی کۆیە لە سەری خەمزە- دوو برا، کەڵکی قەیوان بوون، تێکڕا ٢٠٠ پێشمەرگە لە شەڕگەی قەیوان بەشدار بوون.

## گـــرتنەوەی کـــەڵکی قـــەیوان

هێزەکانی دوژمن لە پەلامارێکدا کەڵکی قەیوانیان گرت تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی ڕەهبەری سەید برایم هێرشی پێچەوانەیان کردە سەر کەڵکی قەیوان و لە دەست دوژمن دەریانهێنا.

لە سەر داوای مامجەلال، ڕەهبەری سەید برایم چووە یاخسەمەر، مامجەلال هێلکەو ڕۆنی بە هەنگوین دەخوارد جەمال ئاغا لەوێ بوو.

مامجەلال بە گاڵتەوە بە جەمال ئاغای ووت ئەوە خەڵکی کۆیە گوڵی لە سلەیمانی کرد، مامجەلال دەستخۆشی لە ڕەهبەری سەید برایم و تیپی کۆیە کرد.

کاک نەوشیروان و دکتۆر فواد ڕەهبەری سەید برایمیان بانگکرد داوایانلێکرد بگەڕێتەوە بۆ بەشداری لە لێدانی کەرکوک، بەمجۆرە تیپی کۆیە قەیوانی جێهێشت.

## تـــیپی مــەڵبەندی یـــەك

مام ساڵح گۆڕیئەسپی بە فەرماندەی هێزێک چووە شەڕگەی قەیوان ماوەت- لە برزوت بایلۆسە جێگیر بوون، دوای ماوەیەک تێکڕای تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی کەمال شاکر چوونە شەڕگەکە، ماوەی سێ مانگ و دە ڕۆژ لە قەیوان ماوەت مانەوە.

تیپی مەڵبەندی یەک سەرەتا قوتە و لوتکەکانی برزووت بایلۆسەیان تەسلیمی تیپەکانیتر کرد، تیپی مەڵبەندی یەک چوونە گردە ڕەش- سەفرەو زەروون – چەمی سەفرەو زەروون ڕێگەی گرنگ و سەرەکی بوو بۆ هێنانی چەک و تەقەمەنی پێویست لە سەر چەمی هەرزنەوە.

لە ماوەی سێ مانگ مانەوەیان لە ناوچەکەدا هەموو ڕۆژێک تۆپبارانیان لە سەر بوو، هێزەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا.

## بـــرووسکەی مـــــامجەلال

مامجەلال برووسکەی بۆ تیپی مەڵبەند کرد لە بەر بەردەوە هێرش دەکرێتە سەرتان، لە سەر چەمەکە حەبلی پەڕینەوەی لێبوو مامجەلال داوایکرد چارەسەری حەبلەکە بکەن.

حەمە قاشتی و حەمە تۆفیق گەلاڵی و هێزێک چوونە سەر چەمی بەر بەردوو شینکایەتی حەبلەکەیان پچڕاند بەڵام دوژمن هێرشی نەکرد.

ڕەسەدی دوژمن بە سیخوڕی هاتبوونە ناوچەکە چاو ساخیان بۆ تۆپخانەکانی دوژمن دەکرد تا سەنگەرەکانی دوژمن تۆپباران بکەن و شوێن سەنگەرەکان بپێکن، لەو ماوەیەدا مامجەلال چووە ئێران، لە ڕێگەی سەفرەوە گەڕایەوە.

## گـــــەڕانەوەی مـــــامجەلال

مامجەلال لە ئێران بە نیازی گەڕانەوە بوو، یەکێک لە پێشمەرگەکانی حەمە قاشتی تیپی مەڵبەندی یەکی ئاگادار کردەوە لە هەبوونی لوغمێکی زۆر لە سەر

ڕێگەی پێشمەرگە، کەمال شاکرو حەمە قاشتی بە یەکەوە چوونە سەر لوغمەکان (١١٠) لوغمیان دانا بوو، بە شێوەیەک لوغمەکانیان دانابوو ئەگەر پێشمەرگە بەو ڕێگەیەدا بڕوات قاچی چەپی بەرنەکەوێت قاچی ڕاستی بەردەکەوت، بە شێوەیەکی ئالۆز دایاننا بوون.

کەمال شاکر بە پەلە (جەبار فەرمان)ی ئاگادار کردەوە لە بوونی لووغمەکان، جەبار فەرمان ئاگاداری مامجەلالی کرد جارێ نەگەڕێتەوە، پێشمەرگە لوغمەکانیان هەڵگرتەوەو ڕێگەکەیان پاککردەوە، دوای ماوەیەک مامجەلال لە ڕێگەی سەفرەوە گەڕایەوە کوردستان، هەندێک دیاری هێنابوو بەخشیە فەرماندە کەرتەکان.

کەرتەکانی تیپی مەڵبەندی یەک بە سەر سەنگەرەکانی ناوچەکەدا دابەشکرابوون:

* کەرتێک بە فەرماندەیی هاوڕێ کامەران لە شانەخسێ بوو.
* کەرتێک بە فەرماندەیی حەمە قاشتی لە شینکایەتی بوو.
* کەرتێک لە گردە بۆر بوو
* کەرتێک بە فەرماندەیی ئەحمەد ڕەشید ڕەمەزان لە پشتی سەفرە بوو ئازاد عەلی ڕەش جێگری بوو، فڕۆکەکانی دوژمن سەنگەرەکانی بۆردومانکردن ئازادو چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون.

## هـــاتنی فـــازیل مـــەتنی

فازیل مەتنی، فەڕەنسۆ هەریری، عەبدولڕەحمان ئاغا، تایەری حەمەی ئاخە وەیسیان لەگەڵدا بوو لەگەڵیاندا هاتن بچن بۆ لای مامجەلال لە یاخسەمەر بە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا تێپەڕین، فازیل مەتنی بە کەمال شاکری ووت چۆن بەرگەی ئەم دۆخەتان گرتووە، کەمال شاکر پێیووت ئێمە سێ مانگە لە ژێر تۆپباران و پەلاماری دوژمنداین.

## گـــۆجاڕ گـــیرا

چیای گۆجاڕ لە لایەن دوژمنەوە دەستیبە سەردا گیرا قادری حاجی عەلی لە گۆجاڕ بوو، عەلی بچکۆل لە وولاغلوو بوو فشار کەوتە سەر تیپی مەڵبەند هێزەکان

جێگۆڕکێیان پێکرا، مەحموود سەنگاوی هاتە برزووت، ئازادی سەگرمە هاتە شوێنی تیپی مەڵبەند لە گردە ڕەش، تیپی مەڵبەند نەیانتوانی بە وولاغلوودا پاشەکشێ بکەن بە ژیلواندا سەرکەوتن.

## مـــامجەلال خــــەڵاتیکـــردن

کەمال شاکر چووە یاخسەمەر بۆ لای مامجەلال، سامان گەرمیانی ووتی کەمال، مامجەلال زۆر لێت توڕەیە ئاگات لە خۆت بێ، مامجەلال شەوکەتی حاجی موشیروو جەبار فەرمانی لابوو ووتی کەمال شەڕگەکە بۆ گیراوە، کەمال شاکر ووتی من دەورووو تەسلیمم کردووە .

مامجەلال ووتی بۆ حەمە قاشتی و مەحموود ئەو بەریت گوللەباران نەکردووە، کەمال شاکر ووتی بۆ گوللەبارانیان بکەم گوناهیان نییە، مامجەلال ووتی دەبووایە بتکوشتنایە کەمال شاکر ووتی دەیاننێرم جەنابت بیانکوژە.

کەمال شاکر حەمە قاشتی و مەحموود ئەوبەری ناردە لای مامجەلال، مامجەلال سەرو کڵاشینکۆفی پێشکەشکردن، پارەی پێدان دوای سێ مانگ مانەوە لە شەڕگەی قەیوان ماوەت، تیپی مەڵبەندی یەک گەڕانەوە قەرەداخ.

## تـــیپی (15)ی هــــەورامان

تیپی (١٥)ی هەورامان ٢٥ ڕۆژ لە کونە ماسی بوون بۆ ئەوەی هێزەکانی دوژمن لەوێوە دزە نەکەن، پەلاماری سەرکردایەتی بدەن.

دوای فراوانبوونی شەڕەکان تیپی (١٥)ی هەورامان چوونە دۆڵبێشک ماوەیەکی زۆر لە دۆڵبێشک مانەوە، هەموو ڕۆژو شەوێک دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەدا.

تۆپخانەکانی دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا، داڵە کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوون، تیپی پانزەی هەورامان دەیان پەلاماری دوژمنیان وردوو خاشکرد، لەو شەڕانەدا شەریفە سووری فەرماندەی کەرت لە تیپی هەورامان شەهید بوو.

لە سەرەتای ڕۆیشتنی تیپی هەورامان لە قزلەرەوە سەرکەوتن چوونە چۆخماخ، لە مالومەوە چوونە ولاغلو لەوێشەوە بۆ کونە ماسی و دۆڵبێشک، ڕێگەی دوورو درێژ لە شارەزوورەوە گەیاندنیە شەڕگەی قەیوان ماوەت.
پاش مانەوەیان لە کونە ماسی شەش پێشمەرگەی تیپی هەورامان، چوونە یاخسەمەر بۆ پارێزگاری لە بارەگای مامجەلال.

## تـــیپی 15ی هـــەورامان- ئـــەکبەر یەناخی

پێشمەرگەکانی تیپی هەورامان لە سەنگەردا دامەزرابوون لەگەڵ ڕۆژهەلاتندا بوو بە تەقە کاتژمێر (٨)ی بەیانی فیشەکێک دای لە دەستی ئەکبەر یەناخی و بریندار بوو.
ڕەفعەت یەناخی و ئەحمەد بەڕاکردن هاتن بۆ سەنگەرەکان ناوساجی و تەنەکەیەک ئاویان بۆ هێنان، خەلیل سەرکانی گوێنییەک فیشەکی بۆ بردن.
پێشمەرگەکانی تیپی هەورامان بە فەرماندەیی جەلال کوڵکنی هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەکانی دۆڵبێشک شەوی یەکەم نەگیرا، لەو هەڵمەتەدا شەریفە سوور بریندار بوو بردیانە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژی حزبی دیموکرات لە گەورە دێ.

## نـــەخۆشخانەی حـــزبی دیـــموکرات

نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات دکتۆری فەرەنسییان لابوو ووتیان چارەسەر ناکرێت گوللەکە شوێنی هەستیاری گرتووە ناژی ناردیان بۆ ئێران بەڵام لە ڕێگە شەهید بوو.
فەلاحی حەمە بۆر جێگری تیپی ١٥ ی هەورامان بوو دوای ئەوەی حەمە سەعید سێتەلانی گواسترایەوە فەلاحی حەمە بۆر کرایە جێگری تیپی هەورامان، فەلاح شەریفە سووری بردە نەخۆشخانەی دیموکرات دوای شەهید بوونی گەڕایەوە سەنگەرەکان.
فەلاحی حەمە بۆر چووە لای سامان گەرمیانی ووتی پێشمەرگەی ئێمە فێری شەڕی سەنگەر نییە با هێرشیان بۆ بکەین.

جەلال کوڵکنی لە سەر شاخ بوو کەریم چاو ڕەشی گەرمیان و فەلاحی حەمە بۆر لەگەڵ هێزێک سەرکەوتن شەش ڕەبییەی سەری دۆڵبێشکیان گرت، دوژمن گرتیەوە دووبارە تیپی هەورامان گرتیانەوە.

عەزیز کوڵکنی، عومەر کوڵکنی بێپرس یاخسەمەریان جێهێشت و چوونە شەڕگەی دۆڵبێشک، لە شەوی دووەمدا بەشداری شەڕەکەیانکرد، لە کاتی دیاریکراودا تیپی هەورامان هەڵمەتیان بردە ڕەبیەکانی دۆڵبێشک و دەستیان بەسەرداگرت، لەو شەڕەدا عەزیز کوڵکنی بریندار بوو، کە چوونە ناو ڕەبیەکانەوە ترێی لێبوو، عومەر کوڵکنی ترێی دەدایە عەزیز کوڵکنی دەیووت تۆ خوێنت لێڕۆیشتووە ترێ بخۆ باشە.

دوای ماوەیەک مانەوە لە دۆڵبێشک تیپی (١٥)ی هەورامان چوونە سەنگەرەکانی ووڵاغلو لە حەسەن بەگ، دوژمن ڕۆژانە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی هەورامانی دەدا قارەمانەکانی تیپی هەورامان هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاند.

تۆپخانەکانی دوژمن بەردەوام لە خێوەتە، سوورە قەڵات و ماوەت سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتاو ئاگرباران دەکرد.

ساڵحی مەجیلان بە گاڵتەوە دەیووت ئەم گەوادە دەستەی پووشێ خورمای پێداوە هەر دەیتەقێنێ هەر کەسێک دەچێت بۆ میز کردن یەک ڕەتڵ تۆپ دەنێ بە ئێمەوە بەشێک لە هێزەکەی تیپی هەورامان چوونە برزووت و بایلۆسە لە قامیش بنکەیان دانا.

لە کۆتایی شـەڕی قـەیوان مـاوەت و دوای بەشداریکردن لە بـەرگری لە سەنگەرەکانی ناوچەکە، لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٥ تیپی ١٥ی هەورامان گەڕانەوە ناوچەکانیان لە بناری شارەزوور.

## تــــیپی 12ی ســـــۆران

له شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت تیپی ١٢ی سۆران لە سەری کۆڕەنگ بوون بارەگایان لە ناو کۆڵەرد بوو.

سەلاح خووشکانی ڕێبەری سیاسی تیپ بوو سەرپەرشتی تیپەکەی دەکرد دواتر سەعیدی حەمە زیاد گەڕایەوە لایان عەلی بیجانی ڕێکخەری تیپ و کادیری کۆمەڵە بوو.

سێ کەرتی تیپی سۆران بەشداری شەڕەکەیانکرد کەرتی دوو بە فەرماندەیی شێخ ئیسماعیل کەرتی سێ بە فەرماندەیی حەسەنە گەورە کەرتی چوار بە فەرماندەیی خالیدە ڕەش، تیپی ١٢ی سۆران، ٦٣ ڕۆژ لە کۆڕەنگ و کۆڵەرد مانەوە.

لە ماوەی دوو مانگ مانەوە لە شەڕگەی قەیوان ماوەت چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند تیپی ١٢ی سۆران شوورەی پۆڵاینی سەنگەر بوون لە ماوەی دوو مانگی شەڕگەی قەیوان ماوەتدا خۆڕاگرو پشوو درێژوو نەسرەوت بوون.

## بــــەتانییەکەی ســــــەعدەدین

بە چوار پێشمەرگە بەتانییەکیان دانێ، هەر پێشمەرگەیە دوو کاتژمێر پێی دەخەوت، سەرەی سەعدەدین هات دوو کاتژمێر بخەوێت هەندێک پێشمەرگەی مەلەکی هاتن ووتیان تەماشا بە تەنیا بەتانییەکی پێیە سەعدەدین ووتی وەڵڵا بە سەرە وەرمگرتووە ووتیان نەخێر بەتانییەکەیان لە سەعدەدین سەند، سەعدەدین چووە سەریان ووتی یان بەتانییەکەم دەدەنەوە یان هەمووتان دەکوژم، خالیدە ڕەش فەرماندەی کەرت بوو بە سەردا هات بەتانییەکەی بۆ سەعدەدین وەرگرتەوە.

## قـــــسەی کــــادیرانە

مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ی سۆران لەگەڵ عەلی بیجانی ڕێکخەری سیاسی تیپ هاتبوونە نزیک باڵخ بۆ لای سابیر ڕەسوڵ، سەعیدی حەمە زیاد برووسکەی بۆ کردن بگەڕێنەوە کۆڕەنگ دوای گەڕانەوەی مەفرەزەکەی تیپی سۆران بۆ کۆڕەنگ سابیر

ڕەسوڵ لای مامجەلال گلەیی کردبوو ووتبووی سەعیدی حەمە زیاد پابەند نییە و هێزەکەی کشاندووەتەوە، مامجەلال سەعیدی حەمە زیادی بانگکرد بۆ لێپرسینەوە، سەعید بە مامجەلالی ووت من فەرماندەی تیپم ئەگەر هێزەکەم بە یەکەوە نەبێت و پەرتەوازە بێت سبەی بشکێم یەخەی من ناگریت مامجەلال ووتی بەڵێ.

سەعید ووتی هێزی من با هەمووی بە سەریەکەوە بێت لە هەر جێیەک بووین با هەموومان شەهید بین بەڵام هێزەکە پەرش و بڵاو بێت شەڕ ناکات مامجەلال ووتی قسەکەت زۆر ڕاستە لە ڕووی سەربازییەوە.

دوای دانیشتن و گفتوگۆ مامجەلال فەردەیەک شەکری دانێ و گەڕانەوە، لە گەڕانەوەدا بە لای سابیر ڕەسوڵدا ڕۆیشتن عەلی بیجانی ووتی با هەندێک شەکرت بدەینێ سابیر ڕەسوڵ ووتی (ئەوە قسەی کادیرانەیە).

دوای تێکشکاندنی دەیان پەلاماری دوژمن ، دوای دەیان داستان و نەبەردی تیپی سۆران گەڕانەوە ناوچەکانیان.

## تـــــیپی 78ی کــــــاروخ

تیپی ٧٨ی کاروخ لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا بەشدارییانکرد، کەرتەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ بە نۆبە دەچوونە شەڕگەی قەیوان ماوەت.

بەشی یەکەمی تیپی کاروخ بە فەرماندەیی ڕەسوڵ مەولود جێگری فەرماندەی تیپی کاروخ و سەلاح دیلمانی جێگری کەرتی (١) چوونە شەڕگەکە.

بەشی دووەم جەلال حاجی، ڕەسوڵ قەندە، ڕەحمان سەیدە چوونە قەیوان ماوەت بەشی یەکەمی هێزەکەیان گۆڕی.

بەشی یەکەمی هێزەکەی کاروخ (٤٠) ڕۆژ مانەوە بەشی دووەمی هێزەکەش بە هەمان شێوە (٤٠) ڕۆژ مانەوە.

تیپی کاروخ بەشداری شەڕو پێکدادانەکانی کۆڕەنگ، کونە کۆتر بوون، لە ماوەی سێ مانگی شەڕی قەیوان ماوەتدا تیپی ٧٨ی کاروخ چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

تیپی کاروخ ماوەیەک لە لوتکەی پیر بایز بوون تۆپی دوژمن کەوتە ناویان و ژمارەیەک پێشمەرگە شەهیدو بریندار بوون.

**شەهیدەکان:**

*خالید وەرتی

*لاس کەڵێتەیی

حارس ئاغا بریندار بوو

دوای شەڕی قەیوان ماوەت تیپی ٧٨ی کاروخ گەڕانەوە ناوچەکانیان.

## تـــیپی 83ی هـــــەورێ

بارەگای تیپی ٨٣ی هەورێ لە مەلا سەفی دانرا لە دوو توێ و خەجەلەرزۆک ئەرکیان پێسپێردرا، تیپی ٨٣ی هـەورێ لە دووتـوێ و خەجەلەرزۆک چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاندو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند چەندین لاشەیان پێجێهێشتن.

دوا پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ لە دوو توێ و خەجەلەرزۆک لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە دەستیپێکرد تا پێنجی بەیانی خایاند لە ماوەی دوانزە کاتژمێردا هێزەکانی دوژمن یانزە جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی هەورێیاندا تۆپخانەکانی ڕژێم و دەبابە لە کارێزەوە سەنگەرەکانیان دەکوتا.

لە شـەڕی دووتوێدا بێتەلەکەی تیپی ٨٣ی هـەورێ لەگەڵ بێتەلی مەفرەزە خاسەیەک لە ناو کارێزە لە یەک گیر بوون، مەفرەزە خاسەکە نەیدەزانی بێتەلی پێشمەرگەیە قسەی لەگەڵ دەکات دەیووت بەس حەوشەی بارەگاکەی ئێمە لاشـەی (٧٠) جاشی لێیە.

دوای گرتنی دووتـوێ لە لایـەن دوژمـنـەوە تیپی ٨٣ی هـەورێ هاتنە پشتی گـەرەدێ کەرتەکانی تیپی ٨٣ی هـەورێ بە نۆرە لە سەنگەرەکاندا دەمانەوە و یەکتریان دەگۆڕی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی قەیوان ماوەت تیپی هەورێ گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

## تــیپی کــۆڕەك

تیپی ١٩ی کۆڕەک لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا لە قولەجاخ، پشتی کارێزە، گاپیلۆن بوون دواتر نێردرانە (کۆڕەنگ) لەوێ مانەوەو سەنگەریانگرت.

دوژمن بەردەوام پەلاماری چیای کۆڕەنگی دەدا ماوەی هەژدە شەوو ڕۆژ تیپی کورەک خۆڕاگرانە پەلامارەکانی دوژمنیان تێکدەشکاند هەژدە شەوو ڕۆژ پەلاماری بەردەوام تۆپبارانی سەختی تۆپخانەکانی دوژمن، بۆردومانی سەختی تۆپخانەکانی دوژمن، بۆردومانی فڕۆکە لە سەر چیای کۆرەنگ و تیپی (١٩)ی کۆڕەک بوو، پەلامار دوای پەلاماری دوژمن لە سەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک تێکدەشکا.

## کــــۆڕەك و کــۆڕەنگ- چــاپوك و چــەلەنگ

تیپی ١٩ کۆڕەک لەگەڵ حەسەن کوێستانی و تیپەکانی مەڵبەندی ٣ چوونە ناوچەکانی سەرکردایەتی دوای ماوەیەک حەسەن کوێستانی گەڕایەوە سەرپەرشتی هێزەکانی مەڵبەندی ٣ی بە عەبدوڵڵا بۆر سپارد تیپی ١٩ کۆڕەک لە کونەماسی و پشتی کارێزە بوون کاتێک شەڕی قەیوان ماوەت دەستییێکرد هاتنە دوو توێ لەوێوە چوونە کۆڕەنگ دوژمن چەندین جار پەلاماری چیای کۆڕەنگیدا بەڵام لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر تێکشکێندران

## نــــان و دادپــــەروەری

دادپەروەری لە دابەشکردنی ئاو و خواردن یەکێک لە خەسڵەتەکانی پێشمەرگە و تیپی کۆڕەک بوو بێجیاوازی لە نێوان فەرماندە و پێشمەرگەدا وەکو یەک دابەشدەکرا هەندێکجار فەرماندەکان لە بەشە خۆراکی خۆیان دەگێڕایەوە بۆ پێشمەرگەکان زۆر لە پێشمەرگەکان لە شاخ دەچوونە خوارەوە نانیان دەکردو دەیانهێنایە سەرەوە بۆ کۆڕەنگ، عوزێر فەقیانی یەکێک لەو پێشمەرگە و فەرماندانە بوو نانی دەکردوو دەیهێنایە سەر شاخ بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەشیدەکرد

## تــــۆپبارانی ســـــەخت

شەوێک تۆپبارانێکی سەخت لەسەر کۆڕەنگ بوو لە دوای تۆببارانەکە هێزی دوژمن پەلاماری چیای کۆڕەنگیدا، هێزەکە زۆر نزیک ببونەوە گوێیان لێبوو یەکێک لە جاشەکان دەیوت حەمید سەرکەوتیت عەبدوڵڵا بۆر بە پێشمەرگەکانی ووت لێگەڕێن با نزیک ببنەوە ئینجا لێیاندەدەین چونکە هەر هێزێک کە زۆر نزیک بوەوە خەڵکی شارەزای لەگەڵدایە لێبگەڕێ نزیک ببنەوە لێیانبدەی خەڵکییان لێبکوژرێت یەکسەر دەشکێن هێزەکەی دوژمن نزیک بوونەوە پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک لێیاندان ماوەی شەش دەقە تەقەیان بۆ نەکرا تیپی کۆڕەک پەلامارەکەی دوژمنیان شکاند و سەر بەرەو خوار ڕاویاننان دوای شکانی پەلامارەکەی دوژمن تۆپبارانی سەختی چیای کۆڕەنگ دەستیپێکردەوە.

## پـــــەیوەندی مـــــامجەلال

لە گەرمەی شکانی پەلاماری دوژمن و تۆپبارانی سەختدا هەڤاڵ مام جەلال لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی لەگەڵ عەبدوڵڵا بۆر کردوو هەواڵیپرسین

مام جەلال – وەزعتان چۆنە

عەبدوڵڵا بۆر – زۆر باشین مامە

مام جەلال – باشین دڵنیابم لەوە

عەبدوڵڵا بۆر – زۆر باشین

مام جەلال – دڵنیا بم لەوە دەتوانن خۆڕاگربن

عەبدوڵڵا بۆر – مامە ئەگەر شاخەکە بڕوات ئەگینا ئێمە ناڕۆین[٧]

لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا عوێر فەقبیانی جەمال هەر ووتی،ئەنوەر، تۆفیق، فاروق ڕۆڵی دیاریان بینی هاوشانی پێشمەرگەکانیان

[٧] دەستەواژەی ئەگەر شاخەکە بڕوات ئێمە ناڕۆین تیپی ٣١ سلێمانیش بەکاریان هێناوە بێ ئەوەی لەویتریان وەرگرتبێت

## تـــــۆپی 120

تۆپێکی ١٢٠ لە شەڕگەکە بوو تیپی کۆڕەک دەبوونە ڕەسـەدی بۆ لێدانی تۆپبخانەی دوژمن لە سووره قەڵات گوللەی تۆپەکەدەیدا لەناو تۆپبخانە و هێزەکانی دوژمن لە سوره قەڵات ئاگر بەرزدەبوەوە پێشمەرگە دەیانکردە چەپڵە ڕێزان

## شـــــایی-داوەت

هەر ئێوارەیەک کە هێزی دوژمن لە سوره قەڵات کۆدەبوەوە پێشمەرگە شایی و داوەتی دەکرد هەڵدەپەڕین چاوەڕێی پەلاماری دوژمنیان دەکرد تا ئەو شاخانەیان بۆ بکەن بە ساکە گۆڕ بەشێکی زۆری وورەی پێشمەرگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو مام جەلال خۆی لەناو شەڕەکاندا بوو بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دەکرد

## شـــێره بـــۆر

دوای ئەوەی تیپی ١٩ کۆڕەک بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر چەندین پەلاماری لە دواییەکی دوژمنیان تێکشکاند مامجەلال ناردی بە دوایاندا دوای دەستخۆشی لە پێشمەرگە و فەرماندەکانی تیپی کۆڕەک نازناوی شێره بۆری بە عەبدوڵڵا بۆر بەخشی ووتی ئێوە شەڕی باشتان کردووە سوپاستان دەکەین لێره بەداوە عەبدوڵڵا بۆر بە شێره بۆره ناونرا ڕۆژێکی تر مامجەلال لەسەر شەڕەکانی قەیوان ماوەت قسەی بۆ پێشمەرگە دەکرد مامجەلال ووتی ئەگەر مەدالیای ئازایەتی بدەمە تیپەکان یەکەم دەیدەمە تیپی ٣١ سلێمانی، دووەم دەیدەمە تیپی ١٩ کۆڕەک، لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت لەناو هەموو تیپەکاندا تیپی کۆڕەک دووەم تیپ بوو لە هەڵسەنگاندنی مامجەلالدا

## دۆشـــــکەکەی تـــیپی کـــۆڕەك

تیپی ١٩ کۆڕەک لەسەر شاخی کۆڕەنگ دۆشکەیان لابوو عەبدوڵڵا بۆر دۆشکەکەی لەسەر پایەکانی دەهێنایە خوارەوە داری لە یەکتر بەستبوو لەبن تۆپی دۆشکەکە دایدەنا وەکو چەپەرێکی لێکردبوو دۆشکەکەی دەخستە سەر وەکو (بی

کەی سی) تەقەی پێدەکرد بەیانییەکی زوو لە کاریزەوە بە تۆپی دوور هاوێژوو تۆپی دەبابە لە چیای کۆڕەنگیان دەدا دۆشکەکە لەسەر تیلی شاخێک بوو تۆپەکان لەبن تیلی شاخەکەیان دەدا دوای هەر تۆپێک عەبدوڵڵا بۆر بە دۆشکەکە تەقەیدەکرد دواتر جاش و تۆپخانەی دوژمن وتبویان ئەو دۆشکەیە دەبێ کەسی لەسەر نەبێ

## ســـــــەنگەر

تیپی ١٩ کـۆڕەک گرنگی زۆریـان بە سەنگەرلێدان دەدا سەنگەری قۆڵیان هەڵکەند بۆ بەرگری و خۆپاراستن بۆ هەر شوێنێک بچوونایە لەهەر کوێ ئەرکیان پێبسپاردایە عەبدوڵڵا بۆر داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد سەنگەر لێبدەن پێشمەرگە هەبوو حەزی لێنەبوو سەنگەر لێدا ناچار عەبدوڵڵا بۆر سەنگەری بۆی لێدەدا پێشمەرگە هەبوو کە سەنگەریان دروست دەکرد پێدەکەنی عەبدوڵڵا بۆر پێیدەوت تۆ هەق نییە پێبکەنی هەقە بگریت چونکە هیچ لە بنەمای سەربازی نازانیت

## داك مـــــاکەرێك

شوانۆ پێشمەرگەیەکی ئازابوو دووربینی بە چاوەوە بوو هەر جاشێک یان سەربازێکی ببینیایە بە عەبدوڵڵا بۆری دەوت وەرە ئەوە دایک ماکەرێکە لەویانەوە دەچوون تەقەیان لێدەکرد

## ســـابات و هـــــاوەن

ڕۆژێـک عەدوڵڵا بۆر دووربینەکەی بە چاوەوە بوو تەماشای مارە ڕەشی دەکرد،جەمال حەوێز، ئەنوەر، عوزێر فەقیانی لە ژێر ساباتێک دانیشتبوون گوللە هاوەنێک هات لە بەردەمیدان جەمال حەوێز و ئەنوەر بریندار بوون

دەیان کەلاکی دوژمن بە بناری کۆڕەنگەوە جێمابوون، بوونە خۆراکی داڵ و مەلە کێوییەکان هەر پەلاماری دوژمن بوو لە سەر دەستی پێشمەرگەکانی کۆڕەک تێکدەشکا، هەر کەلاکی جاش و قوات خاسە بوو بە بناری چیای کۆڕەنگەوە بۆگەنیان کردبوو.

تیپی ١٩ی کۆڕەک دۆشکەیەکی (١٢,٥) یان لابوو عەبدوڵڵا بۆر لە سەر ڕەکیزەکەی هێنایە خوارو لە سەر بەردێک تەقەی لە دوژمن دەکرد.

ئەو دۆشکەیە جاش و سەربازو قوات خاسەی دوژمنی هەراسانکردبوو ڕۆژانە نەیاندەتوانی سەر بهێننە دەر، شەوانە پەلاماریان دەست پێدەکرد.

تۆپخانەکانی دوژمن بەردەوام تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد لە چیای کۆڕەنگ، هێزەکانی دوژمن لە کاریزەو سورەقەڵات دوو کەتیبەی (١٢٠)یان دانابوو، لە پشتی سورە قەڵات تۆپی گەورەی دوورهاوێژیان دانابوو لە سوسێ و سارداو تۆپخانەیان دانابوو لە هەر چوار لاوە تۆپبارانی سەنگەرەکانی دوژمنیان دەکرد، پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک لە باروتدا ڕەش ببوون لە تیپی کۆڕەک جەمال هەروتی، ئەیوب محەمەد، ڕەنجە، ئەنوەر ئاکۆیی بریندار بوون.

کاک کۆسرەت بارەگای لە باڵخ بوو فەرماندەکانی دەشتی هەولێری لابوو سووپاس و ستایشی تیپی کۆڕەکی کرد لە پای ئازایەتی و خۆڕاگرییان.

تیپی کۆڕەک هیلاک بوون پێویستیان بە پشوو بوو سەلاح شینە لە تیپی قەرەچوخ هاتە جێگەیان هەفتەیەک پشوویاندا دوای هەفتەکە چوونەوە کۆڕەنگ دوژمن پەلاماری دەستپێکردەوە، تیپی (١٢)ی سۆران شانبەشانی تیپی کۆڕەک هاتنە کۆڕەنگ.

## بــــــێتەلەکان

بێتەلی جاش و پێشمەرگە تێکەڵ ببوو جاشێک هاتە سەر خەتی بێتەلی پێشمەرگەکانی کۆڕەک جەمال هەرووتی وەڵامی دایەوە.

جاشەکە ووتی من حسێنی حەمە سوور ئاغام خەڵکی پشدەرم فەرماندە کەرتی یەکێتی بووم دەمەوێت گفتوگۆ بکەین، جەمال هەرووتی ووتی فەرموو، حسەینی حەمە سوور ئاغا ووتی ئێوە شەڕی خواشتان کردووە، شەڕی هەموو دنیاتان کردووە بۆ وازناهێنن، جەمال هەرووتی وەڵامی دایەوەو ووتی ئێمە لە پێناو مەسەلەی میللەتێک چەکمان هەڵگرتووە لێرە خۆمان بە کوشت دەدەین بەڵام بە

داخەوە ئێوە بەکرێگیراون ئێوە جاشن خیانەتتان لە میللەتەکەی خۆتان کردووە.

حسەینی حەمە سوور ئاغا ووتی باشە ئەگەر ئێمە خائین بین، سۆسیالیست خائینە، پارتی خائینە، پاسۆک خائینە، شیوعی خائینە هەمووتان کوشت کەستان نەهێشت بە تەنها مانەوە.

جەمال هەرووتی ووتی ئێستە برادەرێکی سۆسیالیست لەگەڵمان دانیشتووە دەتەوێت قسەی لەگەڵ بکەیت، حسەینی حەمە سوور ئاغا قسەکەی گۆڕی ووتی ئێستا دەزانم زۆرت برسییە ئەگەر گرداریکی هەڵدەی کەبابی گەرمت بۆ دەنێرم (مەبەستی تۆپ بوو)، بۆ ئەوەی جێگەیان دیاربێت و تۆپبارانی بکەن.

جەمال هەڕووتی ووتی کاک حسەین تۆ زۆر سەهوی دوێنێ مامجەلال گاجووتێکی بۆ سەربڕین لە سەر ئەو شاخە گۆشتمان خواردووە .

حسەینی حەمە سوور ئاغا ووتی کاکە ئێمە ئەمشەو میوانی ئێوەین میوانان ڕادەگریت، جەمال هەرووتی ووتی ئێمە میوانان زۆر بەخێر دێنین فەرموون وەرن میوان بن.

(میوانداریيەکە مەبەستی پەلاماردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو)

کاتژمێر دوانزەی شەو تۆپبارانی چیای کۆڕەنگ دەستپێکردو جاشەکان پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی کۆڕەکیاندا.

لە چیای کۆڕەنگ، پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک پەلامارەکانیان تێکشکاندو جاشەکانیان ڕاونا.

دوای تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن جەمال هەرووتی چووە خەت ووتی کاک حسەین بڕیار نەبوو میوان بیت هەموو تواناکەتان ئەوەندە بوو.

حسەین حەمە سوور ئاغا وتی کاکی پێشمەرگە من سبەینێ مۆڵەتم دەچمە بەغدا کامە ئوتێل خۆشە لێی دەخەوم، ڕابواردنێکی باش دەکەم، کام گەرماوە خۆشە لەوێ خۆم دەشۆم، چی خواردنی خۆشە دەیخۆم ڕەبی ئەو نانە ڕەقەش عافێتی ئێوە بێ.

دوای سێ مانگ و پانزە ڕۆژ مانەوە لە چیای کۆڕەنگ تیپی ١٩ی کۆڕەک گەڕانەوە ناوچەکانیان.

## تـــیپی (55)ی قـــــەرەداخ

تیپی (٥٥)ی قەرەداخ لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا لە نێوان بایلۆسەو دۆڵبێشکەکاندا سەنگەریان گرتبوو، لە نێوان دۆڵبێشکەکان و قامیش و دڕی هەندێک شوێنی تێدا بوو شەوانە پێشمەرگەکانی تیپی قەرەداخ دەستیان بە سەردا دەگرت و بەیانی دوژمن دەیگرتەوە.

سەرەتا دوو کەرتی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە فەرماندەیی ماجید فەیلی و عەبدوڵڵا ڕەباتی جێگری کەرت و سوهام خانەقینی و وەستا غەفور جێگرانی کەرت هاتبوونە شەڕگەکە هێزێکیتری تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە فەرماندەیی ئاوات قارەمانی هاتنە لای بەشەکەیتری تیپی قەرەداخ لە برزوت و بایلۆسەو گردە ڕەش و باساوێ.

تیپی (٥٥)ی قەرەداخ جگە لەوەی لە سەنگەرەکانی بەرگریدا بە ناخی شاخ و لوتکە سەرکەشەکانی برزوت و بایلۆسە و گردە ڕەشدا داکوترا بوون پارێزگاریشیان لە گومرگەکەی سەفرە دەکرد، دوای ماوەیەک تیپی قەرەداخ هاتنە گەڵاڵە.

لە سەنگەرەکانی برزوت و بایلۆسە و گردە ڕەشدا تیپی (٥٥)ی قەرەداخ دەیان پەلاماری دوژمنیان تێکشکاندو نەیانهێشت پێشڕەوی بکات لەو شەڕانەدا کازم پێشمەرگەی دلێری قەرەداخ (مین)ی پیادا تەقییەوەو شەهید بوو.

دوای پەلاماری سەرتاسەری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە زنجیرە شاخەکانی قەیوان، ماوەت، تەوردادسەو چیای گوڵێ و قوتە و لوتکەکانی ناوچەکە تیپی (٥٥) هاوشانی هێزەکانیتری پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد دوای سێ مانگ لە کوژرانی سەدان سەربازو جاش و قوات خاسە و باجێکی قورس دوژمن دەستیگرت بە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا.

**لەو شەڕانەدا تیپی ٥٥ی قەرەداخ ژمارەیەک شەهیدی بەخشی:**

١/ شەهید وەستا تایەر

٢/ شەهید کۆسار

٣/ شەهید حسێن

٤/ شەهید حەیدەر

٥/ شەهید کازم

## تـــیپی 47ی پـــــیرەمەگرون

لە یەکەم ڕۆژی شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هاوشانی تیپەکانیتر دەستیانگرت بە سەر ناحیەی کاریزەدا.

دوای گرتنی ناحیەی کاریزە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هاتنە گۆڕستانەکەی کاریزەو ماوەیەک لەوێ مانەوە لەو ماوەیەدا دوژمن بەردەوام تۆپبارانی سەختی سەنگەرەکانی تیپی پیرەمەگرونی دەکرد، دوو پێشمەرگەی تیپەکە لە ناو گۆڕستانەکە شەهید بوون و تەرمەکانیان جێما.

دوای ماوەیەک مانەوە لە ناو گۆڕستانی کاریزە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون نێردرانە شاخی کۆرەنگی پشتی مۆکەبە، ماوەی زیاتر لە مانگێک لە کۆرەنگ مانەوە، لەو ماوەیەدا دوژمن دەیانجار پەلاماری کۆڕەنگیدا و تێکشکا.

ڕژێمی عێراق لە دوو چۆمان هێزێکی زۆری کۆکردبووەوە بە نیازی پەلامار بوو، ئەبو فەلاح پێشمەرگەیەکی عەرەبی تیپی پیرەمەگرون بوو لە دانانی T.N.T شارەزابوو، ئەبو فەلاح (T.N.T)یەکانی ئامادەکردوو لە بناری چیای کۆڕەنگ لە ناو کەڵەکە بەردا شاردیانەوە.

هێزە کۆکراوەکەی دوژمن لەو شەوەدا پەلاماری چیای کۆڕەنگیدا، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە پاتری (T.N.T)یەکانیان تەقاندەوە دوژمن زیانی زۆری لێکەوت دەیان کەسی لێکوژرا، دوای ئەو شکستە دوژمن نەیوێرا لە سەنگەرەکانی تیپی پیرەمەگرون نزیکبێتەوە.

دوای مانگێک مانەوە لە چیای کۆڕەنگ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون نێردرانە پشتی وولاغلو لە لوتکە و قوتەکانی حەسەن بەگ، قوڵە ترش، ڕکە بەردەکان دامەزران لەو ماوەیەدا بەردەوام تۆپباران و پەلاماری دوژمنیان لە سەر بوو، لە پەلامارێکی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون دوو پێشمەرگە شەهید بوون لەو پەلامارەدا دوژمن فسفۆڕی بەکارهێنا.

**شەهیدەکان:**

١/ شەهید ڕەسوڵ زەرونی

٢/ شەهید ئەنوەر خەڵکی سلێمانی

دوای ئەو شەڕە تیپی ٢٣ی سورداش هاتنە جێگەی تیپی پیرەمەگرون، تیپی پیرەمەگرون چوونە گەڕەدێ دواتر ناردیاننە نێوان گاپیلۆن و مالومە بۆ قوتەی قسقەڵا، دوژمن بە چەکی کیمیایی لێیدان و چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون.

لەو ماوەیەدا چەند جارێک لەگەڵ جاش تووشی شەڕ بوون، لە یەکێک لەو شەڕانەدا پێنج جاشیان کوشت، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون تا ئەنفالی یەک لەوێ مانەوە.

## تیپی 57ی سـەگرمە

کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی وریای شێخ ڕەشید لە مانگی ١٩٨٦/١١ بەرەو شەڕگەکانی قەیوان ماوەت بەڕێکەوتن، کەرتەکەیان نارده قوتەی حەسەن بەگ.

تۆپخانەی دوژمن بەردەوام تۆپبارانی چیای حەسەن بەگیان دەکرد.

کەرتی چواری جەباری چەند ڕۆژێک بوو لە چیای حەسەن بەگ بوون دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانیدان، پێشمەرگەکانی کەرتی چوار بەرگری دلێرانەیان کرد، لەو بەرگرییە سەختەدا وریای شێخ ڕەشید فەرماندەی کەرتی چواری جەباری و فاتیح پێشمەرگەی کەرتی چوارو خەڵکی دێی تاوێر بەرزی ناوچەی جەباری شەهید بوون، سعود قوچلە ڕیش بریندار بوو،

کەرتی چواری جەباری پاشەکشەیانکرد تەرمی شەهیدەکان لە چیای حەسەن بەگ بەجێمان.

سعود قۆچلەری بریندار بوو چوار گوللە لە سک و قۆڵیدابوو، سعودیان خستە سەر پشتی وڵاخێک بەرەو سەر چەمی هەرزنە بەڕێکەوتن.

لە کاتی پەڕینەوە بەرەو خاکی ئێران ژمارەیەک پاسداریان بینی بڵاو ببوونەوە، لە پاسدارەکان تێپەڕین قەرەباڵغییەکیان بەدیکرد بەرەو ڕوویاندەهاتن سعود بە سەر پشتی وڵاخەکەوە بە حەمە تەپەدێی ووت ئەوە مامجەلالە.

مامجەلال پێشمەرگەکانی وەستان دوای چاکوچۆنی لەگەڵ سعود قسەیکرد بەڵام سعود بە کەمی دەیتوانی قسە بکات، مامجەلال ووتی، لە کوێ واتانلێهاتووە پێشمەرگەی کام تیپەن، ووتیان پێشمەرگەی کەرتی چواری جەبارین لە قوتەی حەسەن بەگ تووشی شەڕی گەورە بووین فەرماندە کەرتەکەمان لەوێ شەهید بووەو تەرمەکەی جێماوە.

## شـێخ ڕەشید ورەیـەكی كـەڵەگەت بوو

مامجەلال لە ئێران گەڕابووەوە شێخ ڕەشیدی باوكی شەهید وریای لەگەڵدا بوو لە پێشمەرگەكانی پرسی فەرماندە كەرتەكەتان كێ بوو، ووتیان وریای شێخ ڕەشیدە.

شێخ ڕەشید گوێی لە هەواڵی شەهید بوونی كوڕەكەی بوو، مامجەلال ڕوویكردە شێخ ڕەشیدو پێیووت وریا وەكو كوڕی خۆم وابوو یەكێك لە فەرماندە كەرتە باشەكان بوو، شێخ ڕەشید لە وەڵامدا ووتی مامجەلال ئەگەر كوڕەكەی من شەهید نەبێت، كەرتەكەی وریا شەڕ نەكات كێ بەرگری لەم وڵاتە بكات كێ بیپارێزێت.

مامجەلال گەڕایەوە سەركردایەتی، پێشمەرگەكانی جەباری سعودیان بردە ئەشكان، لەوێوە پەیوەندییەكانی (ی ن ك) سعودیان برد بۆ چارەسەرو پێشمەرگەكانی لەگەڵیدا بوون گەڕانەوە ناوچەی جەباری.

## شـــەوانە ڕۆژی قـــەیوان مـــاوەت تـــێکشکاندنی پـــەلامارەکانی دوژمـــن

لە ماوەی شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا دەیان هێرش و پەلاماری دوژمن تێکشکا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەکو قەیوان، وەکو چیای سەرکەشی گوڵێ، وەکو دووبرا و تەورداسەی پشتی سەفرە خۆڕاگر بوون، مەیدانی شەڕیان بۆ دوژمن کردبوو بە پشکۆ، بە گۆڕستان، لە ماوەی شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت هێزی پەلاماردەری دوژمن بە پشتیوانی تانک و تۆپ و فڕۆکە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، هێزی پێشمەرگەش یەک لە دوای یەک پەلامارەکانی دوژمنیان تێک دەشکاند لێرەدا بە پێی ڕۆژو مانگ بەشێک لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان- ماوەت دەخەینە بەرچاو، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژانە و تەماشاچی مەیدانی شەڕ دەبین، کە چۆن پێشمەرگە سەرتاسەری شەڕگەکەیان بۆ دوژمن کردبووە دۆزەخ.

## یـــەکەم شـــکستی دوژمن لە دۆڵبێشك

کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ هێزێکی زۆری دوژمن لە ڕەبییەکانی دۆڵبێشک و پیری موشتاغان و سەرتەختەوە بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژوو دەبابە و کۆپتەر و پیلاتۆس پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٥٣ شێروانەیاندا لە زنجیرە چیای دۆڵبێشک پێشمەرگە قارەمانەکانی شێروانە لێیاندان و نەیانهێشتن بێنە پێشەوە شەوی ١-١٩٨٦/٩/٢ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە، قارەمانەکانی شێروانە چوار پەلاماری لەسەر یەکی دوژمنیان شکاند

١٩٨٦/٩/٢ دوژمن دوو جاریتر پەلاماری سەنگەرەکانی شێروانەی دایەوە پێشمەرگە جوامێرەکان پەلامارەکانیان تێکشکاند، دوژمن بە کوژراو و برینداری زۆرەوە کشایەوە و هەڵهات

دوای پەلامارەکانی دوژمن هێزی پێشمەرگە نەخشەی دەستبەسەر داگرتنی ڕەبییەکانی زنجیرە شاخی دۆبڵشکیان دارشت هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە

قارەمانەکانی تیپەکانی ١٥ هەورامان، ٥١ گەرمیان، ٥٣ شێروانە،٥٧ سەرگرمە و تیپی مەڵبەندی یەک لە کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ٣-١٩٨٦/٩/٤ هێرشیانکردە سەر پێنج ڕەبیەی زنجیرە چیای دۆڵبێشک لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرتن ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژراو بریندار بوو لاشەی ١٠ کوژراوییان لەبەر پێی پێشمەرگەدا بوو

**دەستکەوت**

٤ ئاربیجی و ١١ و ٢٠٠ گوللە

٥ کڵاشینکۆف

٣٠٠٠٠ هەزار فیشەک

١٠٠ نارنجۆک

١٠٠ مەتارەی ئاو

لەگەڵ بەتانی و کەلوپەلێکی زۆر

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

١-شەهید سەعید باقی گۆمەزەردی تیپی ٥٣ شێروانە

٢-شەهید شیهاب ڕەشید عارف تیپی ٥١ گەرمیان

٣-شەهید کاروان حەسەن تیپی ٥٧ سەرگرمە

## شــاخە سوران- تــیپی (53) ی شــێروانە

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٨ بە مەبەستی داگیرکردنی ئەو زنجیرە شاخەی کە تیپی ٥٣ی شێروانە گرتبوویان، هێزەکانی داگیرکەر پەلاماری شاخە سورانیاندا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە و گومرگ لێیان هاتنە دەست و بەرەو ماوەت ڕاویان نان، پێشتریش جاش و سوپا هێرشیان کرد بووە سەر سەنگەرەکانی کوڕانی شێروانە بەڵام ئەوانیش بە دەردی ئەم پەلامارەیان برا بوون.

لەم پەلامارەی دوژمندا بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی شێروانە، جاشێک کوژرا، دوو جاش بە دیل گیرا، سێ کڵاشینکۆف و (١٢) مەخزەن (شانە) دەستکەوت بوون.

لە ماوەتەوە هەواڵ گەیشتە هێزی پێشمەرگە دوژمن کوژاوو بریندارێکی زۆری هەیە، ئەو تۆپانەی دەینێن بە پێشمەرگەوە لە هێزەکانی خۆیان دەدرێت.

## تــیپی 37ی شـــارباژێڕ
## ڕەبــیەی کانی وەســتا خدری و گـــوڵێ

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٨ هێزەکانی جاش و سوپای داگیرکەری عێراق هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و تیپی (٥٣)ی شێروانە و هێزی پشتگیری ناوچەکە بۆ گرتنەوەی هەر دوو ڕەبیەی کانی وەستا خدرو گوڵێ.

لە هەمانکاتدا سەرجەم سەرۆک جاشە خۆفرۆشەکان لە سەر جادەی ماوەت ژاژڵێ کۆببوونەوە تەماشاچی شەڕەکە بوون، تا شکان و بەزینی هێزەکانیان ببینن، لە ناکاودا کەوتنە بەر گوللەی تۆپخانەی شۆڕش و ژمارەیەکی زۆر لەو جاش و خۆفرۆشانە کوژران.

هەر سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٨ سەربازگەی ماوەت کەوتە بەر گرمەو ناڵەی گوللە تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش، سەربازگەکە ئاگریگرت و هۆڵەکانی سەربازگەکە بە سەر یەکدا ڕووخان.

## تـــۆپخانەی شـــۆڕش

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٨ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی مۆڵگەو سەربازگەکانی دوژمنیکرد لە ماوەت و دەوروبەری، لە ئەنجامدا چوار ئۆتۆمبێلی ئیڤاو چەند هۆڵێکی سەربازگەکە سوتێنرا.

هەر لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٨ دا تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی سەربازگەی سوورە قەڵات و سەیتەرەی سوورە قەڵاتی کرد، لە نزیک سەیتەرەی سوورە قەڵات قافڵەیەکی سەربازی بووە نیشانەی تۆپخانەی شۆڕش و تۆپەکانی بە وردی پێکایان.

لە ناو قافڵە سەربازیەکەدا، چەندین جاش و سەرباز کوژران کە لە ناویاندا سێ

ئەفسەری تیا بوو، یەکێک لەو ئەفسەرانە نەقیبی ئیستخبارات بوو بە ناوی جاسم محەمەد، دوو ئەفسەرەکەی تریش ئەفسەری فەوجی خەفیفەو سەربازی بوون ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش بریندار هەبوو.

## کــــەڵکی قـــەیوان

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتژمێر دوو نیوی شەوی ١٩٨٦/٩/٩١٨ هێرشێکی پێچەوانەیان کردە سەر هێزە بەزیوەکەی دوژمن لە کەڵکی قەیوان و گەوەڕە.

شەڕ تا کاتژمێر (٣)ی شەوی خایاند، سەنگەر بە سەنگەر، بن دارو بن بەرد، هەنگاو هەنگاو کەڵکی قەیوانیان لە هێزە داگیرکەرەکەی دوژمن پاککردەوە، کەڵکی قەیوانی پیرۆزیان کردە گۆڕستان بۆ دوژمن، کوژراوو برینداری زۆریان بە هێزەکانی دوژمن جێهێشت، کەلاکی داگیرکەر لە کەڵکی قەیواندا کەوتبوون لە بەر چڕی شەوو سەختی شەڕەکە تەنها یەک ئاربیجی (١١) دەستکەوت بوو، قوربانی هێزی پێشمەرگە، شەهید بوونی (زاهیر ئەحمەد عبدالڕحمن) پێشمەرگەی دەزگای پێشمەرگایەتی بوو، کە بە خوێنی گەشی ئەو داستانەی نووسیەوە.

## تـــۆپخانەی شـۆڕش

لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٩ هێزەکانی دوژمن خۆیان کۆکردەوە بە نیازی پەلاماردانی لوتکەی چیای گوڵێ و دەوروبەری .

تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش کەوتنە تۆپبارانی ڕێگەی ماوەت، ژاژڵە، ڕێگەی لوتکەی گوڵێ، وێستگەی کارەباکەشیان پێکا، هێزەکانی دوژمن شپرزەو هەراسان بوون، سەریان لێشێوا بوو بۆ هەر لا دەڕۆیشتن تۆپبارانی خەست بوو.

دوژمن کوژراوو برینداری زۆری هەبوو چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوتێنرا، لە هەمان کاتدا ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوتێنرا، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی جۆری لۆری پڕ تەقەمەنی کەوتە بەر تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش و تەقێندرایەوە، هەر گوللە بوو دەتەقیەوەو بە ئاسماندا دەچوو.

## تــــۆپخانە

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٩ تۆپخانەی شۆڕش بۆ چەندین جار تۆپبارانی مۆڵگەو سەربازگەکانی داگیرکەریانکرد، بووە هۆی کوژرانی چەندین جاش و سەرباز کەلاکی سێ جاش لە ناو ماوەتدا بە بەرچاوی خەڵکەوە دەبینران ڕادەکێشران.

کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٩ تۆپخانەکانی شۆڕش، تۆببارانی ڕەبیەی (دۆڵبێشک) یان کرد، زەرەرو زیانی زۆریان لێدان کوژراوو بریندار زۆر بوو، لاشەی دوو جاش بە بەرچاوی هێزی پێشمەرگەوە ڕادەکێشران.

کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٩ تۆپخانەی شۆڕشی تۆپبارانی سەربازگەی ماوەت و دەوروبەریکرد، تۆپێک بەر ترێلەیەکی پڕ لە تەقەمەنی کەوت و بۆ ماوەی دوو کاتژمێری بەردەوام لە سەر یەک دەتەقیەوە.

## تــیپی 37 شارباژێڕ و تــێکشکانی پــەلاماری دوژمن

کاتژمێر ٦ ی بەیانی و ئێوارەی ١٩٨٦/٩/٩ تۆبخانەی دوژمن بە بەردەوامی تۆببارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد لە چیای گوڵێ دوای تۆببارانێکی چڕ دوژمن لە کاتژمێر ٩ ی شەو پەلاماری سەنگەرەکانی شارباژێڕیدا لە چیای گوڵێ، پێشمەرگە قارەمانەکانی شارباژێڕ لێیان هاتنە دەست و تا سەرجادەی قیر ڕاویاننان هەمان شەو دوژمن بە پشتیوانی ٣ دەبابە و تۆپی دوور هاوێژ پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە لە چیای گوڵێ، قارەمانەکانی شارباژێڕ بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و تا ناو شارۆچکەی ماوەت ڕاویاننان زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر بوو، لاشەی ٧ چەکداریان کەوتە دەست پیشمەرگە و ٣ چەکدار بە دیلگیران .

**دەستکەوت**

١ئارپیجی (٧) ٢ ڕەشاشی دکتاریۆف، ٧ کلاشینکۆف و ٣٠ مەخزەن دەیان گوللەی ئارپیجی چەندین سندوق فیشەکی کلاشینکۆف و بی کەی سی و کەلوپەلێکی زۆر، ٣ پێشمەرگەش برینداربوون

## شــەڕگەی خــەمزە- قــەیوان

کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٠ هێزەکانی داگیرکەر تۆپخانەکانیان خستە کار بە تۆپی دوورهاوێژو دەبابە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر تۆببارانی کەڵکی قەیوانیانکرد تا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سورداش و ٩٣ی کۆیە بکەنە ئامانج و لە کەڵکی قەیوان هەڵیانکەنن، بەڵام کوڕانی کۆیە و سورداش وەکو قەندیل و دووبرا بە قەیواندا ڕۆچو بوون و داکوترا بوون.

هەر بۆیە هێزەکانی داگیرکەر لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە و ٢٣ی سورداش، پێشمەرگە قارەمانەکانی سورداش و کۆیە لێیان هاتنە دەست، دەیان کەلاکیان لێخستن، هێرشێکی پێچەوانەیان کردەوە سەر هێزەکانی داگیرکەرو بەدروشمی (ورەمان کێوی قەندیلەو نانەوێ)، دەیان کەلاکیتریان لە مەیدانی شەڕدا لێخستن و ڕاویاننان دوو کلاشینکۆف و شانزە مەخزەن دەستکەوت بوو.

## سـێ شــەهید

## لە خــەمزەو دوو بــرا و کــەڵکی قەیوان

لە هێرش و نەبەردیەکانی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەرو تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن ئەم سێ پێشمەرگەیە شەهید بوون.

١/ ئیبراهیم غەفور ناسراو بە مام برایم جێگری تیپی ٢١ی کەرکوک، قارەمانی چەندین نەبەردو داستانی خوێناوی بوو.

٢/ کەریم ساڵح دوبزی پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک، قارەمانی چەندین نەبەردو داستان بوو.

٣/ نورەدین عەلی فەرەج پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک و قارەمانی چەندین داستان و نەبەردی، شەهید نورەدین چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەی بوو تا کاتی شەهید بوونی.

## بـــۆردومانی فـــڕۆکە

دوژمن لە بەردەم لولەی تفەنگی پێشمەرگەدا بەزیوو تەزیوو بوو، دەیان هێرش و پەلاماری لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە وردو خاشکرا، هەر بۆیە ڕق و کینەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی بە خەڵکی بێ چەک، خەڵکی دێیەکان دەڕشت، لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دۆڵبێشک و خەمزە و قەیوان و چیای گوڵێ و مارە ڕەش و شاخ و لوتکە و قوتەکانی تر لە شەڕو بەرگریدا بوون دژی هێزەکانی داگیرکەر.

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٠ فڕۆکەکانی دوژمن بۆ جاری دووەم بۆردومانی دێهاتەکانی دۆڵی جافەتیانکرد لە ئەنجامدا (٢٠) هاووڵاتی بریندار بوون، دژە ئاسمانیەکانی شۆڕش ڕووبەڕووی فڕۆکەکان بوونەوەو نەیانهێشت شوێن مەبەستەکان بپێکن.

هەر لە بۆردومانی فڕۆکەکانی داگیرکەردا لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٠ (کەریم مەحموود کوردە) پێشمەرگەی مەڵبەندی (٤) شەهید بوو.

## دۆڵـــە ڕوت- کـــەڵکی قـــەیوان

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ گەلە جاشێکی خۆفرۆش بە پشتیوانی دەبابە، هێرشیانکردە سەر کەڵکی قەیوان.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی لێیان هاتنە دەست و تاکو (دێ کۆن) ڕاویاننان لە کاتی شکان و ڕاکردنی جاشە خۆفرۆشەکاندا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سورداش لێیاندان و بەرەو ناو سەربازگەی سارداو ڕاویاننان، دەیان لاشەیان لێخستن.

## لە کـــارێزەو مـــۆکەبەوە

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ تاقمە جاشێک بە پشتیوانی تۆپ و دەبابە و پیلاتۆزو کۆپتەر لە دوو لاوە هێرشیان دەستپێکرد.

لە قۆڵی مۆکەبە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن و ١٩ی کۆڕەک لێیاندان، پاش شەڕێکی چەند کاتژمێری جاشەکان هەڵاتن.

لە هەمانکاتدا لە نێوان مارە ڕەش و مۆکەبە تاقمە خۆفرۆشێک پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا بەشێک لە قارەمانەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن و دەزگای پێشمەرگایەتی لێیان هاتنە دەست و کوژراوو برینداری زۆریان لێخستن، دوو کەلاکیان لە مەیدانی شەڕدا جێمان.

لە قۆڵی مۆکەبەشەوە بە هەمان شێوە، جاشەکان چەندین کوژراوو برینداریان هەبوو.

هەر لە کاتی تێکشکاندنی جاشەکاندا، تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی جاشە خۆفرۆشەکانی کردو پەرتەوازەیکردن.

لە هەمانکاتدا کۆپتەرو پیلاتۆز لە مەیدانی شەڕدا دەسوڕانەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر تەقەیان لێکردن و لە ئاسمانی شەڕەکەدا ڕاویاننان.

## تــــیپی 86ی دەشـــتی هەولێر- 93ی کـــۆیە

کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ دوو فڕۆکەی شەڕکەری پیلاتۆز هاتنە سەر قەیوانی گەورەو بچووک.

قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٩٣ی کۆیە لێیان هاتنە دەست و دایاننە بەردەسترێژی چەکە قورس و سوکەکانیان.

لە ئەنجامدا یەکێک لە فڕۆکە پیلاتۆزەکان پێکراو لە بەر چاوی پێشمەرگەکاندا گڕیگرت و دووکەڵی لێبەرز بووەوە، لە بناری قەیواندا کەوتە خوارەوەو پەراش پەراش بوو.

## قـــۆڵی کــــاریزە

کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی تۆپ و فڕۆکەی پیلاتۆز پەلاماری کاریزەو سەر شاخی کۆرەنگیاندا، پێشمەرگەکانی تیپەکانی ١٩ی کۆڕەک، ٢١ی کەرکوک، ٩٣ی کۆیە لێیان هاتنە دەست تا ئەو بەری ئاوی کاریزە ڕاویاننان، (٥) لاشەیان پێجێهێشتن، کە خەڵکی کاریزە دەیانبینی پەلکێشیان دەکردن.

کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزێکیتری دوژمن هێرشیان کردەوە بۆ هەمان شوێن، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی کۆیە و کۆڕەک لێیاندان و تا ناو کاریزە ڕاویان نان.

دیسان لە شەوی ١٣\١٩٨٦/٩/١٤ هێزەکانی دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی تیپەکانی ١٩ی کۆڕەک و ٩٣ی کۆیە و ٩٩ی بیتوێن لە بناری مارە ڕەش و مۆکەبە و کۆڵەرد.

پێشمەرگەکان لێیانگەڕان تا بە تەواوەتی هاتنە پێش، قارەمانەکانی ١٩ی کۆڕەک، ٩٩ی بیتوێن، ٩٣ی کۆیە، ٢١ی کەرکوک، ٤٣ی ئاسۆس، ٦٩ی بلْفەت، ٦٣ی جوتیاران و پێشمەرگەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) لە کاتژمێر ١٠ی شەودا بۆیان داگەڕان و هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکانی داگیرکەر، تا ناو کاریزەو مۆکەبە ڕاویان نان، کوژراوو بریندارێکی زۆریان پێجێهێشتن.

تاقمە چەکدارێک سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٣ ویستیان دزە بکەن و سنووری پێشمەرگە ببەزێنن، لە ناکاو کەوتنە بەر هەڵمەتی قارەمانەکانی پشتگیری و گومرگ، چوار کەلاکیان پێجێهێشتن و جاشێکیش بە دیل گیرا.

## پـــێکان و کەوتنە خـــوارەوەی فـــڕۆکەیەك

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٤ دوو فڕۆکەی جۆری سیخۆی حکومەتی عێراق، بۆردومانی دێی یاخسەمەریان کرد کە بارەگای هەڤاڵ مامجەلالی لێبوو.

چەکە دژە ئاسمانیەکی شۆڕش لێیان هاتنە دەست و فڕۆکەیەکی سیخۆیان

پێکاو لە سەر ئاسمانی یاخسەمەر گڕی تێبەربوو ناچار ناوچەکەی بەرەو کەرکوک بەجێهێشت و هەڵات، لە دەوروبەری سوسێ ساروخەکانی فڕێدایە خوارەوەو ئۆردوگاکەی ئاگادار کردەوە، کە ئاگری تێبەر بووە و خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، بەڵام فڕۆکەکە نەیتوانی بگاتەوە کەرکوک و لە نزیک قەرەهەنجیر کەوتە خوارەوەو پەراش پەراش بوو.

جێگەی باسە پێشتریش ڕۆژی ۱۹۸٦/۹/۱۰ حەوت فڕۆکەی ڕژێمی عێراق دێی یاخسەمەری بۆردومان کردبوو.

## زەرون- تـــەورداسە

لە شەوی ۱٤\۱۹۸٦/۹/۱٥ هێزەکانی دوژمن کە پێکهاتبوون لە ژمارەیەک جاشی خۆفرۆش پەلاماری بەرزاییەکانی زەرونیانداو، قارەمانەکانی تیپی ٥٣ی شێروانە لێیان هاتنە دەست و جاشێکیان کوشت، ئەوانیتریش هەڵاتن.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ٥٧ی سەگرمە لە شەوی ١٥\١٩٨٦/٩/١٦ هێرشێکی خێرایان کردە سەر زنجیرە لوتکەکانی چیای تەورداسەی پشتی زەرون و لە چەکدارەکانی دوژمنیان پاک کردەوەو ڕاویاننان، چەکدارەکانی دوژمن هێندە بە هەڵەداوان ڕایانکرد، چەکدارێکیان کەوتە ئاوی هەرزنە و ئاو بردی، لەو هەڵمەتەدا ٦٢٠٠ فیشەکی بیکەیسی و ٩٨ گوللە ئاربیجی دەستکەوتی کوڕانی گەل بوون.

## کـــارێزە- کـــوڕەنگ

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٤ پیلاتۆزو کۆپتەرو دەبابە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا، کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی شەو هێرشیان بۆ پشتی کارێزە کۆن و کۆڕەنگ دەستپێکرد، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس، ٩٣ی کۆیە، ١٩ی کۆڕەک، ٨٧ی قەرەچوخ، ٤٧ی پیرەمەگرون، هێرشەکەی دوژمنیان تێکشکاند، تا مۆڵگەکانیان ڕاویاننان، دوژمن دەیان کوژراوو بریندار هەبوو.

## قــوڵی قــەیوان- مــۆکەبە

شەوی ١٤\١٩٨٦/٩/١٥ چەکدارەکانی دوژمن دەیانویست لە نێوان مارە ڕەش و قەیوانەوە دزە بکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لێیاندان و ڕاویاننان ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن، دە کەلاک دەبیندران.

هێزێکی هاوبەش لە قارەمانەکانی کۆڕەک و پیرەمەگرون و ناوچەی قەڵادزێ، بڵفەت، ئاسۆس، جوتیاران هەمان کات و کاتژمێر (٢)ی شەو هێرشیان بردە سەر چەکدارەکانی دوژمن لە مۆکەبە و ڕەبییەکانیان بە سەردا ڕووخاندن، ژمارەیەکی زۆریان کوشت و بریندار کرد.

## لە تــــیپی مـــەڵبەندی دوو

کاتژمێر (٥)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٥ چەکدارەکانی دوژمن بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابە بە نیازی گرتن و وێرانکردن پەلاماری دێی قەمچوغەیاندا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٨)ی مەڵبەندو هێزی پشتگیری ناوچەکە، بەرپەرچی پەلامارەکەی دوژمنیان دایەوەو تێکیان شکاندن.

تا کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ دوو هێرشی تریان هێنایە سەر قەمچوغە بەڵام ئەوانیش وەکو پەلامارەکەی پێشویان تێکشکێندران.

هێزەکەی دوژمن سەری بەزیویان بەرەو دووکان هەڵگرت، دەبابە لە پێش هێزە شکاوەکەوە هەڵدەهات بە جۆرێک کەلاکی کوژراوەکانیان بە ڕاکێشان بردەوە دووکان، (٧) چەکداری دوژمن کوژران، (٤) چەکداریش بریندار بوون.

قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (عومەر عەلی محەمەد) سەرگەڵویی بوو.

## سێ شەهید لە دۆڵبێشك:

١/ شەهید محەمەد عەزیز خەڵکی (هێرو- قەڵادزێ) جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٦٥ی بڵفەت.

٢/ شەهید شەریف حاجی فەرەج ناسراو بە شەریفە سوور خەڵکی باوە کۆچەکی هەڵەبجە، جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ١٥ی هەورامان، قارەمانی چەندین داستان و نەبەردی بوو، تا ئەو کاتە شانزەیەمین شەهیدی بنەماڵەکەی بوو.

٣/ شەهید شەهاب ڕەشید عارف، پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٥١ی گەرمیان.

## دیـــسان- کــــەڵکی قـــەیوان

ڕۆژانی ٩/١٦ تا ٩/١٨ لە دوو کاتی جیادا، چەکدارە هەڵخەڵەتاوو سوکەکانی دوژمن، پەلاماری کەڵکی قەیوانیاندا قارەمانەکانی تیپی (٣١)ی سلێمانی سەدان جاشیان لێکوشت و بریندار کرد.

## لە تــۆپخانەی شــۆڕشەوە

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٧ تۆپخانەی شۆڕش شوێنی کۆبوونەوەی سەربازو ئالیەتەکانی دوژمنی بە سەختی بۆردومانکردو زیانی زۆری پێگەیاندن.

+ تێکشکاندنی هەموو ئەو تۆپانەی کە لە لای کارێزە دایاننابوون بۆ تۆببارانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

+ تەقاندنەوەی ئیڤایەکی پڕ لە تەقەمەنی.

+ تەقاندنەوەی یەک قائیدەی ڕاجیمە.

+ سوتاندنی ئیڤایەکیتر.

+ تۆپبارانکردنی شوێن کۆبوونەوەکانی دوژمن، ئەو شوێنەی چەکدارەکانی دوژمنی تیا کۆ دەبوونەوە کەوتە بەر ڕەحمەتی تۆپخانەی شۆڕش و چل چەکداری دوژمن لەو بەر ئاوی کارێزە کوژران.

ئەو تۆپ و ئیڤا پڕ لە تەقەمەنیانەی کەوتنە بەر ڕەحمەتی تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش، تا کاتژمێر دوانزەو نیوی نیوەڕۆ بە بەرچاوی خەڵکەوە دەسووتان.

## تـــیپی 31ی ســــلێمانی

پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی بڕیاریاندا بوو ئەگەر کەڵکی قەیوان بەو ڕەقی و سەختیەی خۆیەوە لە ژێر تۆپ و تانکی دوژمندا بتەپێ ئنجا بە جێی ناهێڵن و دەیکەنە گۆڕستانی داگیرکەر.

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٦ و سەر لە بەیانی ١٩٨٦/٩/١٧ لە دوو کاتی جیادا، هێزێکی دوژمـن کە پێکهاتبوو لە چەکدارە گەجەرو گوجەرەکانی سەر جادەو کۆلانی شارەکان و سوپای ڕەشی فاشی، بە پشتیوانی تۆپ و دەبابەو کۆپتەرو پیلاتۆز هێرشێکی گەورەیان کردە سەر کەڵکی قەیوان.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی تا کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ تێکیان شکاندن و دەیان کەلاکیان لە مەیدانی شەڕدا پێجێهێشتن، سەدان کوژراوو برینداریان لێخستن، قوربانی ئەم سەرکەوتنەش خوێنی گەشی (ئیسماعیل مەعروف) پێشمەرگەی تیپی (٣١)ی سلێمانی و خەڵکی موبرە بوو.

تۆپخانەی شۆڕش شان بە شانی هەڵمەتەکانی پێشمەرگە دەیـان چەکداری دوژمنیان کوشت و شوێن نیشانەکانیان دەپێکا.

## چــیای کـــۆڕەنگ

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٦ تۆپخانەکانی داگیرکەر بە تۆپ و ڕاجیمەو هاوەن سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لە چیای کۆڕەنگ تۆببارانکرد.

کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی هەمان شەو ١٩٨٦/٩/١٧\١٦ هێزەکانی داگیرکەر هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر سەنگەری قارەمانەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک، ٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن، مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون.

پێشمەرگە قارەمانەکان لە هێزەکەی دوژمن هاتنە دەست و تێکو پێکیان شکاند، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن.

## مـــــارە ڕەش

کاتژمێر ٦ی ئـێـوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٦ هـێزەکانی دوژمـن پـەلامـاری پێشمەرگەکانیاندا لە چیای مارە ڕەش.

قارەمانەکانی تیپی ٢٣ی سورداش کەوتنە وێزەی هێزی داگیرکەرو چیای مارە ڕەشیان بۆ کردنە گۆڕستان، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ یش هاتن بە هانای شەڕەکەوە.

## لە قـــۆڵی کـــاریزەوە

لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٦ تا کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی بەیانی ١٩٨٦/٩/١٧ هێزەکانی دوژمن بە پشتیوانی هاوەن و دەبابەو ڕاجیمە و چەکی دوورهاوێژ تۆببارانی سەنگەری پێشمەرگە قارەمانەکانیکرد لە چیای کۆڕەنگ لە چوار لاوە تۆپخانەکانی دوژمن کۆڕەنگیان کردبووە ئامانج.

لە کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی شـەودا هێزەکانی داگیرکەر لە ژێر فەرماندەیی فەرماندەی سەربازی ناوچەکەو لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرە پۆلایینەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک و ٩٣ی کۆیەو ٩٩ی بیتوێن و مەفرەزەیەکی تیپی (٤٧)ی پیرەمەگرونیاندا، شەڕ تا کاتژمێر پێنجی بەیانی بەردەوام بوو.

قارەمانەکانی (ی ن ک) دۆزەخێکیان بۆ هێزەکانی داگیرکەر داخست، کەس نەبووە برای کەس و دەیان کەلاکیان لە مەیدانی شەڕەکە بەهێزە بەزیوەکەی داگیرکەر جێهێشت، ڕاجیمەو تۆپخانەو تۆپی دوورهاوێژ دادی نەدان پێشمەرگەکانیش بێ زیان بوون.

## تـــیپی 99 – پـــاسۆك

کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٧ دووبارە تۆپخانەکانی دوژمن چیای کۆڕەنگیان تۆببارانکرد، بەڵام ورەی پێشمەرگە لە کۆڕەنگ بەرزتر بوو لە بەردەم تۆپخانەی دوژمن خۆڕاگرو نەنەویو بوون.

دوای تۆببارانی سەختی کۆرەنگ، هێزەکانی داگیرکەر لە کارێزە و مۆکەبەوە

هێرشی بێ ئەنجامیان دەستپێکرد، قارەمانەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) هێرشەکەی دوژمنیان تێکشکاند و تا ناو مۆڵگەکانیان ڕاویاننان.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزە بەزیوەکەی داگیرکەر هێرشێکیتریان کردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کۆرەنگ، ئەمجارەش لێیاندان و سەری بەزیویان پێهەڵگرتنەوە بۆ ناو مۆڵگەکانیان.

قوربانی ئەم سەرکەوتنەش خوێنی گەشی پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) (عەتا ئەحمەد) ناسراو بە (بێستون) بوو.

## داســـتانی قەیوان ماوەت
## قۆناغی یـــەکەم 1 تا 1986/9/20

بەشێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپەکانی ٣٧ شارباژێر، ٣١ سلێمانی، ٩٣ کۆیە، ١٩ کۆڕەک، ٤٧ پیرەمەگروون، ٢٣ سورداش، ٥١ گەرمیان، ٥٣ شێروانە، ٨٧ قەرەچوغ، ٥٧ سەگرمە، ٩٩ بتوێن، ٢١ کەرکوک، ٢٥ خاڵخالان، ٨٦ هەولێر، ٤٣ ئاسۆس، ٦٥ بلفەت، ٥٥ قەرەداغ، ١٥ هەورامان، ٦٣ جوتیاران، ٨٣ هەوری، تیپی مەڵبەندی یەک و دوو پاسۆک و دەزگای پێشمەرگایەتی و هێزی پشتگیری و گومرک و پێشمەرگەی تۆپخانە و چەکە دژی ئاسمانییەکانی شۆڕش لە ١ تا ١٩٨٦/٩/٣٠ قارەمانانە بەریان بە شالاوەکانی دوژمن گرت و شکاندنیان، لوتکە و کێوەکانی شاخە سوران و دوو برا و مۆکەبە و کوێرەنگ و دۆڵبێشک و قەمچوغە و هەرزنە و پشتی سەفرە و زەروون و تەورداسیان کردە گۆڕستانی دوژمن ناوچەی شەڕەکە کەوتبووە سەر خەتی سلێمانی-سەربازگەی سارداو لەوێشەوە بۆ قەیوان و کارێزە و دۆڵبێشک و ماوەت و پشتی ماوەت کە بە ٦٠ کیلۆمەتر مەزەندە دەکرا، بە هەزاران سەرباز و جاش و پاڵپشتی دەبابە و کۆپتەر و پیلاتۆس و فڕۆکەی شەڕکەری گەورە و چەکی هەمەجۆر لە ٩/١ تا ١٩٨٦/٩/٢٠ (٥١) جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، لەو پەلامارانەدا ٤٢ فەوجی جاش و سەربازی بەشداربوون سەرجەم پەلامارەکانی دوژمن لەبەردەم ئیرادەی پۆلاینی پێشمەرگەدا تێکشکا و بە سەدان کەس لە دوژمن کوژران و بریندابوون ٣٩ کەسیان لێ بەدیلگیرا، دەسکەوتی پێشمەرگە (٧٥) پارچەیەکی هەمەجۆربوو جگە لە تۆپبارانی پچڕپچڕ تۆپخانەی شۆڕش (١٧) جار هێز و ناوچە و سەربازگە و جبەخانە و ڕێگە و بانی هاتوچۆی دوژمنی تۆببارانکرد ٣ دەبابە و ٣ مودەڕەعە و ١٥ ئۆتۆمبێل و ٢ مەشجەب و ٢ قائیدەی راجیمە و ٢ تۆپی گەورەی تەقاندەوە و تێکشکاند، ٢ سەربازگە و ١٠ ڕەبیەشی سوتاند و کاولکرد، چەکە دژە ئاسمانییەکانی پێشمەرگە سێ فڕۆکەی پیلاتۆس و سیخۆ و کۆپتەریان بەبەر چاوی خەڵکەوە پێکاو خستە خوارەوە لە بەرامبەر ٥١ جار پەلاماری دوژمن و تێکشکاندنی سەرجەم پەلامارەکان لەلایەن

پێشمەرگەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان جگە لە دەستبەسەراگرتنی ناحیەی کارێزە لە ماوەی ئەو (٢٠) ڕۆژەدا ٩ هێرشی بەربڵاوییان کردە سەر هێزەکانی دوژمن و زیانی گەورەی گیانی و ماڵیان پێگەیاندن، قوربانی هێزی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن و هێرشکردنە سەر مۆڵگە و سەربازگە و ڕەبییەی دوژمن لە ماوەی (٢٠) ڕۆژی بەردەوام شەڕ و پێکادانداا (٢٦) شەهیدی مل کەڵ و سەر لە هەورگیرکردوو بوون لەگەڵ پێشمەرگەیەکی شەهیدی پاسۆک و محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ

**شەهیدەکان**

١-شەهید کامیل ڕەسوڵ عەبدوڵڵا فەرماندەی مەفرەزەی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون

٢-شەهید بەکر جەلال تالیب تیپی ٤٧ پیرەمەگروون

٣-شەهید بەکر حەمە ئەمین عەزیز تیپی ٤٧ پیرەمەگروون

٤-شەهید محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ تێکۆشەر و کورد پەروەر دۆستی نزیکی مام جەلال

٥-شەهید سەعید باقی گۆمەزەردی تیپی ٥٣ شێروانە

٦-شەهید کاروان حەسەن تیپی ٥٧ سەرگرمە

٧- شەهید شیهاب ڕەشید عارف تیپی ٥١ گەرمیان

٨-شەهید بەکر عەزیز فەرماندەی مەفرەزە تیپی ٩٣ کۆیە

٩-شەهید لەتیف عەبدوڵڵا جێگری فەرماندەی کەرت تیپی ٣١ سلێمانی

١٠-شەهید کەریم سابیر پێشمەرگەی تیپی ٢١ کەرکوک

١١-شەهید شێخ جەمال بەهادین جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ گەرمیان

١٢-شەهید شەریف حاجی فەرەج فەرماندەی کەرت تیپی ١٥ هەورامان

١٣-شەهید جەلال دۆڵبێشکی جێگری فەرماندەی کەرت

١٤-شەهید شوکر وەلی تیپی ٥١ گەرمیان

١٥-شەهید باقی محەمەد عەلی گۆمەزەردی تیپی ٥٣ شێروان

١٦-شەهید محەمەد عەبدوڵڵا تیپی ٦٥ بڵفەت
١٧-شەهید محەمەد عەزیز خان تیپی ٦٥ بڵفەت
١٨-شەهید جەمال عەزیز تیپی ٨٧ قەرەچوغ
١٩-شەهید ڕەسوڵ بەکر تیپی ٨٧ قەرەچوغ
٢٠-شەهید بەهادین محەمەد ئەمین جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی ٣٧ شارباژێڕ
٢١-شەهید عومەر عەلی محەمەد جێگری فەرماندەی کەرتی مەڵبەندی دوو
٢٢-شەهید ئیسماعیل مەعرووف تیپی ٣١ سلێمانی
٢٣-شەهید ئیبراهیم غەفور ناسراو بە مام برایم جێگری فەرماندەی تیپی ٢١ کەرکوک
٢٤-شەهید نورەدین عەلی فەرەج تیپی ٢١ کورکوک
٢٥-شەهید زاهیر ئەحمەد عەبدولڕەحمان دەزگای پێشمەرگایەتی
٢٦-شەهید خالید محەمەد ئەمین تیپی ٤٧ پیرەمەگروون
٢٧-شەهید ئاسۆ حەمە سەعید تیپی ٤٧ پیرەمەگروون
٢٨-شەهید عەتا ئەحمەد پێشمەرگەی پاسۆک

## تـــیپی -37 چـــیای گـــوڵێ

تۆپەکانی دوژمن لە کاتژمێر (٥) ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢٢ لە کەناروێ، سووره قەڵات، قەڵاچوالان، ماوەت لەگەڵ سێ دەبابە و هاوەنی (٦٥- ٦٨- ٦٠) ملم لە ناو ماوەت و سەرجادەی قیرەوە، کەوتنە تۆپبارانی سەنگەری پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ و بەردەوام ناڵەو گرمەی تۆپ لە زەمین و ئاسماندا دەنگی دەدایەوە.

لە سەعات ١٠ی شەودا دوای تۆپبارانی چڕ لە قۆڵی ژاژڵەو کانی وەستا خدرو کانی بێوکەوە هێرشیانکردە سەر چیای گوڵێ، قارەمانەکانی شارباژێڕو شێروانە بێباک لە تۆپباران و هێرشی بەزیوان لە هێزەکەی دوژمن ڕاسان و تێکیان شکاندو ئەو هەموو تۆپباران و هێرشەیان کردن بە خەیاڵ پڵاوو دەیان کەلاکیان لێخستن.

قۆڵی دووەم لە سەعات ١١ی شەودا لە دڕەلەو گابەرواو بەردەپانەوە بەرەو سپیدارە هێرشیانکرد، قارەمانەکانی شارباژێڕیش وەک هەمیشە هێرشەکەی دوژمنیان وردو خاشکرد.

قۆڵی سێیەم لە کاتژمێر یەکی نیوە شەودا لە ئاوکورتێ و ژاژڵە و شاخە سوران و دڕەلەوە هێرشێکیتریان کردەوە، ئەم جارەش هێزی پێشمەرگەی نەبەز وەک ئەوانیتر تێکو پێکیان شکاندن و بە کەلاکی زۆرەوە هەڵیاننان، ئنجا لە کاتژمێر ٤ی شەودا جارێکیتر لە هەموو ئەو شوێنانەی پێشوو، لە میراواو کۆرەنگ و لە پشتەوە هێرشیانکرد، ئەمجارەش وەک جارەکانیتر بەشیان هەر بەزین و هەڵاتن بوو.

## مـــاوەت- ســـــورەقەڵات

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢ و کەرتی ٣ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، لە شەوی ١٩٨٦/٩/٢٥\٢٤ چوونە سەر جادەی سووره قەڵات- ماوەت بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا.

لە کاتژمێر ١١ی شەودا ئیڤایەکی پڕ لە چەکدار کەوتە بۆسەکەوە- پێشمەرگەکان دایانە بەر دەسڕێژی گوللە، لەگەڵ یەکەم گوللەی ئاربیجی دا هەموو چەکدارەکان

سووتان، تەنها چەکدارێک فریای دابەزین کەوت ئەویش کوژرا، دەستکەوت یەک کلاشینکۆف بوو.

## کـەڵکی قـەیوان

کاتژمێر ١٠ی شەوی ١٩٨٦/٩/٢٦\٢٥ هێزێکی زۆری جاش بە پاڵپشتی تۆپ و تانک و کۆپتەر کە لە سەربازگەکانی سارداوو سوورە قەڵات و خێوەتەوە پێشی دەکوتان هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قوڵقوڵەو کەڵکی قەیوان، پێشمەرگە قارەمانەکانی (ی ن ک) کارێکیان پێکردن، تا ناو سەربازگەو مۆڵگەکانیان ڕایانکرد، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون.

## تـۆپخانەی شـۆڕش

پێشمەرگە دلێرەکانی تۆپخانەی شۆڕش لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقە و ١١ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢٦ لە دوو کاتی جیاوازدا هێزی چەکدارو بارەگاو مۆڵگەکانی دوژمنیان تۆپبارانکرد، دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت.

١/ تەقاندنەوەی عەماری موهیمات کە بە سەدان گوللە تۆپی تیا تەقیەوە.

٢/ سووتاندنی یەک ئیڤا و تێکشکاندنی ئیڤایەکیتر.

٣/ کوژراوو برینداری زۆر لە هێزەکانی دوژمن.

## کـەڵکی قـەیوان هێرشی تـێکشکاو

کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢٧ ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارو چڵکاو خۆری دوژمن بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژ و هاوەن و دەبابە لە سەربازگەی سارداوو خێوەتەوە بەرەو قەیوان کەوتنەڕێ، تۆپی دوور هاوێژ و دەبابە لە سوورەقەڵاتەوە پێشی هێزەکەی دەکێڵاو بە خەیاڵی خۆیان پاکیان دەکردەوە.

لە کاتژمێر ٨ی ئێوارەدا کەوتنە بەر هێرش و هەڵمەتی پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی، هێزی قارەمانی سلێمانی بە پاڵپشتی تۆپخانەی شۆڕش کارێکیان

پێکردن با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

هێزە بەزیوەکەی دوژمن لە کاتژمێر ٨ی ئێوارە تا کاتژمێر ٨ی بەیانی (١٠) هێرشی بەردەوامیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کەڵکی قەیوان، هەر هێرشێکیان بە فەوجێکی تازە ئەنجام دەدا، لە دە هێرش و دوانزە کاتژمێری بەردەوامدا تەنها تیپی (٣١)ی سلێمانی تێکیشکاندن و وردو خاشیکردن.

سەر لە بەیانی ١٩٨٦/٩/٢٨ تیپی ٢٣ی سورداش چوونە سەر شاخ و لە سەنگەرەکاندا دامەزران، هەر چەندە تیپی ٣١ی سلێمانی وتیان پێویست ناکات خۆمان چاریان دەکەین، بەڵام کوڕانی سورداش تامەزرۆی ڕاونان و دیمەنی ڕاکردنی چەکدارەکانی دوژمن بوون.

دیسان لە کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی ١٩٨٦/٩/٢٨، هێزێکیتری داگیرکەر بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابەو کۆپتەر و تۆپی قورس و دوورهاوێژ کە لە سەربازگەکانی سارداو، خێوەتە، سوورەقەڵات، دەیانبۆڵاند لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تا کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ دە هێرشیتریان کردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی و ٢٣ی سورداش لە کەڵکی قەیوان، هەر دە هێرشەکە لە بەردەم ورەی پۆڵاینی کوڕانی سلێمانی و سورداشدا وردو خاش بوون.

دیسان لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە هێزە شکاوەکەیان کۆکردەوەو هێرشیانکردەوە، شەڕ تا کاتژمێر ٦ی ئێوارەی خایاند، ئەمانیش تێکشکێندران، لەم هێرشەدا پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٣١ی سلێمانی (یاسین کەریم ساڵح) شەهید بوو شەش پێشمەرگەش بریندار بوون.

پێشمەرگە قارەمانەکانی سورداش و سلێمانی هێزە شکاوو پەرتەوازەکەی دوژمنیان تا ناو سەربازگەی سارداو ڕاونا، بەمجۆرە ٢١ هێرشی دوژمن لە دۆڵە ڕووت و سارداوو خێوەتەوە بۆ سەر کەڵکی قەیوان تێکشکێندرا، شەڕ شەوو ڕۆژێک بەردەوام بوو.

تۆپخانەی شۆڕش چەڕە دووکەڵی بەردابووە هێزەکانی دوژمن، دوژمن زیانی گیانی زۆر بوو.

لوغمێکی تانک شکێنی پێشمەرگە بە دەبابەیەکدا تەقیەوەو سووتاندی، ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە تەقەمەنی و چوار ئۆتۆمبێلی تر گڕیان گرت و تەقینەوە.

لە تێکڕای ٢١ هێرش تەنها لوتکەیەکیان دەست بە سەرداگرت قارەمانەکانی ٩٣ی کۆیە و ٣١ی سلێمانی و ٤٧ی پیرەمەگرون و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیست، لە ماوەی پێنج دەقیقەدا لە دەست دوژمن دەریانهێنا، هەر لەو شەڕانەدا پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی ٤ی تیپی ٣١ی سلێمانی بە ناوی لەتیف شەهید بوو.

## تــێکشکاندنی چــوار پــەلاماری دوژمن

هێزەکانی ڕژێمی داگیرکەری عێراق لە جاش و سوپا و قوات خاسە، لە سەرەتای مانگی نۆ تا کۆتایی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٦ دەیان هێرشی گەورەو بەرفراوانی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شەڕگەی قەیوان ماوەت، لە سەرجەم هێرشەکاندا تێکشکاو کوژراوو برینداری زۆری هەبوو، بەڵام دوای ئەو هەموو شکستە هێشتا عاقڵ نەببوو، جارێکیتر و لە کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٦/١٠/٣ لە چوار قۆڵەوە هێرشی هێنا پێکهاتبوو لە هێزەکەی دوژمن ٨ فەوج و ٧ مەفرەزەی خاسەی سەر بە ئیستخبارات (٣) تانکی (تی ٥٥)، ٤ تۆپی گەورەی دوورهاوێژ و کۆپتەرو پیلاتۆز. سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە هێزەکەی دوژمن پێکهاتبوو لە ٨ فەوج و ٧ مەفرەزەی خاسەی سەر بە ئیستخبارات و (٣) تانکی (تی ٥٥) و ٤ تۆپی گەورەی دوورهاوێژ و کۆپتەرو پیلاتۆز.

قۆڵی یەکەم لە دۆڵبێشکەوە بەرەو پشتی وڵاغلو.

قۆڵی دووەم لە سوورەقەڵاتەوە بۆ کونە ماسی و پشتی بەندۆر.

قۆڵی سێیەم لە کارێزەوە بەرەو کارێزە کۆن.

قۆڵی چوارەم لە مۆکەبەو کارێزەوە بەرەو شاخی کۆرەنگ.

ئەو چوار هێرشە لە ژێر فەرمانی محەمەد هەمزەی خائین و جاسوسی بێگانەدابوو.

کە لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢٩ لە کۆبوونەوەیەکدا لە شاری سلێمانی بە سەرۆک جاشەکانی ڕاگەیاندبوو تا ئامادە بن بۆ هێرشێکی لەو جۆرە، بەڵام قارەمانەکانی (ی ن ک) هێزی پێشمەرگەی خۆڕاگر لە هەر چوار قۆڵەکەوە پێشیان بە هێرشی دوژمن گرتوو تێکیان شکاندن.

قۆڵی یەکەم لە سەرەتای هێرشی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ی سۆران و ٥١ی گەرمیان لێیاندان، کوشتارێکی زۆریان لێکردن و بەرەو سەربازگەی سوورەقەڵات ڕاویان نان.

قۆڵی دووەم- سێهەم، هێزەکانی داگیرکەر لە دوو لاوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٩ی بیتوێن و مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، لە سەنگەرەکانی پێشەوە بۆیان دامەزران، لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی دوژمن، پێشمەرگە لێیاندان و تا ناو کارێزەو سوورەقەڵات ڕاویاننان و دەیان کەلاکیان لێخستن.

قۆڵی چوارەم، هێزەکانی دوژمن، جاش و چەکدارە بەکرێگیراوەکان لە مۆکەبەو کارێزەوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیای کۆرەنگ.

گورز وەشێنەکانی مەڵبەندی سێ، دلێرەکانی ١٩ی کۆڕەک و ٧٨ی کارۆخ لێیان ڕاپەڕین و گورزی کوشندەیان لە هێزەکەی دوژمندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەیدانی شەڕەکەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، هێزەکەی داگیرکەریان شپرزە کرد، شەڕ لە کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٤ کۆتاییهات.

هێزی بەرگری ناوچەکە شان بە شانی پێشمەرگە لە سەنگەردا دامەزرا بوون، تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش هەر گرمەوناڵەیان بوو، هێزەکانی دوژمن و ڕێگەی هاتووچۆی سەربازگەکانیان دەپێکا.

بەمجۆرە دوژمن لە هەر چوار قۆڵەکەوە بە لوتی شکاوو کوژراوو بریندای زۆرەوە شکان و گەڕانەوە تەویلەکانیان.

## تـــیپی بـــڵفەت

کاتژمێر (٥)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٣ چەکدارەکانی دوژمن هێرشیانکردە سەر پشتی مارە ڕەش.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی بڵفەت لێیاندان و تا ناو مۆڵگەکانیان ڕاویاننان، کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەختی خۆیان تاقیکردەوەو هێرشیان بردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە پشتی مارە ڕەش ئەمجارەشیان شکان و بەشیان هەڵاتن بوو.

هاوشانی هەڵمەتەکانی پێشمەرگە تۆپخانەی شۆڕشیش لە هێزەکەی داگیرکەریدا و ئاگر لە سەنگەرو مۆڵگەکانی دوژمن بەربوو.

## تـــۆپخانەی شـــۆڕش

کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٦ تۆپخانەی شۆڕش ئۆردوگای سوورەقەڵات و فەوجەکانیان بە خەستی بۆردومانکرد، هەر تۆپێک هاوسەنگی سەد گولله تۆپی دوژمن بوو، هەر خاڵ و بنکەو مۆڵگەیەکی دوژمن لە ناوچەکەدا بەرچاو دەکەوت کەوتە بەر لرفەو ناڵەی تۆپخانەی شۆڕش.

لەو تۆببارانەدا چەکداری فەوجەکانی سورەقەڵات ڕایانکردە ناو شێخەڵ و دارستانی گۆڕستانی سورەقەڵات و پشتی سورەقەڵات.

زیانی دوژمن کوژران و بریندارکردنی ٣٠ چەکدارو سووتاندنی (١٠) ئۆتۆمبێلی هەمە جۆری سەربازی بوو.

لە کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی هەمان ڕۆژ تێکڕای سەربازگەو مۆڵگەکانی دوژمن لە ماوەت کەوتنە بەر ڕەحمەتی تۆپخانەی شۆڕش، دەبابەکانی دوژمن خێراتر لە ئۆتۆمبیلەکان ڕایاندەکرد، ئەم شوێنانە کەوتنە بەر هەڵمەتی تۆببارانی تۆپخانەی شۆڕش و کوڕانی تۆپخانە.

١/ پردی قەشان و دەوروبەری بە مۆڵگەو ڕەبیەوە.

٢/ سەربازگەی ماوەت سێرو چینکۆی چوو بە ئاسماندا.

٣/ مۆڵگەی کانی بەردە پان بە خەستی تۆببارانکراو چۆڵکرا.
ژمارەیەک ئیڤا بەرکەوت و دوانیان وردو خاش کرا.

## تـــیپی شـــارباژێڕ

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٩ تۆپخانەکانی دوژمن کەوتنە تۆببارانی دەورو پشتی ماوەت و قوتەو لوتکە بەرزەکانی ناوچەکە.

دوای تۆببارانێکی سەخت و بـەردەوام، پەلاماری شاخی (گولێ)یان دا، پێشمەرگەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هێرشی پێچەوانەیان کردە سەریان و تا ناو شارۆچکەی ماوەت ڕاویان نان.

هەمان شەوو بەرەبەیان جارێکیتر هێزە بەزیوەکەی دوژمن هێرشیانکردەوە سەر کوڕەکانی شاربازێڕ، ئەمجارەش لە کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی بەیانیدا کەوتنە بەر گورزی قارەمانەکانی شارباژێڕ تا ناو ماوەت و سەرجادەی قیر ڕاویاننان.لەو گورزە کاریگەرەدا کە لە هێزە فشۆڵەکەی داگیرکەریان وەشاند، دەیان کەلاکیان لێخستن کە حەوتیان لە بەردەستی پێشمەرگەدا بوو سێ جاشیش بە دیل گیران.

**دەستکەوتەکان**

١- دوو ئاربیجی (٧) و دەیان گوللە.
٢- دوو ڕەشاشی دکتارۆف
٣- (٧) کلاشینکۆف و سێ شانە.
٤- (٢) سندوق فیشەکی (B.K.C)
٥- کەلوپەلی هەمە جۆر.

## تـێکشکاندنی دوو هـــێرش

هێزە شپرزەکانی دوژمن کاتژمێر یەکی شەوی ١٩٨٦/١٠/٧\٦ هێرشیان کردە سەر کارێزە کۆن و گردۆڵەکانی دەوروپشتی، پێشمەرگە قارەمانەکانی ٩٩ی

بیتوێن و ٤٧ی پیرەمەگرون لێیان هاتنە دەست و لە کاتژمێر سێی بەیانیدا تێکیان شکاندن و ڕاویان نان.

کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی هەمان ڕۆژ ویستیان هێرش بکەنەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لێیان گەڕان تا نزیک کونە ماسی و بندۆر بوونەوە، پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و تیپی پارێزگاری گورزێکی کاریگەریان لێدان، تا ناو سەربازگەی سوورە قەڵات نەوەستانەوە، بە جۆرێک بە سەر تەرمە بە جێماوەکانیاندا بازیان دەدا.

تۆپخانەی شۆڕش ڕۆڵی گرنگی بینی لە ڕاونانی دەبابەکانی دوژمن، هێزەکەی دوژمن لە کاتژمێر ٧ی بەیانی دا بە تەواوی پەرت کرا، کۆپتەر لە دورەوە لوتکەی بندۆری بەر ڕۆکێت دا ئەویش ڕاونرا لە مەیدانی شەڕەکە دوورخرایەوە.

قۆڵی دووەم، کاتژمێر یەکی نیوە شەوی ١٩٨٦/١٠/٧\٦ هێزێکی دوژمن لە پشتی مۆکەبەوە کەوتە ڕێ بۆ چیای کۆرەنگ، پێشمەرگەکان تەقەیان لێنەکردن تا گەیشتنە ژێر جاسوسی تفەنگەکانیان، قارەمانەکانی تیپی ٧٨ی کارۆخ و ٤٤ی چەکوچ و ١٩ی کۆڕەک دایاننە بەردەسترێژی گوللەو لە ماوەی نیو کاتژمێر شەڕدا ڕاویاننان و شکاندیانن دەیان کەلاکیان لە مەیدانی شەڕدا جێهێشت.

## تـــۆپخانەی شـــۆڕش

کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٧ تۆپخانەی شۆڕش تۆبارانی شاخی بەردەشین و ماتوڵ و ڕەبیەکانی دۆڵبێشکیان کردو سەنگەر و ڕەبیەکانیان بە سەردا ڕووخاندن و ئاگریان تێبەردان و کوژراوو بریندراری زۆریان هەبوو.

## هــەر کـــۆرەنگ

کاتژمێر یەکی شەوی ١٩٨٦/١٠/٨\٧ بە پشتیوانی چەکی قورس و هەمە جۆر هێرشیانبردە سەر چیای کۆرەنگ، لە یەکەم جووڵەدا کەوتنە بەر هەڵمەتی قارەمانەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک و ١٢ی سۆران و ٧٤ی باڵەک.

لە کاتژمێر یەکی شەو شەڕ دەستیپێکرد کاتژمێر (٥)ی بەیانی هێزەکانی داگیرکەر شکان و ڕاونرانەوە سورەقەڵات.

بۆ جاری دووەم و لە کاتژمێر (٥)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٨ هێزێکی دۆڕاوی دوژمن لە کونە ماسی و دۆڵبێشکەوە هێرشی هێنایەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپەکانی ٩٩ی بیتوێن، ٤٧ی پیرەمەگرون، هێزی پشتگیری ناوچەکەو تۆپخانەی شۆڕش لێیاندان و تێکیان شکاندن، تۆپخانەی شۆڕش تۆببارانی چڕی مۆڵگەو هێزەکانی دوژمنیکرد.

## مـۆکەبە- کــۆرەنگ

شەوی ١٣\١٤/١٠/١٩٨٦ چەکدارەکانی دوژمن هێرشیان هێنایە سەر مۆکەبە و کۆرەنگ، قارەمانەکانی تیپەکانی ٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن، ١٩ی کۆڕەک لە هەر دوو قۆڵەوە هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکەی دوژمن و دەیان کەلاکیان پێجێهێشتن.

* ١٧ کەلاک لە ناو دارەکانی مۆکەبەدا.
* ٢ کەلاک لە بناری کۆرەنگ.
*١٧ کەلاک لە بناری کۆڕەنگ

تێکڕا ٣٦ کوژراو جگە لە دەیان برینداریتر.

## قـــوتەی حـــەسەن بـــەگ
## گـــۆڕستانی دوژمـــنانە

ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٦ و وەک پیشەی ڕۆژانەیان تۆپخانەکانی دوژمن کەوتنە تۆبباران و ئاگر بارانی قوتەی حەسەن، تۆببارانی چڕو خەستی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قوتەی حەسەن بەگ (٢٠) کاتژمێری خایاند.

دوای (٢٠) کاتژمێر لە تۆببارانی چڕو خەست و بێوچان، هێزە بێورەکانی دوژمن لە کاتژمێر ١١ی شەودا پەلاماری قوتەی حەسەن بەگیان دا شێرە کوڕانی کەرتی

(١،٢،٣) ی تیپی ٢١ی کەرکوک و کەرتی ٣ی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لێیاندان و وەکو شێر لە بێشە هاتنە دەر، گورزی گەورەو کاریگەریان لێوەشاندن، هێرشە یەک لە دواییەکەکانی دوژمنیان شکاند، دەیان کەسیان لێکوشتن، لاشەکانیان لە بەردەم پێشمەرگەدا بوو، قوربانی پێشمەرگەش دوو شەهیدی قارەمان بوو.

**قۆناغی دووەم**

دوای ئەوەی هەموو پەلامارەکانی دوژمن لە ١ تا ١٩٨٦/٩/٢٠ لە بەردەم دەست و مەچەکی هێزی پێشمەرگە دا تێکشکاو سەدان کوژراو و بریندارى هەبوو بە ناچاری پاشەکشەی کرد تا هێزەکانی ڕێکبخاتەوە و ئامادەیان بکات بۆ پەلاماردانەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قۆناغی دووەمی نەخشەکەیاندا پەلاماری قۆناغی دووەمی دوژمن بۆ سەر سەنگەر و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ١٩٨٦/٩/٢٢ بە تۆپبارانکردنی گا بەرواو گوڵێ و دڕەڵە دەستپێکرد، لەو شەوەدا چوار جار پەلاماری ئەو ناوچانەیاندا بەڵام لە بەردەم بەرگری هێزی پێشمەرگەدا خۆیان نەگرت و پەلامارەکانیان وردوخاشکران دوژمن لە سەرتاسەری شەڕگەکانی قەیوان ماوەت پەلاماری دەستپێکردەوە لە ماوەی ٨ ڕۆژی کۆتایی مانگی ٩ دا پەنجا جار هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، گەورەترین ئەو هێرشانە لە ٢٧،٢٦،٢٥،٢٣،٢٢ و ١٩٨٦/٩/٢٨ بوو کە پەلاماری پشتی ماوەت و قەیوانی دایەوە بەڵام سەرجەم پەلامارەکانی تێکشکان و ژمارەیەکی زۆریان کوژران و بریندار‌بوون، دەیان پارچە چەکیش کەوتنە دەست پێشمەرگە بەمجۆرە سەرجەم هێرش و پەلامارەکانی دوژمن لە ماوەی مانگێکدا تێکشکێندران و شکستیانخوارد تۆپخانەی شۆڕش ڕۆڵی دیار و بەرچاوی بینی لە تۆپبارانکردنی مۆڵگە و سەربازگە و هێزەکانی دوژمندا

**شەهیدانی قۆناغی دووەمی قەیوان_ماوەت سێ شەهیدی قارەمان بوون**

١-شەهید لەتیف ئەحمەد حەمە تیپی ٣١ سلێمانی

٢-شەهید یاسین کەریم ساڵح تیپی ٢١ کەرکوک

٣-شەهید ئیبراهیم ئەحمەد تیپی ٢٣ سورداش

## قــۆناغی سێیەمی
## پەلاماری دوژمن لە داســتانی قــەیوان_مـــاوەت

دوای تێکشکاندنی قۆناغی یەکەم و دووەمی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شەڕگەی بەرفراوانی قەیوان ماوەت ڕژێمی عێراق نەخشەی قۆناغی سێیەمی پەلامارەکانی بۆ سەر ناوچەکانی سەرکردایەتی و سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شەڕگەی قەیوان_ماوەت بەمجۆرە دەستیپێکرد ڕۆژانی ٢و٣و١٩٨٦/١١/٤ هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە قوات خاسە و مغاویر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە ناوچەکانی سورەقەڵات و کارێزە و ماوەت ژمارەیەکی زۆریش تۆپی قورس و هاوەن و راجیمەیان لە شەڕگەکەدا جێگیرکرد ڕۆژانی ٥و١٩٨٦/١١/٦ تۆپخانەی دوژمن بە چڕی تۆپبارانی شاخی کوێرە نگ و بایلۆسە و حەسەن بەگی کرد کاتژمێر ٢:٢٠ دەقیقەی شەوی ٦-١٩٨٦/١١/٧ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە چیای کۆڕەنگ، قارەمانەکانی تیپی ٤٤ چەکوچ و ٧٨ کاروخ لێیاندان و پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند

*هەمان شەو هێزێکی دوژمن دوای تۆپبارانێکی چڕ پەلاماری شاخی بایلۆسەیاندا، پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ قەرەداغ لێیاندان و شکاندنیانن دوژمن (١٠) کوژراوی لە بەردەم سەنگەرەکانی تیپی قەرەداغدا جێهێشت قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو

*کاتژمێر (٨)ی شەو دوژمن تۆپبارانی حەسەن بەگی دەستیپێکرد دواتر لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا بەمجۆرە

*لە دۆبڵێشک بۆ باسکی زەریان

*لە دۆبڵێشک بۆ زنجیرە شاخی ووڵاغلو

*لە پشتی کونە ماسییەوە بۆ قوتەی حەسەن بەگ لە قوتەی حەسەن بەگ شەڕ بەردەوام بوو

تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون و پارێزگاری گورزی گەورەیان لە دوژمن وەشاندوو دەیان کەلایکیان پێجێهێشت

*دوای تۆپبارانی چڕ دوژمن دیسان پەلاماری شاخی بایلۆسەیدا پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ قەرەخ لێیاندان و شکاندیانن

## تــێکشکاندنی شــەش پـــەلاماری دوژمـــن

ئێوارەی ڕۆژی ١١/٦ و شەوی ٦-١٩٨٦/١١/٧ تۆپخانەی دوژمن بە هاوەن و ڕاجیمە و دەبابە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیانکرد لە شاخی بایلۆسە لە کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی شەوی ٦-١٩٨٦/١١/٧ دوژمن لە چەند لایەکەوە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٥٥ قەرەداغیدا لە بایلۆسە، قارەمانەکانی قەرەداغ شەش پەلاماری دوژمنیان وردو خاشکرد شەڕ تا کاتژمێر پێنجی بەیانی خایاند زیانی دوژمن کوژران و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لاشەی ١٠ کەسیان لەبەردەم سەنگەرەکانی تیپی قەرەداخدا جێمابوو لە ناویاندا ملازمێکی قوات خاسە بە ناوی فارس فەیسەڵ حەسەن سەر بە وەحدەی ٧٧٥٠ فیرقەی ٣٤ موالیدی ١٩٦٠ دەسکەوت (٢ ئاڕبی جی و ٢٠ گوللە بە دوو کۆڵە پشتەوە ٢ ڕەشاشی ئاڕبی جی ٥ کلاشینکۆف و ١٢ مەخزەن ١ جیهازی هۆکی تۆکی) قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو

١-شەهید کازم محەمەد ساڵح

٢-شەهید وەستا تایەر

*شەڕ لە قوتەی حەسەن بەگ و پشتی کونە ماسی و باسکی زەریان بەردەوام بوو، هێزەکانی دوژمن دەستیانگرت بەسەر قوتەی یەکەمی حەسەن بەگدا تیپەکانی ٤٧ پیرەمەگروون، ٤٣ ئاسۆس، ٦٣ جوتیاران، ٦٥ بلفەت و تیپی پارێزگاری بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و ٣٥ کوژراوی دوژمن کەوتە ژێر پێیی پێشمەرگە

*رۆژی ١٩٨٦/١١/٩ دوژمن ویستی پەلاماری باسکی زەڕیان بدات پێشمەرگەکانی تیپی پارێزگاری لێیاندان و ڕاویاننان

*هەمان رۆژ تۆپخانەی شۆڕش بۆ ماوەی دوو کاتژمێر تۆپبارانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە دۆڵبێشک و سەیتەرە کۆنەکە، دەبابەیەک و چەند ئۆتۆمبێلێک سوتێندران

*کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١١ هێزێکی دوژمـن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە لوتکەی دوو توێ پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ کۆڕەک

و ٨٣ هەورێ بەرەنگارییان بوونەوە و ١٣ پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند زیانی دوژمن ١٠٠ کەس بوو بەڵام دواتر دوژمن لوتکەکەی گرت

*هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٢١ کەرکوک، ٢٣ سورداش، ٢٥ خاڵخاڵان، بەپێی نەخشە و پلانی ورد هێرشیانکردە سەر قوتەی حەسەن بەگ و قوتەی پێشتر دوژمن گرتبووی هاوکات لەگەڵ هێرشی پێشمەرگەدا هێزێکی دوژمن دوای تۆپبارانێکی سەخت پەلاماریان دەستپێکرد، شەڕی دەستە و یەخە لە نێوان پێشمەرگە و دوژمندا ڕوویدا هێزەکەی دوژمن شکاو هەڵاتن تۆپێکی ٦٠ ملم کەوتە دەست پێشمەرگە قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

*هەمان ڕۆژ هێزەکانی دوژمن پەلاماری شاخی کوێرەنگیان دایەوە، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٤ چەکوچ، ١٢ سۆران، ٧٨ کاروخ، تیپی مەڵبەندی دوو تێکیانشکاندن.

*ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٣ تۆپخانەی شۆڕش بەچڕی تۆپبارانی سەنگەرەکانی دوژمنیانکرد لە قوتەی حەسەن بەگ، لە ئەنجامدا ژمارەیەک چەکداری دوژمن کوژرا و تەقەمەنییەکی زۆر تەقییەوە

*ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٥ مەفرەزەیەکی تیپی ٢١ کەرکوک لە بۆسەیەکی دوژمنیاندا و ژمارەیەکیان لێکوشتن ڕەشاشێکی ئاڕبی کەی و کلاشینکۆفێک و هەندێک کەلوپەلیتر دەستکەوت بوون

* سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٦ دوژمن بە تۆپ و ڕاجیمەو هاوەن و دەبابە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد لە کاتژمێر ١١ ی شەو دا پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە بەردە سپیانی زنجیرە شاخی حەسەن بەگ، پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و ٢٥ خاڵخاڵان لێیاندان و پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

*شەوی ١٦-١٩٨٦/١١/١٧ دوای تۆپبارانێکی سەخت هێزەکانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە گرد بەران و شاخە سور پێشمەرگە جوامێرەکانی تیپەکانی ٢١ کەرکوک، ٢٥ خاڵخاڵان، ٢٣ سورداش، لە دۆڵی نێوان گردە بەران و

شاخە سوور لێیاندان و ڕاویاننان دوای چەند پەلامارێکیتر هێزەکانی دوژمن لە گردە بەران هەندێک هاتنە پێشەوە

*ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٧ تۆپخانەی شۆڕش بەچڕی تۆپبارانی سەربازگەی سارداوی کرد دوژمن زیانی ماڵی و گیانی پێکەوت

*کاتژمێر ٨ ئێوارە تا ٣:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٨ دوژمن هەشت جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە بەردەسپیانی قوتەی حەسەن بەگ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاند، زیانی دوژمن زیاتر لە ٣٠ کوژراویان لێجێما قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو

*شەوی ١٨-١٩٨٦/١١/١٩ مەفرەزەیەکی کەرتی یەکی تیپی ٣٧ شارباژێڕ دەستیانگرت بەسەر لاشەی کوژراوێکی دوژمندا لە بەردەسپیانی حەسەن بەگ

*ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢٠ لە ئەنجامی تۆپبارانی شاخی پیر بایز سێ پێشمەرگەی تیپی ٧٨ کاروخ شەهید بوون

*شەوی ٢٠-١٩٨٦/١١/٢١ دوژمن لە چوارقوڵەوە پەلاماری دێی ولاغلویدا پێشمەرگەی تیپەکانی ٢١ کەرکوک،٢٥ خاڵخاڵان، ٢٣ سورداش، ٢٧ شارباژێڕ، ٥٧ سەرگرمە، لێیاندان و دەیانیان لێکوشتن قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

*کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٩ تۆپخانەی شۆڕش بۆ ماوەی دوو کاتژمێر تۆپبارانی ڕەبییەکانی حەسەن بەگ و ولاغلوی کرد

*کاتژمێر ١:٣٠ دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٥ تۆپخانەی شۆڕش بۆ ماوەی کاتژمێرێک تۆپبارانی گردە بەران و دەوروبەری باڵخی کرد

*کاتژمێر ٧ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ تۆپبارانی ئەو هێزەیانکرد کە پەلاماری گاپیلۆنی دابوو

*کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە کاتیۆشا تۆپبارانی دەبابەکانی دوژمنیانکرد لە دەوروبەری باڵخ لە ئەنجامدا دەبابەیەک تێکشکاو ژمارەیەک لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون

*کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی شەوی ١٦-١٩٨٦/١٢/١٧ تۆپخانەی شۆڕش بۆ ماوەی دوو کاتژمێر تۆپبارانی  گۆجاڕی کرد

*کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ تۆپبارانی پیر ئەلیاس وباڵخ کرا لە ئەنجامدا دەبابەیەک تێکشکاو ژمارەیەک جاش و سەرباز کوژران

*کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/١٧ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی حەسەن بەگ و گردە بەرانیکرد

*کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/١٨ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی گردە بەران و شاخی گۆجاری کرد

*کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/١٩ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنی کرد لە کارێزە کۆن

## بە درۆ خستنەوەی ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق لەلایەن دەزگای پێشمەرگایەتی (ی.ن.ك)ەوە

دەزگای پێشمەرگایەتی (ی.ن.ک) ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق بە درۆ دەخاتەوە کە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/١١ دا بڵاویکردەوە و دەربارەی گرتنی هەموو بارەگاکانی شۆڕشگێڕە کوردەکان لەلایەن سوپای عێراقەوە بوو ئەو ڕاگەیاندنەی ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق لە درۆیەکی نوێی عەفلەقییەکان بەولاوە شتێکیتر نییە و جێگەی گاڵتەجاڕییە

١-تاکو ئێستاش شۆڕشگێڕە کوردەکان دەسەڵاتی تەواویان هەیە بەسەر ناوچە ڕزگارکراوەکاندا کە چەند ناوچەیەکی فراوانە بە دەوری شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و کفری و دەربەندیخان و دووکان و کۆیە و ڕەواندز و شەقڵاوە کە هەزاران گوند و دەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە

٢-ڕژێمی عەفلەتی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ ەوە بە مەبەستی گرتنی ناوچەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچە ڕزگار کراوەکان بەڵام نەک هەر لە گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی سەرکەوتوو نەبوو بەڵکو بە شێوەیەکی ئەو تۆش تێکشکێندران کە زیانێکی یەکجار گەورەی لێکەوت ١٧٥٨ کوژراو زیاتر لە ٣٥٠٠ بریندار لەوانە لاشەی دەیان ئەفسەر و لێپرسراوی چەکدارە خائینەکان لە مەیدانەکانی شەڕدا بەجێمان و بەشێکیان کەوتنە دەست (ە.پ.ک) دەسکەوتی شۆڕشگێڕە کوردەکانیش لەو ماوەیەدا سەدان پارچە چەک بوو (٩) دەبابە تێکشکێندران و (٧) کۆپتەریش پێکران و خرانە خوارەوە، کۆپتەرێکیش بە ساغی بە دیلگیرا

٣-خاپورکردنی بیرە نەوتەکان بە یارمەتی چەک و شارەزایانی کۆماری ئیسلامی ئەنجامدرا کە دامەزراوە نەوتییەکانی جەبەل بۆر و زەمبور بە تەواوی خاپوورکران و زیانی کاریگەر و گەورەش بە بیرە نەوتەکانی بابە گوڕگوڕ گەیەندرا لە کەرکوک، بەڵام ڕژێمی عەفلەقی ناسراو بە درۆزنی و بوختان نکوڵی لەو چالاکییە کرد کە سەدان هەزار هاووڵاتی و سەدان پسپۆڕ و شارەزایانی بێگانە لە کەرکوک بە چاوی خۆیان بینیان

٤-رژێمی عێراق لە ماوەی ئەم ساڵەدا نەیتوانیوە لە قۆڵێکی تەسک بەولاوە کە دەچێتەوە گوندی هەرزنەی سەر سنوور هیچ شوێنێکیتر بگرێت ئەویش دوای باجێکی گران، بەڵام ناوچە سنورییە بەرفراوانەکان کە هەر لە شلێرەوە هەتا ئالان و شێنێ و قەڵاتووکان و پشت ئاشان و باڵەکایەتی هەمووی ناوچەی ڕزگارکراوو دوورە لە دەسەڵاتی ڕژێمی عەفلەقی عێراق، ئەمە جیا لە ناوچە بەرفراوانەکانی قوڵایی کوردستان کە لەلایەن دەیان هەزار پێشمەرگەی قارەمان و جەماوەری چەکدار پارێزگاری لێدەکرێ و زیاتر لە (١٠٠) کیلۆمەتریش لە سنوری ئێرانەوە دوورە

٥-ساڵی ١٩٨٦ ساڵی گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی شۆڕش بوو، ساڵی سەرکەوتنە گورەکان بوو کە داستانی کەرکوک و دەشتەکانی ناوچەی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و شەڕی بەرگری جەبهەی قەیوان ماوەت کە زیاتر لە ٣ مانگی خایاند، شەڕێک کە دوژمنی عەفلەقی باڵا دەستربوو لە ڕووی چەک و ژمارەی هێز و ئیمکانیاتی جەنگ، بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکان هێرشەکانی دوژمنیان بۆ سەر ناوچەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) تێکشکاندوو زیانی گەورەیان لێدان بە جۆرێک کە جیا لە (فاو) هەرگیز ڕژێم شکستی وای بە خۆیەوە نەدیبوو ئەو شەڕانە تاجی سەرکەوتنەکانی ئەمساڵ بوون

٦-ژمـارەی کـوژراوەکـانـی دوژمـن لـە ئەنجامی چالاکی و قارەمانێتی ئەو پێشمەرگانەی سەر بە (ی.ن.ک) جیا لە چالاکی پێشمەرگەکانیتری سەر بە حزبەکانی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوەیە

کوژراوی دوژمن ٤١١٣ کەس

برینداری دوژمن ٤٤٤٧ کەس

دیلی دوژمن ٧٤٧ کەس

لەوانە دەیان ئەفسەر و نائب ضابط و سەدان سەرباز و هەزاران بەکرێگیراو بوو

**دەسکەوتی پێشمەرگەکان**

١ هاوەنی ١٠٦ ملم

١١هاوەنی ٦٠ ملم

٢ ڕەشاشی ٢٣ ملم

٢ ڕەشاشی دۆشکاوی ١٤،٥ ملم

٢ ڕەشاشی دۆشکاوی ١٢،٥ ملم

١ ڕەشاشی MM

٢٢ ڕەشاشی بی کەی سی

٢١ ڕەشاشی دکتاریۆف

٤٧ ئاڕبی جی

١٠٥٤ کلاشینکۆف و دەیان دەمانچە و تفەنگیتر بوو

٧- ئێمە لە کاتێکدا ڕاگەیاندنی ئەفلەقییەکان بە درۆ دەخەینەوە لە هەمان کاتیشدا داوا لە پەیامنێر و نوێنەری ڕۆژنامە و ئاژانسەکان دەکەین بێن سەردانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی عێراق بکەن، بۆ ئەوەی بیانگەیەنینە کەناری شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و تەنانەت بۆ جەولەکردنی چەکدارانە لەناو شارەکاندا، لە کۆتایشدا دەڵێین لە ڕاستیدا ئەو درۆیەی عەفلەقییەکان بە درۆخستنەوەی درۆکانی پێشتری خۆیانە کە دەیانوت وەزعی کوردستان ئارامە و نکۆڵییان لە بوونی پێشمەرگە دەکرد هەروەها چەندین ناوچەی فراوانیش لە بادینان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدایە، هەروەها هەزاران پێشمەرگەیتری سەر بە حزبەکانیتری کوردستان هەیە

دەزگای پێشمەرگایەتی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٨٦/١٢/١٢

# لــــێدانی بــیرە نەوتەکانی کـــــەرکوک

## سێ

## لـــێدانی بـیرە نەوتەکانی کـــەرکوك

لە ساڵی ١٩٢٧ نەوت لە کەرکوک دۆزرایەوەو دواتر دەرهێنرا، کێڵگەکانی بابەگوڕ گوڕ، بای حەسەن، ئاڤانا، زەمبور، لە کێڵگە سەرەکی و گرنگەکانی کەرکوکن ئەوە جگە لە چەندین کێڵگەی بچوک و مام ناوەند کە سەر بەو چوار کێڵگە سەرەکیەن.

نەوت نەک هەر نەبووە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ کەرکوکیەکان، بەڵکو بۆ شاری کەرکوک و کەرکوکیەکان بووە هۆی ماڵوێرانی و پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لە سەر دانیشتوانە ڕەسەنە کوردەکەیی و دووچاری سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بوون، دەیان هەزار خێزان لە کەرکوک ڕاگوێزران و لە زێدی خۆیان هەڵکەندران و ماڵی عەشیرەتە عەرەبەکان هاتنە شوێنیان.

هەر بەوەشەوە نەوەستان دەیان هەزار دۆنم زەوی کوردو تورکمانیان دەست بە سەردا گرت و بە سەر عەشیرەتە عەرەبەکانی دەوروبەری کەرکوکدا دابەشیان کرد، کورد بێ خاک و ماڵ و زەوی و بێ سەرچاوەی بژێوی و ئابوری بوو.

ساڵ بە ساڵ ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ڕاپرسیەکاندا بە دەستی ئەنقەست دەهێنرایە خوارەوە، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانە کوردەکانیان بە عەرەب ناونووس دەکرد، تا ڕێژەی کورد لە کەمی بێ و لە پرۆسەیەکی دوورو درێژی مێژوویدا سیمای کوردستانیانە و ناسنامەی کورد بوون لە شاری کەرکوک بسەننەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین قەزاو ناحیەیان لە کەرکوک دابڕی و خستیانە سەر پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی دیکە.

پاش دابڕینی ژمارەیەک یەکەی ئیداری و بچوککردنەوەی پارێزگای کەرکوک، بە هەر دوو بڕیاری ژمارە (٦٠٨) لە (١٩٧٥/١١/٦) و بڕیاری (٤١) لە (١٩٧٦/١/١٩) قەزاکانی (چەمچەماڵ و کەلارو کفری) بە بڕیاری (٦٠٨) و خورماتوو بە بڕیاری ژمارە (٤١) بە سەرجەم ناحیەو دێیەکانیەوە (١٤) ناحیەو (٨٤٨) دێ دابڕان و خرانە سەر پارێزگای (سلێمانی ، دیالی، سەلاحەدین) کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە (٣٥٠,٠٠٠) کەس بوون، ڕووبەڕەکەی لە (٢٠,٣٥٥) کم بووە بە (١٠,٠٢٣) کم٢ کە ڕووبەڕی

(١٠,٣٣٢)کم٢ لێدابڕاوە، بەمشێوەیە لە سەنتەری کەرکوک (١,٦٦٩) کم٢ لێدابڕاوە لە قەزای چەمچەماڵ (٢,٤٥٤) کم٢ لێدابڕاوەو لە قەزای خورماتوو (٥,٦٩٦) کم٢ لێدابڕاوە، لە قەزاکانی (کفری و کەلار) (٥,٢١٤)کم٢ لێدابراوە بەمشێوەیە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی سیمای شاری کەرکوکی لە ڕووی دیموگرافی و ئیداریەوە گۆڕی، بەمەش ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوک ڕووی لە کەمیکردو دابەزی، تەنها لە ناو مەرکەزدا کورد مایەوە.

لەگەڵ دابڕینی ئەو ناوچە فراوانە لە شاری کەرکوک، تۆماری باری شارستانی ئەو ناوچانەی گواستەوە بۆ شارەکانی سلێمانی و تکریت و دیالە و شارەکانی ناوەڕاستی عێراق.[٨]

ڕوون و ئاشکرایە لە دوای دۆزینەوەو دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لە شاری کەرکوکدا، ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و بە تایبەت ڕژێمی بەعس بە بەرنامەیەکی وردو چڕو داڕێـژراو دەستیکرد بە تەعریبکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانە کوردەکەی، لێرەوە هیچ دەرفەتێک بۆ ژیان و گوزەرانی کورد لە کەرکوک نەمایەوە، یان دەبوو ناسنامەی نەتەوەیی بگۆڕێت بۆ عەرەب، یان چارەنووسی نادیار هەڵبژێرێ.

## بـــۆچی لە کـــەرکوك درا

کەرکوک شادەماری ئابوری عێراق بوو، ٨ ساڵ جەنگی عێراق ئێران، چەندین ساڵ شەڕی کوردستان و تەختکردنی دێهاتەکانی کوردستان بە پشتیوانی نەوت و یەدەگی نەوتی کەرکوک و ناوچەکانیتری عێراق بەڕێوە دەچوو، ژێر خانی کەرکوک زێڕی ڕەش بوو، پڕ بوو لە خێرو بێر، بەڵام ئەو خێرو بێرە نەک بۆ کوردستان و کەرکوکیەکان بە کار نەدەهات و بۆ

خۆشگوزەرانی خەڵکی خەرج نەدەکرا، بەڵکو دەکرایە ئاگرو ئاسن، دەدرایە ناپاڵم، بۆمبی هێشویی و فسفۆڕو چەکی کیمیایی و بە سەر خەڵکی کوردستاندا دەیانباراندو

٨ بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر لە سەر سیاسەتی بە عەرەب کردن و ڕاگواستنی کورد لە کەرکوک، بڕوانە کتێبی ڕۆژژمێری ڕاپەڕین لاپەڕە(٧٥٧ تا ٧٧٤).

دێهاتی کوردستانیان پێ کاول و وێران دەکرد، کوڕی خەڵکی پێدەکوژراو، لە جێگەی خۆشگوزەرانی فرمێسک و خوێنی بۆ خەڵکی کەرکوک- کوردستان و عێراق دەهێنا.

کەرکوکیەکان لە شانۆگەریەکانی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردودا دەیانوت (ئەم خاکە زێڕی ڕەشە، بۆ ئێمە خوێنی گەشە) بەڵێ بۆ کوردەکانی کەرکوک خوێن و زام وبرین بوو، پارەی دزراوی نەوتی کوردستان دەدرایە فڕۆکەو چەکی کۆمەڵکوژو خەڵکی کوردستانی پێ کۆمەڵکوژ دەکرا، لە جێی نەوت، ئەو شاخ و کێوانەی کوردستان هەر خوێناوی لێدەچۆڕا.

لە سەر بنەماو فەلسەفەی (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە) (ی ن ک) بە بەرنامەیەکی هاوبەش و وردوو دیراسە کراو لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا بیرۆکەی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک گەڵاڵە بوو، بەرنامەکە چووە بواری جێبەجێکردن، بۆ لێدانی ئەو بیرە نەوتانەی سەرچاوەی ئابوری عێراق بوون لە لێدانی شۆڕشی کوردو درێژەدان بەشەڕی عێراق ئێران، خاڵی هاوبەشی یەکێتی و ئێران دوژمنە هاوبەشەکە بوو، لێدانی سەرچاوەی ئابوری عێراق بوو، ئاخر نەوتێک جگە لە بەڵاو داگیرکردن و کاولکاری بۆ خەڵکی کوردستان سوودێکی تری نەبوو، هەر بۆیە لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک جێبەجێکرا.

لە ڕێگەی سەفرەو زەرون دەیان تۆپ و گوللە تۆپ و تەقەمەنی گوازرایەوە ناوچەکانی کوردستان، بەرنامەکە بە شێوەیەکی وردو نەهێنی بەڕێوەچوو تا پلانەکە تێکنەچێ و سەرکەوتوو بێت.

کاک نەوشیروان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی لێدانی کەرکوک و پلانچنی چالاکییەکە بوو، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان (٣٠٠٠) پێشمەرگە لە مەڵبەندوو تیپەکانی یەکێتی چوونە شوێنەکانی نزیک لە کەرکوک، لە لێوارەکانی کەرکوک نزیک بوونەوە.

## مــەڵبەندی دوو ســـێ

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٩ ئەو هێزانەی بۆ ئەنجامدانی کارەکە ئامادەکرابوون لە نزیک کەرکوک کۆکرانەوە بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی دوو، مەڵبەندی سێ، لە ناوچەی شوان و خاڵخاڵان لە چاوەڕێی فەرماندا بوون، کە پێکهاتبوون لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوخ، ٢١ی کەرکوک ٢٥ی خاڵخاڵان و تیپی ٩٣ی کۆیە، ئەو قۆڵە لە لایەن کاک نەوشیروان سەرپەرشتی دەکرا، دەبووایە هەندێک لە ڕەبیەکانی سێکانیان و دوومەلان بگیرێ و تۆپخانەکانیش بۆردومانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی چالاکیەکەدا دوژمن نەتوانێ فریای کەرکوک بکەوێت و هێزەکانی بنێرێتە هانایان بە تایبەت فەیلەقی (٥) کە بارەگاکەی لە هەولێر بوو.

تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوخ، ٨٥ی بەڕانەتی، ٩١ی سەفین بۆ سەرقاڵکردنی هێزەکانی دوژمن تەرخانکرا.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٩ کاک کۆسرەت گەیشتە لای هێزەکە لە بانە قەڵات، هێزەکان بە سەر گوێر، دیبەگە، قوشتەپە، ناو هەولێر، دابەشکران بۆ سەرقاڵکردنی هێزەکانی ڕژێم.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١٠ لە هەموو لایەکەوە هێرشکرایە سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوک، تۆپەکان کەوتنە گرمەو ناڵە ڕوویان لە چاڵە نەوتەکان بوو، فڕۆکەکانی دوژمن بەو شەوە هەستان و بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە، تۆپەکان بۆردومانی خەستی شەریکەی نەوتیانکرد.

لەو لێدانەدا (٢٥٠٠) پێشمەرگەی یەکێتی جێبەجێکاری نەخشەو پلانی لێدانی کەرکوک بوون.

## قـــۆڵی مــــەڵبەندی یـــەك

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٦ مەڵبەندی یەک و تیپەکانی لە ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە ئاگادار کردەوە تەقەمەنیەکی زۆر لە سەرکردایەتیەوە گواسترایەوە سنووری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، بەشی مەڵبەندی یەک بە سەرپەرشتی عادل شکورو مام ساڵح

گۆڕیئەسپی لە بەری هەمەوەند لە لایەن مام ڕۆستەم و حەمە ڕەش بۆ سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە گواسترایەوە، چەند پسپۆڕێکی ئێرانیش تەسلیمی هێزەکان کران.

هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٨ گەیشتنە قەیتول و هەڕێنە، چاوەڕوانی گەیشتنی چەکەکان بوون، لە شوێنێک پسپۆڕە ئێرانیەکانیان داناو چوونە ناوچەی هەمەوەند، ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١٠ لە (خاڵدان) شەوکەتی حاجی موشیر و مام ڕۆستەم و مام ساڵح و مەحموود سەنگاوی فەرماندەی تیپ ٥١ی گەرمیان یەکتریان بینی.

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ کاک نەوشیروان برووسکەی بۆ کردن ئەمشەو چالاکیەکە ئەنجام بدەن کاک شەوکەت داوای دواخستنی کرد چوونکە هێزەکانی مەڵبەندی یەک فریانەدەکەوتن بەڵام کاک نەوشیروان جەختی کردەوە کە دەبێ هەر ئەمشەو چالاکیەکە ئەنجامبدرێت.

کاتژمێر (٣)ی شەو دەستیانکرد بە لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی (زەمبور) گڕو بڵێسەی ئاگر لە چاڵە نەوتەکان بەرز بووەوە، تۆپخانە و کاتیۆشا نیشانەکانیان پێکاو چاڵە نەوتەکان دەسووتان.

## حــاجی ئــەحمەدی- ڕەحــیمی

سیروان کوێخا نەجم، سەرکەوت گوڵمکەوە، هیوا چیمەنی، وەستا سابیر چوونە لای عەلی بچکۆل.

عەلی بچکۆل پێیووتن میوانێکمان دێت دەبێ بیپارێزین، میوانەکە حاجی ئەحمەد بوو کە پێشمەرگەکان پێیان وایە (ئەحمەدی نەژاد) بووە.

عەلی بچکۆل لە سورقاوشان حاجی ئەحمەدی تەسلیم کردن لە ماڵی مام عەلی لە عەلیاوا نانیان خوارد ئێوارە نانیان خوارد بەگلایتی لاندکرۆزەرەکەیان دەرکردوو ڕۆیشتن بۆ دەشتی نەرمان هەندێک شوێنی ئاو دڕبوو لاندکرۆزەکەیان لە ناو ئاو دڕەکەدا داناو بەرەو کەلی سێکانیان-کەلی دوومەڵان ڕۆیشتن.

حاجی ئەحمەدی چاوی بە ئاگرەکەی بابە گوڕگوڕ کەوت سەری سوڕما ووتی

(این کرکوک است) ووتیان بەڵێ، ووتی یەعنی ئیتحادی میهەنی هێزی دێتە ئێرە ووتیان نەک ئێرە ئێمە دەچینە ناو شار چالاکی دەکەین.

حاجی ئەحمەدی دووربینی شەوی پێبوو زۆر پێشکەوتوو بوو، چەکی پێبوو، کامێرەیەکی پێبوو ئەحداسیاتی سەربازی دەخوێندەوە، دە وێنەی بەیەکەوە دەچرکاند لە زەمبورەوە بە سەر کەرکوکدا تا دوبز وێنەی دەگرت نزیک بە هەزار وێنەی ڕەحیماواو شەریکەی نەوتی گرت.

ئەو شەوە گەڕانەوە هاتنە مام ڕەش ڕۆژی دواتر چوونەوە عەسکەرو گۆپتەپە.

دوای ماوەیەک چوونە سەرگەڵو بەرگەڵو زیاد لە ٢٥ تراکتۆر چەک و تەقەمەنی هات لە پیرەمەگرونەوە پەڕاندیانەوە تەڕەمارو قۆجەلەرو سۆڵکەو مایلە، لەوێوە بردیانە سورقاوشان چەکەکانیان بە سەر تیپەکاندا دابەشکرد.

حاجی ئەحمەدی و ڕەحیمی ماتۆڕێکی جەبەلییان پێبوو چەکی دژە فڕۆکەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو تیپی قەرەچوخ و کۆیە و کەرکوک بەیەکەوە بوون.

## کـــاك نەوشیروان مـــاڵاوایی لـــێکردن

هێزەکە ڕۆیشتن بۆ لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک، کاک نەوشیروان ڕەهبەری سەید برایمی ماچکرد ووتی خوا ئاگادارتان بێت سەفینی مەلا قەرە، عەلی بچکۆل لەوێ بوون ڕەهبەری سەید برایم بە سەفینی مەلا قەرەی ووت سەفین کاک نەوشیروان بەو زاڵمییەوە من ماچ بکات و بڵێت خوا ئاگادارتان بێ زۆر خەتەرە.

شەوی چالاکییەکە لە پەنا کەرکوک نزیک سکەی قیتارەکە ڕاجیمەو تۆپەکان دانران چەند تۆپێکیان تەقاندو ڕاجیمەکان کەوتنە کار لەگەڵ لێدانی بیرە نەوتەکاندا ئاگر بەرز بووەوە پاسدارێک هاواریکرد ماشەڵڵا لە نوری ئیسلام.

هێزێک کە پێکهاتبوو لە حاجی هەڵمەت، سەرباز مام حسێن، وەستا سابیر و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر هێرشیانکردە سەر قائیدەی سەواریخ و دەستیان بە سەرداگرت بەڵام کەلوپەلەکانیان بۆ نەگوازرایەوە، وازێکی سەربازی لە دارەمانەوە هات پێشمەرگەکان لە سەر جادە بوون وازەکە وای زانیبوو جاشن، ئەفسەرێک لە

ناو وازەکە دابەزی و بە پێشمەرگەکانی ووت (گەواوین لیش ما تهاجمون)، ڕۆستەم و ئازاد داربەسەری دەستڕێژیان لێکردن ئەفسەرەکەو سەربازێکیان کوشت.

ئەو شەوە تەقینەوەیەکی زۆر ڕوویدا کاک سەفین ڕەبییەیەکی گرت کاک ڕەهبەر ڕەبییەیەکی گرت.

لەو شەوەدا پێشمەرگەیەکی تیپی (٩٣)ی کۆیە بە ناوی قاسم محەمەد شەهید بوو، دوای لێدانی بیرە نەوتەکان هێزەکە گەڕانەوە، لە گەڕانەوەدا هاتنە کڵاو قوت پاسدارەکانیان تەسلیم بە کاک نەوشیروان کرد.

## تــــیپی (57)ی ســـەگرمە
## لــێدانی چـاڵە نـــەوتەکانی جـــەوەڵ بـــۆر

تیپی (٥٧)ی سەگرمە لە ئەشکەوتی گوێزیلە لە شاخی ژیلوان دوانزە تەن تەقەمەنیان وەرگرت، بەشێک بۆ تیپی ٥٧ و بەشێکیش بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان، بە وڵاخ و تراکتۆر قۆناغ قۆناغ گەیاندیانە تەکیەی دەربەند لەوێشەوە بۆ سنووری هەمەوەند[٩]، دواتر بردیانە ژێر پردەکانی سەگرمە.

کاک ئازاد دوو ئۆتۆمبێلی پەیدا کرد، یەکێک بۆ تیپی ٥٧ و ئۆتۆمبێلێکیش بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان، سازوو ئامادە بوون بۆ لێدانی بیرە نەوتەکانی زەمبوورو جەوەڵ بۆر.

ئۆتۆمبێلەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە جۆری ئەلبی بوو بەکر حەمە ساڵح پێشمەرگەی تیپی سەگرمە لێیدەخوڕی گوللە تۆپ و ڕاجیمە و تۆپەکانیان پێگواستەوە.

نەهێنی نێوان کاک ئازادو تیپی ٥١ و تیپەکانیتر ئەوە بوو هەر کات بە بێتەل وتیان (چرا هەڵکەن) لە چاڵە نەوتەکان بدرێت.

[٩] لە تەکیەی دەربەند دەپەڕینەوە گوێدرێژیان پێ بوو تەقەمەنیان بارکردبوو، ژمارەیەک پاسداریشیان لەگەڵ بوون گوێ درێژەکان نەدەڕۆیشتن وایاندەزانی دەربەندەکە ئاوی تیایە، وتیان دەبێ جامانە ببەستین لە سەریانەوە ئینجا دەڕۆن، پێشمەرگەکان وتیان بۆ بووک دەبەین بەم شەوە.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لێدانی ڕەبیەکانی جەوەڵ بۆریان پێسپێردرا بوو، بە پێی زانیاریەکان (٢٢) بیرە نەوتی لێبوو.

تیپی سەگرمە بێتەلێکی ڕاکاڵیان پێبوو، (وەفا) کاری پێدەکرد، بێتەلەوان بوو، وەفا کاک ئازادی بانگکرد و ووتی دەڵێن (چراکە هەڵکەن) دوای وەرگرتنی نەهێنیەکە بێتەلەکەیان خامۆشکرد، کاک ئازاد بە پێشمەرگەکانی وت ئێستە لە بیرە نەوتەکان دەدەین، پاسدارەکان هاوار دەکەن الله اکبر، نەهێڵن بڵێن خومەینی ڕەهبەر، ئێوە بڵێن یەکێتی ڕەهبەر.

لەگەڵ لێدانی بیرە نەوتەکانی جەوەڵ بۆر پاسدارەکان هاواریانکرد الله اکبر، پێشمەرگەکان نەیانهێشت تەواوی بکەن یەکسەر وتیان یەکێتی ڕەهبەر، لێپرسراوی پاسدارەکان بە کاک ئازادی وت (چی بوود) کاک ئازاد لێیتوڕە بوو ووتی لە سەری مەڕۆ من لێپرسراوی ئەم ناوچەیەم من نەبم تۆ ناگەیتە ئێرە.

لەگەڵ لێدانی جەوەڵ بۆر دووکەڵ و ئاگر لە چاڵە نەوتەکان بەرز بووەوە، بەو شەوە کۆپتەر هەستا بە سەر ناوچەکەو کێڵگە نەوتیەکاندا دەسوڕایەوە، لە ناو کەرکوکەوە لایت دەرکەوت، تیپی سەگرمە پێشمەرگەکانیان لە چەند لایەکەوە دابەشکرد بوو تا ئەگەر هێزی دوژمن هات لێیبدەن.

لێپرسراوی پاسدارەکان کە لایتەکانی ناو شاری کەرکوکی بینیوو کۆپتەریش بە ئاسمانەوە بوو، ویستی ڕاجیمەو تۆپەکان کە سێ هاوەنی ١٢٠ ملم بوون بتەقێنێتەوە، بە کاک ئازادی وت چوار نارنجۆکم بدەرێ کاک ئازاد ووتی بۆ چیتە، ووتی تۆپەکان دەتەقێنمەوە ئەوە سەرباز هاتن، کاک ئازاد ووتی سەرباز هاتن شەڕیان لەگەڵ دەکەین دواتر ئەو ڕاجیمەو تۆپانە ئێمە بە شانی خۆمان هێناومانە، چۆن دەهێڵین بیتەقێننەوە، نەیانهێشت بتەقێندرێنەوە.

ئەو شەوە هەرچی هێزی سەربازی و دەزگای جاسووسی کەرکوک هەبوو لە هەوڵی ڕاکردن و خۆدەرباز کردندا بوون، وایانزانیبوو هاتوون کەرکوک بگرن.

ئەو شەوە کۆپتەر هاتە ئاسمانی ناوچەکەو تەلقە تەنویری هەڵدەدا، کاک ئازاد بە سەربازێکی هەڵاتوو (عەسکەری فیرار) دا نامەیەکی بۆ مێوڵی نارد تا ئاگایان لە

خۆیان بێت فڕۆکە بۆردومانیان دەکات بۆ بەیانی هەمان شەو فڕۆکەکانی دوژمن ناوچەکانی سنووری سەگرمەی بۆمبارانکرد.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە چاڵە نەوتەکەی جەوەڵ بۆر یانداو سەرکەوتوو بوون، تیپی ٥١ی گەرمیان و دەستەی مەڵبەند بە سەرپەرشتی کاک شەوکەت لە چاڵە نەوتەکانی زەنبووریاندا دوای ئەنجامدانی چالاکیەکە پێشمەرگەکان گەڕانەوە، ڕەوە کۆپتەرێک هاتنە سەریان پێش ئەوەی پێشمەرگەکان تەقەیان لێبکەن، فڕۆکەیەک گڕیگرت و کەوتە خوارەوە.

لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، گورزی کاریگەری لە کێڵگە نەوتیەکان داو ڕژێمی عێراقی هار کرد، کاریگەری لە سەر ورەی پێشمەرگە و جەماوەر دانا، نەوت شادەماری ئابوری عێراق بوو، ماشێنی جەنگی عێراق، بەرانبەر کوردو ئێرانیش لە سەر نەوت دەگەڕاو دەجولا.

ئەو سەروەت و سامان و زێڕە ڕەشەی خاکی شیرینی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە لایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە، دژی خەڵکی کوردستان بە کار دەهێنراو دەدرایە بۆمب و ناپاڵم و کیمیایی و بە سەر خەڵکی کوردستاندا دەیباراند.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکەوتویی گەڕایەوە لە دەنگی گەلی کوردستانەوە برووسکەی پیرۆزبایی لە لایەن سەرپەرشتیاری چالاکی مەڵبەندەکانەوە ئاڕاستەی هەڤاڵ مامجەلال و مەکتەبی سیاسی و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان کرا.

لە بنەڕەتدا (ی ن ک) پلانچن و جێبەجێکاری پلانەکە بوو، کاک نەوشیروان سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی چالاکیەکە و پلانچی بوو، بەڵام جمهوری ئیسلامی ئێران وەک پیشەی هەمیشەییان لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە بڵاویانکردەوە کە ئەوان چالاکیەکەیان ئەنجامداوەو ڕەزمەندەگانی ئیسلام لە شەریکەی نەوت و چاڵە نەوتەکانی کەرکوکیانداوە بەڵام دوای ئاگادارکردنەوەی جمهوری ئیسلامی و گەیاندنی نیگەرانیەکانی (ی ن ک) لەو بارەیەوە، جمهوری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنەکانیەوە

باسی ڕۆڵی (ی ن ک)ی کرد، ئەم پاوانخوازی و خۆبەخاوەنکردنەی ئێران لە داستانی ڕزگاریدا دووبارە بووەوە.

وەکو ئاماژەمان پێدا چالاکییەکە بە پشتیوانی ئێرانیەکان و بە سەرپەرشتی (ی ن ک) و کاک نەوشیروان ئەنجامدرا ئەرکی هێنان و گواستنەوەی چەک و تەقەمەنیەکان لە سەر شانی (ی ن ک) بوو.[١٠]

## بـــروسکەی پـــیرۆزبای هەڤاڵ مامــجەلال

هەڤاڵ مامجەلال سەبارەت بە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک بروسکەیەکی ئاڕاستەی کاک نەوشیروان و فەرماندەکانی پێشمەرگە کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی لەمامجەلالەوە

بۆ هەڤاڵی تێکۆشەرو هێژا فەرماندەی داستانی کەرکوک بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر فەرماندەی مەڵبەندی یەکی قارەمان بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر فەرماندەی مەڵبەندی دووی قارەمان بۆ هەڤاڵی تێکۆشەری فەرماندەی مەڵبەندی چواری قارەمان.

---

١٠ نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (خولانەوە لە ناو بازنەدا) لاپەڕە (١٠٨ بۆ ١٠٩) باس لە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک و گواستنەوەی کاتیوشاو تەقەمەنیەکان دەکات.

ئەو تفاقەی بۆ ئەم کارە پێویست بوو بریتی بوو لە (١٠) هاوەنی ١٢٠ ملم، ٤ کاتیۆشا، ٤٥ تەن گوللە هاوەن و کاتیۆشا، چەند دانەیەک سامی (٧) دژی فڕۆکە، چەند دانەیەک ساروخی دژە تانک و هەندێک فیشەکی کلاشینکۆف، ئەمانە پێشتر بە سەرپەرشتی جەبار فەرمان لە زەردەکانیەوە لە ئێرانەوە بە کۆڵی ئێستر گواسترابوونەوە بۆ دۆڵی جافەتی، لە یەکێک لە عەمارەکانی دۆڵی جافەتی یەوە شاردرانەوە، کاتی جێبەجێکردنی دیاریکرا، ئازادو شەوکەت هەر یەکەیان بەشی خۆی بە شەو لە لۆری بارکردوو بە دابانداا بردیان بۆ خڕی زێوێ پەڕاندیانەوە، ئێمەش بەشی خۆمان کە لە هی هەردووکیان زیاتر بوو بە ٣٢ تراکتۆرو ٤ لۆری لە خڕی زێوێ و گردەبۆرەوە گوێزرایەوە کەڵەشێرە و ڕۆژی دوایی بردمانە گوندی مۆرخواردە لە نزیک شاخی خاڵخاڵان، پلانەکە بەمجۆرە بوو.

+ هێزێک بە سەرپەرشتی شەوکەتی حاجی موشیر ئاگربارانی زەمبور بکەن.

+ هێزێک بە سەرپەرشتی ئازاد حەمە غەریب ئاگربارانی جەبەل بۆر بکەن.

+ هێزێکی تر کە هێزی هەرە گەورەو سەرەکی یەکێتی بوو بە سەرپەرشتی خۆم ئاگربارانی بابە گوڕگوڕ بکەن.

+ هاوزەمان لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم سێ هێرشەدا پەلاماری داموو دەزگاکانی بەعس لە ناو چەندین شارو ئۆردوگاو شوێنی دیاردا بدرێ ئێمە ئێوارەکەی سەرکەوتینە سەر خاڵخاڵان بۆ ئەوەی لە دوورەوە سەرپەرشتی ڕووداوەکان بکەین، لە سەعات دوانزەی نیوە شەودا ئاگاداری هەموو قوڵەکان کرا (چرا هەڵکەن) کە نیشانەی دەستپێکردن بوو.

بەسڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە پیرۆزبای سەرکەوتنی نەخشەی (یەکێتی) تان لێدەکەم کە داستانی کەرکوکی لە مێژووی شۆڕش و گەلەکەماندا تۆمارکردووە، سوپاسی خۆتان و هەموو لێپرسراوەکانی پێشمەرگەو هەموو سەرتیپەکان و فەرماندەی کەرتەکان و پێشمەرگەکانی بەشداربوو لەو هەڵمەتەمێژووییەدا دەکەم.

ئەنجامدانی وسەرکەوتوانەی نەخشەی یەکێتی بەهاوبەشی خۆتان و پتر لە سێ هەزار پێشمەرگەی کوردستان و یارمەتیدانی فەنی و چەک و تەقەنی دۆستانی جمهوری ئیسلامییەوە کارێکی کەم نییە لە مێژووی شۆڕش و کوردەواریدا کە لە تێکشکاندنی هێرشەکانی عەفلەقییە فاشییەکان بۆ سەر کوردستان و پەکخستنی قادسیە شوومەکەیاندا دەورێکی گرنگ و گەورەی دەبێت.

ئەو کارە مێژووییە بێ وێنە و بێ هاوتایە لە مێژووی کوردستان و شۆڕشی کوردستاندا توانای زۆر و زەوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە ڕێبەری (ی.ن.ک) بۆ دۆست و دوژمن دەرخستەوە.

ئەم ڕاستیەشی دەرخستەوە کە هێشتا دەستی کورد دەگاتە نەوتە بەتاڵان براوەکەی کوردستان، هـەروەک گورزێکی کاریگەریشی لە نەخشەی گڵاوی سیاسەتی ئیستعماری ئیستطانی عەفلەقییەکان داوە بەوەی کە دەرامەتەکەیان کەمدەکاتەوە، ئەو دەرامـەتـەی کە لە کڕینی چەک و تەقەمەنی و تانک و تۆپ بۆ وێرانکردنی کوردستان و فریودان و کڕینی جاشەکان سەرف دەکرێت، هەر بۆیەش ئەو کارە مێژووییە هەتا هەتایە لە مێژووی کوردایەتی و شۆڕشدا هەر دەدرەوشێتەوە .

بەڕاستی هیچ زبان و ڕستەیەک توانای ئەوەی نییە نرخ و ئەهمییەتی ئەو کارە دەربڕێت، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەر وەک چۆن پێکهاتن و گەشەکردنی (ی.ن.ک) و شۆڕشەکەمان لە دوای ئاش بەتاڵدا موعجیزەیەکی سیاسی و پێشمەرگانە بوون، ئاوهاش ئەو هێرش و هەڵکوتانەی ئێوە بۆ سەر کەرکوک و جەبەل بۆر و زەمبور موعجیزەیەکی جەنگی شۆڕشەکەی کوردستانە، موعجیزەیەکی جەنگی گەلە.

بێگومان گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەکەمانیش

لە جاران پتر دڵیان بەسەرکەوتن خۆشە، چونکە بوونی ڕۆڵەیەکی وەک ئێوە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئاوهاقارەمان و دلێر هەر نیشانەی سەرکەوتن و دەستەبەری پێشکەوتن دەبن .

دووبارە پیرۆزبای گەرم و سڵاوی شۆڕشگێڕانە و سوپاسی بێپایان و هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتووبن.

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)

هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا برووسکەیەکی ئاڕاستەی مامجەلال و مەکتەبی سیاسی کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوکەوە ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی:

پیرۆزبایی لە جەنابتان و گەلەکەمان دەکەم کە لە شەوی ١٠ لە سەر ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ دا تۆپخانەی قورسی شۆڕش و کاتیۆشا تۆپبارانی بیرە نەوتەکانی بابە گوڕگوڕی کرد، هێزی پێشمەرگەی قارەمانی مەڵبەندی دوو و مەڵبەندی چوار لە هێرشێکی کتوپڕدا هەموو ڕەبیەکانی سەرکەلی سێکانیانی گرت کە دەکەونە سەر زنجیرە شاخی کانی دوومەڵان و دەڕوانێ بە سەر دامودەزگا پترۆڵییەکانی کەرکوکدا.

لەم هێرشەدا هەموو داوودەزگا گرنگەکانی کەرکوک خاپور کران و تا ئێستاش هەر دەسوتێن، هاوزەمان لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەیەشدا قاعیدەی سەربازی دارەمان و وێستگەی تەقویەی تەلەفزیۆنی تەئمیم و وێستگەی تەشویش لە سەقزلی و حەسار و بارەگای فەیلەقی سوپا و بارەگای فرقەی دوو فرۆکە خانەی هەلیکۆپتەر و قاعیدەی ئاسمانیی کەرکوک و چەندین شوێنی جاسوسیی گرنگ بە خەستی تۆپ و گوللە باران کران.

ئەوەی شیاوی باسە، قورسایی گوللەکانی بۆ ئەم شوێنانە دانرابوون لە ٣٠ تەن زیاتر بووەو هەموو ئەم کارانەش لە ماوەی یەک سەعات جێبەجێکران، هاوزەمان

لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەیەشدا مەڵبەندی یەکی تێکۆشەر چاڵە نەوتەکانی زەمبور و جەوەڵ بۆری خاپور کرد، پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چواری قارەمانیش جگە لە بەشدارییەکانیان لە تێکدانی بابە گوڕگوڕ، لە چەندین شاری سنووری مەڵبەندەکەی خۆیان داوە.

ڕۆژی دوای لێدانی کەرکوک، لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی سەرکەوتنی لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک ئاراستەی بەڕێز مامجەلال سکرتێری گشتی (ی ن ک) و مەکتەبی سیاسی کرا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**خەڵکی خۆڕاگرو قارەمانی کوردستان**

**تێکۆشەران**

ئەی هەموو نیشتمان پەروەران و دڵسۆزانی ئەم گەل و خاکە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرانبەر داموودەزگاکانی ڕژێمی عەفلەقی هەر لە ١٩٨٦/٩/١ تاکو ئەمڕۆ ١٩٨٦/١٠/١١ لە شەڕێکی جەبهەیی فراوانی دەیان کیلۆمەتریدایە، دەیان هێرشی یەک لە دوای یەکی هێزی فاشیستەکانی تێکشکاندووە، هێزی پێشمەرگەی جەربەزەو قارەمان هێرشێکی بەربڵاوو هەمە لایەنە و قورسیان بردە سەر داموودەزگا گرنگەکانی کەرکوک و زیان و زەرەرو کوشتارێکی زۆر کاریگەریان لێکردن و سەراپای شاری کەرکوک بە داموو دەزگاو هێزە فاشیستیەکەوە هاتە لەرزەو دامەزراوەکان بڵێسەی ئاگریان لێهەستا.

کورتەی ڕاگەیاندنی هەواڵەکە و برووسکەی پیرۆزبایی بۆ سکرتێری گشتی (ی ن ک) تێکۆشەر مامجەلال، بۆ مەکتەبی سیاسی بەڕێز پیرۆزبایی لە جەنابتان و گەلەکەمان دەکەین لە شەوی ١٠\١١/١٠/١٩٨٦ تۆپخانەی قورس و کاتیۆشا ئاگربارانی حەقلی نەوتی بابە گوڕگوڕی کردوو هەروا هێزی پێشمەرگەی قارەمان لە هێرشێکی کتو پڕ هەموو ڕەبیەکانی سەرکەلی سێکانیان لە زنجیرە شاخی دوومەڵان کە دەڕوانێ بە سەر داموو دەزگا پترۆڵیەکانی کەرکوکدا گرت، لەم هێرشەدا هەموو مقەڕی سووپاو فرۆکەخانەکانی دوژمن لە شەوی ١٠\١١/١٠/١٩٨٦ لە تەواوی

شاری کەرکوک و جەوەڵ بۆرو زەمبورو شاری هەولێرو چەند شارۆچکەیەکیتردا هەر تەنها ئەم هەواڵە سەرەتاییەی کەرکوکمان پێگەیشتووە.

بۆ پەکخستن و سووتاندن و تەقاندنەوەی بۆری و بیرە نەوتەکانی بابە گورگورو زەمبورو جەوەڵ بۆر کە سەرچاوەیەکی مانەوەو بەردەوامی ڕژێمی دیکتاتۆرو فاشیە ڕۆژانە بە داهاتەکەی چەک و بۆمبای بە لێشاو دەکڕێ و بە سەر خاوەن و دانیشتوانەکەی کوردستاندا دەیبارێنێ.

تۆبارانی دامودەزگا ئەفلەقیەکان، سووتاندن و تەقاندنەوەی مقەڕو مۆڵگەو ڕەبیەو ئەو فرۆکانەی بێشەرمانە دەست لە مناڵ و ئافرەت و تەنانەت ئاژەڵیش دادەگرن، بۆ تێکوو پێکدانی بورجی تەشویشی جاسووسی بۆ مژدەیەکی دڵخۆشکەرو ئاە بە بەراکەری خاکی سووتاوو خەماوی کەرکوکی گلێنەی چاوی کوردستان، بۆ شارە بێگەردەکەی ئاوێنەی کوردان، وشەی سەر زاری ئاواتی مەردان، بۆ کۆنە شاری نەوەی بەچکە شێر، کسپەی ناو جەرگی سکی برسی و تێر.

هێزە هاوبەشەکانی بەشێک لە چەند تیپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەوی ١٠\١١/١٠/١٩٨٦ و لە سەعات یەکی شەودا هێرشی قورس و بەربڵاویان بردە سەر دامەزراوە نەوتیەکان و مۆڵگە و مقەڕی فەیلەقی یەک کە ئەوە بەشێک لە هێزەکانە، تیپی ٢١ی کەرکەوک، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، تیپی ٨٧ی قەرەچوخ، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، تیپی ٩٣ی کۆیە، تیپی ٢٣ی سورداش، ئەم هێزانە لە سێ قۆڵەوە هێرشی توندوو تۆبارانی چڕیان بەمجۆرە دەستپێکرد.

یەکەم، مقەڕی فەیلەقی یەک لە کەرکوک بە چاکی و چڕی تۆبارانکرا، لە هەمانکاتدا هێزێک لە تیپی ٢١و تیپی ٩٣ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی کەلی سێکانیان، لە هەمانکاتدا هێزێک لە  تیپی ٢١و تیپی ٩٣ هێرشیان بردە سەر ڕەبیەیەکی کەلی سێکانیان و ڕەبیەکانی کانی دوومەلان و خاپوریان کردن و زیانی زۆریان لێدان، قوربانی ئێمە لێرەدا شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی نەبەزی تیپی ٩٣ کاکە (قاسم محەمەد) بوو.

دووەم، بۆ ماوەی دوو سەعات بە کاتیۆشا و تۆپی قورس بیرو چاڵە نەوتەکانی بابە گورگورمان تۆپبارانکردو نەک هەر سووتا بەڵکو کردمان بە کۆی زووخاڵ و

تا ئێستەش ژیلەمۆو دووکەڵی نەڕەویوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم تۆپبارانەدا هێزێکی ٢١ی کەرکوک، هێرشێکی خێرایان کردە سەر مۆڵگەکانیان کە دەیان ساڵە بە قەڵای پۆڵایینی دەوری کەرکوکی دادەنێن، لە ماوەی تەنیا پێنج دەقیقەدا حەوت ڕەبیەیان کرا بە خۆڵەمێش و دوانیان قائیدەی سەواریخ و تۆپی چدی جەو بوو، لە بەر هۆیەک نەتواندرا چەکە قورسەکان بگوێزرێتەوە، بۆیە سوتێندران و تێکشکێندران.

هێزی دوژمن ویستی فریای ڕەبیە گیراوەکان بکەوێ ئەمانیش هەر لە ڕێگادا کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو سەر پاک ئیبادەکران و وەک ڕەبیەکانیان سووتان و تەختکران.

هەروا لە بەر تەقینەوە هەر ئاگامان لە تەقینەوەی چوار تۆپی چدی جەوو قائیدەی سەواریخ بوو، چوونکە قورسی و فراوانی شەڕ گرمەو ناڵەی تەقینەوەو هێرش لـەوەدا نەبوو مـرۆڤ فریای ژمـارەو زیـان بکەوێ، حـەوت کڵاشینکۆف دەستکەوت بوو.

هەر لە هەمان ساتدا قارەمانەکانی ٨٧ ی قەرەچوخ هێرشێکی فراوانیان کردە سەر دوو ڕەبیە لە هەمان شوێن و لە چاو تروکاندا دەستیان بە سـەردا گرت کوژراوو برینداری زۆریان لێخستن،

لە دەستکەوتەکاندا بیکەیسی و هاوەن و شتیتر گیراوە قارەمانەکانی قەرەچوخ و کەرکوکیش بێزیان بوون.

سێیەم، هێزێکی هاوبەش لە جەربەزەکانی ٢٣ی سورداش و ٢٥ی خاڵخاڵان بە خەستی سەربازگەکانی سەقزلی و حەسارو دارەمانیان تۆببارانکرد بە ئەندازەیەک بە خەستی بەردوو خۆڵی سەربازگەکەش گڕیگرت و سووتا، قارەمانەکانی سورداش و خاڵخاڵانیش بێزیان بوون.

قۆڵی چوارەمیش هێزێکی جوامێرەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتی دیاریکراودا ئەم نیشانەو خاڵانەیان تۆپبارانکرد.

* حەسار سووتا و گڕیگرت.
* سەربازگەکانی سەقزلی.
* قائیدەی سەواریخی "سام" ی دارەمان سەربازگەکەی سووتاو گڕیگرت.

ئەم تۆپبارانە بە وردی و چڕی یەک سەعات و نیو بەردەوام بوو، پێشمەرگە دلاوەرەکانی دەشتی هەولێریش بێزیان بوون.

هاوکات لەگەڵ ئەم برووسکە و پەیامە پیرۆزباییە بۆ جەنابی مامجەلال و مەکتەبی سیاسی و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان.

مەڵبەندی (١) لە ڕاگەیاندراوێکدا بۆ مەکتەبی سیاسی و دەزگای پێشمەرگایەتی وردەکاری قۆڵی خۆیان خستە ڕوو.

**لە مەڵبەندی یەکەوە بۆ بەڕێز مەکتەبی سیاسی و دەزگای پێشمەرگایەتی:**

بە پێی ئەو نەخشە وردەی بەڕێزتان بۆتان دیاریکردوین بۆ هێرش بردنە سەر چاڵە نەوتەکانی زەمبور، کە تەنها (٥) کیلۆمەتر لە جادەی گشتی کەرکوک بەغدا دوورە و چاڵە نەوتی جەوەل بۆر کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک بە چەند کیلۆمەترو هەموو لە خاوەنەکەی چۆڵکراوەو بە بنکەی سەربازی تەندراون.

هاودەنگ و هاوکات لەگەڵ هێزە هاوبەشەکانی مەڵبەندی دوو، مەڵبەندی چواری تێکۆشەر، بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی بابە گوڕگوڕو داموودەزگاکانیتری دوژمن لە شاری کەرکوکداو هاوکات لەگەڵ هێرشی پێشمەرگە قارەمانەکاندا بۆ سەر شەش شارو شارۆچکەی هەولێر، هێزەکانی ئێمەش کەوتنە تۆڵە کردنەوەی دەیان ساڵەی نەوتی دزراو هەر چەندە ئەم زەربە کاریگەرانە سەعاتێ زەنوێری نەوتە دزراوەکەمانە، بەڵێ هێزە هاوبەشەکانی ئێمە بەمجۆرە هاتنە دەست و شەوی دەیجوری شارە خۆشەویستەکەی کەرکوکمان کرد بە مەشخەڵانی شۆڕشی نوێ.

هێرشی یەکەممان تیپی ٥٧ی دلێر بە تۆپی قورس و کاتیۆشا لە سەعات ١١:٤٠ دەقیقەی شەوەوە تا دووی شەو چاڵە نەوتەکەی جەوەڵ بۆر و بنکە سەربازیەکانیانمان هەنجنی و بە تەواوی خاپورمان کردوو دامەزراوەکەو حیمایەکانیان گۆڕکرد.

هێرشی دووەممان تیپی ٥١ی قارەمان و تیپی ٥٣ی دلێر، دەستەیەکی مەڵبەندی

یەکی تێکۆشەر بە تۆپی قورس و کاتیۆشا لە هەمانکاتدا شالاویان بردە سەر حەقلی زەمبورو بۆ ماوەی دوو سەعات و نیو بە چڕی و چاکی لە هەموو دامەزراوەکەو پاریزگاکانیانماندااو تێکو پێکماندان، بە جۆرێک گرووو بڵێسە شەوی کردە ڕۆژو دەنگی تەقینەوە لە دە کیلۆمەتر دوورەوە دەبیسترا، ڕەبیەو مقەڕ فەوجەکەیان خاپوور کرد.

شایانی باسە هێرشەکەمان هێند غافڵگیر بوو دوای یەک سەعات شەڕ ئنجا دوژمن کەوتە تۆبباران و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی بەو شەوە چەند فڕۆکەیەکی جەنگیان هەستاندوو بە تۆڕی تەنویر ناوچەکەیان ڕووناک کردەوە، شایەنی باسە لە ماوەی دوو سەعات و نیودا گوللە تۆپەکان بە سەر دامـەزراوەو حیمایانەیدا باراندو پەراش پەراشیانکرد هێزەکانمان سەرکەوتووانەو بێزیان گەڕانەوە.

**تا ئـــێرە ڕاگەیەندراوەکەی مـــەڵبەندی یـــەک بوو**
**ئـــێزگە بەم چەند دێڕە کـــۆتایی پـــێهێنا**

دەستان خۆش قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک کوڕانی ٥٧ی سەگرمە و ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانە و دەستەکەی مەڵبەندی یەک ئەبوو ئەو نەوتەی کوردستان سەراپای وڵاتەکەمانی پڕکردایە لە گەنج و گەوهەر کەچی دەبینین پڕە لە سوپای دوژمن و تەیارە با فاشیەکان دێهاتەکانمان کاول بکەن، با خۆشمان دامەزراوەو دوژمنکاریە ترسناکەکانی ڕژێم بشکێنین، بەڵام سبەی سەرپاکی ئەم کوردستانە جوانتر دروست دەکەینەوەو ئەو جا نەوتیش دەکەینە سەرچاوەی ژیان و گوزەران.

**زرنـــگی ســـەرکردایەتی**

ئەوەی زرنگی و وردبینی سەرکردایەتی (ی ن ک) دەردەخات لە جێبەجێکردنی پلانی لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکدا لە تێکڕای قۆڵەکانەوە، بێئاگایی هەواڵگری و دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێمی بەعس بوو لە ناو شاری کەرکوکدا.

دەزگا جاسووسییەکانی ڕژێم بێئاگا بوون لە هاتنی ئەو هێزەو گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی، هەواڵگری عێراق ئاگایان لە مەحموودی بێزەواد نەبوو وەکو دەڵێن لە گوێی گادا خەوتبوون.

بۆ ڕۆژی دوایی لێدانی کەرکوک، سەدام حسێن سەرۆکی ئەو کاتی عێراق، تێکڕای داموودەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی شاری کەرکوکی گۆڕی و سزای دان و بەندیکردن.

جگە لـەوەی هێرشیکردە سـەر چەند ناوچـەیەک بـەڵام مـوکـەڕەم تاڵەبانی بانگکردبوو داوای لێکردبوو قسە لەگەڵ سەرکردایەتی (ی ن ک) بکات بۆ ڕێکەوتن.

## داستانی خاپورکردنی بیره نەوتەکانی
## بابە گوڕگوڕ، زەمبوور ، جەوەڵ بۆر
## بیره نەوتەکانی بابە گوڕگوڕ

بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و بەیارمەتی چەک و تفاقی جەنگی و شارەزاو پسپۆڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتژمێر یەکی شەوی ١٠-١١/١٠/١٩٨٦ هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی (٢١) کەرکووک و (٢٥) خاڵخاڵان و (٨٧) قەرەچۆج و (٨٦) دەشتی هەولێر و (٩٣) کۆیە و (٢٣) سورداش لە چەند قۆڵێکەوە تۆپبارانی بنکەی سەربازی و دامەزراوە نەوتییەکانی شاری کەرکوک و دەوروبەریانکردوو هێرشێکی بەرفراوانیانکردە سەر کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو

**قۆڵی یەکەم**

بەخەستی تۆپبارانی فەیلەقی یەکیانکرد لەناو شاری کەرکوک. لەهەمانکاتدا هێزێکی هاوبەشی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان و ٩٣ کۆیە هێرشیانکردە سەر چەند ڕەبییەیەکی دوژمن لەکەلی سێکانیان

(کانی دوومەڵان) و هەموویان خاپوورکردن و زیانی زۆریان لێدان.

قوربانی پێشمەرگە لەم قۆڵەوە شەهیدبوونی (قاسم محەمەد) فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی یەکی تیپی ٩٣ کۆیەبوو.

**قۆڵی دووەم**

بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە کاتیۆشاو تۆپی قورس ئاگربارانی چاڵەنەوتەکانی بابەگوڕگوڕیان کردوو ئاگریان تێبەردان.

هاوکات لەگەڵ تۆپبارانەکەشدا هێزێکی تیپی ٢١ کەرکوک هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی کەلی سێکانیان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کەرکوک، لەماوەی پێنج دەقیقەدا دەستیانگرت بەسەر (٧) ڕەبییەدا کە دوانیان (قائیدەی صواریخ و چدالجو بوون) چوار دژە ئاسمانی ٣٧ ملم و دوو لوولە لەگەڵ یەک دیمیترۆف تێکشکێندران کەسەر بە قائیدەی (٣١) ی دژە ئاسمانی و کەتیبەی (٢٩٥) بوون لەگەڵ سووتاندنی

ئۆتۆمبێلێکی واز قیادە هێزێکی دوژمن ویستی بەفریای ڕەبییە گیراوەکانەوە بێت ئەوانیش لەناوبران .

زیانی دوژمن لەم قۆڵەوە کوژرانی (٢٠) کەس و برینداربوونی (٣٠) کەسیتر بوو

دەستکەوت (٧) کلاشینکۆف، (٥) قناعی غاز، شکاندنی ڕادارێک

لەهەمانکاتدا پێشمەرگەکانی تیپی (٨٧) قەرەچۆخ هێرشێکی توندیان کردە سەر دوو ڕەبییەیتر لەهەمان شوێن، لەماوەیەکی کەمدا دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکاندا و سووتاندیانن

دەسکەوت (١) ڕەشاشی بی کە سی ، (١) هاوەنی ٦٠ ملم، (٩) کلاشنکۆف.

**قۆڵی سێیەم**

هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی(٢٣) سورداش و (٢٥) خاڵخاڵان سەربازگەکانی دوژمنیان لە سەقزلی و حەسار و دارەمان تۆپبارانکرد، لەهەمانکاتدا لە محەطەی تەشویشەکەی سەرقزلییاندا و ئاگریان تێبەردا .

**قۆڵی چوارەم**

هێزێکی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لەکاتی دیاریکراودا تۆپبارانی چڕی ئەم شوێنانەیانکرد

*حەسار: حەساری تەشویشەکە ئاگریگرت

*سەربازگەی دارەمان

*سەربازگەی سەقزلی

*قائیدەی صواریخی سامی دارەمان

تۆپبارانەکە دوو کاتژمێری خایاندوو گوللە تۆپەکانیان نیشانەکانیان پێکا.

لەکاتژمێر دووی شـەوەوە (٥) کۆپتەر لە ئاسمانی شەڕەکەدا دەسوڕانەوە. لەکاتژمێر شەشی بەیانیشەوە تا نیوەڕ بەهەمانشێوە بەسەر ئاسمانی شەڕەکەوەبوون، لە کاتژمێر ١،٣٠ دەقەی دوانیوەڕۆش کوێرانە بۆمبارانی ناوچەکەیانکرد چەکە ئاسمانییەکانی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر و ٢١ کەرکوک ئاسمانی ناوچەکەیان لێکردن بە ئاگر و کۆپتەرێکیان پێکا، کۆپتەرەکە لە پشتی حەسار کەوتە خوارەوە .

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی (ئاکۆ کەریم) پێشمەرگەی تیپی ٢١ کەرکوک بوو.

*هەر لەشەوی ١٠-١٩٨٦/١٠/١١ هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی یەک هێرشیانکردە سەر بیرەنەوتەکانی زەمبوور کە تەنها پێنج کیلۆ مەتر لە جادەی کەرکوک بەغداوە دووربوو.

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی مەڵبەندی یەک هیرشیتانکردە سەر چاڵە نەوتییەکانی جەبەل بۆر بە چەند کیلۆمەترێک لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوک بەمجۆرە.

١- تیپی ٥٧ سگرمە بە تۆپی قورس و کاتیۆشا هێرشیانکردە سەر چاڵە نەوت و بنکە سەربازییەکانی جەبەل بۆر لە کاتژمێر ١٢,٣٠ دەقیقە تا (٢) ی شەو بەچڕی ئاگربارانیانکردوو ئاگریان تێبەردان و دامەزراوە نەوتییەکانیان تێکو پێکدا، زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان لە چاڵە نەوت و بنکە سەربازییەکانی دوژمندا.

٢- تیپی ٥١ گەرمیان و تیپی ٥٣ شیروان و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک بە تۆپی قورس و کاتیوشا هێرشیانکردە سەر چاڵە نەوتییەکانی زەمبور و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر و نیو تۆپبارانیانکرد، تۆپبارانەکە هەموو دامـەزراوە نەوتییەکانی پێکاو ئاگری تێبەردران، گڕو بڵێسەی چاڵە نەوتەکان ئاسمانی ناوچەکەی ڕووناک کردبووەوە، دەنگی تەقینەوەی عەمبارە نەوتییەکان لە دووری چەند کیلۆمەترێکەوە دەهاتە گوێ

دوژمـن هێندە غافڵ گیربوو دوای چەند کاتژمێرێک توانی بێتە دەسـت و بەچواردەوریدا تەقە بکات.

بەمشێوەیە لەماوەی دوو کاتژمێردا (١٠) طن گوللە تۆپ و کاتێوشا بەسەر چاڵە نەوتەکانی زەمبور و جەبەل بۆردا خاڵی کرانەوەو تەقێندران

زیانی دوژمن لەسەداسەد بوو و پێشمەرگەکانیش بێزیان بوون.

هاوکات لەگەڵ خاپورکردنی بیرەنەوتەکانی بابەگوڕگوڕ و زەمبور و جەبەل بۆر هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٨٥ بەڕانەتی و ٩١ سەفین و تیپی مەڵبەندی چوار و کەرتی ٣ تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لەکاتی دیاریکراودا ئەم شاروشارۆچکانەیان تۆپبارانکرد.

**١- پارێزگای هەولێر**

هێزێکی مەڵبەندی چوار لە دوو قۆڵەوە چوونە ناو شاری هەولێر بەتوندی لە دائیرەی ئەمنی ئیسکان و شوعبەی یەرموکیاندا هاوکات مۆڵگەکانی دوژمن لەدەوروبەری کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چوار لەئەنجامدا ژمارەیەک چەکداری ڕژێم کوژران و ژمارەیەکیش ماڵی خۆفرۆشان ڕووخێندران.

**٢- قەزای کۆیە**

تۆپبارانی مقەڕی مونەزەمەو محەگهی کارەبا و ئیستخبارات و مۆڵگە و ڕەبییە و سەربازگەکانیانکرد

**٣- ناحیەی ئاڵتون کۆپری**

لە مقەڕی مونەزەمە و محەطەی کارەبا و بەنزینخانە و ڕەبییەکانی دەوروبەریاندا

**٤- ناحیەی قوشتەپە**

لە مونەزەمەو ناحیە و ماڵە ئەمنەکانیاندا

**٥- ناحیەی دیبەگە**

لە مونەزەمەی ئەمن و کارەبا و ناحیەکەیاندا

**٦- ناحیەی گوێر**

هێرشیانکردە سەر دائیرەی ئەمن و پۆلیس و مونەزەمەی حزبی بەعس و بەئاربی جی لێیاندان، محەطەی کارەبای ناحیەکە سوتێندرا

## بەیاننامەی لقی ئەوروپای (ی ن ك):

سەبارەت بە لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک، لقی ئەورووپای (ی ن ک) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا وردەکاری زۆری سەبارەت بە لێدانی بنکە سەربازی و ئابوریەکانی ڕژێم خستووەتە ڕوو کە ئەمە دەقی بەیاننامەکەیە:

بەیاننامەی (ی ن ک) لقی ئەوروپا دەربارەی لێدانی بنکە سەربازی و ئابوریەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراق لە کەرکوک و هەولێردا.

سڵاوی خۆشەویستی و ڕێزگرتن بۆ ئەو ئیرادە پۆڵاین و شۆڕشگێڕانەیە و بۆ ئەو فیداکارییە بێهاوتایانەی پێشمەرگەکانی شۆڕش و یەکێتی نیشتمانیمان کە بە فیداکاری بێوێنە و بە خوێنی گەشیان مێژووی پڕ لە شانازی خەباتی گەلەکەمان تۆمار دەکەن لە پێناوی بەدیهێنانی مافە ڕەواکانمان و تۆڵەسەندنەوەی خوێنی شەهیدانمان لە دوژمنی دڕندەو فاشست و تێکشکاندنی ئەو مێشکە بۆگەنانەی کە جگە لە ئارەزوی کوشتن و داگیرکاری و خۆسەپاندن هیچ مەنتقێکی بڕواو عەقڵ و زەمیرو ویژدانیان نییە.

سڵاوی گەرمی خەبات بۆ ئەو شۆڕشگێڕە قارەمانانەی کە ئازایەتی و لە خۆبوردن و بەرگە گرتنی بێوێنەیان لە گۆڕەپانی خەباتدا زامنە بۆ پووچکردنەوەی (حساباتی نادەقیەو نەخشە و پیلانە گڵاوەکانی دوژمن و لە لایەکی دیکەشەوە زامنە بۆ بەردەوامی شۆڕش و پاراستنی مافی گەلەکەمان و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی و ڕۆژێکی باشتر.

مایەی خۆشحاڵییەکی زۆرە کە پیرۆزبایی سەرکەوتنێکی زۆر گرنگی شۆڕشەکەمان بکەین و ئەم مژدە خۆشە بە ئێوەی کوردی دوور ووڵات و نیشتمان پەروەر ڕاگەیەنین، ئەویش هەندێک لەو هەواڵانەی گەیشتووە دەربارەی شەڕەکانی ئەم دواییەو بە تایبەتی لێدانی بنکە سەربازی و ئابوریەکانی ڕژێمی فاشیستی عێراق لە ناوچەکانی کەرکوک و هەولێردا.

دوا بە دوای گرتنی بنکەی سەربازی سووپای عێراق لە کارێزەی نزیک شاری سلێمانی بە هەموو چەک و سەربازەکانیەوەو گرتنی هەموو ڕەبییەکانی ناوچەی

ماوەت، دوژمنی دڕندەو فاشست هێزێکی زۆر فراوان و گەورەی سازکرد بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی شۆڕشمان لە ئاسمان و زەوییەوە، بە لەشکرێکی گەورەی سووپاو ئالیات و دەبابە و نزیکەی ٤٥٠٠٠ جاش و بەکرێگیراو.

ئەم هێرشە[١١] بەرفراوانە لە سەرەتای مانگی ٩ تا سەرەتای مانگی ١٠ی خایاندوو دوژمنانی گەل و شۆڕشەکەمان زۆر ئاواتیان پێداهەڵواسیبوو لە ئەنجامدا تێکشکێنراو نەخشەی گڵاوو ئاواتی پیسیان گۆڕکراو دوای زیانی نزیکەی ١٥٠٠ کوژراوو ژمارەیەکی زیاتر بریندار لە ڕیزەکانی دوژمن و خستنە خوارەوەی دوو فڕۆکەی جەنگی بۆمبا هاوێژ (SU-٧) و پیلاتۆز سویسری و گرتنی زنجیرەیەکی زۆرو نزیکەی (٥٠) ئەسیر، هێرشەکەو خەوو خەیاڵی دوژمنانی گەل و شۆڕشمان نەک هەر سەرکەوتوانە بەرپەرچ درایەوەو تێکشکێنرا بەڵکو ئەوەندەی ناحەزانی شۆڕش و دوژمنانی دووچاری شکست و ورە بەردان کردووە، ئەوەندەش ورەی پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕش و گەلەکەمان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بەرزکردەوە.

هەوڵێکی دڕندانەیتری دوژمن ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٩ بۆ پەلاماردانی پێشمەرگە قارەمانەکانمان لە دۆڵی باڵەییان لە ناوچەی باڵەک لە لایەن هێزێکی گەورەی سووپای ڕژێمی فاشیست لە جەیش و جاشێکی زۆر بە پشتیوانی تانک و زرێپۆش و هێزی ئاسمانی لە ئەنجامدا تێکشکێندرا، زیاد لە ١٠٠ کەسی لێکوژرا، زەخیرەو ژمارەیەکی زۆری ئەسیری لێگیرا، لە ناویاندا ئەفسەرێک بە پلەی ڕائید بە ناوی صفر رازی، نەک هەر ئەم هێرشەیتری دوژمن تێکشکێندرا بەڵکو بۆ ئێوارەی١٩٨٦/١٠/١١\١٠ نەخشەو پلانی گەورەترین پەلاماری شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بۆ سەر بنکە سەربازی و ئابورییەکانی دوژمن لە ناوچەکانی کەرکوک و هەولێر جێبەجێکرا، زۆر سەرکەوتوانە بەم شێوەیەی خوارەوە.

بە پێی بەرنامەو نەخشەیەکی دیاریکراو لە سەعات (١)ی شەوی ١٩٨٦/١٠/١١\١٠

[١١] ئەو هێرشە بەرفراوانەی کە لە بەیاننامەکەی لقی ئەوروپادا باسکراوە مەبەست لە شەڕگەی قەیوان ماوەتە کە هێرش و بەرگری ٣ مانگی خایاند مانگی ٩ تا مانگی ١١،

هێزە هاوبەشەکانی تیپەکانی (٢١، ٢٣، ٢٥، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٩١، ٩٣)[١٢] کە پێکهاتبوو لە نزیکەی ٣٠٠٠ پێشمەرگەی قارەمان لە هەمان کاتداو لە چەند جەبهەیەکی فراوانەوە پەلاماری دوژمنیان

داو بە چەکی سووک و ژمارەیەکی زۆر ئاربیجی و کاتیۆشا هێرشیانکردە سەر بنکە سەربازی و ئابوریەکانی ناوچەکانی کەرکوک و هەولێر، دوای جێبەجێکردنی ئەرکی پیرۆزیان سەرکەوتوانە سەعات (٥)ی بەیانی بەرەو بنکەکانی خۆیان گەڕانەوە ئەویش بە گوێرەی ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوە:

١/ تۆبباران و تەقاندنەوەی بیرە نەتەکانی کەیوان و بابە گوڕگوڕ و ئاگرتێبەردانی پاڵاوگەی نەوتی سپی کەرکوک (محطه انتاجی) چاوگەی بەرهەمی یەکەمی (KL) کە بەرهەمی (٣٠) سی هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا.

٢/ تێکشکاندنی محطه کەهرو حەراری کەرکوک .

٣/ پەلاماردانی ڕەبایە زۆر کۆنکرێتییەکانی دوژمن لە کەلی سێکانیان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک و دەستبە سەرداگرتنی هەر (٧) ڕەبییەکە و تەقاندنەوەی دوو قائیدەی سواریخی چد الجوی گرنگ کە ڕەبایەکان دەیانپاراست.

٤/ تۆببارانی بنکە سەربازییەکانی دوژمن لە زەمبورو جەبەل بۆرو گڕ بەردانە بیرە نەوتەکان و تەقاندنەوەی تەئسیساتی نەوت و پاڵاوتنی گاز کە بەرهەمیان (٣٠٠) سێ سەد هەزار بەمیل نەوت بووە لە ڕۆژێکدا.

٥/ تۆببارانی بنکە سەربازیەکانی دوژمن لە دارەمان، گرتن و تەقاندنەوەی بنکەی دوو لیوای سوپاو بنکەی جاشەکان.

٦/ ئاگر باران و تەقاندنەوەی تەئسیسات و بیرە نەوتەکانی شوراوە کە بەرهەمی (١٠٠) سەد هەزار بەرمیل نەوت بووە لە ڕۆژێکدا.

٧/ تۆببارانی بنکە سەربازیەکانی دوژمن لە حەسارو سەقزلی و گڕ بەردانە سەربازگەکان و تێکشکاندنی محطه تەشویش و مخابەرات لە سەقزلی و خستنە

١٢ سەبارەت بە بەشداریکردنی تیپەکان لەوە زیاتر بوو بەیاننامەکە هەر سێ تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٥٣ی شێروانە و ٥١ی گەرمیانی بیر چووە ناو بهێنێ کە بەشداری چالاکیان هەبووە لە لێدانی بیرە نەوتەکانی جەوەل بۆرو زەمبور.

خوارەوەی هێلیکۆپتەرێکی جەنگی لە ناوچەی حەسار.

٨/ تۆپباران و پەلاماردانی ڕەبییەکانی دوژمن لە دەوری شاری کەرکوک لە دوومەڵان و دەستگرتن بە سەر هەموو ڕەبایەکاندا کە ژمارە (٩) نۆ بوو.[١٣]

٩/ ئاگر بارانی ئیزگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک و بارەگای ئەمنی کەرکوک و محطه شەمەندەفەری بابەگوڕگوڕ بۆ گواستنەوەی نەوت بە ئاربیجی و کاتیۆشا و تێکدانیان.

١٠/ تۆبارانی بارەگای فەیلەقی (١)ی کەرکوک و بارەگای فیرقەی (٨)ی سووپای دوژمن.

لە هەمان شەودا پێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشمان پەلاماری بنکە سەربازیەکانی دوژمنیان داوە لەم جێگایانەیتر.

١/ شاری کۆیە

أ/ لێدانی بارەگای مونەزەمەی بەعسی فاشست.

ب/ لێدانی بارەگای ئیستخبارات.

ج/ لێدانی مۆڵگەی جاشەکان.

د/ لێدانی ڕەبیەکانی دەوری ئیسکان.

ه/ لێدانی ڕەبیە و هێزی پارێزگەی محطەی کارەبا.

لەم هێرشەی ناو شاری هەولێر مەفرەزەیەکی قارەمانی پارتی سۆسیالیستی کورد (حسک) یش هاوبەشیان کرد.[١٤]

زیانی گیانی دوژمن لە هێرشی ئەم شەوەدا یەکجار زۆر بووە کە ناتوانرێت بژمێردرێت، بە گشتی زیانی (تەئسیسات) نەوتی کەرکوک تەقدیر کراوە بە (٧٠٪) لەو هێرشەدا.

دوژمنی دڕندە دوای ئەو زنجیرە شکستانەیان وەکو گورگی بریندار پەلاماری هەموو شارو دێهاتی ناوچە ڕزگار کراوەکانی داوە بە بۆردومان و تۆبباران، جگە لەوەش بۆ تۆڵە و بەرزکردنەوەی ورەی تەپیوی هێزو سووپا و جاشەکانیان و کۆکردنەوەی ئابڕوی شکاویان ڕۆژانی ٢٣-١٩٨٦/١٠/٢٤ بە هێزێکی سووپایی زۆر

---
[١٣] واتە نۆ ڕەبیە بوون.
[١٤] مەبەست حزبی سۆسیالیستی کوردستانە (حسک) یان مەبەست پاسۆکە و بە هەڵە نووسراوە.

گەورەوە بە پشتگیری ژمارەیەکی زۆر

جاش بە تۆپ و دەبابە و هێزی ئاسمانی لە (٨) لاوە هێرشیان بردووەتە سەر مەڵبەندی (٤)ی هێزەکانی شۆڕشمان لە ناوچەکانی کۆیە، سەفین، بالیسان، بەڵام بەرانبەر ئیرادەی پۆلاین و شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە قارەمانەکانمان ئەم هێرشەش وەکو ئەوانی پێشوی تێکشکێندراوەو بەم زیانانەی دوژمن کۆتایی هاتووە.

٢/ شاری پردێ (ئاڵتون کۆپری)

أ/ لێدانی بارەگاکانی فەوجی سوپاو بەعسی فاشیست.

ب/ لێدانی وێستگەی کارەبا

ج/ لێدانی بەنزینخانە.

٣/ قوشتەپە

أ/ لێدانی بارەگای مونەزەمەی بەعسی فاشست.

ب/ لێدانی چەند ماڵە جاشێک و ماڵی مدیر ناحیە.

٤/ دێبەگە

أ/ لێدانی بارەگای منەزەمەی بەعسی فاشست.

ب/ لێدانی بارەگای ئەمن.

ج/ لێدانی مەخفەرێکی پۆلیس.

٥/ گوێر

أ/ لێدانی بارەگای منەزەمەی بەعسی فاشست.

ب/ لێدانی بارەگای ئەمن.

ج/ لێدانی مەخفەرێکی پۆلیس.

د/ لێدانی وێستگەی کارەبای ناحیەکەو تەقاندنەوەی.

٦/ شاری هەولێر

أ/ لێدانی بارەگای شوعبەی بەعسی فاشیست.

ب/ لێدانی بارەگای ئەمنی ئیسکان.

ج/ لێدانی چەند ماڵێکی جاش و خۆفرۆش.

١/ خستنە خوارەوەی (٥) فڕۆکەی هیلیکۆپتەری جەنگی.
٢/ سووتاندنی (٢٥) ئالیات و ئۆتۆمبێلی سەربازی.
٣/ گرتنی ١٢ ئالیات و ئۆتۆمبێلی سەربازی.
٤/ گرتنی ١٠ تۆپی هاوەن.
٥/ گرتنی ١٠ جیهازی لاسلکی ڕاکاڵ.
٦/ گرتنی ٦ ڕەشاشی دۆشکا.
٧/ گرتنی ژمارەیەکی زۆر چەکی سووک.
٨/ گرتنی (٣) ڕەشاشی B.K.C.
٩/ کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کە (١٠٦) لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا جێماوە.
١٠/ گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن بە ئەسیری. [١٥]

هەروەها لە هەمان ئەو ڕۆژانـەدا لە پێکدادانی نێوان هێزە قارەمانەکانمان و دوژمن، لە شیوە سوورو ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک ئەم زیانانە لە دوژمن دراوە:
١/ گرتنی (٥) ڕەبایەی سەربازی.
٢/ خستنە خـوارەوەی چـوار فڕۆکەی هیلیکۆپتەری جەنگی کە فڕۆکەوانی یەکێکیان بە ئەسیر گیراوە.

ئەم سەرکەوتنە زۆر گرنگانە و بە تایبەتی ئەو هێرش و پەلامارە ئازایانە بۆ سەر بنکە سەربازی و ئابورییەکانی دوژمن لە شاری کەرکوک بێ هاوتا بووە لە مێژووی (٢٥) (٩)[١٦] ساڵەی شۆڕشی گەلەکەماندا و زۆر کتوپڕو فیداکارانە بووە بە جۆرێک کە نازاناو پسپۆڕە سەربازیەکان ئەو پەلامارەیان هەڵسەنگاندووە بە موعجیزە و بێهاوتاترین پەلامار لە مێژووی شەڕی پارتیزانیدا و هەندێکیتریان وایان هەڵسەنگاندووە بە گرنگترین هێرشی شەڕی پارتیزان لە دوای هێرشی شۆڕشگێڕە

[١٥] مەبەست لە بەدیل گرتنی ژمارەیەکی زۆر جاش و سەربازە لە شەڕەکاندا.

[١٦] دەبێت مێژووی (٢٥) ساڵە مەبەست لە شۆڕشی ئەیلول بێت تا ساڵی ١٩٨٦ ئەگینا مێژووی شۆڕشی نوێ تا ئەو کاتە (١٠) ساڵ و چەند مانگێکە.

ڤێتنامیەکان بۆ سەر قەڵای سەربازی (دیان بیان فو)ی ئیستعماری فەڕەنسی لە ڤێتنامدا.

ئەم سەرکەوتنە گرنگانە بێگومان دەوری دەبێت لە زیاتر ڕووخاندنی ورەی دەستەو دایەرەی دوژمنی خوێن ڕێژو تێکدانی نەخشە گڵاوە ڕەگەز پەرستەکانیان دەربارەی بەردەوامی داگیرکردنی کوردستان و تەعریب و خۆسەپاندنی زۆرە ملێیان بە سەر گەلەکەمانداو وە (ڕەسیدیان) کەم دەکاتەوەو بەرەو نەمانیان دەبات لای ئاغاکانیان.

لە لایەکیدیکەشەوە دەورێکی گرنگی هەیە لە زیاتر بەرزکردنەوەی ورەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕوون بینیان دەربارەی مسۆگەری و نزیکبوونەوەی ڕۆژی تێکشکاندنی کۆتایی دوژمن.

خۆش بەختانەش ئەم سەرکەوتنە گەورانە هاوکاتن لەگەڵ ئەم پلە نوێیەی خەباتی گەلەکەمان کە تیایدا ناکۆکی ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان ڕێبازی چارەسەری ئاشتیانەی گرتووەتە بەر و ئاواتی بەرزی گەلەکەمان و درووشمی پیرۆزی ئەم پلەیە بەلاوەنانی ناکۆکیە ناوخۆییەکان و ئاڕاستە کردنی لولەی هەموو تفەنگەکان بۆ ڕووی دوژمنی داگیرکەر هەنگاوێکی گرنگی ناوە بۆ پێشەوە بە ڕێککەوتنەکانی (ی ن ک) و حسک و پاسۆک وە چاوەڕێی بەردەوامی دەکرێت کە هەموو لایەنەکانیتریش بگرێتەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە

سەر شۆڕی و ڕسوا بوون بۆ ڕژێمی عێراقی دڕندەو ڕەگەز پەرست و فاشیست.

سەرکەوتن بۆ گەلە قارەمانەکەمان و مەسەلە ڕەواکەی و شۆڕشە پیرۆزەکەی لە پێناوی مافی ڕەوای لە بڕیاردانی چارەنووسدا.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ لقی ئەوروپا

# بروسکەی پیروزبایی خەڵکی دەڤەری بادینان
# بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك)

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بەناوی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕی دەڤەری بادینان گەرمترین پیرۆزبایی لە یەکە بەیەکەی پێشمەرگە قارەممانەکانی کوردستان دەکەین بۆ بۆنەی چالاکییە مەزن و سەرکەوتنە مێژووییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، لە خاپورکردنی بیرەنەوتەکانی کەرکوکی بریندارووو لێدانی شار و شارۆچکەکانیتر و شەڕی چەندین کیلۆمەتری چل ڕۆژەی قەیوان ماوەت .

ئێمە بەدڵ و بەگیان لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئێوەداین، دۆڵ و نواڵی چیای مەتین و گارا دەنگی چەکی مافسێنەری گەلی کوردستان بە هەموو لایەک دەگەیەنێ، با دوژمنانی پێشکەوتن و سەربەستی باش بزانن و ئاگاداربن  کە هەر داربەڕوویەک، هەر بەردوو لوتکەیەکی ووڵاتەکەمان خوێن و ئاگری پێشمەرگەیە و خەڵاتی سەرفرازی کوردە .

هەر بژین ئەی چەوساوە قارەمانەکانی کوردستان، بڕۆن بۆ پێشەوە سەرکەوتن هەر بۆ ئێوەیە

مردن و سەرشۆڕی بۆ داگیرکەر و خۆفرۆش و نۆکەرانە

جەماوەری چەوساوەی دەڤەری بادینان
١٩٨٦/١٠/١٣

## کـــاردانەوەکـــان

دوای لێدانی کێڵگە نەوتیەکانی شـاری کـەرکوک ڕژێمـی عـێراق تووشی شڵەژانێکی گەورە بوو، لە لایەک گورزی کوشندە لە ئابوری عێراق لە کێڵگە نەوتییە داگیرکراوەکانی کەرکوک درابوو، لە لایەکی دیکە ئەو هەموو پارەو پوولەی بۆ گەشە کردن و فراوانکردنی دەزگا هەواڵگریەکانی خەرجی کردبوو کە دەیان ملیۆن دیناری بۆ کاری هەواڵگری و سیخوڕی تەرخانکردبوو لە بەردەم زرنگی و وریایی و پلانی ژیرانەی سەرکردایەتی یەکێتیدا هەرەسی هێناو نەیتوانی بوو بچووکترین زانیاری لە سەر جووڵەی هێزی پێشمەرگە و گواستنەوەی چەک و تۆپ و تەقەمەنی بۆ لێوارەکانی کەرکوک بە دەستبهێنێ کە ئەمەش شکستی گەورەو ئاشکرای هێزە هەواڵگری و سیخوڕیەکانی ڕژێم بوو کە لە لێواری هەرەس نزیکی کردبووەوە، هەر بۆیە ڕژێمی عێراق و خودی سەدام حسێن هاتە سەر هێڵ .

یەکەم، دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی کەرکوکی تێکڕا گۆڕی و سزایدان.

دووەم، لە ڕێگەی موکەڕەم تاڵەبانییەوە داوای ڕێکەوتنی لە (ی ن ک) کردبوو، چوونکە پێیان وابوو سەرکردایەتی یەکێتی توانیویەتی لە سنوورەوە تۆپ و کاتیۆشا و هەزاران تۆن تەقەمەنی بگەیەنێتە بەر لوتی هێزەکانی ڕژێم لە داهاتوودا دەتوانێت گورزی گەورەتر بووەشێنێ لە بەرنامە ئابوری و سەربازیەکانی ڕژێم.

سێیەم، وەکو نیشاندانی هێزی خۆی لە ڕۆژانی دوای لێدانی چاڵە نەوتەکانی کەرکوکەوە کۆپتەرو فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق ناوچەکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو، مێوڵێ و دێیەکانیتری بۆردومانکرد.

لە سنووری هەولێریشەوە هێرشیکردوو پەلاماری دێیەکانی سنووری هەر دوو تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخیدا.

لـە دوای لێدانی بیرە نەوتەکانی کـەرکوک لـە لایـەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە هێرش و پەلاماری هێزەکانی داگیرکەری عێراق چاوەڕوانکراو بوو.

هـەر بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٢ لە سێ قۆڵەوە هێرش دەستیپێکرد بۆ ناوچەکانی هەولێر بەمجۆرە:

*هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی فڕۆکەو دەبابە لە هەولێرەوە هێرشیهێنایە سەر دێیەکانی، سێگردکان، ئۆمەر گومبەت، بەردەسپی، نێرەگین، قەشقە، کانی سلێمانە،

خورخور، سارتک، ئاومال، شەیتان، سێکانی.

لە کاتژمێر سێی دوا نیوەڕۆ شەڕی قورس لە نێوان پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو هێزێکی حزبی شیوعی و هێزەکانی داگیرکەردا لە دێی نێرەگین دەستپێکرد.

هـێزی پێشمەرگەی کوردسـتـان شـەڕی گـەورەو قـورسـی لـەگـەڵ هێزە پەلاماردەرەکەی داگیرکەردا کرد، زەبری قورسیان لێوەشاندن، لەو شەڕەدا کە بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و تێکشکاندنی داگیرکەر یەکلابووەوە، چەندین کەلاکی جاش لە مەیدانی شەڕەکەدا جێمان، چەندین پارچە چەک و سێ ئۆتۆمبێل دەستکەوت بوون.

*لە هەمان ڕۆژدا هێزێکی دیکەی داگیرکەری عێراق پەلاماری دێی ئیلنجاخیاندا لە نزیک شاری کۆیە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ ڕووبەڕوویان بوونەوە، لە شەڕێکی قورس و کورت خایەندا چەندین کەلاکی جاش لە مەیدانەکەدا کەوتن، لە ئەنجامی ئەو شکستەیاندا هێزێکی دیکەی داگیرکەر لە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆو لە ڕێگەی دار بە سەرەوە دزەیان کردە ئیلینجاخ شەڕێکی قورس و دژوار لە نێوان هێزە دزەکردووەکەی داگیرکەرو هێزی پێشمەرگەدا ڕوویدا، لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگە، شەش ئەستێرەی ئاسمانی گەشی کوردستان، شەش ڕۆڵـەی دیکەی گەل و یەکێتی شەهید بوون، دوژمنیش زەرەرو زیانی زۆریان لێکەوت، دەیانیان لێکوژراو بریندار بوون.

*لە زمارەش هاوشێوەی قۆڵەکانی دیکە شەڕی قورس لە نێوان داگیرکەرو هێزی پێشمەرگەدا ڕوویدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان گورزی کوشندەیان لە هێزەکانی داگیرکەر وەشاند.

*ڕۆژێک دوای هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر ئەو ناوچانە و لە ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٣ دا هێزە تالانچیەکەی داگیرکەر هەر دوو دێی نێرەگین و ئیلینجاخیان تەختی زەویکردوو ڕووخاندیانن، گەلە جاش هەر دوو دێیەکەی تالانکرد و، وەکو پیشەی هەمیشەییان خەریکی تالانی و شڕەخۆری بوون.

# ئـاشتبوونـەوەی گشتی سـەرەتایـەکی گـەش
# چـــــوار

## ئـــاشتبوونەوەی گـــشتی سەرەتایەکی گـــەش

هەر لە سەرەتای دروستبوونی (ی ن ک) وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی چەکداری نیمچە بەرە دروشمی سەرەکی ئاشتی و بەیەکەوە ژیان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆو هاوخەباتی و هاوسەنگەری هێزە کوردستانی و عێراقییەکان بووە لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراق و بنیادنانی عێراقێکی دیموکراسی فرەیی کە تیایدا مافەکانی گەلی کوردستان پارێزراو بێت و خەڵکی کوردستان بە مافی چارەنووسی خۆی بگات.

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ هەوڵەکانی هەڤاڵ مامجەلال و (ی ن ک) دیارو بەرچاون لە پێناوی دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانی پتەو کە تیایدا حزبە کوردستانییەکان لە ژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوەو هێزە عێراقییەکانیش لەو بەرە نیشتمانییەدا سازو جۆش بدات.

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ هەڤاڵ مامجەلال و (ی ن ک) هەوڵی لێبڕاوانەیاندا تا ناکۆکی و ململانێکان کە لە بنەڕەتدا ناکۆکی و ململانێی لاوەکی بوون وەلابنرێت و کێشەکان بەگفتوگۆ چارەسەر بکرێن و هەموو هەوڵەکان لە پێناو مەسەلەی ڕەوای گەلەکەماندا یەکبخرێت نەک پەکبخرێن نامەی هەڤاڵ مامجەلال بۆ سەرکردەکانی قیادە موەقەتە لە پێناو ڕێگرتن لە شەڕو یەکتر کوژی نموونەی زیندووی ئەو هەوڵانەیە بەڵام بەداخەوە تارمایی شەڕ باڵی بە سەر کوردستاندا کێشاو ئەوەی نەدەبوو ڕوویدات ڕوویدا.

شەڕ لە نێوان (ی ن ک) و قیادە موەقەتە، بەرەی جودو (ی ن ک) کە لە قیادە موەقەتەو حسک و پاسۆک و حزبی شیوعی پێکهاتبوون هەڵایسا بەدرێژایی ئەو ساڵانەی شەڕی ناوخۆ هەندێک جار کپ و بێدەنگ و هەندێک جاریش بڵێسەی شەڕ کوردستانی دەتەنی.

لە ساڵانی شـەڕی نـاوخـۆی نـەخـوازراودا ئـەوەی زیانی بـەرکـەوت خـەڵکی کوردستان و مەسەلە ڕەواکەی بوو، ساڵانێک شەڕی ناوخۆ سەر دڵی خاک و سەردڵ و هەناسەی خەڵکی کوردستان بوو.

لە هەموو لایەک چەندین پێشمەرگە و فەرماندەو سەرکردە شەهید بوون وزەیەکی زۆری توانای بەشەری و مادی و کاتێکی زۆر بە شەڕی ناوخۆوە سەرقاڵ بووین کە دەکرا لە و زەمەنە درێژەدا هەموو تواناکان بە ئاڕاستەی دوژمنی سەرەکی کە داگیرکەرانی کوردستانن یەکبخرێن و ئاڕاستە بکرێن.

لە شەڕی ناوخۆدا کەس براوە نەبوو، ئەوەی زەرەرمەند بوو خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوون، هەر ئەو هەقیقەتەش بوو کە دواجار خۆی سەپاندو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە تەنها گفتوگۆو دانیشتن چارەسەری کێشەکانە تاوەکو وزەو توانای خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی یەکبخرێن لە پێناو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە عێراقدا کە بە نیازی سڕینەوەی کوردستان و نەتەوەی کوردو بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان و ڕاگواستنی خەڵکە دڵسۆزەکەی بوو بۆ خوارووی عێراق.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتای شەڕی ناوخۆوە بەردەوام دەرگای ئاشتی و گفتوگۆی لە سەر پشت بووە، لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا لە ووتارو بەیاننامەکانیدا داوای ئاشتی و بە گفتوگۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لە لایەنەکانیتری شەڕ کردووە.

سوور بوونی (ی ن ک) لە سەر ئاشتی و هاوخەباتی نەک ناکۆکی و شەڕ سەرەتاکانی ئاشتی خەملاندوو دەرکەوتن.

بە هیممەتی (ی ن ک) و حیزبە سیاسییەکانیتری سەر گۆڕەپانی کوردستان ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی بە دیهات و چەسپی و جێگەی بە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لێژ کرد.

بۆ سەرخستن و بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی گشتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان (ی ن ک) چەندین کۆبوونەوەی جیاجیای لەگەڵ هەر یەک لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک، پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق سازداو ڕەنگرێژی بنەماو سەرەتاکانی

ئاشتبوونەوەی "گشتی" یانکرد چەندین خاڵی گرنگیان بۆ بە یەکەوە کارکردن لە ڕووی ڕاگەیاندن، پێشمەرگایەتی، کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان و دەرەوەی وولات باسکردوو گفتوگۆی چڕیان لە سەر کردوو کردیانە بڕیارو بەیاننامەیان پێدەرکردوو ڕای گشتی کوردستان و دنیای دەرەوەیان لێئاگادار کردەوە.

چەندین ڕێنماییان بۆ هێزی پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکان دەرکردوو داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد ڕێز لە ڕێکەوتنەکان بگرن، خاڵ بە خاڵی ڕێکەوتنەکان شۆڕ بکەنەوە و هێزی پێشمەرگەش هاوکارو هەماهەنگی یەکتر بن.

کۆبوونەوەی نێوان حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی گەورەی لە ناو هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان و دۆست و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکاندا هەبوو.

خەڵکی کوردستان پێشوازی گەرمیان لەو ئاشتبوونەوەیە کرد، بوژانەوەو دلخۆشی بە سیمای خەڵکی کوردستانەوە دیارو ئاشکرا بوو.

ئەم ڕێکەوتن و بەیەکەوە کارکردن و ئاشتبوونەوەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکاندا ڕەنگیدایەوەو دەیان ووتاری لە سەر نووسرا.

پێچەوانەکەشی دوژمنانی گەلی کورد سەغڵەت و تەنگاو بوون چوونکە یەکڕیزی حزبە کوردستانییەکان گورزی کاریگەری لە دوژمنان سرەواندو خەڵکی کوردستانی یەکڕیزو تەبا هێشتەوە.

لێرەدا دەقی ئەو ڕێکەوتننامە و بەیاننامانەتان بۆ دەخەینە ڕوو کە لە کوردستان و لە دەرەوەی  وولاتیش لە نێوان حزبەکان ڕێکخران و ڕاسپاردەو بەیاننامەو ڕێکەوتنی گرنگیان لێکەوتەوە.

## ئـــاشتبوونەوەی یــــەکێتی – پــــارتی

سەرەتاکانی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ئاشتبوونەوەی نێوان (ی ن ک) و (پ د ک) ەوە دەستپێکردو بە ئاکام گەیشت.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٦) هوە هاموشۆی وەفدی نێوان هەردوولا دەستی پێکرد، هەڤاڵانی پارتی چەند جار بەڕێگەی شارباژێڕو کێلێ دا پەڕینەوە بەری دۆڵێ و دوا وێستگەیان یاخسەمەر بو بۆ دیداری مامجەلال و سەرکردایەتی (ی ن ک).

بە پێچەوانەشەوە چەند جاریش وەفدی (ی ن ک) سەردانی هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد کە بارەگاکانیان لە ئێران بوو تا دواجار ڕێکەوتنی نێوان (ی ن ک) و (پ د ک) ی لێکەوتەوە، ئەوەش بووە سەرەتاو دەستپێکێکی باش بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی و درووستبوونی بەرەی کوردستانی.

هەوڵەکانی ئاشتبوونەوەو ئاشتەوایی نێوان (ی ن ک) و (پ د ک) لە ١٩٨٦/١١/٧ و لە کۆبونەوەی نێوان هەڤاڵ مامجەلال و ئیدریس بارزانی بە دوا وێستگەی گەیشت و لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ دا بەیانی کۆتایی ڕێکەوتنی هەر دوولا نوسراو لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵاوکرایەوە.

پێشتریش لە ڕۆژی ١١-١٢-١٣/١٩٨٦/٧ هەردوولایەنی (ی.ن.ک)و حسک کۆبوونەوەو بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا بڕیاریاندا کۆبوونەوەی هاوبەشی دەوری بکرێت هەروەها زووتر پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) و (ی.ن.ک) ڕێکەوتنیان ئەنجامدا و پێشمەرگەکانی پاسۆک لە شەڕگەی قەیوان ماوەت بەشداربوون و شەهیدیان بەخشی.

## بەلاغی کۆبوونەوەی هاوبەشی
## یەکێتی نیشتمانی کوردستان حزبی سۆسیالیستی کوردستان

لە ڕۆژانی (١٣،١٢،١١/١٩٨٦/٧) لە بەر ڕۆشنایی بەرنامەی هاوکاری مۆرکراوی نێوان حزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مامجەلال و وەفدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ڕەسوڵ مامەند لە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشیان کرد بۆ پتەو کردن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو لا.

لەم کۆبوونەوانەدا لە دۆخێکی دۆستایەتی و هەستکردن بە مەسئولیەت بەرانبەر بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان باسی باری گشتی ناوچەکە عێراق- کوردستان کرا وە پاش تاووتوێکردنی هەموو باسەکانی تایبەت بەم مەسەلانە گەیشتینە ئەم بۆچوونە هاوبەشەی کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان مەسەلەی تەبایی نێوانیان و بنبڕ کردنی شەڕی ناوخۆ بکەنە بەردی بناغەی سیاسەتی ئەمڕۆیان ڕوو لە بەدیهێنانی جەبهەی کوردستانی لە سەر ئەساسی بڕیاری کوردی سەربەخۆ بۆ سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی گەلەکەمان لە بەرەنگاری ڕژێمی فاشی بەغدا کە دەیەوێت نەتەوەکەمان لە ناوبەرن و ڕووخساری نەتەوایەتی کوردستان بسڕێتەوە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان وسەلماندنی مافی چارەنووسن دەبێ هەر دوو لا هەوڵ و کۆششی خۆیان یەکخەن بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عێراقی لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا کە دەیەوێ نەتەوەکەمان لە ناو بەرێ و ڕووخساری نەتەوایەتی کوردستان بسڕێتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و سەلماندنی مافی چارەنووس.

ئەبێ هەر دوولا هەوڵ و کۆششی خۆیان یەکخەن بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عێراقی لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدای فاشی و دامەزراندنی حوکمێکی ئیتیلافی دیموکرات کە کێشە ئەساسییەکانی عێراق چارەسەر بکات لە پێش هەموویانەوە کۆتایی هێنان بە جەنگی عێراق- ئێران سوڵحێکی عایلانە لە سەر ئەساسی پاراستنی مافی ڕەوای هەر دوو لا وە کێشەی گەلی کورد بە شێوەیەکی بنچینەیی.

پەیوەندی دووقۆڵی هەر دوولا پتەوترو قوڵتر گەشە بکات، وە بەرەو یەکخستنی داموو دەزگای شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەندین هەنگاوی عەمەلی لە بواری شۆڕش داڕێژرا.

بەمجۆرە بۆ زیاتر ڕێکخستن و قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەر دوولا کۆبوونەوەی دەوری هاوبەش بکرێت.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان　　　　یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٨٦/٧/١٤

## ڕێکەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٧ دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مامجەلال کۆبوونەوەی هاوبەشیانکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و دارِشتنی بنچینەو ڕێو شوێنی پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوانیان ڕوو لە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەموو هێزو توانای گەل و وڵاتەکەمان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە عێراق داو مسۆگەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، کە میوانداریکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەر دوو وەفدەکەو پشتیوانی لە یەکێتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان وە خۆشحاڵی دەوری ئیجابیان لە پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان شایەنی سوپاس و ڕێزلێنانە.

لەم کۆبوونەوە گرنگەدا وەفدی هەر دوولا بە گیانی بەرزی هەست کردن بە مەسئولیەت و بە ڕاشکاوی لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دوان، بەر لە هەمویان پێویستی یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عێراق و کۆتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای عێراق دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق و ئەرکەکانی ئەمڕۆی خەبات و مافی ڕەوای گەلی کورد.

لە ئەنجامی گفتوگۆی برایانەو دڵسۆزانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتن لە سەر:

١/ هەوڵی تەواوو بەردەوام بۆ بە گەڕخستنی هەموو توانای هەر دوولا بەرەو ڕووخاندنی ڕژێمی عەفلەقی عێراق.

٢/ دابینکردنی ئازادی سیاسی، عەسکەری، ڕێکخراوەیی هەردوولا لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق بۆ گەشەپێدانی خەبات.

٣/ وەستاندنی چالاکی ڕاگەیاندنی هەر دوولا لە دژی یەکتر چ چالاکی ڕاستەوخۆ

یان ناڕاستەوخۆ.

٤/ ڕێگە گرتن لە شەڕی براکوژی و حەرامکردنی.

هەروا ڕێکەوتنێکی هەمە لایەنی سیاسی، عەسکەری، ئیعلامی دوو قۆڵی مۆرکراو کۆمیتەیەکی بەرز لە سەرکردایەتی هەر دوولا دیاریکرا بۆ دانانی ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەو گەشەپێدانی پەیوەندی نێوانیان.

جەماوەری خەڵکی کوردستان، تێکۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەکان کێشەو ناکۆکی ناو جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بە گشتی، کێشەو ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی ڕۆڵێکی کاریگەرو کۆسپێکی گەورە بوو لە ڕێگەی گەشەکردن و بۆ پێشەوە چوونی جوولانەوەی گەلەکەماندا لە ڕێگەی کۆکردنەوەو بەگەڕخستنی بەشی هەرە فراوانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا، پێکهاتن و هاوکاریشیان بایەخێکی گرنگ و شوێنەواری کاریگەر لەو بوارەدا ئەخاتەوە دۆست و دوژمنی گەلەکەمان ئەجولێنێ، بۆیە یەکدەنگ داوا لە کۆمەلانی خەڵک و لایەنە سیاسیەکان و تێکۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین کە دڵسۆزانە و هۆشیارانە پشتیوانی لە سەرکەوتنی ئەم ڕێکەوتنە بکەن و وریای پیلان و دەستێوەردانی دوژمنان بن.

| | |
|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ئیدریس بارزانی | مامجەلال |

١٩٨٦/١١/٨

## پرۆژەی هاوکاری نێوان
## پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مامجەلال کۆبوونەوەو لە پێویستی داڕشتنی شێوەی کارو ڕێوشوێنی قوڵکردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان کۆڵییەوەو ڕوو لە مەبدەئی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو دامودەزگاکانی شۆڕش پێکهاتن لە سەر:

**لایەنی سیاسی**

١/ هیچ لایەک لە و دوو لایەنە دژی یەکتری لەگەڵ لایەنێکی سێیەم داخلی هیچ جۆرە میحوەرێکی سیاسی یا ئیتفاقێکی سیاسی نەبێ.

٢/ هەر دوولا هەوڵ بدەن گەشە بە خەباتی هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی ئەفلەقی عێراق و مسۆگەر کردنی مافی ڕەوای گەلی کورد.

٣/ لە هەموو کاروبارێکی شۆڕشی گەلەکەماندا تەنسیقی هاوبەش بکەن بە تایبەتی لە هاوکاری و دۆستایەتیدا لەگەڵ هێزەکانی عێراقی و دۆستەکاندا.

٤/ کۆبوونەوەی دەوری کۆمیتەی بەرزی هاوبەش بە لایەنی کەمەوە ساڵی دوو جار بۆ قوڵکردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە یا ئەو مەسەلە گرنگانە لە ڕەوتی خەباتدا دێنە پێشەوە بگیرێ.

٥/ شۆڕکردنەوەی گیانی ئەم ڕێکەوتنە بۆ هەموو ئاستەکان و حورمەت گرتن لە ڕێکخستن و ئەندام و لایەنگرانی یەکتر.

٦/ هەوڵدان بۆ یەکخستنی ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات.

٧/ هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی فراوانی عێراقی.

**لایەنی عەسکەری**

١/ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەر دوولا بۆ چالاکی سیاسی و عەسکەری و ڕێکخراوەیی ڕاگەیاندنیان ئازاد دەبێ هەر دوولا یارمەتی یەکتر بدەن تا ڕێکخراوو هێزەکانیان لەو ناوچانەدا بتوانن بە چاکی دەوری خۆیان بنوێنن بێ ئەوەی کۆسپ بۆ یەکتر ساز بکەن.

٢/ هێزو ڕێکخراوەکانی هەر دوولا کە دەچنە ناوچەی یەکتر دەبێ ئاگاداری یەکتر بکەن و تەنسیق پێکەوە بکەن.

٣/ هەوڵبدەن چالاکی هاوبەشی پێشمەرگانە بکەن تا زەمینەی هاوکاری هەمە لایەنەو برایەتی بۆ پێشەوە بچێ و کاری ئیجابی لە کۆمەڵانی خەڵک و هێزی پێشمەرگە بکات بۆ زەمینە خۆشکردنی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە ئایندەدا.

٤/ بۆ پێشمەرگەی هەر دوولا هەیە خۆیان نەقڵ بکەن بۆ لای ئەویتر بە بێ چەک مەگەر بە بەڵگە چەکەکە هی خۆی بێت بە مەرجێ ئەوە ڕەچاو بکرێت کە تاوانی دەرهەق لایەک لەو دوو لایە نەکردبێ.

٥/ لە مەسەلەی حوکمڕانی ناوچەکان و گومرکدا تا هەلومەرجێکی لە بارتر دەبێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتردا واقعی ئێستا حورمەت بگرن.

٦/ پێکهێنانی دادگای هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵانی خەڵک.

**لایەنی ڕاگەیاندن**

١/ ڕاگرتنی هەموو جۆرە کارێکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دژی یەکتر.

٢/ حەملەیەکی ڕاگەیاندنی هاوبەش بە هەموو جۆرێ و لە هەموو ئاستەکاندا بکرێ، هەم بۆ چەسپاندنی گیانی ئەم ڕێکەوتنە و گەشەپێدانی هەم بۆ ناساندنی مەسەلەی کوردو جووڵانەوەکەی و مافە ڕەواکانی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

٣/ ڕەخنە گرتن لە یەکتر لە کۆبوونەوە هاوبەشەکاندا نەک لە دەزگای ڕاگەیاندندا.
٤/ هاوکاری ڕاگەیاندن لە ڕووی فەنییەوە .

پارتی دیموکراتی کوردستان یەکیتی نیشتمانی کوردستان
١٩٨٦/١١/٨

ڕێکەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی گشتی و تەبایی نێوان حزبەکان خۆشحاڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کوردانی دەرەوەی وولاتی لێکەوتەوە، لە ئاستی وولاتانی دەرەوە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەیاننامەیان دەرکردوو کۆبوونەوەی چەند قۆڵیان ئەنجامدا، ڕێکەوتنەکە پەلوپۆی هاویشتە دەرەوەی وولاتیش.
لقی ئەوروپای (ی ن ک) بەو بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

## بەیاننامەی لقی ئەوروپای (ی ن ك)

با سەرکەوتوو بێت هەوڵی دڵسۆزانەی هێزە تێکۆشەرەکان لە پێناوی یەکخستنی ڕیزەکانی گەلدا
ئاشکرایە کە یەکخستنی ڕیزەکانی گەل و هاوخەباتی نێوان هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا ئەرکێکی مێژوویی پیرۆزەو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پتەوکردن و بەرەو پێشبردنی ئەو شۆڕشەو زیاتریش بەرەو سەرکەوتنی دەبات، بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مێژەوە بە پەرۆشەوە هەوڵی بۆ ئەو تەبایی و ئاشتبوونەوەیە داوەو هەنگاوی بۆ ناوە لە لایەک، وە لە لایەکیتریشەوە بە دەنگەوە هاتنی لایەنەکانیتری بزووتنەوەی نیشتمانی بۆ ئەو مەبەستە خۆشبەختانە ئەنجامی مەزن و باشی دا بەدەستەوە ڕێکەوتنەکانی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق- پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بەرهەمی گرنگ بوون.

دیسان بەردەوامی هەوڵ و تەقەلالای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پاسۆک و حسک و گەشەپێدانی هاوکاری و هاوخەباتیمان و سوور بوون لە سەر ئاشتبوونەوەی گشتی و یەکخستنی هێزەکانی گەل لە لایەک و هەڵوێستی بەرپرسیارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لای دووەم بەرهەمێکی گرنگیتر بوو ئەوەش ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە ١٩٨٦/١١/٨دا لە لایەن سەرۆکی وەفدی هەر دوولا هەڤاڵ مامجەلال و کاک ئیدریس مۆرکرا مایەی شانازی یەکیتیمانە و بەرهەمی هەوڵ و تەقەللایەتی کە ئەمڕۆ ئەیبینین و ئەیبیستین ڕیزەکانی گەل بەرەو پتەو بوون و چەسپاندن دەچێت و هیواو ئاواتی دێرینی جەماوەرە نەبەزەکەی کوردستان دێتە دی، بەرەی گەل و هێزە دڵسۆزەکانی یەکدەخرێ و دەبێتە هێزێکی مادی وا بۆ پوچکردنەوەی هەموو ئەو نەخشەو پلانە گڵاوانەی کە ڕژێمی فاشی بەغدا لە دژی نەتەوەکەمان و شۆڕشە مەزنەکەی ئەنجامی دەدا بە مەبەستی شێواندنی سیمای نەتەوایەتیمان.

## هـــــاوولاتیانی دڵـــسۆز

پێکهێنانی ئەو ڕێکەوتنە بۆ مەبەستی ئەو ئامانجانە و وەستان بەرانبەر پیلانەکانی ڕژێمی فاشی بەغداو ڕووخاندنی داموودەزگای سەدامی خوێنڕێژ وە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەری تێکۆشەری کوردستان و عێراقە لە سەر ئەو خاڵ و بنچینە گرنگانەی کە هاوکاری و هاوخەباتی ئەم دوو هێزە خورت و خەملێو دەکات و دەبێتە بەردی بناغەی ڕێکخستنی هەموو هێزەکانی دژ بە ڕژێم و ڕووخاندنی، بۆیە پێویستی سەر شانی هەموو لایەکمانە کە هەوڵی چەسپاندن و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنە مەزنە بدات کە خاڵە گرنگەکانی بریتییە لە:

• کاری هاوبەش بۆ خەباتی جەماوەری و ئاڕاستە کردن و جۆشدانی ئەو خەباتە دژی ڕژێمی بەغدا لە دروستکردنی بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی وە ناوچەکانی کوردستان ئازاد بێت بۆ نواندنی چالاکی پێشمەرگانە و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

• یەکخستنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە دەرەوەی وولات و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ڕێکخستنی ڕیزەکانیان.

• چارەسەر کردنی هەموو کێشە و گرفتێک لە ناو ئەو لیژنە باڵاو کۆمیتانەی بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون، قوڵبوونەوەو گەیاندنی ئەو گیانی ڕێکەوتن و پێکهاتنە بۆ بنکەو داموودەزگاکانی خوارەوەو کارپێکردنیان و ڕێگە بڕین لە هەموو کارێکی زیانبەخش بە هەر دوولا کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێ.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی ئەو هەنگاوە مێژووییە لە یەکێتیمان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

ئیتر هەر بژی خەباتی یەکگرتووی ڕیزەکانی گەل مردن و ڕووڕەشی بۆ ئیمپریالیزم و ڕژێمی داگیرکەرو فاشستی بەغدا.

ی ن ک

لقی ئەوروپا

هەر بەو بۆنەیەوە لقی ئەوروپای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستانی – عێراق و پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بەیاننامەیەکی سێ قۆڵییان دەرکردوو ڕێکەوتنەکەیان بە دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی نرخاند ئەمەش دەقی بەیاننامە سێ قۆڵییەکەیە:

## بەیاننامەی سێ قۆڵی لقی ئەوروپا

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد بە بۆنەی لێک نزیکبوونەوەو پێکهاتنی
(ی ن ک، حسک، پاسۆک)

**دەقی بەیاننامەکە:**

هاوولاتیانی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر لە دەرەوەی وولات، مێژووی خەباتی گەلەکەمان لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانیدا زۆر پەندو عیبرەتی بۆ سەلماندووین و بە تەجروبەی تاڵ ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کردووە کە لە پاڵ گەلێک هۆی خۆیی و بابەتی یەکێک لە هۆ بنچینەییەکانی سەرنەکەوتنی گەلەکەمان لە ڕابردوودا و بە ئامانج نەگەیشتنی تێکۆشان و شۆڕشەکانی گەلەکەمان بووە دووبەرەکی و ناتەبایی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانمان نەک هەر ئاواتی دوژمنانمان بووە بەڵکو بەری هەوڵ و پلانە گڵاوەکانیان و چەکی کوشندەیان بووە دژی خەباتی گەلەکەمان و بە درێژایی مێژوو کارێکی سلبی کردووەتە سەر جەماوەرو تووی بێ هیوایی و گیانی ڕەشبینی چاندووە.

بۆیە جەماوەری گەلەکەمان و ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕان و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان یەکێتی ڕیزەکانی گەل و چارەسەری ڕاستەقینەی ناکۆکییەکانی ناوخۆی ڕیزەکانی گەلیان بە بەردی بناغەی سەرکەوتن داناوەو ئەو دروشمە هەمیشە ئاواتێکی دەرونیان بووە لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەو هەستکردن بە ئەرکی مێژوویی ئەم پلە ناسکەی خەباتی گەلەکەمان و سەبارەت بەو هەنگاوە گرنگە مێژووییەی کە لە کوردستان نراوە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق و پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بە ئاشتبوونەوەی گشتی و ڕێکەوتنەکانی نێوانیان نوێنەرانی هەر سێ لایەنەکە لە ئەوروپاش، لە ڕۆژانی ١٩٨٦/١٠/١٠، ١٩٨٦/١٠/١١ پەیوەندی و کۆبوونەوەی دوولایەنەیان پێکهێنا هەروەها لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ لە شاری ستۆکهۆڵم (سوید) نوێنەرانی لقی ئەوروپای هەر سێ لایەنەکە کۆبوونەوەی هاوبەشیانکرد بۆ

جێبەجێکردن و بەردەوامی لە سەر ئەم هەنگاوە دڵسۆزو شۆڕشگێڕانەی کە لە کوردستانەوە نراوەو دەستپێکردووە بڕیاریان لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١/ پێکهێنانی کۆمیتەی هاوکاری و دیاریکردنی نوێنەرانی

٢/ ئامادە کردنی پرۆگرامێک بۆ خەبات و چالاکی و کاری هاوبەشی کۆمیتەکە

٣/ بەردەوامی هەوڵی دڵسۆزانە بۆ فراوانکردنی بنکە جەماهیرییەکەی ئەم ڕێکەوتننامەیە تا وەکو لایەنە نیشتمان پەروەرەکانیتریش بگرێتەوە.

**خوشک و برایانی دڵسۆزو تێکۆشەر**

مایەی خۆشبەختی و ڕوونبینی شۆڕشگێڕانەیە کە بەردەوامی هەوڵی دڵسۆزانە لە کوردستانەوە بەرهەمیتریشی هێنایە بەرهەم ئەویش ڕێکەوتنەکەی نێوان (ی ن ک) و (پ.د.ک) ی عێراقە کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١١/٨دا مۆر کراوەو ڕاگەیەندراوە، بۆیە ئێمەش لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی ئەم ڕووداوە گرنگانە لە خۆمان و لە ئێوەی دڵسۆزو بە شەرەف دەکەین و هەروەها لە گەلی کوردی قارەمان و پێشمەرگە دلێرەکان و هێزە نیشتمان پەروەرەکانمان دەکەین کە لە ئاستی ئەم پلە مێژووییەدا بوون و بە دەنگ ئەرکە نیشتمانییەکان و داخوازی جەماوەری گەلەکەمانەوە هاتوون.

لە کاتێکدا کە پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان نیشتمانیان کردووەتە ئاگر لە ژێر پێی دوژمنی دڕندەو فاشست و داگیرکەرداو سەرکەوتنە بەردەوام و زۆر گرنگەکانیان لە بەرەکانی شۆڕش و شەڕی پێشمەرگایەتیدا گەیشتووەتە بەرزترین پلەی ئەم هەنگاوە گرنگانەو ئەم ڕێکەوتنە مەزنانە لە مەیدانی کاری سیاسی و سەربازیشدا لە بەرەکانی شۆڕشماندا نەک هەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان دەخاتە ئاستێکی بەرزتری خەبات و قۆناغێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی سەرجەم خەباتی گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە، ئەمە لە لایەک، بەڵکو لە لایەکیتریشەوە ئەوەندەیتر ورەی دوژمنی فاشستی و هێزە دڕندەکانی دەڕوخێنێ و تێکشکان و کۆتایی هاتنیان نزیکتر دەخاتەوە.

بۆیە هیواو داوامان وایە کە دڵسۆزانی گەل و شۆڕشمان ئەم ڕێکەوتنانە بپارێزن لە نەخشەو پلانی دوژمنان.

با سەرکەوتوو بێت هەوڵ و هیممەتی دڵسۆزانە بۆ پێکهێنانی هاوخەباتی ڕیزەکانی گەلەکەمان و فراوانتر کردنی بنکە جەماهیرییەکەی لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشەکەمان و بەدیهێنانی ئامانجی گەلەکەمان و ئاواتی پیرۆزی شەهیدە قارەمانەکانمان لە بەدەستهێنانی مافی گەلەکەمان لە بڕیاردانی چارەنووسدا.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ لقی ئەورووپا
حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ لقی ئەورووپا
پارتی سۆسیالیستی کورد/پاسۆک/ لقی ئەورووپا

## بـــروسکەی حزبی شـــیوعی عێراق
## ئـــاشتبوونەوەی گـــــشتی

لەمەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بەبایەخ و گرنگییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی هەواڵی کۆبوونەوەکانی نێوان ئێوەو پارتی دیموکراتی کوردستانمانکرد بۆ یەکخستنی خەبات و یەتەوکردنی لە دژی دیکتاتۆرە فاشییە دەسەڵاتدارەکەی بەغدا، ئومێدەوارین ئەو ڕێکەوتنە بنە بڕی تەواوی ناکۆکییەکانی ناوخۆبکات و هەنگاوێکی گرنگ بێت لە ڕێگای بەیەک گەیاندنی هەموو هێزی گەلەکەمان و حزبە نیشتمان پەروەرەکانی بۆ بەهێزکردنی خەباتی هاوبەش لە دژی دوژمنانی گەل و وولاتەکەمان کە دیکتاتۆرو کۆنە پەرست و زایۆنیزم و ئیمپریالییەکانی، هەروەها مافی گەلەکەمان مسۆگەربکات لە هەڵبژاردنی ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەپێی ئارەزوو خواستی ئازادانەی خۆی، وەهەر بەم بۆنەیەوە ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەمیشە پشتیوانی لە هەموو

هەوڵێکی خێرخوایانە و کۆششی هاوبەش دەکەین لە پێناوی یەکێتی نیشتمانی و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بەرفراوان بۆ پەلەکردن لە کۆتایی هێنان بەو شەڕەو ڕووخاندنی ئەو توخمە دکتاتۆرە کە بەرپرسیارە لە هەڵگیرساندنی شەڕو لەپێناوی دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی ئیئتیلافی دیموکرات کە دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئوتونۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان دابینبکات، وە لەپێناوی ئەوەی وولاتەکەمان دەوری دیار و کاریگەری خۆی ببینێ لە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی عەرەبیدا.

ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە هۆشیاری زیاتر هەیە لەبەرانبەر هەوڵ و تەقەلای دوژمنەکانماندا کە مەبەستیان کۆسپ دانانە لەبەردەم یەکێتی ڕیزە نیشتمانییەکان لە بەرەیەکی نیشتمانی فراواندا کە خاوەنی بەرنامەیەکی پێشکەوتوخواز و بەجێهێنەری خزمەت و داواکارییەکانی گەلی عێراق و پشتیوانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردبێت

مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق
١٩٨٦/١١/١٥

چەند برووسکەیەک بۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەبۆنەی ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەلایەن ڕێکخراوەکانی مامۆستایان و هونەرمەندان و نووسەران

**لەیەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە**

**هێز لە یەکێتیدا**

بەڕێز مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

سەدای دەنگی بەلاغی هاوبەشی هەر دوولاتان شارو شارۆچکەو ئۆردوگاو دێهات و شاخ و داخ و گرد و دۆڵ و هەوراز و نشێوی ئەم کوردستانە خێر لەخۆنەدیوەی پڕکردووە لە گوێی هەموو ڕۆڵەیەکی ئەمەکداری خاک و نیشتیمان زرنگایەوە ..

هیواو ئاواتی لە مێژینەی خەڵکی کوردستانی برین و ئاخی گەڕاندەوە سەر زار و شادی گەڕانەوەی دڵان و خەندەی خستنە سەر لێوان هەر وەک ماوەیەک لەمەو بەر و لەسەر داواو و بانگەوازی برایانی (ی.ن.ک) بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق، بۆ بەلاوەنانی شەڕو پێکاهەڵپژان هەردوو حزبی سۆسیالستی کوردستانی عێراق و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) دڵسۆزانە بە پیر بانگەوازەکەوە هاتن و بەلاغی ئاشتووبنەوەیان مۆرکرد.. بۆیە ئێمەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەکاتێکدا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێزتان دەکەین بەبۆنەی ئەم ڕێکەوتنە پیرۆزەوە لەهەمان کاتدا داوا لە برایانی حزبی شیوعی عێراقیش دەکەین بۆ ئەوەی بەدەم بانگەوازەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بێن و ئاشتبوونەوەو تەبایی بەرە و دامەزراندنی بەرەی یەگرتووی کوردستان و جەبهەی نیشتمانی عێراقی شان بە شانی ئەو هێزە سیاسیانە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بسەلمێنێ، هەروەها بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێکهێنانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان هەنگاو هەڵبگرن .

بۆ پێشەوە ڕووە سەرکەوتن هەرشادوو سەربەرزین

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

مەکتەبی سکرتاریەت

١٦/ ١١/١٩٨٦

## لەیەکێتی نوسەرانی کوردستانەوە
## بۆ مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) ی تێکۆشەر بۆ مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)ی عێراقی تێکۆشەر

سڵاوی قەڵەمی شۆڕشگێڕ

سڵاوی وشەی نێو سەنگەری پێشمەرگایەتی

لەم ڕۆژگارە سەخت و دژوارەدا گەلەکەمان و خاکی کوردستانی دوو چاری پەلاماری دڕندانەی بەعسیانی فاشیانی عێراق بووەو هەڕەشەی تەفروتونابوون لەوجودی نەتەوەیمان دەکەن و ڕۆژانە سیاسەتی بەدناوی ئیستعماری ئیستیطانی و بەسووتماککردنی وولاتەکەمان ئەنجام دەدەن هەڵبەتە لە ڕۆژگاری وادا تاقە ڕێیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران ڕێگەی یەکێتی و هاوکاری هەموو ئەو رۆڵە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزانەیە کە سوودوو قازانج و بەرژەوەندی گەلەکەمان دەخەنە پێش هەموو شتێکی ترەوە و لەوسەنگەرە کۆدەبنەوە کە سەنگەری گەلی کوردە و چارەنووسی پاشەڕۆژمانی پێوە بەستراوە و خۆزگە و ئاواتی دەهێننەدی کە لە دەمێکەوە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان چاویان تێبڕبوەو ولەو پێناوەدا ڕەنجیان بۆ داوە و ئارەقیان بۆ ڕشتووە.

مزگێنی ڕێکەوتن و هاوکاری نێوان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)ی عێراق ڕێگایەکی تازەتر لەبەردەم ئایندەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا دەکاتەوەو گوڕو تینێکی بەهێزتر دەدا بە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان.

بۆیە بەناوی یەکێتی نووسەرانی کوردستان و هەموو ئەو قەڵەمە پاک و سەربەرزانەوە کە ئەمڕۆ مەردانە سەنگەری شۆڕشی کوردیان گرتووە و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری خۆیان بەچارەنووسی بزووتنەوەی ئازادیخازانەی گەلەکەوە بەستۆتەوە، بەناوی هەموو ئەدیبانی ئەو سەنگەرە پیرۆزبایی ئەم دەست خستنە ناو دەست و یەکخستنی چەک و هەڵوێستە دلێرانەتان لێدەکەین.

ئەم بەردی بناغە پتەوەی ئەمڕۆ داتانناوە چینی دیواری بەرزترو بەهێزتری بچێتە سەروو بەکۆششو خەباتی پێشمەرگانە هەموو لایەک دڕ بەتاریکی شەوی ڕژێمی فاشی عێراق بدرێ و گەلەکەشمان لەسایەی ئەم یەکێتی و یەکگرتن و یەک سەنگەرییەدا بەمافی چارەنووسی خۆی بگات و بەختیارانە و سەربەرزانە بژی

یەکێتی نوسەرانی کوردستان

١٩٨٦/١١/٢٠

## لە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانەوە

بۆ مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) ی تێکۆشەر

بۆ مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) ی عێراقی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

ڕاگەیاندنی پێکهاتنی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) هەر لە مێژەوە هیواو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، بۆیە ئەو هەڵوێستە پڕ لە مەسئولیەتە مێژووییە و بەتایبەتی ئەم بارودۆخە ناسکەی ئێستای گەلی کوردمان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی کەپێیدا تێپەردەبێت بەجارێ دڵخۆشی و ئومێدی خستە دڵی جەماوەرەوە بەوەی کە هەموو هێزوو لایەنە جیاجیاکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان بەگەرمییەوە ڕوویان کردووەتە ئەوەی هەوڵ و تەقەلاو خەباتیان یەکخەن دژ بە ڕژێمی ڕەفتاری فاشی بەغدا کە بێشەرمانە شەڕی تواندنەوە و فەوتانی کورد و کوردستانی گرتۆتە بەر، بۆیە هەوڵدان بۆ یەکخستنی لولەی تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان گەرمترو چاکتر جۆشئەدات، بەخەباتی جەماوەرو بە باوەڕێکی قوڵترەوە لە دەوری ئاڵای پیرۆزی شۆڕش کۆ دەبنەوە .

هونەرمەندانی نیشتمانپەروەری کوردستان هەر لە مێژەوە لە هەوڵو تەقەلای ئەوەدابوون و دەنگی خۆیان لەپاڵ دەنگی جەماوەر و چەوساوەکانی کوردستاندا بووە لەپێناوی یەکگرتن و یەکخستنی هەموو هێزەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان

دژبە ڕژێمی فاشی.

بۆیە یەکێتیەکەمان یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان پیرۆزبای گەرمی خۆی لە هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان و جەماوەری کوردستان دەکات بەو هەنگاوە پیرۆزەیان ، هیوادارین چیتر ڕێنەردێت کۆنەپەرستان و بەکرێگیراوان جارێکیتر ڕیزی خەباتی یەکگرتووی گەلەکەمان تێکبدەنەوە و پێویستە بەدەستێکی پۆلاین سەرکوتکرێن تا بەدیهێنانی ئامانج و مافەڕەواکانی گەلە نەبەزەکەمان، سەرکەوتووبێت خەباتی پیرۆز و ڕەوای گەلەکەمان یەکگرتوبێت هەموو هێزەکانی سەرگۆڕپانی کوردستان و عێراق

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان کۆمیتەی باڵا
١٩٨٦/١١/٢٢

## بـــەیانی کۆتایی کـــۆبوونەوەکان

دوای ئەوەی وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق هاتنە دۆڵی جافەتی بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چاویانکەوت بە مامجەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەند ڕۆژێک میوانی هەڤاڵ مامجەلال و سەرکردایەتی یەکێتی بوون، دوای زنجیرەیەک دیدارو کۆبوونەوەو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕێکەوتنەکانی مانگی ڕابـردوو بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەکانیان ڕاگەیاندوو خەڵکی کوردستانیان لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان ئاگادار کردەوە کە ئەمە بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەکانە.

بەلاغی کۆتایهێنانی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە ڕۆژانی ١-١٩٨٦/١٢/٣ وەفدێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق سەردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد لە

دۆڵی جافەتی و چاویانکەوت بە هەڤاڵ مامجەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی هەر دوولا بە دوورو درێژی لە سەر شیکردنەوەی ڕێکەوتنەکانی مانگی ڕابردوو تەرجەمە کردن و هەنگاو هەڵهێنانی عەمەلی بۆ جێبەجێکردنیان دووان، لەم کۆبوونەوەیەدا جارێکیتر تەئکید کرایەوە لە سەر درێژە پێدانی خەباتی چەکداری تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی و هاوئاهەنگی سیاسی لە کۆڕوکۆبوونەوەکانی ناوەوەو دەرەوەی وولات بە تایبەت هاوکاری دۆستایەتی لەگەڵ هێزە عێراقی و دۆستەکان.

لە بارەی جێبەجێکردنی چوون و هاتنی هێزەکانی هەر دوولا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر چەندین بڕیاری گرنگ دراو بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی کێشە و گیروگرفتی کەم بایەخ و بڕیاردرا کە کۆمیتەی هاوبەش لە لقەکانی پارتی و مەڵبەندەکانی یەکێتی درووست بکرێن بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە.

بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە مەزنانە ڕەنگ بدەنەوە لە هەموو بوارێکی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و جەماوەری بڕیاردرا کە تەنسیقێکی ئیعلامی بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباس و چالاکی سیاسی و عەسکەری یەکتر لە ئێزگەو چاپەمەنییەکانی هەر دوولاو جۆشدانی ئەم دەزگایانەش بۆ پتەو کردنی گیانی هاوکاری و برایەتی و سڕینەوەی شوێنەواری سالانی ناکۆکی و ناتەبایی بێت.

هەڤالانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

هەڤالانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئەم ڕێکەوتنە گرنگە تەنها ڕێکەوتنی دوو سەرکردایەتی نییە بەڵکو ڕێکەوتنێکە کە دەبێت لە هەموو بوارەکانی خەباتی هاوبەشماندا ڕەنگ بداتەوە حورمەتگرتن و جێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانی یەکە بە یەکەی ئێوەیە و کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی نوێی خەبات و تێکۆشان هەڵبدەینەوەو باز بدەین بە سەر ئەو گیروگرفتانەی دێنە سەر ڕێی جێبەجێکردنی ئەم هاوکارییە و بە گیانی بەرزی

هەستکردن بە لێپرسراوییەتی هەموو ئەو کۆسپ و پیلانانە ڕامالْین کە دوژمنانی گەلەکەمان بە سەر ڕێی خەباتی هاوبەشماندا قوتیان دەکەنەوە.

سەرکەوتنیش هەر بۆ گەل و شۆڕشە

پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٨٦/١٢/٣

## پـــاشکۆی ژمارە (1)

یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێداگری و پابەند بوونیان بە ڕێکەوتنەکانی پێشووتری نێوانیان، لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ڕێکەوتنی دوو قۆڵی نێوانیاندا جەختیان لە سەر ڕێکەوتنە دوو قۆڵییەکەیان کردەوەو لە سەر چەند بەندێک ڕێکەوتن.

## دەقی پاشکۆکە

## پاشکۆی ژمارە (1)

ڕێکەوتنی دوو قۆڵی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ ئـەوەی ڕێکەوتنە دوو قۆڵییەکەی هـەر دوولا بچەسپێ و هەوڵبدرێ چ کەلەبەری تێنەکەوێت و چ کۆسپ و گرفتی نەیەتە پێش و بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان هەر دوولا بەرەو گەشەکردن بڕوا لە سەر ئەم بەندانەی خوارەوە ڕێکەوتن.

١/ ئەم پاشکۆیە بەشێکە لە ڕێکەوتنە دوو قۆڵیەکەو تەواوکەری ئەوە

٢/ کاروباری حوکمڕانی و دادگاو کۆمەڵایەتی و گومرگ و باج وەرگرتن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکو خۆی دەمێنێ تا ڕێکەوتنی دوو قۆڵی و پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بە مەبەستی یەکخستنی دەزگاکانی شۆڕش

٣/ چالاکی پێشمەرگە لەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی هەر کامیانە بە تەنسیق لەگەڵ ئەویتر دەبێ

٤/ هەر لایەک ڕێزو حورمەت لە پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرو دۆستی ئەویتر ئەگرێ چ لە مامەڵەی ڕاستەوخۆو چ لە ناو جەماوەر

٥/ بۆ پێشمەرگەی هەر دوولا هەیە داوای نەقڵ بکات بۆ لای ئەویکە بە بێ چەک مەگەر بە بەڵگە چەکەکە هی خۆی بێت

٦/ هیچ لایەنێکیان داڵدەی پێشمەرگەی (متهم) یان سزادراوی یەکتر نادەن

٧/ هیچ لایەکیان کەس لە ڕیزی خۆیان بە پێشمەرگە وەرناگرن کە تاوانی کردبێ بەرانبەر لاکەیتر بە بێ موافەقەتی ئەو ... لە حاڵەتی تەحقیق و موحاکەمە کردنیشدا لیژنەیەکی هاوبەش و دادگایەکی هاوبەشی بۆ دادەنرێت

یەکێتی نیشتمانی کوردستان　　　　　پارتی دیموکراتی کوردستان

شوباتی ١٩٨٧

دوای ئەو زنجیرە ڕێکەوتنە لە نێوان حزبەکانی کوردستان بە گشتی و هەر دوو لایەنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، نوێنەرانی یەکێتی و پارتی لە ئەوروپا ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوەو چەند خاڵێکیان خستە بەرچاو بۆ پتەوکردن و گەشە پێدانی ڕێکەوتنەکە لە سەر ئاستی ئەوروپا.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

## ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا

لە سەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەر ئامۆژگاری سەرکردایەتی هەر دوو لا بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێکەوتنە لە دەرەوەی وڵات ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٤ نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەوروپا کۆبوونەوە پاش ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا لە بارەی چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی و هاوکاری نێوانیان لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێکەوتن:

١/هەر دوولا نوێنەرایەتی خۆیان لە سەر ئاستی ئەوروپا دیاری بکەن و لە کاتێکی دیاریکراودا نوێنەرانی خۆیان لە هەر وڵاتە دەستنیشان بکەن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکانیان و ئاسانکردنی هاوکاری لەگەڵ یەکتردا.

٢/ پێویستە نوێنەرایەتی هەر دوولا هەر سێ مانگ جارێک کۆببنەوە بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لە سەر شێوەکانی خەباتی یەکگرتوو لە ڕووی ڕاگەیاندن و پەیوەندی دەرەوەو گۆڕینەوەی زانیاری و ئاگادار کردنی یەکتری لە دوا هەواڵەکانی کوردستان و ڕێکەوتنی لە سەر چۆنیەتی گەیاندنی ئەو هەواڵانە بە ڕای گشتی لە جیهاندا هەروەها گۆڕینەوەی ئەو بڵاوکراوانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، هی خۆو هی بێگانە.

٣/ هەوڵدان بۆ چاککردنی شێوەکانی چالاکی لە دەرەوەی وڵات و کۆشش کردن بۆ دەستخستنی یارمەتی ماددی و مەعنەوی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی

نەتەوەی کوردو کۆکردنەوەی یارمەتی ئینسانی بۆ لێقەوماوانی کوردستان.

٤/ پێکەوە بەشدار بوون لە کۆبوونەوەو سیمینارو کۆنگرەکانداو ڕێکخستنی کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی لە بارەی ڕووداوەکانی کوردستان و نواندنی چالاکی سیاسی و هونەری بۆ زیاتر ئاشنا کردنی مەسەلەی نیشتمانی کورد لای گەلانی جیهان.

٥/ وەرگرتنی هەڵوێستی یەکگرتوو لە بارەی ڕێکخراوە زانستی و ڕۆشنبیری و هونەریەکان لە ئەوروپا پشتیوانیکردنی و بەشدار بوون لەو چالاکیانەدا کە دەبنە هۆی پێشخستن و گەشەپێکردنی کلتوری کوردی و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە.

٦/ سوود وەرگرتن لە توانای دڵسۆزانی کوردو بێگانە بە بێ جیاوازی لە هەموو ئەو چالاکییانەدا کە خزمەتی مەسەلەی نیشتمانی کورد دەکەن و دەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ئەگەیەنن بە گەلانی جیهان.

٧/ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی یەکگرتوو بۆ خوێندکارانی کورد لە هاوینی داهاتووداو هەر لە ئێستاوە زەمینە خۆشکردن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە پیرۆزە بە نیازی یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی خوێندکارانەی فراوان و دیموکراتی و سەربەخۆو پێشکەوتوو کە هەموو خوێندکارێکی نیشتمانی پەروەری کورد لە ئەوروپا بتوانێت کاری تیا بکات و سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و داگیرکەرانی کوردستان.

٨/ دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە دەرکردنی بەیانێک بۆ ڕای گشتی جیهانی لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان بە تایبەتی لە بارەی دەستدرێژی ڕژێمی خوێنڕێژی بەغدا بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێرشی چەند جارەی فاشستی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عێراق.

کۆبوونەوە بە گیانی برایانە و هەستکردن بە لێپرسراوی بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو ئەو مەترسییانەی بەرەنگاری دەبن کۆتایی هات.

بەم بۆنەیەوە بەشدار بووانی کۆبوونەوە سڵاوی گەرمی خۆیان پێشکەش بە

دڵسۆزانی نەتەوەی کورد دەکەن و داوایان لێدەکەن بۆ یارمەتیدانیان لە پێناوی جێبەجێکردنی بڕیارەکانیانداو پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوەی وولات بۆ وەستان بەڕیزێکی یەکگرتووەوە بەرانبەر بە پلانەکانی دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان کە هەوڵ دەدەن بۆ کاولکردنی نیشتمانەکەمان و لە ناو بردنی نەتەوەکەمان.

لەگەڵ سڵاوی گەرم و ڕێزدا بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە دلێرانە دەجەنگن بۆ بەربەستکردنی پلانەکانی دوژمن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد.

نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٨٧/٤/٢٤

## پـــێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کـــوردستانی لەلایەن هەڤاڵ مامجەلالەوە

هەڤاڵی تێکۆشەر مامجەلال بەبرووسکەیەک بۆ مەکتەبی سیاسی هەموو حزبە کوردستانییەکان پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کرد، بۆ ئەوەی ئەو بەرەیە ڕابەرایەتی خەبات و شۆڕشی گەلی کورد بکات.

ئەمەش دەقی برووسەکەیەکەیە

برای هێژا کاک مەسعود بارازانی – پارتی

برای هێژا کاک ڕەسوڵ مامەند –

برای هێژ کاک ئازاد – پاسۆک

برای هێژا کاک سامی –

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

پێشنیار دەکەم ئاشتبوونەوەی نیشتمانیمان گەشە پێبدەین و بیگەیەنینە ئاستی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی ئەم بەرەیە ڕێبەرایەتی خەبات و شۆڕشی کوردمان بکات و ببێتە نموونەیەکی بەرچاویش بۆ دامەرزاندنی بەرەی

عێراقی فراوان.

پێشنیار دەکەم نوێنەرانمان دەستبەجێ بە ئامادەبوونی نوێنەرێکی حشعی تێکۆشەر بۆ دارِشتنی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی دەست بەکۆبوونەوە و وتووویژبکەن.

پێم باشە کۆبونەوەکان لەناوچە رِزگارکراوەکانی کوردستان ببەسترێ، ئێمە لەباری خۆمانەوە بەوپەرِی شانازی ئامادەین پێشوازی و میوانداری کۆبونەوەکان بکەین. هەروەها ئامادەین بۆ هەر شوێنێکی لەباری دیکە ئێوە پێشنیازی دەکەن.

قۆناغی گرنگی ئەمرِۆی شۆرشی رِزگاریمان پێویستی بەهەرچی زووتر دامەزراندنی بەرەی کوردستانییە.. ئەو بەرەیەی کە دەبێتە رِێگە خۆشکەری خەباتی هاوبەشمان لەپێناوی هێنانە کایەی بەرەی نیشتمانی عێراقی فراوان

چاوەرِێی وەڵامی ئیجابیتانم

رِێز و سڵاو

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

١٩٨٧/٤/٢٢

**وەڵامی حزبە کوردستانیەکان سەبارەت بە پێشنیازەکەی هەڤاڵ مامجەلال بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی**

لەکاک مەسعود بارزانییەوە

برای بەرِێز مامجەلال

سڵاوێکی شۆرِشگێرانەی گەرم

پێشنیارەکەتان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی پێویستییەکی گرنگ و پەسەندە، چونکە گەلەکەمان بە قۆناغێکی مێژوویی ترسناکدا تێدەپەرِێ خەباتمان لەبەرەی کوردستانیدا زامنێکی گرنگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانەکانی دوژمن، سەرکردایەتی حیزب لەپێشنیارەکەتان دەکۆڵێتەوە لەپێناوی رِێخۆشکردنی پێکهێنانی ئەو بەرەیە

١٩٧٨/٤/٣٠

## لــەكاك ڕەســوڵ مامەندەوە
## بۆ ئەمینداری گشتی (ی.ن.ك) هەڤاڵی هێژا مامجەلال

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بەسوپاس و تەقدیری زۆرەوە پێشنیارەکەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢٢ بەڕێزتانمان وەرگرت کە ئاڕاستەی ئێمە و لایەنە کوردستانییەکانی ترتان کردبوو وە تێیدا داواتانکردبوو کە ئاشتبوونەوەی گشتی لە کوردستاندا گەشەپێبدەین و بیخەملێنین بەپێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕابەریکردنی شۆڕش و خەباتی گەلی کوردستان وە داوای وتووێژی دەستبەجێتان کردبوو بۆ هەمان مەبەست بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حشع.

ئێمە ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەی بەڕێزتان بە هەڵوێستێکی مەسئولانە دەزانین وە لەکاتێکی لەباردایە، جگە لەوەی تەعبیر لە ئارەزووی دێرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەی جەرگ بڕێنەرە بۆ فاشیستەکانی بەغدا و ئاواتە گڵاوەکانیان، لەم کاتەدا دڕندەترین و چەپەڵترین هێرش و شاڵاوی ترسنۆکانە و نامرۆڤانەیان دەستداوەتێ بۆ قەڵاچۆکردنی گەلی کورد و وێرانکردنی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کوشندەترین چەکی کیمیایی و ڕاگواستن و تەختکردنی شار و گوندەکانمان.

هەروەها پێکهێنانی بەرەی کوردستانی هەروەکو چەکێکی کاریگەرە بۆ تێکشکاندنی نەخشەو پیلانە ڕەگەزپەرستەکانی ڕژێمی فاشی بەغدا دژی گەلی کوردوو هەنگاوێکی گرنگ و زەمینەیەکی باشیشە بۆپەلەکردن لەپێکهێنانی بەرەی نیشتمانی عێراقی فراوان کەوزەو توانای هەموو هێزە نیشتمانییە شۆڕشگێڕەکانی عێراق لە بەرنامەیەکدا بەخۆیەوە بگرێ و ڕابەری و خەباتی گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو کەمەنەتەوایەتیەکانەوە لە ئەستۆ بگرێ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی بەغدا و دامەزراندنی جێگرێکی نیشتمانی کە هەڵقوڵاوی وەک خواست و ویستی گەلی عێراق بێت و بتوانێت دیموکراتی بۆ عێراق و مافەڕەواکانی گەلی کورد مسۆگەربکات و وەکۆتایی بە جەنگە شومەکەی قادسیە و ئاسارە ڕەشەکانی بهێنێت .

هەڤاڵانی هێژا ئێمە لەکاتێکدا جەماوەری گەلەکەمان دڵنیا دەکەین لەهەوڵو

کۆششێکی فیداکاریمان درێخی ناکەین بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە وە ئەو ڕاستییەش ڕادەگەیەنین کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبمان کەلە ١ تا ١٩٨٧/٤/٣ بەسترا وەفدێکی لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی پێکهێناوە بۆ باسکردن و تەواو کردنی مەسەلەی بەرەی کوردستانی عێراق لە ١٩٨٧/٤/١٥ بەڕێکەوتن بۆ دیدەنی بەڕێزتان و لایەنەکانیتر بۆیە ئامادەین لە هەر شوێنێک پەسەند بکرێت دەست بە وتوویژ بکەن بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی .

هیوادارین جهودی هاوبەشی هەموو لایەک لەم پێناوەدا سەرکەوتوبێت و گەلەکەمان بە چەکی کاریگەری یەکێتی ڕیزەکانی شۆڕش بەرەنگاری دوا نەخشە گڵاوەکانی ڕژێمی فاشی بەغدا ببێتەوە و وەتێکیان شکێنێت وە جارێکیتریش بیسەلمێنین کە ئیرادەی پۆلاینی خەڵکی کوردستان لەشکان نەهاتووە، ئەمجارەش زۆر لە سیلاحی کیمیایی کە دوا چەکی فاشیستە ترسنۆکەکانە بەهێزترە و عەفلەقییە تاوانبارەکانی بەغداش بەو تاوانانەیان دژی گەلی کورد کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی نائومێدیانە یەکێتی نیشتمانی عێراق و برایەتی کورد و عەرەب دەخەنە مەترسییەوە کە هەر خۆیان ئۆباڵەکەی هەڵدەگرن و باروەڕیشمان وایە جگە لە ڕسوایی و نەفرەتی مێژوو بەولاوە هیچیتریان بۆ نامێنێتەوە .

جارێکیتر سووپاسی پێشنیارەکەی بەڕێزتان دەکەین و وەفدی مەکتەبی سیاسی حزبمان ئاگاداردەکەین کە ئەو پێشنیارانە وەکو وەسیقەیەکی گرنگ لەبەر چاوبگرن لە کاتی وتووێژو ئامادەکردنی پرۆژەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی

ئیتر هەر بژین بۆ خزمەتی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان

سکرتێری ح.س.ک.ع

## لــەكاك ئازاد مــستەفاوە
## بــراو هەڤاڵی هــێژامان مـــامجەلالی بەڕێز

سـڵاوی ئازادی و یـەكسانی

پێشنیارە مێژووییە دڵسۆزانەكەی ١٩٨٧/٤/٢٢ تانمان لەمەڕ بەرەی كوردستانی بە خۆشی و گرنگییەوە وەرگرت.. بە هەموو كوڵ و دڵێكمانەوە و بەوپەڕی ئامادەگی و بەسەر و ماڵ و ئەوەی هەمانە و نیمانە ئامادەین بەوەی پێمان دەكرێ و لێمان داوادەكرێ بەشداری ئەو هەوڵ و هەنگاوە مەزنەی پێشنییارتان كردووە بكەین و لە ئێستاوە ئێمە ئامادەین و چاوەڕوانی فەرمانی بەرێزتان و براو هاوپەیمانە دڵسۆز و شۆڕشگێڕە كوردستانییەكانی دیكەمانین و ئێمەش پێمان چاكە كە ئەو پێكگەیشتن و كۆبوونەوەو هەنگاوانە لە ئامێزی وڵاتەكەمان و لەسەر بستووە خاكی بەخوێن ڕزگاركراوی كوردستانە خۆشەویستەكەمانبێت تا سەر ئیسك و مۆخ كوردستانی بێ و ڕسكاوی ناوكۆشی ئەم چیاو بەندەن و دۆڵانە بێت.

بەڕاستی بەرەی یەكگرتووی كوردستانی كە تەنها دەرفەت و زەمینەیەكی پتەوو ڕەسەنی كاریگەری بەرەی بەرفراوانی بەرچاو ڕوونی عێراقیشە، ئەو چوارچێوەیە كە مانا و گوڕوتین و تاوو ناوو ناوەرۆك بەپێكهاتنەوەو تەبایيە گشتییە مێژووییەكە دەبەخشێ و وزەو توانای شۆڕشگێڕانەی كورد گرد دەكاتەوە و بە درووستی و وەكوو پێویست لە جەنگی (مان و نەمان) و (دیاریكردنی مافی چارەنوسی نەتەوەكەمان) ڕۆڵی چارەنووسسازوو بەلاداخەر دەگێڕێ، ئەو هیواو ئاوات و خۆزگەیەی جەماوەر و پێداویستییە مەوزوعییەكەی ئەم قۆناغی خەباتەشمان دێنێتەدی و حورمەت و ڕێزی نەتەوەكەمان و مەسەلەكەمان و خۆشمان، لای دۆست و دوژمن ، باڵا دەباو دەگەیەنێتە ئاستی ڕەوایەتی مەسەلەكەمان و ئەو هەموو قوربانی و وگیانبازییەی چارەكە چەرخێ پترە جەماوەرە ڕەنجدەروو ستەمدیدەكەی كوردستان بەسەخاوەتی جوامێرانە و هەر لە خۆی هاتووە و بێ برانەوەو كۆڵدان داویە و دەیدات، لە هەموو ئەمانەش بترازێ تاكە ڕێگە و مەرج و پێداویستی سەركەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەكەمانە بۆیە جارێكی دیكە

لەگەڵ خۆشامادی و هەستی پێزانینی قەدری ئەو پێشنیارەتان دەستی تکا بەبەر پشتوێنی شۆڕشگێڕانەو دڵسۆزانەی هەموو ئەو براو هەڤاڵە شۆڕشگێڕە دڵسۆزە کوردستانیانەی دیکەمان دەکەین کە بە پەلە و جدی و بەرەو پیری ئەم ئەرکە مێژووییە بێن و لێی بەکاربن و هاوڕێیانی حشعیشمان وەک ئەرکی نیشتمانی و نێو نەتەوایەتییان زەخمی ئیجابی پشتگیری خۆیان بهاوێنە سەر ئەم هەوڵە پیرۆز و پاک و ڕەوایە.

بەهیوای هەڵاتنی گزنگی خۆرەتاوی ئـازادی و سەرەبەخۆیی و سەرفرازی نەتەوەکەمان کە لەو ئاسۆگەی بەرەی یەکگرتووی کوردستانییەوە دەیبینین.

حورمەتوو ڕێزمان قەبووڵ بفەرموون

هەربژین بۆ کورد

لەبری مەکتەبی سیاسی پاسۆک

برای دڵسۆزتان

ئازاد مستەفا

١٩٨٧/٤/٢٤

## لە مـــەکتەبی سیاسی حزبی دیــموکراتی گەلی کوردستانەوە برای تێکۆشەر مامجەلال

سڵاوی خەبات و شۆڕش و برایەتی و تێکۆشان

گەشەپێدانی ئاشتبوونەوەی گشتی بەرەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی گەلی کوردمان پێشنیارێکی گرنگ و بایەخدارە

پێمانخۆشە نوێنەری هەموو حیزبەکان کە لە برووسکەکە ناویان هاتووە بەردەوام یەکتربببینین و کۆبوونەوە بکەین بۆ دانانی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆژە گرنگە.

بەرەی کوردستانی مافێکی ڕەوای گەلە چەوساوەو تێکۆشەرەکەمانە و دەبێتە بناغەی بەردی عێراقی فراوان و سەرچاوەی بەهێزکردنی پەیوەندی هاوخەباتی لەگەڵ هێز و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی ناوچەکە بەخۆشحاڵییەوە پەسەندی میوانداریتان بۆبەستنی کۆبوونەوەکان دەکەین، یان لەهەموو شوێنێکیتر کەبەباش دەزانرێت .

لەگەڵ ڕێزوو سڵاوماندا .

## داســـــتانی ڕزگـــاری

لە چوارچێوەی ئەو هەماهەنگی و ڕێکەوتنەی لە نێوان (ی ن ک) و (پ د ک) دا هەبوو، لە داستانی ڕزگاریدا کە تیایدا (٥٠٠٠) پێشمەرگەی (ی ن ک) بەشدار بوون مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشداری داستانەکە بوون.

ڕاستە مەفرەزەیەکی پارتی هاوشانی هێزێکی گـەورەی یەکێتی بەشداری داستانەکەی کرد بەڵام ئەوەی لێرە گرنگ بوو ژمارە نەبوو لە بەشداریکردنەکە بەڵکو خودی هاوسەنگەری و بەشداریکردنەکە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی نێوان یەکیتی و پارتی و قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و هاوسەنگەری بوو بەرانبەر داگیرکەری کوردستان هەروەک ڕەوینەوەی ئاسەواری ساڵانی شەڕو سەنگەر لە یەکگرتن و گۆڕینی بۆ هاوسەنگەری بوو کە خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانی قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی گەلی کوردا لە باشووری کوردستان.

ئەم هاوسەنگەری و پێکەوە بوونە بەردەوام بوو تا درووست بوونی بەرەی کوردستانی لێکەوتەوە، دواتریش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بەرهەمی ئەو تەباییە بوو.

## بـــەرەی کـــوردستانی

ئاشتەوایی نێوان حزبە کوردستانییەکان یان ئاشتبوونەوەی گشتی خەونی لە مێژیینەی (ی ن ک) بوو.

دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوەو دیدار لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و لێک تێگەیشتن و واژۆ کردنی ڕێکەوتننامە لە نێوان هەر یەک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان- پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک و پارتی کۆمۆنیستی عێراق چوونە ناو قۆناغێکی نوێ و پێویستی کۆکردنەوەی تێکڕای ئەو هێزانە لە ژێر چەتری بەرەیەکی کوردستانی تا دەهات زیاتر خۆی دەسەپاند.

لەو چوارچێوەیەو لە ڕوانگەی تێگەیشتنی هەڤاڵ مامجەلال و (ی ن ک) لە گرنگی درووستبوونی بەرەیەکی کوردستانی هەڤاڵ مامجەلال نامەی بۆ سەرۆک

و سکرتێری ئەو حزبانە نووسی و لە ناوەڕۆکی نامەکاندا گرنگی بەرەیەکی کوردستانی ڕوونکردبووەوەو پێشنیاری درووستکردنی بەرەیەکی کوردستانی خستە پێش چاویان.

لە وەڵامی نامەکەی هەڤاڵ مامجەلال دا تێکڕای ئەو حزبانەی نامەکەیان ئاڕاستە کرابوو پشتگیری خۆیان بۆ پێشنیازەکەی هەڤاڵ مامجەلال دەربڕی و وەکو بەرنامەو پرۆژەیەکی کوردستانی گرنگ نرخاندیان.

لە دوای وەڵامی نامەکەی مامجەلال و بەرز نرخاندنی پرۆژەی درووستبوونی بەرەیەکی کوردستانی گفتوگۆ لە نێوان لایەنەکان دەستیپێکرد بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی پتەو لە ماوەی ساڵێک گفتوگۆی چڕووپڕوو هەموو لایەنە لە سەر پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی و بەرنامەی سیاسی بەرەو، کارووباری ڕاگەیاندن و ئامانجە گشتییەکانی بەرەی کوردستانی و هەلوومەرجی کارکردن و کاراکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە ١٩٨٨/٥/٢ نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردو حزبی شیوعی، لە خواکورک بەیاننامەو ڕێکەوتننامەی بەرەی کوردستانییان ئیمزا کردوو بەرە لە دایک بوو، مامانی ئەو لە دایک بوونەش ژانی دەیان ساڵەی چەوساندنەوەو وانەی گرنگی مێژوویی، پەرتەوازەیی و دژایەتیکردنی یەکتر بوو کە دواجار یەکگرتوویی لێبەرهەم هات.

لە ساڵی ١٩٩٠ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی ئاشوری هاتنە ناو بەرەی کوردستانییەوەو بوون بە ئەندام.

## ڕۆژنـــامەی بـــەرە
## بـــەرەو ڕۆژنـــامە

بەرەی کوردستانی ناوی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی بوو کە تێیدا نوێنەری حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی لە ئەندامانی دەستەی نووسەری ڕۆژنامەکە بوون تیایدا وتارو بابەتی گرنگیان دەنووسی.

بارەگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە ڕاژان بوو، بارەگای ڕۆژنامەکەش هەر لەوێ بوو، ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی لە تەمەنی خۆیدا ٢٥ ژمارەی لێدەرچوو، تێکڕای چالاکی هێزی پێشمەرگەو چەندین بابەتی هەمەجۆرو ئازادی تیادا بڵاودەکرایەوە.

بەلاغی کۆبوونەوەی هاوبەشی

ی . ن . ک و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان

لەرۆژانی ١١، ١٢، ١٩٨٦/٧/١٣ دا، لەبەر رۆشنایی بەرنامەی هاوکاری مۆرکراوی نێوان حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، وەفدی " ی . ن . ک " بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال و وەفدی ح س ک بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ رسول مامەند لەبارەگای سەرکردایەتی ی . ن . ک چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشیان کرد بۆ پتەو کردن و گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا .

لەم کۆبوونەوانەدا ، لەدۆخێکی دۆستایەتیو هەستکردن بە مسۆلیەت بەرامبەر بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان باسی باری گشتی ناوچەکە ، عیراق ، کوردستان کرا ، وە پاش تاوتوێ کردنی هەموو باسەکانی تایبەت بەم مەسەلانە گەیشتینە ئەم بۆچوونە هاوبەشەی کە :

پێویستە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان مەسەلەی تەبایی نێوانیان و بنبرکردنی شەری ناوخۆ بکەنە بەردی بناغەی سیاسەتی ئەمرۆیان روو لە بەدیهێنانی جەبهەی کوردستانی لەسەر ئەساسی بریاری کوردی سەربەخۆ بۆ سەرکردایەتی کردنی شۆرشی گەلەکەمان لە بەرەنگاری رژێمی فاشی بەغدا کە ئەیەوێ نەتەوەکەمان لەناوبەرێ و روخساری نەتەوایەتی کوردستان بسرێتەوە ، وە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی جولانەوەی شۆرشگێرانەی گەلەکەمان و سەندنی مافی چارەنووسی . .

ئەبێ هەردوولا هەوڵ و کۆششی خۆیان یەکخەن بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عیراقی لەپێناوی روخاندنی رژێمی بەغدای فاشیو دامەزراندنی حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکرات کە کێشە ئەساسیەکانی عیراق چارەسەر بکا لەپێش هەموویانەوە کۆتایی هێنان بە جەنگی عیراق - ئیران بە ملحێکی عادیلانە لەسەر ئەساسی پاراستنی مافی رەوای هەردوولا ، وە کێشەی گەلی کورد بەشێوەیەکی بنچینەیی . .

پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوولا پتەوترو قوڵتر گەشە بکا ، وە بەرەو یەکخستنی داو دەزگای شۆرش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەندین هەنگاوی عەمەلی لەبواری شۆرش دا رێژرا

بەم جۆرەو بۆ زیاتر رێکخستن و قوڵ کردنەوەی پەیوەندیەکانی هەردوولا کۆبوونەوەی دەوری هاوبەش بکرێ .

| | |
|---|---|
| حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |

١٩٨٦/٧/١٤

بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی
١٩٨٦/١١/٧

لەڕۆژی ١٩٨٦/١١/٧ دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ادریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مامجەلال کۆبوونەوەی هاوبەشیان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و دارشتنی بنچینەو ڕێو شوێنی پەیوەندی دۆستانەو هاوکاری نێوانیان ڕوو لە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەمو هێزو توانای گەل و وولاتەکەمان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە عێراق دا و مسۆگەر کردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان .

میوانداری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەردوو وەفدەکە و پشتیوانی کردنی لە یەکێتی هێزە شۆڕشگێرەکانی گەلەکەمان و خۆشحالی ودەوری ئیجابیان لە پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان شایەنی سوپاس و ڕێز لی نانە .

لەم کۆبوونەوە گرنگەدا وەفدی هەردوولا بەگیانی بەرزی هەست کردن بە مەسئولیەت و بە ڕاشکاوی لە مەسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دوان ، بەر لە هەموان پێویستی یەکخستنی هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستانی ـ عێراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عێراق و کۆتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای عێراق دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق و ئەرکەکانی ئەمڕۆی خەبات و مافی ڕەوای گەلی کورد .

لە ئەنجامی گفتوگۆی برایانەو دلسۆزانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتن لەسەر :

١ـ هەولی تەواو و بەردەوام بۆ بەگەڕخستنی هەمو توانای هەر دولا بەرەو ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی عێراق .

٢ـ دابین کردنی ئازادی چالاکی سیاسی ، عەسکەری ، ڕێکخراوەیی هەردولا لە هەمو ناوچەکانی کوردستانی عێراق بۆ گەشە پێدانی خەبات .

٣ـ وەستاندنی چالاکی ڕاگەیاندنی هەردولا لە دژی یەکتر ، چ چالاکی ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ .

٤ـ ڕێگە گرتن لەشەڕی برا کوژی و حەرام کردنی .

هەروەها ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنەی سیاسی ، عەسکەری ، ئیعلامی دوو قولی مۆر کرا وکۆمیتەیەکی بەرز لەسەرکردایەتی هەردو لا دیاری کرا بۆ دانانی ڕێ و شوێنی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکەو گەشە پێدانی پەیوەندی نێوانیان .

جەماوەری خەلکی کوردستان

تێکۆشەرو پێشمەرگە قارەمانەکان

کێشەو ناکۆکی ناوجولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بەگشتی ، کێشەو ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی هۆیەکی کاریگەرو کۆسپێکی گەورە بو لە ڕێگەی گەشە کردن و بۆ پێشەوە چونی جولانەوەی گەلەکەمان ـ لە ڕێگەی کۆکردنەوەو بەگەڕخستنی پێی هێزە فراوانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان پێکهاتن و هاوکاریشیان بایەخێکی گرنگ و شوێنەواری کاریگەر لەو بوارەدا ئەخاتەوە . دوست و

جەلال تالەبانی		ادریس بارزانی

دوژمنەکانی گەلەکەمان ئەجولێنێ بویـە بەیەک دەنگ داوا لە کومەلانی خەلک و لایەنـە سیاسیەکان و تیکوشەرو پیشمەرگە قارەمانەکان ئەکەین کە دلسوزانە و هوشیارانە پشتیوانی لەسەرکەوتنی ئەم ریکەوتنە بکەن و وریای پیلان و دەس تیوەردانی دوژمنان بـن .

| | |
|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق | یەکیتی نیشتمانی کوردستان |

١٩٨٦/١١/٨

پرۆژەی هاوکاری نێوان

پ د ک و ی ن ک

---

لەرۆژی ١٩٨٦/١١/٨ دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ادریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال کۆبونەوەو لە پێویستی دارێشتنی شێوەی کارو ری و شوێنی قوڵکردنەوەو پتەو کردنی پەیوەندی دوستانەی نێوانیان کۆلینەوەو روو لە مبدأی یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە و داو دەزگاکانی شۆرش ڕێککەوتن لەسەر :

لایەنی سیاسی :

---

١- هیچ لایەك لەم دوو لایەنە دژی یەکتری لەگەل لایەنێکی سێهەم داخلی هیچ جورە محورێکی سیاسی ەیا اتفاقێکی سیاسی نەبی •

٢- هەردو لا هەوڵ بدەن کە بە خەباتی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان بدەن بو روخاندنی رژێمی بەعسی عەفلەقی عێراق و مسوگەر کردنی مافی رەوای گەلی کورد •

٣- لەهەمو کاروبارێکی شورشی گەلەکەماندا تنسیقی هاوبەش بکەن بە تایبەت لە هاوکاری و دوستایەتی دا لەگەل هێزە عێراقی و دوستەکان دا •

٤- کوبونەوەی دەوری کومیتەی بەرزی هاوبەش بەلایەنی کەمەوە سالی دوو جار بو قوڵکردنەوە و پتەو کردنی پەیوەندی دوو قولی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە یا ئەو مەسەلە گرنگانەی لەرەوتی خەباتدا دێتە پێشەوە بگیری •

٥- ئورکردنەوەی گیانی ئەم ڕێکەوتنە بو هەمو ئاستەکان و حورمەت گرتن لە ڕێکخستن وئەندام و لایەنگرانی یەکتر •

٦- هەولدان بو یەکخستنی ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وولات •

٧- هەولدان بو یەکخستنی هێزەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی فراوانی عێراقی •

لایەنی عەسکەری :

---

١- ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هەردولا بو چالاکی سیاسی عەسکەری ڕێکخراوەیی مراکەیاندنیان ئازادە • ئەبی هەردو لا یارمەتی یەکتر بدەن تا ڕێکخراو و هێزەکانیان لەو ناوچانەدا بتوانن بەچاکی دەوری خویان بنوێنن بی ئەوەی کوسپ بو یەکتر ساز بکەن •

٢- هێزو ڕێکخراوەکانی هەردولا کە ئەچنە ناوچەی یەکتر ئەبی ئاگاداری یەکتر بکەن و تنسیق پێکەوە بکەن •

٣- هەول بدەن چالاکی هاوبەشی پێشمەرگانە بکەن تا زەمینەی هاوکاری هەمەلایەنەو برایەتی بو پێشەوە بچی و کاری ئیجابی لە کومەلانی خەلك و هێزی پێشمەرگە بکا ، بو زەمینە خوش کردنی یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە لە ئایندەدا •

جەلال تاڵەبانی

ادریس بارزانی

٤- بو پێشمەرگەی هەردولا هەیە خویان نقل بکەن بولای ئەوی تر بەبێ چەك مەگــەر بەبەڵگە چەکەکەی هی خوی بێ . بەمەرجی ئەوە رەچاو بکری کە تاوانی دەرهەق لایەك لــەو دولایەنە نەکردبێ .

٥- لەمەسەلەی حکمرانی ناوچەکان و گمرك دا تا هەلومەرجێکی لەبارتر ئەبێ لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکتر دا . واقیعی ئێستە حورمەت بگرن .

٦- یەکپێدانی دادگای هاوبەش بو چارەسەرکردنی کێشەکانی کومەلانی خەلك .

لایەنی راگەیاندن :

---

١- راگرتنی هەمو جورە کارێکی راگەیاندن و پروپاگەندە چە راستەو خو یانا راستەوخــو لە دژی یەکتر .

٢- حملەیەکی راگەیاندنی هاوبەش بەهەمو جوری و لە هەمو ئاستەکاندا بکری هەم بــو چەسپاندنی گیانی ئەم ریکەوتنە و گەشە پێدانی هەم بو ناساندنی مەسەلەی کــوردو جولانەوەکەی و مافە رەواکانی لەناوەوەو لە دەرەوەی وولات .

٣- رەخنە گرتن لە یەکتر لەکوبونەوە هاوبەشەکاندا نەك لە دەزگاکانی راگەیاندن دا .

٤- هاوکاری راگەیاندن لە روی فنیــەوە .

پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق | یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ادریس بارزانی

١٩٨٦/١١/٨

بە سەرکەوتوویێت هەوڵی دڵسۆزانەی هێزە تێکۆشەرەکان
لە پێناوی یەکخستنی ریزەکانی گەلدا

ئاشکرایە کە یەکخستنی ریزەکانی گەل و هاوخەباتی ی لە نێوان هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکان لە شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانیدا ئەرکێکی مێژوویی پیرۆزە و رۆڵێکی گرنگ ئەبینێت لە پتەوکردن و بەرەو پێشەوە بردنی ئەو شۆڕشە و زیاتریش بەرەو سەرکەوتنی ئەبات. بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مێژەوە بە پەرۆشەوە هەوڵی بۆ ئەو تەبایی و ئاشتبونەوەیە داوە و هەنگاوی بۆ ناوە لە لایەك، وە لە لایەکی تریشەوە بەدەنگەوە هاتنی لایەنەکانی تری بزوتنەوەی نیشتمانی بۆ ئەو مەبەستە ... خۆشبەختانە ئەنجامی مەزن و باشی دا بە دەستەوە. ریکەوتنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی سوشیالیستی کوردستان-عیراق و پارتی سوشیالیستی کورد ( پاسوك ) بەرهەمی گرنگ بوون.
دیسان بەردەوامی هەوڵ و تەقەلای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پاسوك وحسك وگەشە پێدانی هاوکاری و هاوخەباتیان و سووربوون لە سەر ئاشتبونەوەی گشتی و یەکخستنی هێزەکانی گەل لەلایەك وهەڵوێستی بەرپرسیارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلای دووەم ... بەرهەمێکی گرنگی تری بوو، ئەوەش ریکگەوتنەکەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە لە ١٩٨٦/١١/٨ دا لەلایەن سەرۆکی وەفدی هەردوولا هەڤاڵ مام جەلال وکاك ئید ریس بارزانییەوە مۆرکرا. مایەی شانازی یەکێتیمانە و بەرهەمی هەوڵ وتەقەلایەتی کەئەمڕۆ ئەبیستین وئەبینین یەکێتی ریزەکانی گەل بەرەو پتەوبوون و چەسپاندن ئەچێت وهیوا و ئاواتی دێرینی جەماوەرە نەبەزەکەی کوردستان دێتەدی. بەرەی گەل و هێزە دڵسۆزەکانی یەك دەخرێ و ئەبێتە هێزێکی مادی وا بۆپوچ کردنەوەی هەموو ئەو نەخشە و پلانە گڵاوانەی کە رژێمی فاشیستی بغدا لە دژی نەتەوەکەمان و شۆڕشە مەزنەکەی ئەنجامی ئەدا بە مەبەستی شێواندنی سیمای نەتەوا یەتیمان.
هاوولاتیانی دڵسۆز
پێکهاتنی ئەو ریکەوتنە بۆ مەبەستی ئەو ئامانجانە و، بۆ وەستان بە رابەر پیلانەکانی رژێمی فاشیستی بەغدا و روخاندنی دام و دەزگای سەدامی خوێن رێژ، وە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی جەماوەری تێکۆشەری کوردستان وعیراقە. لە سەر ئەو خاڵ و بنچینە گرنگانەی کەهاوکاری و هاوخەباتی ئەم دوو هێزە خورت وخەملیوەکات و دەبێتە بەردی بناغەی یەکخستنی هەموو هێزەکانی دژ بە رژێم وروخاندنی. بۆیە پێویستی سەرشانی هەموولایەکمانە، کە هەوڵی چەسپاندن وجێ بە جێ کردنی ناوەرۆکی ئەم رێککەوتنە مەزنە بدات، کە خاڵە گرنگەکانی بریتی یە لە:
* – کاری هاوبەش بۆخەباتی جەماوەری و ئاراستە کردن و جۆشدانی ئەوخەباتە دژی رژێمی بەغدا بە دروست کردنی بەرەیەکی فراوانی ئوپوزیسیونی عیراقی، وە ناوچەکانی کوردستان ئازاد بێت بۆنواندنی چالاکی پێشمەرگانە و سیاسی و کومەلایەتی.
* – یەکخستنی رێکخراوە خویندکاری یەکان لە دەرەوەی وولات و یەکگرتنی هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی عیراق یەکخستنی ریزەکانیان.
* – چارەسەرکردنی هەمووکێشە وگیر وگرفتێك لە ناو ئەو لێژنە باڵا و کۆمیتانەی بۆئەو مەبەستە دامەزراوە.
* – قوڵبونەوە و گەیاندنی ئەو گیانی ریکەوتن و پێکهاتنە بۆ بنکەو داموودەزگاکانی خوارەوە و کاری پێ کردنیان .. وە رێگە برین لە هەموو کارێکی زیانبەخش بە هەردوولا کە راستەو خۆ یاناراستە وخۆ ئەنجام بدری.
لە کۆتاییدا پیرۆزبایی ئەو هەنگاوە مێژوویی یە لە یەکێتیمان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەکەین.
ئیتر هەربژی خەباتی یەکگرتوی ریزەکانی گەل
مردن و رووەشی بۆ ئیمپریالیزم ورژێمی داگیرکەر و فاشیستی بغدا

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
لقی ئەوروپا

هاوڵاتیانی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر لە دەرەوەی وڵات

مێژووی خەباتی گەلەکەمان لە پێناوی رزگاری نیشتمانیدا زۆر پەند و عیبرەتی بۆ سەلماندوین و بەم جۆرەی تاڵ ئەو راستیەی ئاشکرا کردووە کە لە پاڵ گەلێک هۆی خۆیی و بابەتی یەکێک لە هۆ بنچینەیی یەکانی سەرنەکەوتنی گەلەکەمان لە رابوردودا و بە ئامانج نەگەیشتنی تێکۆشان و شۆرشەکانی گەلەکەمان نەبوونی یەکێتی و تەبایی ریزەکانی گەل و ناکۆکی و گیر و گرفتە ناوخۆیی یەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بووە.

دووبەرەکی و ناتەبایی و ناکۆکی یە ناوخۆیی یەکانمان نەک هەر ئاواتی دوژمنان بووە بەڵکو بەری هەوڵ و پلانە گڵاوەکانیان و چەکی کوشندەیان بووە دژی خەباتی گەلەکەمان وە بەدرێژایی مێژوو کارێکی سەلبی کردۆتە سەر جەماوەر و تووی بێ هیوایی و گیانی رەشبینی چاندووە.

بۆیە جەماوەری گەلەکەمان و رۆشنبیر و شۆرشگێران و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان (( یەکێتی ریزەکانی گەل و چارەسەری راستەقینەی ناکۆکیەکانی ناوخۆی ریزەکانی گەلیان )) بە بەردی بناغەی سەرکەوتن داناوە و ئەو دروشمە هەمیشە ئاواتێکی دەروونیان بووە.

لە بەر رۆشنایی ئەو راستی یانەی سەرەوە و هەست کردن بە ئەرکی مێژوویی ئەم پلە ناسکەی خەباتی گەلەکەمان و سەبارەت بەو هەنگاوە گرنگە مێژوویی یەی کە لە کوردستان نراوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی کوردستان ـ عیراق و پارتی سوشیالیستی کورد ـ پاسوک ـ بە ئاشتبونەوەی گشتی و ریکەوتنەکانی نێوانییان ، نوێنەرانی هەر سێ لایەنەکە لە ئەوروپاش لە رۆژانی ١٠/١٠/١٩٨٦ ، وە ١٢/١٠/٨٦ پەیوەندی و کۆبونەوەی دوولایەنی یان پێک هێنا ، هەر وەها لە رۆژی ٨/١١/١٩٨٦ دا لە شاری ستوکهولم لە ( سوید ) نوێنەرانی لقی ئەوروپای هەر سێ لایەنەکە کۆبونەوەی هاوبەشیان کرد و بۆچوون بەجێ کردن و بەردەوامی لە سەر ئەو هەنگاوە دڵسۆز و شۆرشگێرانەی کە لە کوردستانەوە نراوە و دەستی پێ کردووە .... بریاریان لە سەر ئەم خالانەی خوارەوەدا :ـ

١ـ پێک هێنانی کۆمیتەی هاوکاری و دیاری کردنی نوێنەرانی.

٢ـ ئامادەکردنی پرۆگرامێک بۆ خەبات و چالاکی و کاری هاوبەشی کۆمیتەکە.

٣ـ بەردەوامی هەوڵی دڵسۆزانە بۆ فراوان کردنی بنکە جەماهیریەکەی ئەم ریکەوتنانە تاکو لایەنە نیشتمان پەروەرەکانی تریش بگرێتەوە.

خوشکان و برایانی دڵسۆز و تێکۆشەر :

مایەی خۆشبەختی و روون بینی شۆرشگێرانە یە کە بەردەوامی هەوڵی دڵسۆزانە لە کوردستانەوە بەرهەمی تریشی هێنایە بەرهەم ئەویش ریکەوتنەکەی نێوان ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق ) ەکە لە رێکەوتی ٨/١١/١٩٨٦ دا مۆرکراوە و راگەیەندراوە . بۆیە ئێمەش لە ناخی دڵەوە پیرۆزبایی ئەم رووداوە گرنگانە لە خۆمان و لە ئێوەی دڵسۆز و بەشە رەف ئەکەین و هەر وەها لە گەلی کوردی قارەمان و پێشمەرگە دلێرەکان و حیزبە نیشتمان پەروەرەکانمان ئەکەین کە لە ئاستی ئەم پلە مێژوویی یە دا بوون و بە دەنگ ئەرکە نیشتمانی یەکان و داخوازی جەماوەری گەلەکەمانەوە چوون.

لە کاتێک دا کە پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان ، نیشتمانیان کردۆتە ئاگر لە ژێر پێی دوژمنی درندە و فاشیست و داگیرکەردا و سەرکەوتنە بەردەوام و زۆر گرنگەکانیان لە بەرەکانی شۆرش و شەری پێشمەرگە یەتیدا گەیشتۆتە بەرزترین پلەی.

ئەم هەنگاوە گرنگانە و ئەم ریکەوتنە مەزنانە لە مەیدانی کاری سیاسی و سەربازیشدا لە بەرەکانی شۆرشماندا نەک هەر بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان و شورشەکەمان ئەخاتە ئاستێکی بەرزتری خەبات و قۆناغێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە ، ئەبێتە هۆی گەشەپێدانی سەرجەم خەباتی گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا ، ئەمە لە لایەک ، بەڵکو لە لایەکی تریشەوە ئەوەندەی تر بەرەی دوژمنی فاشیست و هێزە درندەکانی ئەروخێنێ و تێک شکان و کۆتایی یان نزیک تر ئەخاتەوە.

بۆیە هیوا و داوامان وایە کە دڵسۆزانی گەل و شورشمان ئەم ریکەوتنانە بپارێزن لە نەخشە و پلانی دوژمنان .

پاسەرکەوتوبێت هەوڵ و هیممەتی دڵسۆزانە بۆ پێک هێنانی جاوخەباتی ریزەکانی گەلەکەمان و فراوانتر کردنی بنکە جەماهیریەکەی لە پێناوی سەرخستنی شۆرشەکەمان و بەدی هێنانی ئامانجی گەلەکەمان و ئاواتی پیرۆزی شەهیدە قارەمانەکانمان لە بەدەست هێنانی مافی گەلەکەمان لە بریار دانی چارەنوس دا .

| | | |
|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان<br>لقی ئەوروپا | حیزبی سوسیالیستی کوردستان ـ عیراق<br>لقی ئەوروپا | پارتی سوسیالیستی کورد ـ پاسوک<br>لقی ئەوروپا |

بەلاغی کۆتایی هێنانی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لەرۆژانی ١ ـ ١٩٨٦/١٢/٣ وەفدێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق سەردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کرد لەدۆڵی جافەتیو چاویان کەوت بەهەڤاڵ مام جلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی هەردوولا بەدوور و درێژی لەسەرشی کردنەوەی گیانی ڕێکەوتنەکانی مانگی ڕابردوو، تەرجەمە کردن و، هەنگاو هەڵهێنانی عەمەلی بۆ جێبەجێ کردنیان دووان. لەم کۆبوونەوانەدا جارێکی تر تەئکید کرایەوە سەر درێژە پێدانی خەباتی چەکداری تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقیو هاوتا هەنگی سیاسی لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەتایبەت هاوکاری دۆستایەتی لەگەڵ هێزە عێراقیو دۆستەکان.

و لەباری جێبەجێ کردنی چوون‌وهاتنی هێزەکانی هەردوولا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر چەندین بڕیاری گرنگ دراو بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفتی کەم بایەخ و بڕیار درا کە کۆمیتەی هاوبەش لە لقەکانی پارتیو مەڵبەندەکانی یەکێتی دروست بکرێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوە.

بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە مەزنانە ڕەنگ بدەنەوە لەهەموو بوارێکی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەییو جەماوەری بڕیار درا کە تەنسیقێکی ئیعلامی بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ وباسو چالاکی سیاسیو عەسکەری یەکتر لەئێزگەو چاپەمەنییەکانی هەردوولاو جۆش دانی ئەم دەزگایانەش بۆ پتەو کردنی گیانی هاوکاری و برایەتیو سڕینەوەی شوێنەواری سالانی ناکۆکیو ناتەبایی.

هەڤالانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق.
هەڤالانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئەم ڕێکەوتنە گرنگە تەنها ڕێکەوتنی دوو سەرکردایەتی نیە، بەڵکو ڕێکەوتنێکە ئەبێت لەهەموو بوارەکانی خەباتی هاوبەشماندا ڕەنگ بداتەوە، حورمەت‌گرتن و جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی یەکە بە یەکەی ئێوەیەو کاتی ئەوە هاتووە لاپەرەیەکی نوێی خەبات تێکۆشان هەڵبدەینەوەو باز بدەین بەسەر ئەو گیروگرفتانەی دێنە سەر ڕێی جێبەجێ کردنی ئەم هاوکاری یەو بەگیانی بەرزی هەست‌کردن بەلێپرسراویەتی هەموو ئەو کۆسپو پیلانانە ڕامالین کەدوژمنانی گەلەکەمان بەسەر ڕێی خەباتی هاوبەشماندا قوتیان ئەکەنەوە.

سەرکەوتنیش هەر بۆ گەل و شۆڕشە.

١٩٨٦/١٢/٣

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق　　　　یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پاشکوی ژمارە ( ١ ) ی

ریکەوتنی دووقـولی نیـوان یەکیتی نیشتمـانی کـوردسـتان و

پارتـی دیموکـراتی گـەلـی کـوردسـتان

بو ئەوەی ریکەوتنە دوو قولییەکەی نیوان هەردوولا بچەسپی و هەول بدری چ لە سەری تی بەکەوی و چ کوسپ و گیرو گرفتی نەیەتە پیش و بو ئەوەی پەیوەندی نیوان هەردوولا پەرەو گەشەکردن بروا لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوە ریکەوتن :

١- ئەم پاشکویە بەشیکە لە ریکەوتنە دوو قولییەکە و تەواو کەری ئەوە .

٢- کاروباری حوکمرانی و دادگا و کومەلایەتی و گومرگ و باج وەرگرتن لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان وەک خوی دەمینی تا ریکەوتنی دوو قولی بنا پیکهینانی بەرەیەکی کوردستانی بەمەبەستی یەکخستنی دەزگاکانی شورش ،

٣- چالاکی پیشمەرگە لەوشوینانەی لەژیر دەسەلاتی هەرکامیکیانە بەتەنسیق لەگەل ئەودەبی .

٤- هەر لایەک ریز و حورمەت لە پیشمەرگەو ئەندام و لایەنگیرو دوستی ئەوی تر ئەگری چ لە تعاملی راستەوخو و چ لەناو جەماوەر .

٥- بو پیشمەرگەی هەردوو لا هەیە داوای نەقل بکا بو لای ئەوی کە بەبی چەک مەگەر بەپەلگە چەکەکە هی خوی بیت ،

٦- هیچ لایەنیکیان دالدەی پیشمەرگەی " متهم " یا سزادراوی یەکتر نادەن .

٧- هیچ لایەنیکیان کەس لەریزی خویان بە پیشمەرگە وەرناگرن کە تاوانی کردبی بەرامبەر لاکەی تر بەبی موافەقەتی ئەو . لەحالەتی تەحقیق و موحاکەمەکردنیشدا لیژنەیەکی هاوبەش و دادگایەکی هاوبەشی بو دادەنری .

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

یەکیتی نیشتمانی کوردستان

شوباتی ١٩٨٧/

# راگەیاندن

لەسەر روشنایی ریکەوتننامەی روژی ١٩٨٦/١١/٨ لە نیوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر ئاموژگاریی سەرکردایەتیی هەردولا بو رەنگدانەوەی ئەو ریکەوتنە لە دەرەوەی ولات، روژی ٢٤ / ٤ / ١٩٨٧ نوینەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا کوبونەوە. پاش ئالوگورکردنی بیرورا لە بارەی چونیتیی ریکخستنی پەیوەندی و هاوکاری نیوانیان، لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە ریکەوتن:

١- هەردولا نوینەرانی خویان لەسەر ئاستی ئەوروپا دیاری بکەن ولەکاتیکی دیاریکراودا نوینەرانی خویان لەهەر ولاتە دەستنیشان بکەن، بو ریکخستنی پەیوەندیی نیوان ریکخراوەکانیان و ئاسانکردنی هاوکاری لەگەل یەکتردا.

٢- پیویستە نوینەرانی هەردولا هەر ٣ مانگ جاریك کوببنەوە بولیکولینەوەو بریاردان لەسەر شیوەکانی خەباتی یەکگرتو لە روی راگەیاندن و پەیوەندیی دەرەوەو گورینەوەی زانیاری و ئاگادارکردنی یەکتری لە دواهەوالەکانی کوردستان و ریکەوتن لەسەر چونیتیی گەیاندنی ئەو هەوالانە بە رای گشتی لە جیهان دا، هەروەها گورینەوەی ئەو بلاوکراوانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، هی خو و هی بیگانە.

٣- هەولدان بو چاکردنی شیوەکانی چالاکی لە دەرەوەی ولات و کوشش کردن بو دەستخستنی یارمەتیی مادی و مەعنەوی بو بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیکوردو کوکردنەوەی یارمەتیی ئینسانی بو لیقەوماوانی کوردستان.

٤- پیکەوە بەشداربون لە کوبونەوەوسمینارو کونگرەکاندا و ریکخستنی کونفرانسی روژنامەنوسی لە بارەی روداوەکانی کوردستان و نواندنی چالاکیی سیاسی و هونەری بو زیاتر ئاشناکردنی مەسەلەی نیشتمانیی کورد لای گەلانی جیهان.

٥- وەرگرتنی هەلویستی یەکگرتو لەبارەی ریکخراوە زانستی و روشنبیری و هونەرییەکان لە ئەوروپا، پشتیوانیکردن و بەشداربون لەو چالاکیانەدا کە ئەبنە هوی پیشخستن و گەشەپیکردنی کولتوری کوردی و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە.

٦- سود وەرگرتن لە توانای دلسوزانی کوردو بیگانە بە بی جیاوازی لە هەمو ئەو چالاکیانەدا کە خزمەتی مەسەلەی نیشتمانیی کورد ئەکەن و دەنگی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ئەگەیینن بە گەلانی جیهان.

٧- هەولدان بو پیکهینانی کونگرەیەکی یەکگرتو بو خویندکارانی کورد لە هاوینی داهاتودا و هەر لە ئیستاوە زەمینە خوشکردن بو بەدیهینانی ئەم ئاواتە پیروزە بە نیازی یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی خویندکارانی کورد لە چوارچیوەی کومەلەیەکی خویندکارانەی فراوان و دیموکراتیو سەربەخو و پیشکەوتو، کە هەمو خویندکاریکی نیشتمانپەروەری کورد لە ئەوروپا بتوانیت کاری تیدا بکات و سیاسەتیکی رون و ئاشکرای هەبیت دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و داگیرکەرانی کوردستان.

٢/٠٠

٢

٨- دوا بەدوای ئەم کوبونەوەیە دەرکردنی بەیانیک بو رای گشتیی جیهانی لە بارەی روداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان بە تایبەتی لە بارەی دەستدریژیی ریژیمی خوینریژی بەغدا بو سەر کومەلانی خەلکی کوردستان و هیرشی چەندجارەی جونتای فاشیستی تورکیا بو سەر کوردستانی عیراق .

کوبونەوەکە بە گیانیکی برایانەو هەست کردن بە لیپرسراوی بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو ئەو مەترسییانەی بەرەنگاری ئەبن ، کوتایی هات .

بەم بونەیەوە بەشدارانی کوبونەوە سلاوی گەرمی خویان پیشکەش بە دلسوزانی نەتەوەی کورد ئەکەن و داوایان لی ئەکەن بو پارمەتی دانیان لە پیناوی جیبەجیکردنی بریارەکانیاندا و پتەوکردنی پەیوەندیی دوستانەوها وکاری نیوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لەناوەوەولە دەرەوەی ولات بو وەستان بەریزیکی یەکگرتووەوە بەرامبەر بە پلانەکانی دوشمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان، کە هەول ئەدەن بو کاولکردنی نیشتمانەکەمان و لەناوبردنی نەتەوەکەمان ، لەگەل سلاوی گەرم و ریزدا بو پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە دلیرانە ئەجەنگن بو بەربەستکردنی پلانەکانی دوشمن بەدیهینانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد.

نوینەرانی پارتی دیموکراتیکوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەوروپا

١٩٨٧/٤/٢٤

# داســــتانی ڕزگــــاری
# پــــێنج

## داســـتانی ڕزگـــاری

شەوێکی بەهاری تەڕوپاراو کەمێک توش و کەمێکیش لێڵ، لە نێو هەورە گرمەی شەوێکی مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٧ شەوی ١٤\١٣ ی نیسانی مانگی گوڵ و گوڵزار، گرمەو ورشەی ئار بی جی شریخەی گوللەو ڕیزەگڕدار هەڵمەتی بەربڵاوی پێشمەرگە لە پێنج قۆڵەوە دەستیپێکرد و تەختی بەغدای هێنایە لەرزین.

داستانی ڕزگاری وەرچەرخانێکی گەورەو گرنگ بوو لە شەڕی پێشمەرگانە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی شەوێکی تاریک و لێڵی مانگی چواردا، سەرجەم ئەو شاخ و لوتکانەی ڕژێمی فاشی عێراق لە ماوەی ١٠٢ ڕۆژی شەڕی بەرەیی (قەیوان ماوەت)دا دەستیبەسەرداگرتبوو ڕزگارکران و خاپور کران و دەستیان بە سەرداگیرا.

## تـــێکڕای داســـتانی ڕزگـــاری

مەڵبەندەکانی ١ و ٢ و ٣ ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی سەرکردایەتی "ی ن ک" بە بەرنامەو پلانی تۆکمە و دیراسەکراو بە نەخشەی ژیرانە لە شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ١٤\١٣/٤/١٩٨٧ دا بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆو سەرکردایەتی بەڕێز مامجەلال و فەرماندەیی هەڤاڵانی سەرکردایەتی و دەزگای پێشمەرگایەتی بە بەشداری نزیکەی پێنج هەزار پێشمەرگە، لە یەک کاتداو لە ماوەی دوو کاتژمێردا پەلاماری تێکڕای سەنگەرەکانی بەشی یەکەمی داستانی ڕزگاری درا بەمشێوەیە:

## قۆڵی یەکەم:

مەڵبەندی یەک بە بەشداری تیپەکانی ٥٩ی حەمرین ٥٣ی شێروانە ٥٧ی سەگرمە ٥٥ی قەرەداغ ٥١ ی گەرمیان و بەشێکی تیپی مەڵبەند، مەڵبەندی دوو بە بەشداری تیپەکانی ٢٣ی سورداش ٢١ی کەرکوک و هێزێکی هاوبەشی تیپی ٦٥ی بلفەت، ٤٣ی ئاسۆس و ٤٤ی چەکوچ، هەڵمەتیانبردە سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن لە

شاخ و لوتکەکانی "خەجە لەرزۆک" کوێرەنگ و شاخە سوور، کەڵکی قەیوان و دووبراو خەمزەو ئەزمڕو دۆڵەڕوت، لەو هەڵمەتانەدا دەستگیرا بە سەر ٣٣ ڕەبییەو ٢ مەقەڕ سریەو یەک مەقەڕ فەوج و سەربازگەیەکی دوژمندا، ٥٠ سەربازیش بەدیل گیران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون، ژمارەیەکیش چەکی هەمەجۆر و بێتەل و دووربین و دەمامکی گاز دەستکەوت بوون.

## قۆڵی دووەم:

مەڵبەندی سێ بە بەشداری تیپەکانی ١٢ی سۆران و ١٩ی کۆڕەک و ٧٨ی کارۆخ و ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٣ی هەورێ و بەشێکی تیپی مەڵبەند، مەڵبەندی دووش بە بەشداری تیپی ٢٥ی خاڵخالان و ٤٧ی پیرەمەگرون و تیپی پارێزگاری، هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەو بەرزاییەکانی باڵخ و ولاغلو پیرەلیاس و دەستیانگرت بە سەر ٢٤ ڕەبییەو مقەڕی فەوجەکانی "١٠ و ٣٢ و ٣٣ و ٦٢) و ٣ مەقەڕ سریەدا ٦٧ سەربازو جاش بەدیلگیران و دەیان پارچە چەکی هەمەجۆرو بێتەل و دووربین دەسکەوت بوون.

## قۆڵی سێیەم:

دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندی سێ، تیپەکانی ٩٣ ی کۆیە ، ٩٩ی بیتوێن، ٩١ی سەفین، ٨٧ی قەرەچوخ بە هاوکاری تیپەکانی مەڵبەندی دوو، ٦٣ی جوتیاران، ٦٥ی بلفەت، ٦٨ ی مامەندە، هەڵمەتیانبردە سەر بەرزاییەکانی زینووی سپی و گەلاڵەو گۆجاڕ، دەستیانگرت بە سەر ١٣ ڕەبییەو بارەگایەکی فەوجی سەربازو جاشدا، ١٣ جاش و سەرباز بەدیل گیران و دەیان پارچە چەک و کەلوو پەلی سەربازیش دەستکەوت بوون.

## قۆڵی چوارەم:

تیپی ٣١ی سلێمانی سەر بە مەڵبەندی ٢، تیپی ١٥ی هەورامان لە مەڵبەندی یەک، هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکانی شاخی گۆیژەو لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانگرت بە سەر پێنج ڕەبیەداو دەیان پارچە چەکی هەمەجۆر دەسکەوت بوون.

## قۆڵی پێنجەم:

تیپی ٣٧ ی قارەمان لە مەڵبەندی دوو لە هێرش و پەلامارێکی دلێرانەدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبیەو بەرزاییەکانی چیای گمۆو دەورووبەریان دا، ٣٠ جاش بە دیل گیران و مودەرەعەیەک سوتێنرا، لە لایەکیترەوە و لە چوارچێوەی بەرنامەی داڕێژراوی داستانی ڕزگاریدا، دەزگای پێشمەرگایەتی و مەڵبەندی دوو، مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چەواشەکردنی دوژمن و پاکردنەوەی پیرەمەگرون، شەوێک بەر لە هێرشی هەمە لایەنەی داستانی ڕزگاری و لە شەوی ١٣\١٢ ی چواردا لە هەڵمەتێکی شێرانەدا قوڵە سەوزو قوڵە پوشێن و سپیلک و شاخی حاجی تان لە دوژمن پاککرانەوەو دەستیان گرت بە سەر پێنج ڕەبیەداو ١٩ جاشیان بەدیلگرت، لە تێکڕای هەڵمەت و پەلامارەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بۆ سەر ڕەبییەو مۆڵگەکانی داگیرکەر لە تێکڕای قۆڵەکاندا زیانی گەورە لە دوژمن دراو دەسکەوتی گەورەش بە دەست هات لە داستانی ڕزگاریدا: بەمشێوەیە:

کوژرانی ٧٩٧ کەس، بەدیلگرتنی ١٨٢ سەربازو جاش، گرتنی ١٠٠ ڕەبییەو ٨ مەقەڕ فەوج و ٤ مەقەڕ سریەی دوژمن، ٣٠٠ کڵاشینکۆف و ٣٠ ئار بی جی، ٤ ئار بی کەی، ٦ بی کەی سی، ٢٤ دەزگای بێتەل، ٧ هاوەنی ٦٠ ملم، ٣ دۆشکا، ١٣ دکتارۆف و کەلوپەلێکی زۆری سەربازی دەستکەوت بوون.

## کلکەی پیرەمەگرون
## شەوێك پێش داستانی ڕزگاری

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی (١و ٢و ٣و ٤و) مەفرەزەیەکی تیپی مەڵبەندی دوومەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەندی دوو مەفرەزەیەکی پارتی و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست و مەفرەزەیەکی ناوەندی شۆڕشگێڕان و هێزی پشتگیری ناوچەکە کاتژمێر ٢,٣٠ دەقیقەی شەوەی ١٢-١٩٧٨/٧/٤/١٣ هێرشیانکردە سەر زنجیرە ڕەبییەیەکی دوژمن لە کلکەی پیرەمەگرون- بەرامبەر سووورداش، لە ئەنجامدا ڕەبییەکانی (قوله سەوز، قوله پۆشین، سپیلک، داری

دووریان، ڕەبییەی ناو حاجیتان) دەستیان بەسەردا گیرا.

زیانی دوژمن گرتنی (١١) چەکداربوو.

دەستکەوت (١١) پارچە چەک، یەک ئاربی جی، ژمارەیەکی زۆر گوللەی ئاربی جی .

لە ئێوارەی ١٩٨٧/٤/١٣ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابە و تۆپ لە چەند قوڵێکەوە پەلاماری کلکەی پیرەمەگرونیاندا، دوای شەرێکی قورس و زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی هێزە پەلامار دەرەکەی دوژمن ڕەبییەکانی (قوڵە سەوز و قوڵە پوشین) ی گرتەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی دوو مەفرەزەیەکی پارتی لەهەمان شەودا هێرشیانکردەوە سەر ڕەبییە گیراوەکان و لەماوەی (١٥) دەقیقەدا گرتیانەوە.

هێزی دوژمن لەهەمان شەودا پەلاماری ڕەبییەی سپیلکی داو دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری دەستیبەسەرداگرت.

پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو مەفرەزەیەکی پارتی و سۆسیالیست و ناوچەی شۆڕشگێڕان لەماوەیەکی کورتدا دەستیان بەسەر ڕەبییەی (سپیلک) دا گرتەوە.

ڕۆژی ٤/١٤ و شـەوی ١٤-١٥ و شـەوی ١٥-٤/١٦ و ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٨ هێزەکانی دوژمن چەند جارێک پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندایەوە لە کلکەی پیرەمەگرون بەڵام پێشمەرگە هەموو پەلامارەکانی تێکشکاندن و ژمارەیەکی زۆریش لە دوژمن کوژران و برینداربوون (٨) چەکداریش بەدیل گیران.

دەسکەوت (١) ئاربی جی ، (٣) ئاربی کەی، (٢) کلاشنکۆف

قوربانی پێشمەرگە لەسەرەتای ڕزگارکردنی کلکەی پیرە مەگرون و تێکشکاندنی هەموو پەلامارەکانی دوژمن چوار شەهیدی نەمر بوو

دوو شەهیدی (ی.ن.ک)

یەک شەهیدی (پارتی)

یەک شەهیدی (سۆسیالیست)

داستانی ڕزگاری، شەڕی گەورەو فراوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو

لە ناوچەیەکی بەربڵاودا کە تیایدا دەستگیرا بە سەر دەیان ڕەبیەو مۆڵگەی دوژمندا.

لە شەوێکدا پێشمەرگە قارەمانەکانی (ی ن ک) بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ مامجەلال دەستیانگرت بە سەر مۆڵگەو زنجیرە ڕەبیەکانی داگیرکەر لە خەجە لەرزۆک، کوێرەنگ، شاخە سوور، کەڵکی قەیوان، خەمزە، دووبرا، دۆڵە ڕووت، باڵخ، وڵاغلو، زینوی سپی، گەڵاڵە، گۆجاڕ، گۆیژە، گمۆ، کە تیایدا زیانی گیانی وماڵی زۆر لە هێزەکانی دوژمن درا.

دوای ئەوەی لە ماوەی سێ مانگ لە شەڕی گەورەو بەرەیی قەیوان ماوەتدا هێزەکانی دوژمنی داگیرکەر بە زیانێکی ئێجگار گەورە دەستیان بە سەر چەند قوتەو لوتکەیەکی ناوچەکەدا گرت لە هەندێک شوێنیش هێزی پێشمەرگە بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەیکرد، لە شەوی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیبە سەر ئەو زنجیرە شاخ و قوتەو ڕەبیانەدا گرت کە دوژمنی داگیرکەر لە ماوەی سێ مانگی شەڕی قەیوان ماوەتدا دەستی بە سەردا گرتبوون لە شەوێکدا گڕو بڵێسەی ئاربیجی لە ڕەبیەو مۆڵگەکانی دوژمن بەر بوو، قارەمانەکانی (ی ن ک) کە پێکهاتبوون لە تیپە قارەمانەکانی ٥٩ی حەمرین، ٥٣ی شێروانە، ٥٧ی سەگرمە، ٥٥ی قەرەداخ، ٥١ی گەرمیان، تیپی مەڵبەندی دوو، ٢٣ی سورداش، ٢١ی کەرکوک، ٦٥ی بلفەت، ٤٣ی ئاسۆس، ٤٤ی چەکوچ، ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەک، ٧٨ی کارۆخ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٣ی هەورێ، ٣٧ی شارباژێڕ، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٩٣ی کۆیە، ٩٩ی بیتوێن، ٩١ی سەفین، ٨٧ی قەرەچوخ، ٦٣ی جوتیاران، ٦٨ی مامەندە، ٣١ی سلیمانی، ١٥ی هەورامان لە هەر سێ مەڵبەندە قارەمانەکەی (١، ٢، ٣) لە کاتی دیاریکراودا هەڵمەتیان دەستپێکرد و تەواوی ئەو مۆڵگەو ڕەبیانەیان دەست بە سەردا گرت.

# قــۆڵ و شەڕگەکانی داســتانی ڕزگاری
## وردەکاری شەڕەکە
## شەڕگەی ولاغلو باڵخ

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپەکانی ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەک، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٨٣ی هەورێ، ٤٧ی پیرەمەگرون، ٧٨ی کارۆخ، تیپی مەڵبەندی (٣)، چەند دەستەیەکی تیپی پارێزگاری، لە کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی شەوی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبیەو مۆڵگەکانی دوژمن لە باڵخ و ولاغلو، لە ماوەی کاتژمێرێک هەڵمەت و هێرشی بەردەوامدا دەستیانگرت بە سەر مقەڕ فەوجەکانی (١٠-٣٢-٣٣) و (٣) مقەڕ سریەو (٢٤) ڕەبیە لە باڵخ و پشتی ولاغلو شاخە سوورو پیرەلیاسداو ئازادیان کردن.

زیانی دوژمن لەم هەڵمەتانەدا

کوژرانی زیاتر لە ١٨٠ سەربازو چەکدار کە لە ناویاندا دوو ئەفسەر بە پلەی نەقیب، سێ ئامر سریەی جاش هەبوو.

٦٧ سەربازو جاش بە دیل گیران، ئەفسەرێک بە پلەی نەقیب، ملازم ڕەسەدێک، ئامر سریەیەکی جاشی تیابوو، لەگەڵ دەستکەوتێکی زۆر بەمجۆرە:

دەستکەوتەکان:

* یەک دۆشکەی دوانزەو حەوت ملم
* دوو بیکەیسی
* یانزە ئاربیجی
* چوار دکتاریوف
* (٩٣) کلاشینکۆف
* (٤) ئاربیکەی
* (٥) بێتەلی (١٠٥)
* (٢) دەمانچە
* چەند ئۆتۆمبێلێکی هەمە جۆر

* هەموو کەلوپەلی ناو مقەڕ سریە و فەوجەکان

قوربانیەکانی ئەم قۆڵە

١/ شەهید عوسمان محەمەد قەڵادزەیی فەرماندەی کەرت، بەشی عەسکەری مەڵبەندی دوو.

٢/ شەهید مستەفا حاجی قادر، پێشمەرگەی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٣/ شەهید شەفیق ئەبوبەکر سۆفی، پێشمەرگەی تیپی ٨٣ی هەورێ.

٤/ شەهید عەبدوڵڵا ئەحمەد تیپی ٨٣ی هەورێ- خەڵکی وەرتێ.

٥/ شەهید عومەر ئەحمەد شاوری تیپی ٨٣ی هەورێ.

٦/ شەهید سیروان تیپی ٨٣ی هەورێ.

٧/ شەهید وەستا عەتا جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون

## تــیپی (55)ی قـــەرەداخ

شەوی ١٣\١٤/٧/١٩٨٧ تیپی ٥٥ی قـەرەداخ بە فەرماندەیی ئاوات قارەمانی هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییە لە هەر دوو کەڵکی پیرکە و قەیوان لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانگرت بە سەر هەردوو ڕەبییەکەدا.

لەو هەڵمەتانەدا پێشمەرگەو چاو ساغی هێزەکە عەبدوڵڵا شێخەڵمارێنی شەهید بوو، ژمارەیەک چەکداری ناو هەر دوو ڕەبییەکە کوژران.

**هەڵمەتەکانی پێشمەرگە، سەرکەوتنی کەم وێنە لە پشتی کارێزە، گۆیژە، قەیوان، دۆڵەڕوت، خەجە لەرزۆک**

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپە دلێرەکانی ٥٧ی سەگرمە، ٢١ی کەرکوک، ٥٩ی حەمرین، ٥٣ی شێروانە، ٢٣ی سورداش، ٦٥ی بلفەت، ٤٣ی ئاسۆس، ٤٤ی چەکوچ، ٣١ی سلێمانی، ١٥ی هەورامان، تیپی مەڵبەندی یەک لە شەوی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییە و مۆلگەکانی دوژمن کە پێکهاتبوون لە ٤٤ ڕەبییە، مقەڕ سریە، معەسکەرێک، لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانبەسەردا گرت بەمجۆرە:

## قــۆڵەکانی شـــەڕەکە

**خەجە لەرزۆک:**

قارەمانەکانی تیپی ٥٩ی حەمرین، وەک برووسکە هەڵمەتیانبردە سەر (٤) ڕەبییەی مغاویری لە خەجە لەرزۆک و دەستیان بەسەردا گرت.

**کۆرەنگ:**

شێرەکانی ٥٣ی شێروانە هەڵمەتیانبردە سەر چەند مۆڵگەو ڕەبیەیەکی دوژمن لە کۆرەنگ و دەستیانبە سەرداگرتن، زیانی دوژمن زیاتر لە ٦٠ سەرباز بوو.

## شاخە سوور:

هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی ٤٣ی ئاسۆس، ٢٣ی سورداش، ٦٥ی بلفەت، ٤٤ی چەکوچ، هەڵمەتیانبردە سەر شەش ڕەبییەی دوژمن لە شاخەسوور و دەستیان بە سەرداگرت، زیانی دوژمن لەم قۆڵە وە زیاتر لە ٤٠ کوژراو بوو.

## دووبرا:

قارەمانەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمەو تیپی ٢١ی کەرکوک هەڵمەتیان بردە سەر چوار ڕەبیەو مقەڕ فەوجێک و مقەڕ سریەیەک لە شاخی دووبرا، لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەردا گرتن، زیانی دوژمن لە دوو برا کوژرانی زیاتر لە ٦٠ کوژراو بوو.

## پشتی قەیوان

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ هەڵمەتیانبردە سەر دوو ڕەبییەی دوژمن لە پشتی قەیوان و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانبە سەرداگرت، لە هەر دوو ڕەبییەکەدا زیاتر لە (١٠٠) مغاویر و جاش کوژران.

## گــەوەڕە- پـــشتی خـــەمزە

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی پارێزگاری مەڵبەندی یەک، تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک، هەڵمەتیانبردە سەر دوو ڕەبیەی دوژمن لە گەوەڕەو پشتی خەمزە و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانبە سەرداگرتن.

## ســەرجادەی سلێمانی- قەیــوان-دۆڵە ڕووت

لە سەرجادەی سلێمانی- قەیوان- دۆڵە ڕووت پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان هەڵمەتیانبردە سەر سێ ڕەبیەی دوژمن لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانبە سەردا گرتن.

## ئـــەزمڕە بـــچکۆل

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ی سورداش و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک هەڵمەتیانبردە سەر چوار ڕەبییە لە ئەزمڕە بچکۆل و دەستیانبە سەردا گرتن.

## گـــۆیژە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپەکانی ٣١ی سلێمانی و ١٥ی هەورامان هەڵمەتیانبردە سەر (٥) ڕەبییە لە سەری گۆیژە و دەستیانبە سەردا گرت.

## پـــەلاماری دوژمن

دوای دەستبەسەرداگرتنی مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن لە داستانی ڕزگاریدا، هێزەکانی داگیرکەر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیانداو خۆیان لە بەردەم لولەی تفەنگەکانی پێشمەرگەدا تاقی کردەوە بەڵام وەکو پیشەی هەمیشەییان بەشیان شکان و هەڵاتن بوو.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٥ و ڕۆژانی دوایی هێزەکانی داگیرکەر بە پاڵپشتی کۆپتەرو تۆپی دوورهاوێژ بەختی خۆیان تاقیکردەوە، دوای شکان و بەزینی بەردەوام و بێ ئومێدبوونیان، پەنایانبردە بەر چەکی کیمیایی و دێهاتەکانی دۆڵی جافەتی و ناوچەکانیتری کوردستانیان بۆمبارانکرد.

## پـــەلاماری دوژمن (دوو بـــرا)

کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٥ هێزە شکستخواردووەکەی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە دوو براو پشتی گەوەرە، پێشمەرگە دلێرەکانی تیپە قارەمانەکانی ٢١ی کەرکوک، ٥٧ی سەگرمە، ٢٣ی سورداش، تیپی مەڵبەندی یەک، شەڕێکی کەم وێنەیان لەگەڵدا کردن، تا کاتژمێر (٦)ی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، دوژمن دەیان کەسی لێکوژراو بریندار بوو.

دوای لێدانی هێزە پەرتەوازەکەی دوژمن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشی پێچەوانەی کردە سەر هێزە شکاوەکەی دوژمن و تا ناو مۆڵگەو کولانەکانیان ڕاویان نان.

شەوی ١٤\١٥/١٩٨٧/٤ تا ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٥ و تێکشکاندنی هێرشی دوژمن بۆ سەر گەوەڕەو دوو برا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنها لە گەوەڕەو دووبرا (٥) شەهیدی بەخشیە کوردستان بەم ناوانە:

١/ شەهید سەربەست فەرماندەی کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

٢/ شەهید ڕەمەزان محەمەد (خەباتە بچکۆل) جێگری فەرماندەی کەرتی (٣)، تیپی ٥٧ی سەگرمە.

٣/ شەهید ناسح وادی پێشمەرگەی کەرتی دووی تیپی ٢١ی کەرکوک.

٤/ شەهید وەلی عەبدوڵلا، پێشمەرگەی تیپی (٥٩)ی حەمرین.

٥/ شەهید مەلا یاسین پێشمەرگەی تیپی (٥٩)ی حەمرین.

## تـــۆپخانەی شـــۆڕش

تۆپخانەی شۆڕش گورجوو گۆڵ و چالاکوو دەست وەشێن بوون، تۆپەکانیان شوێن مەبەستەکانیان بە چاکی دەپێکا پاڵپشت و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، تۆپخانەی شۆڕش هەروەک و چۆن لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت مەرگی لە ناکاوی دوژمن بوو لە داستانی ڕزگاریشدا هەمان شێوە.

تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٥ بە کاتیۆشاو

تۆپی قورس ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمنیان لە قوتەی حەسەن بەگ تۆپبارانکرد.

ئێوارەی هەمانڕۆژ تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی مۆڵگەو ڕەبییەکانی کارێزە کۆن و دەورووبەریانکرد، گوللە تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش گاڵەیان بە هێزەکەی داگیرکەر کردو بڵاوەیان بە کۆبوونەوەو تەجەموعاتی هێزەکانی ڕژێم کرد، گورزی کوشندەیان لێدان.

## دیـــسان تـــۆپخانەی شـــۆڕش

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ تۆپخانەی شۆڕش بە کاتیۆشاو تۆپی قورس ڕەبییەکانی دوژمنیان لە قوتەی حەسەن بەگ تۆپبارانکرد.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ تۆپخانەی شۆڕش بە خەستی تۆپبارانی ڕەبییەکانی دوژمنیانکرد لە قوڵە ترش و حەسەن بەگ و باڵخ و جادەی کارێزە کۆن، گوللە تۆپ و کاتیۆشاکان چەندین مۆڵگەو ڕەبییەیان بە سەر دوژمندا ڕووخاند زەرەرو زیانی گیانی وماڵیان لێدان.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ ١٩٨٧/٤/١٦ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی مۆڵگەو ڕەبییەکانی کارێزە کۆنی کرد، گوللە و کاتیۆشاکان بە ڕوونی شوێن مەبەستەکانیان دەپێکاو بڵاوەیان بە تەجەموعی چەکدارەکانی داگیرکەر کرد.

## چـــەکی کـــیمیایی

فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق لە ڕۆژانی ١١ تا ١٩٨٧/٤/١٦ بە بۆمبی کیمیایی پەلاماری دێیەکانی دۆڵی جافەتی و مەرگە و زینۆو توتمەو بەلاڵوکاواو بالیسان و کانی بەردوو شێخ وەسان و زنجیرە شاخەکانی دەرەشیرو ساوسێوەکان و دۆڵی بالیسان و بالیسانیاندا، لەو بۆمبارانەدا کە بە چەکی کیمیایی پەلاماری خەڵکی ئەو ناوچانە درا دەیان کەس لە هاووڵاتیان لە مناڵ و ژن و پیاو شەهید بوون.

## ولاّغـــلو

کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٧ هێزێکی گەورەی جاش و سەرباز سێ جار لە سەر یەک هێرش بە دوای هێرش پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە ولاّغلو، هەر سێ پەلامارەکەی دوژمن لە لایەن قارەمانەکانی ٧٨ی کارۆخ، ١٩ی کۆڕەک، ٨٣ی هەورێ، تیپی مەڵبەند تێکشکێندران، لەو پەلامارانەدا هێزەکانی دوژمن ژمارەیەکی زۆریان لێکوژراو بریندار بوو.

## تــێکشاندنی پەلامارێکی دوژمن بۆ ســەر شاخی کــۆرەنگ

هێزێکی زۆری دوژمن بە پاڵپشتی دەبابەو تۆپی دوور هاوێژ و چەکی کیمیایی لە کاتژمێر دوانزەی شەوی ١٧-١٩٨٧/٤/١٨ لەچەند لایەکەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لەشاخی کۆرەنگ، پێشمەرگە جوامێرەکانی تیپی (٥٣) شیروانە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و تێکیانشکاندن.

زیانی دوژمن زیاتر لە (١٠٠) کوژرا و لە مەیدانی شەڕ جێمابوو، لاشەی (٣٠) کوژراویان کەوتە دەست پێشمەرگە .

دەستکەوتەکان (١٠) کلاّشنکۆف، (١) جیهازی ١٠٥، (١) دووربینی قەناس.

## شــکانی (7) هـــێرشی دوژمن
## تــیپی خـــاڵخالاّن

کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٨ هێزەکانی داگیرکەر بە تۆپ و کلاّوەی کیمیایی بۆردومانی شاخی سەرکەشی خەجە لەرزۆکیان کرد.

لە کاتژمێر (١)ی شەوی ١٩٨٧/٤/١٩\١٨ جاش و قوات خاسە پەلاماری سەنگەری پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٢٥)ی خاڵخالاّنیاندا، هێزەکانی دوژمن کە پێکهاتبوون لە جاش و قوات خاسە حەوت هێرشی یەک لە دوای یەکیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەلاّم کوڕە نەبەزو چەلەنگەکانی خاڵخالاّن هەر حەوت هێرشەکەیان وردو خاشکرد، دەیان کەلاکیان لە هێزەکەی دوژمن خست و دەیانیان

لێبریندار کردن، شەڕی قارەمانەکانی خاڵخاڵان و جاش و قوات خاسەی دوژمن تا کاتژمێر دەی پێش نیوەڕۆی خایاند، دوژمن پەنایبردە بەر کۆپتەر بەڵام ئەوانیش لە قوڵایی ئاسمان توند کران، قوربانی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕەدا سێ شەهیدی قارەمان بوو کە گیانی پاکیان بە نیشتمان بەخشی ئەوانیش ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید قاسم عەلی مەولود، پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان.

٢/ شەهید شەمسەدین حسێن، پێشمەرگەی تیپی خاڵخاڵان.

٣/ شەهید سەلام، پێشمەرگەی تیپی خاڵخاڵان.

## تـیپی تایبەتی مـــەڵبەندی (سێ)

کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢١ تیپی تایبەتی مەڵبەندی (سێ) بە تۆپ و کاتیۆشا تۆپبارانی ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە سەری حەسەن بەگ و ڕەبیەکانی دەوروبـەری گولله تۆپ و کاتیۆشاکانی ئاگریان لە چەند ڕەبیەیەکی دوژمن بەرداو دەبابەیەکیان لە قوتەی حەسەن بەگ سووتاندو گڕتێبەردا.

## تـــیپەکانی مــەڵبەندی ســـێ
## لە داســـتانی ڕزگـــاریدا

تیپی قارەمانی ٨٦ی دەشتی هەولێر قاڵبووی دەیان نەبەردی و داستان لە هەڵمەتی برووسکە ئاسای داستانی ڕزگاریدا بەشدار بوون.

ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٢٩ برووسکەیەک لە مەڵبەندەوە گەیشت، داوای کۆبوونەوەی فەرماندەی تیپ و ڕێبەرە سیاسییەکانی دەکرد لە (سماقوڵی سەروچاوە) ڕۆژی ١٩٨٧/٣/٣٠ کۆبوونەوەکە بە دوو بەش دەستپێکرد.

بەشی یەکەم، بە بەشداری فەرماندەی تیپ و ڕێبەرە سیاسییەکان.

بەشی دووەم، کۆبوونەوەی لێپرسراوی مەڵبەند لەگەڵ فەرماندە تیپەکان کە تیایدا برووسکەی مامجەلال خوێندرایەوە کە داوای (١٢٠٠) پێشمەرگەی کردبوو، بەڵام

فەرماندە تیپەکان نەیاندەزانی بۆچی و بۆ کوێ و لە کوێ چالاکی ئەنجامدەدرێت، وەکو ئەرکی پێشمەرگانە لە ماوەی دوو هەفتەدا تیپەکانی مەڵبەندی (سێ) ئەو ژمارە پێشمەرگەیان کۆکردەوەو ئامادە بوون بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرکێک کە پێیان دەسپێردرێت.

شەوی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ هەڵمەتی پێشمەرگە بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن دەستپێکرد، هەر تیپ و دەستە و مەفرەزەیە شوێنی خۆی پێسپێردرا بوو.

تیپەکانی مەڵبەندی سێ کوڕانی دەشتی هەولێر و قەرەچوخ و هەورێ، ١٢ی سۆران، ٩٣ی کۆیە، ٩١ی سەفین، بۆ سەر گۆجاڕو لوتکە بەرزەکانی ولاغلو ڕەبییەکانی دەورووبەری و قوتە و لوتکەکانی پشتی ولاغلو تا باڵخ و ڕەبییەکانی دەورووبەری، لە ژێر هەڵمەتی دلێرانەیاندا خاپوور کران.

تیپەکانی ٧٨ی کاروخ و ١٩ی کۆڕەک کەوتنە ناو کێڵگەی مینەوەو ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون، لەو شەڕانەدا کەلاکی زۆریان لە دوژمن خست.

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە ڕێباز فەرماندەیان بوو سێ شەوو ڕۆژ بەرانبەر ولاغلو بوون، بەردەوام لە ژێر بوردومان و لورەو ناڵەو گرمەی تۆپدا بوون، تیپەکانی ٧٨ی کارۆخ و ١٩ی کۆڕەک تیپی ٨٦ یان گۆڕی و هاتنە شوێنیان، دواتر هێرش کرایە سەریان، پێشمەرگەیەک بە ناوی کوێخا شەهید بوو.

ڕۆژانی ١٩-٢٠/٤/١٩٨٧ هێزەکانی دوژمن بە پاڵپشتی فڕۆکەی سەمتی و پیلاتۆز و تۆپی قورس و دوورهاوێژ بۆردومانێکی بەردەوام و بێپسانەوەی کردە سەر لوتکەی گۆجاڕ دەیان کۆپتەر بە سەر ئاسمانی شەڕەکەدا دەسوڕانەوەو نۆبەیان دەکرد تۆپ و ڕاجیمە و فڕۆکەی سەمتی و پیلاتۆزو ناپاڵم و ڕۆکێت و بۆمبی قەبەو زەبەلاحیان بە سەر ئەو لوتکە کلاو قوچە خۆڕاگرەدا دەباراند، هاژەو ناڵەو گرمەو بۆڵە و نرکە و ڕەهێڵە، هەزاران تۆن تەقەمەنی بە سەر پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتیدا دەبارین، بەڵام ئەو گۆجارە کلاو قوچە چۆڵی کردبێ و هەوڵیدابێت نەترە بدات پێشمەرگە جووڵەی نەکردو نەترەی نەدا.

دوو کەرتی قارەمانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هاوشانی کوڕانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بەشداری شەڕەکە بوون هێزی پێشمەرگە هەتا فیشەکیان لێنەبڕا لەو لوتکە کلاو قوچەدا نەجولان و چۆڵیان نەکرد، دوای نەمانی فیشەک و هێرشی بەربڵاوی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گۆجاڕ پاشەکشەیانکرد، لەو داستانە کەم وێنەیەدا عەلی مەسیفی جێگری فەرماندەی تیپی بەڕانەتی شەهید بوو.

## داســـتانی ڕزگـــاری
## لە قـــۆڵی "گـــمۆ"وە

زیاتر لە (پەنجا) پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە چوارچێوەی بەرنامەو پلانی دارێژراوی داستانی ڕزگاریدا و لە دوو قۆڵەوە هەڵمەتیانبردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی چیای گمۆو دەستیانبە سەردا گرت.

ڕێگەی سەرکەوتنە سەر چیای گمۆو ڕەبییەکانی تەلبەند کراوو مین ڕێژ بوون، ڕێگە سەرەکیەکانی ڕەبییەو سەربازگەکان شەوانە کەمینیان لێدادەنرا.

لە کاتی دیاریکراودا هێرش برایە سەر ڕەبییەکانی گمۆ مەحموود شاناخسێی، لەتیف مام عەلی، خاڵە سەراوی، لە پێشەوەی هێزەکە بوون، کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو خاڵە سەراوی بریندار بوو.

کەرت و مەفرەزەکانیتر هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەکانی ماوەت، ئاوەکورتێ، ژاژڵە، سپیدارەو بەلالوکاوێ لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەرداگیرا، تەنها ڕەبییەیەک لە تەختی گمۆ لە بەر سەختی شوێنەکەی تەلبەندو (مین)ی زۆر نەتوانرا دەستیبە سەردا بگیرێ.

لە هەڵمەتی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن لە زنجیرە شاخی گمۆ، پێشمەرگەیەک بریندار بوو، (٣٠) جاش بە دیل گیران، مودەڕەعەیەک سوتێندرا.

مەجیدی حاجی عەلی، ئاسۆی شێخ عارف، حەمە هەژار، محەمەدی حاجی سەعید، کەمال شێخە، لە فەرماندە کەرتەکانی تیپی (٣٧) ی شارباژێڕ بوون هەر

یەکە سەرپەرشتی قۆڵێکیان دەکرد لە داستانی ڕزگاریدا.

گەورە داستانی ڕزگاری لە ماوەیەکی کورتدا توانی ناوچەیەکی گەورەو فراوان، دەیان ڕەبییەو مۆڵگەی دوژمن، قوتەو لوتکەو شاخی سەخت و یاخی لە دوژمن پاک بکاتەوە، (١١٤) ڕەبییە لە شەوێکی بەهاری تەڕو پاراودا لە داگیرکەر پاککرایەوە.

هێشتا بەفر بارگەو بنەی لەو کێوانە نەپێچابووەوە، ئەو کێوانە هێشتا سوور بوون بە خوێنی شەهیدانی شەڕی سێ مانگەی قەیوان- ماوەت، داستانێکی دیکەی کەم وێنە گڕی لە شەوە زەنگی داگیرکەر بەرداو داستانی ڕزگاری بە خوێن نەخشاند.

## تـــیپی 31 ی ســـــلێمانی

دوای بەرنامەی وردو نەخشەو پلانێکی زیرەکانە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ مامجەلال لە شەوی ١٣\١٤/٤/٩٨٧ هێرش و هەڵمەتی فراوان دەستپێکرد بۆ سەر تێکڕای ئەو ڕەبییەو مۆڵگانەی کە لە ناو نەخشەو پلانی شەڕەکە دەست نیشان کرابون و جێبەجێکردنی خرابووە ئەستۆی مەڵبەندەکانی ١ و ٢ و ٣، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو نەخشە و پلانە سەربازییە سەرکەوتووەدا تیپەکانی ٣١ی سلێمانی و ١٥ ی هەورامان سەر بە مەڵبەندی دوو هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی گۆیژە کە پێنج ڕەبییە بوون.

شەوێکی بەهاری ١٣\١٤ی مانگی ٤یساڵی ٩٨٧ هەنگاو بەهەنگاو کوڕانی ٣١ و هەورامان مەسافەیان وەرگرت و بە سەر پشتی خاکدا بەرەو زنجیرە ڕەبییەکانی دوژمن سەرکەوتن، پێش بەڕێکەوتن لە ڕێگەی سیتەک دووکانیان چەند مەفرەزەیەکیان بەجێهێشت تا قوفڵی ڕێگەی عەربەت و سیتەکی پێبکەن و ڕێگری لە هەر جوڵەیەکی دوژمن بکەن، مەسافە مەسافە بەڕێکەوتن هەنگاوەکانیان لە ئەڵقەیەکی چنراو بە یەکەوە بەستراو دەچوو تا یەک لە دوای یەک بێپسانەوەو ترازان بگەنە سەر دوومەڵی دڵی خاک سەر ڕەبییەکانی گۆیژە، کەرتەکانی پێشمەرگە لەگەڵ گەیشتنیان بۆ نزیک ڕەبییەکانی گۆیژە دابەشبوون، کەرتی چوار بۆ ڕەبییەک

بەڕێکەوت و کەرتەکانی دیکەش بەرەو چوار ڕەبییەکەی دیکە کشان و وریشەی ئار بی جی و شەپۆلانی گولله لە ئاسمانی سلێمانیدا شەپۆلانیبوو مژدەی سەرکەوتنیان دەگەیاند.

ئەو شەوە جگە لە سەرکەوتنی پێشمەرگە لە داستانی ڕزگاریدا بزەی سەر لێوی سلێمانی و نیگاکانی مەڵکەندی و پیرمەنسورو توی مەلیک ڕووەو گوێژە دەیانڕوانی و ئاوێزانی هەڵمەتی پڵنگ ئاسای پێشمەرگە بوون، حەڤدە شەهیدەکەی قرگە و شەهیدانی ڕاکشاوی گردی سەیوان ڕابوونەوەو دەستیان دایەوە تفەنگ و ماچبارانی گوێژەی بناری سلێمانیان دەکردو دەستی سڵاوێکی گەرمیان بۆ پێشمەرگە هەڵدەبڕی و پێشمەرگەش بەڕیزە گوللەی گڕدار بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی داگیرکەر سڵاوی دەسەندنەوە.

کەرتی چوار ڕەبیەیەکیان بۆ دانرابوو بەڵام دەلیلەکە هەڵەی کردبوو کاتێک چوونە سەر ڕەبییەکە چۆڵ بوو بۆیە پێشمەرگەکانی کەرتی چواری تیپی ٣١ گەڕانەوە بۆ ڕەبییەی "قوتەی محمود خان"، قوتەی مەحمود خان شوێنێکی سەخت و گیر بوو، لە شۆڕشی ئەیلولیش حەوت پێشمەرگە لەوێ شەهید بوون بەڵام ڕەبییەکە نەگیرابوو، ڕەبییەی قوتەی مەحمود خان بنکەی تێکڕای ڕەبییەکانیتر بوو، هێزو چەکی قورس و هەموو ئەوانەی لە ڕەبییەکانیتر پەرتەوازە بوون پەنایان بۆ ئەو ڕەبییە بردبوو، ڕەبییەکە سەخت و گیربوو سیاجی کۆنکرێتی هەبوو، سێ ڕست تەلبەندی لولی بەدەوریدا ڕاکێشرابوو، پەڕینەوە بە سەریدا ئاستەم بوو چوار دەوری بە حەقلی ئەڵغام چنرابوو لە دوو قۆڵەوە هێرشکرایە سەر ڕەبییەکە، قۆڵی یەکەم هەڵۆ پێنجوێنی، عەبدوڵلا سەرسوراوی کە هەر لەو هێرشەدا شەهید بوو، جەمال هۆنەرێنەیی، ئازاد غەریب، فایەق چاوشین و پێشمەرگەیەکیتر، لە قۆڵی دووەمیش ژمارەیەک پێشمەرگەی کەرتی ٤، یەکێک لە پێشمەرگەکان پێشەوا بوو.

جەمالی حەمە کەریم کە فەرماندەی کەرت بوو سەرپەرشتی هەر دوو قۆڵەکەی دەکرد و بە ئار بی جی پشتیوانی لێدەکردن سەرەتای لێدانی ڕەبییەکە لە گرتن نزیک ببوەوە بەڵام پێشمەرگەکان کەوتن بە سەر حەقڵی ئەڵغام و تەلدا و پێشەوا

لە سەر تەلەکە شەهید بوو، ڕەبییەکە هاوەن و بی کە سی و دکتاریۆف و ڕومانەی بێشومارو چەکی قورسیان لابوو، جەمال و فایەق چاوشین و نەژاد بریندار بوون، تەرمی شەهید پێشەوا بە سەر تەلبەندی ڕەبییەی "قوتەی مەحمود خان" دا جێما، لە ئەنجامی هاوەنبارانی ڕەبییەکە ژمارەیەک پێشمەرگە بریندار بوون، عەبدوڵڵا سەر سوراوی فیشەکێک لە سەری دراو شەهید بوو، لە شیوێکی نزیک شەڕەکە جەمالی حەمە کەریم بە برینداری دانرابوو، هەڵۆ پێنجوێنی چووە لای تا بزانێت تەندروستی چۆنە، یەکەم قسەی جەمالی حەمە کەریم ئەوە بوو "هەڵۆ ڕەبییەکە گیرا" زیاتر لە شەش فیشەک بەر میزەڵدان و سکی کەوتبوو، بۆیە دەربازبوونی ئەستەم بوو چونکە برینەکەی سەخت و بێچارەسەر بوو، دەبوو ڕێگایەکی درێژ بە کۆڵ بیبەن، جەمالی حەمە کەریمی نادر پێنجوێنی فەرماندەی کەرتی چواری تیپی ٣١ بوو پیاوێکی ئازاو بەویقارو ڕۆشنبیر بوو، شاعیرێکی هەست ناسک و خاوەن چەندین تێکستی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی و هەندێک جاریش ئەویندراری بوو، لە ئەنجامی سەختی برینەکەی لەو داستانە کەم وێنەیەدا شەهید بوو.

کەرتی سێی تیپی ٣١ ڕەبییەکانی بۆیان دەستنیشان کرابوو هەر زوو دەستیبە سەردا گرت هەر زوو، بەشەکەیتری هێزەکەش لە تیپی ٣١ و ١٥ی هەورامان تێکڕای ڕەبییەکانیان دەستبە سەردا گرت و سووتان کە سەرجەم پێنج ڕەبییە بوون، تەنها ڕەبییەیەک کە لە بەر سەختی شوێنەکەی و زۆری تەلبەند و لوغم و کۆنکرێتی چواردەوری و هاوەن و چەکی قورس نەگیرا، ڕەبییەی "قوتەی مەحموود خان" بوو، دوای کۆبوونەوەی تێکڕای هێزەکەی هەر دوو تیپی ٣١ و ١٥ ویستیان جارێکیتر هێرش بکەنەوە سەر ئەو ڕەبییە بەڵام لە بەر زۆری شەهید و بریندار ئەو ڕەبییە جێهێڵدراو تێکڕای دەستکەوتی ڕەبییەکانی دیکەیان گواستەوە.

پێش تۆمارکردنی داستانی ڕزگاری حەمە عەلی بەرزنجی کە جێگری فەرماندەی تیپ بوو بە مەبەستی هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان مۆڵەت بوو، بەڵام لەگەڵ دانانی نەخشە و پلانی داستانی ڕزگاری و ئامادەکاریەکانی ئەو داستانە کەم وێنەیە، هەڤاڵ مامجەلال برووسکەی بۆ حەمە عەلی بەرزنجی کردوو ڕایسپارد هاوکاری

کاک وەهاب بکات لە سەرکەوتنی پلانی داستانی ڕزگاریدا، حەمە عەلی بەرزنجی و هێزێکی تایبەت سەر ڕێگای سەرەکی دووکانیانیان پێسپێردرا بوو تا قفڵی ئەو ڕێگا سەرەکیە بکەن چونکە ڕژێم هەوڵی ئەدا لەو ڕێگەیەوە دژە هێرش بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدات، هەرواش بوو، دوای دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی گۆیژەو پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بەرەو سەنگەرەکانی خوارەوە، بۆ ڕۆژی دوایی کاتژمێر نۆی سەر لە بەیانی هێزێکی زۆری دوژمن بە ناقیلەو دەبابە و پاڵپشتی کۆپتەر بەرەو ڕێگای دووکانیان هێرشیان دەستپێکرد، شەوی پێش هێرشەکە پێشمەرگە لە گوندەکانی پوشێن و ئاڵەسیاو پاچ و خاکەنازیان هێنابوو لەو ڕێگەیە سەنگەری مەحکەم و تۆکمەیان لێدابوو لەگەڵ ئەوەش چەکی باش و کاریگەری وەکو (ئار بی جی) و بی کەی سیان لابوو، ڕژێم لە هێرشی یەکەمدا بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ڕێگای دووکانیان شکستی هێناو تێکشکا، جاری دووەمیش بەختی خۆیان تاقیکردەوە ئەمجارەش سەریان لە چیای ئەزمڕداو سەری شۆڕیان بردە دواوە، جاری سێهەمیش بە هەمان شێوە تێکشکان و هەپرون بە هەپرون بوون هێزی پێشمەرگەش دەسکەوتی گەورەی لەو شەڕەدا بەدەستهێنا.

لە زنجیرە هەڵمەتەکانی سەر شاخی گۆیژەدا دەیان سەربازی دوژمن کوژران و بریندار بوون تێکڕای کەرتەکان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان گێڕا لەو داستانەدا، عەبە ڕەق یەکێک لەو فەرماندانە بوو کە لە کەمترین ماوەدا ئەو ڕەبییەی پێسپێردرا بوو دەستیبە سەرداگرت، هێزەکەی تیپی ٣١ و ١٥ ی هەورامان پاشەکشەیانکردو هاتنە خـوارەوە، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە وەکو هێزێکی یەدەگ لە "گورگەیەر" مابوونەوە، ڕەوە کۆپتەرێک چووبوە سەریان و لەئەنجامدا یانزە پێشمەرگە شەهید بوون، لە هێرشەکەی ڕەوە کۆپتەرەکەی ڕژێم بۆ سەر مەفرەزەکەی گورگەیەر، پێشمەرگەی ئەو مەفرەزەیە چەکی بەرگری پێویستیان پێنەبوو تا بەرەنگاری کۆپتەری پێبکەن، بۆیە کۆپتەرەکان بە شێوەیەک دابەزیبوونە سەر زەوی تەرمی هەر یانزە شەهیدەکەیان هەڵگرتبوەوەو بردبوویانن.

لە داستانی ڕزگاریدا  کاک شۆڕش ئیسماعیل سەرپەرشتیاری تیپی ٣١ بوو بە وەکالەت، کاک جەلال کوڵکنی فەرماندەی تیپی شارەزور بوو.

## شـــەهید بوونی یانزە پـــێشمەرگە شـــێخ جەمیل و هـــاوڕێکانی

دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە داستانی ڕزگاریدا، ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٤ یانزە پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٣١ ی سلێمانی کە سەر قافڵەیان شێخ جەمیل بوو بە بۆردومانی کۆپتەر شەهید بوون.

دوای بەرگرییەکی قارەمانانە لە نێوان دێی ئاڵەسیاوو گورگەیەر یانزە پێشمەرگەی (ی ن ک) گیانی پیرۆزیان بەخشی، کۆپتەرەکان دابەزینە سەر زەوی و لاشەی پیرۆزی یانزە شەهیدیان هەڵگرتەوەو لە ناو سەربازگەیەکی دوژمن لە سیتەک کران بە ژێر خاکەوە.

ئەو (١١) پێشمەرگەیە چەکی گەورەو دژە فڕۆکەیان پێ نەبوو ڕێگە لە نزیک بوونەوەو دابەزینی کۆپتەرەکان بگرن بە چەکی کلاشینکۆف بەرگرییانکرد بەڵام نابەرابەری شەڕەکە و ناهاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی دوژمن شکایەوەو ئەو (١١) شەهیدە گیانیان بە نیشتمان بەخشی و بوونە (١١) شەهیدی داستانی ڕزگاری کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید جەمیل ئەحمەد (شێخ جەمیل)

٢/ شەهید ئاراس محەمەد ئەحمەد

٣/ شەهید ڕزگار عوسمان موراد

٤/ شەهید خەسرەو ڕەئوف ڕەحیم

٥/ شەهید مستەفا قادر مستەفا

٦/ شەهید نوری مەحموود قادر

٧/ شەهید هوشیار سەعدون سەعید

٨/ شەهید شێرکۆ محەمەد عەبدوڵڵا

٩/ شەهید ستار ئەحمەد قادر

١٠/ شەهید بێستوون ئیبراهیم سەعید

١١/ شەهید محەمەد ئەحمەد مارف

## تـــیپی 21ی کـــەرکوك

تیپی ٢١ی کەرکوک بەشداری چالاکیان لە داستانی ڕزگاریدا کرد حەمە سوور دووشیوانی بە فەرماندەیی مەفرەزەیەک نێردرایە خەجەلەرزۆک تووشی شەڕی قورس بوون ئەو مۆڵگەو ڕەبییانە بۆیان دانرابوو هەڵمەتیان بردە سەر ڕەوەند مەلا مەحموود، حاجی هەڵمەت، وەستا سابیر بۆ لێدانی ڕەبییەکانی دووبرا دانران، لە هەڵمەتێکی خێرادا دەستیان بە سەردا گرتن دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە سەنگەرەکانی دوو برادا هێزێکی گەرمیان هاتنە پێش هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک جاشی هەرکی و سورکی پەلاماری پێشمەرگەکانی گەرمیانیانداو بەرەو دوو برا کشانەوە، لەو شەڕەدا خەباتە بچکۆل شەهید بوو.

تیپی ٢١ی کەرکوک بە فەرماندەیی کاک جوامێر لە دوو برا بوون شێخ جەعفەر هاتە لایان بڕیاردرا هێرش بکەنە سەر جاشەکان، ڕەوەند مەلا مەحموود، ئەنوەر دۆلانی، سیروان دێرەشەیی و چەند پێشمەرگەیەک بە فەرماندەیی شێخ جەعفەر لە جاشەکانی هەرکی و سورچیانداو شکاندیانن.

لەو شەڕانەدا دوو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون کە ئەم نەمرانە بوون:

- شەهید خەباتە بچکۆل
- شەهید ناسح پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی شوان

دوای داستانی ڕزگاری هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک کشانەوە مالومە، ئازاد هەورامی هێزێکی ڕێکخستبوو بۆ بادینان بڕوات ژمارەیەک پێشمەرگە لە تیپی ٢١ی کەرکوک لەگەڵ ئازاد هەورامی بەرەو بادینان ڕۆیشتن.

## تـــیپی 23ی ســـورداش

دوو کەرتی تیپی ٢٣ی سورداش لە داستانی ڕزگاریدا هاوشان لەگەڵ تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە، زنجیرەیەک ڕەبییەی ڕۆژئاوای ئەزمڕو سەربازگەی قوڵە ڕەشیان پێسپێردرابوو هەر لەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا دەستیان بە سەردا گرت وخاپوریانکرد، کەرتەکانی تری تیپی ٢٣ لە سنوری خەجە لەرزۆک و زنجیرە شاخەکانی شاخە سوور بوون، لە چاوتروکانێکدا ڕەبییەکانی خەجە لەرزۆک و زنجیرە شاخی، شاخە سووریان گرت.

## تـــیپی ئاسۆس

مەڵبەندی دوو بە هاوبەشی و بەشداری تیپەکانی ٢٣ی سورداش، ٢١ی کەرکوک، هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٤٤ی چەکوچ، هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمن لە شاخ و لوتکەکانی، خەجە لەرزۆک، کوێرەنگ، شاخە سوور، کەڵکی قەیوان و دووبراو خەمزەو ئەزمڕو دۆڵە ڕووت، لەو هەڵمەتانەدا دەسگیرا بە سەر ٣٣ ڕەبییەو ٣ مەقەڕ سریەو یەک مەقەڕ فەوج و سەربازگەیەکی دوژمندا، لەو هەڵمەتانەدا "٥٠" سەرباز بەدیلگیران و ژمارەیەک چەک و بێتەل و دەمامک دەسکەوت بوون لەو هەڵمەت و هێرشانەدا تیپی ٤٣ قۆڵی شاخە سووریان پێسپێردرا بوو.

تیپی (٤٣)ی ئاسۆس وەک باقی تیپەکانی دیکە بەشداری لە داستانی ڕزگاریدا کرد، مەحموود سێدەری فەرماندەی کەرتی (٣) بوو کاک حەمەمین کوێرەکانی جێگری بوو.

مەحموود سێدەری، قاڵەی خاڵە حەمە، پێشمەرگەکانی دیکە لەگەڵ کاک ملازم عومەر بۆ گۆجاڕ دانرابوون، بەشەکەیتری تیپی ٤٣ کە زاهیر سێدەری، خەلیل بێدەری، فەقێ عەلی، عوسمان سێدەری و پۆلێک پێشمەرگە بوون لەگەڵ تیپی (٢٣) و کەرتێکی تیپی ٤٤ی چەکوچ، ٦٨ی مامەندە، بۆ شاخە سووران دانران کە دوانزە ڕەبییە بوو، لە کانی مێو کۆبوونەوە، نەخشەو پلان دانرا، هێزەکە بەڕێکەوت چوونە

ناو قەیوان لەوێوە پەڕینەوە بەرنامەی هێرشکردنیان دانا، بوون بە سێ بەشەوە.

هێزەکە هاتنە ئەمبەری قەیوان، پێشمەرگەیەک جگەرەیەکی داگیرساند پاڵتۆکەی دابوو بە سەریدا لە ڕەبییەکانی کۆرەنگەوە تۆببارانکران، پێشمەرگە سەرکەوتنە ڕەبییەکان، کاتژمێر سفر نزیک بووەوە، عوسمان سێدەری، سەربەستە سوور، دارا زایری، سێ ئاربیجی وەشێن بوون، لە کاتژمێری سفر هێرشیان دەستپێکرد، هێرشەکان چڕو پڕبوون، ڕەبییەکان مغاویری تیا بوو، شەڕەکە قورس بوو، عوسمان سێدەری، سەربەست و دارا هەشت گولله ئاربیجی زیاتریان وەشاند، سەربەستە سوور چەند ئاربیجیەکی وەشاند سوودی نەبوو، عوسمان سێدەری ئاربیجیەکی لە سەربازێکدا کە بیکەیسی پێبوو گل بووەوە بۆ خوارەوەو کۆتایی پێهات، ئاربیجیەکە لە ناو قەدی سەربازەکەی دابوو لە ناوەڕاستدا بڕیبوویەوە بیکەیسیەکەشی قۆناغەکەی شکابوو تیپی ٤٤ی چەکوچ بیکەیسیەکەیان هەڵگرتبووەوە، لەم قۆڵەدا خەلیل بێدەری بریندار بوو.

ڕەبییەکانی شاخە سوران دەستیانبە سەردا گیرا بەڵام ڕەبیەیەکی ئەو بەر مابوو، ڕەبییەکانی ئەو بەر شیوێک جیای دەکردەوە، هێرشیانکرد بۆ ڕەبییەکانی ئەو بەر، کۆپتەر بە سەر ئاسمانی شەڕەکەدا دەسوڕایەوە، ئاگر بارانی چڕی ناوچەکەی دەکرد، لە کاتی هێرش بردندا بۆ ڕەبییەکەی ئەو بەری شاخە سووران بیکەیسی تەقەی لێکردن، زیاد لە ٢٠٠ فیشەکی کرد بە ناو پێشمەرگەکاندا، سەربەستە سوور پێکراو بریندار بوو هاواریکرد بەرکەوتم فریامکەون، عوسمان بڕنەو لەو لاوە بوو زاهیر سێدەری لە هەڵمەتدا بوو، عوسمان سێدەری کەوتوو هەستایەوە بەڵام بەرنەکەوت، هێرش بەردەوام بوو بۆ ڕەبییەکانی ئەو بەر لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانبە سەردا گرت، ئاربیجیان بە سەر کارێزەو ناوچەکەدا وەشاند تا خەڵک و پێشمەرگەو هێزەکانی دوژمن بزانن کە گیراوە، بە بیکەیسیش گڕداریان دەهاویشت.

دوای دەست بە سەرداگرتنی هەر دوو بەری زنجیرە ڕەبییەکانی شاخە سوور هەر ئەو شەوە هێزەکانی دوژمن پەلاماری شوێنە گیراوەکانیان دایەوە بەڵام هێزی پێشمەرگە تێکیان شکاندن، بۆ بەیانی جارێکیتر پەلاماری ڕەبییە گیراوەکانیان دایەوە،

شاخەکە نیوەی بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بوو نیوەی بە دەست ڕژێمەوە بوو، تیپی ٤٣ ماوەیەک مانەوە دوای دوو هەفتە بەرگری شاخە سووران گیرایەوە.

حەمەمین کوێرەکانی فیشەکێک لە سەریدا پێستی سەری کرد بە دوو لەتەوە بەڵام گۆشت و ئێسقانی نەگرتبوو خوێن بە سەریدا دەهاتە خوارەوە، داوایانلێکرد بڕوات پشوو بدات بەڵام قبووڵینەکرد ووتی من پێشمەرگەم لێپرسراوم چۆن دەڕۆم.

مەحموود سێدەری لە گۆجاڕ بوو ، بە سەرپەرشتی ملازم عومەر بەشداریان لە گرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی گۆجاڕدا کرد.

مولازم عومەر دەرچووی کۆلێژی سەربازی بوو، پیاوێکی وریاو زیرەک بوو لە گۆجاڕ تەقەی لە بەردەمی خۆی کردبوو تا ئەگەر لوغم لە ژێر بەفردا مابێت، بە فیشەک بتەقێتەوە، ڕەشەی مامە خلەش مولازم عومەری نەناسیبوو پێیوتبوو ئەوە تۆ کوێری تەقە لە بەردەمی خۆت دەکەیت، مولازم عومەریش وتبووی کوێر نەبووم مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لوغم هەبێت بتەقێتەوە بۆیە تەقە لە بەردەمی خۆم دەکەم.

مەحموود سێدەری چوو بووە پێشەوە بۆ گرتنی یەکەم ڕەبییە جاشێک حەرەس بوو، جاشەکەی بە دەستگرت، ئەو شەوە زنجیرە ڕەبییەی گۆجاڕیان پاککردەوە کە دێتە خوار بۆ گەورە دێ و وڵاغلو، بە گرتنی گۆجاڕ ئەو ناوچەیە قفڵ کرا.

## بەشێك لەو پێشمەرگانەی بەشدار بوون :

زاهیر سێدەری، هەمزە فەرماندەی کەرت، عوسمان سێدەری، محەمەد حاجی قادری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٤ی چەکوچ، عومەر کەلە باشی، تایەر، هەمزە شێنەیی، حەمەدەمین کوێرەکانی، فەقێ عەلی، حەسەن بنگردی، مامە قالە، قالەی خاڵە حەمەو کۆمەڵێک پێشمەرگەیتر لە گۆجاڕ بوون.

هەر لە داستانی ڕزگاریدا بەشێک لە تیپەکانی ٩٩ کۆیە بە فەرماندەیی ئازادی حەمەی گەمحان و تیپی ٦٣ی جوتیاران و تیپی ٤٣ی ئاسۆس و تیپی ٦٥ی بلفەت و تیپی ٤٤ی چەکوچ و ٦٨ی مامەندە ٦١ی کوڕەش بە سەرپەرشتی و فەرماندەیی

هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش لە شەوی ١٣\٩٨٧/٤/١٤ دا هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکانی زینوی سپی و لە ماوەیەکی کەمدا سیانزە ڕەبییەیان لە زنجیرە شاخی زینوی سپی لە ژێر ڕەحمەتی چەکەکانیاندا خاپور کردو دەستیانبەسەرداگرت، ژمارەیەک ئەفسەرو سەرباز کوژران و ژمارەیەک چەک دەسکەوت بوون حەوت سەربازیش بەدیل گیران.

لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش سێ پێشمەرگە  ئەحمەد حەسەن هێرۆیی، ڕەسوڵ قەندۆڵی، ڕەسوڵ ئیسماعیل خەندان شەهید بوون، پاش ماوەیەک لە بەر تێکچونی ستراتیجی شەڕەکە پاشەکشە کرا.

پاش ماوەیەک لە داستانی ڕزگاری محمود سێدەری لە خانووەکەی کاک نەوشیروان لە بەرگەڵو لەگەڵ حەکیمی کوڕیدا بە چەکی کیمیایی شەهید بوو، هەمان کات نەقیب ئەمیرو شێخ محمد لە ژێر کاریگەری چەکی کیمیایدا شەهید بوون، شێخ محەمەد دوای ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

## تــیپی مـــەڵبەندی (دوو)
## شـــەڕی قوڵە پـــوشینە 1987/4/24

لە داستانی گەورەی ڕزگاریدا، لە زنجیرە چیاکانی گۆیژە و ئەزمڕ و گمۆ و زۆربەی چیا سەرکەشەکانی کوردستان، لە زینوی سپی و خەجەلەرزۆک و سپیلک و قوڵە پوشینە، لە زۆربەی لوتکە سەرکەش و سەر بڵندەکانی کوردستان پەلاماری ڕەبییەو مۆڵگەکانی داگیرکەر دراو زیاد لە ١٠٠ ڕەبییە و چەند مەقەڕ سریە و سەربازگە دەستیانبە سەرداگیراو خاپورکران.

هەمان شەو لە زنجیرە چیای سپیلک کە دەکەوێتە خوار بەرزاییەکانی قوڵەپوشینەو دەڕوانێتە هۆمەرقەوم کەرتە تێکۆشەرەکانی (١و٢و٣و٤و٥)ی تیپی مەڵبەند لە چوارچێوەی پلانی داستانی ڕزگاری و نەخشە و پلانی تۆکمەدا هەڵمەتیانبردە سەر چوار ڕەبییەی زنجیرە شاخی سپیلک و قوڵە پوشینە و قوڵە سەوزو لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانبە سەرداگرت، ئەو چوار ڕەبییەی لەو شەوەدا خاپور کران لە

مێژووی ناوچەکەدا یەکەم جارە دەستیان بە سەردا گیرابێ ئەو داستانە بە خوێنی دوو پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کرا، بەکری حەمە فەرەج شەدەڵەیی و شۆڕش خەڵکی سلێمانی، لەو شەوەدا بوونە دوو ئەستێرەی گەشی سەر ئاسمانی سپیلک و قوڵەسەوزو تا ئێستاش هەر دەدرەوشێنەوە.

قارەمانەکانی تیپی مەڵبەند بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕەبییەکاندا مانەوە، دەیان هێرشی دوژمنیان تێکشکاند، دواتر تیپی ٤٩ ی سارا، تیپی مەڵبەندیان بە دل کرد.

## تــیپی پــاریزگاری

تیپی پارێزگاری هاوشانی تیپەکانی ١٢ی سۆران و ١٩ی کۆڕەک، ٧٨ی کارۆخ و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٣ی هەورێ و بەشێکی تیپی مەڵبەندی "٣" مەڵبەندی "٢" ش بە بەشداری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ٤٧ی پیرەمەگرون تیپی پارێزگاری هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەو بەرزاییەکانی باڵخ و ولاغلو پیرەلیاس و دەستیانگرت بە سەر ٢٤ ڕەبییەو مەقەڕی فەوجەکانی "١٠، ٣٢، ٣٣، ٦٢، ٣ مەقەڕ سریەدا لەو داستانەدا ٦٩ سەربازو جاش بە دیل گیران و دەیان پارچە چەکی هەمە جۆرو بێتەل و دووربین دەسکەوت بوون.

تیپی پارێزگاری لەو هەڵمەتانەدا بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی داگیرکەر لە باڵخ و ولاغلو پیرەلیاس جێگە دەستیان دیارو نەخشاو بوو، سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کرد.

## ســـەگرمە – کـــەرکوك

هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەرتی دووی بازیانی تیپی (٥٧)ی سەگرمەو تیپی (٢١)ی کەرکوک ڕەبییەکانی دوو برایان بۆ دانرا تا هەڵمەت بەرنە سەریان.

لە کاتژمێری دیاریکراودا هەڵمەتیانبردە سەرو لەگەڵ یەکەم هەڵمەت دەستیان بە سەردا گرت، هێزی داگیرکەر پەلاماری شاخی (دوو برایان) داو گرتیانەوە بەلاّم لە دوو برا بەولاوە هێڵی بەرگری دانراو ڕێگە نەدرا هێزەکانی ڕژێم پێشڕەوی بکەن کەرتەکانیتریش لەگەڵ کاک مەحموود سەنگاوی لە قۆڵەکانی ترەوە بوون.

## تـــیپی تـــۆپخانە
## لە داســـتانی ڕزگـــاریدا

سەرەتای درووستبوونی تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو بوو، هێشتا تیپەکە بە تەواوی جێگیر نەببوو کە شەڕی داستانی ڕزگاری دەستپێکرد.

تیپی تۆپخانە هاوشانی تیپی (٥٥)ی قەرەداخ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی کەڵکی قەیوان، لە دێی قوڵ قوڵە خەڵکی شارەزای لێبوو، حەوێز خەڵکی قوڵ قوڵە بوو، پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بوو بەڵام دانیشتبوو، ئیسماعیل مەلا عەبدول و تیپی تۆپخانە بانگیانکرد، داوایانلێکرد چاوساغیان بێت بۆ سەر ڕەبییەکان، هەر دوو تیپی (٥٥)ی قەرەداخ و تیپی تۆپخانە لە پشتی دێیەکەوە سەرکەوتن، لە کاتی دیاریکراودا لە ڕەبییەکانیان داو لەگەڵ یەکەم هەڵمەتدا یەکەم ڕەبییە خاپوور بوو تا کۆتایی هەڵمەتەکان بەردەوام بوون.

## تـــیپی 12ی ســـۆران

مامجەلال لە یاخسەمەر لەگەڵ فەرماندە تیپەکان کۆبووەوە دوای ڕێنمایی و خستنە ڕووی نەخشەو پلانی شەڕەکە فەرماندە تیپەکانی ئاگادار کردەوە هەر کەسێک دیل بکوژێت بە توندی سزای دەدەم، ورەو باوەڕی مامجەلال لە لوتکەدا بوو لە کۆبوونەوەکەدا ڕوویکردە کەمالی حاجی ئاغا فەرمانەدەی تیپی ١٢ی سۆران و ووتی دەبێت داستانێک تۆمار بکەین بەغدا بهەژێنێت.

گرتنی ڕەبییە و زنجیرە چیاکانی گۆجاڕ بە تیپەکانی ١٢ی سۆران، ٨٣ی هەورێ، ٨٥ی بەڕانەتی، ٧٨ی کارۆخ و تیپی ١٩ کۆڕەک سپێردرا.

کەمالی حاجی ئاغا فەرماندەی تیپی سۆران بوو، دوای کۆبوونەوەکەی یاخسەمەر لەگەڵ تیپەکانیتردا لە گەڕە دێوە بەڕێکەوتن بۆ بن لوتی ڕەبییەکانی دوژمن، تیپی ١٢ی سۆران و هەورێ  بە هاوبەشی هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەکانی دوژمن لە گۆجاڕ دەستیان بە سەر چوار ڕەبییەدا گرت.

دوای گرتنی ڕەبییەکان بەرەو ولاغلو هەڵمەتیانبرد دەستیانگرت بە سەر دوو فەوجی جاش و سەربازدا لە ناو ولاغلو گەڕانەوە گۆجاڕ، ژمارەیەکی زۆر چەک

و تەقەمەنی کەوتنە دەست پێشمەرگە، دوژمن کوژراوو بریندارى زۆر بوو بە جۆرێک بۆنی تەرمی کوژراوەکانی دوژمن دەگەیشتە بن لوت و هەناسەو سەری کاسدەکرد.

## گـــرتنی 43 جـــاش

مستەفا هەڕووتی و جەمال تارینەیی لە هێزەکەی سۆران دوورکەوتنەوە بۆ پشکنینی دەوروبەریان زۆریان پێچوو نەگەڕانەوە، سەردار شەڕکانی، ڕەنجە خەرواتانی، سەعدەدین عەزیز چوونە سۆراغیان کەمێک دوورکەوتنەوە خەڵکێکی زۆر دەرکەوتن ویستیان تەقەیان لێبکەن جەمال تارینەیی ووتی سـەردار تەقە نەکەیت خۆمانین.

(چل و سێ) جاش کە لە ڕەبییەو مۆڵگەکانیان ڕایانکرد بوو یەکیان گرتبوو کۆبوونەوە تا چارەسەری خۆیان بکەن مستەفا و جەمال بە سەریاندا کەوتبوون تفەنگیان لێسوار کردبوون وتبوویان ئێمە (١٠٠) پێشمەرگەین خۆتان بدەن بە دەستەوە با نەتانکوژین، جاشەکان خۆیان دابـوو بەدەستەوە، دەرزی تفەنگی جاشەکانیان دەرهێنا بوو هەر جاشە و تفەنگی خۆیانی پێهەڵگرتبوو، ئامر سریەیەکی جاش هاواری کردبوو وتبووی بەوە نییە جاشم لە ئێوە کوردترم سەعیدی حەمە زیاد پێیوتبوو مامجەلال دەستیبەستووم ئەگینا تۆ ئەو پیاوە نیت ئەو قسەیە بکەیت.

پێشمەرگەکانی سۆران و تیپەکانی هەورێ و بەڕانەتی لە یەک زنجیرە بوون دوژمن شکستی گەورەی خوارد بوو لە تۆڵەی ئەو شکستەدا پەلاماری کۆپتەرو پیلاتۆز بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستیپێکرد تۆپخانەکانی دوژمن کەوتنە بۆڵە دەیان تۆپ لە چرکەیەکدا دەکەوتنە زەوی بە ئاسمانەوە دەیانلوراند.

## هــەڵۆ حەسەن- وتــاری ئــاگرین

هەڵۆ حەسەن یەکێک لە پێشمەرگە و ڕێبەرە سیاسی و کادیرە وشیارەکانی تیپی ١٢ی سۆران بوو لە گەرمەی شەڕی داستانی ڕزگاریدا کۆبوونەوەی بە

پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران کرد، بۆی ڕوونکردنەوە کە هەر چەند دوژمن تۆپ و تەیارەو پیلاتۆز و هێزو گەلە جاشی هەبێت بە قەڵای ورەی پێشمەرگەدا سەر ناکەوێ و ڕۆژ بە ڕۆژ هێزو توانای لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگە لاواز دەبێ و لە دەست دەدات کە ئەوەش کاریگەری زۆری لە سەر ورەی پێشمەرگە هەبوو، پێشمەرگەو کادیرەکانی (ی ن ک) هەمیشە ورەیان لە کێوان بوو لە شەڕیشدا لە کێوان سەری دەکرد.

## پـــەلاماری دوژمن لە ســێ لاوە

پێشمەرگەکان لە گۆجاڕ لە ناو ڕەبییەکانی دوژمن دامـەزران ئەو ڕەبییانەی لە یەکەم نەعرەتەی هەڵمەتدا دەستیان بە سەردا گرتبوون، پێشمەرگە سەنگەری تازەیان لێدا، ئامادە بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر پەلامارێک هێزەکانی دوژمن لە یەک کاتداو لە سێ لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی سۆران- هەورێ بەڕانەتی دا، دوژمن چەندین هێرشیکردە سەر پێشمەرگە پەلاماری سەنگەرەکانی گۆجاڕیدا بەڵام کوڕانی سۆران و بەڕانەتی و هەورێ نەیانهێشت یەک هەنگاو بێتە پێشەوە، دەیان کەلاکی دوژمن لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا کەوتبوون لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا پێشمەرگە چوونە سەریان و چەکەکانیان هێنان لە سێ لاوە پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گۆجاڕ تێکشکێندرا.

## عـــەزیزی داود

لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکان عەزیزی داود چوو بووە ناو ڕەبیەیەک سەربازێک پەلاماریدا بوو باوەشیان بە یەکدا کردبوو کەسیان دەرفەتی ئەوەی نەبوو چەک بەکار بهێنن تا پێشمەرگەیەک بە هانای عەزیزەوە چوو سەربازەکەی کوشت.

## گــــرتنی مقەڕ ســـریەیەك

مقەڕ سریەیەک نەگیرابوو ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی سۆران گەیشتنە لای تیپی ۹۰ی باواجی، جەنگی فەقیانی فەرماندەی تیپی باواجی بە خاڵە عزەت و عوزێر فەقیانی، ئەنوەر ئاکۆیی، محەمەد حاجی قادر، حەکیم تاهیر، تۆفیق و خالید گەڕەوەیی وت ئەو مقەڕ سریەیە نەگیراوە با بچین بیگرین، هەڵمەتیانبردە سەر مقەڕ سریەکەو لە ماوەیەکی کەمدا گرتیان (۱۵۰) سەرباز کوژران و (۵۰) سەرباز بە دیل گیران.

## پـــــشوویەك لە گـــۆجاڕ

دوای تێکشکاندنی پەلامارە سێ قۆڵیەکەی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی سۆران و بەڕانەتی و هەورێ لە زنجیرەکانی گۆجاڕ، پێشمەرگەکان کران بە دوو بەشەوە، بەشێک لە گۆجاڕ مانەوە بەشەکەیتر ناردیانن پشوو بدەن.

ئەو پێشمەرگانەی لە گۆجاڕ مانەوە برسیەتی هەراسانی کردبوون سەردار شەڕکانی و ڕەنجە خەراواتی گەڕان بە دوای خواردندا ئەشکەوتێکیان دۆزیەوە دوو مەنجەڵی گەورە ڕۆن و خوێی تیا بوو، وەرزەکە بەهار بوو کنگرێکی زۆر لە گۆجاڕ سەری دەرهێنابوو کەنگریان هەڵکەندو پاکیان کردو لە ڕۆندا سوریان کردەوە، وولاغێک بە بارێکەوە هات نانی بۆ هێنا بوون، کەنگرەکەیان بە نانەوە خوارد.

## قـــۆزی لە گـــۆجاڕ

پێشمەرگەکان برسیبوون دەستیانکرد بە کنگر خواردن، سەپان یەکێک لە پێشمەرگەکانی هێزەکە نان و کەنگرەکەی فڕێدایە زەوی و ووتی تو خوا کنگر هی ئەوەیە بیخۆیت.

سەعیدی حەمە زیاد ووتی بەشەکەی سەپانیش بێنن بۆ من، سەعیدی حەمە زیاد بە سەپانی وت خەمت نەبێت ئێستا قۆزیەکت بۆ پەیدا دەکەم، بوو بە پێکەنین.

## مــریشك و بــرسیەتی

قۆزیەکەی سەعیدی حەمە زیاد بۆ گاڵتە و پێکەنین بوو بەڵام لە لایەکیترەوە بوو بە ڕاست، جەلال عەبدوڵڵا لە گرتنی مقەڕ فەوجی ناو ولاغلو کۆڵە پشتەکەی پڕکردبوو لە مریشک، لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی فەوجەکەدا مریشکی کولاوی لێبوو، جەلال کۆڵە پشتەکەی پڕکردبوو لە مریشک، جەلال خالید گەڕەوەیی بانگکرد نیو مریشکی دایە ووتی بێدەنگ بیخۆ، خالید ووتی ئەو مریشکەت لە کوێ بوو جەلال چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە.

## دووبـــارە پـــەلامار

دوای نانخواردن پێشمەرگە چوونەوە سەنگەرەکان مەخزەنەکانیان پڕکردەوە لە فیشەک دەیانزانی دوژمن پەلامایان دەداتەوە.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە کۆپتەرو پیلاتۆز دەستیپێکرد لە هەر سێ قۆڵەوە سەنگەرەکانی هەر سێ تیپی دەکوتا، دوای بۆردومانی فڕۆکە هێرشی زەمینی دەستیپێرد، دوژمن لە هەر سێ لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی سۆران، بەڕانەتی، هەورێی دا، پەلامارەکان بۆ سەر هەر لایەک کاتژمێرێک دوو کاتژمێری نێوان بوو، شەڕێکی قورس و گران بوو دوژمن لە قۆڵی تیپی هەورێ چووە پێشەوە کوێخا بێتواتەیی فەرماندە شەهید بوو شوێنی تیپی هەورێ گیرا، لە قۆڵی بەڕانەتی شەڕ بەردەوام بوو تا بەرەبەیان دوای شەهید بوونی عەلی مەسیفی ئەویش گیرا تەنها سەنگەرەکانی تیپی سۆران نەگیران شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو دوژمن لە سێ لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ١٢ی سۆرانیدا بەڵام نەیانهێشت بێتە پێشەوە نزیک نیوەڕۆ کۆپتەرێک هات لە ناو سەنگەرەکانی تیپی هەورێ نیشتەوە، تەرمی کوێخا بێتواتەیی فەرماندەی هەڵگرت و ڕۆیشت، دەمەو ئێوارە لەگەڵ تاریک بووندا تیپی سۆران کشانەوە.

## دووباره تــیپی 23ی ســورداش

تیپی ٢٣ی سورداش وەکو باقی تیپە کانیتری (ی ن ک) بەشداری داستانی ڕزگاریانکرد، دەستیان بە سەر زنجیرەیەک ڕەبییەدا گرت.

تیپی ٢٣ی سورداش، لەگەڵ تیپی ٤٣ی ئاسۆس و ٤٤ی چەکوچ، گرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی شاخە سووریان پێسپێردرا.

لە چەند هەڵمەتێکی یەک لە دوای یەکدا تیپی ٢٣ی سورداش و ئاسۆس و چەکوچ دەستیان بە سەر ڕەبییەکاندا گرت و تەپڵی سەرکەوتنیان لێدا، هاوکات هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەی ئەو بەری شاخە سوور لەو هەڵمەتەدا سەربەستە سوور لە تیپی ٢٣ی سورداش بریندار بوو.

دوای دەستبە سەرداگرتنی ڕەبییەکان و کۆبوونەوەی پێشمەرگە، تۆپێکی دوورهاوێژ دای لە ناو پێشمەرگەکان و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی سورداش شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید حسێن خەڵکی دێی حاجیاوا.

٢/ شەهید سەربەست پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی تیپی ٢٣ی سورداش، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.

## تــیپی بــڵفەت

تیپی (٦٥)ی بڵفەت لە داستانی ڕزگاری لە قوڵی زینووی سپی بەشدار بوون، ئەو ڕەبییەو مۆڵگانەی پێیانسپێردرابوو دەستیانبە سەرداگرت.

زنجیرەیەک ڕەبییە لە زینووی سپی بوون، مستەفا چاو ڕەش ڕەبییەکانی بە سەر تیپەکاندا دابەشکرد هەر تیپە و ڕەبیەیەک یان دوو ڕەبییەی دەستبە سەرداگرت.

تیپی بڵفەت لە زینوی سپی (٢١) پێشمەرگە بوون، دوو کەرتی تیپی بڵفەت ئەحمەد هێرۆیی و مەلا ڕەحمانی ئاوەژێ لە قوڵی مێولاکە بەشداریان لە داستانی ڕزگاریدا کرد.

تیپی بڵفەت هەڵمەتیانبردە سەر ئەو ڕەبییەی بۆیان دەستنیشانکرابوو، پێش

ئەوەی بگەنە ناو ڕەبییەکە تەقەیان لێکرا، تیپی بڵفەت فیشەکیان لە بەر تفەنگ بوو هاتنە دەست و پاسەوانی ڕەبییەکەیان کوشت، پاسەوانێکیتر هەبوو ئەویشیان کوشت، هەڵمەتیان بردە ناو ڕەبییەکە ئەوەی تێیدا بوو کوژران، دوو میوانی ڕەبییەکەش کوژران.

پێشمەرگەکانی بڵفەت خەریکی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان بوون لە ناو ڕەبیەکەدا ئەفسەرێکی موخابەرات بە برینداری هاواری دەکرد، پێشمەرگەکان گرتیان و لەگەڵ خۆیان بردیان.

زیانی تیپی بڵفەت بریندار بوونی دوو پێشمەرگە بوو:

١/ محەمەد ئەحمەد عومەر (وەستا محەمەد)

٢/ ڕەسوڵ ئیبراهیم

دەستکەوتەکان

+ ١٣ کڵاشینکۆف

+ یەک هاوەن

+ یەک BKC

## زیـــنووی ســـپی
## تـــیپی 63ی جـــوتیاران

تیپی ٦٣ی جووتیاران لە داستانی ڕزگاری و لە قۆڵی زینوی سپی بەشدار بوون، هێزەکەی تیپی جووتیاران لە سەر چیا بوون کاتێک داوا کران بەشداری لە داستانی ڕزگاری بکەن.

ڕێگەی کوڕکوڕ کرابووەوە، پێشمەرگەکانی جوتیاران بەڕێکەوتن لە کوڕکوڕی پشتی کانی توو سەرکەوتن بەفرێکی زۆر دەباری، کەسێک لە سەری سالۆکی دەرکەوت کە لێی نزیک بوونەوە تەسلیم بوو، جاش بوو ڕایکردبوو.

لە کوڕکوڕ تێپەڕین چوونە دۆڵی گەڵوەڕەش نزیک زینووی سپی، شەو لە ئەشکەوتێکی کەڵوەڕەش مانەوە، هەندێک ڕاوچیان بینی گۆشت کەویان دایە

پێشمەرگەکانی جووتیاران، ڕاوچیەکان بوونە چاو ساغ و دەلیلی پێشمەرگەکان، کاتژمێر دووی شەو هەڵمەت برایە سەر ڕەبییەکان، ئەو ڕەبیەیەی بۆیان دەستنیشانکرابوو لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەرداگرت.

لە گەرمەی هەڵمەت و بە پێوە ئەحمەد حەسەن فەرماندەی کەرتی (پێنج) شەهید بوو، هەر لە داستانی زینووی سپی ڕەسوڵ قەندۆڵی پێشمەرگەی جووتیاران شەهید بوو، مەحموود ڕازانی بریندار بوو.

## تـیپی 44ی چـەکوچ

لە داستانی ڕزگاریدا تیپی ٤٤ی چەکوچ لە قۆڵی (زینوی سپی)یەوە بەشدار بوون، کوڕکوڕ بەفر داپۆشیبوو ڕێگە دەماڵدراو پاک دەکرایەوە تا هێزی پێشمەرگە دەرفەتی گەیشتن بە (زینوی سپی) یان هەبێت.

عەزیز ئاغا فەرماندەی کەرت لە تیپی ٤٤ی چەکوچ بە فەرماندەیی هێزێک بەرەو زینوی سپی بەڕێکەوتن بەرزان بابەکر ئاغا جێگری بوو.

پێش بەڕێکەوتنیان بۆ زینوی سپی ڕۆژی پێشوو لە سەری کوریسەوە بە دووربین تەماشای زینوی سپیان کردو شوێن ڕەبیەکانیان بەدیکرد.

کەرتێکی تیپی ٤٤ی چەکوچ و هێزێکی تیپی ٦٨ی مامەندە پێکەوە بوون، پێش بە ڕێکەوتنیان شەو لە (کوریس) مانەوە، شەوێکی سارد بوو کەسێک بە کراسی سوورەوە دەرکەوت گرتیان، شەو لە سەری کوریس بوون ئێوارەی ڕۆژی دوایی هاتنە ئەشکەوتەکانی (بەردی بەرخان) لەوێ ئەحمەد مرورو مەحموودی مستەفای ئاوکورتێیان بینی هاتبوون بۆ ڕاو شارەزای ناوچەکە بوون چاوساغی پێشمەرگەکانیانکرد بۆ سەرکەوتنە سەر زینوی سپی.

پێشمەرگەکان سەرکەوتن بەرەو ڕەبیەکان، شەوێکی ساردی بەهار بوو مانگە شەوو هەور تێکەڵ بوون هەندێک جار هەور مانگی دادەپۆشی و بۆ ماوەیەک لە ناو ڕەشایدا دەیهێشتەوە دواتر مانگ لە دەلاقەیەکەوە دەردەکەوت و ئەو نیگارەی دادەهێشتە سەر چیای زینوی سپی هەر دەتووت تابلۆیەکە نەخشاندووتە، وێنەی

هەورو مانگ بە یەکەوە دوو دیوی تەڵخ و ڕووناکیان نیشان دەدا ڕووناکییەکی لێڵ.

کەرتەکەی تیپی ٤٤ی چەکوچ چوونە نزیک ڕەبییەکەی بۆیان دەستنیشانکرابوو، بەرزانی بابەکر ئاغا بە تەنها چووە پێشەوە شوێنەکە پیسایی لێبوو نیشانەی ئەوە بوو خەڵک لەوێ دانیشتووەو (مین)ی لێنیە، بەرزان گەڕا ، سیمی ڕەبییەکەی دۆزیەوەو گەڕایەوە لای هاوڕێکانی.

دوای گەڕانەوەی بەرزان بۆ لای هێزەکەی چەکوچ هەموو پێشمەرگەکان سەرکەوتنەوە کە سەیریانکرد سێ پاسەوانی لێیە لە نزیک ڕەبییەکە، خێوەتێک کرابووە ڕەبییە بە گڵ و بەرد دەوری گیرابوو بەرزان ئاربیجیەکی نا بە ڕەبییەکەوە نەیپێکا تەقە دەستیپێکرد خێوەتەکە بە گڕی ئاربیجیەکە سووتا، پێشمەرگەکان نزیک ڕەبییەکە بوونەوە، لە ناو ڕەبییەکە ڕومانەیان دەهاویشتە پێشمەرگەکان ڕەبیەیەکی سەروتر تەقەی لێدەکردن، دوای فڕێدانی ڕوومانە سێ سەرباز لە ڕەبیەکەوە ڕایانکرد چوونە ناو ڕنووە بەفرێک بەرزان ئاربیجیەکی لێدان دوانیان کوژراو یەکێکیان ڕایکرد، کە چوونە سەر تەرمەکان سەربازو ئەفسەرێک بوون سەربازەکە ناوی کازم بوو بێتەڵێکی (p.r.c) پێبوو.

ڕەبییەکە دەستیبە سەرداگیرا، لە کۆی ١٧ کەس ١٦ کەسیان کوژران.

دوای دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژو شەو تیپی ٤٤ی چەکوچ چوونە (برایمە لاڵ) نزیک کانی کنێر، دوای دوو ڕۆژ گەڕانەوە (گەرمکان) بارەگایان لە نێزۆکێ بوو.

## تـــیپی 47 پـــیرەمەگرون

لە داستانی ڕزگاری دا تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون وەکو چاوساغ و شارەزای ناوچەکە شان بە شانی زۆربەی تیپەکان لە زۆربەی هەڵمەتەکاندا بەشدار بوون.

خەجە لەرزۆک کە بە کلیلی ناوچەکە پێناس دەکرا بە چاوساغی تیپی ٤٧ وحەمرین دەستی بەسەرداگیرا.

جگە لە چاوساغی تیپەکان و بەشداربوون لە زۆربەی هەڵمەتەکاندا، تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لەگەڵ تیپی ٨٣ی هەورێ لە پیرەلیاس باڵخ شەڕێکی خوێناویان کردوو ناوچەکەیان لە هێزی داگیرکەر پاککردەوە، کە تیایدا ٢٠ شەهید بە خوێنی سوورو ئاڵیان ئەو داستانەیان نووسیەوە کە سێ شەهیدیان ، شەهیدی تیپی ٤٧ بوون یەکێک لەو شەهیدانە وەستا عەتا جێگری فەرماندەی کەرت بوو.

لە داستانی قەیوان ماوەت و لە شەوێکدا کۆی ئەو ناوچانە ئازادکرانەوە کە دوژمن لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا دەستیبەسەردا گرتبوون.

## تــــیپی 99 بــــتوێن

هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە لە داستانی ڕزگاری دا تیپی ٩٩ ی بیتوێن کە ئەو کات ئازادی حمەی گەمحان فەرماندەی تیپ و تۆفیق کانی وەتمانی جێگری بوو، بەشداریانکرد لە هەڵمەتبردنەسەر شاخی سەخت و سەرکەشی زینووی سپی.

لەگەڵ یەکەم هەڵمەت دا بۆ سەر ڕەبییەکانی زینووی سپی تیپی ٩٩ی بیتوێن یەکەم ڕەبیەیان دەستبە سەردا گرتوو خاپوور کرد، کە تیایدا ژمارەیەک جاش و مغاویر دیل کران.

داستانی ڕزگاری لە قۆڵی زینووی سپی بە سەرپەرشتی کاک مستەفا چاوڕەش بوو، کە تیایدا تێکڕا دەست گیرا بە سەر (١٣) ڕەبیەی دوژمندا.

بۆ جاری دووەم و لە مانگی ١١ی هەمان ساڵ، جارێکیتر تیپی بیتوێن بەشداری لە گرتنی (زینووی سپی) دا کرد.

# تـیپی 19ی کـوڕەك
# پێش داستانی ڕزگاری

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٩ لە دەشتی کۆیە گۆلکێکیان بۆ تیپی (١٩) کوڕەک سەربڕی دوای نانخواردنی ئێوارە هاتنەوە دێی قزلو بەسەرماڵەکاندا دابەشبوون ، عەبدوڵلا بۆر لەگەڵ هەندێک پێشمەرگە مابوەوە ماڵێک لە تەنیشت مزگەوت بوو چووە ئەوێ لەوکاتەدا فڕۆکەیەکی شەرکەر هات سورێکی خواردو گەڕایەوە لەپێشمەرگەکانی دێیەکەیدا، ژمارەیەک پێشمەرگە بەبۆمبارانی فڕۆکە بریندار بوون کە ئەم پێشمەرگانە بوون.

١- حسێن خدر
٢- عومەر گۆڕەشێری
٣- ڕەسول چیوەیی
٤- محەمەدی حاجی قادر
٥- عەبدوڵلا حسێن

دوای بۆردومانی فڕۆکە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی سێ بەرەو داستانی ڕزگاری بەڕێکەوتن، چیای حەسەن بەگ بۆ تیپی ١٢ی سۆران و ١٩ی کوڕەک و ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٣ی هەورێ دانرا، عەبدولڕەحیم سەرپەرشتی ئەو قوڵەی شەڕگەکەی دەکرد.

# دیـــداری مـــامجەلال

ئێوارەکەی تیپی (١٩) کۆڕەک چوونە پشتی مێوڵاکە هەموو فەرماندەکان چوونە ئەوێ کاک کۆسرەتیان لەگەڵدابوو باسی شاخە سپی ، میرسوراو، حەسەن بەگیانکرد وتیان تیپەکانی ئێوە تیپی شاخاوین.

تیپی (٧٤) ، تیپی (١٩) کۆڕەک، تیپی (١٢) سۆران هەریەکێک دەسوڕێنەوە لە پشتی حەسەن بەگەوە لەوێوە دێن دوو ڕیز مین ڕێژ تیپەکان وتیان ئەستەمە بیگەینە ئەوێ ئەگەر شەهید و بریندارمان هەبێ پێمان دەرناچێ خەسارەتی زۆرمان دەبێت، بڕیاراندا سەردانی مامجەلال بکەن، کە سەردانی مامجەلالیانکرد ووتی من شەڕێک ناکەم کە بزانم بەبەلاش پێشمەرگە شەهید دەبێت ئەم شەڕە ناکەم بەڵام دەتوانن (٢٠٠) کەس ئامادەبکەن لە دار و شەخسەکەی پشتی وڵاغلوی دابنێن کە گۆجاڕ گیرا هاتنە وڵاغلو لەوێ هێرشبکەنە سەر حەسەن بەگ و شاخە سپی، تیپی (١٩) کۆڕەک بۆ گۆجاڕ دانران شارەزایان لەگەڵ بوو عەبدوڵڵا بۆر و سەعید حمە زیاد بەیەکەوە دەڕۆیشتن سەعید لەناکاو هەڵوەستەیەکیکرد عەبدوڵڵا بۆر گەڕایەوە سەر خێمەیەک بوو لەسەر خێمەکە ڕاوەستابوون، عەبدوڵڵا بۆر ووتی ئەو هێزەی هێناومانە تازە بەکەڵکی ئێمە نایەت بەڵام هەریەکەی (پەنجا) پێشمەرگە هەڵدەبژێرین لەگەڵ ئەو تیپەی ئێرە بەیەکەوە هێرش دەکەین.

تیپی (٢٥) خاڵخاڵان بەفەرماندەی کەمال شاکر لەوێ بوون، هەردوو تیپی کوڕەک و سۆران هاوشانی تیپی (٢٥) خاڵخاڵان هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکان، مقەڕی سریەکان لە کەندێک بوو عەبدوڵڵا بۆر بە (بی کەی سی) تەقەیدەکرد تا مقەڕ سریەکە گیرا.

دوای گرتنی مقەڕ سریەکە لەسەر تیلە شانێکەوە چوونە خوارەوە ڕەبییەیەک دیار بوو عەبدوڵڵا بۆر بانگی غازی کرد ووتی بۆڕن ئەو ڕەبییە بگرن، دە پانزە پێشمەرگە چوون چوار ڕەبییەیان گرت.

پێشمەرگەیەک لەگەڵ عەزیزی دواود بوو ناوی مستەفا بوو عەزیز ووتی مستەفا لەکوێ بوویت مستەفا ووتی هەر لە نزیکی تۆ بووم لەو قسانەدا بوون مستەفا

گوللەیەکی بەرکەوت و برینداربوو عەزیزی داود لای مستەفا مایەوە عەبدڵڵا بۆر چووە خوارەوە هێندەی نەبرد مستەفا لە ژێر کاریگەری برینەکەیدا شەهید بوو.

عوزێر فەقیانی ، حەکیم تاهیر، حەمە ئاغا، ڕەحمان حسەینە فەندی، ڕەحمان سارتکەیی ژمارەیەک پێشمەرگەیتر چوونە خوارەوە ڕەبییەیەک لە خوارەوە بوو بەرگریدە کرد پێشمەرگەکان یەکە یەکە بەجێمان لە دوایدا حەکیم تاهیر و عوزێر فەقیانی و عەبدوڵڵا بۆر مانەوە کەمێکیتر ڕۆشتن نزیک بوونەوە لە ڕەبییەکە حەکیم بەجێما عەبدوڵڵا بۆر نەیتوانی ڕاوەستێ یەکسەر چوونە ناو ڕەبییەکە (ئاربی جی) یەک بە دیواری ڕەبیەکەدا هەڵنرابوو گوللەیەکی لەسەر بوو دوو گوللەشی لەپەنادابوو هەرسێ گوللەکەی بەدوای یەکدا تەقاند و ڕەبییەکەی گرت.

پێشمەرگەکان بەرەو زنجیرەی چیای حەسەن بەگ ڕۆیشتن لە سەرووی وولاغلو بە سەر خێمەیەکی دوژمندا کەوتن بەڵام ئێشکگریان نەبوو بە خەبەر نەبوون پێشمەرگەکان بە بێدەنگی کشانەوە زنجیرەی گۆجاڕ و شەڕ درووست بوو، تیپی ١٩ی کۆڕەک و تیپەکانیتر هەڵمەتیانبردە سەر زنجیرەی گۆجاڕ.

تەرمی ١٨ جاش لە بەردەم پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەکدا کەوتبوون، ٣٢ جاش دەستگیر کران، تیپی ١٩ی کۆڕەک و تیپەکانیتر جگە لە زنجیرەی گۆجاڕ دەستیانگرت بە سەر بارەگای فەوجێکدا لە ناو وولاغلو.

کاتژمێر ٦ی بەیانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە، مامۆ مەلەکی لە سەر دۆشکە بوو دوژمن بە کۆپتەر جاش و سەربازی دادەبەزاند- پیلاتۆزو کۆپتەر لە بەیانی تا ئێوارە سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بۆردومان دەکرد جگە لە تۆپخانەو هێزی زەمینی...لە ئێوارەدا شاخەکە کەوتە دەست دوژمن.

قوات خاسە بەرەو شاخەکە سەردەکەوتن تیپی کۆڕەک بە بیکەیسی لێیاندان نەیانهێشت قوات خاسە سەر دەربێنێ لە کۆتایدا پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد.

## لەبــن هــــەنوان بوون

ڕۆی ١٩٨٧/٤/١٦ تیپی (١٩) کۆڕەک لە بن هەنوان (نوایەک) بوون تا باران و تەرزە نەیانگریتەوە .

ڕۆژێکی باراناوی بوو هەندێک جار تەرزە دەباری هەورەگرمەبوو گرمەی هەور ودەنگی باران و تەرزە تێکەڵ ببوون، تیپی (٧٨) کاروخ لەولاوەبوون عەبدوڵڵا بۆر سۆرانی ناردە دەرەوە بزانێت تیپی کاروخ هێرشیان لەسەرە، سۆران گەڕایەوە ووتی بەڵێ هێرشیان لەسەرە ، عەبدوڵڵا بۆر بانگی بەکرە گۆجی کرد ووتی بەکر ژمارەیەک پێشمەرگە لەگەڵ خۆت بەرەو بەپەلە بڕۆ هەندێک گوللەی (ئاربی جی و فیشەکی کلاشنکۆف و بیکەی سی) یان بگەیەنەرێ.

دوای ڕۆشتنی ئەوان عەبدوڵڵا بۆر و حەوت پێشمەرگەیتر بەرەو لای تیپی کارۆخ ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەوێ هەورو بارانەکە نەماو بوو بە هەتاو، لای تیپی کارۆخ دانیشتن و پیرۆزبایی تێکشاندنی پەلامارەکەی دوژمنیان لێکردن هێندەی نەبرد لە نزیک خۆیان تەقەیان لێکردن عەبدوڵڵا بۆر و حسێن و عوزێر و جەلال حاجی و ڕەسوڵ مەولود و سمایل وەرتی هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و دوو قوتەیان لێگرتن و ڕاویاننان.

## تــــیپی 25ی خــــاڵخالان

تیپی ٢٥ی خاڵخالان فەرماندەی تیپیان لەگەڵدا نەبوو کەمال شاکر کرایە فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان لە داستانی ڕزگاریدا.

کەمال شاکر لە مالومە کۆبوونەوەی بە تیپی خاڵخالان کرد پێیووتن دەزانم برادەران ئێوە پێتان خۆشە خەڵکی لای خۆتان فەرماندەی تیپەکەتان بێت، من بەڵێنتان دەدەمێ دوای تەواو بوونی شەڕەکە لەگەڵتان نابم جێیدەهێڵم بۆ خۆتان بەلام یەک تکام هەیە بەیەکەوە دەبین تا سەرکەوین من دوای شەڕەکە بەڵێنی خۆم دەبەمە سەر گەروا نەبوو قبوڵی مەکەن.

چیای گۆجاڕ بۆ تیپی خاڵخالان، تیپی کۆڕەک و سۆران دانرا بوو، لە کونە

کۆترەوە کاک کۆسرەت شوێنەکەی نیشاندان، ڕەبیەیەک و مقەڕ سریەیەک بۆ تیپی خاڵخاڵان دانرا، دەلیلی هێزەکەی تیپی خاڵخاڵان کوڕێکی وولاغلوویی بوو شوێنێکی نیشاندان کەمال شاکر ووتی ئەمە لە مقەڕ سریە ناچێت کە چوونە پێشەوە تاشە بەردێک بوو دە مەتر دوای تاشە بەردەکە مقەڕ سریەکە بوو.

هێزێک بە فەرماندەیی کەمال شاکر هەڵمەتیان بردە سەر مقەڕ سریەکە دەستیانبە سەردا گرت جاشێک بە برینداری دەستگیر کرا ووتی مەمکوژن برایەکم پێشمەرگەیە، لە گرتنی مقەڕ سریەکەدا عوسمان فەرماندەی کەرت شەهید بوو.

ڕەبیەیەک و مقەڕ سریەیەک بۆ تیپی خاڵخاڵان دانرا بوو بیگرن، هێزێک بە فەرماندەیی ئاسۆ سوور دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەدا تیپی خاڵخاڵان شەهیدێک و دوو برینداریان هەبوو.

دوای دەست بە سەرداگرتنی ڕەبییە و مقەڕ سریەکە، هێزەکانی دوژمن لە (کلکە ڕێوی) یاندا هێزەکەی خاڵخاڵان چوونە ئەویَ، هێزێکی دووژمن لە کارێزەوە بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هات.

کەمال شاکرو تیپی خاڵخاڵان ئاگادار کرانەوە بە پەلە بڕۆنە خەجە لەرزۆک، تۆپخانەکانی دووژمن تا بەرەبەیان تۆپبارانی خەجە لەرزۆکیان کرد تۆپەکان کە دەکەوتنە زەوی دەنگیان تڵپەی دەهات، دواتر زانییان هەڵگری کڵاوەی کیمیاییە، دوژمن بە کیمیایی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدەدا.

دوای تەواو بوونی شەڕەکان کەمال شاکر وازی لە تیپی خاڵخاڵان هێناو تیپەکە گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی.

## ســێ شەهیدی تــیپی خــاڵخاڵان
## ســـێ گوڵاڵە ســـووره

لەگەڵ تۆپبارانی دوژمن لە خەجەلەرزۆک لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٨ سێ پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید قاسم عەلی مەولود

٢/شەمسەدین حسێن ناسراو بە مامۆستا زانا

٣/ سەلاح ئەبو زێد تۆفیق

دوای شەهید بوونی ئەم نەمرانە قوات خاسە لە سەر ئەنیشک دەهاتن بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە خەجەلەرزۆک هەتا بەیانی شەڕ بەردەوام بوو.

(١٠) پێشمەرگەی تیپی خاڵخاڵان لە خەجەلەرزۆک مانەوە ئەوانیتر پاشەکشەیانکرد چوونکە پەلاماری قوات خاسە بۆ خەجەلەرزۆک زۆر سەخت بوو ، بە پێویست زانرا (١٠) پێشمەرگە بمێننەوە.

## تـــیپی 15ی هـــــەورامان

بەشێک لە تیپی ١٥ی هەورامان لەگەڵ تیپی ٣١ی سلێمانی هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی ئەزمڕ گۆیژە، لەگەڵ ڕەبییەی قوتەی مەحموود خان، لە کۆی (پێنج) ڕەبیەی دوژمن تەنها ڕەبیەی قوتەی مەحموود خان نەگیرا.

بەشێکیتر لە تیپی هەورامان بە فەرماندەیی جەلال کوڵکنی بەشدار بوون لە شەڕەکانی داستانی ڕزگاریدا.

لە پلانی گرتنی ڕەبییەکاندا، تیپی ١٥ی هەورامان هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەیەک و دەستیان بە سەردا گرت، لە گرتنی ڕەبییەکەدا عەباس و ئەکرەم دوو پێشمەرگەی تیپی هەورامان بریندار بوون.

## فـــــەرتەنە

لەگەڵ گرتنی ڕەبییەکەدا حەمە سیاسی چووە سەر بێتەلی ڕەبییەکە، جاشێک لە بێتەلەکەوە داوای فەرتەنەی دەکرد، حەمە سیاسی ووتی فەرموو فەرتەنەت لەگەڵە جاشەکە دەیووت فەرتەنە گیان فریاتان دەکەوین ووریا بن، حەمە سیاسی خۆی لە جاشەکە ئاشکرا کرد ووتی قوڕت بە سەر فەرتەنە ڕەبییەکەتان گیراوە.

تۆپخانەکانی دوژمن لە تانجەڕۆو بەرزنجەوە سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا.

دوای تەواو بوونی شەڕ تیپی هەورامان هاتنە مۆریاس، لەوێوە بەرەو شێرەبەرە، ئێوارە گەیشتنە گرێزە، لەوێوە گەیشتنەوە بارەگاکانیان.

## تـــیپی کـــارۆخ

لە داستانی ڕزگاریدا تیپی کاروخ هاتنە پیر بایز کاک کۆسرەت سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد لە لوتکەی پیر بایزەوە شوێنی شەڕەکەی نیشاندان هەر تیپەو شوێنی خۆی بۆ دەستنیشانکرا.

تیپی ٧٨ی کاروخ دەستیانگرت بە سەر دوو ڕەبییە و بارەگای فەوجێکدا لە باڵخ لە گرتنی دوو ڕەبییە و بارەگای فەوجەکەدا دوو پێشمەرگەی تیپی ٧٨ کاروخ شەهید بوون:

١/ شەهید عومەر شاوری

٢/شەهید حەمە چکیل وەرتی

## تـــیپی 83ی هــــەورێ

تیپی ٨٣ی هەورێ بەشداری داستانی ڕزگارییانکرد تیپەکە لە دۆڵی بالیسانەوە بەڕێکەوتن بۆ دەشتی کۆیە، کۆپتەر بە سەر سەریانەوە بوو، چوونە قەڵاسێوکە لەوێوە بۆ بازیان تاسڵوجە، بە قازان و چاڵاخ و قوڵە پووشینەدا چوونە سەرگەڵو لەوێشەوە بۆ مالومە.

## ڕەبـــییەکانی ســـەری گـــۆجاڕ

تیپی ٨٣ی هەورێ لە هەڵمەتێکدا دەستیانگرت بە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی سەری گۆجاڕدا، دواتر دابەزینە وولاغلو چەندین ڕەبییەو بارەگای سریەو فەوج دەستیبە سەردا گیرا.

لە وولاغلو مستەفای حاجی قادری سەرنەوس شەهید بوو، ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژران.

دوای دەستبەسەردا گرتنی ڕەبییەو بارەگای سریە، تیپی ٨٣ی هەورێ پاراستنی شاخی گۆجاڕیان پێسپێردرا، تۆپخانەکانی دوژمن تۆپبارانی سەختی گۆجاڕیان دەکرد، هەر دوو پێشمەرگەی تیپی هەورێ، سیروان یوسف عەلی چیوەیی و شەفیق ئەبوبکر سۆفی (سووورە) بە تۆپی دوورهاوێژ شەهید بوون، عوسمان نواوەیی ناسراو بە ئەندام بریندار بوو، شەهیدەکان لە بناری مەرگە بە خاک سپێردران.

پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ لە سەر داوای سەرکردایەتی لە سەنگەرەکاندا مابوونەوە ڕۆژانی (٢١، ١٩٨٧/٤/٢٢) دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، عیزەت دوری، عەدنان خەیروڵڵا هاتبوون بۆ سەرپەرشتی هێزەکانیان لە شەڕگەکە.

تیپی ٨٣ی هەورێ لە دوا ڕەبییەی کلکەی گۆجاڕ بوون، لە کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی شەو دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی هەورێیدا، تا کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو شەڕ گەیشتبووە شەڕی نارنجۆک هاوێشتن دوژمن بازنەیەکی بە چواردەوری تیپی ٨٣ی هەورێدا درووستکردبوو بە تۆپ و هاوەن دەیکێڵا، وایاندانابوو بە زیندوویی پێشمەرگەکان بگرن.

## دۆشـــکەی ســـەری گـــەڕەدێ

دوژمن بە نیاز بوو پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ بە زیندوویی دەستگیر بکات بەڵام هیممەت و بەرەنگاری پێشمەرگەکانی هەورێ و قارەمانێتی مامۆ مەلەکی لە سەر دۆشکەیەکی ١٢,٥ کە بەرگری بەردەوامی لە پێشمەرگەکانی هەورێ دەکردو ڕێگەی پێشڕەوی لە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن و دابەزینی

هێزی سەربازیگرت کە دەیانوویست پشت لە پێشمەرگەکانی تیپی هەورێ بگرن و بە کۆپتەر هێز دابەزێنن.

لەو شەڕەدا کوێخا بێتواتەیی فەرماندەی کەرتی دوو شەهید بوو تەرمەکەی بەجێما، عەزیز داود، وەهاب، ئەسعەد هەرتەلی، مستەفا و ئەحمەد بریندار بوون.

## گـــرتنی مـــلازمێك

تیپی هەورێ لە داستانی ڕزگاریدا ئەفسەرێکیان دەستگیر کرد، پێش دەستگیرکردنی ئەفسەرەکە نامەیەکی نووسیبوو نامەکە کەوتە دەستی پێشمەرگەکانی تیپی هەورێ.

لە نامەکەدا بۆ خێزانەکەی نووسیبوو بەڵکو بێیت و سەرێکم لێبدەیت بێیتەماڵی حاجی ڕەسوڵی کارێزە لە بەر ئەوەی جەماعەتی مخرب ئەوەندە لێمان نزیک بوونەوە مقاوەمەشم پێناکرێت چاوەڕێی مەرگ دەکەم.

ئەفسەرەکە وێنەی هاوژینەکەی لە گیرفاندا بوو، هاوژینی ئەفسەرەکە هاتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە زانیبووی مێردەکەی دەستگیرکراوە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ پێیانووت مێردەکەت ماوە تەنها فیشەکێک بەر قۆڵی کەوتووە.

هاوژینی ئەفسەرەکە چووە بارەگای کاک نەوشیروان لە بەرگەڵو داوایکرد مێردەکەی ئازاد بکەن، کاک نەوشیروان لە بەر خاتری ژنەکە ئەفسەرەکەی ئازاد کردوو ٢٥ دیناریشی دانی.

لە کاتێکدا تیپی ٨٣ی هـەورێ لە داستانی ڕزگـاری بـوون دۆڵـی بالیسان کیمیابارانکرابوو کە زۆربەیان خزم و کەسووکاری ئەوان بوون، دوای ماوەیەک مانەوە لە دۆڵی جافەتی تیپی هەورێ گەڕانەوە دۆڵی بالیسان.

## تــیپی 85ی بـــەڕانەتی

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە مەبەستی بەشداریکردن لە داستانی ڕزگاریدا بەڕێکەوتن بە دەشتی کۆیەدا چوونە کانی توو شەو لەوێ مانەوە مستەفا چاوڕەش و عەلی

مەسیفی قسەیان بۆکردن بۆ شەوی دوایی سەر ئاسۆس کەوتن چیاکە بەفر دایپۆشیبوو لەوێوە چوونە ژیلوان-کوریس.

دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەیەکی گەورە لە دۆڵی گەلاڵە بە تیپی ٨٥ی بەرانەتی و چەند تیپێکیتر سپێردرا، لە کاتی دیاریکراودا شەڕ دەستپێکرد هێرش کرایە سەر سەربازگەکە بەشێک لە پێشمەرگەی تیپەکان لە سەر بەرزاییەکانی گەلاڵەدا مابوونەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا ئەو ناوچەیە بووە چراخان دوو سەد تەنویر بە یەکجار بە ئاسمانەوە بوو بە دەیان هاوەن لە پێشمەرگەیان دەدا.

ئەو پێشمەرگانەی هێرشیانکردە سەر سەربازگەکە کشانەوە، ژمارەیەک لەو پێشمەرگانەی لە سەر بەرزاییەکانی گەلاڵە مابوونەوە بریندار بوون هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد نەتوانرا سەربازگەکە دەستیبە سەردا بگیرێت پێشمەرگەیەکی تیپی (٨٥)ی بەرانەتی بە ناوی خالید شەهید بوو.

تیپی ٨٥ی بەرانەتی چوونە گەرەدێ بەرنامەو نەخشەی بەرگری لە چیای گۆجاڕ دانرا، تیپی ٨٥ی بەرانەتی چوونە گۆجاڕ دوژمن پەلاماری گۆجاڕیدا، شەڕێکی سەخت لە سەر لە بەیانی تا ڕۆژئاوا بوون بەردەوام بوو.

کۆپتەر، پیلاتۆز، سەمتی، تۆپخانە، جاش و مغاویر پەلاماری گۆجاڕیان دەدا، ڕۆژئاوا بوون گوللەیەکی قەنناس عەلی مەسیفی جێگری فەرماندەی تیپی بەرانەتی پێکاو شەهید بوو.

تەرمی شەهید عەلی مەسیفیان هێنایە خـوارەوەو چوونە بـارەگـای حزبی دیموکرات، حزبی دیموکرات سەرسام بوون بە ئازایەتی هێزی پێشمەرگە، لە کاتی پەلاماری دوژمندا بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەوانیش بە دۆشکە تەقەیان لە فڕۆکەکانی بەعس دەکرد.

تەرمی شەهید عەلی مەسیفی نێردرایەوە بەرانەتی و ماوەیەک لە گەرەدێ مانەوە دواتر گەڕانەوە و بەشدارییان لە گرتنی ناحیەی تەقتەق کرد.

## شـــەهید بوونی شـــــەمسەدین

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دوو پێشمەرگەی بە تەمەن بچوکیان لەگەڵدا بوو نەیاندەویست لەگەڵیان بچنە شەڕەکەو بەشداری لە داستانی ڕزگاریدا بکەن هەر بۆیە لە کانی توو جێیانهێشتن.

ڕژێمی عێراق بە تۆپی دوورهاوێژ کە کڵاوەی کیمیایی هەڵگرتبوو لە کانی تویدا، شەمشەدین مام سەمەدی قەلاسنجی خوارێ یەکێک لەو پێشمەرگانە شەهید بوو، حاتەم بریندار بوو.

## نـــــەهێنی شـــــەو

پێشمەرگە نەهێنی شەوی هەبوو بۆ هەر شەوێک نەهێنی تازەی دادەنا تا لە هەر دابڕانێکدا یەکتری پێبناسنەوە، نەهێنی ئەو شەوەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بەرەو لێدانی سەربازگەکەی دۆڵی گەلاڵە بەڕێکەوتن و لە سەری کوریس بوون، (چوار مریشک و قەلێک بوو) .

## لـــــێدانی جـــــاش

هێزێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ی سورداش لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٢ چوونە نزیک قولەڕەیسی کە دەیان مۆڵگەو سەربازگەی داگیرکەری لێبوو.

پێشمەرگەکان خۆیان لە بۆسەنا تا گەلە جاشێک هاتن، پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لێکردن، جاشەکان بە جۆرێک هەڵاتن کڵاوو جامانەکانیان جێهێشت.

## تـــیپی 91ی ســــەفین

تیپی ٩١ی سەفین بە فەرماندەیی جوامێر بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن، هێزەکەی تیپی ٩١ی سەفین (نازەنین)یان بەجێهێشت بەدێیەکانی سماقولی و تیمارۆک و پیبازۆکدا تێپەڕین لە ٣١ی ئازار گەیشتنە دێی خەرابەی دەشتی کۆیە و لە جادە پەڕینەوە چوونە دێیەکانی خاڵخالان لە ئاوەکە پەڕینەوە چوونە کانی هەنجیرە لەوێ مانەوە بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی چوونە عەسکەر.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٦ بەرەو قەمچوخە- تەلان بەڕێکەوتن (٧)ی مانگ گەیشتنە

سەرگەڵو، دواتر بەرەو قەرەنگوێ ٤/٩ لە شارستێن بوون.

پێشمەرگەکان برسیان بوو لە ڕێگە تووشی کوخێک بوون نان و ماستی تیا بوو حەوزو ئاوێکی خۆشی لێبوو لە سەر کانییەکە دانیشتبوون چەند پێشمەرگەیەک مەنجەڵە ماستەکەیان خوارد.

١٠ی مانگ چوونە دۆڵەبی تا ١١ی مانگ مانەوە ١٢ی مانگ بردیاننە کوێستانێک شەوێک مانەوە.

ئێوارەی ١٢ی مانگ بەڕێکەوتن ڕەبییەکانیان نیشاندان، ڕەبییەی یەکەم بۆ تیپی قەرەچوخ دانرا سێ ڕەبییەش بۆ تیپی سەفین لە زنجیرەی گۆجاڕ دانرا ملازم عومەر سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد.

لە شەوی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ هەڵمەتی پێشمەرگە بۆ سەر ڕەبییەکان دەستیپێکرد تیپی سەفین دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکاندا گۆشت و شلەو برنج لە ناو ڕەبییەکاندا جێمابوو پێشمەرگەکان خواردیان.

هێزەکەی سەفین بەشێکیان لە سەر شاخ مانەوەو بەشێکیش هاتنە خوارەوە بۆ پشوودان، کەرتەکانی تیپی سەفین بە نۆرە دەچوونە سەر شاخ و شەوێک دەمانەوە.

تیپی سەفین (١٠) شـەوو ڕۆژ لە چیای گۆجاڕ مـانـەوە، شەوانە کەمینیان دەردەکرد، کەمینەکە ماوەی چوار دەقیقە دوور بوو لە ڕەبییەکان ڕۆژی کۆتایی مانەوەی تیپی سەفین لە زنجیرە شاخی گۆجاڕ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لەو زنجیرەیە پەلامارەکە بە جۆرێک بوو هێزی پێشمەرگە و دوژمن تەنها پانزە مەتر لە یەکترەوە دوور بوون.

ڕۆژی ٢٣/٤/١٩٨٧ بەشێکی تیپی سەفین کە لە خوارەوە بوون بە فەرماندەیی جوامێر سەرکەوتنە سەر شاخ، فیشەک و گوللەی (ئاربیجی) یان بۆ بردن.

فڕۆکەو تۆپخانە بە سەختی بۆردومانی گۆجاڕی دەکـرد، ئەو پێشمەرگانەی سەرکەوتن بۆ سەر شاخ نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند تا گەیشتنە سەنگەرەکانی گۆجاڕ.

زوبێر پێشمەرگەی تیپی سەفین بوو هاوەنێک لە سەنگەرەکەیدا بەڵام هیچی بەرنەکەوت و هەستایەوە.

دوژمن بەردەوام پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەدا فڕۆکەکانی دوژمن بە سەر سەنگەرەکاندا ئاگریان دەباراند پێشمەرگە تەقەیان لێدەکردن.

دوای شەڕێکی سەخت و بەرگرییەکی دلێرانە هێزی پێشمەرگە لە زنجیرە شاخی گۆجاڕ پاشەکشەیانکرد، تیپی ٩١ی سەفین چوونە ژیلوان لەوێوە بۆ دۆڵەبی تا ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٨ لە دۆڵەبی مانەوە دواتر لە پانە ڕەش ئەرکیان پێسپێردرا بەشێک لە تیپی سەفین لە مێوڵاکە مانەوە بەشێکیش گەڕانەوە بارەگای تیپ لە نازەنین.

## تــیپی 93ی کــۆیە

تیپی ٩٣ی کۆیە لە داستانی ڕزگاریدا شان بە شانی تیپەکانیتری (ی ن ک) بەشداری داستانی ڕزگاریانکرد.

تیپی ٩٣ی کۆیە و ٩١ی سەفین لە زنجیرەیەک بوون، ڕەبییەی سەری گۆجاڕ بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە دانرا لە کاتژمێری دیاریکراودا هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکە.

مەحموود سێدەری چاو ساغی هێزەکە بوو، ملازم عومەر، مام ڕۆستەم لەگەڵ هێزەکە بوون، ملازم عومەر سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد.

دوای دەست بە سەردا گرتنی ڕەبییەی سەری گۆجاڕ بەرەو بارەگای فەوجی دامێنی گۆجاڕ، ولاغلوو ڕۆیشتن و دەستیانبە سەرداگرت.

## تــیپی 59ی حــەمرین

تیپی ٥٩ی حەمرین لە داستانی ڕزگاریدا شان بە شانی تیپەکانیتر بەشدار بوون، لە کاتی دیاریکراودا هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی خەجە لەرزۆک و دەستیانبە سەردا گرت.

لە گرتنی ڕەبییەکانی خەجە لەرزۆکدا یاسینی حاجی سابیری قەیتول ڕابەری سیاسی کەرتی دوو شەهید بوو.

تیپی ٥٩ی حەمرین چەند ڕۆژێک لە خەجە لەرزۆک مانەوەو دواتر تیپی خاڵخاڵان هاتە جێگەیان.

## تـــیپی 90ی بـــاواجی
## لە داســــتانی ڕزگـــاریدا

چل پێشمەرگەی تیپی ٩٠ی باواجی لە سەری مێولاکە لەگەڵ کاک کۆسرەت بوون بە هاوبەشی لەگەڵ تیپی ١٩ی کوڕەک بۆ لێدانی مۆڵگەکانی پشتی وولاغلو دانران.

تیپی باواجی بەڕێکەوتن بۆ گۆجار، لە کاتژمێر دوانزەی شەودا شەڕ دەستپێکرد، پێشمەرگەکانی تیپی باواجی هەڵمەتیانبردە سەر زنجیرە شاخی گۆجار دوای دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکانی گۆجاڕ دابەزینە وولاغلو بەشداری گرتنی بارەگای فەوجی ناو وولاغلویانکرد.

لە گرتنی فەوجەکەدا دەستکەوتی زۆریان هەبوو پانزە وولاغیان دەستکەوت، دوای گرتنی فەوجی ناو وولاغلو دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی گۆجاڕ تیپی ٩٠ی باواجی هاتنە پشتی گەڕەدێ و لەوێ مانەوە، لە ئەشکەوتێکدا ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرو سەربازو دەرەجەداریانگرت.

دواتر تیپی باواجی هاتنەوە زنجیرەی گۆجاڕی پشتی وولاغلو دوژمن پەلاماری دەستپێکرد دوای بەرگرییەکی قارەمانانە کشانەوە دواوە دوای ئەوەی بەشدارییان لە گرتنی ناحیەی تەقتەقدا کرد گەڕانەوە سماقولی گرتک.

## تـــیپی 47ی پـــیرەمەگرون

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە داستانی ڕزگاریدا هێرشیانکردە سەر ڕەبییەو مۆڵگەکانی پیرەلیاس و کارێزە و دەستیانگرت بە سەر چوار ڕەبییەو مقەڕ سریەیەک لە ناو باڵخ، لەو هێرشەدا کوڕی مستەشارێک کوژرا.

لە کاتی گەڕانەوەدا وەستا عەتا کەوتە ناو کێڵگەی (مین) و شەهید بوو سەرداری حەمەی سەلیم ویستی تەرمەکەی دەرکات ئەویش شەهید بوو، تەرمی هەردووکیان لە ناو کێڵگە مینەکەدا جێما.

## تیپی 53 شێروانە

تیپی ٥٣ شێروانە لە داستانی ڕزگاریدا نێردرانە شاخی کۆرەنگ، کاتژمێر چواری ئێوارە شێخ جەعفەر و قادری حاجی عەلی و سامان گەرمیانی شوێنەکانیان نیشاندان.

تیپی شێروانە شەش کەرت بوو، کەرتی شەش بەرەو ڕووکاری سلێمانی، کەرتی سێ و چورا بۆ خاڵی یەکەمی سەر شاخی کۆرەنگ، کەرتی پێنج و دوو بەڕووی خەجە لەرزۆک لە پشتی مارە ڕەش و کارێزە دانران.

لەیەکەم هەڵمەت و تەقەدا کەرتی سێ و چوار ڕەبییەکانیان گرت، کەرتی پێنج و کەرتی دوو فەرماندەکانیان بریندرا بوون ڕەبییەکانیان بۆ نەگیرا کەرتی شەش دوای کاتژمێرێک ڕەبییەکەیانگرت.

بەیانی کە خۆر هەڵات عەلی شەهید محەمەد لە هەردوو کەرتی سێ و چوار ژمارەیەک پێشمەرگەی هەڵبژارد ڕەبییە نەگیراوەکەیان گرت لەم هەڵمەتەد (١٠) پێشمەرگەی تیپی (٥٣) شێروانی شەهیدبوون، ٤٦ پێشمەرگەش بریندارببوون. تیپی ٥٣ شێوانە ماوەی هەفتەیەک بە سەر شاخەوە مانەوە، بەردەوام تۆپبارانیان لەسەربوو.

## شەهیدانی داستانی ڕزگاری

ئەو پێشمەرگانەی لە شەوی ١٣-١٩٨٧/٤/١٤ لە شەڕگەکانی ئەزمەر – قەیوای – ماوەت شەهیدکران

١- شەهید وەستا عەتا جێگیری فەرماندەی کەرتی تیپی (٤٧) پیرەمەگرون.

٢- شەهید سەردار محەمەد سەلیم تیپی (٤٧) ی پیرەمەرگرون

٣- شەهید عەبدوڵڵا ئەحمەد (حەمە گچکە) تیپی (٧٨) کاروخ.

٤- شەهید عومەر ئەحمەد شاوری تیپی (٧٨) ی کاروخ

٥- شەهید ئەحمەد حەسەن فەرماندەی کەرتی (٥) ی تیپی (٦٣) جووتیاران

٦- شەهید ڕەسوڵ ئیسماعیل کەرتی (٢) ی تیپی (٦٣) جووتیاران

٧- شەهید ڕەسوڵ قەندۆڵی کەرتی (٣) ی تیپی (٦٣) جووتیارن
٨- شەهید عوسمان قەڵادزەیی فەرماندەی کەرت لە تیپی مەڵبەندی دوو
٩- شەهید مستەفا حاجی قادر تیپی (٨٣) هەورێ
١٠- شەهید شەفیق ئەبو بەکر سۆفی تیپی (٨٣) هەورێ
١١- شەهید سیروان تیپی (٨٣) هەورێ
١٢- شەهید جەمال حمە کەریم نادر فەرماندەی کەرتی (٤) ی تیپی (٣١) سلێمانی
١٣- شەهید عەبدوڵڵا ڕۆستەم موراد کەرتی (٤) تیپی (٣١) ی سلێمانی
١٤- شەهید شێرزاد خدر تۆفیق کەرتی (٤) ی تیپی (٣١) سلێمانی
١٥- شەهید عەزیز جەلال کەرتی (١) تیپی (٣٧) ی شارباژێڕ
١٦- شەهید تاهیر محەیدین شکور کەرتی تیپ، تیپی (٣٧) شارباژێڕ
١٧- شەهید عومەر فەتاح ناوچەی شۆڕشگێڕان تیپی (٣٧) شارباژێڕ
١٨- شەهید مەحمود حسێن مەحموود تیپی (٣٧) شارباژێڕ
١٩- شەهید عەتا سەعید عەلی جێگری فەرماندەی مەفرەزە، تیپی (٥٣) شیروانە
٢٠- شەهید عەبدوڵڵا ڕەشید فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی (١) تیپی (٣١) سلێمانی
٢١- شەهید محەمەد عەزیز کەرتی (٤) تیپی (٥٣) شیروانە
٢٢- حسێن حاجی عەلی تیپی (٢٣) سورداش
٢٣- شەهید سیروان عەتار تیپی (٢٣) سورداش
٢٤- شەهید قارد حمە ئەمین کەرتی (٣) تیپی (٥٣) شیروانە

ئەو پێشمەگانەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٤ لە نێوان دێیەکانی ئاڵەسیاو – گورگەیەر لە شارباژێڕ شەهید کران.

٢٥- شەهید جەمیل ئەحمەد ساڵح تیپی (٣١) ی سلێمانی
٢٦- شەهید حمەمەد ئەحمەد مارف تیپی (٣١) سلێمانی
٢٧- شەهید نوری محەمەد فەرەج تیپی (٣١) سلێمانی
٢٨- شەهید هوشیار سەعدون سەعید تیپی (٣١)

٢٩- شەهید مستەفا قادر مستەفا تیپی (٣١)

٣٠- شەهید ستار ئەحمەد قاردر تیپی (٣١)

٣١- شێرکۆ محەمەد عەبدوڵڵا تپیی (٣١)

٣٢- ئاراس محەمەد ئەحمەد تیپی (٣١)

٣٣- ڕزگار حسێن موراد

٣٤- بێستون ئیبراهیم سەعید

٣٥- خەسرەو ڕەئووف ڕەحیم

ئەو پێشمەرگانەی بە تۆپ و فڕۆکە لە پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ئەزمەڕ – ماوەت – قەیوان شەهید کران

٣٦- شەهید محەمد مەولود (شاخەوان سەراوی) کەرتی _ ٣) ی تیپی (٣٧) شارباژێڕ

٣٧- شەهید جەلال محەمەد حسێن (جەلال شارەزوری) دەستەی ڕێکخستن

٣٨- شەهید خالید مەحموود لێپرسراوی کۆمەڵایەتی تیپی (٣٧) شارباژێڕ

٣٩- شەهید کەمال ڕەحیم عەبدولکەریم فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (٥٧) سەرگرمە

٤٠- شەهید ڕەمەزان ئەحمەد (خەباتە بچکۆل) جێگیری فەرماندەی کەرتی (٣) ی تیپی (٥٧) سەگرمە

٤١- شەهید کەریم عەلی محەمەد جێگیری فەرماندەی مەفرەزەی تیپی (٥٣) شیروانە

٤٢- شەهید محەمەد ڕەشید کەرتی تیپی (٥٣) شیروانە

٤٣- شەهید ستار عەبدوڵڵا داود کەرتی (٥)ی تیپی (٥٣)

٤٤- شەهید جەمیل ئەمین خەلیفە کەرتی (٥) تیپی (٥٣)

٤٥- شەهید مستەفا محەمەد حسێن کەرتی (٣) ی تیپی (٥٣)

٤٦- شەهید جەلال تیپی مەڵبەندی یەک

٤٧- شەهید وەلی عەبدوڵڵا تیپی (٥٩) حەمرین

٤٨- شەهید مەلا یاسین تیپی (٥٩)
٤٩- شەهید قاسم عەلی مەولود کەرتی (٢) ی تیپی (٢٥) خاڵخاڵان
٥٠- شەهید شەمسەدین حسێن کەرتی (٢)ی تیپی (٢٥) خاڵخاڵان
٥١- شەهید سەلام ئەبو زێد کەرتی (٢) تیپی (٢٥)
٥٢- شەهید عەلی حەسەن (عەلی مەسیفی) جێگیری فەرماندەی تیپی (٨٥) بەڕانەتی

ئەو شەهیدانەی لە گرتن و پاراستنی ڕەبییەکانی کلکەی پیرەمەگرون شەهید کران

٥٣- شەهید عوسمان شێخ محەمەد (عوسمان سەرگەڵوویی) کارگێڕی لیژنەی ناوچەی (پ.د.ک)
٥٤- شەهید بەکر محەمەد فەرەج کەرتی تیپی مەڵبەندی دوو خەڵکی شەدەڵە
٥٥- شەهید سەرکەوت محەمەد تیپی مەڵبەندی دوو خەڵکی سلێمانی
٥٦- شەهید فاتیح مەجید هەرێمی چواری حزبی سۆسیالیستی کوردستان خەڵکی هەڵەدن

# بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کۆمەڵکوژ
# شـــەش

## بەكـــارهێنانی چەكی كـــیمیایی كـــۆمەڵكوژ

دوژمنانی گەلی كورد هەرگیز لە بەكارهێنانی چەكی قەدەغە كراوو كۆمەڵكوژ سڵیان نەكردووەتەوە و هەركات بۆیان لوابێت و بۆیان چووبێتە سەرو دەرفەتێكیان دەستكەوتبێ بە فراوانترین شێوە دژی خەباتی ڕەوای خەڵكی كوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكەی بە كاریان هێناوە.

داگیركەرانی كوردستان لە جیاتی ئـەوەی وەڵامـی داخوازیـەكانی خەڵكی كوردستان بدەنەوەو لە ڕەگ و ڕیشەی داخوازیەكان بكۆڵنەوەو ڕێگە چارەی گونجاوو ڕەوایـان بۆ بدۆزنەوە بە پێچەوانەوە هەر كات بزووتنەوەی ڕەوای خەڵكی كوردستان بەرەو هەڵچوون چووبێت، هەر كات داخوازیەكان زەق كرابنەوە، هەر كات شۆڕشی كوردستان لە هەڵكشان و پێشكەوتن و سەركەوتندا بوو بێت بە ئاگرو ئاسن وەڵامیان داوەتـەوەو دەنگە نـاڕازی و ئازادەكانیان شۆڕشگێڕو تێكۆشەرەكانیان بە ئاگری ڕق و قین بە چەكی كۆمەڵكوژو قەدەغە كراو خامۆش كردووەو بزووتنەوەكەیان خەڵتانی خوێن كردووە.

نموونەی ئەمجۆرە ڕەفتارو كردەوە قێزەونانەی داگیركەرانی كوردستان زۆرن، لە چەندین وێزگەی جیاجیادا بەرچاو دەكـەون، هەر لە بۆمبارانكردنی شاری سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەوە تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلول و بۆردومانكردنی شاری قەڵادزێ و دواتریش كیمیابارانكردنی چەندین ناوچەی جیاجیا لە شۆڕشی نوێدا لە دۆڵی جافەتی و بالیسان و هەڵەبجە و قەرەداخ و بادینان و چەندین ناوچەیتر.

١٩٧٤/٤/٢٤ شاری قەڵادزێ درایە بەر بۆمبی ناپاڵم و خەڵتانی خوێن كرا، كە یەكەمجار بوو بۆمبی لەو جۆرە لەو ناوچانە و بەرانبەر شارێكی بێوەی بە كار بێت كە تیایدا دانیشتوانێكی زۆر هەبوون و ژیان ئاسایی دەگوزەرا، لەگەڵ چەند كۆلێژێكی زانكۆی سلێمانی كە لەو سەردەمەدا گواسترابوونەوە شاری قەڵادزێ، لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانەدا لە ناو شاری قەڵادزێ و لە ناو جەرگەی شاردا دەیان كەس لە خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی و خەڵكی شاری قەڵادزێ شەهید و بریندار بوون.

لەگەڵ گەشە کردن و پەرەسەندنی شۆڕشدا بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) لەگەڵ درووستبوون و دامەزراندنی یەکێتی و بەهێز بوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگە و فراوانبوونی ناوچەکانی شەڕو گورز وەشاندن لە ڕژێمی بەعسی فاشیست، کە تیایدا ناوچەیەکی گەورەو فراوان لە سەر ئاستی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی (ی ن ک) دابوون و یەکێتی ئەو ناوچانەی زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد و ئەنجوومەنی گوندەکانی تیادا دامەزرا بوو، لە هەمان کاتدا مەیدانی شەڕی فراوانتر کردبوو شەڕی گواستبووەوە ناو داموو دەزگاکانی ڕژێم و لە شەڕی لێدان و کشانەوەو گرتنی چەند ڕەبیەیەکەوە چەندین ناحیەو سەربازگە و شوێنی گرنگ و ستراتیجی گیران و کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە و گورزی کاریگەر لە سەرچاوە ئابوری و داراییەکانی ڕژێم وەشێندراو داستانی گەورەی وەکو قەیوان ماوەت و داستانی ڕزگاری و چەندین داستانی گەورە تۆمارکرا، دوژمن کەوتە پەلە قاژەو شلەژان و بۆ تۆڵە کردنەوە لە شۆڕش و خەڵکی کوردستان و لابردنی مەترسییەکانی سەر ڕژێمەکەی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی فراوان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەکارهێنا.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١١ ڕژێمی داگیرکەری عێراق بە فڕۆکە پەلاماری دێهاتەکانی دۆڵی جافەتی و مەرگەیداو بۆمبی کیمیایی بە کار هێنا و تاقیکردەوە پێشتریش چەکی فسفۆڕی بەکارهێنا بوو.

لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ ڕژێمی عێراق جارێکیتر بە بۆمبی کیمیایی پەلاماری بالیسان و کانی بەردو شێخوەسان و توتمە و زنجیرە شاخەکانی دەرەشیرو ساوسێکان و دۆڵی بالیسان و وەرێی داو زیاتر لە (١٥٠) کەس لە ژن و پیاوو منداڵ شەهید بوون لە هەمان کاتدا دێی (زێوێ)ی بناری پیرەمەگرونیان کیمیابارانکرد.

هەر لە ١٦ تا ١٩ی ساڵی ١٩٨٧ ناوچەکانی قەرەداخ و دەشتی کۆیەو قەڵاسێوکە و تەق تەق و چەمی ڕەزان و دەشتی هەولێریش کەوتنە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی و سەدان شەهید و برینداری لێکەوتەوە.

لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا شاری هەڵەبجە کەوتە بەر شاڵاوی بەرفراوانی کیمیایی و (٥) هەزار کەس لە ژن و پیرو منداڵ شەهید بوون و دەیان هەزاریش بریندارو ئاوارەی ئێران بوون.

هەر چەند ڕۆژێک دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە دێی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداخ و شانەخسێ لە نۆدێی ئالانی شارباژێڕ لە ڕۆژانی ٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی چەکی کیمیایی و لە سێوسێنان حەفتا کەس و لە (شانەخسێ) ش دەیان کەس شەهیدو بریندار بوون.

هەمان ساڵ و لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالەوە لە دۆڵی جافەتی و قەرەداخ و گەرمیان و خۆشناوەتی و بادیناندا چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بەکارهات و هەزاران قوربانی لێکەوتەوە.

ئێش و زام و برینەکانی کیمیاباران زۆرن و نابڕێتەوە، برینەکان هێشتا سارێژ نەبوون، ئاسەوارە دەرونیەکانی سەر خەڵکی ئەو ناوچانە هەر ماون و بریندارەکانی چەکی کیمیایی هێشتا لە ژێر کاریگەری برینەکانیان دەناڵێنن سەدان پیاوو ژنی کوردستان گۆڕ غەریب بوون، لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا گیان سپاردو هەر لە غەریبیش سەریان نایەوەو بە خاکسپێردران.

لێرەوە هەنگاو هەنگاو دەچینە ناوچە کیمیاباران کراوەکان و چیرۆک و حیکایەتی شەرمهێنی چەکی کیمیایی دەنووسینەوە.

## بەکـارهێنانی چەکی قـەدەغەکراوی کیمیایی لە کـوردستاندا 1987 – 1988

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٥ چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی عێراق بەبۆمبی کیمیایی بۆمبرانی دێیەکانی(هەڵەدن، بەگەڵوو، کانی توو، ئاوەژێ، سیروان، نۆڵچکە) یانکرد، لەئەنجامدا پێشمەگەیەک بەناوی (شەمسەدین) شەهید بوو دەیان هاووڵاتی و پێشمەرگەش بریندااربوون.

*ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ ڕژێمی عێراق بە تۆپ و کۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بە تۆپ و چەکی کیمیایی بۆمبارانی (شێخ وەسان و دۆڵی بالیسان) ی کرد لە ئەنجامدا زیاتر لە (٣٠٠) هاووڵاتی شەهیدو برینداربوون کە زۆربەیان ژن و مناڵ و پیربوون.

هاوکات فڕۆکە مەرگچێنەکانی دوژمن بە چەکی کیمیایی بۆمبارانی دێیەکانی (زەنێی ، توتمە، خەتێ، بەڵالۆکاوا، ئالانە، دەشتی دۆڵی بالیسان) یان کرد

رۆژی ١٩٨٧/٤/١٧ ڕژێمی عێراق بەتۆپی هەڵگری کڵاوەی کیمیایی تۆپبارانی دێیەکانی (قزلەر، سنگر، مێولاکە) یانکرد لە ئەنجامدا ژمارەیەک هاووڵاتی شەهیدو برینداربوون.

ڕۆژانی ١٩و ٢٠و١٩٨٧/٤/٢١ ڕژێمی عێراق بە تۆپی هەڵگری کڵاوەی کیمیایی تۆبارانی دێیەکانی دۆڵی بالیسانی کرد.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٢١ دوای دەستەبەسەرداگرتنی ناحیەی قەرەداخ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دوژمن بە چەکی کیمیایی بۆردومانی ناحیەکەیکرد

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١ چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی عێراق بە بۆمبی کیمیایی بۆردومانی دێی زێوەی ناوچەی دهۆکیانکرد لەئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگە بریندابروون

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ دوژمن بە فڕۆکەی چەکی کیمیایی بۆمبارانی دێیەکانی (تۆمار، گورگان، قمر) یکرد لە کەرکوک.

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٧ ڕژێمی عێراق بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بۆردومانی دێیەکانی (مەلەکان، گۆڕەشێر، کەندۆڵ، بلە، بەردۆک، تارینانی) کرد، لە کیمیابارانی مەلەکاندا ئەم هاولاتییانە شەهیدبوون.

١- جەمال جەلال ئۆمەر

٢- ئارام جەلال ئۆمەر

٣- بەیان نادر ئۆمەر

٤- ڕوناک نادر ئۆمەر

٥- ڕووپاک نادر ئۆمەر

٦- زرار ئیبراهیم ئەحمەد

٧- شەهاب ئیبراهیم ئەحمەد

٨- سەفین هاشم عەبدوڵڵا

٩- خەیرییە هاشم عەبدوڵڵا

١٠- هەندرێن هاشم عەبدوڵڵا
١١- ئیبراهیم ئەحمەد ئۆمەر
١٢- خەدیخە تاهیر ئیبراهیم
١٣- ئۆمەر ئەحمەد ئۆمەر
١٤- ئەحمەد حەسەن ئەحمەد
١٥- ئایشە خدر عەبدوڵڵا
١٦- خدر وەسو ڕەسوو
١٧- محەمەد مەغدید ئیسماعیل
١٨- حەویزە ئیسماعیل خدر
١٩- فاتمە عەلی ئەحمەد
٢٠- نەجمەدین عەبدوڵڵا عومەر

*هەمان ڕۆژ بە چەکی کیمیای دوڵی نازەنین و بالیسان بۆردوومانکرا

*هەمان ڕۆژ دوژمن بە تۆپ و فڕۆکە و چەکی کیمیایی بۆردومانی دێی (زێوێ) ی بناری پیرەمەگرونیکرد، لە ئەنجامدا (٣٥) پێشمەرگەو هاووڵاتی بریندااربوون

*ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٣ دوژمن بۆ ماوەی (٤٥) دەقیقە کیمیابارانی بەرگەڵو و یاخسەمەریکرد لە ئەنجامدا چوار پێشمەرگە شەهیدبوون و ژمارەیەکیش بریندااربوون.

*ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٤ دوژمن بە تۆپی هەڵگری کڵاوەی کیمیایی تۆپبارانی مێرگەپانیکرد.

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٥ دوژمن بە تۆپی هەڵگری کڵاوەی کیمیایی تۆپبارانی (سەرگەڵو، یاخسەمەر، هەڵەدن، گوێزیلەی دوڵی جافایەتی) کرد

*شەوی ٢٥-١٩٨٨/٢/٢٦ دوژمن تۆپبارانی دێیەکانی (هەڵەدن، یاخسەمەر، سەرگەڵو گوێزیلە) کرد

شەوی ٢٥-١٩٨٨/٢/٢٦ ڕژێمی عێراق بە تۆپ و ڕاجیمە دێیەکانی (هەڵەدن، یاخسەمەر، سەرگەڵوو، گوێزیلەی) کیمیابارانکرد لە ئەنجامدا ژمارەیەک هاووڵاتی و پێشمەرگە شەهیدبوون

١- شەهید ئازاد سەمیع پێشمەرگەی تیپی پارێزگاری
٢- شەهید عەبدوڵڵا ئەحمەد پێشمەرگەی تیپی پارێزگاری
٣- شەهید ئەزوەر ئەحمەد پێشمەرگەی تیپی پاریزگاری
٤- شەهید یاسین عەبدولرەحمان تەمەن ٨ساڵ
٥- شەهید یاسین عەبدولولڕەحمان هاووڵاتی باوکی سروە خەڵکی هەڵەدن
٦- شەهید عەبدوڵڵا دالار هاووڵاتی خەڵکی یاخسەمەر تەمەن ٦٠ ساڵ
٧- شەهید حەلاو محەمەد هاووڵاتی خەڵکی یاخسەمەر تەمەن ٤٥ ساڵ خێزانی عەبدوڵڵا دالار
٨- شەهید شوکریە عەبدوڵڵا دالار هاووڵاتی خەڵکی یاخسەکەر تەمەن ١٥ ساڵ کچی عەبدوڵڵا دالار
٩- شەهید پەیمان عەبدوڵڵا دالار هاووڵاتی خەڵکی یاخسەمەر تەمەن ١٤ ساڵی کچی عەبدوڵڵا دالار
١٠- شەهید سۆران عەبدوڵڵا دالار هاووڵاتی خەڵکی یاخسەمەر تەمەن ١٢ ساڵی کوڕی عەبدوڵڵا دالار
١١- شەهید محەمەد فەرەج هاووڵاتی خەڵکی یاخسەمەر
١٢- شەهید محەمەد سەعید هاووڵاتی خەڵکی یاخسەمەر

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی عێراق بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بە چەکی کیمیایی بۆردومانی شاری هەڵەبجە و عەنەبی کردلە ئەنجامدا (٥) هەزار هاووڵاتی شەهید و (٩) هەزاریش برینداربوون.

*شـەوی٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمن کیمیابارانی (سیۆسێنان، دووکان، بەلکەجاڕ، جافەران، ولیان) ی ناوچەی قەرەداخی کرد.

لەئەنجامدا (٧٥) هاووڵاتی شەهیدوو زیاتر لە (٣٠٠) کەسیش برینداربوون.

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ چەند فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی عێراق بە چەکی کیمیایی بۆمبارانی دێی (شانەخسێ) یانکرد لەئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهیدو برینداربوون.

## کـــیمیابارانی بـــالیسان
## 1987/4/16

کیمیابارانی بالیسان بە دوو قۆناغ دەستیپێکرد تیپی ٨٣ی هەورێ لە داستانی ڕزگاری بوون کاتێک ڕژێمی عێراق دۆڵی بالیسانی کیمیابارانکرد.

کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ دوانزە فڕۆکەی سیخۆ کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسانانیان کرد.

لە ئەنجامی کیمیابارانی بالیسان و شێخوەسانانەدا دەیان منداڵ و ژن و پیرو گەورەو بچووک بوونە قوربانی چەکی کیمیایی و شەهید بوون دەیانیش بریندار بوون و بیناییان لەدەستدا.

ئەو ئێوارەیەی بالیسان و شێخ وەسانان کەوتنە بەر پەلاماری چەکی کۆمەڵکوژو قەدەغەکراوی کیمیایی، خەڵکی بەرەو چیاو ئەشکەوتەکان ڕۆیشتن، خەڵکی بالیسان چوو بوونە گەری ئەشکەوتێ و گەری بێ شێخ.

هاوکات لەگەڵ کیمیابارانکردنی بالیسان و شێخ وەساناندا فڕۆکە مەرگ هێنەکانی دوژمن کیمیابارانی دێی (کانی بەرد) یانکرد کە دەکەوێتە نێوان بالیسان و شێخ وەسانان.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ فڕۆکەکانی دوژمن شەش بۆمبی کیمیاییان ئاڕاستەی دێی کانی بەرد کرد.

بۆمبەکان لە باشووری کانی بەرد لە (خدر حەزار) کەوتنە زەوی و سێ بۆمبیان تەقی، سێ بۆمبیتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کانی بەرد لە (زەوی چل پشکێ) کەوتن و دوو بۆمبیان تەقی.

لە کاتی تەقینی بۆمبەکاندا با هەڵیکردوو کیمیاییەکەی بەرەو دەرەوەی کانی بەرد برد هەر بۆیە قوربانی کەمتر بوو.

لە کیمیابارانی کانی بەرد سێ کەس شەهید بوون کە یەکێکیان ساڵانێک دوای کارەساتەکە لە ژێر کاریگەری کیمیایدا شەهید بوو پانزە کەسیش بریندار بوون.

نەخۆشخانەی شۆڕش لە خەتێ هەندێک پێداویستی پزیشکی و قەترەی چاوی

بۆ بەرکەوتووانی کیمیابارانی شێخ وەسانان و بالیسان دابینکرد.

ڕۆژی دوای کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسانان لە ڕێگەی ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتەوە بە خەڵکیان ڕاگەیاند ئەوانەی بریندار بوون و دۆخیان خراپە حکوومەتی عێراق لێبوردنی داوە دەتوانن بێنە سەروچاوەو بێتواتەو چارەسەر وەرگرن.

هەندێک لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی چوونە سەروچاوەو بێتواتە تا چارەسەر وەرگرن بەڵام پیلانێکی گەورەو ترسنۆکانە بوو نەک چارەسەر، خەڵکەکەیان بردە ڕانیە لەوێشەوە بۆ هەولێر (٧٢) بەرکەوتوی کیمیایی بێسەرو شوێنکران، ژن و مناڵ و پیرەکانیان گەڕاندەوەو لە کارگەی قیری خەلیفان فڕێیاندان و وتیان بڕۆنە لای موخەڕیبەکانتان.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٨ دوو ڕۆژ دوای کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان هێزەکانی دوژمن پەلاماری دۆڵی بالیسانیاندا لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٩ بالیسانیان تەختی زەویکردو سووتاندیان.

لە لاپەڕەکانی دواتردا ناوی شەهیدانی دۆڵی بالیسان لە ١٩٨٧-١٩٨٨ دەخەینە بەرچاو.

## کـــارەساتی کـــیمیابارانی هـــەڵەبجە

هەڵەبجە مەڵبەندی پێشکەوتن و جوانی و هونەرو ئازادی بوو، مەڵبەندی ئەدیب و منەوەرو ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران و شاعیران بوو، ناوچەیەکی گەشەسەندو پێشکەوتوو لە ڕووی فکرو داهێنان و تازەگەری، مەڵبەندێک لە ڕەسەنایەتی و خەزێنەیەکی گەورەی ئەدەب و هونەر، مەڵبەندی کەڵە پیاوان و تێکۆشەران، کە لێرەوە تیشکی دەهاویشتە دەورو بەرو دەبووە ناوەندێکی گرنگ بۆ پێشکەوتن.

لە بواری سیاسیدا هەڵەبجە هەمیشە پێشەنگ و سەر لەوحەی تێکۆشان بووە، لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا سەنگەری پێشەوەی قوربانیدان و تێکۆشان بووە لە پێناوی ئازادی و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، لەو نێوەندەشدا قوربانی زۆری داوەو بەردەوام جێگەی کەڵبەی داگیرکەران بووە.

بزووتنەوەی سیاسی، ئەدەبی، فەرهەنگی، کلتوری و چینایەتی و نەتەوایەتی لە هەڵەبجەدا هەمیشە مەشخەڵێکی زیندوو بووەو ڕەونەقی داوەتەوە بۆ دەورو بەر، کاریگەری هەڵەبجە وەکو ناوەندێکی سیاسی، ئەدەبی، نەتەوەیی، هەر لە سنووری هەڵەبجەو شارەزووردا نەوەستاوە، بەڵکو پەل و پۆی هاویشتووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیوەندی سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی گرنگی گرێداوە، هەر بۆیە جێگە سەرنجی داگیرکەران و ناحەزانی کورد بووەو لە دژایەتی کردنی هەڵەبجە و بۆمباران و وێرانکردن درێغییان نەکردووە تا دەگاتە کیمیابارانی هەڵەبجە.

شاری هەڵەبجە لە مێژووی پڕ لە سەروەری خۆیدا چەندین جار ڕووبەڕووی پەلاماری هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بووەتەوە لە سەردەمی حزبی بەعسدا چەندین جار بۆمباران و سوتماک کراوە، دێیەکانی دەوروبەری ڕووبەڕووی پەلامارو شاڵاوی سووتاندن بوونەوە.

مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٤ شاری هەڵەبجە لە لایەن فڕۆکە مەرگ چێنەکانی بەعسەوە بۆمباران کراو زەرەرو زیانی زۆری پێگەیشت.

ساڵی ١٩٨٧ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری خۆپیشاندانیان دژ بە داموودەزگاکانی ڕژێم ئەنجامداو نارەزاییان بەرانبەر هێزەکانی داگیرکەر دەربڕی، هێزەکانی داگیرکەر ڕووبەڕووی دانیشتوانی هەڵەبجەو دەورووبەری بوونەوەو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٧ ڕەشبگیریان دەستپێکرد بە دەیان کەسیان خستە زیندانە تاریکەکانیانەوە، پەلاماری دێیەکانی دەورووبەری هەڵەبجەیاندا ژمارەیەک دێیان سووتاند، ماڵی هاووڵاتیانی ناوچەکە یان بە (TNT) تەقاندەوە، بەڵام نەیانتوانی گەرووی ئازادی خەڵکی هەڵەبجە بتاسێنن، بەڵکو هێندەیتر خەڵکی تێکۆشەرو ڕووناکبیری هەڵەبجەی لە سەر داوا ڕەواکانیان و مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیان سوورتر کرد.

ڕق و کینەی داگیرکەر بەرانبەر هەڵەبجە و تێکڕای خەڵکی کوردستان گەیشتبووە لوتکە، تێکشکاندنی دوژمن لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا هێندەیتر ئەو ڕقەی ئەستورتر کرد تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ

لە بەرانبەر خەڵکی سڤیلی  هەڵەبجە بە کار بهێنێ و بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە شاری هەڵەبجە بدات.

هێزەکانی (ی ن ک) شاری هەڵەبجەیان لە دەست ڕژێمی عێراق دەرهێنا، شاری هەڵەبجە کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپە دلێرەکانی (ی ن ک) هەڵەبجەو بەرزاییەکانی هەڵەبجەیان لە هێزەکانی داگیرکەر پاککردەوەو هەڵەبجەیان لە دەستی دوژمن ڕزگار کرد، بەڵام ڕژێمی فاشی عێراق بە پێچەوانەی عورف و عادەتی نێودەوڵەتی بە چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ پەلاماری هەڵەبجەیداو لە نێو گازو چەرە دووکەڵدا خنکاندی.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ڕەوە فڕۆکەیەکی مەرگهێن، هاتنە سەر ئاسمانی شاری هەڵەبجە و بە گازی سیانید و خەردەل، بۆمبارانی شاری هەڵەبجەیانکرد، چەرە دووکەڵی کیمیایی ئاسمانی شاری هەڵەبجەی داپۆشی مەرگ و مردن باڵیان بە سەر شاردا کێشا بوو، تەنها لە ماوەی چەند چرکەیەکدا لە ناو شاری هەڵەبجەدا (پێنج) هەزار کەس شەهید بوون و (دە) هەزار کەسیش بریندار بوون، ئەوانەشی لە کیمیابارانی هەڵەبجە ڕزگاریان بوو بەرەو چارەنووسی نادیار ڕۆیشتن، بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەڵەبجە ئاوارەی ئێران بوون و لە ئۆردوگای سەقزو و ئۆردوگاکانیتری ئێراندا پەناهەندە بوون، ئەوانەشی بە برینداری ڕزگاریان بوو برانە نەخۆشخانەکانی ئێران و چارەسەریان بۆ کرا، بەشێک لەو بریندارانە شەهید بوون و لە گۆڕستانەکانی ئێراندا بە خاکسپێردران و گۆڕ غەریب بوون.

دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی ڕژێمی عێراق ویستی کارەساتەکە بکات بە ژێر تەمومژی ڕووداوەکانەوەو ئێرانی پێ تاوانبار بکات، بەڵام هەر زوو ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەرکەوت، ڕۆژنامە نووسانی ئێرانی و بیانی لە سنوورەکانی ئێرانەوە هاتنە ناو شاری هەڵەبجەو مەرگەساتی شارەکەیان تۆمار کرد، دەیان وێنەو ڤیدیۆی کارەساتی هەڵەبجەیان دایە ڕۆژنامەو کەناڵە ئێرانی و بیانییەکان و ڕووی ڕاستەقینەی ڕژێمی عێراقیان پیشانی گەلانی دنیادا، هەستی گەلانی دنیایان بە لای کارەساتی هەڵەبجەو کۆمەڵکوژی گەلی کوردا جووڵاند، تا

وای لێهات کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە گەیشتە نێوەندە سیاسییەکانی دنیاو بووە سەردێڕو مانشێتی ڕۆژنامەو کەناڵە جیهانیەکان، بەمەش بۆ یەکەمجار بێدەنگی بەرانبەر کارەساتی لەو جۆرەو دڕندایەتی ڕژێمی عێراق شکاو کۆدەنگیەکی جیهانی بەرانبەر کارەساتەکە درووست بوو، وێنەی عومەری خاوەرو مناڵەکەی لە کاتی شەهید بووندا بوونە هێمای گەلێکی کۆمەڵکوژ کراوو بەش مەینەت.

کارەساتی هەڵەبجە برین و زامی قوڵی لە جەستەی مرۆڤایەتی و مرۆڤی کوردا درووست کرد کە تا ئێستاش سارێژ نەبوون.

قوربانیانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە هەر بەوەندەوە نەوەستا، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژو مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ ژمارەی شەهیدەکان زۆرتر دەبوون، بەشێک لە بریندارەکان لە ژێر کاریگەری کیمیاییدا دوای چەند مانگ و ساڵ گیانیان لە دەستدا، بریندارەکانیش بە ئازاری بێ کۆتایی کیمیاباران دەناڵێنن.

## بــرووسکەی کاک نەوشیروان

هێزەکانی (ی ن ک) بە فەرماندەیی شەوکەتی حاجی موشیر لە ناو هەڵەبجەدا بوون، کاک نەوشیروان جێگری سکرتێری گشتی (ی ن ک) و سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان برووسکەیەکی ئاڕاستەی شەوکەتی حاجی موشیر کرد، کە وەڵامی برووسکەیەکی کاک شەوکەت بوو.

شەوکەتی حاجی موشیر لە ناو شاری هەڵەبجەدا بوو، سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ برووسکەیەکی بۆ کاک نەوشیروان نارد، بە خۆشحاڵییەوە هەواڵی ڕزگار کردنی شاری هەڵەبجەی بە کاک نەوشیروان گەیاند.

جیهازەکەی کاک شەوکەت ژمارە (١١) بوو، کارپێکەری جیهازەکە محەمەد ڕۆستەم (حەمە سیاسی) بوو جیهازەکەی لای کاک نەوشیروان کاک سەرکەوت بێتەلەوان بوو ژمارە (١٣) بوو.

کاک نەوشیروان وەڵامی برووسکەکەی کاک شەوکەتی دایەوە، کاک سەرکەوتی جیهاز برووسکەکەی بە موجەفیرە دایە جیهازەکەی کاک شەوکەت ئەمەش دەقی برووسکەکەیە

لە/ نەوشیروانەوە

بۆ/ کاک شەوکەت

سڵاوێکی گەرم...

دوای پیرۆزبایی تکایە پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکەن

١/ دەبێت خۆتان بۆ هەموو جۆرە کاردانەوەیەکی ڕژێم ئامادە بکەن، ئەو چەکانەی دەستیان بە سەردا گیراوە بە سەر جەماوەردا دابەشیبکەن بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکەی خۆیان.

٢/ بانگەواز بکەن بۆ خەڵک و ڕێگریان لێ مەکەن، با بچنە دەرەوەی شار تا وەزعەکە هێمن و ئاسایی دەبێتەوە.

٣/ کتێبخانەی گشتی شارەکە بپارێزن.

٤/ بانکی شارەکە بپارێزن، هەر سامانێکی هاووڵاتیان کە لە بانک دایە بە پێی بەڵگەو پسوڵە بیدەنەوە بە خاوەنەکانیان، ئەویتری وەک ماڵی شۆڕش پارێزگاری لێبکەن.

٥/ دەستبگرن بە سەر بەڵگەنامەکانی ئەمن ، موخابەرات، ئیستخبارات و مونەزەمەداو بیانپارێزن.

***

ئەم برووسکەیە سیاسەتی ڕەسمی (ی ن ک) ە بۆ شاری هەڵەبجە.

## شانزە تابلۆو دیـــمەنی حـــــەزین

کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە پڕە لە وێنەی هەمە جۆر، پڕە لە تابلۆی هەمە چەشن، ئەو وێنەو تابلۆ حەزینانەی گوزارشت لە گەورەیی و مەرگە ساتی کارەساتەکە دەکەن، وێنەی لە دەستدانی بیروهۆش، وێنەی دەروونی هەڵقرچاو، وێنەیەک کەف و کوڵی دڵی بریندارو ئازاری لە دەستدانی کۆرپەو مناڵ و هاوسەرو خووشک و براو خێزان و کەسووکار بەرجەستە دەکات.

## دیـــمەنی یـــەکەم

لە کانی عاشقان تەنها پیرە ژنێک مابوو دانی دەدا بە مریشکەکانی، تەنها زیندەوەرو گیانلەبەری زیندوو خۆی و مریشکەکانی بوون، وەستا فاروق[17] لێی پرسی پورێ چی دەکەیت لێرە، پیرەژنەکە وەڵامی دایەوە، قوڕی کوێ بکەم بە سەردا بۆ کوێ بچم.

## دیـــمەنی دووەم

ژنێک کەوتبووە سەر زەوی گیانی سپارد بوو، منداڵێکی (٣) مانگانەی بە باوەشەوە بوو، مەمکی ژنەکە لە دەمی منداڵەکەدا بوو، هەر دووکیان دایک و منداڵ بەیەکەوە بە گازی کیمیایی خنکابوون لە مەرگیشدا لێک دانەبڕان، پێکەوە خەویان لێکەوتبوو.

## دیـــمەنی ســـێهەم

ژنێک دۆخی دەرونی تێکچووبوو، لە ڕێگەی عەبابەیلێ هەڵدەپەڕی و دەگریا، دەیووت وەرن شایمانە (شایی).

## دیـــمەنی چـــوارەم

لە گەڕەکی شەهیدانی هەڵەبجە دایکێک تەنها منداڵێکی دەبێ، کە فڕۆکە مەرگ چێنەکانی بەعس بۆردومانی هەڵەبجەیان کرد دایکەکە لە دەرەوەی ماڵی خۆیان دەبێت بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە ماڵەوە لە شپرزەیی داپڕ دەکات بە سەرینێکداو

[17] وەستا فاروق فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٣٧ی شارباژێر لەو کاتەدا لە هەڵەبجە بوو.

بەڕاکردن ملی ڕێگەی عەنەب دەگرێتە بەر، لە دەرەوەی شار هەواڵی منداڵەکەی لێدەپرسن، ئیتر کە دەزانێ ئەوەی باوەشی منداڵەکەی نییە بەڵکو سەرینە، هەر لە جێدا گیانی دەسپێرێ و شەهید دەبێ.

## دیـــمەنی پـــێنجەم

کچێکی شەش ساڵانە کە لە ئۆردوگای سەقز گیرسابووەوە لەگەڵ نەنکە پیرەکەیدا دەژیا، ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ناو ماڵەکەی خۆیاندا دایک و خوشک و برایەکی شەهید بوون، لەگەڵ باوکیدا خۆیان دەگەیەننە دەرەوەی شار، لەوێ باوکیشی لە ژێر کاریگەری چەکی کیمیایدا توانای ڕۆیشتنی نامێنێ، کچەی شەش ساڵانەش تا دوا چرکەی شەهید بوونی باوکی بەدیاریەوە دەوەستێ لە کۆتایدا بە جامانەکەی دایدەپۆشێ و ملی ڕێگەی ئاوارەیی و چارەنووسی نادیار دەگرێتە بەر.

## دیـمەنی شـــەشەم

لە ئاوەکەی نزیک عەنەب دوو کچی نزیک سیانزە چواردە ساڵان لە ژێر کاریگەری گازی عەسابدا ئاگایان لە خۆیان نامێنێ، لە ناو ئاوەکەدا دەکەونە زۆرانبازی و تا هەر دووکیان هێزیان لە بەردەبڕێ یەکتری دەهێنن و دەبەن، لە دواجاردا بەلادا دێن و هەر لەوێدا گیان دەسپێرن و شەهید دەبن.

## دیـمەنی حـــەوتەم

دایکێک لە پاش ئەوەی کە (٨) منداڵ و باوکیان تەنها منداڵێکی کۆرپەی بۆ دەرچوو بوو، لە ژێر کاریگەری گازی ئەعسابدا ئەو منداڵەشی هەڵدەداتە ناو ئاوەکەی هاوارەوەو بە کاروانی شەهیدانی هەڵەبجەی دەسپێرێ.

## دیـمەنی هــەشتەم

دوو منداڵی تەمەن (٤-٥) ساڵان خووشک و برا بوون لە ناو گوڵاڵە سوورەکانی "دەرەشیش"دا گیانیان سپارد بوو.

## دیـــمەنی نـــۆیەم

منالێک لە گەڕەکی سەرای هەڵەبجە بە سەر پاسکیلەکەیەوە شانی دادابوو خنکا بوو.

## دیـــمەنی دەیـــەم

فڕۆکە بە ناپاڵم دەیدا لە هەڵەبجە خەڵکی دەبرد بە ئاسماندا، ژێر زەمینەکان پڕ بوون لە بریندارو تەرم، هـەزاران تەرم لە سەر ڕێگەکان کوچەو کۆڵانەکان کەوتبوون.

## دیـــمەنی یـــانزەهەم

ئاژەڵەکان ملە تەکەیان بوو دەکەوتن و مردار دەبوونەوە.

## دیـــمەنی دوانـــزەهەم

چۆلەکە لە سەر درەختەکان هەڵدەوەرین.

## دیـــمەنی ســـیانزەهەم

کۆترەکان وولاتیان جێدەهێشت ئەوەی نەڕۆشتایە دەمرد.

## دیـــمەنی چـــواردەهەم

مانگایەک مردار ببووەوە گوێرەکەکەی گوانی دەمژی.

## دیـــمەنی پـــانزەهەم

سەدان کەس لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندا مردبوون.

## دیـــمەنی شـــانزەهەم

پێشمەرگەکانی هەورامان لە کاتی گەڕان بە ژێرزەمینەکاندا چوونە ماڵێکەوە لە پشتی چایخانەی ئازادی دەیان تەرم کەوتبوون گوێیان لە نوزەی کەسێک بوو

پێشمەرگەکان هاواریان لێکرد بجوولێ بزانین لە کوێدایت کچێکی هەڵەبجەیی بەتانییەکەی تەڕ کردبوو لە دەموو لووتی پێچابوو دەوررووبەری هەمووی تەرم بوو، ژنەکەیان هەڵگرت سواری تراکتۆریان کردوو بردیان بۆ عەبابەیلێ لەوێ پێشمەرگەکان کچەکەیان ناسییەوە مامۆستا بوو کچی عومەری بەسام بوو.

جلی ژنانەیان بۆ هێنا تا بیگۆڕن بردیانە لای دکتۆر چارەسەریان بۆ کرد دوای دوو شەو هۆشی هاتەوە ناردیانە ماڵی نەوزاد نەورۆڵی بۆ لای خێزانەکەی.

## کـــیمیابارانی وەرێ

## 1988/5/17

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٧ ڕژێمی عێراق بە بۆمبی کیمیایی پەلاماری (وەرێ)یداو لە ئەنجامدا ٣٥ کەس شەهید بوون و دەیانیتر بریندار بوون.

## کـــیمیابارانی قـــاسماوا
## 1988/7/31

ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٣١ بارەگایەکی پێشمەرگە لە قاسماوا کەوتە بەر شاڵاوی چەکی کیمیایی، دوو فڕۆکە هاتنە سەر قاسماواو بە چەکی کیمیایی کیمیابارانی قاسماواو کونە سیخوڕێکیان کرد کە چەند ماڵێکی تێدا بوو.

پێشمەرگەکان قیناعیان بەستبوو دوو فڕۆکە دەسووڕانەوە فڕۆکەی یەکەم خۆی نزمکردەوەو بازنەیەکی دووکەڵی درووستکرد فڕۆکەی دووەم لە ناو بازنەکەیدا فڕۆکەکانی دوژمن پەلاماری قاسماواو کونە سیخوڕێکیاندا.

حاجی سەلام پێشمەرگە بوو مناڵەکەی لە سەر دەستی بوو هاواریدەکرد شەهید بوو، پێشمەرگەکان کوڕەکەیان لێوەرگرت گەڕایەوە لای خێزانەکەی لە ئەنجامی کاریگەری چەکی کیمیایدا خێزانەکەشی شەهید بوو.

ئێوارە بە سەردا هات بڕیاردرا هەرچی میوەو خواردنە نابێت بخورێت، بریندارەکانیان بردە نەخۆشخانەی خەتێ بۆ لای دکتۆر زریان.

بۆ بەیانی تەرمی شەهیدەکانیان کۆکردەوە تا بە خاکیان بسپێرن، فڕۆکە هاتەوە سەریان بە ئەنقودی لێیدان، بۆ ڕۆژی دواتر تەرمەکانیان شاردەوە.

## کـــیمیابارانی خـــەتێ

هەمان ڕۆژ ١٩٨٨/٧/٣١ دێی خەتێ کیمیابارانکراو ژمارەیەک شەهیدو بریندار بوون، لێرەدا لیستی ناوی شەهیدانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان دەخەینە بەر چاوی خوێنەران:

### لیستی شەهیدانی بالیسان 1987/4/16 + 1988/7/31

١/ حەسەن ساڵح حەسەن

٢/ قادر مستەفا قادر

٣/ حەمەد مستەفا حەمەد

٤/ اسماعیل مستەفا حەسەن

٥/ اسماعیل ابوبکر عەولا
٦/ اسماعیل ابراهیم حەسەن
٧/ تەها ابراهیم حەسەن
٨/ صابر ابراهیم حەسەن
٩/ عوسمان مستەفا حەمەد
١٠/ حەمەد زیاد عبدالله حمد مستەفا
١١/ عبدالله قادر مستەفا
١٢/ فتح الله عبدالله قادر
١٣/ حەسەن مستەفا حەمەد
١٤/ حسێن صۆفی حەمەد
١٥/ عبدالڕحمن صۆفی حەمەد
١٦/ تەها حمد امین غەفوور
١٧/ سەعید عبدالله مستەفا
١٨/ حسێن قادر ابراهیم
١٩/ محمد قادر ابراهیم
٢٠/ ڕەسوڵ مستەفا ڕەسوڵ
٢١/ مستەفا حمد امین خدر
٢٢/ عبدالله حمد شینکۆ
٢٣/ هەدلە شینکۆ کازم
٢٤/ فەریدە اسماعیل مەولود
٢٥/ سەلمە حەمەد
٢٦/ کۆچەر احمد مستەفا
٢٧/ حەمەد حسێن حەسەن
٢٨/ جەعفەر حەمەد قادر
٢٩/ ئامینە ڕەسوڵ ابراهیم

٣٠/ بەناز جەعفەر حەمەد
٣١/ صبريه مستەفا عەزيز
٣٢/ گەردۆ سەلام حسێن
٣٣/ فارس ئەحمەد خاڵە شێخ
٣٤/ حەمەدەمين حەكيم عەبدولڕەحمن
٣٥/ حەليمە ڕەسوڵ حەسەن
٣٦/ قادر عەبدوڵڵا ئاغا

## شەهيدانی كيمیابارانی شێخ وەسانان 1987/4/16

١/ فەقێ ئەحمەد بابەكر
٢/ ڕەسوڵ فەقێ ئەحمەد بابەكر
٣/ كيميا محەمەد فەقێ ئەحمەد
٤/ ئيسماعيل يوسف يوسف
٥/ سەروەر ئەحمەد عوسمان
٦/ حمد امين ئيسماعيل يوسف
٧/ خەديجە مەحموود عەباس
٨/ يوسف حەمەد ئەمين اسماعيل
٩/ سيبور حمد امين اسماعيل
١٠/ ستار حمد امين اسماعيل
١١/ عائيشە حمد امين اسماعيل
١٢/ ژيان حمد امين اسماعيل
١٣/ ئاشتی حمد امين اسماعيل
١٤/ زاهير حمد امين اسماعيل
١٥/ خەديجە عومەر ووسو
١٦/ حسێن اسماعيل يوسف

١٧/ هەمین خدر ووسو
١٨/ حەیات صابر حمد
١٩/ صافیە حسێن اسماعیل
٢٠/ فەریدە حسێن اسماعیل
٢١/ سەعید عبداللە یوسف
٢٢/ نێرگز سەعید عبداللە
٢٣/ خالید عبداللە یوسف
٢٤/ محمد عبداللە یوسف
٢٥/ خاتوون محمد عبداللە
٢٦/ حەلیمە مەحموود سلێمان
٢٧/ جبار حمد امین احمد
٢٨/ حسێن حمد حسێن
٢٩/ عەلی مەحموود عەباس
٣٠/ڕەسوڵ حمد خدر
٣١/ ارسلان رسول حمد
٣٢/ حسێن حمد خدر
٣٣/ احمد حسن حمد
٣٤/ هەمین احمد حسن
٣٥/عبداللە حسن حمد
٣٦/ رابیعە هەمزە عەلی
٣٧/ عەزیز حمد خدر
٣٨/ عایشە عەزیز حمد
٣٩/ هاشیم عەزیز حمد
٤٠/ سێوێ عەزیز حمد
٤١/ حلیمە عەزیز حمد

٤٢/ جەلال احمد حسێن
٤٣/ ئەسمەر احمد حمد امین
٤٤/ ڕووپاک جلال احمد
٤٥/ دڵپاک جلال احمد
٤٦/ عبدالله قادر اسعد
٤٧/ حەوسەت عبدالله قادر
٤٨/ حمدمین عبدالله مەحموود
٤٩/ یاسین حمدامین عبدالله
٥٠/ محمد حمدمین عبدالله
٥١/ ئەنوەر حمدمین عبدالله
٥٢/ عبدالله حمدمین عبدالله
٥٣/ چیمەن حمدمین عبدالله
٥٤/ زیرەک عبدالله حمدمین
٥٥/ سلیمان مستەفا مەحموود
٥٦/ مریم حمدمین مستەفا
٥٧/ محمد سلیمان مستەفا
٥٨/ مریم حمد خدر
٥٩/ خالید محمد سلیمان
٦٠/ ابوبکر محمد سلیمان
٦١/ عمر محمد سلیمان
٦٢/ صادق عبدالله مەحموود
٦٣/ فاتیمە احمد مەحموود
٦٤/ رەحیمە حمدامین عبدالله
٦٥/ مغدید قادر مەحموود
٦٦/ روقیە مستەفا عبدالله

٦٧/ رووناک مەولود قادر
٦٨/ سعید خدر عەلی
٦٩/ خەدیجە مەولود اسماعیل
٧٠/ حسێن سەعید خدر
٧١/ حەسەن سەعید خدر
٧٢/ سلیمان خدر عەلی
٧٣/ فاتیمە حەسەن تەها
٧٤/ رسول سلیمان خدر
٧٥/ خەلیل سلیمان خدر
٧٦/ خەدیجە سلیمان خدر
٧٧/ خدر سلیمان خدر
٧٨/ یوسف هەمزە خدر
٧٩/ هونەر یوسف هەمزە
٨٠/ عەلی رسوڵ خدر
٨١/ حەیات هەمزە خدر
٨٢/ ڕێزان عەلی رسوڵ
٨٣/ ڕێبوار عەلی ڕەسوڵ
٨٤/ عبدالله حمدامین ابراهیم
٨٥/ ابراهیم عبدالله حمدامین
٨٦/ انوەر عبدالله حمدامین
٨٧/ خانزاد عبدالله حمدامین
٨٨/ صمد عبدالله حمدامین
٨٩/ صدرالدین عبدالله حمدامین
٩٠/ خاتوون عبدالله حمدامین
٩١/ زرار حمدامین ابراهیم

٩٢/ عائیشه حاجی خدر

٩٣/ فتح الله زرار حمدامین

٩٤/ اسماعیل زرار حمدامین

٩٥/ گوڵ ئەندام زرار حمدامین

٩٦/ مەجید سەلیم مەحموود

٩٧/ ئامینه خدر نەبی

٩٨/ مریم مجید سلیم

٩٩/سلیم مەجید سلیم

١٠٠/ صافیه مجید سلیم

١٠١/ ئاسیه مجید سلیم

١٠٢/ سەلام مەجید سلیم

١٠٣/ حەمید مەجید سلیم

١٠٤/ ڕەحیمه مەجید سەلیم

١٠٥/ عایشه ابراهیم هەمزه

١٠٦/ خورشید سلیم مەحموود

١٠٧/ محمد خورشید سلیم

١٠٨/ شوکریه خورشید سلیم

١٠٩/ عمر خورشید سلیم

١١٠/ نەجیبه خورشید سلیم

١١١/ عوسمان کریم مەحموود

١١٢/ زولیخا مستەفا مەحموود

١١٣/ حەسیبه عوسمان کەریم

١١٤/ ئەدیبه عوسمان کەریم

١١٥/ سەعدیه عوسمان کەریم

١١٦/ ستار عوسمان کەریم

١١٧/ ڕزگار عوسمان کەریم
١١٨/ کەریم مەحموود عەلی
١١٩/ خاتوون عەزیز عەلی
١٢٠/ میرەم عەزیز مستەفا
١٢١/ تەها عەلی مەحموود
١٢٢/ ڕەشید عەلی مەحموود
١٢٣/ عبدالواحید اسماعیل جردیس
١٢٤/ تەلعەت قادر جردیس
١٢٥/ عەلی باپیر عەلی
١٢٦/ زوڵەیخا حەسەن تەها
١٢٧/ گوڵخاتر حەسەن تەها
١٢٨/ عبدالله حەسەن عەلی
١٢٩/ محمد ڕەسوڵ باپیر
١٣٠/ قادر ڕەسوڵ باپیر
١٣١/ مستەفا عەزیز مستەفا
١٣٢/ حسێن مستەفا عەزیز
١٣٣/ شیرین حسێن مستەفا
١٣٤/ احمد مستەفا عەزیز
١٣٥/ حەسەن مستەفا عەزیز
١٣٦/ نەرمین حەسەن مستەفا
١٣٧/ هێرش حەسەن مستەفا
١٣٨/ احمەد حاجی عەلی
١٣٩/ عەلی حاجی عەلی
١٤٠/ حەلیمە سلیم مەحموود
١٤١/ صالح عەلی حاجی

١٤٢/ محمد تەها عیسی

١٤٣/ سەرباز محمد تەها

١٤٤/ قەزوان محمد تەها

١٤٥/ عەلی عیسی عەلی

١٤٦/ هەیبەت وەسمان حمدمین

١٤٧/ ڕەفیق عەلی عیسی

١٤٨/ محمد خدر احمد

١٤٩/ گوڵچین محمد خدر

١٥٠/ حسێن وەیسی حەوێز

١٥١/ شاناز احمد حسێن

١٥٢/ احمد حمدامین عەلی

١٥٣/ زاهیر احمد حمدامین

١٥٤/ خدر الیاس حمدمین

١٥٥/ سەرتیپ ساڵح الیاس

١٥٦/ ڕەسوڵ حمدمین عەلی

١٥٧/ ئارام مستەفا ڕەسوڵ

١٥٨/ عوسمان مستەفا حەوێز

## شەهیدانی وەرێ 1988/5/17

١/ جەلال سلێمان قادر
٢/ عایشە قادر احمد
٣/ نەخشین جەلال سلیمان
٤/ محمد جەلال سلێمان
٥/ سەفین جەلال سلێمان
٦/ سامان جەلال سلێمان
٧/ خالید سلێمان قادر
٨/ حمدیە تەها سلێمان قادر
٩/ حمدمین اسماعیل قادر
١٠/ جمیل حمدامین اسماعیل
١١/ نەورۆز حمدمین اسماعیل
١٢/ پیرۆز حمدمین اسماعیل
١٣/ ڕەشید حمدمین اسماعیل
١٤/ عایشە خدر یوسف
١٥/ محمد تەها مەولوود
١٦/ بەناز تەها مەولوود
١٧/ فخریە فتاح خدر
١٨/ جەمال تەها مەولوود
١٩/ خەدیجە قادر مستەفا
٢٠/ ئاسیە خدر شێخە
٢١/ مەدینە محمد خدر
٢٢/ ئامینە محمد خدر
٢٣/ ئەسکەندەر مستەفا خدر
٢٤/ لەیلا مستەفا خدر

٢٥/ گەلاوێژ مستەفا خدر

٢٦/ ڕزگار مستەفا خدر

٢٧/ صابر حمد حەسەن

٢٨/ عەزیزە صابر حمد

٢٩/ عایشە حەسەن خدر

٣٠/ ناهیدە احمد لەتیف

٣١/ عایشە قادر حمد

٣٢/ ابراهیم احمد عەلی

٣٣/ هەمینە مستەفا حەسەن

## کـــــیمیابارانی ســـــێوسێنان

سێوسێنان لە باوەشی گەرمی قەرەداخدا ئارام بوو، لە ئارامیدا نوقمی خۆشەویستی و پەیوەست بوون بە خاکەوە دەیبزواندوو ئەو شاخ و قۆپیانەی دەکردە نواو لە ئامێزی دەگرتن.

سێوسێنان لە باوەشی گەرمی ئێوارەیەکدا هەرچی گەڵای هەبوو وەری، وەکو باڵندەیەکی تەربوو هێلانە سووتاو دڵی سووتاو لە جەغاردا هەڵوەری.

ئەنفالی دوو دارو بەردوو خاک و گوڵ و گەڵاو کێڵگەو ماڵ و دێ و هێلانەی مەلەکان و هەتا یاری منداڵانی پێکەوە سووتان و نوقمی خوێنی کرد، ئەنفال ئەو قۆپی و دەربەندو لادێیانەی قەرەداخی لە لوتکەی سەوزایی و ژیانەوەدا کردە خەڵوز و ڕەشایی بە جۆرێک، دارێک بنچکێک هەناسەیەک، هەتا قوڵپی کانیەکی لە دوای خۆیەوە جێنەهێشت، ماڵ و خانووی قەراخی ڕماند، باخ و مەزرای سووتاند، کانیاوەکانی کوێر کردەوە هەتا کلوکلدانی کچانی سێوسێنانی لە بوخچەکەیاندا هەر بە بوخچەوە سووتاند.

ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٢ جووتیارانی دێی سێوسێنان دوای شەکەتی و ماندوویەتی ڕۆژانە سەرگەرمی نانی ئێوارە بوون کاتێک تۆپە کڵاو هەڵگرە کیمیاییەکانی بەعس لە خەڵتانی خوێن و چەرە دووکەڵی کیمیایی هەڵکێشان.

دیمەنی کیمیابارانی سێوسێنان هەرگیز لە چاو وون نابێ، لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا لاشەو خوێن و نان تێکەڵ بە یەکتر بوون، لە سەر سفرەی دەستی ماندووی ماڵە جوتیارەکانی سێوسێنان خوێن دەچۆڕا، لەو ئێوارە پڕ لە تاوانەدا ٦٧ هاووڵاتی و پێشمەرگە شەهید بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ و پیر بوون .

**ناوی شەهیدانی کیمیابارانی سێوسێنان**

١/ مەلیحە عبدالقادر مەجید

٢/ پەیمان عوبێد مەحموود

٣/ تابان عوبێد مەحموود

٤/ ڕۆژگار عوبێد مەحموود

٥/ ڕزگار عوبێد مەحموود

٦/ کوردە عوبێد مەحموود

٧/ یادگار عوبێد مەحموود

٨/ نەریمان ئیدریس هەورامی

٩/ ڕەحیم پێنجوێنی – پێشمەرگە

١٠/ مەهدی هادی نەجم

١١/ شەوقی تۆفیق محمد

١٢/ فایەق مەهدی هادی

١٣/ عبدالله مەهدی هادی

١٤/ نەوشیروان مەهدی هادی

١٥/ زهدی مەهدی هادی

١٦/ هیدایەت مەهدی هادی

١٧/ ئومێد مەهدی هادی

١٨/ زمناکۆ مەهدی هادی

١٩/ بێستون مەهدی هادی

٢٠/ ئاوات فایەق هادی

٢١/ ئاشنا فایەق مەهدی

٢٢/ فەریق سەعید ساڵح

٢٣/ دادام عبدالقادر مجید

٢٤/ ئاسۆ فەریق سەعید

٢٥/ ئاشنا فەریق سەعید
٢٦/ تانیا سەعید ساڵح
٢٧/ ڤانیا فەریق سەعید
٢٨/ تاهیر نەوزاد حەمە ئەمین
٢٩/ ئەختەر حسێن محمد
٣٠/ مەهاباد غەیدان محمد
٣١/ عبدالله عبدالعزیز زۆراب
٣٢/ شادی عبدالله عبدالعزیز
٣٣/ کەژاڵ عبدالله عبدالعزیز
٣٤/ عائشە عبدالکریم احمد
٣٥/ خاتوون سلێمان احمد
٣٦/ محمد فەریق مەحموود
٣٧/ هیوا فەریق مەحموود
٣٨/ هۆما نەجم زۆراب
٣٩/ گۆران کەریم وادی
٤٠/ خدیجە حەسەن احمد
٤١/ محمد احمد عبدالکریم
٤٢/ زەیدان محمد حەمە فەرەج
٤٣/ تاهیر محمد حەمە فەرەج
٤٤/ زەینەب احمد فارس
٤٥/ سەردار احمد عبدالقادر
٤٦/ شنۆ احمد عبدالقادر
٤٧/ غەیدان حسێن ڕەشان
٤٨/ عەلادین عمر حسێن ڕەشان
٤٩/ پەیمان عومەر حسێن

٥٠/ حەمە ئەمین اسماعیل شەریف
٥١/ خانم صابر وەسمان
٥٢/ شەهاب حەمە امین اسماعیل
٥٣/ بەناز حەمە ئەمین اسماعیل
٥٤/ فاتمە حەمە ئەمین اسماعیل
٥٥/ بەهیە تۆفیق حەسەن
٥٦/ جەزا ڕەزا محمد امام
٥٧/ بابان ڕەزا محمد امام
٥٨/ سەبیحە ڕەزا محمد امام
٥٩/ زەینەب فەریق مەحموود
٦٠/ هێمن حەسەن احمد
٦١/ شادان حەسەن احمد
٦٢/ شادی حەسەن احمد
٦٣/ هەردی حەسەن احمد
٦٤/ ڕەفیق صدیق حەمە ئەمین
٦٥/ چنور فایەق نەجم
٦٦/ ئەسمەر صدیق حەمە ئەمین
٦٧/ ئاواز صدیق حەمە ئەمین

## کــیمیابارانی شـــاناخسێ

ڕۆژی ۱۹۸۸/۳/۲۳ کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ پۆلێک فڕۆکەی مەرگ چێن، بە بۆمبی قەدەغەکراوی کیمیایی گوندی شاناخسێ یان کیمیاباران کرد کە بەشێک لە بارەگاکانی "ی ن ک" و بە تایبەت تیپی ۳۷ ی لیێبو، بۆمبارانی گوندی شاناخسێ بە کیمیایی شەهید و برینداری زۆری لێکەوتەوە، لە کیمیابارانی شاناخسێدا، دکتۆر هادی، عوسمان ولاغلویی، ئاسۆی شێخ عارفی کوڕەداوێ، حمەمینی خەجێ پێنجوێنی، شێخ عزیز، مامۆستا ڕئوف شەهید بوون.

سەید ئەحمەد و عمر چاوشین دڕەیی و کاوە سەراوی و دەیانیتر بەرچەکی کیمیایی کەوتن و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کران بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر، بەداخەوە هەندێک لە بریندارەکان گیانیان سپارد، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەو ئـازارەوە گرفتارن، یان شەهید بـوون، عمر چاوشین دڕەیی یەکێک لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە شاناخسێ تا ئێستەش لە نەخۆشخانەکانی ئەوروپا چارەسەر وەردەگرێت.

## ئاسۆی شێخ عارف لە زیندانەوە تا شەهید بوون

لە کیمیابارانی (شاناخسێ)دا یەکێک لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی شەهید بوو ئاسۆی شێخ عارفی کوڕاداوێ بوو.

ئاسۆی شێخ عارف ساڵی ۱۹۷۸ لە کوڕاداوێ دەستگیرکراو ڕەوانەی هەیئەی کەرکوک کرا، پاش ماوەیەک مانەوە لە زیندان، هەمان ساڵ لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا زیندانی کەرکوکیان شکاندو گەیشتنە سنورەکانی کەرکوک، لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی دیکە، ئاسۆی شێخ عارف هەمان ساڵ لە هەرێمی چوار لای جەمالی عەلی باپیر بووە پێشمەرگە.

قارەمانی دەیان داستان و نەبەردی بوو، فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ۳۷ی شاربازێڕ، لە کیمیابارانی (شاناخسێ)دا گیانی سپارد.

## شـــەهیدو بریندارەکانی چـــەکی کـــیمیایی

شەهیدو بریندارەکانی تیپی ٣٧ی شاربازێڕ و تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە پاشەکشەی پێشمەرگە دا لە شەڕەکانی ئەنفال هاتبوونە شاناخسێ زۆر بوون، ١٨٠ کەس لە پێشمەرگە و خێزانی پێشمەرگە بە چەکی کیمیایی بریندار بوون.

## بریندارەکانی چەکی کیمیایی

١/ ئەنوەر شوانی

٢/ جەواد بێدەری

٣/ سالار حاجی دەروێش

٤/ هەژار حاجی شەریف

٥/ شەماڵ عەلی باپیر

٦/ ڕێبوار چاوشین

٧/ خالید سیتەکی

٨/ ساماڵ عومەر مۆریاسی

٩/ ڕزگار عومەر حەمەی قازی

١٠/ واحیدە بچکۆل

١١/ هاوڕێ سۆران

١٢/ دەروێش بارەیی

١٣/ کەمال ڕەحمان

١٤/ عوسمان ڕەحمان

١٥/ مام ئەنوەر

١٦/ ئازاد سەمیع

١٧/ نەوزاد چاوشین

١٨/ بورهان صالّح بەحری (بورهانە پیر)

١٩/ مەلا جەلال
٢٠/ جەمال شێخ محی الدین
٢١/ سمکۆ
٢٢/ عومەر چاوشین
٢٣/ دکتۆر برایم
٢٤/ مامۆستا بەرزان
٢٥/ سەید ئەحمەد
٢٦/ دانا ئەحمەد مەجید
٢٧/ مام بەکر
٢٨/ دکتۆر کاوە
٢٩/ هەڵمەت گەڵاڵەیی
٣٠/ مامۆستا عەدنان
٣١/ شاخەوان سەرگەڵویی
٣٢/ یوسف
٣٣/ عومەر پاڵەوان
٣٤/ حەمە قەڵاچوالانی
٣٥/ سالار دڕەیی
٣٦/ سامان
٣٧/ کامەران سەید مەجید
٣٨/ محەمەد ڕەسوڵ، حەمەی جهاز
٣٩/ عەزیز قەڵەم پاشا
٤٠/ عەلی محەمەد حەمەدەمین
٤١/ عوبێد حسێن ئەحمەد
٤٢/ بەکر حەکیم صاڵح
٤٣/ ئەمین عەلی عەبدوڵڵا

ئەمانە بەشێکن لەو پێشمەرگە بریندارانەی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی لە شاناخسێ.

**بـــەشێک لە شـــەهیدانی کـــیمیاباران**

شەهید ئاسۆ کوڕاداوی

شەهید حەمەمین خەجێ

شەهید مامۆستا ڕەئوف

شەهید دکتۆر هادی

شەهید شێخ کەریم شەدەڵەیی

شەهید شوانە

شەهید کەمال

شەهید عوسمان وڵاغلویی

شەهید هەژار

شەهید برایم بچکۆل

شەهید برایم

شەهید شێخ عەزیز شەدەڵەیی

## کـــۆپتەرو نـــــوکتە

لە کیمیابارانی شانەخسێ بریندارو شەهیدی زۆر هەبوون، بریندارەکان بە سواری کۆپتەر گواسترانەوە ئێران.

لە ناو کۆپتەرەکەدا

* مەلا ڕەحمان بانگی شێخ محەمەدی کرد ووتی کوڕە میزم دێ.
* شێخ محەمەد وەڵامی دایەوە ووتی منیش بە خۆمیدا دەکەم.
* مەلا ڕەحمان ووتی ئەی تەگبیر چیە.
* شێخ محەمەد هاواری لە کاربەدەستانی کۆپتەرەکە کرد ووتی میزمان دێ.

* وەڵامیان دایەوەو وتیان ئەمە فڕۆکەیە بە ئاسماندا دەفڕێ، میزتان دێ چیتان لێبکەین.

* شێخ محەمەد ووتی با بنیشێتەوە خۆ دەبێ میزەکەمان بکەین.

* وتیان یا شێخ کۆپتەر شوێنی تایبەتی هەیە بۆ نیشتنەوە ببوورە

## کــیمیابارانی گــۆپتەپە- عـــەسکەر

هێشتا زامی کیمیابارانی هەڵەبجە و سێوسێنان و شاناخسێ سارێژ نەببوو، زامێکیتر کەوتە جەستەی بەشێکیتر لە نیشتمان، زامی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر.

ڕژێمی دەست ڕەش و ناخ ڕەشی عێراق هەرگیز سڵی لە وێرانکاری و کاولکاری و بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی نەدەکردەوە، ساڵی ١٩٨٧ بالیسان و وەرێ و چەند ناوچەیەکیتر کەوتنە بەر شاڵاوی چەکی کیمیایی بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ دا ڕژێمی عێراق بە چڕی کەوتە کیمیابارانی شارو دێیەکانی کوردستان.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ کاتژمێر ٥:٤٥ دەقیقەی ئێوارە شەش فڕۆکەی سیخۆی جۆری (مێک) کە هەڵگری کڵاوەی کیمیایی بوون گازی (سیانید)یان بە سەر گۆپتەپەدا ڕشت.

١٧ی ڕەمـەزان بوو، خەڵکی گۆپتەپە بەڕۆژوو بوون ڕوو لە خودا چاوەڕێی ئێوارە بوون ڕۆژوەکەیان بشکێنن بەڵام لە جیاتی ڕۆژوو شکاندن فڕۆکە مەرگ هێنەکانی بەعس ژەهریان بە سەرداباراندن و ١٠٩ هاووڵاتی لە گۆپتەپە شەهید بوون، ٢٧٠ دانیشتووی گۆپتەپە لە لایـەن ڕژێمەوە دەستگیرکران و لە نوگرە سەلمان کران بە ژێر خاکەوە.

**شەهیدانی کیمیابارانی گۆپتەپە**

١/ پەروین سەید ئەحمەد عەبدوڵڵا

٢/ پرشنگ لەتیف عەبدولقادر

٣/ پەرێز لەتیف عەبدولقادر

٤/ شیلان لەتیف عەبدولقادر
٥/ کاروان لەتیف عەبدولقادر
٦/ لەیلا لەتیف عەبدولقادر
٧/ بەڵێن بێستوون محەمەد قادر
٨/ عەتیە عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم
٩/ دانا ئومێد عەبدولقادر
١٠/ سارا ئومێد عەبدولقادر
١١/ دەریا ئومێد عەبدولقادر
١٢/ پۆڵا ئومێد عەبدولقادر
١٣/ توانا عەبدوڵڵا عەبدولقادر
١٤/ تیشکۆ عەبدوڵڵا عەبدولقادر
١٥/ کابان عەبدوڵڵا عەبدولقادر
١٦/ تاڤگە عەبدوڵڵا عەبدولقادر
١٧/ شۆخان عەبدوڵلا عەبدولقادر
١٨/ ئایشە عەبدولکەریم مستەفا
١٩/ کامەران حسێن مەحموود
٢٠/ فەیم نادر
٢١/ نەجیبە نادر محەمەد
٢٢/ قادر نادر محەمەد
٢٣/ فاتمە محەمەد غەریب
٢٤/ هاوڕێ قادر نادر
٢٥/ حەمە ئەمینساڵح
٢٦/ کابان ساڵح
٢٧/ شەمسە ڕەزا
٢٨/ هەژار حەمەدەمین ساڵح

٢٩/ عەبدوڵڵا حەمەدەمین ساڵح
٣٠/ ئامینە حەمەدەمین ساڵح
٣١/ فاتمە حەمەدەمین ساڵح
٣٢/ گوڵاڵە حەمەدەمین ساڵح
٣٣/ نەجات عەبدولڕەحمان
٣٤/ نەوزاد عەزیز
٣٥/ هەڵاڵە حەمەدەمین
٣٦/ هاجەر محەمەد مام ڕەش
٣٧/ ناسک قادر ئیسماعیل
٣٨/ ئاسکە قادر ئیسماعیل
٣٩/ سەربەست قادر ئیسماعیل
٤٠/ سەردار قادر ئیسماعیل
٤١/ دارا قادر ئیسماعیل
٤٢/ کۆچەر قادر ئیسماعیل
٤٣/ هاوژین قادر ئیسماعیل
٤٤/ ئامین قادر ئسماعیل
٤٥/ ساڵح ئیسماعیل عەلی
٤٦/ خدر ساڵح ئیسماعیل
٤٧/ نازدار ساڵح ئیسماعیل
٤٨/ عەلی ساڵح ئیسماعیل
٤٩/ کاروان ساڵح ئیسماعیل
٥٠/ ئاورنگ ساڵح ئیسماعیل
٥١/ تەلیعە ساڵح ئیسماعیل
٥٢/ محەمەد کەریم محەمەد
٥٣/ جەمال محەمەد کەریم

٥٤/ عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان مستەفا

٥٥/ ئایشە عەبدولڕەحمان مستەفا

٥٦/ حەسەن حسێن مستەفا

٥٧/ نەزیر ئەحمەد فەتاح

٥٨/ بەرهەم حەسەن حسێن

٥٩/ ئاشتی حەسەن حسێن

٦٠/ دەشتی حەسەن حسێن

٦١/ دیمەن حەسەن حسێن

٦٢/ حسێن مستەفا ساڵح

٦٣/ خانم محەمەد

٦٤/ ئەحمەد عەبدوڵڵا

٦٥/ فاتمە شەفیق ستار

٦٦/ شەونم ئەحمەد عەبدوڵڵا

٦٧/ شیلان ئەحمەد عەبدوڵڵا

٦٨/ ئاوات ئەحمەد عەبدوڵڵا

٦٩/ عومەر ئەحمەد محەمەد

٧٠/ جومعە ئەحمەد کاکی

٧١/ سەبیحە عەزیز عارف

٧٢/ عومەر حاجی محەمەد عەلی

٧٣/ حەسەن مەحموود حەسەن

٧٤/ کاکە مەم حەسەن مەحموود

٧٥/ عومەر کاکە مەم حەسەن

٧٦/ جەواد ئەحمەد فەتاح (جەواد بێدەری)

٧٧/ فواد عەبدولباقی محەمەد

٧٨/ سەعید محەمەد (حەمە شوان)

٧٩/ ئامین ساڵح حەمە
٨٠/ شوان سەعید محەمەد
٨١/ ئاورنگ سەعید محەمەد
٨٢/ نەبات سەعید محەمەد
٨٣/ ئەحمەد سەعید محەمەد
٨٤/ محەمەد سەعید محەمەد
٨٥/ نەجات سەعید محەمەد
٨٦/ حسێن شەریف
٨٧/ هێرۆ حسێن شەریف
٨٨/ هێشو حسێن شەریف
٨٩/ موحسین سەلام محەمەد
٩٠/ ئازاد تۆفیق لەتیف
٩١/ لەتیف سەعید فەتاح
٩٢/ سەردار سەعید فەتاح
٩٣/ مەلا مەحموود ئەحمەد
٩٤/ دکتۆر سەعید محەمەد
٩٥/ فاتمە مەحموود محەمەد
٩٦/ ئەحمەد غەفور ئەحمەد
٩٧/ محەمەد غەفور ئەحمەد
٩٨/ سەمیرە غەفور ئەحمەد
٩٩/ حەکیم غەفور ئەحمەد
١٠٠/ ئەمیرە غەفور ئەحمەد
١٠١/ نەژاد غەفور ئەحمەد
١٠٢/ فەریدون غەفور ئەحمەد
١٠٣/ هاوژین غەفور ئەحمەد

١٠٤/ سەردار حەمە ڕەشید
١٠٥/ ڕوقیە ئەحمەد محەمەد
١٠٦/ سمایل عەزیز – پێشمەرگە
١٠٧/ نەناسراوە ڕەگەزی نێر
١٠٨/ نەناسراوە ڕەگەزی مێ
١٠٩/ نەناسراوە منداڵ

جگە لە شەهیدانی هاووڵاتی لە گۆپتەپە ژمارەیەک پێشمەرگەو هاووڵاتیتر شەهید بوون کە بە دەم ئازارەوە لە گۆپتەپە چوونە دەرەوە، هەر یەکە لە قەدپاڵ و لاپاڵ و شیوێک یان لە سەر زێ شەهید بوون.

لە ناو گۆپتەپە و دەورووبەری ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون، لە کات و شوێنیتر لە مێژووی تیپەکان- پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا ئاماژەیان پێدراوە.

## کـــیمیابارانی عـــەسکەر

هەمان ڕۆژو هاوکات لەگەڵ کیمیابارانکردنی گۆپتەپە، دێی عەسکەری دەستە خوشکی گۆپتەپەش کەوتە بەر شـاڵاوی چەکی قەدەغە کراوی کیمیایی و (٨) هاووڵاتی شەهید بوون.

**شەهیدەکانی کیمیابارانی عەسکەر**

١/ نوری محەمەد ئەمین ئەحمەد
٢/ فاتمە سەعید حسێن
٣/ بەکر سەعید ئیسماعیل
٤/ شوکریە نەجم حەمەدەمین
٥/ جومعە بەکر سەعید
٦/ پەخشان بەکر سەعید
٧/ مەنیجە بەکر سەعید
٨/ دارا ڕەحیم ئەحمەد

سرك ، ڕێکخراو ، ڕاپەڕین
حەوت

# ســـوپای ڕزگاری کـــــوردستان
# (ســــــرك)
## (1)

پرۆسەکانی ئەنفال کە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە بە هەشت (٨) قۆناغ ئەنجامدرا، جگە لە زیانی گەورەی مرۆیی و ئابووری، بێسەرو شوێنکردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی کوردو وشک کردنی سەرچاوەی ئابووری لادێ نشینەکان و ڕاپێچکردنیان، ڕووخاندن و وێرانکردنی سەدان دێی کوردستان، ناوچەیەکی گەورەو فراوانی لە دانیشتوان چۆڵ کردوو سەربازگە و ڕەبیەی لێدانان، جگە لە چەند مەفرەزەیەک کە لە ئەنفالدا ناوچەکانیان چۆڵ نەکردوو مانەوە، بەشی هەرە زۆری هێزی پێشمەرگە بەرەو سنوورەکان پاشەکشەیانکرد.

بۆیە سەرکردایەتی (ی ن ک) بە بەرنامە و پلانی تۆکمە بڕیاریدا شانەی چەکداری لە ژێر ناوی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) لە ناو شارەکاندا دروووست بکات، تا پەیوەندی پێشمەرگەو خەڵک بەردەوام بێ و ئامادەبن بۆ هەر فەرمان و هەلوومەرجێکی نوێ.

دروووستکردنی سوپای ڕزگاری کوردستان لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٨ بەرنامەی بۆ دانراو لە مانگی یانزەی هەمان ساڵ چووە بواری جێبەجێکردن.

سەرکردایەتی (ی ن ک) بەرنامەو پەیڕەوی سوپای ڕزگاری کوردستانی شۆڕکردەوە بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شار تا ڕەچاوی خاڵ بە خاڵی بەرنامەکە بکەن و بیکەنە بنەما بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە سوپای ڕزگاری کوردستاندا خۆیان ڕێکبخەن، بۆ هەر پێشمەرگەیەکی سوپای ڕزگاری کوردستانیش مووچەی مانگانە دابینکرا.

دامەزراندن و دروووستکردنی سوپای ڕزگاری کوردستان سەرەتا بۆ ڕاپەڕین نەبوو، بەڵکو دواتر لەگەڵ دروووستبوونی زەمینەی ڕاپەڕیندا بوونە بەشێک لە بەرنامەو نەخشەی ڕاپەڕین، هەر لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراق و زەمینە سازی بۆ ڕاپەڕین ، شانەکانی- برووسک، شالاو دروووستکران.

سوپای ڕزگاری کوردستان بۆ درووستکردنی هێزی پێشمەرگە لە ناو شارو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە لە ئەنجامی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە دروست ببوو.

سوپای ڕزگاری کوردستان بە هاوکاری و پشتیوانی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی (ی ن ک) و ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کارەکانی ڕادەپەڕاند.

هەر لە ڕێگەی ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندیەکانیان بە سەرووی خۆیانەوە گرێدەداو نامەو ڕاسپاردەو هەواڵ و زانیاریەکانیان دەگەیاندە سەرکردایەتی تا ئەو کاتەی بەشێکی زۆر لە لێپرسراوو ئەندامانی ڕێکخراوی سلێمانی دەستگیر کران و دەرفەتی کارکردن تەسک بووەوە.

دوای دەستگیرکردنی ڕێکخراوی سلێمانی، بەشێک لە هێڵەکانی سرک، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پەیوەندیان بە سەرکردایەتیەوە کردەوە تا گەیشتە ڕاپەڕین.

سنووری سلێمانی و دەورووبەری کەرکوک و گەرمیان و ناوچەکانیان، مەیدانی کاروچالاکی سوپای ڕزگاری کوردستان بوو، بەشێک لە تیپ و مەفرەزەکانی (سرک) پەیوەندی و هامۆشوی بەردەوامیان هەبوو لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، خواردن و پێداویستی و هەواڵ و زانیاری ڕۆژانەیان پێدەگەیاندن.

لەم بەشە لاپەڕەی سەروەریەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) هەڵدەدەینەوەو بە دێڕەگەش و پرشنگدارەکانی، بە زەحمەتی و قوربانیەکانیدا گوزەر دەکەین، تا ئەو ڕۆژگارە تاڵانە لە یادەوەری نەوەکانی داهاتوودا نەسڕدرێنەوەو هەر بە زیندوویی بمێننەوە.

وەک لە پێشەوە باسمانکرد، سەرکردایەتی (ی ن ک) بەرنامەی سوپای ڕزگاری کوردستانی (سرک)ی شۆڕ کردەوە بۆ ڕێکخستنەکان کە خۆی لە "٧" بەشدا دەبینێ، تیایدا بە وردی ئەرک و فەرمانی بەشەکان دیاری کراوە، لە ژێر ناوی جۆری ڕێکخستنی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) لێرەدا تەواوی جۆری ڕێکخستنی سوپای ڕزگاری کوردستان دەخەینە بەرچاو.

**زۆر نهێنییــە**

**جــۆری ڕێـــکخستنی**

**سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک)**

**یەکەم- مەفرەزە:**

١/ مەفرەزە پێکدێ لە (٣) کەس: فەرماندە، یاریدەدەری فەرماندە، یەک پێشمەرگە.

٢/ ئەبێت هەر پێشمەرگەیەک ناوێکی نهێنی هەبێت.

٣/ ئەبێت هەر مەفرەزەیەک ژمارەیەکی ڕەمزی هەبێت.

٤/ لە هەر ئۆردووگایەک بۆ نموونە (بازیان، صمود، جەژنیکان، ... هتد) ١ یان ٢ مەفرەزە یا بە گوێرەی پێویست زیاتری تێدابێ:

ا/ نابێ پێشمەرگەکانی مەفرەزەکان و فەرماندەکانیان یەکتری بناسن.

ب/ مەفرەزەکانی ئۆردووگاکان بە گوێرەی نزیکییان لە یەکتری و ئاسانی هاتووچۆکردن پێکەوە ئەبەسترێن.

ج/ فەرماندەی مەفرەزە خۆی بە تەنیاو ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ فەرماندەی تیپ دەبێ.

د/ هەموو مەفرەزەکانی چەند ئۆردوگایەک یەک تیپ پێکدەهێنن.

ە/ هەر تیپە ١ فەرماندەو ١ یاریدەدەری دەبێیت.

و/ هەر تیپێکیان ژمارەیەکی ڕەمزی دەبێت.

٥/ لە مەرکەزی هەر شارێکی گەورە بۆ نموونە (بەغداد، کەرکوک، سلێمانی ، ...هتد) لە هەر گەڕەکێکدا یەک مەفرەزە یان زیاتر بە گوێرەی پێویست پێکدەهێنرێت.

ا/ نابێ پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەو فەرماندەکانی یەکتر بناسن.

ب/ مەفرەزەکانی هەر شارێک پێکەوە دەبەسترێن.

ج/ فەرماندەی مەفرەزە خۆی بە تەنیا و ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ فەرماندەی تیپ دەکا.

د/ هەموو مەفرەزەکانی ناو یەک شار، یەک تیپ پێکدەهێنن.

ە/ هەر تیپە ١ فەرماندەو ١ یاریدەدەری دەبێت.

و/ تیپی هەر شارێک ژمارەیەکی ڕەمزی ئەبێت.

**دووەم- تیپ:**

١/ هەر چەند مەفرەزەیەک یەک تیپ پێکدەهێنن.

٢/ هەر تیپێک ١ فەرماندەی تیپ و ١ یاریدەدەری دەبێت.

٣/ هەر تیپێک ژمارەیەکی ڕەمزی دەبێت.

٤/ هەموو فەرماندەی تیپەکان بە جیا بێئەوەی یەکتر بناسن، ڕاستەوخۆ ئەبەسترێن بە بەشی جێبەجێکردنەوە.

**سێیەم- بەشی جێبەجێکردن:**

١/ بەشێکی سەرەکییە لە فەرماندەیی.

٢/ یەک کەس لێپرسراوی ڕاستەوخۆی دەبێ کە ئەندامی فەرماندەییە.

٣/ ئەم بەشە بە گوێرەی پێویست پێکدێ لە چەند ئەندامێک.

٤/ هەر ئەندامێک لێپرسراوە لە چەند فەرماندەی تیپێک.

٥/ ئەم بەشە بە گشتلا و هەر ئەندامێکی بە تەنیا لە بواری کارەکەی خۆیدا، لێپرسراوە لە جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی دادەنرێن.

٦/ بەشی جێبەجێکردن ژمارەیەکی ڕەمزی دەبێت.

**چوارەم- بەشی زانیاری:**

١/ بەشێکی سەرەکییە لە فەرماندەیی.

٢/ یەک کەس لێپرسراوی ڕاستەوخۆی دەبێت کە ئەندامی فەرماندەییە.

٣/ ئەم بەشە بە گوێرەی پێویست پێکدێت لە چەند ئەندامێک.

٤/ ئەم بەشە بە گشتی و هەر ئەندامێکی بە تەنیا لە بواری ئەو کارەدا کە پێیسپێردراوە بەرپرسیارە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی بۆ دانان و جێبەجێکردنی چالاکی (عملیە) یەک پێویستن.

٥/ سەرچاوەی سەرەکی زانیاریەکان ڕێکخستن دەبێ خۆیشی بۆی هەیە تۆڕی تایبەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێک بێنێ.

٦/ ئەو زانیاریانەی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک پێویستن پاش کۆکۆدنەوەو

ساخکردنەوەی دەیدا بە فەرماندەیی.

٧/ بەشی زانیاری ژمارەیەکی ڕەمزی دەبێت.

**پێنجەم- بەشی دانانی پلان:**

١/ بەشێکی سەرەکییە لە فەرماندەیی.

٢/ ١ کەس لێپرسراوی ڕاستەوخۆی دەبێ کە ئەندامی فەرماندەییە.

٣/ ئەم بەشە بە گوێرەی پێویست پێکدێت لە چەند ئەندامێک.

٤/ بەشی پلاندانان زانیاری پێویست لە سەر ئەو چالاکییەی ئەویستریێ ئەنجام بدریێ لە فەرماندەیی وەردەگریێ.

٥/ ئەم بەشە بە گشتی و هەر ئەندامێکی بە تەنیا لە بواری ئەو کارەدا کە پێسپێردراوە لە ژێر سەرپەرشتی لێپرسراوی بەشەکەدا بەرپرسیارە لە دانانی پلانی چالاکییەکە.

٦/ پاش دانانی پلانی چالاکی پرۆژەکەی بە ئامادەکراوی ئەدرێتە بەشی جێبەجێکردن.

٧/ بەشی پلان دانان ژمارەیەکی ڕەمزی دەبێ.

**شەشەم- بەشی هەڵگرتنی کەلووپەل:**

١/ بەشێکی سەرەکییە لە فەرماندەیی .

٢/ ١ کەس لێپرسراوی ڕاستەوخۆی دەبێ کە ئەندامی فەرماندەییە.

٣/ ئەم بەشە بە گوێرەی پێویست پێکدێت لە چەند ئەندامێک.

٤/ بەشی هەڵگرتن بەرپرسە لە:

ا/ هەڵگرتن و شاردنەوەی هەموو ئەو کەرەستانەی بۆ ئەنجامدانی چالاکی پێویستن.

ب/ تەئمین کردنی جێگەی هەڵگرتنی کەلووپەل.

ج/ دابینکردنی هەموو ئەو کەرەستانەی بۆ ئەنجامدانی چالاکی پێویستن.

د/ شاردنەوەو دەربازکردنی هەموو ئەو کەسانەی لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیدا ئاشکرا دەبن.

٥/ بەشی هەڵگرتن ژمارەیەکی ڕەمزی دەبێ.

**حەوتەم- فەرماندەیی:**

پێکدێ لە ٤ ئەندام

١/ لێپرسراوی جێبەجێکردن.

٢/ لێپرسراوی زانیاری.

٣/ لێپرسراوی دانانی پلان.

٤/ لێپرسراوی هەڵگرتنی کەلووپەل.

## پـــێناسەی (سرك)، ســـوپای ڕزگاری کـــــوردستان

هەروەک چۆن (ی ن ک) کورتکراوەی ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانییە بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاوهاش "سرک" کورتکراوەی سوپای ڕزگاری کوردستانە.

سرک سوپایەکی نائاشکرا (نهێنی) چەکداری (ی ن ک) بوو لە دوای ئەنفال درووستکرا، پێکهاتەکەی لە ئەندامانی ڕێکخستن ئەوانەی ئارەزوومەند بوون لە ڕیزەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان ڕێکبخرێن، لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لەو پێشمەرگانەی لە دوای ئەنفال دابڕابوون و گەڕابوونەوە ناو شارەکان و هێشتا جێگەی متمانەی شۆڕش بوون پێکهاتبوو، کە دواتر لە ڕیزی تیپ و مەفرەزەکاندا ڕێکخران و ئەرکیان پێسپێردرا.

سوپای ڕزگاری کوردستان سنوورێکی جوگرافی تاڕادەیەک فراوانی هەبوو، لە کفری، کەلار، ناوچەی شارەزور، ناو شاری سلێمانی، بازیان، پیرەمەگرون، دووکان، تەکیە، چەمچەماڵ، ناو شاری کەرکوکی دەگرتەوەو لە سێ تیپ و چەند مەفرەزەیەک پێکهاتبوو، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێکخراوی سلێمانی سەرپەرشتی دەکران، تیپی ژمارە (١) لە ناو پارێزگای سلێمانی، تیپی (٣) لە سنووری شارەزور هەڵەبجەی تازە، تیپی تایبەت لە سنووری کەلار، مەفرەزەیەکی تایبەت لە بازیان،

هێڵ لە تەکیە، چەند مەفرەزەیەکیتر لە چەمچەماڵ و کەرکوک، ئەوە جگە لە هەولێرو بادینان کە مەفرەزەو تیپی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لە لایەن ڕێکخراوی هەولێرو بادینانەوە سەرپەرشتی دەکران.

# تـــیپی یەك ســـرك
# (2)

تیپی (١) ی سوپای ڕزگاری کوردستان بە فەرماندەیی سامی جەمال قەرەداخی بوو لە ژێر ناوی نهێنی (ڕۆستەم) بەڵام پێش درووستکردنی سوپای ڕزگاری سامی قەرەداخی و چەند هەڤاڵێک مەفرەزەیەکیان درووستکرد لە ناو شاری سلێمانی بە ناوی مەفرەزەی (تۆڵە) ژمارەیەک چالاکیان ئەنجامدا.

سامی قەرەداخی پێشمەرگە بوو لە ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە کاک عومەر فەتاح لێپرسراوی ڕێکخراوەکە بوو.

لەگەڵ پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو مەڵبەندی سێ، عومەر فەتاح لە پشتی دەرەوانی ناوچەی قەرەداخ کۆبوونەوەیەکی بەهێزی پێشمەرگە کردوو پێی ڕاگەیاندن، ئەو پانتاییەی لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدایە وردە وردە تەسک دەبێتەوە، بۆیە بیرۆکەی سەرکردایەتی (ی ن ک) درووستکردنی مەفرەزەی جیاجیایە لە ناوچەو دێ چۆڵکراوەکان و ناو شارەکاندا.

خالید ماوەتی و ڕووف غەریب لە قەرەداخ بریندار بوون نەتوانرا بگوازرێنەوە، بە ڕاسپاردەی عومەر فەتاح دەفتەر خدمەیەکی سەربازی بۆ سامی قەرەداخی درووستکرا تا لە ڕێگەی هیرانەوە بچێتە ڕانیە، لەوێشەوە بۆ سلێمانی، چەند نامەیەکیشیان دایە، تا بیگەیەنێتە ڕێکخراوی سلێمانی، لە نامەکەدا داوا لە ڕێکخراوی سلێمانی کرابوو بچنە قەرەداخ بریندارەکان و ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکەش لە ڕێگەی حزبی دیموکراتی ئێران بگوازنەوە قەندیل.

یەکەم دیداری سامی قەرەداخی لە ناو شاری سلێمانی لەگەڵ کاک حەمە نوری بوو، دوای چوونە شوێنی مەبەست و وتنی ناوی نهێنی یەکتریان ناسی و نامەکانی لێوەرگرت، بڕیاریش درا دوای هەفتەیەک یەکتر ببیننەوە، هەفتەی داهاتوو لەگەڵ حەمە نوری کە ناوی نهێنی (موراد) بوو یەکتریان بینی، هاوڕێ موراد بە سامی وت کە ناوە نهێنیەکەی (ڕۆستەم)ەو ڕێکخراوی سلێمانیش داوایان لێکردووە لە ناو شاردا بمێنێتەوە کارمان پێیەتی.

## مـــەفرەزەی تـــۆڵە

ڕەزاق و محەمەد سەوسێنانی هاتبوونەوە شار، چەکەکانیان لە بازیان شاردبوەوە، دواتر چەکەکانیان تەسلیم بە ڕێکخراوی سلێمانی کرد، سامی قەرەداخی (ڕۆستەم) پەیوەندی لەگەڵ ڕەزاق گرێداو بەیەکەوە کەوتنە کارکردن، مەفرەزەی تۆڵەیان درووستکردوو چەند چالاکیەکیان ئەنجامدا.

چالاکی یەکەم: لە ژێر پردەکەی دەباشان- چوارتا، ڕیزێک دەبابە لە سەر فلات بوون، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر سندوقی تەقەمەنی،دەبابەکان دەڕۆیشتن،چواردەوری پردەکە ڕەبیە بوو،سامی قەرەداخی ڕەزاق کە ناوی نهێنی (ڕەوا بوو) دەمانچە و ڕومانەیان پێبوو،سامی ڕومانەیەکی هەڵدایە ناو دەبابەیەک دەبابەکە کەوتە خوارەوە .

سامی و ڕەزاق، لەنێو تەقەو شڵەژانی هێزەکانی داگیرکەرو جمووجۆڵی ڕێگاکە دەربازبوون و سەلامەت دەرچوون.

(لەتیف ئەحمەد قادر قەساب) کە دواتر بووە پێشمەرگە لە سوپای ڕزگاری کوردستاندا، شۆفێری ئوتومبێلی ئەو بەڕازیلیە بوو کە سامی و ڕەزاقی گەیاندە شوێنی چالاکیەکەو دواتریش دەربازی کردن و گواستنییەوە .

چالاکی دووەم: پاش هەفتەیەک لە ئەنجامدانی چالاکی سەر ڕێگای چوارتا، سامی و ڕەزاق، (ڕۆستەم) (ڕەوا) ڕومانەیەکیان خستە ناو ژمارەیەک سەربازەوەو زیانی گیانیان پێگەیاندن.

چالاکی سێهەم: عومەر کەریم (هێمن) پێشمەرگە بوو، هاتبوەوە ناو شارو ببوو بە سەرباز لە سەربازگەی تاجی لە بەغداد، هێمن پەیوەندی بە سامی قەرەداخییەوە هەبوو، لە سەربازگەی تاجی لە بەغداد ئاگری لە سەربازگەکە بەردابوو زەرەرو زیانی زۆری بە سەربازگەکە گەیاندبوو.

چالاکی چوارەم: دوانیوەڕۆیەک، سامی و ڕەزاق ، لە نێوان سەراو سابوونکەرانی سلێمانیدا، تەقەیان لە ژمارەیەک سەربازو ئەفسەر کردوو چەند سەربازو ئەفسەرێکیان بە سزا گەیاند.

تێکڕای ئەو چالاکیانە مەفرەزەی تۆڵە لەساڵی ١٩٨٨ ئەنجامیدان بەڵام بە ناوی تیپەکانی ٥٥ ی قەرەداخ و ٥٧ی سەگرمەو تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون دەدرایە ئێزگە تا دوژمن بزانێت پێشمەرگە لە ناوچەکەن و دێنە ناو شار.

دوای ئەنجامدانی ئەو زنجیرە چالاکییە لە ناو شاری سلێمانیدا حەمە نوری هاوڕێ موراد کە سەرپەرشتیارو لێپرسراوی سرک و ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان سرک و ڕێکخراوی سلێمانی بوو، پەیوەندی بە سامی قەرەداخی کرد کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی لە دارستان، غاباتەکەی زەرگەتە (گردی زەرگەتە) ئامادە بێت.

دوای یەکتر بینین و هەواڵپرسین حەمە نوری پێیووت لە ئێستاوە ئێوە ئەرکێکی ترتان دەبێت، بە بڕیاری سەرکردایەتی چەند تیپێک درووست دەکرێت لە ناو شاردا، تۆ دەبیتە فەرماندەی تیپێک لە ناو شاردا، تیپەکە لە ٨ کەس بۆ ١٢ کەس زیاتر نابێت، (ڕەزاق، هاوڕێ ڕەوا) ش بکەرە جێگری تیپ، لێرە بە دوا ئەو پێشمەرگانەی تەسلیم بوونەوە سیقەتان پێیان هەیە ڕێکیان بخەنەوەو، خۆشمان خەڵکتان بۆ دەستنیشان دەکەین، پێشیڕاگەیاند تیپەکان لە ژێر فەرماندەیی سوپای ڕزگاری کوردستاندا (سرک) کاروچالاکیەکانیان ئەنجام دەدەن هاوکاری مانگانەشتان دەبێت .

## ڕۆڵـــی ژن لە نـــاو (سرك)

لە ڕیزەکانی سوپای ڕزگاری کوردستاندا ژنان ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە گواستنەوەی چەک و نامەو پێداویستی (سرک) لە ناو شاردا.

لە تیپی (١) سوپای ڕزگاری کوردستان لە ناو شاری سلێمانی دوو ژن بەشداری چالاکانەیان هەبوو، یەکێک لەو ژنانە (ژیان تەها ڕەحیم) بوو کە ئێستا هاوسەری سامی قەراخی یە .

هاوڕێیانی ناو شار بەردەوام لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ پێشمەرگە دابڕاوەکان و خەڵکە تێکۆشەرەکان، بەردەوامیش بە نامە لەگەڵ سەرووی خۆیان بیروڕایان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەم نامەیەی هاوڕێ (ڕۆستەم) ئەو پەیوەندیانە دەخاتە ڕوو کە بۆ ڕێکخراوی سلێمانی نووسیوە.

**دەقی نامەکە:**

ئەی کریکاران و گەلانی زۆر لێکراوی جیهان یەکگرن

بۆ (ل، ڕ، س) تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە و هیوای سەرکەوتنتان هاوڕێیانی هێژا

نامەکەتان گەیشتە دەستمان و پاش لێکۆڵینەوە بەم نامەیە وەڵامتان دەدەینەوە:

١/ دەربارەی دەمانچە ئێمە وامان بە باش زانی کە لای خۆمان بێت هەتاوەکو دەچینەوەو ئەگەر توانرا دەمانچەو چەکی سەربەخۆی خۆمان هەیە بمانهێنایە، ئەگەر ڕێگاو زرووفی ڕێگاوبان باش بێت.

٢/ ئەگەر ئەتوانن بە زووترین کات چەند (قومبەلەیەکی تەوقیت) مان بۆ دەستخەن ، بۆ بەکارهێنانی ئەو ئۆتۆمبێلە پڕ تەقەمەنیانەی کە بەرەو بەرەکانی جەنگ دەچن، ئەگەر توانیشتان ناوەند ئاگادار بکەن بۆ هاوبەشی کردنمان لە دەورەی دانان و درووستکردنی (قومبەلەی تەوقیت) ئەوە شتێکی زۆر چاکە کە وا بزانم ئەو دەورانە ناو بە ناو لەو دیوو ئەکرێتەوە.

٣/ ئەگەر هاوڕێی لێهاتوو کارامەو باوەڕ پێکراو هەبێت بۆ هاتنە ناو بەشەکەمانەوە ئامادەم بیانبینین و ڕاوێژ و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە بتوانین ڕایان بێنین و بتوانین بیان گونجێنین لە ئەنجامدانی چالاکیدا کاتێک کە خۆمان لێرە دەبین یاوەکو لێرە نابین بە تایبەتی چالاکی هەڵدانی نارنجۆک کە زۆر قورس نیە.

٤/ ئەگەر توانرا چاومان بکەوێت بە هاوڕێ سامان (شاسوار) زۆر چاکە ئەو خۆی جێگاو شوێنی من دەزانێت، دەربارەی نامەکەی زۆر ڕوون نەبوو هەندێک کەموکوڕی هەبوو ئەگەر بمانبینیایە چاکتر بوو.

٥/ لەگەڵ نامەکەدا نامەیەک بۆ هاوڕێ (عومەر فەتاح) ڕێکخراوی چوار ئەنێرین هیوادارین بۆمان ڕەوانە بکەن.

ئیتر بۆ پێشەوەو ڕووەو سەرکەوتن...

ڕۆستەم

١٩٨٨/ ٨/١٨

## چـــالاکی بــــەغدا

سامی و ڕەزاق، فەرماندەو جێگری فەرماندەی تیپی (١)ی سوپای ڕزگاری کوردستان، بە فەرمانی شۆڕش چوونە بەغدا بۆ ئاگادارکردنەوەو گوێ ڕاکێشانی ئەو نووسەرە کوردانەی خزمەتیان بە ڕژێمی بەعس دەکرد لە دەزگای بە ناو ڕۆشنبیری کوردی، هەندێکیان ئاگادار کرانەوەو هەندێکیشیان نامەی (سرک) یان پێدرا کە تیایدا ئاگادار کرابوونەوە لە ڕەفتارو قەڵەم فرۆشیان بۆ بەعس.

نامەکان ڕاستەوخۆ دەدرایە دەست جاش قەڵەمەکان و ئاگادار دەکران، جگە لە گەیاندنی نامەکان لە هەندێ ناوچەی بەغداش تەقەیان لە بارەگاکانی بەعس دەکرد، دوای ئەنجامدانی چالاکیەکان گەڕانەوە سلێمانی.

## پێشمەرگەکانی تیپی (1)

پێکهاتەی تیپ

١/ سامی جەمال محەمەد فەتاح ناسراو بە ڕۆستەم لێپرسراوی تیپ.

٢/ ڕزگار ئەحمەد قادر ناسراو بە ڕەوا، جێگری لێپرسراوی تیپ.

٣/ لەتیف ئەحمەد قادر ناسراو بە ڕێبوار پ.م.

٤/ عومەر عەبدولکەریم مەعروف ناسراو بە هێمن پ.م.

٥/ حەیدەر عومەر قادر ئەحمەد پ.م.

٦/ سیروان صادق محەمەد پ.م.

٧/ هیوا مەحمود پ.م.

٨/ ژیان تەها ڕەحیم هاوکاری پێشمەرگەکانی سرک.

جگە لە پێشمەرگەکانی (سرک) چەند کەسێکیش ڕێکخرابوون بۆ ڕاپەڕین، پەیوەندیان بە تیپی (١)ی سرکەوە هەبوو بەم ناوانە:

١/ ڕزگار حاجی ئەحمەد بۆسکانی

٢/ فەرەیدون حاجی ئەحمەد

٣/ حەسەنی لیمۆ

هەروەک لە سەرەتا باسمانکرد، درووستبوونی (سرک) بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە لە ئەنجامی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە درووست ببوو، هەروەها سوپایەکی نهێنی چەکدار لە ناو شاردا بۆ درێژەدان و بەردەوامی شۆڕش، بەڵام لەگەڵ هاتنە پێشی زەمینەی ڕاپەڕین و لاساری ڕژێمی عێراق بەرانبەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی (سرک) سوپای ڕزگاری کوردستان بووە بەشێکی گرنگ و سازوو ئامادە لە بەرنامەی ڕاپەڕین.

سوپای ڕزگـاری کوردستـان، ڕۆڵـی دیـاری بینی لـە ڕێکخستنی خەڵک و درووستکردنی شانەی چەکدار لە جەماوەرو گەیاندنی نامە بۆ مستەشارو کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، یەکێک لەو نامانە بۆ شێخ معتصم ی مستەشار بوو عومەر فەتاح لە ڕێگەی سامی قەرەداخییەوە بۆی نارد بوو.

عومەر فەتاح نامەیەکی بە سامی قەرەداخیدا بۆ شێخ معتصم نارد کە مستەشاری یەکێک لە فەوجەکانی خەفیفە بوو.

سامی بە هاوکاری ڕەزاق چووە ماڵی شێخ معتصم بە پاسەوانەکانی بەردەرگای ڕاگەیاند دەچمە لای شێخ معتصم، چوونە ژوورەوەو پێیانوت کاک عومەر ئەم نامەیەی بۆ ناردوویت، شێخ معتصم نامەکەی خوێندەوەو ووتی کەی بتبینمەوە، سامی ووتی کەی نەتیجەم دەست دەکەوێت، شێخ معتصم ووتی سێ ڕۆژی تر وەرنەوە، دوای سێ ڕۆژ وەڵامی نامەکەیان وەرگرتەوەو گەیاندیانە شوێنی مەبەست.

هەڤاڵ مامجەلال ئاگاداری چالاکیەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان بوو، هەروەکو لە کلێشەیەکدا مامجەلال نووسیویەتی ڕاستەو ئاگادارم کلێشەکە لە پاشکۆی ئەم بەشەدا دادەنێین.

# تــیپی تایبەتی گەرمـــیان (کــــەلار)
# (3)

دوای ئەنفال پۆلێک پێشمەرگەی دێرینی دابڕاوی تیپەکانی گەرمیان و شێروانە گەڕابوونەوە ناو شاری کەلارو ناوچەی گەرمیان، حەمەڕەش و مەلا ئەحمەدیان ئاگادار کردبوو لە گەڕانەوەیان.

عەلی شەهید محەمەد، یەکێک لەو پێشمەرگە دێرینە دابڕاوانە بوو گەڕابوەوە ناو شار، بەڵام هەر زوو پەیوەندیان کردەوە بە ڕیزەکانی (ی ن ک)ەوە.

عەلی شەهید محەمەدو هـاوڕێ کامەران و کەریم گڵاوکەیی لە ئۆردوگای "صمود" چاویان بە کاک عوسمانی حاجی مەحمود کەوت، لەو دیدارەدا باسیان لە سەر لە نوێ خۆسازدانەوەو پەیوەندی کردن بە پێشمەرگە دابڕاوەکان و ئەوانەی هاتبوونەوە ناو شار کرد بوو تا ڕێکیان بخەنەوە.

مانگی (١٩٨٩/٢) ش حەمە ڕەش یان لە (پاریاوڵە)ی گەرمیان بینی، چەند شەوێک لە گەورکی[١٨] هۆمەر لای حەمە ڕەش مانەوە دواتر لەگەڵ (حەمە ڕەش) دا هاتن بۆ گڵاوکەوە، گەورکێک هەبوو لەوێ نیشانیاندا، دواتر گەڕانەوە ناو شارو سەرقاڵی کاری پێشمەرگانە بوون.

عەلی شەهید محەمەدو هاوڕێکانی کە ژمارەیان گەیشتە ١٦ پێشمەرگە، تیپێکی تایبەتیان بۆ درووستکرا، تیپی تایبەتی "سرک" عەلی شەهید محەمەد کرایە فەرماندەی تیپی تایبەتی سرک لە سنووری (کەلار) محەمەد ڕەحیم (هاوڕێ شەماڵ) سەرپەرشتی هەر دوو تیپی تایبەتی لە کەلار و تیپی (٣) ی شارەزوری دەکرد کە کاک فارس "مەلا ئارام" فەرماندەی بوو.

١٨ گەورک= لە گەرمیان بە ئەشکەوت دەڵێن گەورک.

## دەســـتگیرکردنی عـــەلی شەهید مـــحەمەد

دوای ئەوەی (هاوڕێ شەماڵ) دەستگیر کرا، عەلی شەهید محەمەدیش فەرماندەی تیپی تایبەتی سرک دەستگیرکرا، هەر دوای دەستگیر کردنی کاک عەلی، عەلی شەهید حەمە کەریم گڵاوکەیی و جومعە و فایەق کەلاری، شاریان جێهێشت، چوونە ڕیزی پارتیزانەکانی گەرمیان و بوونە پێشمەرگە.

جەلال حەسەن ئەحمەد (جەلال چاوشین) و کەریم حاجی ڕۆستەم (کەریمە سوور) دەستگیرکران، لە (زیندان) دا ڕووبەڕووی عەلی شەهید محەمەدیان کردنەوە.

سێ جار (عەلی) یان لە بەرچاوی جەلال و کەریم و جومعە هەڵواسی بەڵام (عەلی) ووتی نایانناسم هەر بۆیە جەلال و کەریم و جومعە ئازادکران.

## مـــام نـــەریمان

حەمید عەلی محەمەد (مام نەریمان) یەکێک لە پێشمەرگە نهێنیەکانی ناو شار (سرک) بوو لە تیپی تایبەت، مام نەریمان مەڕدار بوو لەو پەڕی کەلار ئاژەڵی بەخێودەکرد، هاوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان و حەمەڕەشی دەکرد.

ڕێگەی پارتیزانەکان سەخت بوو، هامووشۆی ڕێگای دزلَی و سورێن دژوار بوو، بۆیە پێویستیان بە دۆزینەوەی ڕێگایەکی ئاسانتر هەبوو و مام نەریمان ڕێگەیەکی تازەی بۆ پارتیزانەکان دۆزیەوە، لە تەپەڕەشەوە بۆ پشتی تیلەکۆو حاجی لەر، کانی بۆرەکەو خورخوڕ لەوێشەوە بۆ پاریاوڵە.

پارتیزانەکان سوودیان لەو ڕێگەیە بینی، بۆیە بنکەیەکی پێشمەرگە هاتە تەپەڕەش و بووە هێڵی بەیەکگەیشتن، پارتیزانەکان لەوێوە دەهاتنە گەرمیان و دەگەڕانەوە.

بنکەی پارتیزانەکان لە ئەشکەوتی سەلاجەکە، سلێمان ئاغا، گەورکی هۆر بوو، لەوێوە بە شەوێک دەهاتنە ناو شار.

جومعە مەجید و ئەحمەد عەلی عوسمان (ئەحمەدی مالیە) دوو پێشمەرگەی تیپی تایبەتی سرک چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە، لەگەڵ حەمە ڕەش چەند مانگێک لە بنە ڕانەکەی مام نەریمان بوون.

پاشماوەی تیپی تایبەتی سرک ببوونە پەنایەک بۆ پارتیزانەکان، مەفرەزە پارتیزانەکان جێگۆڕکێیان دەکرد، مەفرەزەکانیش دەگۆڕدران، مەفرەزەیتر دەهاتە جێگەیان، ئەگەر هەمووشیان نەگۆڕدرانایە ئەوا بەشێکی زۆریان دەگۆڕدران و دەچوونەوە بارەگای سنوورەکان بۆ پشوودان.

بەشێک لە پارتیزانەکان لە سنووری تیپی ٥٣ی شێروانە لەم شوێنانە بوون:

+ ئەشکەوتی داری خلە، مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانی لێبوو.

+ مەفرەزەیەک لە کوونی (سووچڕەکە) بوو.

+ سلێمان ئاغا، ئەشکەوتی سەلاجەکە، بنکەی پارتیزانەکان بوون.

**پێشمەرگەکانی تیپی تایبەت (کەلار)**

١/ عەلی شەهید محەمەد، فەرماندەی تیپ

٢/ کامەران عەبدوڵڵا ناسراو بە هاوڕێ کامەران (پ.م)

٣/ ئەحمەد عەلی عوسمان ناسراو بە ئەحمەدی مالیە (پ.م)

٤/ جومعە مەجید داوێ (پ.م)

٥/ ئەیوب عبدالمجید (پ.م)

٦/ ئەحمەد حەسەن محەمەد ناسراو بە ئەحمەد گەڵاڵی (پ.م)

٧/ ڕەمەزان چاڵە ڕەشی (پ.م)

٨/ حەمید عەلی محەمەد ناسراو بە مام نەریمان (پ.م)

٩/ فایەق تۆفیق ناسراو بە فایەق کەلاری (پ.م)

١٠/ حەمید محەمەد عەلی حەمیدە بچکۆل (پ.م)

١١/ فاروق مەلا محەمەد (پ.م)

١٢/ مەحمود جەلەولایی (پ.م)

١٣/ جەلال حەسەن ئەحمەد (جەلال چاوشین) (پ.م)

١٤/ کەریم عەلی حاجی ڕۆستەم (کەریمە سوور) (پ.م)

١٥/ حسێن حاجی محەیدین (حسێن گەڵاڵی) (پ.م)

١٦/ کەریم حەسەن محەمەد (کەریم گڵاوکەیی) (پ.م)

ئەم پێشمەرگە تێکۆشەرانە بەشداری گرنگیان لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا کرد، دوای ڕاپەڕین عەلی شەهید محەمەد فەرماندەی تیپی تایبەتی (سرک) لە سنوری کەلار- گەرمیان ئازاد کرا.

## تـــیپی ســـێی ســـرك
## (4)

دوای ئەنفالی شووم، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیکردوو ڕێکخستنەکانیش پەرش و بڵاوبوون، بۆیە سەرکردایەتی (ی ن ک) بیری لە درووستکردنی سوپایەکی چەکدار کردەوە لە ژێر ناوی (سرک).

جگە لە پەخشنامەی جۆری ڕێکخستنی سوپای ڕزگاری کوردستان کە چەندین بڕگەو خاڵی وردوو گرنگی لە خۆگرتبوو، سەرکردایەتی (ی ن ک) فۆرمێکی (٢١) خاڵی دابەزاند بۆ ڕێکخستنەکان، ئەوانەی لە سوپای ڕزگاری کوردستاندا ڕێکدەخرێن تا پڕی بکەنەوە، دوا خاڵی فۆرمەکە ئەڵێ ئامادەییت چۆنە بۆ کاری پێشمەرگانە لە ناو شار، بۆ داڵدەدانی پێشمەرگە، بۆ هامووشۆی پارتیزانەکان و بوونە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان شارو پارتیزانەکان، ١٩٨٨/٥/٢٠ فۆڕمەکان پڕکرانەوەو نێردرانەوە بۆ سەرکردایەتی لە مانگی ١٠-١١ ناوەکان گەڕێندرانەوەو سوپای ڕزگاری کوردستان درووستکرا.

پۆلی سیروان، کە دواتر گۆڕا بۆ پۆلی شارەزور ٢١ کەس بوونە پێشمەرگە لە سوپای ڕزگاری کوردستان لە سنووری عەربەت، نصر، باریکە، هەڵەبجەی تازە، زەڕایەن و ناوی نرا تیپی ٣ی سوپای ڕزگاری کوردستان، پۆلی شارەزور سەر بە کەرتی ڕێکخستنی سەرکەوت بوو کە یەکێک لە کەرتەکانی ڕێکخراوی سلێمانی بوو.

سەرکردایەتی، کاکەمینی ناردبووە قەڵادزێ لەگەڵ جیهازێک (بێتەل) تا پەیوەندی نێوان سوپای ڕزگاری و سەرکردایەتی گرێبدات، کاکەمین دوای ماوەیەک گەڕایەوە

سەرکردایەتی و مستەفای سەید قادر هاتە قـەڵادزێ دوای مـاوەیـەک ئەویش دەستگیرکرا.

ڕێکخراوی سلێمانی وەک سەرکردایەتی ناوخۆ هەژمار دەکرا بەشێک لە کارەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێکخراوی سلێمانی بڕیاری لێدەدرا، هەندێکیش بەڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی شاخ.

تیپی ٣ی سرک ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕێکخراوی سلێمانی هەبوو، نامەو ڕاسپاردەو ڕێنماییان بە ناوی هەڵۆ بۆ دەهات.

"محەمەد ڕەحیم حەسەن" هاوڕێ شەماڵ، ئەندامی کەرت و لێپرسراوی پۆلی شارەزور بوو، سەرپەرشتی تیپی ٣ی شارەزورو تیپی تایبەتی گەرمیانی دەکرد.

## چـــالاکی ئـــۆردوگای بـــرایەتی

ئارام بچکۆل پێشمەرگەی (ی ن ک) بوو گەڕابوەوە ناو شار لە تیپی ٣ی سوپای ڕزگاری کوردستان ببووە پێشمەرگەو گیرسابوەوە.

بڕیاردرا لە ئۆردوگای برایەتی چالاکیەک ئەنجام بدەن، نەخشەی چالاکیەکە دانراو هاوڕێ شەماڵ، هاوڕێ فارس (مەلا ئارام) لەگەڵ ئارام بچکۆل دەستنیشانکران بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکە، بەڵام شەوی ئەنجامدانی چالاکیەکە ئارام نەهات، بۆ شەوی دواتر خۆی بە تەنیا چوو بوو چالاکیەکە ئەنجام بدات، بەڵام کەسی مەبەست لە ماڵ نەبوو.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٨ مەفرەزەکەی ئارام بچکۆل، کەمال عەزیز، مامۆستا بەختیار ڕەشید، سیروان عەزیز ئیبراهیم، هەمزەی کاکە حەمەی کانی پانکە، بەکری مەلا فەرەج، ئەنوەر ڕەشید حەمەلاو دەستگیرکران، دواتر گوللە بارانکران (ت) یەکێک لە ئەندامانی مەفرەزەکە پەیوەندی بە ڕژێمەوە کردبوو، مەفرەزەکەی بەگرت دابوو.

## دەســـتگیرکردنی هـــاوڕێ شـــەماڵ

پێشمەرگەکانی حەوزی شارەزور پێویستیان بە چەک و دەمانچە و فیشەک بوو، هاوڕێ شەماڵ بۆ پەیداکردنی چەک چووبووە کەلار کەسێک بەڵێنی دابوو چەکیان بۆ پەیدا بکات بەڵام وتبووی بڕۆن هەفتەیەکیتر وەرنەوە.

ماڵی هاوڕێ شەماڵ زەوییەکیان لە قەرەگۆل هەبوو هاوڕێ فارس کە ناوی نهێنی (مەلا ئارام بوو) لەگەڵ مەحمودی حاجی صالح کەپرێکیان تیا دروستکردبوو کردبوویان بە تەماتە، زۆربەی ئیش و کارەکانی (سرک) یان لەوێوە بەڕێوە دەبرد.

دوای هەفتەیەک هاوڕێ شەماڵ بە کاک فارس و کاک مەحمودی حاجی صاڵحی وت ئێوە بڕۆنە شوێن کەپرەکە، من بەیانی کاتژمێر ۹ دەڕۆم، دەچم بۆ دەمانچەکان، ئەگەر تا کاتژمێر ۹ نەگەڕامەوە بزانن شتێ ڕوویداوە.

هـاوڕێ شـەماڵ لـەگـەڵ محەمەدی شەهید عەلی فـەرمـاندەی تیپی تایبەتی گەرمیان، چووبوونە لای کەسەکە بۆ وەرگرتنی چەکەکان بەڵام لە مامەڵەکردندا ڕێک نەکەووتبوون، هاوڕێ شەماڵ بەرەو گەراج بەڕێکەوتبوو تا بگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی بەڵام لە ڕێگا لە سیطرەکانی ڕژێم دەستگیر کرابوو.

ئەو هێزەی هاوڕێ شەماڵیان دەستگیرکرد بوو لە شوعبەی (۳) ی خاصەی بغداوە هاتبوون، ئەو کەسەی کە بەڵێنی چەکەکانی پێدابوون، هەر ئەویش زمانی لێدابوو.

کاتژمێر بووە (۱۰) ی سەر لە بەیانی ۱۹۸۹/۷/۷ هاوڕێ شەماڵ نەهاتەوە، مەلا ئارام و مەحمودی حاجی صالح بۆ سۆراغی هـاوڕێ شەماڵ بـەرەو ماڵەوەیان ڕۆیشتن بەڵام لەیلا خانی خێزانی دەرگاکەی کردەوە، لە وەڵامی سۆراغی هەڤاڵاندا ووتی نەگەڕاوەتەوە.

ئێتر زانیان هـاوڕێ شەماڵ دەستگیر کـراوە، بۆیە خێزانەکەیان نـاردە ماڵی زاوایەکیان لە دەربەندیخان.

دوای دەستگیرکردنی هاوڕێ شەماڵ بە نامەیەک هاوڕێ فارس (مەلا ئارام) کرایە فەرماندەی تیپی (۳)ی شارەزور، دواتر مەحمودی حاجی صالح کرایە جێگری

تیپ دوو شانەش بە ژمارەکانی (١٣،١٥) درووستکران.

شانەی (١٣) سنووری عەربەت، برایەتی بوو، مەحمودی حاجی صالح لێپرسراوی بوو، شانەی (١٥) سنووری هەڵەبجەی تازە زەڕایەن عوسمان مەجید (هاوڕێ نەبەز) لێپرسراوی بوو.

شێخ صدیق مەفرەزەیەکی هەبوو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تیپەوە هەبوو.

**(دەقی نامەکە)**

هاوڕێ مەلا ئارامی تێکۆشەر

سڵاوی گەرم

بە هیوای سەرکەوتن و سڵاومان بۆ هەموو هاوڕێیان، بۆ ماوەی زیاد لە مانگێکە هاوڕێ شەماڵ لە لایەن دەزگاکانی بەعسەوە گیراوە تاکو ئێستا چارەنووسی نادیارە بۆ تەواوکردنی کارەکانی هاوڕێ شەماڵ بڕیارماندا بە دانانت بە لێپرسراوی تیپی ژمارە (٣) ڕاستە ئێمە ڕاستەوخۆ تۆ ناناسین بەڵام هاوڕێ شەماڵ زامن بووەو هەڵبژاردەی ئەوی، هەر بە کارامەو دڵسۆز باسی کردوویت، ئەو جۆرە ئەرکانە هێندە گرنگن کە بە هاوڕێ و دڵسۆزی وەک تۆ نەبێ ناتوانین بە هەموو کەسی بسپێرین، ئێمەش ئومێدمان وایە کە سەرکەوتوو بی.

هەر بژین...

پیرەمەگرون

١٩٨٩/٨/١٥

تیپی (٣) ی شارەزور بەردەوام لە کارووچالاکیدابوون، هاوکاری و پەیوەندیان لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکاندا بـەردەوام بوو، بەرنامەیەک دانـرا بۆ گەیاندنی پێداویستی بۆ پارتیزانەکان ئەویش بە کڕینی ژمـارەیـەک بەرمیلی نایلۆن و جێگیرکردنیان لە شوێنە دیارەکانی دێهاتە ڕووخاوەکان، لەم نامەیەدا ووردەکاری بەرنامەکە دەخەینەڕوو کە ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٣ بە ئیمزای هەڵۆ بۆ تیپی (٣) نێردراوە.

## دەقی نامەکە

هاوڕێی تێکۆشەر (مەلا ئارام و زریان)

سڵاوێکی گەرم

هیوای خۆشی و سەرکەوتن و سەلامەتیتان، نامەکەتان گەیشت و سوپاستان دەکەین، لە ڕاستی ئەو جۆرە ئەرکانە هێندە گرنگن کە بە هاوڕێ و دڵسۆزانی وەکو ئێوە نەبێ ناتوانین بە هەموو کەسی بسپێرین، ڕاستە ئێمە ڕاستەوخۆ ئێوە ناناسین بەڵام هاوڕێ شەماڵ زامن بووەو هەڵبژاردەی ئەون و هەر بە کارامەیی و دڵسۆزی باسی کردوون ئێمەش ئومێدمان وایە کە سەرکەوتووبن.

١/ یارمەتی مانگی حەوت و هەشت

| | |
|---|---|
| ١/ زریان | ٥٠ |
| ٢/ مەلا ئارام | ٧٠ |
| ٣/ شاهۆ | ٧٠ |
| ٤/ سۆران | ٧٠ |
| ٥/ زەردەشت | ٥٠ |
| ٦/ سەلام | ٥٠ |
| ٧/ نەورۆز | ٣٠ |
| ٨/ سەرکەوت | ٥٠ |

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی مانگی حەت (٧) | ٤٤٠ |
| کۆی گشتی مانگی هەشت (٨) | ٤٤٠ |
| کۆی گشتی | ٨٨٠ هەشت سەدوو هەشتا دینار |

٢/ دەربارەی جێبەجێکردنی کارەکان

ا/ ٦ ژمارە دەبەی نایلۆن بکڕن بە زوویی (بەرمیل نایلۆن).

ب/ پلەی یەکەم یەک گوند دەستنیشان بکەن قسرت... (وە قسرتی خوارو یان قسرتی ژووروو) خۆتان هەڵیبژێرن یان لە هەر دووکیدا بیشارنەوە، شوێن

شاردنەوەی لە شوێنی مەعلوم بێ ،  وەک درەختی گەورە، پشت مزگەوت، واتە شوێنێک بێ کە لە ناو دێی ڕووخاو یان دەری دێ بتوانین ناونیشان و نەخشەی ڕوونیان بۆ بنووسین کە ئاسان بدۆزرێتەوە، هی هەر شوێنە بە جیا بۆیان بنووسن پلەی یەکەم پووشە خورما، معلبات و شتی وای تیا دادەنێن کە خراپ نەبن، ئێوە بەرمیلەکان تەواو بکەن و زوو ئاگادارمان بکەن.

٣/ بۆ کڕینی حەیوان عەمەلی نییە، و ئێمە مانگی جارێک خواردنمان لەو شوێنانە دەوێ بەڵام گەر پێویست دەکا وڵاخ بکڕن واچاکە نرخی چەندە ئاگادارمان بکەن.

١/ وا سەر لە نوێ وەکو نووسیووتانە ناوی گوندەکان دەنووسینەوە هەر گوندە ژمارەی خۆی لە سەرە لە کامەیانەوە توانا هەیە و لێی دەست بەکاربن، وە زوو ئاگادارمان بکەن کە فلانە ژمارە جێبەجێکراوە هەتا جۆری خواردنەکانتان بۆ بنووسین کە تیایدا دانێن، وە لەو گوندانە چەند توانا هەیە دەست پێبکرێت، ئەوەی گرنگە شوێنەکە نەخشەی ڕوونی هەبێ و ئاسان بدۆزرێتەوە.

**ناوی گوندەکان:**

| | |
|---|---|
| وێلەکەی گەورە | ٧ |
| وێلەکەی بچوک | ١٦ |
| شەمە | ٢٠ |
| باخچە | ٤٩ |
| کەماڵان | ٣٧ |
| گورگەچیا | ٢٨ |
| گایەن | ٤٢ |
| دەربەند فەقەرە | ٩٩ |
| دێی ڕەمەزان | ٧٨ |
| قسرتی خواروو | ٨١ |
| قسرتی ژورو | ٦٩ |

لە جیاتی ناوی گوندەکە ئیتر ژمارەکانیان بنووسن چاکترە وا مقداری ١٥٠ دینارمان بۆ ناردن و چی مسرووف دەکەن بە لیستی خۆی و بە کورتی و بە خەستی ئاگادارمان بکەنەوە.

هیوادارین زوو دەست بەکاربن و هەر هێمن و لە سەرخۆبن و هەر سەرکەوتووبن.

نامەمان بە ناوی (هەڵۆ) تایبەت بۆ بنووسن لەمەولا.

هەربژین

١٩٨٩/٩/٣

هەڵۆ

هەڵۆ، ئەو ناوە نهێنیەیە کە دوای دەستگیرکردنی هاوڕێ شەماڵ بە شێوەیەکی کاتی سەرپەرشتی تیپی (٣)ی "سرک" ی دەکرد، لە نامەیەکیتردا کە لە ١٩٨٩/٩/١٢ بۆ مەلا ئارامی نووسیوە، داوایان لێدەکات لە (قسرت) ی خواروو مەفرەزەیەکی "٣" کەسی ببینن لەگەڵ چەند ڕێنماییەکیتر.

**دەقی نامەکە**

هاوڕێ مەلا ئارامی تێکۆشەر

سڵاوێکی گەرم

هیوای سەرکەوتن و سڵاومان بۆ هەموو هاوڕێیان نامەکانتان گەیشت و سوپاس.

١/ بۆ مەسەلەی لە یەک جیاکردنەوەی ڕێکخستن لەو کارە جارێ ڕاییگرن هەتا هاوڕێ شەماڵ بەردەبێ، پارێزگاری خۆتان بکەن و با جارێ کارەکان تێکەڵاوبن.

٢/ موعیدێکتان بۆ دادەنێین بە هێمنی و ژیری بەڵکو بتوانن ئەنجامی بدەن، هەتا لە دواتردا خۆتان بتوانن مەوعیدو شوێنیتر دابنێن لەگەڵ ئەو برادەرانە کە مەفرەزەیەکی سێ کەسین.

١٩\١٨ قسرتی خوارو سەعات ١١ی شەو، ئەگەر ئەو شەوە ئەنجام نەدراو نەهاتن ٢٠\١٩ هەمان شوێن و سەعات کە چاوتان بەو برادەرانە کەوت ئیتر خۆتان تەنسیقی ئیش و کارەکان بکەن و موعید و شوێنی داهاتو دابنێن... جێگەیەک بە هەر دوولاتان دەستنیشان بکەن کە لە مانگی ٢-٣ جار خۆتان بەڕۆژ نامەو شتیان بۆ دابنێن و خۆیان بە شەو بێن بیبەن لەو جێگەیە بۆ ئەوەی یەک بینین بە شەو کەم بێتەوە و کارەکان بە ڕۆژ بتوانن شتەکانیان بۆ دابنێن، هیوادارین سەرکەوتوو بن.

ئێوە وەک بەشە تایبەتیەکە پەیوەندیتان ڕاستەوخۆ بە (هەڵۆ) وەیە کە بە مۆقەتی لە شوێن هاوڕێ شەماڵە، وەک بەشی ڕێکخستن پەیوەندیتان بە کاک سەرکەوتەوە هەیەو لە بەر هاوکاری و جێبەجێکردنی زۆری کارەکان جارجار (ر،س) وەڵامتان دەداتەوە.

دەربارەی (     ) پلانی بۆ دانێن و لە دوا نەخشە ئاگادارمان بکەنەوە، وە کارەکە مەکەن هەتا دوا ڕای سەرەوە وەردەگرین چونکە ڕەنگە تۆزێک حزر بێ لەوەی لە ئۆردوگاکان دا کاری وانەکەین، هەتا زیان بە خەڵکی داماوی ئۆردوگاکان نەکەوێ گەر لە دەری ئۆردوگاکان بێ چاکترە.

ئەگەر ناوبەناو برادەران بچن بۆ کار بۆ خوارو خراپ نییە بە مەرجێ ژن و ماڵ نەبەن چونکە دەزانن درووستکردنی ئۆردوگا خۆی بۆ ئەوە بوو کە سیاسەتی ڕژێم وابکات خەڵکەکەی وردە وردە لە بەر بێکاری و بژێوی ژیان ڕەوانەی خوارو بکات.

هـــــەڵۆ

١٩٨٩/٩/١٢

سەبارەت بە ڕاسپاردەی (هەڵۆ) بۆ تیپی (٣)ی سرک کە بچن لە قسرتی خوارو مەفرەزە ٣ کەسیەکە ببینن، هەر دوای نامەکە و لە شوێن و کاتی خۆیدا چوونە شوێنەکە.

یەکەم شەو فارس، محمودی حاجی ساڵح، عوسمان ڕۆیشتن بۆ دیدارەکە، موعید کاتژمێر ١١-١٢ بوو بەڵام تا کاتژمێر ١ چاوەڕێیان کرد ئەوان نەهاتن، ناچار گەڕانەوە.

شەوی دووەم فارس (مەلا ئارام) شێخ صدیق، عوسمان نەمەڵی ڕۆیشتن بەڵام هەر دوو شەوەکە مەفرەزەکە نەهاتن.

## بـــــەرەو ڕاپــــەڕین

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە زەمینەی ڕاپەڕین سازا، سەرکردایەتی (ی ن ک) بەرنامەی پتەوو نەخشە بۆ کێشراوی دارشت، بۆ ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین کۆمەڵێک ڕێ و شوێنی گرتەبەر، لە ڕێی نامەوە کە هاوڕێ شاماز دەیگەیاندە (سرک) و ڕێکخراوی سلێمانی، ڕینمایی درا بە ڕێکخستنەکان و تیپ و مەفرەزەکانی (سرک) هاوکات مەفرەزەکانی برووسک و شالاّو درووستکران،

ڕێنماییەکان بریتی بوون لە:

١/ چۆن ڕێنمایی خەڵک دەکەن.

٢/ چۆن دەست بە سەر چەک و تەقەمەنیەکاندا دەگرن و دەیدەنە خەڵک.

٣/ چۆن تیمی جیاواز درووست بکەن تا دەست بەسەر بەڵگەنامەکانی ئەمن و ئیستیخباراتدا بگرن.

٤/ چۆن پەیوەندی بەو پێشمەرگانەوە بکەن کە هاتوونەتەوەو نەبوونە خەڵکی خراپ.

٥/ ڕێکخستنەکان بە دەمامک ڕێبەرایەتی خەڵک بکەن.

٦/ دایرەکانی نفوس و شوێنەکانی تر بپارێزن.

## شـــانەکانی شـــالاّو

بە فەرمان و ڕێنمایی سەرکردایەتی ناو شار، جگە لە سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) شانەی چەکداری برووسک- شالاّو لە چین و توێژە جیاوازەکان درووستکرا کە جێگەی متمانە بوون.

لە سنووری چالاکی تیپی (٣)ی سرک ژمارەیەک شانەی شالاّو درووستکران بە ژمارەکانی (١١١٠، ١١١١، ١١١٢، ١١١٣، ١١١٤، ١١١٥، ١١١٦) لە ڕۆژانی پێش

ڕاپەڕین و ڕۆژانی ڕاپەڕین، شانەکان بەم ژمارانە لە ئێزگەوە بانگ دەکران.

لە ڕۆژی ڕاپەڕین تیپی (٣)ی سرک و شانەکانی شاڵاو ڕۆڵی دیاریان بینی لە پاککردنەوەی حەوزی شارەزور لە داموو دەزگاکانی بەعس.

سەرجەم بەڵگەنامەکانی عەربەت- برایەتی- نصر، هەڵەبجەی تازە- زەڕایەن کۆکرانەوەو لەگەڵ بەڵگەنامەکانی کەلار- کفری- تەسلیم بە سەرکردایەتی و کاک نەوشیروان کران.

## پێشمەرگە و فەرماندەکانی تیپی (3)

١/ فارس عەزیز مەحمود ناسراو بە (مەلا ئارام)، لێپرسراوی تیپ.

٢/ مەحمود صاڵح حەمە کەریم ناسراو بە (زریان)، جێگری یەکەمی تیپ.

٣/ عوسمان مەجید حەسەن ناسراو بە (نەبەز) جێگری دووەمی تیپ.

٤/ صدیق عوسمان معروف ئیسماعیل ناسراو بە (شاهۆ) فەرماندەی مەفرەزە.

٥/ عومەر ئەحمەد محەمەد سعید ناسراو بە (زستان)، فەرماندەی مەفرەزە.

٦/ ئیبراهیم محەمەد ئەمین مەحمود ناسراو بە (سەرکەوت) پ.م.

٧/ محەمەد ئەحمەد مستەفا، حەمە سیاسی ناسراو بە (زێوەر) پ.م.

٨/ جەزا حەمە فەتاح کەریم قادر ناسراو بە (نامیق) پ.م.

٩/ عومەر ڕەحیم محمود ناسراو بە (نەورۆز) پ.م.

١٠/ عوسمان حەمە ڕەشید ئەحمەد ناسراو بە (نەوشیروان) پ.م.

١١/ ناصر مەحمود شەریف ناسراو بە (نیهاد) پ.م.

١٢/ خالید قادر ئەحمەد ناسراو بە (هاوڕێ) پ.م.

١٣/ عومەر عەبدوڵڵا عەزیز عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شەمێران) پ.م

١٤/ عبدالله عبدالرحمن کریم عبدالله ناسراو بە (سۆران) پ.م.

١٥/ کەریم عوسمان حەمە سور ناسراو بە (کەیوان) پ.م.

١٦/ ئاوات قادر فەرەج ناسراو بە (سەلام) پ.م.

١٧/ محەمەد عەلی عبدالله ناسراو بە (شۆڕش) پ.م.

١٨/ جەلال مستەفا محەمەد پ.م.

١٩/ ئەحمەد عوسمان ئەحمەد ناسراو بە (هاوکار) پ.م.

٢٠/ تۆفیق عەزیز محەمەد.

**شەهیدانی تیپی (٣)**

١/ ئارام شێخ ئەحمەد عەلی ناسراو بە ئارامە بچکۆل لە ١٩٨٨/١٢/١٢ شەهید کرا.

٢/ مامۆستا بەختیار ڕەشید خەڵکی کانی میلی شارەزور ١٩٨٨/١٢/١٢.

٣/ سیروان عەزیز ئیبراهیم خەڵکی بێستان سوور.

٤/ هەمزە کاکە حەمە خەلیفە خەڵکی کانی پانکە.

٥/ بەکر مەلا فەرەج زێڕنجۆیی.

٦/ ئەنوەر ڕەشید حەمەلاو خەڵکی عەربەت.

٧/ کەمال عەزیز خەڵکی کانی کەوە.

*****

شەهید حەمە ڕەحیم حەسەن هـاوڕێ شەماڵ لێپرسراوی هـەر دوو تیپی شارەزورو گەرمیانی سرک لە ڕۆژی ١٩٩٠/١١/٩ لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

## مــــەفرەزەی بـــازیان – ســـرك
## (5)

حەسەن محەمەد عبدالرحمن- حەسەن بەگ، پێشمەرگەی دێرینی (ی ن ک) لە مەڵبەندی دوو- کەرتی ڕێکخستنی دووکان لە ئەنفالەکانیشدا پێشمەرگەی تیپی ٢٣ی سورداش بوو.

حەسەن بەگ کە دواتر لە سوپای ڕزگاری کوردستاندا ناوی "نەسرەوت" ی پێبەخشرا، لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی و داواکاری ڕێکخراوی سلێمانی گەڕایەوە شارو لە ئۆردوگای (باینجان) مەفرەزەی سوپای ڕزگاری کوردستانیان درووستکرد.

لە سەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتی و ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندیان کرد بە ڕێکخستنە دابڕاوەکان، ئەوانەی لە تەمووزی ئەنفالدا پەیوەندیان پچڕا بوو، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی گەڕابوونەوە شار، بەڵام جێگەی متمانەو خاوەن هەڵوێست بوون.

بۆ کار ئاسانی هامووشۆ کردنی مەفرەزەکانی (سرک) ڕێکخراوی سلێمانی ناسنامەی تایبەتیان بۆ پێشمەرگەکانی سرک درووست کردبوو، ناسنامەکان دەفتەر خزمەت و هەتا مۆری تەجنیدو بڕیاری (تصریح) و تەواو کردنی خزمەتی سەربازی لە سەر بوو.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئەنفالی (٤) دا لە ناوچەکە پاشەکشەیانکرد بەرەو سەرکردایەتی، عەلی بچکۆل، ڕەهبەری سەید برایم، مامۆستا جەمال، دواچۆڕاوگەی هێزی پێشمەرگە بوون کە تا ئەو کاتە لە ناوچەکە مابوون، ئەوانیش پاشەکشەیانکرد بەرەو ناوچەکانیتری ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، هەر بۆیە حەسەن بەگ و هاوڕێکانی، لە ڕێکخراوی سلێمانی و لە ژێر فەرمان و سەرپەرشتی وەستا بەکری دارتاش کارەکانیان درێژە پێدا.

ماڵی حەسەن بەگ لە ئۆردوگای باینجان بارەگای مەفرەزەکانی سرک و پردی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و هێزی پێشمەرگە بوو، عەلی بچکۆل و عەبدول کەریم هەڵەدنی و عەتای بازیان هاموشۆی ماڵی حەسەن بەگیان دەکرد.

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە عەبدول کەریم هەڵەدنی و عەتای بازیان لە

ناوچەکە مانەوە، پەیوەندیان لەگەڵ حەسەن بەگ بەردەوام بوو، ئەو پێداویستیانەی ڕێکخراوی سلێمانی دەیانناردە ماڵی حەسەن بەگ، عەبدول کەریم هەڵەدنی و عەتای بازیان دەیانگواستەوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی لە ناوچەکە مابوون.

ڕێکخراوی سلێمانی جلوو بەرگ و پێڵاوو خواردن و پێداویستیەکانیان دەناردە ماڵی حەسەن بەگ لە ئۆردوگای باینجان هەندێک جار ئەگەر عەبدول کەریم و عەتا نەهاتنایە بۆ کەلوو پەلەکان، شوێنێکیان لە سەرچاوەی بازیان دیاریکردبوو نەوزادی بازیان و صباح و عوزێر کە پێشمەرگەی سرک بوون لە مەفرەزەی حەسەن بەگ بە شەو کەلووپەلەکانیان دەبردە ئەو شوێنەی دیاریکرابوو دواتر پێشمەرگە دەهاتن و کەلووپەلەکانیان دەبرد، هەندێک جار نامەو ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی سلێمانیشیان لەوێ بۆ دادەنان.

## نامەیەکی برزوو بۆ نەسرەوت
## وەستا بەکری دارتاش بۆ حەسەن بەگ

نامەکە ١٩٨٨/١٠/٢٩ نووسراوە

برای بەڕێزم کاک نەسرەوت

پاش ئاڕاستە کردنی سڵاوو ڕێز

هیوام خۆشیتانە... سڵاوو ڕێزم بۆ برادەران و براکان و چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم.

برا گیان هەوڵ بدە لە ڕێگەی خۆتانەوە ئەم ڕێگایانە تاقی بکەنەوە بزانن چ کۆمەڵە جاشێکی لێیە.

ئاغجەلەر- گۆپتەپەیان لە ڕێگەی کڵاو قوت چەمچەماڵ گەرکرا بە ووردی و ژیرانە هەوڵی زانیاری بدەن بزانن فەوجی کێی لێیە... جاران سەید حەمە جەباری لێبوو.

مامۆستا عادل هەیە کە ئێستە سەرپەرشتی تیپی (٢٥) دەکات وە هاوڕێ کاک سیروان سەرپەرشتی تیپی (٢٣) دەکات، ئەوانە ... گەر هاتنە لاتان پەیوەندیان لەگەڵ

دروست بکەن هەر پێویستییەکیان هەبوو زوو بە زوویی دەبێت خەبەرم بدەیتێ.

برادەرێکیتر هەیە بە ناوی کەریم سەر شوتی سەرپەرشتی تیپی (٢٣)ی دەکرد ئێستا ئەڵێن لە ناوچەی پیرەمەگرون سورداشە بەڵکو هەوڵێک بدەن بیاندۆزنەوە خۆیی و ٦-٧ کەسە.

کاکە گیان ئەو برادەرانەی سەرپەرشتی مجەمەعی ئێوە دەکەن ناسیاوی خۆمانن گەر ئیشێ شتێکت هەبوو پێیان ئەوا بە زوویی ئاگادارم بکەرەوە تاکو لە ڕێگەی خۆمانەوە بۆتی جێبەجێبکەین بە تایبەتی لێپرسراوەکەیان.

دووبارە سڵاوو ڕێزم هەیە

خۆشیت برات برزوو/ ١٠/٢٩ /١٩٨٨

لە ڕێگەی حەسەن بەگەوە زانیم برزوو وەستا بەکری دارتاش و ساڵەکەش (١٩٨٨)ە.

## ڕێـــــکخراوی ســــــلێمانی

لەو ماوەیەدا هەڤاڵانی ڕێکخراوی سلێمانی دەستگیر کران بۆیە دەبوو نەهێڵن خێزانەکانیان دەستگیر بکرێن و شوێنی تایبەتیان بۆ بدۆزنەوە تا سەلامەت بن.

عیصمەت خان خێزانی مامۆستا ئەحمەدی صناعە هاتە باینجان بۆ ماڵی حەسەن بەگ، ئەویش نامەی بۆ وەستا بەکری دارتاش نووسی و بە (ئەرکسن)دا ناردی بۆ سلێمانی، وەستا بەکریش لەگەڵ تۆڵەی کوڕی و شیرین خانی هاوسەری هاتنە باینجان و عیصمەت خانیان گواستەوە بۆ تەکیە بۆ ماڵی کاک چیا، کە لێپرسراوی هێڵێکی سرک بوو، دواتریش لە سەر ئەرکی ڕێکخستن خانوویەکیان لە چەمچەماڵ بۆ گرتن ، لەگەڵ ماڵی کۆسرەت ئاغجەلەری کە ئەویش (سرک) بوو.

## هــــێڵەکانی، تــــەکیە، ئـــاغجەلەر، چـــەمچەماڵ

لە سنووری تەکیە و دەورووبەری وەکو شوێنەکانیتر ڕێکخستنەکان دابڕابوون بۆیە لە هەوڵی پەیوەندیکردندا بوون بۆ سەر لە نوێ خۆ ڕێکخستنەوە.

چیا لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بوو، بۆ درووستکردنەوەی پەیوەندی چووە

قەڵاتۆکان بۆ لای محەمەد سوڵتان، ئەویش عەلی ئەحمەد تووجاری پێناساند بوو لە سەنگەسەر، سەنگەسەریش ڕاگوێزرا، چیا ناونیشانی خۆی دابووە محەمەد سوڵتان تا هاوکاری ئەو پێشمەرگانە بکات کە دێنە خوارەوە.

محەمەد سوڵتان ناونیشانی چیای ناردبوو بۆ ڕێکخراوی سلێمانی، ڕێکخراوی سلێمانیش ناونیشانەکەی دابووە کەرتی بابە گوڕگوڕ لە چەمچەماڵ، ئەوانیش مامۆستا جەمالیان ناردبوو بۆلای چیا بۆ پەیوەندی درووستکردن.

وەستا بەکری دارتاش هاتە تەکیە و لە ماڵی کاک چیا کۆبوونەوەی بە هێڵەکانی، تەکیە، ئاغجەلەر، چەمچەماڵ کرد، کۆبوونەوەکە لە پشت پەردەوە بوو، لێپرسراوی هێڵەکان تەنها دەنگی وەستا بەکریان دەبیست نەک ڕووخساری.

لە کۆبوونەوەکەدا لێپرسراوی چوار هێڵ بەشدار بوون بەم ناوانە:

١/ مامۆستا کامیل حەمە ئەمین (هیوا)

٢/ کۆسرەت ئاغجەلەری (ئازاد نەجمەدین)

٣/ هەڵمەت (وەستا جەلال)

٤/ ئیسماعیل صالح (چیا)

وەستا بەکری دارتاش لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی شاری ڕێکخراوی سلێمانی بوو، ئەو چوار هێڵەش بەسترابوونەوە بە کەرتی ڕێکخستنی بابە گوڕگوڕ لە چەمچەماڵ کە (ە) لێپرسراویان بوو، بەڵام (ە) گومانی لە سەر بوو، بۆیە وەستا بەکری دارتاش، چیای بە حەسەن بەگ هاوڕێ (نەسرەوت) ناساند لە سنووری باینجان، گواستنەوەی چیاو هێڵەکانی تر بۆ ئەوە بوو چیتر پەیوەندیان لەگەڵ (ە) نەمێنێ، هەر چوار هێڵەکە لە ڕێگەی ئیسماعیل صالح (چیا) بەسترانەوە بە مەفرەزەکەی هاوڕێ (نەسرەوت)ەوە.

## ئـــــەرکسین، پـــێشمەرگەی ژن

ئەرکسین، یەکێک لە ژنە پێشمەرگەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان ڕۆڵی دیاری بینی لە ڕیزەکانی (سرک).

*تێکڕای نامەکانی مەفرەزەکەی بازیان لە ڕێگەی (ئەرکسین) وە گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی- سابوونکەران بۆ دووکانی دارتاشی وەستا بەکر.

*عەلی بچکۆل جیهازێکی ڕاکاڵی ناردبوو بۆ ئۆردوگای باینجان لە ناو کێڵگەیەکی کشتوکاڵی دایان نابوو.

(ئەرکسین) چوو بووە کێڵگەکە، کۆڵێ گیای دووریبوو، جیهازەکەی کردبووە ناو کۆڵە گیاکەو هێنابوویە ماڵەوە، بۆ ڕۆژی دواتر وەستا بەکریان ئاگادار کردەوە، جەباری حاجی ڕەشیدو عەبدولکەریم هەڵەدنی هاتنە ماڵی وەستا حەسەن لە باینجان و جیهازەکەیان بردە ناو شار.

## هـــــەوڵی دەســـــتگیرکردن

شـەوی ٢٥\٢٦/١٢/١٩٨٩، هێزێکی ئەمنی سلێمانی، مەفرەزەیەکی بازیان، مەفرەزەیەک لە هەولێر هاتنە باینجان و پەلاماری ماڵی حەسەن بەگیاندا.

شەوی پێشووتر عەلی کاکەڕەش لە سلێمانی دەستگیرکرابوو حەسەن بەگ بە دەستگیرکردنی عەلی کاکە ڕەشی زانیبوو بۆیە ئەمیش خۆی کەنار گرتبوو بەڵام حەوێزی برای دەستگیرکرا.

حەسەن بەگ چووبووە ماڵی (ە) لە چەمچەماڵ و دۆخی خۆی بۆ باس کردبوو، بەڵام (ە) بە ساردوو سڕی وەڵامی دابوەوە وتبووی یەک کەس نەماوە پەیوەندی بەکێوە بکەین، ئیتر ماڵ و مناڵی حەسەن بەگ بە سەر ماڵی خزماندا دابەشکرا تا دووربن لە دەستگیرکردن.

ڕێکخراوی سلێمانی گومانیان لە سەر (ە) درووستکردبوو کە پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەبێ، یان جێگەی بڕواو متمانە پێکردن نەبێ، بۆیە لە نامەیەکدا کە لە ١٩٩٠/١٢/٢٢ ئاڕاستەی هاوڕێ (نەسرەوت) کراوە، ئەوەیان نەشاردوەتەوە کە خۆیان لە (ە) بە دوور بگرن و مامەڵەی لەگەڵ نەکەن.

**دەقـــی نـــامەکە**

هاوڕێ نەسرەوتی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

بە هیوای خۆشی و شادی و سەرکەوتنتانین، هاوڕێی تێکۆشەر هەر دوو نامەکەی خۆت و نامەکەی هاوڕێ (ە) بە دەست گەیشت، سوپاست دەکەین، بە پێویستی دەزانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە سەرنجەکانی خۆمان دیاری بکەین هیوادارین تۆی تێکۆشەریش ژیرانە جێبەجێیان بکەیت.

١/ سوپاس بۆ مەعلوماتەکانت، تکایە ئەگەر لە سەر (ش) (مامۆستا ع) هەرچی مەعلوماتێکی تریشت دەستکەوت ئاگادارمان بکە، گەر بتوانیت لە هۆی گرتنی (ش) ئاگادارمان بکەیت، کێ بە گرتیداوەو بۆچی، ئەوە باشترە.

٢/ تکایە لە سەر گیراوەکان و ناوی ئەوانەی ئیعدام کراون گەر هەر مەعلوماتێکتان دەست کەوت ئاگادارمان بکەن.

٣/ تکایە بە هیچ جۆرێک نامەی (ە) وەرمەگرن، هەروەک پێشتریش ئاگادارمانکردن و وا تصرف بکەن کە ئێوەش پەیوەندیتان لەگەڵ ئاکۆ نەماوەو پچڕاون تا ئێستا پەیوەندیتان درووست نەکردووەتەوە.

نازانین (ە) چۆن ئەو نامەیەی لە ڕێی تۆوە ناردووە کێ لە تۆوە نزیکەو (ە) دەناسێ و لە پەیوەندی کردنەوەی تۆ (ە) ئاگادار کردووە، ئێمە نامانەوێ تا ئەو کاتەی خۆمان پێمان باشە پەیوەندی لەگەڵ (ە) گرێ بدەینەوە بۆیە پێویستە ئێوەش هیچ جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ نەکەن، وە چ سەرنج و ڕەخنەو پێشنیارێکتان لە سەر (ە) و هەوڵەکانی هەیە ئاگادارمان بکەن.

٤/ درەنگ گەیشتنی نامەکانمان بە یەکتری بە پلەی یەکەم بۆ مەسەلەی سەربازی هاوڕێیان دەگەڕێتەوە، خۆتان دەزانن بەشی زۆری هاوڕێکانمان عەسکەرن.

هەر سەرکەوتوو بن

هەڵۆ

نامەی ڕێکخراوی سلێمانی هەڵۆ بۆ نەسرەوت (حەسەن محەمەد عبدالرحمن) حەسەن بەگ ١٩٩٠/١٢/٢٢

*****

دوای دەستگیرکردنی وەستا بەکری دارتاش و بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوی سلێمانی و خۆ کەنار گرتنی وەستا حەسەن کە ئەویش لە هەوڵی دەستگیرکردنیدابوون، پەیوەندی بە چیاو هێڵەکانی تەکیەوە پچڕا، بۆیە (چیا) جارێکیتر لە ڕێگەی مامۆستا عومەر زەینەدین لە حاجی ئاواو مامۆستا محەمەد لە سەرکەپکان پەیوەندی گرێدایەوە، مامۆستا عومەر زەینەدین مامۆستا محەمەدی لە سەرکەپکان بە چیا ناساند لە ڕێگەی مامۆستا (محەمەد)ەوە نامەکانیان (بەرید) دەگەیاندە سەرووی خۆیان، دواتر مامۆستا محەمەد بۆ ئاسانکاری (عەلی خەیات)ی پێناساندن لە چوارقوڕنە، لە ڕێگەی عەلی خەیاتەوە نامەکانیان دەگەیاند.

## نـــزیکبوونەوە لە ڕاپـــەڕین

ڕۆژ بە ڕۆژ بەرنامەی ڕاپەڕین چڕەبوەوە هەنگاوەکان بەرەو ڕۆژی ڕزگاری یەکجاری ئاڕاستە دەکران.

سوپای ڕزگاری کوردستان، هاوشانی ڕێکخراوی سلێمانی و ڕێکخستنەکانی ناوشار، سەرقاڵی خۆڕێکخستن و پەیوەندیکردن بوون بە خەڵکەوە، تا بازنەی ئامادەکاری جەماوەری فراوان بکەن و جۆشبدەن بۆ ڕۆژانی ڕاپەڕین.

لە نامەیەکی ڕێکخراوی (سلێمانی) دا لە ژێر ناوی نهێنی شەپۆل کە شەوی ١٩٩١/٢/٢١\٢٠ نوسراوەو ئاڕاستەی هاوڕێ نەسرەوت کراوە، داوا دەکات پەیوەندی بە کەسانی دەورووبەرەوە بکەن ئەوانەی دڵنیان لێیان.

## دەقــی نـــامەکە

### برای بەڕێزو خۆشەویست کاکە نەسرەوت

### بە هیوای خۆشی و سەرکەوتنتانین

برای بەڕێز نامەی ڕۆژی ٢/١٤ تان ئەمشەو بە دەست گەیشت لە خوارەوە وەڵامەکەتان ئەدەینەوە بە هیواین جێی ڕەزامەندیتان بێ.

١/ سوپاس و تەقدیرمان هەیە بۆ پەرۆشیتان، سەبارەت بە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوانمان، واما پێباشە پەیوەندی بەردەوامان هەبێ، ئەوەش دەوەستێتە سەر خۆتان و لەم ڕێگەیەوە بەردەوام ئەتوانن نامەو دەنگ و باسمان بۆ بنێرن.

٢/ داواکارین خۆت مشوری گرتنەوەو گرێدانەوەی ژیرانە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە کە دەیانناسیت و تەواو لێیان دڵنیایت قسە بکەیت و پەیوەندیان پێوە بکەیت، ئەوانیش ئاگادار بکە لەگەڵ هاوەڵەکانی خۆیان کە دەیانناسن و لێیان دڵنیان پەیوەندی توندووتۆڵ درووست بکەن و ئێمەش لای خۆمانەوە ڕێنوێنی پێویستیان دەکەین.

وێنەی ئەو تەعمیمانەتان بۆ دەنێرین کە بۆ ڕیزەکانی ڕێکخستنمان ناردوەتە خوارەوە، لە هەموو جۆرە سەرنج و پێشنیازێکی خۆت سەبارەت بە گرتنەوەی ئەو بەشانە بە پەلە ئاگادارمان بکە، زۆر ئاگاداریبیان بکەو هەمیشە تاکیدی ئەوەیان لێبکەرەوە کە لە هەڵسووکەوت و ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیاندا لە سەرخۆو نهێنی پارێزو قایم کار بن.

٣/ دڵگرانین بە شەهید بوونی ئەو هاوڕێیانەمان لە بەرەی جەنگە ناڕەواکەی دکتاتۆردا.

٤/ زۆر سوپاست دەکەین بۆ ناردنی هەواڵەکان و شتی باشی تیابوو، بەردەوام بە لە ناردنی دەنگوباسدا بەڵام تاکیدی تەواو لە ڕاستی هەواڵەکانت بکەرەوە.

٥/ خۆت و هاوڕێکانت زۆر ئاگاتان لە خۆتان بێت لە کاتی هاتووچۆکردن و جووڵاندا وریای خۆتان بن بەردەستی دوژمن نەکەون.

٦/ پەیوەندی توندووتۆڵ و دۆستانە لەگەڵ جەماوەر درووست بکەن و بەردەوام

گوێ لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بگرن.

نامەی ڕێکخراوی سلێمانی (شەپۆل) بۆ نەسرەوت (حەسەن محەمەد عەبدوالرحمن) ٢٠\١٩٩١/٢/٢١

*****

## چـالاکیەکانی مـەفرەزەی بـازیان (سـرك)

١/ پەیداکردنی داوو دەرمان بۆ هێزی پێشمەرگە.

٢/ پەیداکردنی خواردن و پێداویستی بۆ هێزی پێشمەرگە.

٣/ هاوکاریکردنی ڕەفعەت عبدالله کە لە (قۆجەلەر) مارپێوەیدابوو، عەلی بچکۆل ناردی بۆ باینجان بۆ ماڵی حەسەن بەگ و لەوێ چارەسەری سەرەتاییان بۆ کرد، بۆ ڕۆژی دوایی بردیانە سلێمانی بۆ ماڵی عەلی کاکە ڕەش، دواتر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە نێردرایەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە.

٤/ ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٧ شەڕێکی گەورە لە کەڵەشێرەی چەمی ڕەزان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و داگیرکەردا ڕوویدا، کاک مەلا فەرمان گوللەیەک لە ناو شانی دابوو لە دواوە دەرچووبوو، کاک عەلی بچکۆل ناردیە ماڵی هاوڕێ (نەسرەوت) لە باینجان.

سەید حاجی کە پێشمەرگەی (سرک) بوو زۆر هەوڵیدا مەلا فەرمان بەرەو سلێمانی دەربکات، بەڵام بۆی دەرنەچوو عەبدوڵڵا سابیر سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) بوو مەلا فەرمانی خستە ناو ئیڤایەکی سەربازی لە (سیطره) نەوەستا و گەیاندیە سلێمانی و تەسلیم بە ڕێکخراوی سلێمانی کرد.

چوار هێڵەکەی تەکیە، چەمچەماڵ، ئاغجەلەریش بەردەوام بوون لە کارەکانیان بەڵام پەیوەندیان لەگەڵ مەفرەزەی بازیان پچڕابوو، لەگەڵ ڕێکخستنەکانی چوارقوڕنە و ڕانیە لە پەیوەندیدابوون.

لە خۆ ئامادە کردن بۆ ڕاپەڕین، چیا و کۆسرەت ئاغجەلەری ژمارەیەکی زۆر مەفرەزەی چەکداریان درووستکرد هەر مەفرەزەیە کۆدو ژمارەی تایبەت بە خۆی

هەبوو کە دواتر لە ئیزگەوە بەو ژمارانە ئاگادار دەکران.

لە سەرتاسەری کوردستاندا سـەدان شانەی چەکداری برووسک، شالاو دروستکران و سازوو ئامادەکران بۆ ڕاپەڕین.

**مەفرەزەی بازیان پێکهاتبوون لە:**

١/ حەسەن محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە نەسرەوت فەرماندەی مەفرەزە.

٢/ تاهیر مەجید شەریف ناسراو بە نەوزادی بازیان.

٣/ صباح محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە ئەرسەلان.

٤/ عوزێر محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە هەڵمەت.

٥/ ئەرکسین ئەحمەد ئەمیر ناسراو بە نەسرین.

**چوار هێڵی، تەکیە، ئاغجەلەر، چەمچەماڵ کە دواتر خرانە سەر مەفرەزەی بازیان، پێکهاتبوون لە:**

١/ مامۆستا کامیل حەمە ئەمین (هیوا)

٢/ ئازاد نەجمەدین (کۆسرەت ئاغجەلەری)

٣/ هەڵمەت (وەستا جەلال)

٤/ ئیسماعیل صالح (چیا)

لە ڕاپەڕین ئەم مەفرەزەو هێڵانە لە تەکیە، بازیان، باینجان، چەمچەماڵ، کەرکوک، سلێمانی پێشەنگی جەماوەر بوون لە هەڵکوتانە سەر داموو دەزگاکانی بەعس.

# مـــەفرەزەی هـــاوڕێ "عـــەتا" ســـرك (6)

عەتا ئەحمەد، هاوڕێ عەتا، پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بوو چەند جارێک بە نهێنی هاتەوە ناو شار، نامەی مەفرەزەکانی گەرمیانی دەگەیاندە ڕێکخراوی سلێمانی و نامەی ڕێکخراویشی دەگەیاندە مەفرەزەکانی گەرمیان، هەندێک جار نامەی ڕێکخستنەکانی کەلاری دەگەیاند.

هاوڕێ عەتا لە ناو شار مایەوەو لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانی وەکو شانەیەکی چەکدار دەست بە کار بوو.

پێشترو لە مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٨ گەڕایەوە ناو شار، پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانیدا درووستکرد.

هاوڕێ عەتا لە ناو شاردا بەردەوام بوو لە کاری ڕێکخراوەیی تا لە کاتژمێر ١١ی ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٢٢ لە دووکانی زەڕنگەریەکەی باوکیدا لەگەڵ حەمە زاهیر دەستگیرکران.

(ه،غ) ئەو دوو کەسەی لە ڕێکخراوی سلێمانی کاریان دەکردوو سیخوڕی ئەمنی سلێمانی بوون، زانیاری وردیان دابوە ئەمنی سلێمانی سەبارەت بە مەفرەزەکەی هاوڕێ عەتاو شوێنی شاردنەوەی چەک و کتێب و بەڵگەنامەکان.

دوای هەڵکوتانە سەر دووکانی باوکی هاوڕێ عەتا، حەمە زاهیرو هاوڕێ عەتا دەستگیرکران، هەر لە دووکانەکەدا دەستیانگرت بە سەر دەمانچەو کلاشینکۆف و بەڵگەنامەکانی ڕێکخستن و ژمارەیەک کتێبدا.

پێشتر عومەر فەتاح، سێ دەمانچەی بۆ سامی جەمال، هاوڕێ عەتا، سەرکەوت زەکی ناردبوو، بۆ کاروباری ناوشار، یەکێک لەو دەمانچانەی لای هاوڕێ عەتا بوو دەستیبە سەردا گیرا.

(غ.ه) لە ناو ئەمنی سلێمانیدا چەند جارێک چوونە ڕووی هاوڕێ عەتا، بەڵام هاوڕێ عەتا زۆر بە ورەو قارەمان بوو، هەتا حەمە زاهیریش کە پێکەوە دەستگیرکرا

بوون، هاوڕێ عەتا وتبووی تەنها شەریکی دووکانە لەگەڵم، ئیش و کاروو کاسبی بە یەکەوە دەکەین.

هاوڕێ عەتا لە ڕۆژی ١٩٩٠/١١/٨ لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە سێدارەدرا.

مەفرەزەکەی هاوڕێ عەتا تەنها دوو کەس بوون:

١/ عەتا ئەحمەد (هاوڕێ عەتا)

٢/ حەمە زاهیر

## بەرنامەی سرک

زور نهینیە

### جوری ریکخستنی
### سپای رزگاری کوردستان ( سرك )

**یەکەم ـ مەفرەزە**

١- مەفرەزە پیکدی لە ٣ کەس ؛ فەرماندە ، یاریدەدەری فەرماندە ، یەك پیشمەرگە .
٢- ئەبی هەر پیشمەرگەیەك ناویکی نهینی هەبی .
٣- ئەبی هەر مەفرەزەیەك ژمارەیەکی رەمزی هەبی .
٤- لەهەر ئوردوگایەك ( بو نموونە یازیان ، صمود ، جەژنیەکان .. هتد ) ١ یا ٢ مەفرەزە یا بەگویرەی پیویست زیاتری تیدا بی :
ا . نابی پیشمەرگەکانی مەفرەزەکان وفەرماندەکانیان یەکتری بناسن .
ب . مەفرەزەکانی ئوردوگاکان بەگویرەی نزیکیان لەیەکتری و ئاسانی هاتوچو کردن پیکەوە ئەبەستریِن .
ج . فەرماندەی مەفرەزە خوی بەتەنیا و ، راستەوخو ، پەیوەندی لەگەل فەرماندەی تیپ ئەبی .
د . هەموو مەفرەزەکانی چەند ئوردوگایەك یەك تیپ پیك ئەهینن .
هـ . هەر تیپە ١ فەرماندە و ١ یاریدەدەری ئەبی .
و . هەر تیپیکیان ژمارەیەکی رەمزی ئەبی .
٥- لەمەرکەزی هەر شاریکی گەورە ( بو نموونە بغداد ، کەرکوك ، سلیمانی .. هتد ) لەهەر گەرەکیکا ١ مەفرەزە یا زیاتر بەگویرەی پیویست پیك ئەهینری :
ا . نابی پیشمەرگەکانی مەفرەزەکەو فەرماندەکانی یەکتر بناسن .
ب . مەفرەزەکانی هەر شاریك پیکەوە ئەبەستریِن .
ج . فەرماندەی مەفرەزە خوی بەتەنیا و راستەوخو ، پەیوەندی لەگەل فەرماندەی تیپ ئەکا .
د . هەموو مەفرەزەکانی ناو یەك شار یەك تیپ پیك ئەهینن .
هـ . هەر تیپە ١ فەرماندەو ١ یاریدەدەری ئەبی .
و . تیپی هەر شاریك ژمارەیەکی رەمزی ئەبی .

**دووەم ـ تیپ**

١- هەر چەند مەفرەزەیەك یەك تیپ پیك ئەهینن .
٢- هەر تیپیك ١ فەرماندەی تیپ و ١ یاریدەدەری ئەبی .
٣- هەر تیپیك ژمارەیەکی رەمزی ئەبی .
٤- هەمو فەرماندەی تیپەکان بەجیا ئەبی ئەوەی یەکتری بناسن ، راستەوخو ئەبەستریِن بە ( بەشی جی بەجی کردن ) ەوە .

**سییەم ـ بەشی جی بەجی کردن**

١- بەشیکی سەرەکییە لە فەرماندەیی .
٢- ١ کەس لیپرسراوی راستەوخوی ئەبی کە ئەندامی فەرماندەییە .
٣- ئەم بەشە بەگویرەی پیویست پیك دی لە چەن ئەندامیك .
٤- هەر ئەندامیك لیپرسراوە لەچەن فەرماندەی تیپیك .
٥- ئەم بەشە یەکتی و ، هەر ئەندامیکی بەتەنیا لەبواری کارەکەی خویدا ، لیپرسراوە لە جی بەجی کردنی ئەو پلانانەی دائەنرین .
٦- بەشی جی بەجی کردن ژمارەیەکی رەمزی ئەبی .

## تیپی یەکی سرک

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن!!

بۆ / (ل. ل. س) تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە و هیوای سەرکەوتنتان

هاوڕێیانی هێژا!

نامەکەتان گەیشتە دەستمان و پاشی لێکۆڵینەوە بەم نامەیە وەڵامتان دەدەینەوە

١- دەربارەی دەمانچە ئێمە وامان بە باشی دەزانی کە لە لای خۆمانا بێت

هەتا ئەکو دەچینەوە ئەگەر توانرا دەمانچە و چەکی سەربەخۆی خۆمانا هەیە بمان

هێنایە ئەگەر رێگاو ڕوونی رێگاوبان باشی بێت.

٢- ئەگەر دەتوانن بە زووترین کات چەند (قومبەلەیەکی تەوقیت)مان بۆ دەست

خەن بۆ بەکارهێنانی لە ئوتومبێلی پڕ تەقەمەنیانەی کە بەو بەرەکانی جەنگ دەچێ

وە ئەگەر توانیشتان کە نامەیەکی ئاگادار کەن بۆ هاوبەشی کردنمان لە (دەورەی دانان و دروست

کردنی قومبەلەی تەوقیت) ئەمە شتێکی زۆر چاکە کە وابزانم ئەوە دەوانە ناو

بە ناو لەکەوویو دەکرێتەوە.

٣- ئەگەر هاوڕێی لێهاتوو کارامە و باوەڕ پێکراو هەبێت بۆ هاتنە ناو ڕیزەکانمان

ئەوە ئامادەین کە بیانبینین و ڕاوێژ و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی هەر لە

ئێستاوە بتوانین ڕایان بهێنین و بتوانین بیان گونجێنین لە ئەنجامدانی چالاکی دا کاتێک

کە خۆمان لێرە دەبین یا ئەگەر لێرە نابین. بەتایبەتی چالاکی هەڵدانی نارنجۆک کە زۆر

ئەورسی نی یە.

٤- ئەگەر توانرا چاومان بکەوێت بە هاوڕێ (سامانا شاسوار) زۆر چاکە وە خۆی

جێگاو شوێنی ئێمە دەزانێت لەوە دەربارەی نامەکەی زۆر واضح نەبوو هەندێکم و کوردی هە

ئەگەر بمانبینایە چاکتر بوو.

٥- لەگەڵ نامەکەدا نامەیەکی هاوڕێ محمد عمر شاح (ڕێکخراوی چوار) دەنێرین هیوادارین کە بۆمانی بگەیەننە

ڕۆستەم
٨٨/٨/١٨

تێر بۆ پێشەوە و بەرەو سەرکەوتن



## لیپرسراوی دەزگای سرك لە سنوری پاریزگای سلیمانی لە سالی 1988

| ز | ناوی سیانی | سالی بەیوەندی ر.خ | ب.م | پلەی ریکخراوی کین | تازە | موالید | پلەی خویندن | تیبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | نوری احمد حمید | 1976 | 1988 | ئەندام ریکخراو/ کارکیری مەلبەندی دوو | | 1947/خانەقین | د. ناوەندی | |
| 2- | رشید شریف محمد | 1976 | 1988 | ئەندام ریکخراو/ کارکیر مەکتەبی عەسکەری | | 1944/سلیمانی | | |
| 3- | صالح حمە خان کریم | | 1988 | ئەندام | | 1947 | سەرەتایی | |
| 4- | مجید حمە خان کریم | | - | - | | 1955 | - | |
| 5- | علی قادر فتاح | | - | - | | 1970 | - | |
| 6- | یحیی احمد حمە | | - | - | | 1957 | - | |

## ناوی بیشمەرگەکانی ((سرك)) تیپی ژمارە یەك

| ز | ناوی سیانی | موالید | سالی بەیوەندی ر.خ | ب.م | سالی بەیوەندی بە ((سرك)) | خویندەواری | تیبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | ~~سامی جمال محمد قرداغی~~ | 1958-سلیمانی | 977 | 984 | 989/11 | ئامادەیی | |
| 2- | ~~رزگار احمد قادر~~ | 961- - | 981 | 985 | 989/11 | سەرەتایی | |
| 3- | ~~لطیف احمد قادر~~ | 957- - | 989 | | 989/12 | - | |
| 4- | ~~جبار عمر قادر~~ | 956- - | 989 | 991 | 989/12 | - | |
| 5- | ~~سیروان صالح احمد~~ | 967- - | 989 | 991 | 990/2 | ئامادەیی | |
| 6- | ~~زیان طە رحیم~~ | 970- - | 990 | - | 990/10 | سەرەتایی | |





## تیپی سێی سرک


هاوڕێ مەلا ئاراس ...
سڵاوی گەرم
هیوادارم ... و سڵاومان بۆ هەموو هاوڕێیان
نامەکانتان گەیشت وە سوپاس

١) ... لەبەری جیاکردنەوەی ... لەو کاتە
جاری ساڵی ... هەتا هاوڕێ ... ماڵ بەرەوە بێ ..
پاشان کاری خۆتان بکەن و با جاری کارەکانتان ...

٢) هەرکەسێك ... بۆ دادەنیشن – بە ... و ... بە کۆ
... لەو دووانەدا خۆتان
... داشینن لەگەڵ ئەو
برادەرانەدا کە ... ٣ کەسێ
... سعات ١١ و
١٨/١٩
ئەگەر ... نەهاتن ئەوا
١٩/٢٠ ... سعات ..
کە چاوتان بەو برادەرانە کەوت ئینجا خۆتان
... داشینن .. وە جێگەیەك بە ... دوور لەکاتان
دەست ... بکەن کە لە ماڵی ٢-٣ جار
خۆتان بە ڕۆژ ... داشینن .. و
خۆیان بەشەو ... لەو جێگەیە



٩

بۆ ئەوەی [illegible] بە [illegible] .. دوکانەکانە

بەڕێوەبەرانی شتەکانیان بۆ دابنێن —

هیوادارین سەرکەوتوو بن —

* ئێستا دەوڵەت بە [illegible] ڕاستەوخۆ پەیوەندییان

بە (ئەلەو) [illegible] لە شۆڕش [illegible] ساڵە

وەک بە [illegible] پەیوەندی ئاشکرا [illegible]

ئەوەیە لەبەر هەندێ کاری [illegible] بەجێ کردنی زۆری کارەکانە

جار جار [illegible] ئاشکرا دەوانێت —

* دەربارەی [redacted] [illegible] و لە دووا

نە [illegible] ئاگادارمان [illegible] — هەر کاتێک هەر [illegible]

دوا ڕای ئێمە ئەوەیە [illegible] چەند [illegible]

[illegible] لە هەموو ئۆردوگاکاندا کاری [illegible]

[illegible] ژیانیان بە خەڵکی ئاوادی ئۆردوگاکانە [illegible] ..

کە لە دەرەوەی ئۆردوگاکان بێ جیاکردنەوە

* ئەگەر [illegible] بۆ کار بۆ خواردن و [illegible]

نییە .. [illegible] — چونکە دەیانەوێ

دروست کردنی ئۆردوگا [illegible] بۆ ئەوە بە [illegible] ڕژێم

دابنێت [illegible] لەبەر بێ کاری و [illegible]

ژیانیان ڕەوانەی خوارەوە بکات ..

ئەلەو ٩/٩٢

[illegible]

[illegible]

هاوڕێ ئێتلیوشەر (مەلا ئاکام) و زریانا

سڵاوی گەرم

هیوای خۆشی و سەرکەوتن و سەلامەتی تان ..

نامەکانتان گەیشتن و سوپاستان دەکەین،

لە ڕاستی ئەو چەقۆ ئەرکانە هەیە گرنگن کە بە هاوڕێ دڵسۆزای وەک ئێوە، نەبێ ناتوانێت بە ئەموور کەسی بسپێرین، ڕاستە ئێمە ڕاستەوخۆ ئێوە ناناسین بەڵام هاوڕێ شەمال زۆر باسی زۆر لێزانی ئێوەی دەکرد بە کارامەیی و دڵسۆزی باسی کردوون، ئێمەش ئومێدمان وایە کە سەرکەوتوو بین ..

① پارەی مانگی ٧ و هەشت

١- زریان - ٥٠
٢- مەلا ئاکام - ٧٠
٣- شاهۆ - ٧٠
٤- سۆران - ٧٠
٥- ئەردەشێر - ٥٠
٦- سەلام - ٥٠
٧- نەوروز - ٢٠

٣٩٠

٨- سەرکەوت ٥٠

٤٤٠ تۆ گەلێ ٧/

٤٤٠ مانگی ٨/

٨٨٠ هەشتسەد و هەشتا دینار

(٥) دەربارەی حسابی حزبی کوردی کارەکەمانە

م/ ٦ ژمارە دەبێ ئاسایی بکرێن بە زۆرەیی (بە رەحیلی ئاسایی)

ب/ پلەی یەکەم ~~سەقەو~~ گەلێ گوندی دەستنیشان بکرێن قسەت ..

[وە قسەت خواردن یانە قسەت زۆرە] خەتەکانی لە لێرەدا

یانە لە هەر دووری دا پێشانیان دەدەن

شوێنی شاردنەوە لە شوێنی معلەم بێ - وەک

درەختی گەورە - پشتی خرگەوت .. دوانە شوێنێک

بێ کە لە ئاوەدانی دوورخار یانە دەوری دێ بتوانن

ناونیشانیانە وخەریطەی رووینیانە بۆ بنووسین کە ئاسانە

بدۆزرێنەوە

هی هەر شوێنێ بە جیا بۆمان بنووسن -

پلەی یەکەم بۆشێ خۆرمان .. معلبات وشتی عوا لا شا

دادەنێن کە خراپ نەبێن ..

ئێستا بەرەحیلەکان تەواو بکرێن و زوو ئاگاداریان بکەن

(٢) بۆ کرینی حیوانی عملی ئێیە .. وەئێمە ماشی جارێک

ئەدادرین باتی لەو شوێنانە دەرێت بەلام گەر پێویست

دەکا ~~[illegible]~~ ولاخ بکرێن ولەجاکم شرطی چەندە ئاگاداریان بکەن

(٤) داسەرلەتێدا وەکو نووسیوتانە ناوی گوندەکان

دەنووسینەوە وە هەر گوندێ ژمارەی خۆی لەسەر

لە کام پایەی تواناکە وێ ولەسێ دەستبەکار بێ

(٣)

وە زوو ئاگادارمان بکەن کە فلانە ژمارە چەکی بەجێ کراو
لە کام جۆری خوارەوە کاتانە بۆ بنووسین کە تیا دانیشن ..
وە لەو گوندانە چەند تواناتان هەیە دەستی پێ بکەن ئەوی
گرتنە شوێنێکە خەریکن زوون ئەبێ وە ئاسانە بدۆزرێتەوە
ناوی گوندەکانە

| | | | |
|---|---|---|---|
| وشکەی گەورە | ٧ | گاپیەن | ٤٢ |
| وشکەی بچووک | ١٦ | دەربەند فەقەرە | ٤٩ |
| سێ گەم | ٢٠ | ڕێ لەمزان | ٧٨ |
| باڵخی | ٤٩ | قەرنە خوارو | ٨١ |
| کەوالان | ٢٧ | قەرنە ژوورو | ٦٩ |
| گورگەچیا | ٢٨ | | |

لە چیاکانی ناوی گوندەکە کێیە ژمارەکانیان بنووسن
جیاکراوە —
واسعەداری ١٥٠ دیناریمان بۆ ناردن و چەپ سەرف
دەکەن بە لەسەرکار خۆتان و بە کوڕەکانی و بە خەستی
ئاگادارمان بکەنەوە
هیوادارین زووزوو دەستان بەکاربێنن و لە هیچ شتێک
لەسەر خۆ بن و لە ڕێی ئەرکدا نووسینیا
ئەم نامەیە بە ناوی [لە تۆم] ناپیەنە — بۆ نیشان
لەمەولا ، و لە پێشیان

لەلو
٨٦/٩/٢


فەرماندەی تیپی ژمارە (٣)
یاریدەری فەرماندەی تیپ



هاوڕێیانم لە ئارشی ئیکۆلۆژی

سڵاوی گەرم

بە هیوای سەرکەوتن و سڵاوتان بۆ هەموو هاوڕێیان

بۆ ماوەی زیاد لە مانگێکە هاوڕێ حەمە ماڵی لە لایەن دەزگاکانی ... گیراوە تاکو ئێستا چارەنووسی نادیارە

بۆ تەواوکردنی کارەکانی هاوڕێ حەمە ماڵی، بڕیارمان داوە داوا بکەین بە لێپرسراوانی ژمارە (٣) سێ ئاراستەیە ئاراستە دەکەین تا ئاشنا بن بە لایەنی هاوڕێ حەمە ماڵی ئیراحەت بووە و هەڵبژاردەی ناردنی هەر بە کاراوە و لەگەڵ پاسەوانی کرد و ساڵ و جۆرە ئەرکانە هەستیدە گرنگن کە بە هاوڕێ و لەگەڵ کاوە تۆ لە بە ناوی ئاکۆ ئەلین بە هەموو کەسانا بسپێرن. ئێمەش لە ئیسمان وا لە گەر سەرکەوتوو بێ...

هەرێزی

پەرەم گرووپ
٨٩/٨/٢٥

## کلێشەی تیپی سێی سرک



## نامەی هاوڕێ عەتا


کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ٩٨٢/١٠/١

[illegible]

وای راگەیاندووە کە نایەوێت بچێتەوە بۆ سەر بارزانی و جارێکی تر نایەوێت تەسلیم بکرێتەوە.

من خۆشم ئەمەم بیستووە بەڵام لە برادەرێکی نزیکیم بیستووە وەک وابێ و دەڵێت: جارێکی تر کێشە لە [illegible]

دەرناگیرێتەوە و بەدوور بێت لەو دەستانە. شایانی باسە سەرکردەکانی شاخی حیزب لەسەر [illegible] و

حیزبی کوردستان [illegible] حسابی [illegible] خواستووە. بە هەرحاڵ خۆم ئەمە [illegible] دەیناسم

باوەڕ ناکەم خراپە بکات. بەڵام دەشێ جارێکی لەدەس [illegible]. تەنها ئەگەر بە باشی دەزانن وەکو

برادەری دەچم لەگەڵیانا دەدوێم ئەگەر زانیم حیزب [illegible] جارانە ئەوە سەر بە باسێکی لابەر بکەینم.

یا ئێوە راتان چییە؟

٢- ئەوەی لەبەرچاوە تا ئێستا وەک هێزێکی [illegible] کوردستان بەتایبەتی لەم پارچەیەی کوردستان دا

[illegible] بەتایبەتی خەباتی شار [illegible] بۆ خەڵکەکان بۆچم تێ نەگەی

[illegible] لە کاتی خەڵکی کوردستان [illegible] زیندانی دوژمنانی

[illegible] دەروەی [illegible] دەستە [illegible]. ئاینی [illegible]

[illegible] لە [illegible] شۆڕشی [illegible] لە [illegible]

[illegible] لە خەڵکەکان [illegible] لە [illegible] خۆم [illegible] نەبووەو

بێتە [illegible] لە ئێستا [illegible] لە بەر ئەوەی خۆم [illegible]

[illegible] کوردستان [illegible] رۆشنبیری [illegible] زیارەی [illegible]

[illegible] دەستەکانی [illegible]

[illegible] دەستەکانی [illegible] بەستان

[illegible] لە خۆدە [illegible] دڵسۆزی لە کاردا [illegible] جا ئەگەر بە باشتان

زانی ئێوە دارای [illegible] نامەیەکتان بۆ [illegible] دەزانن چی دەکەن.

لەرێگای [illegible] پەیوەندی پێوە بکەن.

دەبێ بیبورن ئەگەر [illegible] نامەنووسینم وەک [illegible] شارێک [illegible]

ئەگەر [illegible] باشی [illegible] دەکەم [illegible] تێکەڵاو [illegible].

دووبارە سڵاو و رێزم

براتان
پ ٣٠ . زانا

١٩٨٨/١٠/١
سلێمانی

## مەفرەزەی بازیان - سرک

١٩٩

هاوڕێ ئەحمەدی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هاوڕێیانی تێکۆشەر

بەهیوای خۆشی و شادی و سەرکەوتنتانین ..

هەردوو نامەکەی حکومەت و نامەکەی هاوڕێ هەژارمان بەدەست گەیشت. سوپاستان دەکەین، بە پێویستی دەزانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا سەرنجەکانمان دەربڕین، بەهیوای ئەوەین تۆی تێکۆشەریش [illegible] !

١. سوپاس بۆ مەعلوماتەکانت، تکایە لەسەر شەماڵ و مامۆستا عادل هەرچی مەعلوماتێکت دەست کەوت ئاگادارمان بکە، ئەگەر بتوانیت لە [illegible] شەماڵ [illegible] [illegible] بگرێت [illegible] [illegible] زووتر.

٢. تکایە لەسەر [illegible] و ناوی ئەوانەی ئیعدام کراون ئەگەر هەر مەعلوماتێکتان دەست کەوت ئاگادارمان بکەن.

٣. تکایە بە هیچ جۆرێک نامەی هەژار وەرمەگرن، هەروەکو پێشتریش ئاگادارمان کردن و [illegible] بکەن کە ئێوەش پەیوەندیتان لەگەڵ [illegible] نەماوە و کە بڕاون تا ئێستا پەیوەندیتان دروست نەکردووەتەوە. نازانین هەژار چۆن ئەو نامەیەی لە ڕێگای کێوە ناردووە کە لە تۆوە نزیکە و هەژار دەیناسێ و لە پەیوەندی کردنەوەی تۆ هەژار ئاگادار کراوە. ئێمە نامانەوێت تا ئەوکاتەی خۆمان پێتان ئاشکرا بکەین پەیوەندی لەگەڵ هەژار بگرنەوە، بۆیە پێویستە ئێوەش هیچ جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ ئەو نەکەن. هەموو سەرنج و [illegible] و پێشنیارێکیشتان لەسەر هەژار و هاوڕێکانی هەر ئاگادارمان بکەن.

٤. دەربارەی [illegible] ناوەکانمان [illegible] [illegible] [illegible] بۆ [illegible] هاوڕێیان [illegible] پێویستە [illegible] دەزانین بەشی زۆری هاوڕێکانمان [illegible] .

هەڵۆ

ئازاد

هەژار [illegible]

حەسەن بەگ

نامەی [illegible] سلێمانی (هەڵۆ) بۆ ئەحمەد (حسن محمد عبدالرحمن) ٢٢/١٢/١٩٩٠

٢/ ٢٠/٢١

برای بەڕێز و خۆشەویست کاک نەوشیروان

بە هیوای خۆشی و سەرکەوتنی تا هەتایە

برای بەڕێز نامەی ڕۆژی ١٤/٢ تان گەیشت و بە دەستمان گەیشت لە خوارەوە وەڵامەکەتان

ئەگەرچی بە هیوایە هەموو وەڵامەکانتان ببینن.

① هەوڵ بدەن تەقدیرێکی هەر بۆ یەکڕیزی سەرمایەت بە پەیوەندی توندوتۆڵی ئێوەیان

ئەمڕۆ و لێرە وا پێ باشە پەیوەندی بە زۆر لە هاوڕێیان هەبێ و ئەوەش لە دەستەی سەر

خۆیان و لەم ڕێگایەوە دەتوانن بەردەوام نامە و دەنگ و باس بۆ بنێرن.

② ڕاوکاریە قۆت مەشوری گرتنە دەو ئێوە [redacted]

ئێمە ناڕەزاییمان لەو هاوڕێیانەی کە زەمانی تاسەیە و تەواو لێیان دڵنیایین قسە

بکەن و بە پەیوەندی پێوە بکەن و ئەوانیش ئەوانە ڕێک ببن لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیان

کە زەمانی ئێمە و لەوانە دڵنیان بە پەیوەندی توندوتۆڵ دروست بکەن و هەموو ئەو

کاروبارانە جێبەجێ بکەن و بە ڕێگای جیاواز نەبن و ئێوە ڕێنمایی نوێیان بۆ بنێرن

کە بۆ زۆربەکانی ڕێکخستنی ئێمە زۆر دێتە پێشەوە. لەجیاتی خۆی بە سەرکردەکانی پێشمەرگە

قۆت سەرمایەت بگرن و ئەوانە بە ئاسانی بەیان لەگەڵ ئەوان دا بن، زۆر هەموو

بکەن و هەوڵ بدەن ئاگاداری ئەوەش ئێمە زۆر لەوانەی وەک ئەم و گرتنی ئەم هاوڕێیانەی

سەرشانیان دا لەسەر قۆت گرتنی پارێزگاری کار بکەن.

③ دڵنیاییە بە شەهیدبوونی ئەو هاوڕێیانەی لەبارەی جەنگ نادیاری زۆر دوور دا.

④ ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ناردنی هاوڕێکان و شتەکان پێش نییە. بەردەوام بە ئاگاداری

دەنگ و باس دا بن بەڵام ئاگاداری هەموو سەرەتای هاوڕێکانت بکە وەک.

⑤ قۆت و هاوڕێکانت زۆر ئاگادارتان لە قۆت بن و ئەوانە هاوڕێکانی دڵنیا لە هاوڕێیان دا

هەموو قۆت بە بەردەوامی ئاگاداری بکەن.

⑥ پەیوەندی توندوتۆڵ و زۆر باشتر لەگەڵ جەماوەر دروست بکەن و بەردەوام گوێ

لە گلەییەکان و دەنگ و باسی کوردستان بگرن.

نامەی ڕێکخراوی سلێمانی (شەپۆل) بۆ نەوشیروان (حسن محمد عبدالرحمن) ٢٠/٢١ |٢|١٩٩١



برای زۆر بەڕێزم کاکە ئازاد

پاش ئاراستەکردنی سڵاو و ڕێز

هیوام خۆشبەختیتانە ... سڵاو و ڕێزم بۆ برازانە و براکانە و چاوی عبداللە کانە
ماچ دەکەم.

١- ئاگادارە هەوڵ بدە لەو دیوی خۆتانەوە ئەم ڕێگایانە ئامادە بکەنەوە
بۆ ئەم ٩٠ کوردە چاپ شتێکی لێیە.

٢- [illegible] – [illegible] لە [illegible] کاک [illegible] چوار
[illegible] هەوڵی زانیاری بدەنە.

[illegible] سەید [illegible] جباری [illegible]
بووە.

٣- مامۆستا [illegible] سەرپەرشتی ٢٥ دە [illegible]
[illegible] سەرپەرشتی ٢٢ دە [illegible]
ئەوانە [illegible] [illegible] پێویستیانە
لەگەڵ [illegible] [illegible] زۆر پێویستی
[illegible]

[illegible] بە ناوی کەریم سەرپەرشتی ٢٢
دە کەرت [illegible]
[illegible]
خۆی و ٦ - ٧ کەسە

[illegible] سەرپەرشتی [illegible]
ئاسایی خۆتانە [illegible]
[illegible] ئاگادارم بکەنەوە [illegible]
خۆتانەوە [illegible]

دووبارە سڵاو و ڕێزم هەیە

خۆشەویست

براتان [illegible] بەرزوو

٢٩/١٠/٩٧

# پـیش ڕاپـەڕینی ڕانـیە ڕێـکخستن، بـرووسك، سـرك

## (1)

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق- ئێران لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری (٩٥٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پرۆسەی بەدناوی ئەنفال لەدوا قۆناغی دابوو.

(ی ن ک) بۆ سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکان و گرێدانەوەیان بە شێوازێکی نوێ کە لەگەڵ هەلومەرجی دوای ئەنفال و دڕندەیی ڕژێمی بەعس بگونجێ کە لە لوتکەی بوغرایی و لە خۆبایی بوون دابوو.

ڕۆژی ١٩٨٨/١٢/١٧ بە بڕیاری سەرکردایەتی (ی ن ک) و نەشیروان مستەفا، مستەفای سەید قادر و کاکە مین نێردرانە قەڵادزێ تا ببنە هێڵی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکانی سلێمانی- هەولێر- بادینان- قـەڵادزێ- ڕانیە، چەندین نامەی سەرکردایەتیان پێبوو کە ناونیشانی ڕێکخستنەکانی تیابوو تا بە زووترین کات بیاندۆزنەوەو گرێیان بدەنەوە، چەندین ژمارەی تەلەفونی ئەندامانی سەرکردایەتیان پێبوو کە لە ئەوروپا بوون، تا هەر کات پێویست بێت و بیانەوێت پەیوەندیان پێوە بکەن.

هەڤاڵانی سلێمانی- هەولێر، بادینان، جەباری حاجی ڕەشید، مەلا قادر، عارف ڕوژدی، هێڵی پەیوەندی و ڕێکخستنەوەو گرێدانەوەی ڕێکخستنەکان بوون، کە هەرسێکیان لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی، سلێمانی، هەولێر، بادینان بوون.

ڕێکخستنەکانی سلێمانی- هەولێر- بادینان دەچوونە قەڵادزێ و لە چەند ماڵێک دەگیرسانەوەو کارەکانیان ئەنجام دەدا، ئەو ماڵانە ببوونە بنکەی سەرەکی ڕێکخستنە نهێنیەکان، خۆشیان کادیرو ئەندامی ڕێکخستنەکان بوون، کە ئەم تێکۆشەرانە بوون.

+ ماڵی مامۆستا عومەر حسێن خزر
+ ماڵی گوڵە حسێن خزر
+ ماڵی ئەحمەد موراد
+ ماڵی کاک مستەفا

ئەرکی ڕێکخستنەوەو دۆزینـەوەو گرێدانەوەی ڕێکخستنەکان لە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی بادینان، سلێمانی، هەولێر بوو جگە لە چەق و ناوەندی سێ پارێزگاکە، ئەحمەد بچکۆل ئەرکی ڕێکخستنەوەو گرێدانەوەی ڕێکخستنەکانی حەوزی بیتوێن، کۆیە، هەندێک لە شانەکانی هەولێری پێسپێردرا بوو، شاسوار ئەرکی کۆکردنەوەو ڕیزبەندیکردن و پەیداکردنی زانیاری لە سەر داموو دەزگاکانی ڕژێم، ئەمن، ئیستخبارات، موخابەرات، فەوجە سوکەکان و مەفرەزە خاسەکان، وردبوونەوەو خوێندنەوەو گوێگرتن لە ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، ڕادیۆو هۆکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمی بەعسی پێسپێردرا بوو.

دوای هەوڵەکانی دۆزینـەوەو گرێدانـەوەی ڕێکخستنەکان لە سـەر بڕیاری سەرکردایەتی (ی ن ک) دەستکرا بە دروستکردنی شانە چەکدارەکانی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک)[١٩]

لە سنووری ڕانیە، چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەرکەپکان، بازیان، باینجان و ئۆردوگاکانی دەوروبەری ڕانیە چوارقوڕنە شانەکانی سرک دروستکران بەم جۆرە:

**حەوزی بیتوێن:**

+ فەیسەڵ محەمەد (فەیسەڵ خەلەکانی) لێپرسراوی مەفرەزە
+ بێستون لێپرسراوی مەفرەزە
+ عەلی ئیبراهیم قادر (عەلی خەیات) لێپرسراوی مەفرەزە لە ئۆردوگای چۆمان[٢٠]
+ حەمەی کاک هەمزە لێپرسراوی مەفرەزە لە دۆڵی شاوری
+ ئەسعەد حەمە عەلی (ل.م) لە ناو ڕانیە
+ محەمەد ئەحمەد ئەمین محەمەد شادومانی لێپرسراوی مەفرەزە لە ئۆردوگای ڕانیە[٢١]

١٩ لە بەشی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) لە پارێزگای سلێمانی دەقی بەرنامەی پەسەندکراوی (سرک)مان خستوەتە بەرچاو.

٢٠ خەڵکی چۆمان ڕاگوێزرابون، لە چوارقورنە ئۆردوگایان بۆ دروست کرابو پێیان دەوت ئۆردوگای چۆمان.

٢١ خەڵکی بناری قەندیل بون ڕاگوێزرابون لە ڕانیە ئۆردوگایان بۆ دروستکرابوو پێیان دەوت ئۆردوگای (ڕانیە)

+دۆڵی سەرکەپکان- چوارقوڕنە- حاجیاوا مامۆستا محەمەدی سەرکەپکان (محەمەد ئیسماعیل) لێپرسراوی هەرسێ مەفرەزەکە بوو.

+ عەبدوڵڵا حاجی داود (ل.م) سەرکەپکان

+ عومەر زەینەدین محەمەد (مامۆستا عومەر) (ل.م) حاجیاوا

+ وسوو ئیبراهیم ڕەسوڵ مەلا ئاری (ل.م) چوارقوڕنە

## بـــازیان- باینجان شاسوار ســـەرپەرشتی دەکــــردن

محەمەد قادر لێپرسراوی مەفرەزەکانی بازیان- باینجان بوو، بازیانی (١) بەکر ئالیێ (ل.م) بازیان (٢) ئەیوب عەبدوڵڵا ئیسماعیل (ل.م)، باینجان، ئەبوبکر عەبدوڵڕەحمان حەسەن (ل.م)[٢٢]

شانە چەکدارەکانی (سرک) بوونە هەوێنی دروستکردنی شانە چەکدارەکانی برووسک، شاڵاو.

## شـــانەکانی بـــرووسك

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە، زەمینەی ڕاپەڕین ڕەخسا، هەلومەرجێکی نوێ هاتە پێشەوە، ڕۆژی ڕزگاری و ئاسۆی سەرفرازی لە کەل دەرکەوتن، سەرکردایەتی (ی ن ک) پارتیزانەکانی ناردبوە خوارەوە، لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستان، مەفرەزەی پارتیزانی هەبوون سوپای ڕزگاری کوردستان دروستکرابوو، هاوشانی پارتیزانەکان و شانە چەکدارەکانی (سرک) و ڕێکخستنە پۆلاینەکان، بڕیاری دروستکردنی شانە چەکدارەکانی برووسک و شاڵاودرا سنووری سلێمانی گەرمیان، شانەکانی شاڵاو، هەولێرو بادینان و حەوزی بیتوێن شانەکانی برووسکی لێدروستکراو ئامادە کران بۆ ڕاپەڕین.

لە سنووری ڕانیە حەوزی بیتوێن شانە چەکدارەکانی برووسک پێکهێنران (ئەحمەد بچکۆل) سەرپەرشتی دەکردن..

[٢٢] لە دوای ڕاگواستنی قەڵادزێ بەشێک لە خەڵکی قەڵادزێ لە ئۆردوگاکانی بازیان – باینجان نیشتەجێ بوون شانەی چەکداریان لێ دروستکرا

**ڕانیە**

+ محەمەد ئیسماعیل سەرکەپکانی (مامۆستا محەمەد) لێپرسراوی شانەکانی (١٤٠٠-١٤١١) بوو لە ناو ڕانیە و سەرکەپکان و بەشێکی حاجیاوا.

+ ئەسعەد حەمە عەلی لە ناو شاری ڕانیە لێپرسراوی (٧) شانە بوو.

١/ شانەی ١٤١٣ سەردار فەتاح لێپرسراوی بوو

٢/ شانەی ١٤١٤ ئازاد بەکر (ل)

٣/ شانەی ١٤١٥ شیروان جەمال (ل)

٤/ شانەی ١٤١٦ هونەر جەلال (ل)

٥/ شانەی ١٤١٧ خدر ڕەسوڵ (ل)

٦/ شانەی ١٤١٨ ڕزگار حەمە عەلی (ل)

٧/ شانەی ١٤١٩ کەمال حەمە سوور (ل)

بەختیار محەمەد نەبی ناسراو بە ڕێبوار لێپرسراوی (٣) شانەی سەرەکی بوو، هەر شانەیە لە چەند شانەیەک پێکهاتبوو:

+ خدری ڕاپەڕین لێپرسراوی (٥) شانە بوو.

١/ شانەی ١٤٢١ حاجی خدر ئالیَ (ل)

٢/ شانەی ١٤٢٢ عومەر بابەکر (ل)

٣/ شانەی ١٤٢٣ ئەحمەد ڕەسوڵ (ل)

٤/ شانەی ١٤٢٤ ڕەحمان خاڵە حەمە (ل)

تەیب لێپرسراوی چەند شانەیەک بوو

١/ شانەی ١٤٢٦ مستەفا هێرۆیی (ل)

٢/ شانەی ١٤٥٧ بەکر قادر (ل)

٣/ شانەی ١٤٢٨ ئەبوبەکر محەمەد حەسەن (ل)

٤/ شانەی ١٤٢٩ عەبدوڵڵا حەسەن (ل)

عەلی حەمە عەبدوڵڵا لێپرسراوی (٧) شانە بوو

١/ شانەی ژمارە ١٤٣١ عەلی حەمەدەمین سکتانی (ل)
٢/ شانەی ١٤٣٢ مستەفا ئەحمەد سەعید (ل)
٣/ شانەی ١٤٣٤ مەجید سەعید سۆفی (ل)
٤/ شانەی ١٤٣٥ ئیدریس محەمەد سەعید (ل)
٥/ شانەی ١٤٣٣ عەلی حەمە ئەحمەد (ل)
٦/ شانەی ١٤٣٦ سلێمان مستەفا (ل)
٧/ شانەی ١٤٣٧ ئەمیر ئەحمەد فەتاح (ل)

**حاجیاوا**

لە ناو شارۆچکەی حاجیاوا (١٠) شانەی برووسک دروستکرا بوو فەیسەڵ خەلەکانی سەرپەرشتیدەکردن.

١/ شانەی (١)ی شەهید سیروان تاڵەبانی (١٥) کەس.
٢/ شانەی (٢) ی شەهید مامە ڕیشە (٣) کەس.
٣/ شانەی (٣)ی شەهید ئارام (٤) کەس.
٤/ شانەی (٤)ی شەهید عەلی عەسکەری (٦) کەس.
٥/ شانەی (٥)ی شەهید دکتۆر خالید (٤) کەس.
٦/ شانەی (٦)ی شەهید حسێن بابە شێخ (٤) کەس.
٧/ شانەی (٧)ی شەهید ئیبراهیم عەزۆ (٤) کەس.
٨/ شانەی (٨)ی شەهید شەهاب (٥) کەس.
٩/ شانەی (٩)ی شەهید جەعفەر (٤) کەس.
١٠/ شانەی (١٠)ی شەهیدانی قازان (٣) کەس.

## ئۆردوگای چۆمان

عەلی خەیات لێپرسراوی ئۆردوگای چۆمان بوو کە لە (٣) شانە پێکهاتبوو.

١/ شانەی ڕەحمان زەنگەنەیی

٢/ شانەی مستەفا ئەحمەد ئیسماعیل حاجی

٣/ شانەی ئەحمەد موراد حەمە نەبی

**چوارقوڕنە**

شانەکانی شارۆچکەی چوارقوڕنە مەلا ئاری سەرپەرشتیدەکردن کە لە (٣) شانە پێکهاتبوون.

١/ شانەی گردجان (محەمەد مەلا حسێن) لێپرسراوی بوو.

٢/ شانەی مەلاخدر

٣/ شانەی کفرە دۆڵ زرار حەسەن (ل)

عومەر زەینەدین لێپرسراوی چەند شانەیەک بوو لە حاجیاوا

١/ شانەی عەلی حەمە شەریف

٢/ شانەی دکتۆر هەینی

٣/ شانەی عەبدوڵڵا خاڵە

٤/ شانەی عەلی بابەکر

٥/ شانەی مەلا ڕەحمانی مەمەنداوا

شانەکانی سەرووچاوە، شکارتە- سەید کەریم لێپرسراویان بوو، یەکێک لە شانەکان شانەی عومەر ئەکرەم بوو.

ساڵحی شەهیدان لە حاجیاوا لێپرسراوی (٤) شانە بوو.

١/ شانەی ئەحمەد عومەر (٤) کەس

٢/ شانەی ژمارە (٣٢) (٦) کەس

٣/ شانەی حسێن دۆڵە ڕەقی (٥) کەس

٤/ شانەی ناسر قادر (٤) کەس

شانەکانی ئۆردوگای (ڕانیە) لە (٨) شانە پێکهاتبوون، محەمەد شامەروان سەرپەرشتی دەکردن.

١/ غازی عەبدوڵڵا سەرپەرشتی دوو شانەی دەکرد

٢/ ڕەسوڵ مستەفا حەمە سەرپەرشتی (٣) شانە

حسێن محەمەد قادر ل. شانەی (١٤٤١)

١/ عوسمان ڕەسوڵ عومەر

٢/ عومەر حسێن سەعید

٣/ عومەر حسێن حەمە

٤/ محەمەد قادر

عومەر خدر مستەفا ل. شانەی ١٤٤٢

١/ عومەر خدر مستەفا

٢/ خدر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

٣/ ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

ستار ڕەسوڵ ل. شانە ١٤٤٣

١/ محەمەد حەسەن عەلی

٢/ ڕەسوڵ ئەحمەد عەبدوڵڵا

٣/ کەمال ئەحمەد عەبدوڵڵا

فەتاح باپیر مەلا ل. شانە ١٤٤٤

١/ ئەرسەلان باپیر مەلا

٢/ قادر مەلا قادر

٣/ مستەفا مەلا قادر

شەریف حەمەدەمین مستەفا ل. شانە ١٤٤٥

١/ ڕەسوڵ حەسەن محەمەد

٢/ حەسەن حەمەدەمین مستەفا

٣/ غەفور مستەفا

٤/ فەیصەڵ وسو شێخە

٥/ محەمەد قادر مامە

شەریف ئیسماعیل ل. شانە ١٤٤٦

١/ ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد

٢/ عەبدولڕەحمان ئیسماعیل ڕەسوڵ

٣/ عوسمان حەمەدەمین

محەمەد مەلا خدر ل. شانە ١٤٤٧

١/ قادر مەلا خدر

٢/ زرار خدر مستەفا

٣/ حەمەدەمین مستەفا ڕەسوڵ

٤/ عەلی مینە ڕەسوڵ

٥/ عەبدوڵڵا حەمەد عەبدوڵڵا

حەسەن حەمەد مەلا ل. شانە ١٤٤٨

١/ ئەسعەد محەمەد ڕەسوڵ

٢/ عەبدوڵڵا حەسەن حەمەد

٣/ ئیبراهیم شەم

## هـــاتنە خـــوارەوەی عـــەزیز بەگ
## کـــوردە عـــەزیز بەگ بۆ (ڕانـــیە)

ڕۆژی ١٩٩١/١/٢٥ عەزیز بەگ لەگەڵ کوردەی کوڕی بانگ کرانە مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) لەوێ پێیان ڕاگەیاندن پێویستە بگەڕێنەوە ڕانیەو ئامادەسازی بکەن بۆ ڕاپەڕین.

لە ماوەی (٣) ڕۆژدا کوردە عەزیز بەگ فێری کارپێکردنی (بێ تەل) و وەرگرتن و خوێندنەوەی جفرەکان کرا.

ڕۆژی ١٩٩١/١/٢٨ بەرەو (زەڵێ) بەڕێکەوتن، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی سەلاح دیلمانی ڕاسپێردرا بوون بیانگەیەننە ڕانیە، مەفرەزەکە پێکهاتبوون لە:

١/ سەلاح دیلمانی (فەرماندە)

٢/ خالید حاجی عوسمان

٣/ شالاو حایز محەمەد

٤/ ئەسعەد ئیبراهیم حەمەدەمین

٥/ عومەر ڕەشید

٦/ قادر عومەر حەسەن

٧/ شاسوار

٨/ خدر زودی

٩/ عەزیزی عەولاغا

عەزیز بەگ و کوردەی کوڕی بە هاوکاری مەفرەزەکەی دیلمانی بەرەو ڕانیە بەڕێکەوتن، لە دۆڵی (زەندان) ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد، باوبۆرانێکی زۆر بەهێز بوو، ئاو زیادیکردبوو زۆر بە زەحمەت پەڕینەوە، پێڵاوەکانی کوردە لە قوڕ گیریان کردبوو چەقیبوون، لە پشتی قادراوا تا دەلالان و سەرکەپکان بە تاکێک پێلاوەوە ڕێیکرد.

لە سەر پردی قادراواو ڕەبییەکانی کێوەڕەش بەسەر بۆسەو کەمینی دوژمندا کەوتن، بەڵام ڕزگاریان بوو عەزیز بەگ و کوردە بە سەلامەتی گەیشتنە ناو ڕانیە

مەفرەزەکەی (سەلاح دیلمانی) ش گەڕانەوە سەرکردایەتی.

لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ناو شاری ڕانیە ڕێکخستنەکانی ناو شار پەیوەندیان لەگەڵکردن و لە سەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتی لە ماڵی مامۆستا محەمەد سەرکەپکانی (بێتەل)ێکی ڕاکاڵیان ڕادەستکردن، تا ئیش و کارەکانیانی پێڕاپەڕێنن و پەیوەندیەکان لەگەڵ سەرکردایەتی بەردەوامبن.

عەزیز بەگ لەگەڵ خۆیدا چەند نامەیەکی سەرکردایەتی و کاک نەوشیروانی هێنابوو بۆ کەسایەتیەکانی ناوچەکە، نامەکانی گەیاندە عەلی نەبی، محەمەدی کاک هەمزە، فەقێ حەسەن، عەباس ئاغا.

عەزیز بەگ و کوردە چەند ڕۆژێک لە ماڵی کچێکی عەزیز بەگ و خوشکی کوردە مانەوە، (بێ تەل)ەکەیان کارپێکرد، بەڵام لە بەر هەستیاری بارودۆخەکە لەوێ گواستیانەوە (بێتەل)ەکە بەردەوام بە کۆڵی کوردەوە بوو، لە ناو ڕانیەو دەورووبەری ڕانیە و نزیک سەرکەپکان لەو بازنەیەدا دەجوولا، بێئەوەی ئۆتۆمبێل یان هۆیەکی گواستنەوەی لەگەڵبێ.

کوردە ڕۆژانە لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە لەگەڵ سەرکردایەتی لە سەر هێڵ بوو، هەواڵ و زانیاری و گۆڕانکاری ناوچەکەیان دەگەیاندە سەرکردایەتی، هەواڵی زۆربەی شارو شارۆچکەکانیتریان لە ڕێگەی عەلی نەبی و ئەحمەد بچکۆل و محەمەد سەرکەپکانی و عەلی خەیات پێدەگەیشت و لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە دەیاندایە سەرکردایەتی.

جگە لەو نامانەی عەزیز بەگ هێنابوونی، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر نامە بۆ سەرۆک هۆزو پیاوانی ڕژێم و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخستنەکان نێردرابوو، پێشمەرگە دێرینە دابڕاوەکان پەیوەندیان گرێدابووەوە، لە ڕیزی شانە چەکدارەکاندا خۆیان ڕێکخستبوو، ئەوان بوونە هەوێن و داینەمۆی ڕاپەڕین.

عەزیز بەگ لە ناو ڕانیەدا بەردەوام لە جولەدابوو شەوانە لەگەڵ عەلی نەبی و فەقێ مستەفاو حەمەی کاک هەمزە یەکتریان دەبینی و لە ئامادە سازیدابوون بۆ ڕاپەڕین.

جگە لەو تێکۆشەرانە (عەلی سستە)ش یەکێک لە کەسایەتیەکانی ناوچەکە ڕۆڵی دیاری هەبوو پێش ڕاپەڕین و لە ڕاپەڕینی ڕانیەدا.

عەلی نەبی لێپرسراوی شانەی (٢٠٠) بوو لە ناو چوارچێوەی شانەکانی برووسکدا، بەڵام ڕۆڵی عەلی نەبی گرنگ و بەرچاو بوو، کەسایەتیەکی بەهێزی ناوچەکە بوو ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵکی لە دەور بوو، داینەمۆو پێشەنگی ڕاپەڕین بوو لەگەڵ یەکەم نەعرەتەی ڕاپەڕیندا لە ١٩٩١/٣/٥ یەکەم دەسڕێژ لە لولەی تفەنگەکەی (عەلی نەبی)یەوە بەرەو ڕووی هێزەکانی داگیرکەر تەقی و چەخماخەی ڕاپەڕین لێدرا.

## بـــۆچی ڕاپـــەڕین خــــرایە 1991/3/5

بڕیار بوو ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ ڕاپەڕین لە ڕانیەوە دەستپێبکات، بەڵام پێشخرا بۆ ١٩٩١/٣/٥.

دامـوو دەزگـا ئەمنیەکانی داگیرکەر لە ڕانیـەو دەوروبـەری دەستیان بە جمووجۆڵکردبوو، بۆنی مەترسیان کردبوو هەستیانکردبوو شتێک ڕوودەدات، هەر بۆیە بە ناوی کۆبوونەوە بانگهێشتی چەکدارەکانی ڕژێم و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەیان کردبوو بۆ فیرقەی چوارقوڕنە تا دەستگیریان بکەن.

بەشێک لەو مستەشارو ئامرسریە و مەفرەزەو چەکدارانەی ڕژێم لە ناوچەکە لە لایەن سەرکردایەتی (ی ن ک)ەوە نامەیان پێگەیشتبوو شانەی چەکداریان پێکهێنابوو.

دوای زانینی نیازی ڕژێم بۆ دەستگیرکردنی کەسایەتیە دیارەکانی ناوچەکە، شانە چەکدارەکان و کەسایەتیە دیارەکانی ناوچەکە کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو بڕیاری دەستپێکردنی ڕاپەڕینیانداو لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لە ناو شاری ڕانیە ڕاپەڕین دەستپێکرد.

یەکەم تەقەی ڕاپەڕین عەلی نەبی کردی، یەکەم هەواڵی ڕاپەڕین کوردەی عەزیز بەگ لە ڕێگەی (بێتەل)ەوە گەیاندیە سەرکردایەتی و دواى هاتنە خوارەوەی هێزی پێشمەرگەی کرد، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ چوارقوڕنە و بازیانەکان ڕزگار کران.

## مـــحەمەدی کـــاك هـــەمزە
## لـــوتکەی هـــەرە بـــەرزی مـــاکۆك
## گـــڕو بـــڵێسەی ڕاپـــەڕین

محەمەدی کاک هەمزەی گولانیێ یەکێک لە پێشمەرگە و هێما بەرزەکانی شۆڕشی نوێ لوتکەی هەرە بەرزی ماکۆک لە ورەداو گڕوو بڵێسەی ڕاپەڕینی ١٩٩١/٣/٥ی ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕین هەمیشە چرای ئومێدی شۆڕش و (ی ن ک) و دۆستی هەرە نزیکی هەڤاڵ مامجەلال بوو، لە تاریکی و شکستدا ترووسکەو لە دوای ئەنفال و ڕەشایی هاوەڵ و لە خانەدانی و دەرگا والآیی خاوەن ماڵ و مەقام و دیوەخانی کوردەواری و کوردایەتی، هەر بۆیە ئەم چرا گەشە داگیرساوە ئەم مەشخەڵەی سەری ماکۆک بەردەوام سەوداسەری ئازادی بووەو لە پێناویدا تێکۆشاوەو گولێداوە.

هەلومەرج و دۆخی تایبەتی کاک محەمەد وایکرد لە دوای ساڵی ١٩٨٦ لە پێشمەرگایەتی دابېرێت بەلام لە شۆڕش نا، لە شاخ و سەنگەر بترازێت بەلام لە ڕێبازەکەی (ی ن ک) نا، هەر بۆیە دوای گەڕانەوەی بۆ شار زیاتر چاوی ئومێدی لە سەر بوو ئەرکی قورستر و پڕ مەترسیتر بوو چوونکە ئەگەر لە سەنگەردا ڕووبەڕووی داگیرکەر دەجەنگاو چاوەڕێدەکرا شەهید بێ بەلام لە ناو شاردا هەمیشە ملی لە ژێر باری چەقۆی بەعس و داگیرکەردا بوو بە ناو دیواری گوێزانی دوژمندا تێدەپەڕی، کارەکانی مامجەلال و کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت و شۆڕشی هەڵدەسوڕاند ماڵەکەی نوای حەوانەوەی دەیان پێشمەرگە بوو، لە ڕاپەڕیندا داینەمۆو هەڵسوڕێنەرو ڕێبەری ڕاپەڕین بوو لەگەڵ عەلی نەبی قارەماندا.

ساڵی ١٩٨٧ (ی ن ک) بەرنامەی دەستبە سەرداگرتن و ئازاد کردنی ناوچەیەکی گرنگی هەبوو بۆ ئەو مەبەستە جەنابی مامجەلال نامەیەکی ئاڕاستەی محەمەدی کاک هەمزە کردوو داوای خۆسازدانیان لێدەکات بۆ کاری گرنگ کە ناوچەکە ڕزگار بکات.

## دەقـــی نـــامەکە

برای خۆشەویستم کاک محەمەدی بەڕێزسڵاوێکی گەرم...

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین هیوادارم کە هەمیشە لەگەڵ هەڵگری نامە لە کۆشش دابن زۆرم پێخۆشە کە گیانی کوردایەتی و پیاوەتی لە دڵ و دەرونتا هەر جۆش دەخواتەوەو هەر ئامادەی خزمەتکردنی گەل و شۆڕش و (ی ن ک) یت، تکایە خۆتان سازدەن بۆ کاری گەورەو گرنگ کە ناوچەکە ڕزگار بکات بەهێزی زۆری پێشمەرگەو یارمەتی ئێوە.

ئیتر هەر بژی ... بۆ پێشەوە...

برای دڵسۆزتان

مامجەلال

## خـــڕی نـــاوزەنگ

پەیوەندیەکانی محەمەدی کاک هەمزە لەگەڵ مامجەلال، کاک نەوشیروان، کاک کۆسرەت بەردەوام بوو ڕۆژانە جەنگی برای کاک محەمەد و عەلی خەیات دەچوونە خڕی ناوزەنگ ئازوقەی مەکتەبی سیاسیان دەهێناو لە ڕانیە و چوارقوڕنەیان دادەنا، ئارد، برنج، شەکر، چا بۆ ئەوەی هەر کات هێزی پێشمەرگە هاتنە خوارەوە پەکیان لە خواردن نەکەوێت.

محەمەدی کاک هەمزە بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ سەرکردایەتی بۆ ئامادەکاری ڕاپەڕین، لەو پێناوەشدا هەنگاوی گرنگی ناو چەندین نامەی لە لایەن کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت ئاڕاستە کرا تا کاروبارەکانی شۆڕش لە ناوچەکەی خۆیدا جێبەجێ بکات، لەو بارەیەوە کاک کۆسرەت چەند نامەیەکی بۆ نووسی.

## یـــاسین عەزیز، مـــحەمەدی کاك هـــەمزە

لە بەر پاراستنی گیانی کاک محەمەد و دوورخستنەوەی مەترسی لە سەر ژیانی و ئاشکرا نەبوونی پەیوەندی کاک محەمەد بە سەرکردایەتیەوە کاک نەوشیروان داوای لێکرد کە ناوێکی نهێنی هەڵبژێرێت تا بەو ناوەوە نامەی بۆ بنووسن ئەویش

ناوی (یاسین عەزیز)ی هەڵبژارد چوونکە ئەو ناوە لە سنووری ڕانیەو دەوروبەری کەم بوو یان هەر کەسێک نەبوو بەو ناوە.

لە ساڵی ١٩٩٠ و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بە ناوی (یاسین عەزیز) کاک کۆسرەت دوو نامەی بۆ نووسی کە ئەمە دەقەکانیانە:

## نـــامەی یـــەکەمی کاك کـــۆسرەت

برای بەڕێزم کاک یاسین عەزیز

سڵاوێکی گەرم...

سڵاوو ڕێزم بۆ گشت برادەرانت، برادەران کاک حەسەن کوێستانی و کاک ڕەحمان سەیدە سڵاوو ڕێزیان هەیە بۆتان ڕەنگە لەو ماوەیەدا واتە دەوری مانگی ٥ تا ٦ برادەرێکت دەنێرینە لا ڕەنگە ئەو برادەرەش کاک ڕەحمان بێ تکایە وەکو ساڵی پار چاودێری بکە چوونکە پار زۆرت لێڕازیبوو بە ڕاستی جێگەی سووپاسە بە حەقیقەت دڵسۆزیت بۆ شۆڕش و گەل دەربڕی هیوادارم نموونەت زۆر بێ، نامەیەکیترم بۆ ناردبووی بە گوێرەی هەواڵ پێشت گەیشتووەو وەڵامی نەبوو هیوادارم بە زووترین کات ناوەڕۆکی نامەکە جێبەجێبکرێ وە ئەم ڤیدیۆیەمان بۆ وەربگریەوە ئەگەر ئیشو کارت هەبوو لە ڕێگەی ئسوڵی خۆیەوە ئاگادارمان بکەرەوە چوونکە (ج م) برادەران دەناسێ ئەو برادەرانەش جێگەی هەموو متمانەی ئێمەیەو باوەڕ پێکراوی خۆمانە کوڕێکی زۆر ڕێکە تکایە وەڵاممان بدەرەوە.

تێبینی:

برا گیان کاکە تکایە لەمەولا بە ناوی خۆت نامە مەنووسە تەنها بەو ناوە کە دامان ناوە بۆیەش لە سەر کاغەزەکە ناوی خۆتمان نووسی بۆ جارێک تێبگە هەر ئیش و کارت هەیە بە سەر چاو.

هەر سەرکەوتوو بی...

برای دڵسۆزت

کۆسرەت

١٩٩٠/٤/٢٣

## نــــامەی دووەمــی کاک کــــۆسرەت

برای بەڕێزم کاک یاسین عەزیز

سڵاوێکی گەرم...

سڵاوێکی برادەرانەت دەگەیەنم نامەکەت گەیشت سوپاست دەکەم بەڕاستی هەڵوێستی جوامێرانەت جێگەی شانازییە ئەو زانیارییەی لە سەر چەند کەسێکت ناردبوو زۆر بەکەڵک بوو ئەو پیلانەی کە دایاننابوو لێیان تێکچوو خۆشت باش دەزانی ئێمە دژایەتی ئەو کەسانە ناکەین کە تەسلیم دەبنەوە بە مەرجێک خیانەت نەکەن و دژایەتی گەل و شۆڕش نەکەن.

بە هەر حاڵ سووپاست دەکەین دیارە برادەران ئاگاداریان کردینەوە کە ڤیدیۆکە بوو بە جیهاز بەڵام دیارە چاوی خواردنیان لێی هەیە چوونکە ئەو جهازە تجهیز قودرەی ڤیدیۆکەیە هیچ کامیان بە بێ یەک مەفعولیان نیە، مەبەستمان نیە چیتر خۆت ئەزیەت بدەیت بەڵام ئاگاداریان بکەرەوە کە ماڵی شۆڕش بە هیچ کەس ناخورێ لە کاتی خۆیدا حساباتیان لەگەڵ دەکرێ، وە هیوادارم یارمەتی برادەران بدەی بە گوێرەی توانا چوونکە هەندێک برادەران مەوقفی سەربازیان تەواو نیە دیارە زۆریشت لێڕازین جێگەی سووپاسە، بۆ مەسەلەی ڤیدیۆکە چۆنت پێ مەسڵەحەتە وا بکە ئێمە سەرمان سوڕماوە لەو کابرایەو لەو ڤیدیۆیەو مەبەستی چییە.

لە کۆتایدا هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم هیوادارم هەر ئیش و کارێکت هەبێ ئاگادارمان بکەیتەوە بە گوێرەی توانا ئامادەین.

تێبینی:

کاک کوێستانی و کاک ڕەحمان سەیدە سڵاوو ڕێزیان هەیە بۆتان وە سڵاوو ڕێزمان بگەیەنە بە کاکە حەمەی برای کاک سمایل هەواڵی دەپرسین.

هەر سەرکەوتوو بن...

کۆسرەت ڕەسوڵ

١٩٩٠/٥/١٣

## سێ نامەی کاک نەوشیروان

**نامەی یەکەم:**

برای بەڕێزم کاک یاسین

سڵاوێکی گەرم...

هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بی

بەم نامەیە ویستم لە هەواڵتان بپرسم هەروەها سوپاستان بکەم بۆ ئەو هاوکاری و یارمەتیەی لەگەڵ براکانی ئەویی ئەکەن، وەزعی ئێمە باشە ئەو قسەو باسە ناخۆشانەی ئەگەنە لای ئێوە ڕاست نین، ئەوە دوژمن بڵاوی ئەکاتەوە، ئەگینا ئێمە خەریکی هەستانەوەین و بە هیوام ئەم هاوینە زۆر باش بین و لە ئێوەش چاوەڕوانی هەواڵ و هیمەت و هاوکارین.

سڵاوم بۆ براکانی ئەوێ هەیەو هەر بژین.

١٩٩٠/٦/٢٣

**نامەی دووەم شۆڕش حاجی لە جیاتی کاک نەوشیروان نووسیویەتی**

بەڕێز کاک یاسین عەزیز

سڵاوێکی گەرم...

هاوڕێی بەڕێز دوو نامەی جیاوازو بە دوو تەئریخ بە دەستی ئێمە گەیشتن کە یەکەمیان بۆ کاک فەرەیدون و دووەمیان بۆ کاک نەوشیروان بوو سووپاس، دەربارەی کاک عبدالمجید باجاریێ خۆی حەشاردات وەزعی لای ئێرە زۆر باش نیە.

سڵاوم هەیە بۆ گشت برادەران و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، برای بەڕێز برادەران سڵاوو ڕێزیان هەیە بۆتان، برا پاش داگیرکردنی کوەیت لە لایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراق گۆڕانکاریەکی زۆر ڕوویدا لە عێراق و کەنداوو جیهان، چونکە ئێستا غەرب و ئەمریکا پێیان وایە کە صدام خەتەرە بۆ سەر کەنداو نەک ئێران، دیارە بە پێی فراوانخوازیەکەی ڕژێمی صدام دەیەوێ لە ئۆقیانوسی ئەتلانتیکەوە لە ژێر سایەی یەک دەوڵەتی شۆڤێنی عەرەبدا کۆبکاتەوە، بۆیە دەوڵەتان ئەوەیان

بۆ قبوڵناکرێ و صدام بە خەتەر دەزانن لە سەر کەنداوو ناوچەکە، بۆیە لە سەر بەڕێزتان پێویستە لە کاتی پێویستدا ئامادەیی تەواوت هەبێ و لەگەڵ برادەرانی لای خۆت کە کاتی خۆی ئاگادار دەکرێنەوە هەموو هەوڵەکانی پیاوانی ڕژێم پوچەڵ بکەنەوەو دەوری خۆتان ببینن و دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرن دیارە ئەوە ئیحتیمالاتەو لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی چارەنوسساز دەکردێ، ئەوە هەڵگری نامەش توانای هەموو فرمانێکی هەیە.

سەرکەوتوو بن...

شۆڕش حاجی

لە جیاتی کاک نەوشیروان

١٩٩٠/٩/١٠

## نـــامەی سـێیەمی کـــاك نـــەوشیروان

نامەی سێیەمی کاک نەوشیروان بۆ محەمەدی کاک هەمزە مەبەست ناردنە خوارەوەی عەزیز بەگ و کوردەی عەزیز بەگە بۆ کارپێکردنی جیهازێک لە ناوچەکە.

برای بەڕێزم کاک محەمەد

سڵاوێکی گەرم... هیوام خۆشی و بەختەوەریتانە...

خۆت ئەزانی وولاتەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات و ئەبێ هەموو دڵسۆزەکانی میللەتەکەمان هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی ئیتر تووشی ناخۆشی و مەینەتی نەبن، ئێمە دڵنیاین تۆ هەر پێشمەرگەکەی جارانی و هیوادارم لەو ڕووەوە هەر چیەکتان لە دەست بێت دریغی نەکەن.

هەڵگری نامە بە ئیشوکاری یەکێتی هاتووەتە خوارێ، هیوادارم ئەو پەڕی هاوکاری لەگەڵ بکەن و یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

دووبارە سڵاوو هەر بژین...

نەوشیروان مستەفا

١٩٩١/١/٢٨

## گەیشتنی نامەکەی کاک نەوشیروان

فایەقی عەزیز بەگ چووە ماڵی محەمەدی کاک هەمزە نامەکەی کاک نەوشیروانی دایە دەست و ووتی کاک نەوشیروان، باوکم و کوردەی برامی ناردووەتە خوارەوە لە ماڵی حەسیبە خانی خوشکمن لە "کونە سەگ" دەڵێن با محەمەدی کاک هەمزە و عەلی نەبی ببینین.

محەمەدی کاک هەمزەو عەلی نەبی چوونە لایان، عەزیز بەگ ووتی کاک نەوشیروان ئێمەی ناردوو ئەو جیهازە بەگەڕخەین لە کوێ دامانەنێن دامانێن لە هەر کوێ بێت ئێمە دەبێت ڕۆژانە زانیاری بدەینە مەکتەبی سیاسی و پەیوەندی بکەین.

عەلی نەبی و محەمەدی کاک هەمزە بە دوو ئۆتۆمبێل بە ناو خاڵی پشکنینی سەربازەکانی دۆڵی شاوری هاتن ڕایاننەگرتن، بۆ جاری دووەم چوونەوە ، کوردەو عەزیز بە گیان هێنایە سەرکەپکان لە ماڵی مامۆستا ئیسماعیل دایاننان بێتەلەکە لە سەرکەپکان بوو پێویستیان بە پاتری بوو.

جەنگی و عەلی خەیات چوونە لای کاک نەوشیروان لە ناوزەنگ، کاک نەوشیروان پێیوتن بە محەمەدی کاک هەمزە بڵێن با بچێتە بارەگای کۆمەڵە و بێتەلەکە لەوێ دابنێن، کاک محەمەد چووە بارەگای کۆمەڵە و داواکاریەکەی پێڕاگەیاندن و داوایکرد لە نزیک خۆیان خێمەیەکیان بدەنێ بێتەلەکەی لێدابنێن بەڵام کۆمەڵە ڕازی نەبوون وتیان شتیوا ناکەین و قبوڵیناکەین.

ڕۆژی دوایی جەنگی و عەلی خەیات چوونەوە لای کاک نەوشیروان و هەڵوێستی کۆمەڵەیان پێڕاگەیاند کاک نەوشیروان داوایکرد بچنە لای حزبی دیموکرات (ڕێبەرایەتی) بزانن ئەوان دەڵێن چی.

ئەمجارە عەلی نەبی و ئەرسەلان چوونە لای دیموکرات (ڕێبەرایەتی) ئەوان وتیان بەو مەرجە دەهێڵین بێتەلەکە لێرە دابنێن مامجەلال، کاک نەوشیروان، یان کاک کۆسرەت نامەیەک بنووسن بۆ بەڕێزان حزبی دیموکرات، ناومان بە حیزبی دیموکرات بهێنن ئەو کاتە بێتەلی خۆتان هەر مەهێنن، ئێمە لە ڕێگەی بێتەلی

خۆمانەوە هەموو برووسکەکانتان بۆ دەدەینە مەکتەبی سیاسی یەکێتی.

دووبارە جەنگی و عەلی خەیاتیان ناردە لای کاک نەوشیروان و وەڵامی حزبی دیموکراتیان پێڕاگەیاند کاک نەوشیروان وەلامی بۆ محەمەدی کاک هەمزە ناردەوە (با محەمەدی کاک هەمزە جیهازەکە لە ناو ماڵی خۆی دابنێ).

بێتەلەکەیان هێنایە ماڵی سورەی حاجی ئەلیاس لە مێدێرێ کە تاقە ماڵە بوو لەوێ مابووەوە، دوو پاتری جیهازیان کڕی و عەزیز بەگ و کوردەی کوڕیان بردە ئەوێ، دوو پێشمەرگەی تریش لەوێ بوون ڕێگە نەبوو بیانگەڕێننەوە سەرکردایەتی.

هەموو ڕۆژێک لە ڕانیەوە پاتری جیهازیان بۆ دەهێنان، شەو لە ڕانیە شەحنیان دەکردوو بۆ بەیانی دەیانبردەوە مێدێرێ.

خاڵی پشکنینی سەربازی لە سەر ڕێگە بوو، نائب زابتێکی لێبوو ناوی (قەیس) بوو هەموو ڕۆژێک محەمەدی کاک هەمزە دە دیناری بۆ دەخستە ناو قاوغە شقارتەیەک و دەیدایە، کە بێتەلەکەیان هێنایە مێدێرێ لە هەر دوو سەرەوە پارەی دەدایە قەیس دەیوت من سەرم سوڕماوە جاران لە یەک سەر پارەت دەدامێ، ئێستا لە هەر دوو سەر پارەم دەدەیتێ.

ماوەی (٣٧) ڕۆژ بەو جۆرە هاتووچۆیانکرد هەرچی زانیاری هەبوو بە برووسکە دەیاندایە سەرکردایەتی.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕاپەڕیندا حەوت فەردە ئاردیان کردە نان، محەمەدی کاک هەمزە ئاردەکەی دەناردە ماڵان تا بکرێتە نان و ئامادە بێت.

## ڕاپـــــەڕین

گومان لە سەر عەلی نەبی و محەمەدی کاک هەمزە درووست ببوو ڕژێم بە نیاز بوو دەستگیریان بکات، ئاگادار کران ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ بچنە فیرقەی چوار قوڕنە هەر بچوونایە دەستگیر دەکران.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ لە ماڵی محەمەدی کاک هەمزە، عەلی نەبی، سمایل وەرتی، ئەرسەلان و ژمارەیەکی زۆر خزم و کەسووکار دانیشتبوون، نەبی ئاغا هاتە ماڵی

محەمەدی کاک هەمزە ووتی چوارقوڕنە گیرا خۆپیشاندانە، کاک محەمەد ووتی ڕاست نیە، نەبی ئاغا ووتی ڕاستە.

محەمەدی کاک هەمزە و عەلی نەبی هاتنە بازاڕ تا بزانن دۆخەکە چۆنە، عەلی مام ڕەسوڵی سورە دێ لە چوارقوڕنە بوو، عەلی نەبی و محەمەدی کاک هەمزە چوونە مونەزەمە وتیان کێی لێیە وتیان لێپرسراوەکان هەموویان لە فیرقە کۆبوونەوەیان هەیە.

بارانێکی بە خوڕ دەباری، سێشەممەیەکی تەڕوو تووش و باراناوی بوو خوڕەو لێزمەی باران نێڵەی دەهات، عەلی نەبی و محەمەدی کاک هەمزە گەڕانەوە ماڵەوە هەندێک گەنج کۆببوونەوە کاک محەمەد ووتی بەردەوام بن.

کاک محەمەد کەسێکی ناردە دائیرەی ئەمن ووتی بچۆ بزانە مدیری ئەمن لەوێیە کە گەڕایەوە ووتی ئەوان لەوێ نین لە کۆبوونەوەن.

محەمەدی کاک هەمزە، عەلی نەبی بڕیاریاندا ڕاپەڕین دەستپێبکەن، لەو کۆڵانەی ماڵی کاک محەمەد (٤٠) کەس بە چەکەوە ئامادە بوون.

ماڵی عەلی نەبی لە خوارترەوە بوو ووتی من دەچمە ماڵەوە خۆم ئامادە دەکەم ئێوەش وەرنە خوارەوە.

محەمەدی کاک هەمزەو پۆلێک چەکدار بەرەو ماڵی عەلی نەبی ڕۆیشتن، لە ڕێگە گەیشتنە حاجی بەکر پیرۆت و عەزیزی خوارزای کە لە سەر جادەکە بوون کاک محەمەد پێیوتن با بڕۆین، گەیشتنە لای عەلی نەبی و بە کۆمەڵ ڕۆیشتنە خوارەوە و خەڵکیان لێکۆبووەوە.

## بـــوونە دوو بـــەش

پێش ئەوەی بگەنە ناو بازاڕ بوونە دوو بەش بەشێک بچنە سەر سەربازگەکەو بەشێک بچنە ناو بازار.

عەلی نەبی و هێزێک بەرەو ناو بازار ڕۆیشتن، محەمەدی کاک هەمزەو هێزێک بەرەو سەربازگەکە ڕۆیشتن لە ناو بازاڕ تەقە دەستپێکرد محەمەدی کاک هەمزەش

لە سەربازگەکەیدا دوو سەرباز کوژران و تەقە درووست بوو.

عەلی نەبی ناردی بە دوای محەمەدی کاک هەمزە بێتەوە ناو بازاڕ، ئەوانیش دوو ڕەفیق حزبیان کوشتبوو.

محەمەدی کاک هەمزە، عەلی نەبی، سمایل وەرتی و ئەرسەلان یەکیانگرتەوە دەیان کەسیان لە دەور کۆبووەوە تەگبیریانکرد بچنە سەر مەرکەزی شورتە، خاڵە حەمەیان ناردە مەرکەزی شورتە تاوەکو تەسلیم بن بەڵام تەسلیم نەبوون، لە مەرکەزەکەیاندا بە هەر چوار دەوری مەرکەزەکەدا بڵاوبوونەوە تەقەیان لێکرد، عەلی نەبی، محەمەدی کاک هەمزەو چەند کەسێک چوونە سەر خانوویماڵی حاجی سێناجیانی بە ئاربیجی لە مەرکەزەکەیاندا، چەند کەسێک چوونە بەر دەمی دەرگای مەرکەزەکەو خۆیاندا بە دەرگاکەدا کردیانەوەو تەقەیان لێکردن.

محەمەدی کاک هەمزە ڕێگەیەکی دەزانی بە سەر قادرمەکاندا چووە ناوەوە لە ناو مەرکەزەکەدا تەقەیان لە ژورەکانکرد پۆلیس و ئەمنەکانی ناو مەرکەزەکە کوژران.

مەرکەزی شورتە بە تەواوی سووتا، ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسیان سووتاند لەوێوە بەرەو مونەزەمە ڕۆیشتن، بەشێک چوونە مزگەوتی گەورە تا بانگەواز بۆ خەڵک و لایەنە سیاسییەکان بکەن هەمووان بە یەکەوە بەشدار بن.

هێزی خرۆشاوی گەل چوونە سەر مونەزەمە بەڵام مونەزەمە تەقەیان کردو وەڵامیان دایەوە، هێزی خرۆشاوی گەل بە ڕێبەرایەتی ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی برووسک و شاڵاو چوونە ناو مونەزەمەو دەستیان بە سەرداگرت، لەو هەڵمەتەدا محەمەد هەمزە شەهید بوو.

لە دەستبە سەرداگرتنی مونەزەمەدا ژمارەیەک لە چەکدارەکانی ناو مونەزەمە کوژرارن، ژمارەیەکیشیان بە زیندوویی لە سەربانی مونەزەمەوە فڕێدرانە خوارەوە.

موخابەراتی عەسکەری دۆشکەیەکی لە سەر بوو دەستیانبە سەرداگرت، ئیستخباراتی قەڵادزێ کە لە سەر ڕێگەی قەڵادزێ بوو دوای شەڕێکی قورس و بەخشینی چەند شەهیدێک دەستیبە سەردا گیرا.

لە ناو ئیستخباراتی قەڵادزێ ٢٤ بەعسی تیابوو ژمارەیەکیان لە ناو بارەگای ئیستخبارات کوژران و ژمارەیەکیش لە ناو دەرگای ئیستخبارات، هەر (٢٤) یان ڕەوانەی دۆزەخ کران.

جەنگی و عەلی خەیات وەکو ڕۆژانی پێشوو لە ناوزەنگ دەگەڕانەوە، دەربەندی ڕانیە خاڵی پشکنینی سەربازی لێبوو پێیان وتبوون مەڕۆن لە ناو شار تەقەیە ئەگەر دەشڕۆن لە سەر بەرپرسیاری خۆتان دەبێ بڕۆن، ئەوانیش گەڕانەوە شار.

ئێوارە عەلی نەبی بەرەو ئۆردوگای ڕانیە ڕۆیشت ڕەبیەیەک لە لای بورجەکە بوو لە ناو ئۆردوگا، لە سەر ڕێی دۆڵێ سەربازگەیەکی لێبوو محەمەدی کاک هەمزە تەقەی لێکرد، کە شەو داهات سەربازگەکە تەسلیم بە ماڵی هەمزەاغا بوون بەوەش ڕێگەی دۆڵێ کرایەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی محەمەدی کاک هەمزە لەگەڵ هێزێکدا بەرەو فیرقە ڕۆیشتن ڕەبیەی پەنا بورجەکە نەمابوو لە نێوان ڕانیەو چوارقورنە چەند ڕەبیەیەکی لێبوو دەستیان بە سەرداگرت.

عەلی نەبی و محەمەدی کاک هەمزە پێشڕەوی جەماوەر بوون تا ناو فیرقەی چوار قوڕنە، (٨٥) ئەفسەرو دەرەجەدار لە ناو ژوورێکدا بوون، ئەفسەرەکانیان گواستەوە مزگەوتی ناجی خان لە ڕانیە، لیژنەی سەرپەرشتیاری شار درووست بوو، خواردنیان دایە ئەفسەرو سەربازە دەستگیرکراوەکان.

فەوجێک لە قادراوای پشتی سەنگەسەر بوو ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ دەستیانبە سەردا گرت، فەوجێک لە بەردقڵیشو بوو سەربازێکی کورد هات ووتی ئەو فەوجە تەسلیم دەبن، محەمەدی کاک هەمزە و هێزێک چوون سەربازە کوردەکەیان لەگەڵ خۆیان بردوو فەوجە سەربازیەکە تەسلیم بوون.

# ڕاپـــەڕینی ڕانـــیە 1991/3/5
# (2)
# ڕاپەڕین لە ڕانیە لە چەخماخەیدا

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ سێ شەممەیەکی لێزمە باران و تەڕوتووش بوو، خوڕەمی باران و ڕەهێڵەی گوللە تێکەڵ بە یەکتر بوون و سەمفۆنیای ڕاپەڕین و کۆتا مەرگی بەعسیان دەچڕی.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ جەماوەری خرۆشاوی ڕانیە هاتنە سەر شەقامەکان، لە ماڵەکانیان هاتنەدەرو بە گژ داموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسدا چوونەوە، یەکەم دەسرێژی گوللە لە بەردەم مزگەوتی (ناجیە خان) دوو کەلاکی لە داگیرکەر خست.

هەر لەگەڵ بانگەوازی شانە چەکدارەکانی بروسک (٤٤٤) لە بڵندگۆی مزگەوتی ڕانیەوە، جەماوەری چەکدارو ڕاپەڕیوی ڕانیە بە ڕێبەرایەتی (ی ن ک) و بە فەرماندەیی عەلی نەبی هەڵیانکوتایە سەر سەرای ڕانیەو معاونیەتی ئەمن، لە ماوەی (١٠) دەقیقە دا دەستیان بە سەر قەڵای سەختی داگیرکەردا گرت.

هەر لەوێوە هەڵمەتیانبردە سەر منظمە ی ئەفواج و منظمە ی ڕانیە، لە ماوەیەکی کەمداو بە بەخشینی (٣) ڕۆڵەی گەل، سێ شەهیدی قارەمان دەستیانگرت بە سەر هەر دوو منظمەکەدا هەمانکات بینای موخابەرات کەوتە بەر هەڵمەتی جەماوەرو دەستیبەسەردا گیرا.

لە درێژەی هەڵمەتەکاندا جەماوەری ڕاپەڕیوو شانە چەکدارەکان هەڵمەتیانبردە سەر بارەگای ئیستخبارات، دوای شەڕێکی قارەمانانەی چوار کاتژمێری، بینای ئیستخبارات دەستیبە سەردا گیراو تێکڕای جەللادەکانی ناوی ڕەوانەی دۆزەخکران، دەست بە سەرداگرتنی بینای ئیستخبارات بێ قوربانی نەبوو، چوار ڕۆڵەی تێکۆشەری گەل گیانیان کردە قوربانی ئەو سەرکەوتنە.

هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری شاری ڕانیەدا ئۆردوگای حاجیاواش لە داموو دەزگاکانی بەعس ڕاپەڕین و لە پیس و پۆخڵی بەعسییەکان پاککرایەوە.

ڕۆژ ژمێری ڕۆژەکانی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕانیەوە

دەستپێکردو تێکڕای کوردستانی تەنی و لە کەرکوکدا تاجی سەرکەوتنەکانی لەسەرنا.

لە ڕاپەڕین و پەلاماری ڕانیەدا بۆ سەر داموو دەزگاکانی تاوان لە ئیستخبارات و موخابەرات و منظمە ، (٨) ڕۆڵەی تێکۆشەری گەل شەهید بوون کە یەکێکیان ژن بوو.

١/ شەهید گوڵەباخ (خوشکە گوڵەباخ) پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە ناو ئیستخباراتی ڕانیە شەهید بوو.

٢/ شەهید بەهرۆز ئەحمەد عەبدوڵڵا مەرگەیی، لە گرتنی ئیستخباراتی ڕانیە شەهید بوو.

٣/ شەهید عەزیز مەحمود ناسراو بە (عەزیزە بچکۆل) لە پەلاماردانی دۆشکەی سەر منظمەی ڕانیە شەهید بوو.

٤/ شەهید خالید فەقێ قادر لە گرتنی منظمەی ڕانیە شەهید بوو.

٥/ شەهید ئیبراهیم محەمەد ئیبراهیم (حاجی ئیبراهیم) لە هێرش بردنە سەر ئیستخبارات شەهید بوو.

٦/ شەهید عوسمان مەحمود محەمەد لە هێرش بردنە سەر ئیستخبارات شەهید بوو.

٧/ شەهید محەمەد ئەحمەد ئالێ لە گرتنی ئیستخباراتی ڕانیە شەهید بوو.

٨/ شەهید محەمەد هەمزە، لە ناو منظمەی ڕانیە شەهید بوو.

# ڕزگـــارکردنی دەڤەری بیتوێن لە دەربـــەندی ڕانیە تا قەمـــتەران ڕاپـــەڕینی جەماوەری بازیان- تـــەینال- ئـــەڵلایی- بـــاینجان – تـــاسلۆجە

## 1991/3/6

## (3)

دوای ڕزگاربوون و پاککردنەوەی شاری ڕانیە و کۆمەڵگەی حاجیاوا، لە ڕژێمی بەعس لە درێژەی هەڵمەتەکانی جەماوەرو شانە چەکدارەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر داموودەزگاکانی بەعس، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ هەڵمەتیانبردە سەر بارەگای فرقەی ٢٤ کۆن کە قیادەی فیرقەی معتصم- فرقەی ٢ی تیا جێگیر بوو.

جەماوەرو پێشمەرگە سەرەتا هەڵیانکوتایە سەر سیطرەی دەرووبزمار، پاشان هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی کلکەی کۆڵێن و مقەڕی فیرقە، لە ماوەیەکی کەمدا دەستگیرا بە سەر مقەڕی فیرقەداو قائید فیرقە و سەرجەم ئەفسەرو دەرەجەدارو سەربازەکانیان تەسلیم بە ئیرادەی گەل بوون.

هەمان ڕۆژ ١٩٩١/٣/٦ جەماوەری قارەمانی چوارقوڕنە هەڵمەتیانبردە سەر دامـوو دەزگاکانی بەعس و بەخوێنی (٥) شەهید چوارقوڕنەیان لە داگیرکەر پاککردەوە.

ڕژێمی داگیرکـەری بەعس بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان، بە پشتیوانی دوو کۆپتەرو تانک و زرێپۆش و سەدان سەرباز هێرش دەستپێکرد بەڵام ڕووبەڕووی بەرگری توندی پێشمەرگەو جەماوەری ناوچەکە بوەوەو لە دێی (گردجان) و بەستی قایمقام هێرشەکەی دوژمن تێکشکێنرا.

هەر ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ شارۆچکەی بێتواتە و ئۆردوگای شکارتە لە دەسەڵاتی بەعسیەکان ڕزگارکرا.

هەر لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦ شانە چەکدارەکان و جەماوەری ڕاپەڕیوی بازیان (١) و بازیان (٢) تەیناڵ بە گژ جەورو ستەمی داگیرکەراندا چوونەوەو تەواوی ناحیەی بازیان، مدیریەتی ئەمن، منظمەی حزبی بەعس، مەخفەری پۆلیس، پۆلیس

و ئەمنی بازیان، منظمەکانی حزبی بەعس لە باینجان و گۆپاڵەو ئەڵلایی سەیتەرەی تاسڵوجە و ڕەبییەکانی دەوروبـەری، مقەڕ فەوجی حیمایەی بازیان و هەموو ڕەبییەکانی دەستیانبەسەردا گیراو ڕێگای کەرکوک سلێمانی کەوتە ژێر دەسەڵاتی شانە چەکدارەکان و جەماوەری ڕاپەڕیو، هەر لەوێشەوە بڵێسەی ڕاپەڕین پەرەی سەندوو شەپۆلی ڕاپەڕین گەیشتە تاسڵوجەو معسکر سەلام ، ڕزگارکردنی حەوزی بازیان هێزەکانی ڕژێمی لێک دابڕی و زەمینەی ڕزگارکردنی سلێمانی ڕەخساند.

لە ڕزگـار کردنی شارۆچکەی چوارقوڕنەدا (٥) ڕۆڵـەی گیان فیداو تینووی ئازادی، بە خوێنی گەشیان چوارقوڕنەیان ئاوداو بوونە سیمبولی ئازادی، بوونە پێنج مەشخەڵی داگیرساو کە تا هەتایە ڕەونەق بەو شارە دەبەخشێت.

**شەهیدانی ڕزگارکردنی چوار قوڕنە ئەم نەمرانەن:**

١/ شەهید عەلی ڕەسوڵ (عەلی مام ڕەسوڵ) لە کۆمەڵگەی چوارقوڕنە شەهید بوو.

٢/ خالید محەمەد عەبدوڵڵا بۆلێ لە فیرقەی (٢٤) ی چوارقوڕنە شەهید بوو.

٣/ مەلا کەریم مەلا لە کۆمەڵگەی چۆمان شەهید بوو.

٤/ جەبار ئەحمەد قادر لە کۆمەڵگەی چۆمان شەهید بوو.

٥/ قارەمان عومەر لە کۆمەڵگەی چوارقوڕنە شەهید بوو.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سکرتێری گشتی

ژمارە:
ڕۆژ: ٩/٩/١٩٨٧

برای خۆشەویستم کاک محەمەدی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین.
هیوادارم کە هەمیشە لەگەڵ هەڤاڵانتان لە کۆششدا بن.
زۆرم پێ خۆشە کە گیانی کوردایەتی و پیاوەتی لە دڵ و
دەروونتا هەر جۆش دەخواتەوە و هەر ئامادەی
خزمەت کردنی گەل و شۆڕش و [illegible] بیت.
تکایە خۆتان سازدەن بۆ کاری
گەورە و گرنگ کە ناوچەکە ڕزگار بکات بە
هێزی [illegible] پێشمەرگە و یارمەتی ئێوە.

ئیتر هەر بژی بۆ

برای دڵسۆزتان
مام جەلال



برای بەڕێزم کاک یاسین عزیز

سڵاوێکی گەرم

سڵاو و ڕێزم بۆ گشتی برادەرانی ئادەرانی کاکی حسن کوێستانی و
کاکی ڕحمان سەیدە سڵاو و ڕێزیان هەیە بۆتان ڕەنگە لەو ماوەیەدا
واتە دەوری مانگی ٩ تا شوباتی ٦ برادەرێکی دەنێرینە لا ڕەنگە
ئەو برادەرەش کاکی ڕحمانی تلایە وەکو ساڵی پار چاودێری بکە
چونکە پار زۆریش لێی ڕازی بوو بە ڕاستی جێگای سوپاسە بە حەقیقەتا
دڵسۆزیی بۆ شۆڕش و گەل دەیبڕی . هیوادارم ئەمساڵیش زۆر بە
نامەیەکی ترم بۆت ناردبوو بە کۆترەی هەواڵی پێشتر گەیشتووە و
وەڵامی نەبوو هیوادارم بە زووترین کات ناوەڕۆکی نامەکە جێبەجێ
بکەی و ئەو قیدە شۆیەمان بۆ وەربگریتەوە ئەگەر ئیش و کاری
هەبوو لە ڕێگای ئۆسولی هۆیەوە ئاگادارمان بکەرەوە چونکە
(ج م ٢) برادەرانی دەناسن ئەو برادەرانەش جێگای هەموو متمانەی
ئێمەن و باوەڕپێکراوی خۆمانن کوردێکی زۆر ڕێکی تلایە
وە تۆ چمانا پێدەڕەوە .

تێبینی
برایەکیش کاکە لە هەولا بە ناوی خۆیشی نامە نووسیوە تەنها بەو ناوە
کە داوای ناوە تۆیەشە لە سەرکاتەوە کە ناوی خۆتمان نووسیوە
بۆ جاێکی تر بکە هەر ئیش و کارێ هەیە بە سەرچاو .

هەر سەرکەوتوو بی
برای دڵسۆزت
نوشیروان
١٩٩٠/١٢/٢٧

برای بەڕێزم کاک یاسین عزیز

سڵاوێکی گەرم

سڵاو ڕێزم بۆ گشت برادەرانی کاک حسن کوێستانی و
کاک رحمان ئەمیدە سڵاو ڕێزیان هەیە بۆتان ڕەنگە لەو ماوەیەدا
واتە دەوری مانگی ٥ تا شەش ٦ برادەرێکیش دەنێرینە لا ڕەنگە
ئەو برادەرەش کاک رحمان بێ تکایە وەکو ساڵی پار چاودێری بکە
چونکە پار زۆریش لێی ڕازی بوو بەڕاستی جێگای سوپاسە بە حەقیقەتا
دڵسۆزییە بۆ شۆڕش و گەل دەیبینی . هیوادارم ئەمسالیش زۆر بێ
نامەیەکی تێرم بۆ نارد بووی بە گوێرەی هەواڵی پێشتر لە پێشتووەو
وولاتەکە نەبوو هیوادارم بە زووترین کات ناوەڕۆکی نامەکە جێبەجێ
بکەی وە ئەو قید و شوێنەی مانی بۆ وەربگریتەوە ئەگەر ئیش و کاری
هەبوو لەلایەکی تر ئوسولی خۆیەوە ئاگادارمان بکەرەوە چونکە
(ج م ٢) برادەرانی دەنامە ئەو برادەرانەش جێگای هەموو متمانەی
ئێمەیە و باوەڕپێکراوی خۆمانن کوڕێکی زۆر ڕێکە تکایە
وەڵامیانا بدەرەوە .

تێبینی

برادەرانی کاکە لە مەولا بە ناوی خۆت
ئەداتان ناوە تۆیەش نامە بنووسە تکایە بەو ناوە
تۆ جارێکی تر بکە لە سەرکاغەزەکە ناوی خۆتمان نووسی
هەر ئیش و کارێکت هەیە بە سەرچاو .

هەر سەرکەوتوو بی
برای دڵسۆزت
نوشیروان
١٩٩٠/١٢/٢٢



برای بەڕێزم کاک ئازاد

سڵاوێکی گەرم

هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بی

بەم نامەیە [illegible] لە هەواڵەکانت بپرسم، هەروەها سوپاسیشت دەکەم [illegible]

[illegible]

سڵاوم بۆ [illegible]

٩٨٠١٦/٢٣

بەڕێز کاک یاسینی عزیز

سڵاو و تێلی گەرم

هاوڕێیانی بەڕێز دوو نامەی جیاواز و بە دوو تاریخی بە دەستی ئێمە گەیشتن
کە ١) یەکیان بۆ کاک فەریدون و ٢) دووەمیان بۆ کاک نوشیروان بوو
سوپاس. دەربارەی کاک عبدالمجید باجاری خۆی بە شار داتی و وەزعی
لای ئێوە زۆر باش نیە.

[illegible] هەموو گەیشتی دەزانن و هیوادارم لە کوردستانی ئێوە دەخوازم
[illegible] سڵاو و رێزیان هەیە بۆتان. بە پاش داگیرکردنی
کوێت لە لایەن رژێمی داگیرکەری عیراقەوە. گۆڕانکاری یەکی زۆر رووی دا لە عیراقدا
وەک نارەزا و حیرانی. چونکە ئێستا ئەمریکا و ئەمریکا پێیان داوە کە صدام خەتەرە
بۆ سەرکەندا و وڵاتی ئێران. دیارە بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، رژێمی صدام
دەبێ وڵاتی کوێت بە ناچاری بەجێ بهێڵێت وە لە ژێر سایەی یەکێ دەوڵەتی
ئاکرێ و صدام بە هەموو دەزانێ سەرکەندا و ناوچەکە بۆیە لەم
بەڕێزتان پێویستە لە کاتی پێویستدا ئامادە بن و وەک هەموو
دەوڵەت بڕیاری ئێمە خۆتان لە کاتی خۆی ئامادە دەکرێت وە هەموو
هەوڵەکانی پیاوانی رژێم بۆ چارەی نەتەوە و دەوری خۆتان
دەستی بە سەرنا، چونکە وا بگرن دیارە ئەوە احتمالی نەو لە کاتی ڕوودانی
رووداوی چارەنووسساز دەکرێ. ئەوە هەم ئێوە بۆ تووانای
هەموو فرمانێکی هەیە.

شۆڕشگێڕانە و لە گەڵ
جیاتی کاک نوشیروان
١٩٩٠/٩/١٠



بۆ برای بەڕێز کاک حەمە

سڵاوی گەرم     هیوام خۆشی و بەختیاریتانە

خۆت ئەزانی وڵاتەکەمان بەرەو کوێ ئەڕوات و، ئەو هەموو [illegible]

[illegible] یەکێتی [illegible]

سەرنەکەوتن نەبێ. ئێمە دڵنیایی تەواومان هەیە لە ڕێگەکەی خەباتی و

هیوادارم لەو ڕووەوە هەموو چینەکان [illegible]

هەموو کارێک بە گشتیەتی یەکێتی هاتۆتە [illegible]. هیوادارم

[illegible]

[illegible] سەرکەوتوو بێت.

دووبارە سڵاو و ڕێزم بۆت

[illegible]

٩٩١/١١/٢٨

## ڕێـــکخراوی ســـلێمانی کـــۆمەڵە

لە سەرەتای ساڵانی ٨٠-٨١ بەدوا، ڕێکخراوێکی پتەوو تۆکمە لە ناو شاری سلێمانی پێکهات (ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە) دوای ئەنفال سنووری ڕێکخراوی سلێمانی گەیشتە گەرمیان و لێوارەکانی کەرکوک.

ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە مێژوویەکی پڕلە شکۆو تێکۆشانی هەیە لە ناو شارو لە بەردەم پەتی سێدارەدا، کە هەمیشە ئەو مێژووە بەدرەوشاوەیی دەمێنێتەوەو هەرگیز لە ڕەونەق ناکەوێ.

نووسین و توێژینەوە لە سەر ڕێکخراوی سلێمانی زۆر هەڵدەگرێ قۆناغ بەندی و وردبوونەوەو شارەزایی و سەلیقەی دەوێ، پەیبردن بە قۆناغە جیاجیاکانی، بە هـەورازو نشێوەکانی بەکاروچالاکی و خۆڕاگری نێو زیندانی، دەیان چیرۆک و سەرگوزەشتەو گیانبازی و سەرکەشی و خۆنەویستی و گیان بەخشین و خۆڕاگری لە خۆدەگرن، کەرەسەو بابەتی دەیان کتێب و چیرۆک، فیلم و ڕۆمانە، بۆیە ئەم چەند دێڕانە تەنها گوزەرێکی خێرایە بە ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەداو بە تایبەت مانگە زێڕینەکانی پێش ڕاپەڕین و ئامادەکاریەکان بۆ ڕاپەڕین.

لە پێکهێنانی سوپای ڕزگاری کوردستان و شانەکانی شاڵاو تا دەگاتە ڕاپەڕین، ئەویش تەنها نیشاندان و ناساندنێکی خێرای چەند مانگی پێش ڕاپەڕینن لەگەڵ هەندێک لە چالاکی و سەروەری و قوربانیەکانی ڕێکخراوی سلێمانی.

ئەم چەند دێڕانە دڵۆپێک لە دەریـای کارو چالاکی ڕێکخراوی سلێمانین لە چوارچێوەی کتێبێکی فراواندا دەخەینە بەرچاوو تەنها دەلاقەیەک بە ڕووی ئەو ڕۆژانەدا دەکەینەوە کە ڕۆژەکانی پێش ڕاپەڕین پێکدەهێنن.

کڵاو ڕۆژنەیەک کە لەوێوە دەڕوانێتە کارەکتەرو تێکۆشەرو هەنگاوەکانی پێش ڕاپەڕین، بەو هیوایەی ئەو تێکۆشەرانەی لێپرسراوو کادێری ڕێکخراوی سلێمانی بوون و نهێنی و بەڵگەنامەکانیان لایە، بتوانن بەڕووی خوێنەران و خەڵکی کوردستان و نەوەی نوێدا واڵایان بکەن تا دوێنێی قوربانی و گیان فیدایی، بە ئەمڕۆی ئازادی و سەرفرازی بناسێنن و ئاشنا بکەن.

ڕێکخراوی سلێمانی، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سەرەتای درووستبوونیەوە تا ڕاپەڕین، دەیان تێکۆشەرو گیان فیدای لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە، کە بەشێکیان  شەهید بوون و گوللەباران کران و بەشێکیشیان لە بەردەم پەتی سێدارەدا سەربەرزانە گیانیان سپاردوو پەیامەکەی خۆیان بەجێهێنا کە شەهید بوون و سەرفرازییە لە پێناوی گەل و نیشتماندا.

مامۆستا جەمال تایەر، دکتۆر خەسرەو خاڵ، عەدنان شاسوارو سەلیم سەرسپی، جەباری حاجی ڕەشید، ئاکۆ محەمەد وەهبی هەریەک لە قۆناغێکدا لێپرسراوو سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی سلێمانی بوون.

دوای گفتوگۆی ساڵی (١٩٨٤-١٩٨٥) سەرکردایەتی کۆمەڵە پەخشکراوێکی ئاڕاستەی ڕێکخراوی سلێمانی کرد کێ دەتوانێ کاری تەتەری، سەربازی، ڕێکخستن، نووسین و کاری ڕاگەیاندن بگرێتە ئەستۆ، بۆیە هەر کەس بەویستی خۆی بەشێکی هەڵبژارد.

ئارام، هیوا، سەردار، بەشی سەربازیان هەڵبژارد، چەند چالاکیەکیان لە ناو شاردا ئەنجامدا، لە دوا چالاکی داو لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١٩ دەستگیرکران.

یەکێک لە ڕێکخستنەکانی ناو شار پەیوەندی لەگەڵ داموو دەزگاکانی ئەمنی سلێمانی گرێدابوو، زمانی لێدابوون و دەستگیریانکردن، لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٧ دا لە بەردەم ناوەندی ڕۆشنبیر گولله بارانکران.

١/ شەهید ئارام محەمەد مەلا کەریم (نەبەز)

٢/ سەردار عوسمان فەرەج

٣/ هیوا فایەق فارس

## داوو دەرمان

ڕێکخراوی سلێمانی سەرچاوەی پەیداکردنی داوودەرمان و پێداویستی پزیشکی بوون بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێکخراوی سلێمانی لە ڕێگەی پۆل و شانەکانیەوە دەستەبەری داوودەرمانی بۆ هێزی پێشمەرگە دەکرد، لە چەند سەرچاوەیەکەوە پێداویستیەکانی دابیندەکرد دوان لەو سەرچاوانە دکتۆرە لەمیعەو خێزانەکەی لەگەڵ دکتۆر نەوزاد ڕەفعەت بوون.

+ دکتۆرە لەمیعە لەگەڵ، گوڵزار، پەری خوشکی و دایکیان بە هاوکاری حەمە زاهیری برایان، ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٩ سەرچاوەیەکی گرنگی پەیداکردنی داوودەرمان بوون، دەیان جار پێداویستی پزیشکیان بە شێوازی جیاو لە کارتۆنی هێلکەدا پێچاوەتەوەو گەیاندویانەتە دەستی پێشمەرگە.

+ دکتۆر نەوزاد ڕەفعەت صاڵح، هاوکاری ڕێکخستنەکانی ناو شار بووە بە پێدان و بەخشینی پێداویستی پزیشکی.

دکتۆر نەوزاد کلیلی عیادەکەی خۆی دابووە هاوڕێ پەناو هاوڕێ عەتا تا شەو دەرمان و پێداویستی پزیشکی بەرن و دواتر دەرگای عیادەکە بشکێنن تا وابزانرێت دز چووەتە سەر عیادەکەی، هەر خۆشی بۆ ڕۆژی دوایی هەواڵی پۆلیسی دابوو.

## شـــەهیدانی دووڕیـــانی ســـەرچنار

لەدرێژەی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسدا لە ناو شاری سلێمانی (پێنج) تێکۆشەری ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی سلێمانی لە کاتژمێر ١١:٤٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٤ لە دووڕیانی سەرچنار گوللەبارانکرد.

ئەم (پێنج) تێکۆشەرەی ڕێکخراوی سلێمانی لە لایەن هاوڕێیەکی خۆیان بە ناوی (ف) کە پەیوەندی کردبوو بە ئەمنی سلێمانی ئاشکرا کران و دوای ٢٤ ڕۆژ لە دەستگیرکردنیان لە دووڕیانی سەرچنارو بە بەرچاوی خەڵکی سلێمانیەوە گوللەباران کران کە ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید کەمال مەحمود فەرەج
٢/ شەهید جەلال عەبدوڵڵا محەمەد
٣/ شەهید تاریق قادر محەمەد
٤/ شەهید عەلی حەمە ڕەحیم حەمە صاڵح
٥/ شەهید بەرهەم عومەر ڕەشید

دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە ٥ی ئازاری (١٩٩١) دا بەشێک لە بەڵگەنامەکانی داموو دەزگا جاسووسیەکانی ڕژێمی عێراق کەوتە دەست خەڵک و لایەنە سیاسیەکان.

یەکێک لەو بەڵگەنامانە، بەڵگەنامەی گوللەبارانکردن و دەستگیرکردنی شەهیدانی دووڕیانی سەرچنارە کە تیایدا بە وردی چۆنیەتی دەستگیرکردنی ئەو (پێنج) تێکۆشەرەی ڕێکخراوی سلێمانی باس دەکات.

ئەو تێکۆشەرانە جگە لە خۆیان کەسووکاریشیان لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە دەستگیرکران، دایک و باوکی شەهید کەمال، مەحمود فەرەج و گوڵە حاجی دەروێش مرانەیی سزای مل پەڕاندنیان بە سەردا سەپێندراو شەهید کران.

لێرەدا دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکانی دائیرەی ئەمن دەخەینە بەرچاوی ئێوەی خوێنەر:

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

سەرۆکایەتی کۆمار
سکرتێر

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی

ژمارە: ٢١٣٠٨
بەروار: ١٩٨٩/٩/١٦
١٦/سەفەر/١٤١٠ ه

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی -٣
بابەت/ داواکاری هاوولاتیەک

برووسکەتان/ق٥٥٨٦٠/٤ لە بەرواری ١٩٨٩/٩/١١ بابەتەکەم لێکۆڵینەوەیە لە داواکاری هاوولاتی (پاکیزە عمر سعید) لە کەسووکاری تاوانبار (بەرهەم عمر سعید) کە نێردراوە بۆمان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی-ق٢، بە پێی نووسراوی زۆر نهێنی و کەسی ژمارە ٢١٢٨٧ لە ١٩٨٧/٩/٢٣، لەگەڵ چوار تاوانباریتر کە نێردراون لە لایەن مەنظومەی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەلاتی (الشرقیە)، لەگەڵ کۆپیەکی بەدواداچوون کە دەرچووە لە مەنظومەی هەواڵگری ناوچەی الشرقیە بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر عەلی حەسەن مەجید، ئەندامی سەرکردایەتی قوطری، وە کۆپیەک لە نووسراوی سکرتاریەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور بە ژمارە ٥٨٧٠ لە ١٩٨٧/٩/١٧، سەبارەت بە جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانیان و گرتنی کەسوو کاریان و ڕووخانی خانوەکانیان جگە لە خانووە حکومیەکان یان بە کرێ دراوەکان و دەستگرتن بە سەر سەروەت و سامانی گواستراوەو نەگواستراوەکانیان، بە تۆمەتی پەیوەندیان بە کۆمەڵێک لە بەکرێگیراوی ڕژێمی ئێران، و ڕفاندنی هاوولاتیان لە شاری سلێمانی و ناردنیان بۆ بارەگای مەڵبەندی یەکی تایبەت بەو بەکرێگیراوانەی کە باسکراون، لەگەڵ تیرۆرکردنی هەڤاڵ (عبدالله) کە فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی کە ئەندام بوو لە ڕێکخستنەکانی پارتی سەرکردەو کورد بوو، لە کاتژمێر ١٥ ١٣ لە ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٤ و ئەنجامدانی سزای لە سێدارەدان بە فیشەک بۆ تاوانباری ناوبراوو تاوانبارانی دیکە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەمان و بە

سەرپەرشتی بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگاو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەواڵگری ناوچەی الشرقیە و جێگری ئەمینداری لقی سلێمانی پارتی سەرکردە (حزبی بەعس) و بەڕێوەبەرانی فەرمانگە فەرمیەکانی پارێزگا.

سەرۆکایەتی کۆمار
سکرتێر
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی

ژمارە:
بەروار:

لە هەمان ئەو شوێنەی کە هەڤاڵ (عبدالله) تیا تیرۆر کرا و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی-ق٢ ئاگاداریان کردین بە پێی نوسراوی نهێنی و کەسی ٢٥٧٨٩ لە ١٩٨٧/١٢/٢٣ و ئاگادار کران لە لایەن سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنەکان باکور/ سکرتاریەت بە پێی نوسراویان ژمارە ٦٨٠٦ لە ١٩٨٧/١٢/١٢ لە سێدارەدانی سێ خانەوادەو کەسووکاری تاوانباران و لە نێوانیاندا خانەوادەی تاوانبار (بەرهەم عمر سعید محمد)، و گرتنی دوو خانەوادە لە کەسوو کاری تاوانباران لە کاتی خۆیدا.

بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا...

و/ بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی
١٩٨٩/٩/١٦

حزب البعث العربی الاشتراکی          امه عربیه واحده
ناوچەی عێراق          ذات رسالة خالدة
سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخراوی باکور
ژمارە:          (زۆر نهێنی و کەسی)
بەروار: ١٩٨٧/٩/١٤
بۆ/ منظومەی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات
بابەت/ تۆڕی ڕێکخراوەی ناوخۆ
سڵاو

لە ١٤ ئەیلولی ١٩٨٧

١/ ڕەزامەندی وەرگیرا لە سەر ئەو پێشنیارانەی کە هاتوون لە نووسراوی سەرەوەدا بە گرتنی کەسوو کاری تاوانباران و ڕووخاندنی خانوەکانیان دوای جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدانیان.

٢/ سوود وەرگرتن لە تاوانبار (ف،ع،س) لە ڕێگای یەکێک لە دەزگا ئەمنیەکانەوە.

٣/ پێدانی سوپاس و پێزانین لە لایەن هەڤاڵی تێکۆشەر عەلی حەسەن مەجید لێپرسراوی نووسینگەی ڕێکخستنی باکور، بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەشدار بوون لەم ئەرکەدا.

بۆ بەدواداچوون و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا

تاهیر تۆفیق
سکرتێری لیژنەی کاروباری باکور

کۆماری عێراق　　　　　　　به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

ژمارە: ٢١٢٠٨٧

وەزارەتی ناوخۆ　　　　　　　زۆر نهێنی و کەسی

بەروار: ١٩٨٧/٩/٢٣

بەڕێوەبەریەتی ئاسایشی گشتی

بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەشی دووەم

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

بابەت/ ناردنی تاوانبارانی گیراو

ئاماژە بە نووسراوی مەنقومەی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بە ژمارە س٢/ ق١/١٥٠ قادسیەی صدام ٢٠٧٢ لە بەرواری ٢٣/ئەیلولی/١٩٨٧ ئەم تاوانبارانەتان بۆ دەنێرین کە ناویان لە خوارەوە هاتووە و کۆپیەکی وێنەگیراو لە خوێندنەوەی دەرچوو لە مەنقومەی ناوبراو و ئامادە کراوە بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر لێپرسراوی نووسینگەی سەرکردایەتی ڕێکخراوی باکور بە ژمارە ٥٨٧٠ لە ١٧/ئەیلولی/١٩٨٧ لەگەڵ هەموو لێکۆڵینەوە تایبەتەکان وە پێداویستیەکانیان بە پێی ئەو لیستانەی کە لەگەڵیاندایە داواکارین وەربگیرێن وە کاری پێویستی لە سەر بکرێت لە سەر ئەو ڕۆشنایانەی کە هاتوون لە نووسراوی مەنقومەی سەرەوەدا و ئاگادار کردنەوەمان.

لەگەڵ ڕێزدا....

عمیدی ئاسایش

م.م.ع بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ناوی تاوانباران:

١/ تاوانبار تاریق قادر محەمەد

٢/ تاوانبار جەلال عەبدوڵلا محەمەد

٣/ تاوانبار کەمال مەحمود فەرەج

٤/ تاوانبار بەرهەم عومەر سەعید

٥/ تاوانبار عەلی حەمە ڕەحیم
٦/ بەخشراوی ناوبراو (ف.ع.ح)
وێنەیەک بۆ:
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ ش.س. بە پێچراوی وێنەی مەنڤومەی ناوبراو.

زۆر نهێنی و کەسی

مەنظومەی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی
ش/ ٢
ژمارە/ ٩
بەروار/ ١٤/ئەیلولی/١٩٨٧
بۆ/ هەڤاڵی تێکۆشەر لێپرسراوی نووسینگەی
سەرکردایەتی ڕێکخراوی باکوری بەڕێز
بابەت/ تۆڕی ڕێکخراوی ناوخۆیی

دوای سڵاو ڕێزمان
گەورەم

١/ لە نێوان مانگی حوزیران و تەمووزی ئەم ساڵدا تێکدەران هەڵسان بە بەرزگرتنی ئاستی تیرۆرکردن لە ناو شاری سلێمانیدا، کە بووە هۆی تیرۆر کردنی یەکێک لە ئەندامانمان، دوای وردبوونەوەیەکی زۆرو چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەم ئاراستەدا بە یارمەتی هاوکارانمان، توانیمان بگەین بە یەکێک لەو تۆڕانە و دەستگیرکردنی ئەندامەکانی، و ئەمە ناوەکانیانە لەگەڵ دانپێدانەکانیاندا کە ئاماژەیان پێکراوە.

ا/ تاوانبار جەلال عەبدوڵڵا محەمەد

لە ساڵی ١٩٨٣ لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ناوخۆدا کاری کردووەکە سەر بە بەکرێگیراوانی ئێرانە، و لە هەمان ساڵ دەستگیر کراوە بۆ ماوەی حەوت مانگ لە ئاسایشی سلێمانی، و لە ساڵی ١٩٨٧ بەشداری کردوە لە دوو کاری ڕفاندنی

هاووڵاتیان بە زەبری چەک و ڕادەستکردنیان بۆ مەڵبەندی یەک لە بەلەکجار لە قەرەداغ، بەشداری کردووە لە تیرۆرکردنی هەڤاڵ عەبدوڵڵا کە فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی و بەعسی بوو بە پلەی ئەندام و دڵسۆز بوو بۆ پارتی سەرکردە  و باوەڕی تەواوی هەبوو بە بیروبۆچوونەکانی حیزب و شۆڕش،و بەکرێگیراوانی ئێران فەرمانی تێرۆرکردنیان بۆدەرکرد لە ڕێی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ، دوای هەستانی بەکۆکردنەوەی کەرتێکی (جیش شعبی) لە شاری سلێمانی.

ب/ تاوانبار تاریق قادر محەمەد

لە ساڵی ١٩٨٣ لە ڕیزی بەکرێگیراوانی ئێران کاری دەکرد لە ڕێکخستنەکانی ناوخۆ، ساڵی ١٩٨٦ هەستاوە بە دابەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە نامەی هەڕەشەکردن بە سەر هاووڵاتیاندا کە لە مەڵبەندی یەک لە قەرەداغ وەریدەگرت، بەشداری کردووە لە سێ کردەوەی ڕفاندنی هاووڵاتیان و لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دانی بەوەداناوە کە قسەی لەگەڵ کراوە لە لایەن ناوبراو (قیس کەریم ئەمیر) سەبارەت بە ئیشکردنی لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دەعوە (حزب الدعوە)ی بەکرێگیراو و دوای گرتنی (قیس) و ڕووبەڕووکردنەوەی لەگەڵ تاوانبار دەرکەوت کە هیچ پەیوەندیەک نییە لە نێوانیاندا سەبارەت بەو شتە.

ج/ تاوانبار کەمال محمود فەرەج

لە ساڵی ١٩٨٦ دەستیکردووە بە چالاکی لە نێو ڕێکخستنەکانی ناوخۆی بەکرێگیراوانی ئێران، زیاتر لە سی نامەی هەڕەشەکردنی لە هاووڵاتیان وەرگرتوە، لە لایەن بارەگای مەڵبەندی یەکەوە و دابەشکردنی بە سەر هاوڵاتیاندا، بەشداری کردووە لە پێنج کاری ڕفاندنی هاووڵاتیان و دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی و ڕادەستکردنیان بۆ بارەگای مەڵبەندی یەک، و بەشداری کردووە لە تێرۆرکردنی هەڤاڵ عەبدوڵڵا، تاوانبار ئەڵقەی گەیاندن بووە لە نێوان تۆڕەکەدا و بارەگای مەڵبەندی یەک.

د/ تاوانبار بەرهەم عومەر سەعید

لەم ساڵدا چالاکیەکانی دەستپێکردووە، بەشداریکردووە لە دابەشکردنی چەند

نامەیەکی هەڕەشەکردن لە هاووڵاتیان، و بەشداریکردن لە چوار کاری ڕفاندنی هاووڵاتیان و دوو ئۆتۆمبێل، جگە لە بەشداریکردنی لە تیرۆرکردنی هەڤاڵ عەبدوڵڵا و یەکەم کەس بوو کە تەقەی لێکردووە.

ه/ تاوانبار (ف.ع.ح)

لە ساڵی ١٩٨٦ چالاکیەکانی دەستپێکردووە و بەشداری کردوە لە دابەشکردنی چەند نامەیەکی هەڕەشەکردن، و هەستاوە بە گواستنەوەی تاوانباران بە ئۆتۆمبێلە کرێکەی خۆی لە کاتی ئەنجامدانی تیرۆرکردنی هەڤاڵ عەبدوڵڵا، و ئەو کەسە بووە کە گومانی خرایە سەر لە لایەن سەرچاوەکەمانەوە کە ناسراوە بە عوسمان عەبدوڵڵا کە یارمەتیدەرمان بووە بۆ دۆزینەوەی ئەندامانی تۆڕەکە.

و/ تاوانبار عەلی حەمە ڕەحیم

چالاکیەکانی لەم ساڵدا دەستپێکردووە و بەشداری کردوە لە یەک کاری ڕفاندن.

٢/ تاوانبارێکیتر هەیە بە ناوی (کاوە احمد حمە رحیم) و گەڕان بە دوایدا بەردەوامە بە مەبەستی دەستگیرکردنی، کە بەشداری کردووە لە یەک کاری ڕفاندن لەگەڵ ئەندامانی تۆڕەکە، و لە کاتی ئێستادا لە شوێنی نیشتەجێبوونی نییە، و کوڕی خاڵی تاوانبار تاریق قادر محمد و پێشبینی دەکرێت کە دیار نەمابێت دوای بیستنی هەواڵی دەستگیرکردنی ئەوانیتر.

٣/ ئەو تۆڕەی کە ئاماژەی پێکراوە لە سەرەوە بەستراوەتەوە بە مەڵبەندی یەکەوە لە قەرەداخ، تاوانبار شێرکۆ لێپرسراوی ڕاستەوخۆیان بووە لە هەمان کاتدا لێپرسراوی دارایی مەڵبەند بووە، و ڕێنماییەکانی گەیاندووە بە تۆڕەکە لە ڕێی هەردوو تاوانبار کەمال محمود فەرەج و تاریق قادر محمد.

٤/ هەماهەنگی کرا لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی سەبارەت بەو بابەتە لە ڕێی ناردنی ئەفسەرێک لە مەنظومەکەمان بۆ ئەو بابەتە لە ڕێی خستنە بەردەستی ئەو زانیاریانەی کە دەستکەوتوون لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا بە مەبەستی سوودوەرگرتن لێی و بەستنەوەی بەو زانیاریانەی کە لە بەردەستیاندایە، پاشان بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی داوای کردووە کە ئەندامانی تۆڕەکە بگوازرێتەوە

بۆ لایان بۆ سوودوەرگرتن لێیان.

٢/ پێشنیارەکان

ا/ ڕادەستکردنی ئەندامانی تۆڕەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ب/ جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان بە سەر تاوانبارانی سەرەوە.

دوای تەواوبوونی ئاسایشی ئۆتۆنۆمی لێیان و بە بەشداری ئاسایشی سلێمانی و جێبەجێکردنی سزاکە لە هەمان شوێن بێت کە تاوانباران تاوانەکەیان ئەنجامداوە دەرهەق بە هەڤاڵ عەبدوڵڵا حەسەن.

ج/ ئازادکردنی تاوانبار قیس کەریم ئەمیر بە هۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لە سەری.

د/ ئازادکردنی تاوانبار (ف.ع.ح)[٢٣] بە هۆی ئەوەی ئەو کەسە بووە کە یارمەتی داوین سەبارەت بە دۆزینەوەی ئەندامانی تۆڕەکە و دەستگیرکردنیان.

تکایە بفەرمون بە چاوخشاندن... لەگەڵ ستایش و ڕێزماندا گەورەم.

العمید الرکن

بەڕێوەبەری منڤومەی هەواڵگری ناوچەی الشرقیە

٢٣ ناوەکەی لای ئێمە پارێزراوە

به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

زۆر نهێنی

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

ژمارە: ٢٤٣٤

بەروار: ١٩٨٧/١٠/٢٤

بۆ/ نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سلێمانی

بابەت/ ناردنی لاشەی تاوانباران

لاشەی ئەم تاوانبارانەتان بۆ دەنێرین کە ناویان لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، تکایە وەریبگرن و بیانێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لە لایـەن ئێوەوە بە مەبەستی ناشتنیان و ئاگادار کردنەوەمان . لەگەڵ ڕێزدا....

بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

تێبینی:

نابێت ڕادەستی کەسوکاریان بکرێت

بە هیچ شێوەیەک

ناوەکان:

١/ عەلی حەمە ڕەحیم صالح کەریم

٢/ کەمال محمود فەرەج

٣/ جەلال محەمەد عەبدوڵلا صاڵح

٤/ ئیبراهیم عومەر سەعید حەمە

٥/ تاریق قادر محەمەد مەعروف

بەڵگەنامەی مردنیان بۆ دەردەکرێت وە ڕادەستی کەس و کاریان بکرێت.

\

## کـــتێبخانەی شــەهید ئـــارام

جگە لـە چـالاکی سـەربـازی و ڕێـکخـراوەیی ڕێـکخـراوی سلێمانی خـاوەن کتێبخانەیەکی گەورە بوو لە ناو شاردا بە ناوی کتێبخانەی شەهید ئارام.

کتێبخانەی شەهید ئارام زیاتر لە ١٣٠٠ کتێب و سەرچاوەی تیا بوو لە بابەتی مێژوویی و فەلسەفی و ئابوری و کلتوری ناونیشانی کتێبەکان بە لیستێک نێردرا بوون بۆ کەرت و پۆل و شانەکان، هەر هاوڕێیەک بیویستایە کتێب بخوازێت، دەبوایە ماوەی (٢٠) ڕۆژ لای بوایەو بیگەڕاندایەوە تا زۆرترین کەس سوود لە کتێبەکان ببینێ.

دابەزاندنی لیستی کتێبەکان بەو قەبارەیەو دەستاو دەستکردنی لە ناو ڕێکخراوی سلێمانیدا هەر لە توانای دامەزراوەی قەبەو فراواندا بوو، بەڵام ڕێکخراوی سلێمانی لە هەلومەرج و دۆخێکی نهێنی و پڕ مەترسیدا ئەو کارەی دەکرد.

ڕێـکخـراوی سلێمانی (کـۆمـەڵـە) توانیبووی زۆرێـک لـە گـەنجە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرەکانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و تا کەرکوکیش لە ڕیزەکانیدا کۆبکاتەوەو گۆشیان بکات، ئەڵقە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە وشیاری چینایەتی و ئاشنا بوون بە فەلسەفەی چەپ و ئاگادار بوون لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد.

## ئـــــەنفال

لە ئەنفالدا قۆناغ بە قۆناغ پێشمەرگە پاشەکشەی کرد بۆ سنوورەکان، دواتر سەر لە نوێ پارتیزانەکان نێردرانە خوارەوەو ناوچەکان بە هێزی پێشمەرگە ئاوەدان کرانەوە.

لە ئەنفالی "یەک" دا مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) ڕاگەیاندراوێکی سەبارەت بە ئەنفالی (یـەک) و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بڵاوکردەوەو دڵنیاییدا کە ئەوە شکستێکی سەربازی کاتیە و دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە خەباتی گەلی کوردا، هەروەک مژدەی ڕاماڵینی یەکجارەکی ڕژێمی بەعسیشی دابوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ڕێکخراوی سلێمانیش پەخشنامەیەکی سەبارەت بە باروودۆخەکە بڵاوکردەوەو تیایدا هاتبوو کە ئەم شکستە کاتیەو قۆناغەکە گۆڕانی بە سەردا دێت، بۆ ماوەیەکیش ڕێکخستن لە حاڵەتی مت بوون و خۆپاراستندا بوو، لەو بارودۆخەدا جەباری حاجی ڕەشید ڕۆڵی دیاری بینی لە خۆ ئامادە کردن و خۆڕێکخستنەوە بۆ قۆناغی دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال.

## ئـــەنفالی قـــەرەداخ

نێوانی ئەنفالی (٢) ئەنفالی قەرەداخ لەگەڵ ئەنفالی (٣) ی گەرمیان هەر هەفتەیەک بوو. لە ئەنفالی "قەرەداخ" دا پۆلێ پێشمەرگە بەجێمابوون هەندێ لەوانە بریندار بوون، بە برینداری لە ناوچەکە مابوونەوە، خالید ماوەتی یەکێک لە بریندارەکان بوو، لە ڕێگەی ڕێکخراوی "سلێمانی" یەوە هێنرابوونە "بازیان" لەوێشەوە بۆ ناو شاری سلێمانی.

لە ڕێگەی نامەی سەرکردایەتی و پەیوەندی ڕێکخراوی سلێمانی بە حزبی دیموکراتەوە، بە بڕیاری خودی دکتۆر عبدالرحمانی قاسملوو لە ڕێگەی شەهیدی زیندوو "حەسەن  شیوە سەڵی" یەوە بە تاقم و تفەنگی خۆیانەوە گەیەندرانە سەرکردایەتی (ی ن ک).

دکتۆر کەریم کەیفە و کاک ماشەڵڵا لە حزبی دیموکرات و بە دوو ئۆتۆمبێل لە سلێمانیەوە پێشمەرگەکانیان گەیاندە سوورەدێ، هاوڕێ (پەنا) وەکو ڕێکخراوی سلێمانی لەگەڵیان بوو.

## ســـوپای ڕزگـــاری کـــوردستان

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ئەو پێشمەرگانەی دەهاتنە ناو شار لە لایەن ڕێکخراوی سلێمانی دڵنەوایی دەکران و ڕێکدەخرانەوە، لە لایەکیترەوە هاوکاری پارتیزانەکانی گەرمیان و ڕستی سوورداشیان دەکرد کە لە ناوچەکاندا مابوونەوە. سوپای ڕزگاری کوردستان لە ڕێکخستنەکانی ناو شارو پێشمەرگە دابڕاوەکان

درووستکراو دابەشکرا بە سەر سێ تیپ و چەند مەفرەزەیەکدا.

تیپی (یەک) ی سلێمانی بە فەرماندەیی "سامی جەمال" تیپی تایبەت (٢)ی کەلار بە فەرماندەیی عەلی شەهید محەمەد.

تیپی (٣) ی شارەزور بە فەرماندەیی "فارس" (مەلا ئارام).

مەفرەزەی بازیان بە فەرماندەیی (حەسەن بەگ) مەفرەزەیەک لە ناو شاری سلێمانی بە فەرماندەیی (هاوڕێ عەتا) لەگەڵ هێڵەکانی تەکیەو چەمچەماڵ.

ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان جگە لە کارو چالاکیەکانی و ڕێکخستنی خەڵک بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە، خەت و هێڵی تایبەتی لە ناو داموودەزگاکانی ڕژێمدا درووستکردبوو بە جۆرێک هەر جمووجۆڵێکی ڕژێمی بەعس و دەزگا ئەمنیەکانی ڕێکخستنەکانی لێئاگادار دەکرایەوە.

ڕێکخراوی سلێمانی لە ناو سوپای عێراق و ئەمنی سلێمانی خەتی تایبەتی هەبوو.

+ نەقیب حەسەن ئەفسەرێکی شیعە بوو خەڵکی تەلەعفەر بوو لە ڕێگەی پێدانی پارەو هاوکاری لە لایەن هێڵێکی ڕێکخستنەوە، لە هەر کارێک یان هەر جمووجۆڵێکی ئەمنی سلێمانی هاوڕێیانی ڕێکخستنی ئاگادار دەکردوو زانیاری دەدانێ.

+ نائیب ضابط (جەلیل خەلیل ئیبراهیم دەلۆیی) عەدەد جیهازی قائیدی فیرقە (بارق عەبدوڵڵا حنطە) هەر زانیارییەک لە ڕێگەی جیهازەوە بگەیشتایە، دەیدایە هاوڕێیانی ڕێکخراوی سلێمانی.

ڕێکخراوی سلێمانی جگە لە پێداویستی تەندرووستی جلوو بەرگ و پێڵاوو خۆراک و پێداویستی دەگەیاندە مەفرەزە پارتیزانەکان لە ناوچەکانی گەرمیان و پیرەمەگرون و چەمچەماڵ و کەرکوک و قادر کەرەم و بناری گل.

مانەوەی پارتیزانەکان لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان بە هاوکاری و پشتیوانی ڕێکخراوی سلێمانی بوو، بە هاوکاری و پشتیوانی ڕێکخراوی سلێمانی دەژیان، سەرکردایەتی (ی ن ک) دەسەڵاتی دابووە ڕێکخراوی سلێمانی وەکو سەرکردایەتی ناوخۆ هەڵسوکەوت بکەن و خاوەن بڕیاری خۆیان بن، هەر بۆیە بەردەوام لە خەمی پارتیزانەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانیاندا بوون.

## تـــاقمی تـــفەنگ

مەفرەزە پارتیزانەکان داوایان لە ڕێکخستنەکانی شار کردبوو کە پێویستیان بە تاقمی تفەنگە بۆیان درووستبکەن و بیگەیەننە دەستیان، کیفی مەخزەن و شەیالەی پشت،

شێخ محەمەد سۆڵەیی، حەمە نوری، حەمە ڕەشید باریکەیی چوونە دووکانی عەبدوڵڵای حاجی سەعید کە ئەو سەردەمە دووکانی سەڕاجی هەبوو، ئەو جۆرە پێداویستیانەی درووست دەکرد.

چوونە لای عەبدوڵڵای حاجی سەعید و پێیانوت کۆمەڵێک تاقممان بۆ درووست بکە حەمە نوری فەوجێکی کردووەتەوە بۆ فەوجەکەی ئەومان دەوێت بەو بیانووە داوایانکرد زیاتر لە ٣٥ تاقمی تفەنگیان بۆ درووست بکات، دوای تەواو بوونی تاقمەکان وەریان گرتەوەو ناردیان بۆ پارتیزانەکان.

## خـــواردن بۆ پـــــارتیزانەکان

پارتیزانەکانی گەرمیان داوایانکردبوو نان و خواردنیان بۆ درووست بکەن و بۆیان بنێرن، شێخ محەمەد و حەمە نوری و حەمە ڕەشید باریکەیی چوونە بازاڕ (١٠) کیلۆ قیمەیان کڕی و بردیانەماڵی شێخ محەمەد سۆڵەیی.

خاتوو زەینەب خێزانی شێخ محەمەد و حەپسە خانی ژن خوشک و براژنی، قیمەکەیان کردە شفتە، خواردنەکەیان پێچایەوەو لە ڕێگەی صاڵحی حەمە خان دەربەندیخانی گەیاندیانە پارتیزانەکانی گەرمیان چەندین جاریتریش ڕێکخراوی سلێمانی خواردن و پێداویستیان گەیاندووەتە پارتیزانەکانی گەرمیان، پیرەمەگرون.

حەمە نوری و حەمە ڕەشید باریکەیی هێڵی پەیوەندی نێوان پارتیزانەکانی گەرمیان و ئازادی سەگرمە بوون، لە ڕێگەی صالح دەربەندیخانی، خواردن و پێداویستیان دەگەیاندە پارتیزانەکان [٢٤]،

بارەگای پارتێکی کارتۆنی حزبی بەعس لە دەربەندیخان بوو ڕێکخراوی سلێمانی خەڵکی لە ناو ئەو پارتەدا هەبوو زانیاری دەدایە ڕێکخستنەکان.

---

٢٤ لە بەشی پارتیزانەکانی گەرمیاندا بە وردی باس کراوە.

## نـــامەی شـــێرکۆ جـــدی

حسێن عەبدوڵڵا مرانەیی[25] "شێرکۆ جدی" بە مانگێک پێش شەهید بوونی نامەیەکی ناردبوو بۆ خێزانەکەی لە ناو شار لەگەڵ (٤٥) دینار.

ڕێکخراوی سلێمانی، نامەو پارەکەی ڕووبەڕووی شێخ محەمەد کردەوە تا بیگەیەنێتە دەست خێزانەکەی کاک شێرکۆ، زۆر هەوڵیاندا ماڵی کاک شێرکۆیان بۆ نەدۆزرایەوە،

نامەو پارەکە لای شێخ محەمەد مایەوە تا ئەو ڕۆژەی شێرکۆ جدی شەهید کرا.

دوای شەهید بوونی کاک شێرکۆ لە ڕێگەی ناسراوێکەوە ماڵی شەهید شێرکۆیان دۆزیەوەو پارەکەیان پێگەیاند.

*****

لە درێژەی ڕاسپاردەو کارو فەرمانەکانی ڕێکخستندا ڕێکخراوی سلێمانی بە ئەندامانی ڕاگەیاند، هەر هاوڕێیەکی ڕێکخستن لە ماڵی خۆیدا شوێنی گونجاو درووست بکات بۆ شاردنەوەی کەلووپەل، دواتریش شوێنی شاردنەوەی چەک و دەمانچە درووست بکەن.

بۆ باشتر ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ڕێکخستن و پێڕاگەیشتن بە پارتیزانەکان، ڕێکخراوی سلێمانی (ئەحمەد کوڵکنی) ناردە ناوچەی گەرمیان شوێن و ڕێگەو پێداویستیان بۆ دابینکرد، لەوێوە هەماهەنگی لەگەڵ پارتیزانەکان بکات و پێداویستیەکانیان بۆ پەیدا بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لە سنووری ئاوە خوێڕی حەشارگەیەکیان درووستکرد، پێداویستیەکانیان لەو حەشارگەیەدا دائەناو پێشمەرگەش دەهاتن دەیانگواستەوە بنکەکانی خۆیان.

## مـــام خـــەلیفە

مام خەلیفە تەتەری نێوان ڕێکخستنەکان و پارتیزانەکان بوو هاوکاری سوپای ڕزگاری کوردستان بوو، لە بەر ئەوەی لە گەرمیاندا زەق بوو، هێنایانە ماڵی لالە

---

٢٥ مرانە دێیەکی ناوچەی سیوەیلی شارباژێرە.

سەرحەد بۆ شارەزور، پاش ماوەیەک گواستیانەوە سلێمانی لە ماڵی خاتوو لەعلیە خوشکی شێخ محەمەد و خێزانی شەهید تەها ژوورێکیان بۆ بەکرێگرت، ماوەی پێنج مانگ لەوێ مایەوە، بەڵام ماڵی خاتوو لەعلیە نەیاندەزانی کە مام خەلیفە سەر بە ڕێکخستنەو هاوکاری پارتیزانەکانە و بۆ خۆ پەنادان هاتووەتە سلێمانی، دوای پێنج مانگ مانەوە لە سلێمانی مام خەلیفە و خێزانەکەیان گواستەوە بۆ شوێنێکیتر.

**ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە چالاکیەکانی هەمە جۆر بوون:**

١/ بڵاوکردنەوەی بەیاننامە

٢/ وەرگرتنی پارە بۆ شۆڕش

٣/ ئاگادارکردنەوەی کەسانی خراپ و پیاوانی ڕژێم لە ڕێگەی نامەوە

٤/ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر داموودەزگاکانی ڕژێم و نۆکەرانی.

## ژن لە ڕیـــزەکانی ڕێـــکخستندا

ژنان لە ڕێکخراوی سلێمانیدا چالاک و کاریگەر بوون، لە سەرەتای درووستبوونی ڕێکخراوی سلێمانی تا دوای ئەنفال دەیان ژنی سەلارو چالاک لە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا تێکۆشان و گیانبازیان دەکرد.

**ژنان لە ڕێکخراوی سلێمانیدا دوو جۆر بوون:**

جۆری یەکەم: ئەو ژنانە بوون کە ڕێکخرابوون و پەیوەندیان بە ڕێکخراوی سلێمانی هەبوو.

جۆری دووەم: ئەو ژنانە بوون کە ڕێک نەخرابوون بەڵام هاوکاری مێردوو براو کەسووکاریان دەکرد.

ژنان لە ناو ڕێکخراوی سلێمانیدا کەرتێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو بە ناوی کەرتی شەهید لەیلا، شەهید لەیلا قاسم یان خوشکە لەیلا ناونرا بوو کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە سێدارەدرا.

یەکەم لێپرسراوی کەرتی ژنان (تەحسین قادر) و دواهەمین لێپرسراویش مامۆستا شێخ محەمەد سۆڵەیی بوو تا کاتی دەستگیرکردنی لە لایەن ئەمنی سلێمانی لە (١٩٩٠/١/٢٤).

کەرتی شەهید لەیلا (٣) کە شێخ محەمەد سۆڵەیی هاوڕێ (ئاوێسەر) لێپرسراوی بوو ئەم هاوڕێیانە ئەندامی کەرتەکە بوون.

١/ شەوقیە کاکە حەمە سەعید (هاوڕێ ئارایشت)

٢/ جەمیلە شێخ مەحمود (هاوڕێ کۆژین)

٣/ پەروین کاکە حەمە سەعید (هاوڕێ کەژۆست)

٤/ گێلاس محێدین (هاوڕێ بەفرین)

بەڵام "شەوقیەو جەمیلە" دوو ئەندام کەرتی چالاکی کەرتی شەهید لەیلا بوون و لێپرسراوی پۆل بوون.

+ پۆلی شەهید ئامینە شەوقیە کاکە حەمە لێپرسراوی بوو.

+ پۆلی شەهید سنەوبەر جەمیلە مەحمود لێپرسراوی بوو.[٢٦]

٣/ کتێبی لە ڕوانگەوە قەیرانەکان دەبینم، نووسینی محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی ل (١٦٢-١٦٣).

**پۆلی شەهید ئامینە**

١/ شەوقیە کاکە حەمە لێپرسراوی پۆل (ناوی نهێنی ئارایشت)

٢/ گێلاس محی الدین (بەفرین)

٣/ پەروین کاکە حەمە (کەژدۆست)

٤/ تارا عومەر (سایە)

٥/ لەمیعە کاکە حەمە (ڕاوێژ)

٦/ پرشنگ

٧/ کچێکی کەرکوکی لای پەروین کاکە حەمە بوو.

**پۆلی شەهید سنەوبەر**

١/ جەمیلە مەحمود کەریم (کۆژین) لێپرسراوی پۆل

[٢٦] بیرەوەریەکانی کۆژین (جەمیلە شێخ مەحموود) لە دەرەوەی وڵات بۆی ناردووم (ناوی هەر دوو پۆلی شەهید سنەوبەروو شەهید ئامینە).

٢/ دیدار حەمە (شێنێ)
٣/ وێژە شەریف (شەنگە)
٤/ گەلاوێژ عەلی (پاکدڵ)
٥/ نەشمیل مەحمود کەریم (ڕاوێژکار)
٦/ ئەمیرە صدیق عەبدولکەریم (ڕێناس)
٧/ شانۆ محەمەد (شەوبۆ)
٨/ گەلاوێژ (شەبەنگ)
٩/ کانی + کارێز
١٠/ شیرین جەمال جەلال (شۆخان)
١١/ شاسوار
١٢/ هاژە محەمەد
١٣/ دیار حاجی بەکر (شاباز)
١٤/ کەژاڵ عوسمان غەوس حاجی قادر
١٥/ پەخشان ساڵح نەجمەدین (ئاهەنگ)
١٦/ فاتمە حەمە ڕەشید (ئاوێنە)

## دەستگیر کردنی ڕێکخراوی سلێمانی

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕژێمی عێراق لە لوتکەی بوغرایی و لەخۆبایی بووندابوو، شکستی کاتی هێزی پێشمەرگەی بە سەرکەوتن هەژمار دەکرد، هەر بۆیە لە نامەیەکی نهێنیدا بۆ دەزگا ئەمنیەکانی دەنووسێ، هێزی پێشمەرگەمان تێک شکاندووەو دەبێ ڕێکخستنەکانی ناو شاریش تێکبشکێنین.

حزبی بەعس فەرمانێک دەردەکات بۆ دەزگا ئەمنیەکانی لە سەرتاسەری ناوچەی حوکمی زاتی و داوایان لێدەکات هەوڵ بدەن زانیاری ورد کۆبکەنەوە لە سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لە ڕێگەی سیخوڕو پیاوەکانی خۆیەوە لە هەوڵی ئاشکرا

کردن و زانینی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکان و پارتیزانەکان، هێڵەکانی ناو شارو ڕێکخستنەکاندا بوو.

دوای ئەوەی لە ڕێگەی سیخوڕوو پیاوەکانیانەوە دەگەنە سەرەداوێک، (٣٠) کەس لە ڕێکخستنەکانی ناو شاریان بە چەند قۆناغێک دەستگیر کرد، کەسی یەکەمی ڕێکخراوی سلێمانی لە دەستگیرکراوەکان بوو

بەمجۆرە بەشێک لە سەرکردە و کادیرەکانی ڕێکخراوی سلێمانی دەستگیر کران، کە ئەم هاوڕێیانە بوون.

**ناوو بەرواری دەستگیرکراوەکانی ڕێکخراوی سلێمانی (کۆمەڵە):**

١/ ئەحمەد محەمەد وەتمان، مامۆستا ئەحمەدی صناعە لە ١٩٨٩/٤/١٤ دەستگیر کراوە.

٢/ ئەبوبەکر محەمەد صاڵح، بەکر دارتاش، ١٩٨٩/١١/٥

٣/ کامیل صابیر مەحمود ١٩٩٠/١١/١

٤/ کارزان ئیسماعیل ١٩٩٠/١٢/١٠

٥/ عبدالجبار ڕەشید مەلا ئیبراهیم ١٩٩٠/١/٢٢

٦/ عبدالعزیز عومەر عارف ١٩٩٠/١/٢٢

٧/ سامان مەولود غەریب ١٩٩٠/١/٢٢

٨/ ڕزگار محەمەد عەبدوڵلا ١٩٩٠/١/٢٢

٩/ محەمەد عبدالرحیم ١٩٩٠/١/٢٤

١٠/ ئەحمەد محەمەد صاڵح (مامۆستا ئەحمەد) ١٩٩٠/١/١٨

١١/ جەمال عەزیز ئەمین مامۆستا جەمال عەزیز ١٩٩٠/١/٢٠

١٢/ عەزیز محەمەد ئەحمەد ١٩٩٠/١/١٢

١٣/ محەمەد ڕەحیم حەسەن (حەمە ڕەحیم) ١٩٩٠/١/٢٣

١٤/ عەلی محەمەد شاسوار ١٩٩٠/٢/١٢

١٥/ عەلی صاڵح سلێمان ١٩٩٠/١/٢٤

١٦/ بەختیار عومەر ئەولی ١٩٩٠/١/١٠

١٧/ موحسین حەمە ئەمین ١٩٩٠/١/٢٧
١٨/ فەرەیدون سەعید جەعفەر (فەرەیدون دارتاش) ١٩٩٠/١/٢٣
١٩/ عەتا ئەحمەد محەمەد ١٩٨٩/١٠/٢٢
٢٠/ محەمەد زاهیر تۆفیق ١٩٨٩/١٠/٢٢
٢١/ ئەحمەد محەمەد قادر ١٩٩٠/١/١١
٢٢/ سالار محەمەد عبدالرحمن ١٩٩٠/٢/١١
٢٣/ عبدالرحمن قادر غەفور ١٩٩٠/٢/١٤
٢٤/ تالّیب عەبدوڵڵا ١٩٩٠/٢/١٤
٢٥/ حەمە تاهیر مەحمود شێخ محەمەد ١٩٩٠/٢/٢٢
٢٦/ محەمەد ڕەسوڵ ١٩٩٠/٢/٢٦
٢٧/ کامەران عەزیز عەلی ئەحمەد ١٩٩٠/٢/٢٨
٢٨/ عوسمان عبدول معروف مستەفا ١٩٩٠/٣/٤
٢٩/ محەمەد مەلا حەسەن ١٩٩٠/٢/١
٣٠/ ئەردەڵان عومەر عەلی ئەمین ١٩٨٩/١١/١٦

پێنج کەس لە تێکۆشەرانی ڕێکخراوی سلێمانی فەرمانی سێدارەیان بە سەردا سەپێندراو ئەوانیتریش حوکمدران.

بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی لە ڕاپۆرتێکی نهێنی و بە پەلەدا بۆ دیوانی سەرۆکایەتی فەرمانگەی کاروباری سیاسی، لە وەڵامی نووسراوێکی دیوانی سەرۆکایەتی، بەم شێوەیە باس لە هەڤاڵانی ڕێکخراوی سلێمانی دەکات- کە تیایدا زانیاری سەبارەت بە دەستگیرکردن و چالاکی و جموجۆڵەکانی هاوڕێیانی دەستگیرکراوی ڕێکخراوی سلێمانی و جۆری پیشەو پەیوەندیان بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و (ی ن ک) و دەستگرتن بە سەر ئامێرو جۆری چالاکیەکانیان بۆ دیوانی سەرۆکایەتی دەنووسێ بەمجۆرە.

سەرۆکایەتی کۆمار
سکرتێر
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی گشتی

نهێنی وبەپەلە

ژمارە: م.د/م٦/١٠/٦٩٩٣
بەروار : ٢٦ / ٦ / ١٩٩٠

دیوانی سەرۆکایەتی – فەرمانگەی کاروباری یاسایی
بابەت/ دەرخستنی زانیاری

ئاماژە بەنووسراوتان ژمارە ق/س/ / ت/٤/ ٩٩٩ لە ٥/٣٠/ ١٩٩٠
لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانبارانی بابەتی لێکۆلینەوەی نووسراوەکەی سەرەوەتان ، ئەم زانیاریانەمان بۆ دەرکەوت :

١-تاوانبار عەبدولجەبار رەشید مەحەمەد ئیبراهیم پیشەی ئەندازیاری کشتوکاڵییە ، وخاوەنی کێڵگەی پەلەوەرە ، لە ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەکرێگیراوەوە کردووە وەبەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن تا ساڵی ١٩٧٥ کاتی هەرەسهێنانی بەکرێگیراوەکان، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی بەکریگیراوانی ئێرانەوە (باڵی کۆمەڵە) کردووە لە ڕێگای تاوانباری گۆڕبەگۆڕ (خەسرەو موستەفا خاڵ) کە یەکێکە لە کادرە سەرکردایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە وەدواتر لە ژێر فەرمانی هەڵهاتوو (عومەر فەتاح حسین) ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو کۆمەڵەیە کاری کردووە ، پاشان چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی لێپرسراوی بوون ، تا بووەتە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی سلێمانی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ ،تا کاتی دەستگیرکردنی لە بەرواری ٢٣ / ١ / ١٩٩٠ ، وپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ تاوانبار (نەوشیروان موستەفا ئەمین)سکرتێری باڵی کۆمەڵە .
لە ڕێگەی تاوانبار (موستەفا ئیبراهیم دەروێش) کە ئەڵقەو گرێدەری پەیوەندییەکان

بووە لەنیوان ئەوو سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە لە ئێران ، هەروەها لێپرسراوی گەورەترین هێڵەکانی ڕێکخستن بووە لە سلێمانی وفەرمانی لێپرسراوێتی کردنی یەکێک لە هێڵە سەربازییەکانی پارێزگای کەرکوکی پێسپێردراوە ، توانیوومانە دەستبگرین بەسەر دوو دەمانچە ئەو ڕێکخراوە ی کە نەمانتوانی دەستگیریان بکەین ، لەبەر ئەوەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوک چاودێری دەکرێن و توانیمان دەستبگرین بەسەر ئامێرێکی چاپکردندا لە ماڵەکەی و کۆمەڵێکی زۆری نامیلکە و هەواڵ و ئەدەبیاتی تایبەت بە باڵی کۆمەڵە ، لەگەڵ سێ شریتی کاسێتی ڤیدیۆو دوژمنکاری تایبەت بە تاوانبار (جەلال تاڵەبانی) و شاری هەڵەبجە .

تاوانباری ناوبراو دوو برای هەیە کە هەردووکیان هەڵهاتون ولە دەرەوەی وولاتن بە ناوەکانی (جەلال رەشید) کە دانیشتوی ئەمریکایە لە ساڵی ١٩٦٠ وە و (جوانڕۆ رەشید) کە ئێستا لە لەندەنە ولە ساڵی ١٩٨٣ وە لەوێیە ، هەروەها برایەکیتریشی بەناوی (کەمال رەشید) هەڵهاتبوو بۆ ئەڵمانیا ولەوێ کۆچی دواییکرد و هیچ کەسێکیان نییە لە بنەماڵەکەیان پەیوەندی بە حزبی سەرۆکەوە هەبێت .

٢- تاوانبار ئەحمەد وەتمان محەمەد سۆرانی لەدایکبووی ١٩٤١ چوارتا ، دانیشتوی سلێمانییە ،لە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی بەکرێگیراوەوە کردووە و بەردەوام بووە تا هەرەسهێنانی ئەو خانە بەکرێگیراوە لە ساڵی ١٩٧٥ ، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەو گروپە بەکرێگیراوانەی ئێرانەوە کردووە ، ولێپرسراوی کۆمەڵێک کەس بووە لە ڕێکخراوەکەدا و بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخراوەیی لە چوار چێوەی باڵی کۆمەڵە تا ئەو کاتەی دەستگیر کرا لە بەرواری ١٢ / ٤ / ١٩٨٩و بە لێپرسراوی ڕاگەیاندن لە ناوخۆ هەژمار دەکرێت ولە ماڵەکەیدا دەستگیراوە بەسەر ئامێرێکی ڕۆنیۆ و دوو ئامێری چاپکردن و لەگەڵ برێکی زۆری نامیلکەو ئەدەبیاتی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو شریتی کاسێتی دوژمنکاری و ماڵەکەی بارەگای ئەندامە لێپرسراوەکانی ڕێکخراوەکە بووە ، لە ماڵەکەیدا شتەکان لە چاپدەدران ، چاپی نامیلکە و هەواڵەکان و فەرمانەکان و ڕینماییەکانی تایبەت بە ڕێکخراوەکە ، نە خۆی و خانەوادەکەی بەژداری شەڕی

قادسیەی سەدامی نەکردووە ، لە حاڵی حازردا هیچ کەسی بنەماڵەکەی پەیوەندی بە تێکدەرانەوە نییەو دەستگیراوە بەسەر چەند نامەیەکدا کە ئاراستەی کراوە لەلایەن تاوانباری هەڵاتوو (فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج) ئەندامی مەکتەبی سیاسی گروپی خۆفرۆشانی ئێران باڵی کۆمەڵە.

٣ □ ١٩٤٧ –

پیشەی دارتاشە نیشتەجێی سلێمانی – گۆیژە ، لە ١٩٨٧ پەیوەندی بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵە- کردووە ، لە هەمان ساڵدا لێپرسراوێتی چەند کەسێکی کردووە و بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن تا ئەو کاتەی دەستگیر کرا لە بەرواری ٣ / ١٢ / ١٩٨٩ و بە ئەندامی لیژنەی ناوخۆیی (کۆمیتە) ی سلێمانی هەژمار دەکرێت ، هەستاوە بە گواستنەوەی دوو دەمانچە بۆ هێڵی ڕێکخستنەکانی کەرکوکی سەربازی ، کە کاری سەرپەرشتی کردنی بووە ، هەستاوە بە گواستنەوەی ئامێری پەیوەندی کە بەکاردەهێنرا لە لایەن تێکدەری هەڵهاتوو (غەریب هەڵەدنی) بۆ ئێران بەمەبەستی چاککردن ، هەروەها لە دووکانەکەیدا حەشارگەیەکی نهێنی درووستکردووە بۆ خۆ حەشاردان و هەڵاتن لە هەستکردن بە دەستگیر کردنی ، هەروەها لە ناو کەنتۆری جل و بەرگەکەیدا شوێنی هەڵگرتنی چەک و جلوبەرگی تایبەت بە ڕێکخراوەکەیان و دەستگرتن بەسەر وێنەی ژمارەیەک لە تێکدەران ولە نێوانیاندا ناوبراو کە خاڵی تێکدەری هەڵهاتوو (فەرەیدون عەبدولقادر فرج) ئەندامی مەکتەبی و سیاسی گروپی خۆفرۆشی ئێرانەو لە خێزانەکەیدا نە شەهید هەیە ونە دیل یان ونبووی جەنگ، خوشکەکەی (فاتمە موحەمەد ساڵح) لەگەڵ هاوسەرەکەی (عەبدولرەحمان ئیسماعیل) هەردووکیان هەڵهاتون بو ئێران .

٤- تاوانبار عەبدولعەزیر عومەر عارف حەسەن ئەلدەباغ – پیشەی ئەندازیاری کشتوکاڵییە و دانیشتووی سلێمانیە لە گەڕەکی بەرانان ، یەکێکە لەوانەی لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان ولە ١٩٨٣ پەیوەندی کردوە بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵە- ، لە ١٩٨٥ لێپرسراوێتی تاوانبار (عەبدولجەبار رەشیدی) پێسپێردراوەو بە جێگری ڕێکخراوەکە هەژمار دەکرێت و لێپرسراوی کەرتێکی

ڕێکخراوەکەیەو ئەندامی کومیتەی سلێمانییە ، دەست گیراوە بەسەر ژمارەیەک نامە کە ئاراستەی کراوە لە لایەن (خەسرەو موستەفا خاڵ) ، نە شەهیدیان هەیە ونە دیل ونە ونبووی جەنگ و هیچ کەسێکیش لە خێزانەکەیدا هەڵهاتوو نییە.

٥ ☐ ١٩٤٩ –

پیشەی مامۆستایە و دانیشتوی سلێمانییە ، یەکێکە لەوانەی لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان و لە ١٩٨٣ پەیوەندیکردووە بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵەو لێپرسراوی نووسینی بابەتە ڕۆشنبیریەکان بووە ، لە ١٩٨٤ بەژداری گۆنگرەی مامۆستایانی کردووە کە لە ناوچەی سماقوڵی بەڕێوەچووە ، نە شەهیدیان هەیە و نە دیل و نە ونبووی جەنگ .

٦- تاوانبار موحەمەد عەبدولکەریم کاکە حمە موحەمەد ئەلبەرزنجی – لە دایکبوی ١٩٤٦ پیشەی مامۆستایە ودانیشتوی سلێمانییە - یەکێکە لەوانەی لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان و لە ١٩٨٣ پەیوەندیکردووە بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵە ، لە ساڵی ١٩٨٤ بەژداری گۆنگرەی مامۆستایانی کردووە لە ناوچەی سماقوڵی ، توانرا دەستبگرین بەسەر ئەو ڕاپۆرتە تایبەتەی کە مەحزەری کۆبوونەوەی مامۆستایان بووە ، ناوبراو لێپرسراوە لە خانەیەکی ڕێکخستنەکانیان و هێڵێکی ئافرەتانی ڕێکخراوەکە، لە ئێستادا هیچ هەڵهاتوویەکیان لە خێزانەکەیاندا نییە ، لە خێزانەکەشیاندا هیچ شەهیدێک یاخود دیلێک یاخود ونبوویەکی جەنگ بوونی نییە .

٧- تاوانبار موحەمەد مەلا حسین حەسەن موحەمەد – لەدایکبووی ١٩٣٧ پیشەی پارێزەرە ودانیشتوی سلێمانییە - یەکێکە لەوانەی لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان ، لە ١٩٨٠- ١٩٨٣ پەیوەندی کردوە بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵە ، لە ١٩٨٣ ڕاسپێردراوە بە دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ، ولە ١٩٨٤ بەشداری گۆنگرەی مامۆستایانی کردووە لە ناوچەی سماقوڵی ، تاوانباری ناوبراو لێپرسراوی پێنج تاوانباریترە کە توانیومانە دەستگیریان بکەین لە هەمان پرسدا و پەیوەستە بە تاوانباری هەڵهاتوو (موستەفا ئیبراهیم دەرویش) لەگەڵ

تاوانباری هەڵهاتوو (فەوزی مەلا مەحمود) ئەندامی لیژنەی ناوەندی ئەم گروپە خۆفرۆشەی ئێران و بەردەوامبووە لە کاری ڕێکخراوەیی تا ئەو کاتەی دەستگیر کراوە لە بەرواری ١٠ / ٢ / ١٩٩٠، نە شەهیدیان هەیە ونە دیل ونە ونبووی جەنگ و لە ئێستادا لە بنەماڵەکەیدا هیچ کەسیان نییە هەڵهاتوو بێت .

٨- تاوانبار عەبدولرەحمان قادر غەفور موستەفا – لە دایکبووی ١٩٣٦ ، دانیشتووی سلێمانیە ، پیشەی مامۆستایە - یەکێکە لەوانەی لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان ، ولە ١٩٨٣ پەیوەندیکردەوە بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵەو یەکێیکە لە وانەی ئابوونەی مانگانە دەدات و لە ١٩٨٤ لێپرسراوی تاوانبار (محەمەدی مەلا حسین) بووەو هەردووکیان بەردەوام بوون لە کاری ڕێکخراوەیی تا ئەو کاتەی دەستگیر کران لە ١٤ / ٥ / ١٩٩٠ ، نە شەهیدی و دیل و ونبووی جەنگی هەیە ، لە ئێستادا لە نێوخێزانەکەیدا هەڵهاتوویان نییە.

٩- تاوانبار سالار موحەمەد سەعید عەبدەلرەحمان – لەدایکبووی ١٩٥١ ، دانیشتوی سلێمانییە – بەرانان ، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە ، پێشتر لە پرسگەی هۆتێل سلێمانی گەشتیاری کاری کردووە ، لە ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی گروپی بەکریگیراوانی ئێران کردووە – باڵی کۆمەڵە- ، لە ١٩٨٤ ودوای هەڵهاتنی لێپرسراوی پێشووی ، بووە بە لێپرسراوی تاوانبار (موحەمەدی مەلا حسین) وبەردەوام بووە لە کاری ڕێکخراوەیی تا کاتی دەستگیر کردنی لە بەرواری ١١/ ٥ / ١٩٩٠ ، دەستگیراوە بەسەر شریتێکی کاسێتی دوژمنکاری لەماڵەکەیدا ، نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە و خێزانەکەی بەشداری جەنگی قادسیەی سەدامی نەکردووەو لە خێزانەکەی هیچ هەڵهاتوویەک نییە لە حاڵی حازردا .

١٠- تاوانبار عوسمان عەبدول مەعروف موستەفا – لەدایکبوی ١٩٥٤ پێشتر مامۆستا بووەو ئێستا خاوەنی دووکانی فرۆشتنی قوماشەو دانیشتوی سلێمانییە گەڕەگی مامۆستایان ، لە ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی گروپی بەکرێگیراوانی ئێرانەوە کـردووە باڵی کۆمەڵە ، لە ١٩٨٥ لێپرسراوێتی تاوانبار (حمە تاهیر مەحمودی) پێسپێردراوەو لە هەمان کاتدا لێپرسراوی یەکێک لە سەرچاوەکانمان

بووەو لە ١٩٨٧ پەیوەندی بەئەرکی سەربازییەوە نەکردووە تا ساڵی ١٩٨٨و نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییەو لە ئێستادا هیچ هەڵهاتوویەکیان نییە لە نێو خێزانەکەیدا .

١١- تاوانبار حمە تاهیر مەحمود شیخ موحەمەد باراوی – لەدایکبوی ١٩٤٨ ، پیشەی فەرمانبەری یاریدەدەری پزیشکی بەنجە لە نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی ، لە ١٩٧٤ پەیوەندی بە لایەنی گێرەشێوێنی بەکرێگیراوانەوە کردووەو لە ١٩٧٥ خۆی ڕادەستکردووە لە دوای هەرەسهێنانی گروپی بەکرێگیرانەوەو لە ١٩٨٤ پەیوەندیکردووە بە گروپی خۆفرۆشانی ئێران – باڵی کۆمەڵە ، لە ١٩٨٥ لێپرسراوێتی (موحەمەدی مەلا حسین)ی پێسپێردراوەو بەردەوامبووە لە کاری ڕێکخراوەیی تا کاتی دەستگیرکردنی ، سێ برای هەڵهاتووی هەیە لەدەرەوەی وڵاتن بەناوەکانی (ئیبراهیم مەحمود ئەلشیخ) کە ئێستا دانیشتوی سویدە، و (نەجات مەحمود ئەلشیخ) کە ئێستا خۆی وهاوسەرەکەی (فوئاد) لە لەندەنن و (جیهاد مەحمود ئەلشیخ) لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەڵهاتوون ودانیشتوی لەندەنن وهیچ شەهید ودیل و ونبووی جەنگی نییە .

١٢- تاوانبار کامیل سابیر مەحمود ئەحمەد ئەلسۆرانی – لە دایکبووی ١٩٥٥ پیشەی ئەندازیاری کشتوکاڵییە، ئێستا خاوەنی دووکانێکی دروومانە ، لە ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕێکخراوی گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە ، ناوبراو لێپرسراوی کەرتێکی ڕێکخستنە ، ئابوونەی داوە بە ڕێکخراوەکەو بەردەوامبووە لە کاری ڕێکخراوەیی تا کاتی دەستگیرکردنی ، نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییەو لە ئێستادا هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی هەڵهاتوو نییە .

١٣- تاوانبار عەزیز موحەمەد ئەحمەد سەعید ئەلبەرزنجی – لەدایکبوی ١٩٤٥ پیشەی مامۆستایەو دانیشتوی سلێمانییە – تووی مەلیک - ، لە ١٩٨٤ پەیوەندی بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە ، لە ١٩٨٥ بەشداری گۆنگرەی مامۆستایانی ناوچەی سماقوڵی کردووە ، لە ١٩٨٧ لێپرسراوێتی تاوانباری هەڵهاتوو (عەدنان عەبدوڵلا شاسوار) ی پێسپێردراوەو دواتر چۆتە چوارچێوەی لێپرسراوێتی

تاوانبار (ئەبو بەکر موحەمەد ساڵح)و بەردەوامبووە لە کاری ڕێکخراوەیەتی تا کاتی دەستگیر کردنی ، خێزانەکەی هیچ برە پارە و زێڕیان نەبەخشیوە بۆ کۆمەککردنی جەنگ .

١٤- تاوانبار سامان مەولود غەریب کەریم – لەدایکبوی ١٩٦٧ ودانیشتووی سلیمانی – سەرچنارەو پیشەی لە ئێستادا ئەندازیاری کشتوکاڵیە ، لە ١٩٨٣ پەیوەندی بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووەو لێپرسراوی خانەیەکی ڕێکخستنەکانیانە، لە ١٩٨٥ لە ئەرکی سەربازی هەڵهاتووە ، ئەو ماڵەی تێیدا نیشتەجێیە لە لایەن ڕێکخراوەکە بۆی بە کرێگیراوەو بە حەشارگەیەکی ڕێکخراوەکە هەژماردەکرێت و توانراوە دەستبگرین بەسەر چەندین نووسراوو نامیلکەی تایبەت کە دەستنووسی خودی تاوانبارەکەیە ، لە ١٩٨٨ چووەتە چوار چێوەی لێپرسراوێتی تاوانبار (عەبدولجەبار رەشید) ، براکەی (سیروان مەولود غەریب) یەکێکە لە تێکدەرانی گروپی بەکریگیراوانی ئێران و لە دوای بڕیاری لێبووردنی گشتی ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوەو خێزانەکەی پارە و زێڕی نەبەخشیوە بۆ کۆمەککردنی جەنگ .

١٥ – تاوانبار ڕزگار موحەمەد عەبدوڵا مەعروف – پیشەکەی تێبینەری هونەرییە لە بەڕێوەبەرایەتی بەهەمهێنانی کارەبای سلێمانی ، لە دایکبووی ١٩٦٣و دانیشتوی سلێمانی ڕزگارییە لە ١٩٨٣ لە خزمەتی سەربازی هەڵهاتووە تا دەرچوونی بڕیاری لێبووردنی گشتی لە ٨ / ٩ / ١٩٨٨ خۆ ی ڕادەستکردۆتەوەو لە ١٩٨٨ پەیوەندی بە باڵی کۆمەڵەوە کردووەو بەنێوەندگیری حزبی هەژماردەکرێ لە نێوان تاوانبار (عەبدولجەبار رەشید موحەمەد) وژمارەیەک لە تاوانباری لێپرسراوانی خانەکانی ڕێکخستنیان کارئاسانی کردووە بۆ گواستنەوەی چەک بۆ هێڵی کەرکوکی سەربازی و خوشکەکەی (کۆیستان) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە.

١٦- تاوانبار موحەمەد رەحیم حەسەن ڕەسوڵ ئەلسۆرانی – لەدایکبوی ١٩٥٥ پیشەی چاودێری کشتوکاڵیەو ئێستا کاسبەو دانیشتوی سلێمانیە ، لە ١٩٨٨

دواکەوتووە لە خزمەتی سەربازی و بەهۆیەوە وازی لە کاری فەرمانبەرایەتی هێناوەو بەڵگەنامەی ساختەی (عەدەم تەعەڕوز) بەکار هێناوە بۆ هاتووچۆکردنی ، لە ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕێکخراوی گروپی بەکرێگیراوانی ئێران – باڵی کۆمەڵە- کردووە ناوبراو کاری گواستنەوەی پۆستەی حزبی لە ئەستۆ بووە لە نێوان سەرکردایەتی ڕێکخراوی کۆمەڵە باڵی سەربازی و یەکێک لە هێڵە سەربازییەکانی ناوچەی کەلار لە ١٩٨٧ هەستاوە بە گواستنەوەی پۆستەی ڕێکخستنەکانی کەلار بۆ تاوانبار (عەبدولجەبار رەشید موحەمەد) هەروەها پۆستەی گواستۆتەوە بۆ ناوبراو (ئەحمەد حمە ئاڵەت) کە ساڵی ١٩٨٧ کوژرا لە یەکێک لە ڕووبەڕووبوونەوەکان و بەردەوامبووە لە گواستنەوەی نامەکانی ڕێکخستنەکان و لە مانگی حەوتی ١٩٨٩ ولە یەکێک لە ژوانەحزبییەکاندا بۆ گواستنەوەی گەیاندنی نامە دەستگیر کرا ، نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییەو خێزانەکەشی هیچ بڕە پارەیەک یاخود زێڕیان نەبەخشیوە بۆ پاڵپشتی لە جەنگی قادسیەی سەدامی پیرۆز و لە حاڵی حازردا هیچ کام لە خانەوادەکەی هەڵنەهاتووە .

١٧- تاوانبار عەلی موحەمەد شاسوار قازی – لەدایکبووی ١٩٦٤ پیشەکەی جـ . م تەنسیب لە یەکەی ١٢٩ – دانیشتووی سلێمانییە لە قەزای کەلار ، باوکی یەکێکە لەئەندامانی بە ڕەچەڵەک خائین، لە ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان و لە ١٩٧٧ دووبارە باوکی پەیوەندی بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێرانەوە کردووەو بەدەستی یەکێک لە گروپی بەڕەچەڵەک خائینەکان کوژراوە ، چونکە پێشتر ناوبراو یەکێکی لە ئەندامانیان کوشتبوو ، لە ١٩٨٦ تاوانباری ناوبراو پەیوەندی بە گروپی بەکریگێراوانی ئێرانەوە کردووە لە کەرتی یەکی تیپی ٥٣ شێروانەو بەردەوامبووە لەگەڵیاندا تا دەرچوونی فەرمانی لێبووردنی گشتی لە ١٩٨٨و لە مانگی پێنجی ١٩٨٩ نامەیەکی لە فەرماندەی تیپی (٥٣) وە پێگەیشتووە لە تاوانبار (حمەڕەش) داوای دامەرزاندنی مەفرەزەیەکی سەربازی لێدەکات و بڕی (٧٥٠) دیناری بۆ دەنێرێت کە دابەشیبکات بەسەر ئەندامانی مەفرەزەکەدا ، هەر لە نامەکەدا هاتووە کە موچەی مانگانەی بۆ بڕاوەتەوە بە بڕی (٤٠ – ٧٠) دینار ، ئەوانەی دیسانەوە پەیوەندییان

بە مەفرەزە نۆیکەوە کردووەتەوە هەمان ئەوانە بوون کە پێشتر لە هەمان تیپ بوون ، هەڵوێستی خێزانەکەی باش نییە و بۆچونیان بە حزب وشورش باش نییە.

١٨ – تاوانبار کارزان ئیسماعیل ئەحمەد ئیسماعیل – لەدایکبوی ١٩٦٢ پیشەی کاسبەو پێشتر دانیشتوی سلێمانی کارێزە وشک بووە ، ئێستا قەڵادزێ ، لە ١٩٨٦ پەیوەندی بە گروپی بەرکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە ، کاری گواستنەوەی پۆستەی کردووە بۆ رێکخستنەکانی نێو خۆی سلێمانی و لە دادگا دەعوایەکی لە دژ تۆمارکراوە بەوەی هەستاوە بە ساختەکردنی بەڵگەنامەی خانووبەرەی دەوڵەت لە سلێمانی ، خێزانەکەی هیچ بەشدارییەکی لە جەنگی قادسیەی سەدامی پیرۆزنەکردووەو نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نیە .

١٩– تاوانبار ساڵح سلێمان ئەلسۆرانی – لە دایکبوی ١٩٤٤ پیشەی ئەندازیاری کشتوکاڵییەو دانیشتوی سلێمانی بەکرەجۆیە،لە ١٩٨٢ پەیوەندی بەگروپی بەکریگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە، لە ١٩٨٣ لە لایەن تاوانبار (عەبدولعەزیر عومەر عارف) لێپرسراوێتی دەکرا ، لە ١٩٨٧ ئەرکی لێپرسراوێتی تاوانبار (موحسین حمە ئەمین)ی پێسپێردرا ، لەگەڵ کەسێکیتر بەناوی (أشوان)و بەردەوامبووە لە کاری رێکخراوەیی تا کاتی دەستگیر کردنی و لە بنەماڵەکەیدا نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە.

٢٠ – تاوانبار کامەران عەزیز عەلی ئەحمەد لەدایکبوی ١٩٥٥ پیشەی فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی ، دانیشتوی سلێمانییە ، ولەو کەسانەیە کە گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی نیشتمان لە ساڵی ١٩٧٥ دا ، لە ١٩٨٤ پەیوەندی بە رێکخراوی گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە ، لە ١٩٨٥ لێپرسراوی تاوانبار(ئەحمەد عەلی ئەمین) ی گرتۆتە ئەستۆ و داوای لێکردووە کەسێکی متمانە پێکراو بدۆزێتەوە تا ئامێری چاپی تایبەت بە رێکخراوەکە چاکبکاتەوە ، نەشەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە و لە ئێستادا کەس لە خانەوادەکەی هەڵهاتوو نییە .

٣٢– تاوانبار بەختیار عومەر ئولی لە دایکبوی ١٩٦٣ ، پیشەی جـ.م دەرچووی

پەیمانگای تەکنیکییە ، دانیشتوی سلێمانی بەختیارییە ، لە ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕێکخراوی گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووەو دوای هەڵهاتنی لێپرسراوەکەی ، ئەرکی لێپرسراویتی کردنی کەوتۆتە ئەستۆی تاوانبار (موحەمەد عەبدولکەریم) هیچ کام لە خانەوادەکەی شەهید یان دیل یان ونبووی جەنگی نییە ، لە ئێستادا هیچ کەسێک لە ئەندامانی خێزانی هەڵهاتوو نییە .

٢٣- تاوانبار تالیب عەبدوڵا سەعید موحەمەد مۆریاسی – لەدایکبووی ١٩٣٤ ، پیشەی ر.ع سەبازی خانەنشین ، دانیشتوی سلێمانی بەختیارییە ، لەو کەسانەیە کە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان ، لە ١٩٨٤ پەیوەندی بە گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە لە ڕێگای تاوانبار (موحەمەدی مەلا حسین) ، خێزانەکەی بەشداری قادسیەی سەدامی پیرۆزی نەکردووەو هیچ ڕۆڵێکی نییە لە خزمەتکردنی حزب وشۆرش ، نەشەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە ، لە حاڵی حازردا هیج کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی هەڵهاتوو نییە .

٢٣- تاوانبار جەمال عەزیز ئەمین ئەحمەد لە دایکبووی ١٩٤٥ کاری بەڕێوەبەری ناوەندی برایەتییە ، دانیشتووی سلێمانی مامۆستایانە ، لەو کەسانەیە کە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان و لە ١٩٨٨ پەیوەندی بەگروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە لە ڕێگەی تاوانبار (عەبدولعەزیر عومەر عارف) برازاکەی (ئەردەڵان موحەمەد عەزیز) هەڵهاتووە لەگەڵ خێزانەکەی بۆ سوید ، نەشەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە ، خێزانەکەی نەپارە یاخود زێڕیان نەبەخشیوە بۆ پاڵپشتی قادیسیەی سەدام .

٢٤- تاوانبار عەتا ئەحمەد موحەمەد قادر – لەدایکبوی ١٩٦٤ پیشەی شۆفێرە و دانیشتوی سلێمانی سابوونکەرانە ، لە ١٩٨٧ پەیوەندی بە تێکدەرانی گروپی ئێران لە تیپی (٥٥) قەرەداغ کردووەو لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە بە بڕیاری لێبووردنی گشتی و دوای گەڕانەوەی پەیوەندی بە گروپی تێکدەرانی ئێران باڵی کۆمەڵە کردووە لە ڕێگای برای تاوانباری هەڵهاتوو (عەبدوڵا ئەحمەد موحەمەد قادر) لە دووکانەکەیدا دەستگیراوە بەسەر تفەنگیکی کڵاشینکۆفدا و دەمانچەیەک لە

جۆری میکارۆف و ئامێری بەخشکردنی فیلم و ١٧٥ شریتی کاسێتی دووژمنکاری کە ڕێنمایی تێدایە لە رادیۆ ی بەناو دەنگی کوردستانی عێراق[٢٧] و دروشمی ستایشکردنی تێکدەرانی کوژراو هەروەها ژمارەیەک لە پێناسی سەربازی ساختە و نمونەی عەدەم تەعەڕوزی ساختەو پیناسێ فەرمانبەرێکی ئەمن کە لە ساڵی ١٩٨٠ ڕفێندرابوو بە ناوی (عەلی خەمیس)وە وبەدەستی ئەوان کوژرابوو لە گیرفانی ناوبراوبووە وهاتووچۆی پێکردووە ، براکانی هەریەک لە (مەولود ئەحمەد موحەمەد و عەبدوڵڵا ئەحمەد) هەردووکیان هەڵهاتوون بۆ ئێران، مامی (یوسف موحەمەد قادر) تێکدەرێکی کوژراوە ، باوکی تاوانبارە بەهەمان پرسەوە ، براکەی (ئیبراهیم ئەحمەد موحەمەد) پێشتر لەلایەن دەزگای هەواڵگری دەستبەسەر کراوە ودواتر ئازاد کراوە بەهەمان تاوانەوە .

٢٥- تاوانبار ئەحمەد موحەمەد قادر - لەدایکبوی ١٩٣٧، پیشەی فەرمانبەری خانەنشینە، دانیشتووی سلێمانی خەباتە ، ناوبراو لە فەرمانگەکەمانەوە ڕاسپێردراوە پەیوەندی بە کوڕە هەڵهاتووەکەیەوە (مەولود) بکات کە لە ئەندامی گروپی بەکرێگیراوانی ئێرانە و ئێستا لە ناوچەی قاسمە ڕەشی ئێرانە و دوای چوون و گەڕانەوەی لەگەڵ خۆیدا بڕێکی زۆری نامەی هێناوەتەوە بۆ کوڕەهەڵهاتووەکەی (عەبدوڵا ئەحمەد) کە سەرپەرشتی یەکێک لە شانە ڕێکخستنەکانی ناو شاری دەکرد ، کوڕەکانی (مەولود و عەبدوڵا) هەردووکیان هەڵهاتوون بۆ ئێران و بە ئەندامە ترسناکەکان هەژمار دەکرێن ، براکەی (یوسف موحەمەد قادر) تێکدەرە وکوژراوەو نەشەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نیە .

٢٦- تاوانبار موحەمەد زاير موحەمەد تەوفیق عەبدولرەحیم - لەدایکبووی ١٩٦٠ ، دانیشتوی سلێمانی

ئیبراهیم پاشایە ، پیشەی خاوەنی دووکانی زەڕەنگەرییە ، پەیوەندی کاری هەیە لەگەڵ تاوانبار (عەتا

٢٧ مەبەست دەنگی گەلی کوردستانە.

ئەحمەد) کە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دیناری داوەتی تا لە دووکانی زەڕەنگەرێکەی کار بکات ، تاوانباری

هەڵهاتوو (عەبدوڵا ئەحمەد موحەمەد) هاتووچۆی دەکردو ، لە دووکانەکەیدا دەستگیراوە بەسەر ئەو کەلووپەلانەی خاوەندارێتیەکەی دەگەڕایەوە بۆ تاوانبار (عەتا ئەحمەد) نە شەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە ، خێزانەکەی پارە و زێڕی نەبەخشیوە بۆ کۆمەککردنی جەنگ .

٢٧- تاوانبار ئەردەڵان عەمەر عەلی – لەدایکبوی ١٩٧٠ پیشەی کریکارە و دانیشتوی سلێمانی کارێزە ، لە ١٩٨٨ پەیوەندی بە ڕێکخراوی گروپی بەکرێگیراوانی ئێرانەوە کردووە لە ڕێگای تاوانباری هەڵهاتوو (یادگار) تاوانباری ناوبراو هەستاوە بە هەڵکووتانە سەر یەکێک لە سەرچاوە نەهێنیەکانمان و چوار شریتی کاسێتی پێبووە کە هەموویان دوژمنکارین ، لەکاتی پشکنینیماڵەکەیدا ، دەستبەسەر چوار شریتی کاسێتی دوژمنکاری گیراوە لەگەڵ وینەی یەکێک لە تێکدەرە هەڵهاتووەکان ، براکەی (کاروان عومەر عەلی) یەکێکە لەوانەی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان ، نەشەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە ، خێزانەکەی هیج پارە یان ئاڵتونێکی نەبەخشیوە بە هەڵمەتی کۆمەککردن بۆ جەنگ.

٢٨- تاوانبار موحسین حمە ئەمین حمە عەلی – لەدایکبووی ١٩٥٢ پیشەی فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی ، دانیشتوی سلێمانی بەختیارییە ، لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان لە ١٩٧٨ فەرمانگەکەمان دەستگیریکردووە بە تاوانی گواستنەوەی نامەی ڕێکخراوەکە بۆ ناوشارو دواتر ئازاد کراوە بەهۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست دژی ، لە ڕێگای تاوانبار (      ) داوای لێکراوە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکەبکات ، بەڵام ڕەتیکردۆتەوەو لە دانپێدانانی تاوانبار (      ) هاتووە کە ناوبراو لێپرسراوێتی ، هەروەها دەربارەی وتراوە لە دانپێدانانی تاوانبار (      ) کە ناوی ناوبراو باسکراوە لە یەکێک لە نامە حزبییەکاندا بۆی کە دووبارە پەیوەندیکردۆتەوە بە ڕێکخراوەکەوە ، وسپاردوویەتی بە تاوانبار (عەلی ساڵح

سلێمان) باوک و دایکی هەڵهاتوون بۆ ئێران ودوای بڕیاری لێبووردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕاونەتەوە ، خوشکەکانی هەریەک لە (سەبیحە حمە ئەمین و بەدرییە حمە ئەمین) هەڵهاتوون بۆ ئێران ، نەخۆی ونەخێزانەکەی بەشداری چەنگی قادیسیەی سەدامی پیرۆزی نەکردووە .

٢٩- تاوانبار موحەمەد ڕەسوڵ سەعدی – نازناوی (زیاد) لەدایکبووی ١٩٥٥، پیشەی جەنگاوەرە لە فەوجی بەرگری نیشتمانی (٣١) دانیشتوی هەولیرە گەڕەکی کشتوکاڵ ، تاوانباری ناوبراو ناوی لە دانپێدانانی تاوانبار ( ) لێپرسراوی ڕێکخراوەکەوە هاتووە، کە وەرگرتنی پۆستەی حزبی نێردراو بۆی لە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەوە لە ئێران لە ماڵی ئەوەوە وەریدەگرت، لە لایەن تاوانباری هەڵهاتوو (موستەفا ئیبراهیم دەروێش)، کەدراوسێی ناوبراوە ، لەکاتی هەوڵەکانمان بۆ دەستگیر کردنی توانی لە دەستمان هەڵبێت و دواتر فەرمانگەکەمان دەستگیریکرد لەبەر ئەوەی کەسێکی متمانە پێکراوبووە لە لایەن هەردووکیانەوە ، ناوبراو لە خێزانێکی بێلایەنی سیاسیە لە ناوچەکەدا.

٣٠- تاوانبار فەرەیدون حسین جەعفەر موحەمەد دارتاش – لەدایکبووی ١٩٤٣ ، پیشەی بەڕێوەبەری چالاکی هونەرییە لە پەروەردەی سلێمانی ، ناوبراو یەکێکە لە ئەندامانی گروپی بەکرێگیراوانی ئێران باڵی کۆمەڵە ، ناوی حزبی (لوڕ) ە کە لەو لیستانەی دەستیبەسەرداگیراوە هاتووە لە ماڵی تاوانبار (ئەحمەد موحەمەد وەتمان) کە یەکێکە لە کادرە گرنکەکانی ئەو گروپە بە تایبەت ئابونەی مانگانەی داوە بە ڕێکخراوی مامۆستایان لە ماڵەکەیدا دەستگیراوە بەسەر شریتێکی کاسێتی دوژمنکاری ، براکەی (ئەنوەر سەعید) تێکدەرە و کوژراوەو یەکێکە لەو کەسانەی لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمان ، لە ١٩٨٤ دەربارەی هاتووە کە یەکێکە لە کەسە خراپەکان و لە کۆبونەوەی لیژنەی ئەمنی هەموان کۆکبوون کە ناوبراو شیاوی بواری پەروەردە نییە بە هیچ شێوەیەک ، هەروەها نوسراوێک لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی - خۆیەتی دواناوەندی ژمارە ٨٤٧٥ لە ٣١ / ٣ / ١٩٨٤ :

بەپێی "بڕگەی چوار "لە بڕیاری ئەنجومەنی جێبەجێکاری ناوچەی کوردستان ، دیوانی گشتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بڕیار درا بەدەرکردنی لە کەرتی فێرکردن وگواستنەوەی بۆ فەرمانگەی دیوانی گشتی کشتوکاڵ وچاکسازی کشتوکاڵی ، نەشەهید یاخود دیل یاخود ونبووی جەنگی نییە .

**پێشنیارمان :-**

**ئەو تاوانبارانەی ناویان هاتووە بدرین بە دادگای شۆڕش و کارەکە بە جێهێڵدراوە بۆ دادپەروەری دادگاتان .**

بفەرمون بۆ بەدواداچونتان ............ لەگەڵ ڕێزدا

بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی

١٩٩٠/٦/٢٥

وێنەیەکی بۆ : -

بەڕێوەبەرایەتی ش . م . س . / بۆ زانین و ئاماژە لە لاتان ......

تێبینی:

هەندێک وشەو دەستەواژەی ناشیرین

١/ بەرانبەر شەهیدەکان بەکارهاتووە ئێمە لامان بردووە چونکە شەهیدەکان هێندە بەرزن قبوڵ ناکرێت لە زمانی بەعسیشەوە وشەی نەشیاویان پێبوترێت.

٢/ هەندێک دەستەواژەی کورت کە ڕژێمی بەعس بێبنەما بە کاری هێناوون، لامان بردوون.

## له ســێدارەدانی پێنج تێکۆشەری ڕێــکخراوی سلێمانی

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا (٥) کەس لە تێکۆشەرانی ڕێکخراوی سلێمانی لە ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/١٦دا لە لایەن مەحکەمەی بە ناو (پورە) فەرمانی لە سێدارەدانیان بە سەردا سەپێندراو لە ١٩٩٠/١١/٧ فەرمانەکە جێبەجێکرا .

قارەمانانی بە پەت خنکێندراوی ڕێکخراوی سلێمانی ئەم شەهیدانەن:

١/ عبدالجبار ڕەشید مەلا ئیبراهیم، (جەباری حاجی ڕەشید).

٢/ ئەحمەد محەمەد وەتمان، (مامۆستا ئەحمەدی صناعە).

٣/ ئەبوبەکر محەمەد صالّح (بەکری دارتاش)

٤/ محەمەد ڕەحیم حەسەن (حەمە ڕەحیم)

٥/ عەتا ئەحمەد محەمەد (هاوڕێ عەتا)

دوای دەستگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوی سلێمانی، کاروو چالاکییەکانی ڕێکخراوی سلێمانی، بەرتەسک بوەوە، یەکتر بینین و کۆبونەوەکان کەم بوونەوە، نامەکان بۆ سەرکردایەتی بە دوو قۆناغ دەگەیشت، لە سلێمانی بۆ قەڵادزێ، لەوێشەوە لە ڕێگەی هاوڕێ شاسوار بۆ سەرکردایەتی.

هەندێک نامەش گەیەندرانە قەڵادزێ بۆماڵی حاجی شەریف چەکوانی و وەستا عەلی کوڕی، لەوێشەوە لە ڕێگەی خەلیل غەریب کە پێشمەرگەی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوو بۆ کاروباری شۆڕش بە نهێنی هاتبووە ماڵی وەستا عەلی حاجی شەریف چەکوانی گەیەندرانە سەرکردایەتی (ی ن ک).

کتێبخانەی شەهید ئارام کە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی ڕێکخراوی سلێمانی بوو گواسترایەوە ماڵی شەماڵ عبدولوەفا تا بەردەستی دوژمن نەکەوێت، دواتر گواستیانەوە زەرگەتە بۆ خانوەکەی هاوڕێ سمکۆ کە ڕێکخراوی سلێمانی کڕیبووی و خاوەنی بوو.

ڕێکخراوی سلێمانی دوای ئەنفال (سێ) خانووی لە گەڕەکەکانی، زەرگەتە، ئاشتی، عەقاری کڕیبوو بۆ کاروباری ڕێکخراوی سلێمانی، خانووەکانی بە ناوی ئەندامانی ڕێکخراوەوە کردبوو، ئەوانی تیا نیشتەجێ بوون و بۆ کاروباری ڕێکخراوی سلێمانیش بە کاریان دەهێنا.

خانووەکەی زەرگەتە کتێبخانە و بەڵگەنامەکان و نووسراوەکانی کاک نەوشیروانی تیا شاردرابوەوە چەک و تەقەمەنی ڕێکخراوی "سلێمانی" ش لە ناو تاقی حەمامی خانووەکەدا حەشار درابوو.

کاک حەمە نوری (هاوڕێ موراد) سەرپەرشتیارو لێپرسراوی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) بوو لە ناو شاردا، ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی و هێڵی پەیوەندی و ڕایەڵەی نێوان سوپای ڕزگاری و ڕێکخراو بوو.

خالید ڕەزا کادیری کۆمەڵە بە بڕیاری کاک نەوشیروان و ناوەندی کۆمەڵە بە چاوساغی غەریب هەڵەدنی هاتە ئۆردوگای پیرەمەگرون و لەوێشەوە لە ڕێگەی (مام ڕەسوڵ) گەیەندرایە سلێمانی ماوەی شەش مانگ لەماڵی (هاوڕێ موراد) بە نهێنی مایەوە .

## خـــۆ ڕێـــکخستنەوە

حکومەتی عێراق هەوڵەکانی چڕکردبوەوە، بەرنامەی وابوو هاوتەریب لەگەڵ شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ئەنفالی شارو ڕێکخستنەکانی شاریش دەست پێبکات.

ڕژێمی عێراق و داموو دەزگا ئەمنیەکانی دەستێکی کزوو لاوازیـان لە ناو ڕێکخراوی سلێمانیدا هەبوو، لە ڕێگەی هەندێک هێڵەوە توانی ئەنفالیش لە ناو شاردا بکات، ٣٠ کەس لە کادیرە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی سلێمانی دەستگیرکران، بە شێوەیەک ڕێکخراوی سلێمانی تووشی قەیران بوو، ڕێکخراوی سلێمانی چەند کەرتێکی لێدابڕا، ژمارەیان کەم بوەوە، ئەو کادرو ڕێکخستنانەی مابوونەوەو بەر شاڵاوی گرتن نەکەوتبوون چالاک بوون، لە کۆی ئەو ژمارە دەستگیراوە چەند کادرێک پێش ڕاپەڕین ئازاد کران مامۆستا جەمال، کامەرانی تەربیە ئیعترافیان نەکردبوو، هـاوڕێ پێشڕەو حەمە جان لە کەرتی شەهید ئـارام گیرابوو، بەڵام نەهێنیەکانی نەدرکاندبوو (ئیعترافی) نەکردبوو ئازاد کرا، عومەری شۆفێر گیرا، هاوڕێیەکی دەنگی تۆمار کردبوو، پێنج ساڵ حوکم درا.

کارکردن قورس بوو، ئەوانەی لە زیندان ئازادکران بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا لێیان نزیک نەدەبوونەوە، ئەمن چاودێری دەکردن، هەندێک لە ڕێکخستن دابڕابوون نەدەگیرانەوە، ڕێکخراوی سلێمانی نەیدەویست بیانگرێتەوە لە بەر هۆکاری ئەمنی و چاودێری ئەمنی سلێمانی، دەیانوویست ئەو ڕێکخستنەی کە ماوە بیپارێزن.

هەندێک هەلومەرج یاریدەدەر بوون، پەیوەندیەکان قورس بوون، دێیەکان ڕووخابوون، پێشمەرگە پاشەکشەیکردبوو، کاک نەوشیروان پەیوەندیەکی فراوانی لەگەڵ سەرۆک هۆزو مستەشارەکاندا هەبوو ئەو پەیوەندیانەی تێک نەدابوو، لەو ڕێگەیەوە پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی و دیارە ڕێکخراوەکانی هەولێرو بادینان و ڕێکخستنەکانی دیکەش درووست کرایەوە.

ڕێکخراوی سلێمانی قۆناغێکی نوێی لە کاری ڕێکخراوەیی دەستپێکرد، ئەوانەی دەستگیر نەکرابوون و دابڕابوون پەیوەندیان پێوەکردنەوە بەڵام پەیوەندی تاک لایەنە تێکەڵاوی کەرتەکانیان نەدەکردن.

کەرتی شەهید ئارام لە چەند پۆلێک پێکهاتبوو، هاوڕێ سمکۆ، سالاری حاجی چراخ، کاوەی مامە عەبە، هاوڕێ باڤێڵ، هاوڕێ پیرۆت، پۆلێک تەشکیلەی تایبەتی هەبوو لای هاوڕێ وشیار بوو، تەشکیلەی ئەمنی هەبوو وەرزێر لێپرسراوی بوو، کەرتی شەهید ئارام بەر شالاوی گرتن نەکەوتبوون کەرتێکی تۆکمە بوون، نەک هەر سلێمانی لە هەڵەبجەش ئەو ڕێکخستنانەی دابڕابوون گیرانەوەو ڕێکخرانەوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر لە ڕێکخستن دابڕان بە هۆی دەستگیرکردنی بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوی سلێمانی، ترسی گرتن و ئاشکرا بوونی ئەوانەی کە ماون، ڕەشبینی درووست کردبوو، ئەنفال و کیمیاباران کرابوو هیواو ئومێد کەم ببوو، بەڵام ڕێکخراوی سلێمانی بە ئومێدەوە دەیڕوانیە ئاسۆو لە تێکۆشان بەردەوام بوو.

پەیوەندیەکان لە ڕێگەی حزبی دیموکرات و کۆمەڵەوە درووست کرانەوە، بەشێکی تریش لە ڕێگەی قاچاخچی و مستەشارەکانەوە، ڕێکخراوی سلێمانی ئەوانەی بەر شالاوی دەستگیرکردن نەکەوتبوون پەیوەندیان لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵە

و سەرکردایەتی (ی ن ک) نەپچڕا، بە تایبەت لەگەڵ کاک نەوشیروان.

هێزەکان ڕێکخرانەوە، پارتیزانەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، سوپای ڕزگاری و ڕێکخستنەکان لە ناو شار.

ڕێکخراوی سلێمانی ئەو بەشەی لە کارکردن بـەردەوام بوون و دەستگیر نەکرابوون بە تایبەت کەرتی شەهید ئارام ئەرکی دابینکردنی خواردن و پێداویستی پارتیزانەکانیان لە ئەستۆ بوو، لە پێڵاوو نان و خواردن و جل و بەرگ و دەرزی و دەزوو، قەمسەڵەو بەتانی.

حەمەی خاڵە فایەق (هاوڕێ سیدەکان) سەرباز بوو ئۆتۆمبێلی سەربازی پێبوو، یەکێک لە خەتەکانی ڕێکخراوی سلێمانی کەرتی شەهید ئارام بوو، پەیوەندی لەگەڵ پارتیزانەکانی پیرەمەگرون هەبوو.

سالاری حاجی چراخ خەتێکی هەبوو بۆ پیرەمەگرون ئەگەر خەتێک بپچڕایە، خەتێکی تر دەکەوتە کار هاوڕێ سمکۆ یەکێک لە خەتەکانیتر بوو کە هێڵی پەیوەندی نێوان پارتیزانەکان و ڕێکخراوی سلێمانی- کەرتی شەهید ئارام بوو کە شەماڵ عەبدولوەفا لێپرسراوی بوو.

ماوەیەک پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سلێمانی و پارتیزانەکان پچڕا دواتر پەیوەندیەکە بەسترایەوە، لە دوای دەستگیرکردنی کادێرانی ڕێکخراوی سلێمانی پێنج کەس سەرپەرشتی ڕێکخراوی سلێمانیان دەکرد:

١/ ئاکۆ محەمەد وەهبی سەرپەرشتیاری ڕێکخراو

٢/ شەماڵ عەبدولوەفا

٣/ حەمە نوری گەرمیان

٤/ هاوڕێ بەهجەت (حەمە ڕەشید باریکەیی)

٥/ پێش ڕاپەڕین خالید ڕەزا هاتە خوارەوە بۆ ناو شار، بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ ڕاپەڕین.

کاک نەوشیروان بیرۆکەیەکی هەبوو دەیووت لە قوڵایی کوردستاندا تەنها شارەکانمان بە دەستەوە ماوە ناتوانین لە هیچ شوێنێک شەڕ لەگەڵ حکومەت

بکەین دەبێ شەڕ بهێنینە ناو شارەکانەوە، بۆیە داوای لە ڕێکخراوی سلێمانی کرد لە هەولێرو بەغدا و سلێمانی ، هێلانە یان پەناگەی بۆ درووست بکەن، پەناگەی سلێمانی تەواو کرا، کاک نەوشیروان دەیویست بێتەوە ناو شار، بەڵام کە گفتوگۆی لەگەڵ مولازم عومەر کردبوو سەبارەت بەو پرسە، مولازم عومەر پێیوتبوو بە جێهێشتنی هێزی پێشمەرگە لەم کاتەدا کە مامجەلال لە دەرەوەیە و بەشێک لە سەرکردایەتی لێرە نییە پێشمەرگە دەڕوخێنێ هەر بۆیە بە قسەی ملازم عومەری کردوو نەهاتە شار.

کاک نەوشیروان بیری لەوە کردبوەوە ئەگەر پەیوەندیەکان بپچڕێت و لەگەڵ ناو شار لە یەک داببڕێن، لە ڕێگەی کۆمەڵەو دیموکرات و خەڵکی قاچاخچی پەیوەندیەکان درووست نەکرێنەوە دابڕانی سەرتاسەری درووست بێت، داوای لە ڕێکخراوی سلێمانی کرد ناوی چەند کەسێکیان بدەنێ لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون و گەڕەک و شوێنی کارو وردەکاری بە مەرجێک ئەو کەسە بە هیچ جۆرێک دیار نەبێت کە لە ڕێکخستنە، ماڵ و خێزانێکی دەرکەوتوو نەبن، کۆنە پارێز بن، ماڵێک بن ناوبانگی شۆڕشگێڕی و کوردایەتیان نەبێت ماڵ و کەسێکی ترسنۆک و دوور لە ڕێکخستن و شۆڕش و پێشمەرگە بێت، تا لە ڕێگەی ئەوانەوە کە کەس گومانیان لێناکات پەیوەندیەکان درووست بکرێنەوە، ڕێکخراوی سلێمانی ئەو جۆرە کەسانەی دیاریکرد ئەگەر پەیوەندییەکان پچڕان کاک نەوشیروان پەیوەندیان پێوە بکات.

جۆرێکی دیکەی پەیوەندیەکانی ڕێکخراوی سلێمانی لە ڕێگەی جیهازو ڕادیۆوە بوو، بە جیهاز پەیوەندیەکان ڕێکدەخران و نامە و ڕاسپاردەکان دەدرانە سەرکردایەتی، بە شێوازی جفرەو لە ڕێگەی ژمارەی تایبەتەوە لە ئێزگەوە وەڵامیان وەردەگرت، یان ڕێنمایی و ڕاسپاردەیان بۆ دەردەچوو.

ئاکۆ محەمەد وەهبی، ئیعترافی لە سەر کرابوو بەڵام ناوی سیانی نەزانرابوو بە ئەندازیارە بچکۆلەکە ناوی ڕۆیشتبوو، ئاکۆ جنسیەو ئەحوالی مەدەنی گۆڕیبوو بە ناوی خۆیەوە نەمابوو شەش مانگ لە ماڵی شەماڵ عەبدولوەفا خۆی شاردبوەوە، بە شەو کارەکانی ڕێکدەخست و وەڵامی ڕاپۆرتی دەدایەوە، بە ڕۆژیش دەچوو بۆ

پەیوەندیەکانی ڕێکخراوی سلێمانی لەگەڵ هەڤاڵان و ڕێکخستنەکان.

کاتژمێر (٢-٣) شەو جفرەکانیان لە ڕادیۆوە وەردەگرت، پرۆسەکە وەکو قفڵ و کلیل وابوو قفڵەکە لە لای سەرکردایەتی بوو، کە ژمارەکە بە جفرە دەگەیشت، کلیلەکەش ڕێکخراوی سلێمانی بوو قفڵەکەی دەکردەوەو دەیانخوێندەوە.

بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی سلێمانی هەمووی هەڵگیرابوو خانوویەکی ڕێکخراوی سلێمانی هەبوو ئامۆزایەکی شەماڵ عەبدولوەفا لە تەندروستی بوو بەڵام دەستی وەستایی هەبوو، لە ژورێکی خانووەکە مەترێک دیواریان هەڵچنیبوو بە ژورێکی بچووک، جیهازو بەڵگە نامەکانیان تیادا شاردەوەو دایانخست و سیواغیاندا، پەنجەرەو دەرگای نەبوو لە ڕاپەڕین دەریانهێنایەوە جیهازەکە لە کارکەوتبوو، پەیوەندیەکان لە ڕێگەی ڕەتڵی سورداش و پارتیزانەکانی پیرەمەگرون ڕێکدەخرا جفرەکانیان دەناردوو دەیاندایە سەرکردایەتی لە ڕێگەی ئەو چەند شێوازەوە پەیوەندیان دەکرد.

ڕێکخستنی زۆر هەبوو دابڕابوون، بەشێکی زۆر پێشمەرگە دابڕابوون و هاتبوونەوە شار، ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندی بە هەندێک لەو پێشمەرگە دابڕاوانەوە کرد کە جێگەی متمانە بوون، بەڵام بە گشتی ئاگایان لە پێشمەرگە دابڕاوەکان بوو دەیانپاراستن.

ڕێکخراوی سلێمانی سەرچاوەی سەرەکی پەیداکردنی داوو دەرمان و خۆراک بوو، دکتۆر نەوزادو شەماڵی صیدلیە و چەند هاوڕێیەکیتر هاوکاری سەرەکی ڕێکخستنەکان و ڕێکخراوی سلێمانی بوون بۆ دابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی.

دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی کۆمەک و هاوکاریان دەدایە ڕێکخراوی سلێمانی، یەکێک لە مقاولەکانی سلێمانی مانگانە ٧٠٠ دیناری دەدایە ڕێکخراو، مانگانەیان لە دۆستەکان کۆدەکردەوە.

کەسوکاری شەهیدان لە لایەن ڕێکخراوی سلێمانی موچەی مانگانەیان پێدەدرا.

## خـــۆئامادە کـــردن بۆ ڕاپـــەڕین

ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندی بە هەموو حزبەکانەوە کرد بەڵام ڕێکخستنیان نەبوو لە ناو شاردا، لە ڕێگەی حەمەی برای شەماڵ عەبدولوەفا پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە کرا بەڵام داوای چەکیان کرد، ڕێکخراوی سلێمانی چەکەکانی بەشی خۆیانی نەدەکرد.

پەیوەندی بە سەرجەم مستەشارەکانەوە کرا، پەیوەندی بە تیکڕای پێشمەرگە دابڕاوەکانەوە کرا پەیوەندی بە تیکڕای ڕێکخستنە دابڕاوەکانەوە کرا دیواری ترس بەرەو ڕووخان دەچوو، خۆر لە دەمکەل خەریک بوو سەری دەردێنا.

هەر کادیرەو لە ڕێگەی خۆیەوە دەستیکرد بە درووستکردنی شانەی چەکدار، دەیان شانەی چەکدار لە ناو سلێمانیدا درووستکران، سازوو ئامادە بوون بۆ ڕاپەڕین.

مستەشارەکان وەڵامیان باش بوو بۆ ڕێکخستنەکان هەندێکیشیان هاوکاریشیان دەکردن، هەندێک بێلایەن بوون.

شانەکانی شاڵاو درووستکران و ژمارەیان وەرگرت سلێمانی بە سەر ڕێکخستن و شانە چەکدارەکاندا دابەشکرا.

سەرکردایەتی (ی ن ک) سێ پەخشنامەی دابەزاند بۆ ڕێکخراوی سلێمانی لەم خاڵانەدا چڕ دەبوەوە:

١/ درووستکردنی زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی ڕژێم.

٢/ هەوڵی پەیداکردنی چەک.

٣/ چەند شوێنێک زۆر گرنگە دەبێ بیانپارێزین شارەوانی- تاپۆ، بانق.

٤/ بەڵگەنامەکانی ئەمن و موخابەرات دەستبەسەردا بگرن و لە فەوتان بیپارێزن.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ سلێمانی خرۆشاو ڕاپەڕی.

# ڕاپـــەڕینی شـــاری ســـلێمانی
## 1991/3/8\7

دوای ڕزگاربوونی ڕانیەو چوارقوڕنە و حاجی ئاواو تەواوی حەوزی بتوێن لە دەربەندی ڕانیەوە تا قەمتەران و ڕزگارکردنی بازیان و تەیناڵ و باینجان و تاسلۆجە لە لایەن جەماوەری ڕاپەڕیوو شانە چەکدارەکان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٦\٥دا زەمینەی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی ڕەخساو شەپۆلی ڕاپەڕین گەیشتە ناو شاری سلێمانی.

هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی برووسکەی لە (زمناکۆوە بۆ ئازاد ١٧٦٠) برادەران ئاگادار بکەرەوە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن ئێمەش دەگەینە لاتان (لە ئیزگەکەوە) شانە چەکدارەکان و جەماوەری ستەمدیدەو دڵ پڕ لە قین، لە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی (٣/٦) وە سازوو ئامادەبوون و چاوەڕێی بەیانیەکی نوێ بوون لە (٣/٧)ی سلێمانی دا.

ڕۆژی (١٩٩١/٣/٧) لە شاری سلێمانی ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو، ڕۆژی تۆڵە سەندنەوەو لەگۆڕنانی جەللادەکانی بەعس و بەدیهێنانی خەونی لە مێژینەی شەهیدان و خەڵکی زۆرلێکراوی سلێمانی و تێکڕای خەڵکی کوردستان بوو.

بەرە بەیانی ڕۆژی (٣/٧) جەماوەری سلێمانی و شانە چەکدارەکان بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خرۆشان و بە خوێنی دەیـان ڕۆڵـەی قارەمان لاپەڕەیـەکی نوێیان لـە مـێژووی پڕشکۆو ســەروەری سلێمانیدا نووسیەوەو جەماوەری ڕاپەڕیوو شانە چەکدارەکان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمەو وردەوە هەڵمەتیان بردە سەر داموودەزگاکانی داپڵۆسین و سلێمانیان کردە گۆڕستانی داگیرکەران و لە سێ قۆڵەوە هەڵمەت و هێرشەکانیان دەست پێکرد.

قۆڵی یەکەم: لە گەڕەکەکانی سەرکارێز، سەرشەقام، سابوونکەران، خەبات، چوارباخ، گاوران و گردی سەیوان.

قۆڵی دووەم: کارێزە وشک، مەجید بەگ، مامۆستایان، تووی مەلیک، هەوارە بەرزە، گۆیژە، ئیسکان، ئازادی ، مەڵکەندی، شێخان.

قۆڵی سێهەم: لە گەڕەکەکانی ڕزگاری، کارەباکە، شێخ محەیدین، بەختیاری، شەهیدان، سەرچنار، زەرگەتە، شەهیدانی زەرگەتە، ڕیعایەی شەباب، گردەکەی معمل.

لەو هەڵمەتانەدا جەماوەرو شانە چەکدارەکان و هێزی پێشمەرگە دەستیان گرت بە سەر بەشێکی زۆر لە داموودەزگاکانی شاری سلێمانیدا بەمجۆرە:

دەستبەسەرداگرتنی مەرکەزی پۆلیسی سەرشەقام، مەقەڕی جەیشی شەعبی عوسمان فایەق، شورطەی ئیسکان، شورطەی ئیجرام، فەرعی موخابەرات، بیناکانی جامیعەی سلێمانی و تێکڕای نەخۆشخانەکان ، مەحکەمەی سلێمانی، مودیریەتی شورطە و نەجدە و ئالیات دەست بە سەرداگرتنی سجنی سەرەوەو ڕزگارکردنی تێکڕای سجنەکانی ناوی، کۆنترۆڵکردنی مودیریەتی  شورطەی سلێمانی و ئیدارە مەحەلی، مودیریەتی بەرید و سەرای سلێمانی و دیفاعی مەدەنی تاپۆو تەربیە و قایمقامیەت، ئاوو مەجاری و مودیریەتی ئەسواقی مەرکەزی و مودیریەتی زراعە.

لە لایەکیترەوە هێرش و هەڵمەت و پەلامارەکان بۆ سەر ئەمنی سلێمانی ئەمنە سوورەکە بەردەوام بوو جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی ناخۆشی و نارەحەتی زۆریان بە دەست ئەمنی سلێمانیەوە چەشتبوو بۆیە هەموو هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ دەست بە سەرداگرتنی بینای (ئەمنە سورەکە).

ڕۆژانی ١٩٩١/٣/٨\٧ تێکڕای پارێزگای سلێمانی ئازادکراو دەست گیرابە سەر ئەمنە سوورەکەدا کە قەڵای پتەوو سەختی ڕژێم بوو لە ناو شاری سلێمانیدا لەو هەڵمەتانەدا زۆربەی هەرە زۆری جەللادەکانی بەعس بە سزای خۆیان گەیشتن و سەری سەلامەتیان نەبردە دواوە.

ڕزگار کردنی سلێمانی بێ قوربانی و گیان بەخشین نەبوو لە ڕۆژی ٣/٧ دا ٩٤ شەهیدو لە ڕۆژی ٣/٨ دا ٥٩ شەهید بەخشران بۆ ڕزگاری سلێمانی کە تێکڕایان دەکاتە ١٥٣ شەهید.

ڕزگارکردنی سلێمانی وەکو یەکەم شاری گەورە بووە سەردێڕی ڕۆژنامەو میدیاکانی دنیا.

**"شەهیدانی ڕزگاری سلێمانی ئەم نەمرانەن"**

١/ جەبار ڕەئوف مەحمود
٢/ ئیسماعیل ئیبراهیم حەمە
٣/ شێرزاد محەمەد سەعید
٤/ نەجمەدین عەلی ئەحمەد
٥/ کەمال حەمە ئەمین عەلی
٦/ کاوە محەمەد عەزیز
٧/ عوسمان محەمەد صاڵح
٨/ عەبدول حەمە غەریب
٩/ فەرەیدون مستەفا عەلی
١٠/ سالار عەلی عەبدوڵڵا
١١/ هاوڕێ عەلی محەمەد
١٢/ هێرۆ ئەحمەد قادر
١٣/ ناسیح سەعید شەریف
١٤/ جەمال محمود سەعید
١٥/ عەبدولقادر عەبدوڵڵا عەزیز
١٦/ محەمەد ڕەحیم ئەمین
١٧/ عەبدولعەزیز مەحمود
١٨/ ئاکۆ موعتەسەم محەمەد
١٩/ کامەران محەمەد کەریم
٢٠/ ئاکۆ محەمەد عەبدوڵڵا
٢١/ سەعید شێخە شەریف
٢٢/ چنور سەمیع
٢٣/ نوری ئەحمەد عەزیز

٢٤/ نامیق تۆفیق سەعید
٢٥/ مەریوان عەباس فەقێ
٢٦/ دارا ئەحمەد عەزیز
٢٧/ سابیر ئەحمەد عەلی
٢٨/ فازیل عەزیز سادق
٢٩/ جەلال عەبدوڵڵا ساڵح
٣٠/ محەمەد مستەفا تەها
٣١/ عەبدوڵڵا کەریم عەلی
٣٢/ حامد حەمە ئیسماعیل
٣٣/ عارف محەمەد سەعید
٣٤/ ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ڕەسوڵ
٣٥/ قادر عەلی فەرەج کەریم
٣٦/ تایەر ساڵح ئەحمەد
٣٧/ ئیبراهیم جەمال عوسمان
٣٨/ فاتیح محەمەد محەمەد ئەمین
٣٩/ مەحمود محەمەد عەبدوڵڵا
٤٠/ ئەبوبەکر محەمەد گوڵ
٤١/ هۆشیار حەسەن ئەحمەد
٤٢/ موحسین شەریف ئەحمەد
٤٣/ حەسەن عەبدوڵڵا ڕەسوڵ
٤٤/ ڕەسوڵ ساڵح ئەحمەد
٤٥/ ئەنوەر فەقێ عەزیز
٤٦/ یاسین حەمە ساڵح
٤٧/ عوسمان حسێن حەمە
٤٨/ عوسمان مەجید عەلی

٤٩/ یاسین ڕەزا ئەحمەد
٥٠/ سەلام ئەبوبەکر حسێن
٥١/ غەریب ڕەسوڵ شەریف
٥٢/ صلاح عەبدوڵڵا قادر
٥٣/ جەمال حسێن محەمەد
٥٤/ عومەر مستەفا محەمەد
٥٥/ تایەر کاکە برا
٥٦/ دیمەن ساڵح محەمەد
٥٧/ کەریم فەتاح حەمە
٥٨/ ئیبراهیم عەباس محەمەد
٥٩/ عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدوڵڵا
٦٠/ سەعدە والی ڕۆستەم
٦١/ ئەریوان عومەر دەوڵەت
٦٢/ کاوە خواکەرەم محەمەد
٦٣/ تایەر حسێن فەقێ
٦٤/ جەزا کەریم فەرەج
٦٥/ وداد نەجم ئەحمەد
٦٦/ شەپۆل حسێن قادر
٦٧/ نەریمان یوسف سەعید
٦٨/ تاریق ئەحمەد کەریم
٦٩/ سەرکەوت عەبدوڵڵا
٧٠/ تەها سەعید ڕەحیم
٧١/ سەردار ڕەحمان عومەر
٧٢/ ئەبوبەکر سدیق قادر
٧٣/ سەروەر مەجید قادر

٧٤/ فارس محمود

٧٥/ ڕەفیق حەمید ڕەشید

٧٦/ حسێن مەجید ئەمین

٧٧/ بەیان عەلی مەحمود

٧٨/ حەمە عەلی حەمە

٧٩/ ئاوات عومەر قادر

٨٠/ محەمەد عەبدول مەحمود

٨١/ ئەحمەد محەمەد ئەحمەد

٨٢/ کەمال ئەحمەد فەقێ

٨٣/ قارەمان کەریم ڕەشید

٨٤/ دڵشاد کەمال محەمەد

٨٥/ عومەر کەریم ئیسماعیل

٨٦/ حەمە سدیق مارف

٨٧/ لەتیف محەمەد

٨٨/ وریا عبدالرحیم قادر

٨٩/ سدیق عومەر عەلی

٩٠/ کەمال عەبدوڵڵا ئەحمەد

٩١/ کارزان صلاح مستەفا

٩٢/ ئەحمەد ڕەشید حەسەن

٩٣/ وریا محەمەد ئەمین حەسەن

٩٤/ سەرکەوت عەبدولقادر

٩٥/ ڕزگار قادر محەمەد

٩٦/ کامەران محەمەد حەمە

٩٧/ سەروەت حسێن عومەر

٩٨/ موحسین محەمەد عەبدوڵڵا

٩٩/ ئەحمەد حسێن حەمە
١٠٠/ غەفور حەمە کاکە محەمەد
١٠١/ کەریم محەمەد کەریم
١٠٢/ گۆران عومەر ئەمین محەمەد
١٠٣/ محەمەد فەتاح ساڵح
١٠٤/ شێرزاد مەجید
١٠٥/ ئازاد حەمە ئەحمەد
١٠٦/ عوسمان شەریف ڕەسوڵ
١٠٧/ ڕێبوار حەمە ئەمین
١٠٨/ ئاری کەریم ساڵح
١٠٩/ هۆزەر کەمال محەمەد
١١٠/ محەمەد کەریم عەبدوڵڕەحمان
١١١/ عەلی حسێن محەمەد
١١٢/ فایەق عارف حسێن
١١٣/ ئارام عەبدوڵڕەحمان
١١٤/ سەلام محەمەد ڕەشید
١١٥/ تایەر محەمەد مەحمود
١١٦/ ئاریان نوری عارف
١١٧/ بەهمەن جەلال ڕۆستەم
١١٨/ فەرەیدون عومەر حسێن
١١٩/ شوان حەمە ئەمین
١٢٠/ بەکر ئەحمەد حسێن
١٢١/ سەعید عەلی سەعید
١٢٢/ سەلام مستەفا ڕەشید
١٢٣/ تاریق فەرەیدون حەسەن

١٢٤/ عومەر ڕەئوف سابیر

١٢٥/ سدیق حەمە ڕەشید

١٢٦/ ئەکرەم عێزەت فەرەج

١٢٧/ تاریق سەعید عوسمان

١٢٨/ عومەر عەبدولڕەحمان

١٢٩/ کەریم ئەحمەد عەزیز

١٣٠/ کەمال جەلال نەجمەدین

١٣١/ سەردار فایەق مەجید

١٣٢/ دلاوەر ناسر ئەحمەد

١٣٣/ سەردار قادر نەجم

١٣٤/ حەمە سلێمان ئەحمەد

١٣٥/ بەختیار حسێن ئەحمەد

١٣٦/ تاریق ڕەئوف کەریم

١٣٧/ ئاکۆ ئەحمەد شوان

١٣٨/ هاوڕێ قادر ئیبراهیم

١٣٩/ عوسمان فەریق حەسەن

١٤٠/ هیوا جەلال

١٤١/ زەکیە مەجید عارف

١٤٢/ نادر عەلی قادر

١٤٣/ تەحسین مەحمود فەقێ

١٤٤/ لەتیف ڕەسوڵ ئەحمەد

١٤٥/ کامیل محەمەد ئیبراهیم

١٤٦/ عەبدوڵلا ساڵح عەبدوڵلا

١٤٧/ لەتیف ئەمین

١٤٨/ عومەر عەلی عەزیز

١٤٩/ موشیر مەحمود محەمەد
١٥٠/ کاروان سدیق سەعید
١٥١/ عەبدوڵڵا حسێن عەبدوڵڵا
١٥٢/ بورهان عوسمان حامد
١٥٣/ فازیل محەمەد مەحمود

## بەڵگەنامەی گوللەبارانکردنی شەهیدادنی دووڕیانی سەرچنار

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن السليمانيـــة

العدد / س ت ت / ٨٠٢
التاريخ ١٦/ ٩/ ١٩٨٩
٢٦/ صفر/ ١٤١٠ هـ

سري للغايـــــه

الى : مديرية الأمن العامـــة – س ٣

م : طلب مواطنــــــه

برقيتكم / ق ٤/ ٥٥٨٦٠ فـــــي ١١/ ٩/ ١٩٨٩

أن موضوع بحث طلب المواطنه باكيزه عمر سعيد من ذوي المجرم برهـــم عمر سعيد الذي أرسل الينا من مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي – ق ٢ بموجـــب كتابها سري للغايه وشخصي ٢١٢٨٧ في ٢٣/ ٩/ ١٩٨٧ مع أربعة مجرميـــــن اخرين أحيلوا الينا من منظومة إستخبارات المنطقة الشرقيه مع نسخه من المطالعة الصادره من منظومة استخبارات المنطقه الشرقيه الى الرفيق المناضل علي حســــن المجيد المحترم عضو القياده القطريه ونسخه من كتاب مكتب تنظيم الشمال للسكرتاريه المرقم ٥٨٧٠ في ١٧/ ٩/ ١٩٨٧ حول تنفيذ حكم الأعدام بحقهم وحجز عوائلهــم وهدم الدور العائده لهم ما عدا الدور الحكوميه والمؤجره ومصادرة أموالهـــم المنقوله والغير منقوله لأرتباطهم بالتنظيمات الداخليه لزمرة عملاء ايـــــــران وقيامهم بخطف المواطنين من مدينة السليمانيه وأرسالهم الى مقر الملبنــــد الاول للزمره المذكوره وتنفيذهم عملية اغتيال الرفيق عبدالله موظف في دائـــرة زراعة السليمانيه عضو في تنظيمات الحزب القائد وهو من القوميــــة الكرديـــــه في الساعه ١٣١٥ من يوم ٢٤/ ١٠/ ١٩٨٧ تم تنفيذ حكم الاعدام رميا بالرصـــاص بالمجرم المذكور والمجرمين الأخرين بمصيره علنيــه من قبل مديريتنـا وباشراف مديـر أمن المحافظه انذاك وبحضور ممثلين من منظومة استخبارات المنطقه الشرقيــــه ونائب أمين سر فرع السليمانيه للحزب القائد ومدراء الدوائر الرسميه في المحافظــــه

( ١ – ٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الأمن العامة

مديرية

العدد /

التاريخ / / ١٩٨

بنفس المكان الذي اغتيل الرفيق عبدالله نبهه . وقد اعلمتنا . .
مديرية امن منطقة الحكم الذاتي – ق ٢ بموجب كتابها سري وشخصي –
ويفتح بالذات ٢٥٧٨٩ في ١٩٨٧/١٢/٢٢ بانه اعلمتها قيـادة
مكتب تنظيم الشمال / السكرتارية بموجب كتابها المرقم ٦٨٠٦ فـي
١٩٨٧/١٢/١٢ بانه تنسب قطع رقاب ثلاثة عوائل من ذوي المجرمين
وبضمنهم عائلة المجرم برهم عمر سعيد محمد مزمري بحث الب المواطنة
اعلاه بصورة عادية وحجز عائلتين من عوائل المجرمين لمدة ستة اشهر
وقد تم تنفيذ ذلك في حينه . راجين التفضل بالاطلاع .. مع التقدير .

د / مدير امن محافظة السليمانية
١٩٨٩/٩/١٦

٥

( ٢ – ٢ )

أ

حزب البعث العربي الاشتراكي — امة عربية واحدة

ذات رسالة خالدة

القطر العراقي

قيادة مكتب تنظيم الشمال — ( سري للغاية وشخصي )

مكتب السكرتارية

العدد /

١٤ / ٩ / ١٩٨٧

الى : منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

تحية رفاقية :

الموضوع : شبكة تنظيمات داخلية

كتابكم المرقم ... في ١٤ ايلول ١٩٨٧

١) حصلت الموافقة على المقترحات الواردة بكتابكم اعلاه وتوجيز عوائل المجرمين وتهديم دورهم بعد تنفيذ حكم الاعدام بهم .

٢) يستفاد من المتهم فريدون عارف حسين من خلال احدى الاجهزة الامنية .

٣) يقدم الرفيق المناضل علي حسن المجيد — مسؤول مكتب تنظيم الشمال الشكر والتقدير الى مدير المنظومة الشرقية والى كل من ساهم في هذه المهمة .

يرجى الاطلاع واتخاذ ما يلزم واعلامنا ... مع التقدير .

طاهر توفيق

سكرتير لجنة شؤون الشمال

ج / ...

٥

بسم الله الرحمن الرحيم

// من يقاتل بشرف يستحق المجد //

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الأمن العامة
مديرية امن منطقة الحكم الذاتي
ـ القسم الثاني ـ

//سرى للغايه وشخصي//

العدد ٨٧٠٢١٠
التاريخ ٢٢/٩/١٩٨٧

الى / مديرية امن محافظة السليمانيه

م/ ارسال متهمين موقوفين

=ـ=ـ=ـ=ـ=ـ=ـ=

نشير كم الى كتاب منظومة استخبارات المنطقه الشرقيه المرقم م٢/ق١/ ١٥٠ قادسية صدام ٢٠٧٢ في ٢٣/ايلول/١٩٨٧ ٠ نرسل اليكم المتهمين الموقوفين المدرجه اسمائهم ادناه مع نسخة مصوره من المطالعه الصادره من المنظومه اعلاه المعنونه الى الرفيق المناضل مسؤول قيادة مكتب تنظيم الشمال ونسخه مصوره من كتاب قيادة مكتب تنظيم الشمال السرى للغايه والشخصي المرقم ٥٨٧٠ في ٢١/ايلول ١٩٨٧ مع كافة الاوراق التحقيقيه الخاصه بهم والامانات العائده لهم وحسب القوائم المرفقه طياً ٠٠ يرجى الاستلام واتخاذ مايلزم على ضوء ماورد بكتاب المنظومه اعلاه ٠٠ واعلامنا ٠٠ مع التقدير ٠٠

عميد الامن
م ٠ م ٠ ع لمنطقة الحكم الذاتي

اسماء المتهمين /ـ

=ـ=ـ=ـ=ـ=ـ=ـ=

١ـ المتهم طارق قادر محمد
٢ـ = جلال عبد الله محمد
٣ـ = كمال محمود فرج
٤ـ = برهم عمر سعيد
٥ـ = علي حمه رحيم
٦ـ المخبر عنه المدعو فريدون عارف حسين

نسخه منه الى /ـ

=ـ=ـ=ـ=ـ=ـ=

مديرية الامن العامه / ش٢ س٥ طياً صورة كتاب المنظومه اعلاه مع نسخة

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

الحكم الذاتي متهم بالاشتراك مع اعضاء المسلحين [illegible]

على ان يتم التنفيذ في نفس المنطقة التي نفذوا جريمتهم

فيها بحق الرفيق عبد الله حسن .

ب. اطلاق سراح المتهم قيس كريم امير لعدم وجود اي

دليل يدينه .

ج. اطلاق سراح المتهم فريدون عارف حسين لكونه

الشخص الذي ساعدنا على كشف افراد الشبكة والقاء

القبض عليها .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير والاحترام سيدي

العميد الركن

مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

-٥-

سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

اختطاف واحده

٢. هناك متهم آخر يدعى (كاوه احمد حمه رحيم) لازال البحث جاري عنه لغرض القاء القبض عليه حيث اشترك في عملية اختطاف واحده مع افراد الشبكة وتم تسليمها في منطقة سكناه في الوقت الحاضر علماً بأن الابن خال المتهم طارق قادر محمد ويحتمل انه اختفى بعد سماعه بأن القاء القبض على المذكور

٣. الشبكة المشار اليها اعلاه مرتبطة بمقر الملينه الاول في قره داغ وكان مسؤولها المباشر المجرم شيركو المسؤول المالي للملينه المذكوره وكان يصدر اليهم توجيهاته عن طريق كل من المتهمين كمال محمود فرج وطاهر محمد قادر محمد

٤. تم التنسيق مع مديرية امن السليمانية بصدد الموضوع عن طريق ضابط ارسل من منظومتنا لهذا الغرض وتم عرض المعلومات المستخلصة اثناء التحقيق لغرض الاستفاده منها وربطها بما لديهم من معلومات وقد طلبت المديرية المذكوره احالة افراد الشبكة اليها لغرض الاستفاده منهم فيما يخص اهتمامات عملهم

٥. المقترحات

آ. احالة افراد الشبكة الى مديرية امن الحكم الذاتي.

ب. تنفيذ حكم الاعدام بالمجرمين اعلاه بعد فراغ امنه

- ٤ -

سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

جميعاً الى مقر الملبند الأول في قرەداغ ، اشترك في عملية اغتيال الرفيق عبد الله ، كان حلقة الوصل بين الشبكة ومقر الملبند الأول . . .

د . المتهم برهم عمر سعيد )

بدأ نشاطه خلال هذا العام ، اشترك في توزيع عدد من رسائل التهديد ، اشترك في ترتيب تمايدت اشتغالات مواطنين وعملتين ، اشترك في عملية اغتيال الرفيق عبد الله وكان البادئ في اطلاق النار عليه .

هـ . المتهم فريدون عارف حسين

بدأ نشاطه عام ٨٦ ، اشترك في توزيع عدد من رسائل التهديد . قام بنقل الجناة بسيارة الاجرة العائدة له عند تنفيذ عملية اغتيال الرفيق عبد الله وهو الذي تم التشبث عليه من قبلنا بواسطة مصدرنا المدعو عثمان عبد الله والذي ساعدنا بدوره على كشف افراد الشبكة . . .

و . المتهم علي حمه رحيم

بدأ نشاطه خلال هذا العام ، اشترك في عملية

- ٣ -

سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش /

الى /

الموضوع /

ومؤمن بأفكار الحزب والثورة واصبح عميلا لايران في

الدوام لتنظيماتهم الداخلية لاغتياله بعد قيامه

بجمع قاطع للجيش الشعبي في السليمانية )

ب. المتهم طارق قادر محمد

كان يعمل في صفوف عملاء ايران منذ عام ٨٢ وعمل

في تنظيماتهم الداخلية عام ٨٦ . قام بتوزيع عدد

كبير من رسائل التهديد على المواطنين والتي كان

يستلمها من مقر الللبند الاول في قره داغ ، اشترك

بثلاث عمليات اختطاف مواطنين ١٤ عشر اشخاص

التقيته بأنه نوقع من قبل المدعو قيس كريم امير للعمل

ضمن تنظيمات حزب الدعوة العميل والقي القبض على

المذكورين ولدى مواجهتهما تبين عدم وجود علاقة

بينهما بهذا الخصوص .

ج. المتهم كمال محمود فرج

بدأ نشاطه عام ٨٦ ضمن التنظيمات الداخلية لعملاء

ايران ، قام باستلام اكثر من ثلاثين رسالة تهديد

من مقر الللبند الاول وتوزيعها على المواطنين، اشترك

في خمس عمليات اختطاف مواطنين وخطف مجلتين لسليمانيا

- ٢ -

سري للغاية وشخصي

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

ش / ٢
العدد / ٩
التاريخ ١٤ ايلول ٨٧

الى / الرفيق المناضل مسؤول قيادة مكتب تنظيم الشمال المحترم
الموضوع / شبكة تنظيمات داخلية

تحية وتقدير ...

سيدي :

١. خلال شهري حزيران وتموز من هذا العام صعد المخربون من عمليات الاغتيال داخل مدينة السليمانية وكان احد الضحايا من منتسبينا ومن خلال التركيز وتكثيف الجهود في رصد نشاط المخربين ومتابعتهم في هذا الاتجاه تمكنا من خلال متعاونينا الوصول الى احدى هذه الشبكات واختراقها والقاء القبض على افرادها التالية اسمائهم واعترافاتهم المؤشرة ازاءهم :

آ. المتهم هلال عبد الله محمد

عمل منذ عام ١٩٨٣ ضمن التنظيمات الداخلية لعملاء ايران، اعتقل في نفس العام لمدة ستة اشهر لدى امن السليمانية، في عام ١٩٨٧ اشترك في عمليتي اختطاف مواطنين بقوة السلاح وتسليمهم الى مقر المخربين الاول في بلكجار في قره داغ، اشترك في عملية اغتيال الرفيق عبد الله وكان احد الذين اطلقوا النار عليه (الرفيق عبد الله يعمل بصفة موظف في دائرة زراعة السليمانية وبعثي بدرجة عضو في تنظيمات حزبنا القائد ومن القومية الكردية وهو عنصر مخلص

(١ - ٥)
سري للغاية وشخصي

254

**[ Dokument 16 ]**

بسم الله الرحمن الرحيم

( سري للغايه )

مديرية امن محافظة السلسمانيه
العدد / ٢٤٣٤
التاريخ ١٩٨٧/١٠/٢٤

الى / مستشفى الطوارئ في السليمانيه
م / ارسال جثث مجرمين

نرسل اليكم جثث المجرمين المدرجه اسمائهم ادناه . راجين استلامهم وارسالهم الى مديرية البلديه من قبلكم لغرض دفنهم .. واعلامنا مع التقدير .

ملاحضه
عدم تسليمهم الي ذويهم منعا باتا
١٩٨٧/١٠/٢٤

مدير امن محافظة السليمانيه
( التوقيع )

الاسماء
١. علي حمه رحيم صالح كريم
٢. كمال محمود فرج
٣. جلال محمد عبدالله صالح
٤. ابراهيم عمر سعيد حمه
٥. طارق قادر محمد معروف

ينظم شهادة وفاة لهم وتسلم الى ذويهم
١٠/٢٤ (التوقيع )

208

**[ Dokument 16 ]**

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية

مديرية امن محافظة السليمانية

العدد/ ٢٩٢٤٢

التاريخ/ ٢٤/١٠/١٩٨٧

الى / مستشفى الجمهوري في السليمانية

م / ارسال جثث مجرمين

نرسل اليكم جثث المجرمين المدرجة اسمائهم ادناه . راجين استلامهم وارسالهم الى مديرية البلدية من قبلكم لغرض دفنهم .. واعلامنا ... مع التقدير ...

مدير امن محافظة السليمانية

تم تسليمهم الى ذويهم

الاسماء

١. علي حمه رحيم صالح كريم
٢. كمال محمود فرج
٣. جبار عبد الله محمد صالح
٤. ابراهيم عمر سعيد حمه
٥. طارق قادر محمد معروف

ينظم شهادة وفاة لهم وتسليم الى ذويهم

## بەڵگەنامەی دەسگیرکردنی هەڤاڵانی ڕێکخراوی سلێمانیی کۆمەڵە

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة ٩٦٩

العدد م ٥٥ أم٦/١٠/
التاريخ / ذو الحجة / ١٤١٠هـ
/ ٦ / ١٩٩٠م

// سري ومستعجل //

الى / ديـــوان الرئاســة ـــ دائرة الشؤون القانونيـــة

الموضوع / بيان معلومـــــات

كتابكم المرقم ق/س/ت/٩٩٩/٤ فـــي ١٩٩٠/٥/٣٠

نتيجة التحقيق وجمع المعلومات عن المتهمين موضوع بحث كتابكم اعلاه تبيـــن مايلـــي :ـ

١. المتهم عبد الجبار رشيد محمد ابراهيم مهنته مهندس زراعي وصاحب حقول للدواجن عام ١٩٦٦ انتمى الى الحزب الديمقراطي الكردستاني العميل واستمر في التنظيم الى عام ١٩٧٥ حيـث انهيار الجيب العميل عام ١٩٨٠ انتمى الى زمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ـ عن طريق المجرم المقبور خسر ومصطفى الخال احد الكوادر القياديه لهذه الزمره بعدها اصبح ضمن مسؤوليـة الهارب عمر فتاح حسين عضو المكتب السياسي لهذه الزمره وتعاقبت على مسؤوليته عدة عناصـر قياديه الى ان تولى مسؤولية التنظيم في السليمانيه ابتداءً من عام ١٩٨٦ ولحين القبـض عليه بتاريخ ١٩٩٠/١/٢٣ وعلاقته مباشره بالمجرم نوشيروان مصطفى امين سكرتير جناح الكوملـه وعن طريق المجرم المقبور مصطفى ابراهيم درويش الذي كان حلقة الوصل بينـه وبين قيـادة التنظيم في ايران وبالاضافه الى مسؤوليته عن اكبر الخطوط التنظيميه في السليمانيه وأنيطت بـه مسؤولية احد الخطوط العسكريه في محافظة التاميم وقد تمكنا من سحب سدسين مـن المجموعه التي لم يتم القبض عليهما كونهم متابعين من قبل مديرية امن التاميم وقد تم ضبـط آلة طابعه في داره ومجموعه كبيره من النشرات والادبيات الخاصه بجناح الكومله مع ثلاثـة اشرطة كاسيت فديو معاديه عن المجرم جلال الطالباني ومدينة حلبجه ـ المتهم المذكور لديه شقيقان هاربان خارج القطر وهما كل من جلال رشيد يتواجد حالياً في امريكا منذ عام ١٩٦٠ وجوانـرو رشيد يتواجد حالياً في لندن منذ عام ١٩٨٢ كما كان لديه شقيق .

// تتمة لطفـاً //

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٩

// ص ٢ //

يدعى كمال رشيد كان هاربا" في المانيا وتوفي هناك عائلة المذكور متبرعه بالمال والذهب دعما" للمجهود الحربي ولايوجد لديه احد من افراد ذويه مرتبط بالحزب القائد •

٢• المتهم احمد محمد وتمان محمد السوراني — من مواليد ١٩٤١ جوارتا يسكن السليمانيه عام ١٩٦٧ ارتبط بالحزب الديمقراطي الكردستاني العميل واستمر حتى عام ١٩٧٥ حيث انهيار الجيب العميل. عام ١٩٧٧ ارتبط بتنظيم زمرة عملاء ايران وتولى مسؤولية عدد من الاشخاص في التنظيم واستمر في عمله التنظيمي ضمن جناح الكومله لغاية القبض عليه بتاريخ ١٢/٤/١٩٨٩ ويعتبر المسؤول الاعلامي في الداخل وضبط في داره على جهاز رونيو والتي طابعه مع كميه كبيره من النشرات والادبيات الخاصه بتنظيم الكومله واشرطة كاسيت معاديه وكانت داره وكرا" للعناصر المسؤوله عن التنظيم ، حيث يتم الطبع في داره ويتم طبع النشرات والتوجيهات والتعليمات الخاصه في التنظيم — لم يشارك هو وعائلته في معركة قادسية صدام المجيده ولايوجد احد من ذويه ملتحق الى جانب المخربين في الوقت الحاضر — تم ضبط رسائل موجهه اليه من المجرم الهارب فريدون عبد القادر فرج — عضو المكتب السياسي لزمرة عملاء ايران جناح الكومله •

٣• المتهم ابو بكر محمد صالح كريم السوراني — من مواليد ١٩٤٧ — مهنته نجار — يسكن السليمانيه — كويزه ، عام ١٩٨٧ ارتبط بزمرة عملاء ايران — جناح الكومله — وبنفس العام تولى مسؤولية عدد من الاشخاص واستمر في التنظيم لحين القبض عليه بتاريخ ٥/١٢/١٩٨٩ وهو يعتبر عضو لجنه محليه السليمانيه ، قام بنقل مسدسين الى خط تنظيم كركوك العسكري والذي كان يتولى الاشراف عليه — قام بنقل جهاز الاتصال والذي كان يستخدم من قبل المخرب — الهارب غريب هلدني الى ايران لغرض تصليحه — قام بعمل مخبئ" سري في محله لغرض

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٩

// ص ٣ //

الاختفاء فيه ومن طريقه يستطيع الهرب خارج المحل عند محاولة القبض عليه كذلك قـــام بعمل مخبىء سرى في كنتور الملابس لغرض اخفاء الاسلحه والمبرزات المتعلقه بالتنظيم تـــم ضبط صور لعدد من المخربين فيه المتهم المذكور خال المجرم الهارب فريدون عبد القــادر فرج عضو المكتب السياسي لزمرة عملاء ايران ــ لايوجد لديه شهيد او اسير اومفقود ــ شقيقته المدعوه فاطمه محمد صالح هاربه مع زوجها عبد الرحمن اسماعيل الى ايران ٠

٠٤ المتهم عبد العزيز عمر عارف حسن الدباغ ــ مهنته مهندس زراعي ــ يسكن السليمانيه برانـــان من العائدين الى الصف الوطني عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٨٣ انتمى الى زمرة عملاء ايـــرا ن جناح الكومله ــ عام ١٩٨٥ تولى مسؤولية المتهم عبد الجبار رشيد وهويعتبر نائب للتنظيـم ومسؤول عن كرت تنظيمي وعضو لجنه محليه السليمانيه وتم ضبط عدد من الرسائل الموجهـــه اليه من المجرم المقبور خسرو مصطفى الخال ــ لايوجد لديه شهيد او اسير اومفقود ــ لايوجد لديه احد من افراد عائلته هارب ٠

٠٥ المتهم احمد محمد صالح عبد الرحمن ــ من مواليد ١٩٤٩ شغله مدرس يسكن السليمانيـــه المذكور من العائدين للصف الوطني عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٨٣ انتمى الى تنظيم زمـــرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ــ وكان مسؤولاً عن كتابة المواضيع الثقافيه ــ عام ١٩٨٤ حضـر مؤتمر المعلمين الذى انعقد في منطقة سماقولي ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ـــ وعائلته متبرعه بالمال والذهب دعماً لمعركة قادسية صدام المجيده ٠

٠٦ المتهم محمد عبد الكريم كاكه حمه محمد البرزنجي من مواليد ١٩٤٦ شغله مدرس يسكـــن السليمانيه ــ المتهم المذكور من العائدين للصف الوطني عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٨٣ ارتبـــط بتنظيم زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ــ عام ١٩٨٤ حضر مؤتمر المعلمين الذى انعقد فـي منطقة سماقولي ــ تم ضبط التقرير الخاص بمحضر اجتماع المعلمين ــ المذكور مسؤول عـــن

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٩

// ص ٤ //

خليه تنظيميه وخط نسوى ـ لايوجد اديه هارب في الوقت الحاضر ـ لايوجد لديه احد من افراد عائلته شهيد او اسير او مفقود ـ عائلته متبرعه بالمال والذهب دعما" للمجهود الحربي .

٧. المتهم محمد ملا حسين حسن محمد ـ من مواليد ١٩٢٧ ـ مهنته معلم ـ يسكن السليمانيه من العائدين للصف الوطني عام ١٩٧٥ ـ عام ١٩٨٠ ارتبط بتنظيم زمرة عملاء ايران جناح الكومله ـ عام ١٩٨٣ كلف بتشكيل اتحاد معلمي كردستان عام ١٩٨٤ حضر مؤتمر معلمي كردستان في منطقة سما قولي ـ المتهم المذكور مسؤول عن خمسة متهمين تم القبض عليهم في نفس القضيه ويرتبط عن طريق المجرم الهارب مصطفى ابراهيم درويش مع المجرم الهارب فوزي ملا محمود ـ عضو اللجنه المركزيه لهذه الزمره واستمر في التنظيم لحين القبض عليه بتاريخ ١٩٩٠/٢/١٠ ـ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ولايوجد لديه احد من افراد عائلته هارب في الوقت الحاضر .

٨. المتهم عبد الرحمن قادر غفور مصطفى من مواليد ١٩٣٦ يسكن السليمانيه ـ مهنته مدرس من العائدين للصف الوطني عام ١٩٧٥ ـ عام ١٩٨٣ انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران جناح الكومله وكان يدفع الاشتراكات الشهريه ـ عام ١٩٨٤ تولى مسؤولية المتهم محمد ملا حسين واستمر معه في التنظيم لحين القبض عليه بتاريخ ١٩٩٠/٥/١٤ ـ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ـ عائلته متبرعه بالمال والذهب دعما" للمجهود الحربي ـ لايوجد لديه احد هارب في الوقت الحاضر .

٩. المتهم ملا احمد سعيد عبد الرحمن من مواليد ١٩٥١ يسكن السليمانيه ـ برانان مهنته موظف متقاعد كان يعمل في استعلامات فندق السليمانيه السياحي ـ عام ١٩٨٧ انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ـ عام ١٩٨٤ وبعد هروب مسؤوله السابق تولى مسؤولية المتهم محمد ملا حسين واستمر في التنظيم لحين القاء القبض عليه بتاريخ

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٩

// ص ٥ //

١٩٩٠/٥/١١ ــ ضبط بحوزته على شريط كاسيت معادى في داره ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ــ عائلته لم تشارك في معركة قادسية صدام المجيده ــ لايوجد لديه هارب من افراد عائلته في الوقت الحاضر .

١٠. المتهم عثمان عبدول معروف مصطفى من مواليد ١٩٥٤ شغله مدرس سابقا" وحاليا" صاحب محل لبيع الاقمشه ــ يسكن السليمانيه ــ حي المعلمين ــ عام ١٩٨٣ ارتبط الى تنظيم زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ــ عام ١٩٨٥ تولى مسؤولية المتهم حمه طاهر محمود كما انه كان مسؤول احد مصادرنا التنظيميه عام ١٩٨٧ تخلف عن الالتحاق بالخدمه العسكريه لغاية عام ١٩٨٨ ــ عائلته سائره في خط الحزب والثوره ولايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ولايوجد احد من افراد عائلته هارب في الوقت الحاضر .

٢٧/١ ٩٠٣٥٢٥٠

١١. المتهم حمه طاهر محمود شيخ محمد باراوى من مواليد ١٩٤٨ ــ مهنته موظف مساعد مخدر في مستشفى التعليمي في السليمانيه ــ عام ١٩٧٤ التحق الى جانب التمرد العميل ونسبي عام ١٩٧٥ سلم نفسه بعد انهيار الجيب العميل ــ عام ١٩٨٤ انتمى الى زمرة عملاء ايران جناح الكومله ــ عام ١٩٨٥ تولى مسؤولية المتهم محمد ملاحسين واستمر بالتنظيم لحين القبض عليه ــ لديه ثلاثة اشقاء هاربين خارج القطروهم كل من ابراهيم محمود الشيخ يتواجد في السويد حاليا" ونجاة محمود الشيخ تتواجد مع زوجها فؤاد في لندن وجهاد محمود الشيخ هاربة الى لندن مع زوجها محمد ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود .

١٢. المتهم كامل صابر محمود احمد السوراني من مواليد ١٩٥٥ مهنته مهندس زراعي حاليا" صاحب محل للخياطه ــ عام ١٩٨٦ ارتبط بتنظيم زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله المذكور مسؤول كرت تنظيمي كان يدفع الاشتراكات الخاصه بالتنظيم استمر بالتنظيم لحين القبض عليه ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ولايوجد لديه احد من افراد عائلته هارب في الوقت الحاضر .

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد

التاريخ / / ١٩٩

// ص ٦ //

١٣ • المتهم عزيز محمد احمد سعيد البرزنجي من مواليد ١٩٤٥ مهنته معلم يسكن السليمانيه توملك ـ عام ١٩٨٤ انتمى الى زمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ـ عام ١٩٨٥ حضر مؤتمر معلمي كردستان في منطقة مماقولي ـ عام ١٩٨٧ تولى مسؤولية المجرم الهارب عدنان عبد الله شاسوار بعدها اصبح ضمن مسؤولية المتهم ابو بكر محمد صالح واستمر بالتنظيم لحين القبض عليه ـ عائلته لم تتبرع بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي •

١٤ • المتهم سامان مولود غريب كريم ـ مهنته مهندس زراعي وحالياً ج•م من مواليد ١٩٦٧ يسكن السليمانيه ـ سرجنار ـ عام ١٩٨٣ انتمى الى زمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ومسؤول خليه تنظيميه ـ عام ١٩٨٥ هرب من الخدمه العسكريه ـ الدار التي يسكنها في سرجنار مؤجره له من قبل التنظيم وتعتبر وكراً لعناصر التنظيم ـ تم ضبط عدد من النشرات الخاصه بالتنظيم مكتوبه بخط يده ـ عام ١٩٨٨ اصبح ضمن مسؤولية المتهم عبد الجبار رشيد شقيقه سيروان مولود غريب كان احد المخربين زمرة عملاء ايران وعاد بقرار العفو العام ١٩٨٨ عائلته متبرعه بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي •

١٥ • المتهم رزكار محمد عبد الله معروف ـ مهنته ملاحظ فني في مديرية توليد كهرباء السليمانيه من مواليد ١٩٦٣ يسكن السليمانيه ـ رزكاري ـ عام ١٩٨٣ هرب من الخدمه العسكريه لحين صدور قرار العفو ـ حيث سلم نفسه في ١٩٨٨/٩/٨ ـ عام ١٩٨٨ انتمى الى تنظيم الكومله ـ يعتبر الوسيط الحزبي بين المتهم عبد الجبار رشيد محمد وعدد من المتهمين مسؤولي الخلايا ـ كان واسطه في عملية نقل السلاح الى خط كركوك العسكري شقيقته المدعوه كويستان صادر بحقها امر قبض ـ عائلته متبرعه بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي ـ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود •

١٦ • المتهم محمد رحيم حسن رسول السوراني ـ من مواليد ١٩٥٥ مهنته مراقب زراعي وحالياً كاسب ـ يسكن السليمانيه ـ مجمع النصر ـ عام ١٩٨١ تخلف عن اداء الخدمه العسكريه

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٩

// ٧ // س

وترك وظيفته بسبب ذلك وكان يستخدم نماذج عدم تعرض مزوره لغرض التنقل ــ عام ١٩٨٤ ــ انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ــ المذكور كان يقوم بنقل البريد الحزبي بين قيادة تنظيم الكومله ــ الجناح العسكرى واحد الخطوط العسكريه في منطقة كلار عام ١٩٨٧ قام بنقل رسائل من تنظيم كلار الى المتهم عبد الجبار رشيد محمد ــ كما انه كان يقوم بنقل رسائل الى المدعو احمد حمه آلت الذى قتل عام ١٩٨٧ في احد المصادمات واستمر في نقل الرسائل التنظيميه في الشهر السابع من عام ١٩٨٩ وكان على موعد حزبي ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود وعائلته لم تتبرع بالمال والذهب دعماً لمعركة قادسية صدام المجيده ــ لايوجد لديه احد من ذويه هارب في الوقت الحاضر •

١٧ • المتهم علي محمد شاسوار قاضي من مواليد ١٩٦٤ مهنته ج.م منسوب الى الوحده ١٢٩ ــ يسكن السليمانيه ــ قضاء كلار ــ والده احد مخربي زمرة سليلي الخيانه وعاد الى الصف الوطني عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٧٧ التحق والده ثانيةً الى زمرة عملاء ايران وقتل من قبل زمرة سليلي الخيانه كونه كان متهم بقتل احد عناصرهم ــ عام ١٩٨٢ التحق المتهم المذكور بمخربي زمرة عملاء ايران الكرت الاول تيب ( ٥٣ ) شيروانه واستمر معهم لغاية صدور قرار العفو العام ١٩٨٨ وفي الشهر الخامس من عام ١٩٨٩ وردته رسالة من امر تيب ( ٥٣ ) المجرم حمه رش طلب منه تشكيل مفرزه عسكريه وارسل له مبلغ ( ٧٥٠ ) دينار توزيعها على عناصر المفرزه ــ كما جاء في الرساله بانه حدد لهم رواتب شهريه من ( ٤٠ ــ ٧٠ ) دينار كما وردته في الرساله ايضاً الذين اعيد ارتباطهم بالمفرزه جميعهم كانوا ملتحقين بنفس التيب موقف عائلته غير جيد ومن عائله غير جيده اتجاه الحزب والثوره •

١٨ • المتهم كارزان اسماعيل احمد اسماعيل من مواليد ١٩٦٢ مهنته كاسب يسكن السليمانيه كاريزه وشك سابقاً قلعة دزه ــ عام ١٩٨٦ انتمى الى زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله وكان يقوم بايصال البريد لتنظيم السليمانيه من الداخل وتوجد عده قضيه اخرى عن تهمة قيامه

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الأمن العامة

العدد

التاريخ / / ١٩٩

//ص ١٢ //

استنادا" الى الفقره رابعا" من قرار المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان قررت الامانه العامه للتربيه والتعليم العالي اخراجه من سلك التعليم الى دائرة الامانه العامه للزراعه والاصلاح الزراعي ـ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ـ متبرعين بالمال والذهب دعما" للمجهود الحربي ٠

نقترح :-

احالة المتهمين المذكورين اعلاه الى محكمة الثوره والامر متروك لمد التهميش ٠

للتفضل بالاطلاع ٠٠٠٠٠٠ مع التقدير ٠

مدير الامن العام

١٩٩٠/٦/

نسخه منه الى :-

مديرية ش٠ و ٠م ٠س /للعلم والتاشير لديكم ٠٠٠

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الامن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٩

// ص ٨ //

بتزوير سندات عقارات الدوله في السليمانيه ــ عائلته لم تشارك في معركة قادسية صدام المجيدة ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ٠

١٩٠ المتهم علي صالح سليمان السوراني من مواليد ١٩٤٤ مهنته مشرف زراعي يسكن السليمانيه بكره جو ــ عام ١٩٨٢ انتمى الى زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ــ عام ١٩٨٣ اصبح ضمن مسؤولية المتهم عبد العزيز عمر عارف ــ عام ١٩٨٧ تولى مسؤولية المتهم محسن حمه امين وعنصر اخر يدعى اشوان واستمر بالتنظيم لحين القبض عليه ــ لايوجد احد من افراد عائلته شهيد او اسير او مفقود ــ عائلته متبرعه بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي ٠

٢٠٠ المتهم كامران عزيز علي احمد ــ مهنته موظف في مديرية تربية السليمانيه ــ من مواليد ١٩٥٥ يسكن السليمانيه ــ من العائدين للصف الوطنـــي عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٨٤ انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ــ عام ١٩٨٥ تولى مسؤولية المتهم احمد علي امين وطلب منه ايجاد شخصيته لغرض تصليح طابعه خاصه بالتنظيم ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ــ عائلته غير متبرعه بالمال والذهب ــ لايوجد احد من افراد عائلته هارب في الوقت الحاضر ٠

٢١٠ المتهم بختيار عمر اولي من مواليد ١٩٦٣ ــ مهنته ج٠م ــ خريج المعهد التكنولوجيا يسكن السليمانيه ــ بختياري ــ عام ١٩٨٤ انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران ــ جناح الكومله ربعد هروب مسؤوله اصبح ضمن مسؤولية المتهم محمد عبد الكريم ــ عائلته متبرعه بالمال والذهب لايوجد احد من ذويه شهيد او اسير او مفقود ــ لايوجد لديه احد من افراد عائلته هارب في الوقت الحاضر ٠

٢٢٠ المتهم طالب عبد الله سعيد محمد مويباسي ــ من مواليد ١٩٣٤ مهنته ر٠ع عسكري متقاعد يسكن السليمانيه ــ بختياري ــ من العائدين للصف الوطنـــي عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٨٤ انتمى

// يتبع لطفاً //

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد

التاريخ / / ١٩٩       // ٩ // ص

الى زمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ـ عن طريق المتهم محمد ملا حسين ـ لم تشارك عائلته في معركة قادسية صدام المجيده ولايوجد له دور في خدمة الحزب والثوره ـ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود ـ لايوجد لديه احد من ذويه هارب خارج القطر في الوقت الحاضر .

٢٣. المتهم جمال عزيز امين احمد من مواليد ١٩٤٥ شغله مدير متوسطة برايتي يسكن السليمانيه دور المعلمين ـ من العائدين للصف الوطني عام ١٩٧٥ ـ عام ١٩٨٨ ارتبط بزمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ـ عن طريق المتهم عبد العزيز عمر عارف ـ ابن شقيقه اردلان محمد عزيز هارب مع عائلته الى السويد ـ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود وعائلته سائره في خط الحزب والثوره ـ عائلته غير متبرعه بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي .

٢٤. المتهم عطا احمد محمد قادر من مواليد ١٩٦٤ مهنته سائق ـ يسكن السليمانيه ـ صابون ـ كران ـ عام ١٩٨٧ التحق مع مخربي زمرة عملاء ايران ضمن تيب ( ٥٥ ) قره داغ وعاد عام ١٩٨٨ بقرار العفو بعد عودته انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران ـ جناح الكومله ـ عن طريق شقيقه المجرم الهارب عبد الله احمد محمد قادر ـ ضبط في محله على بندقيه كلاشنكوف ومسدس نوع ميكاروف وعارضة افلام ومائه وخمسه وسبعون شريط كاسيت معادى تتظمن توجيهات من اذاعه مايسمى بصوت كردستان العراق وشعارات تمجد بقتلى المخربين وكذلك مجموعه من الهويات العسكريه ونماذج عدم تعرض مزوره وهوية منتسب امن الذى تم خطفه عام ١٩٨٠ ويدعى علي خميس وقتل من قبل عناصرهم كان يحملها المذكور ويتجول بواسطتها ـ اشقائه كل من مولود احمد محمد و عبد الله احمد هاربين الى ايران ـ عمه يوسف محمد قادر مخرب مقتول والده متهم بنفس القضيه ـ شقيقه ابراهيم احمد محمد سبق وان كان موقوف من قبل الاستخبارات واطلق سراحه بنفس التهمه .

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٩

// حـ ١٠ //

٢٥٠ المتهم احمد محمد قادر من مواليد ١٩٢٧ مهنته موظف متقاعد ــ يسكن السليمانيه خابات المذكور كلف من قبل دائرتنا بالاتصال مع ابنه الهارب مولود من عناصر زمرة عملاء ايـــــران ويتواجد في منطقة قاسم رەش الايرانيه وبعد ذهابه وعودته جلب رسائل تنظيميه الى ابنه الهارب عبد الله احمد والذى كان يشرف على احدى الخلايا التنظيميه في الداخل ــ ابنائه كل من مولود وعبد الله هاربين الى ايران وهم من العناصر الخطيره شقيقه يوسف محمد قادر مخرب مقتـــول ــ لايوجد لديه شهيد او اسير او مفقود •

٢٦٠ المتهم محمد ظاهر محمد توفيق عبد الرحيم من مواليد ١٩٦٠ يسكن السليمانيه ــ ابراهيـــم باشا مهنته صاحب محل صياغه تربطه علاقة عمل مع المتهم عطا احمد حيث دفع له (٥٠٠٠ ) خمسة الاف دينار ليتمكن من العمل في صياغته وكان يتردد اليه المجرم الهارب عبد الله احمد محمد ــ المواد العائده الى المتهم عطا احمد ضبطت في محله ــ لايوجد لديه شهيد اواسير او مفقود عائلته غير متبرعه بالمال والذهب •

٢٧٠ المتهم اردلان عمر علي من مواليد ١٩٧٠ مهنته عامل يسكن السليمانيه كاريزه ــ عام ١٩٨٨ ــ انتمى الى تنظيم زمرة عملاء ايران عن طريق المتهم الهارب يادكار قام المتهم المذكور بالتحرك على احد مصادرنا السريه وسلمه اربعة اشرطة كاسيت معاديه ــ تم تحري داره وضبط علـــــى اربعة اشرطة كاسيت معاديه وصور لاحد المخربين الهاربين ــ شقيقه كاروان عمر علي مـــــن العائدين للصف الوطني عام ١٩٨٨ ــ لايوجد لديه شهيد او اسير اومفقود وعائلته غيـــــر متبرعه بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي •

٢٨٠ المتهم محسن حمه امين حمه علي من مواليد ١٩٥٢ مهنته موظف في دائرة زراعة السليمانيـــه بختياري ــ من العائدين للصف الوطني عام ١٩٧٥ ــ عام ١٩٧٨ اوقف في دائرتنا بتهمـــــه قيامه بنقل رسائل تنظيميه الى الداخل وافرج عنه لعدم ثبوت الادله ضده فوتح من قبل المتهم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٩

// سري ١١ //

علي صالح سليمان بيان طلب منه الانتماء الى التنظيم ورفض ذلك — ورد اعتراف ضده مـــن قبل المتهم علي صالح بانه كان مسؤولاً عنه وكذلك ورد عنه بافادة المتهم عبد العزيز عمـر بان اسم المتهم المذكور ورد اليه في البريد الحزبي على اعادة ارتباطه وسلمه الى المتهـم علي صالح سليمان — والده ووالدته كانوا هاربين الى ايران وعادوا بقرار العفو العام ١٩٨٨ شقيقاته كل من صبيحه حمه امين وبدريه حمه امين هاربات الى ايران — لم يشارك هو وعائلتـه في معركة قادسية صدام المجيده ومتبرعين بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي ٠

٢٩٠ المتهم محمد رسول سعدي رسول الملقب ( زياد ) من مواليد ١٩٥٥ مهنته مقاتل فـــي فوج الدفاع الوطني ( ٣١ ) يسكن محافظة اربيل الحي الزراعي — المتهم المذكور ورد اعتراف ضده من قبل المتهم عبد الجبار رشيد مسؤول التنظيم بانه كان يستلم البريد الحزبي المرسل اليه من قيادة التنظيم في ايران بدار المتهم المذكور من قبل المتهم الهارب مصطفى ابراهيـم درويش الذي يسكن بجوار دار المتهم محمد رسول — عند محاولة القبض عليه تمكن من الهرب وتم جلبه الى دائرتنا كونه كـــــــان موتمن لديها — المذكور من عائله مستقله سياسياً ضمن المنطقه ومتبرع بالمال والذهب دعماً للمجهود الحربي ٠

٣٠٠ المتهم فريدون حسين جعفر محمد دارشاش من مواليد ١٩٤٣ مهنته مدير النشاط الفنـــي في تـــــربيه السليمانيه — المذكور من عناصر زمرة عملاء ايران — جناح الكومله — ورد اسمـه الحزبي ( لسور ) ضمن القوائم التي تم ضبطها في دار المتهم احمد محمد وتمان — احـــد الكوادر المهمه في هذه الزمره والخاصه بدفع الاشتراكات الشهريه بتنظيم المعلمين — ضبـط في داره شريط كاسيت معادي — شقيقه انور سعيد مخرب مقتول — من العائدين للصـف الوطني عام ١٩٧٥ — عام ١٩٨٤ ورد عنه بانه من العناصر السلبيه التي لم تواكب المسيره — وتم عرض موضوعه في اجتماع اللجنه الامنيه وتولدت قناعه بانه لا يصلح في سلك التعليم كمـــا ورد عنه بكتاب مديرية تربية السليمانيه — ذاتية الثانوي المرقم ٨٤٢٥ في ١٩٨٤/٣/٣١ —

# ڕاپــــــــەڕینی پیرەمەگرون- دووکــــــان
# ڕزگـــــــارکردنی تێکڕای پــــــاریزگای ســــــلێمانی

دوای ڕزگارکردنی یەکەم شاری گەورەی کوردستان و ڕاپەڕینی جەماوەری شاری سلێمانی لە ڕۆژی ٣/٧ دا و پاککردنەوەی تەواوی پارێزگای سلێمانی لە داموو دەزگاکانی بەعس و دەست بە سەرداگرتنی قەلآی زوڵم و ستەم ئەمنە سوورەکەی سلێمانی شەپۆلی ڕاپەڕین و هەڵچوونی جەماوەری پەلی هاویشتە ناوچەکانیتری کوردستان.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ دا پیرەمەگروونی سەرکەش و دووکانی دڵگیرو شارەزوری بادی خۆش مرور، هەڵەبجەی تازەو هەورامان و ناوچەی شلێرو عەربەت و چەمچەماڵ لە زووڵم و ستەمی بەعسیەکان ڕزگاریان بوو پاککرانەوەو بە سەرفرازی شادبوون، شارۆچکەی ئەڵڵایش ڕزگار کرا.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٨ دا دانیشتوانی قەزای شارەزوروو ڕاپەڕین بە گژ داموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس داچوونەوە، لە ماوەیەکی کورتدا ئۆردوگای زۆرە ملێی برایەتی و باریکە و نەسرو زەڕایەن ئازاد کران، جەماوەری ڕاپەڕیوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستیانگرت بە سەر بارەگای فەوجی "٣٦" لە سەرای صوبحان ئاغاو بارەگای دوو لیوای سەربازی لە عەربەت و نزیک هەڵەبجەی تازەو دەستبەسەراگرتنی سەربازگەی سەیدصادق و قاینجە.

هەر لە درێژەی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕیندا دەستگیرا بە سەر سەربازگەکانی دەورووپشتی هەڵەبجەی شەهیدوو ڕەبییەکانی زنجیرە شاخی سوورێن، لە ماوەی ١٢ کاتژمێردا تەواوی ناوچەی شارەزوروو هەورامان تا دەگاتە ناوچەی شلێرو بناری قەرەداغ و حەوزی نێوان سلێمانی و دەربەندیخان لە داگیرکەر پاککرانەوەو هەوای ئازادیان هەڵمژی.

هەر لە درێژەی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕینداو لە ڕۆژی ٣/٨ دا بە هاوکاری و پشتگیری و بەشداری هێزی پێشمەرگە، ڕاپەڕینی جەماوەری لە پیرەمەگرون دەستپێکردوو لە ماوەی تەنها یەک کاتژمێردا دەستگیرا بە سەر دائیرەی ئەمن و موونەزەمەی

حزبی بەعس و مەرکەزی پۆلیس و دائیرەی تجنید و سەرجەم داموو دەزگاکانی حزبی بەعسدا.

دوا بە دوای ڕزگار کردنی ئۆردوگای پیرەمەگرون، جەماوەری ڕاپەڕیوو هێزی پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەر قەلای سوسێ و لە ژێر دەستی داگیرکەر دەریانهێنا.

هەر لەوێوەو لە درێژەی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕیندا ناوچەی کۆتەڵ و موغاغیان کۆنترۆڵ کردوو دەستیانگرت بە سەر قاطعی جیش الشعبی کە بارەگاکەی لە موغاغ بوو دواتریش جەماوەرو پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر فەوجەکەی کەڵەوانان و دەستیانبە سەردا گرت.

هەر هەمان ڕۆژ هێزی پێشمەرگە و جەماوەر لە هەڵمەتێکی کورت خایەندا قەزای دووکانیان لە مۆڵگەکانی ڕژێم پاک کردەوەو دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکانی سەری بن زەرد و هۆمەر قەوم و شەدەڵە و سەری دابان و ناوچەیەکی فراوانیان لە ژێر دەسەلاتی بەعس دەرهێناو ئاوبەستی دووکان و وێستگەی کارەبای دووکانیان کۆنترۆڵکرد، لە لایەکیتریشەوە ڕێگەی سلێمانی – دووکان- سلێمانی – تاسلۆجە کۆنترۆڵکرا.

هەمان ڕۆژ شەپۆلی ڕاپەڕین گەیشتە چەمچەماڵ و لە هەڵمەتێکی دلێرانەدا، دەستگیرا بە سەر داموو دەزگاکانی ڕژێم لە مونەزەمەی حزبی بەعس و دائیرەی ئەمن و شورتە و تێکڕای مۆڵگەو ڕەبیەکانی دەووروبەری.

## ئازادکردنی کۆیە - هەیبەت سوڵتان
## ڕاپەڕینی (دەربەند، کەلار، باوەنور)
## 1991/3/9

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ دوای ڕزگار کردنی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان، شەقڵاوەی بووکی ژێر دەواری سەفین- کۆیەی حاجی قادرو دڵدار- لە ڕاپەڕینێکی جەماوەری پشت بەستوو بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بست بە بست و کۆڵان بە کۆڵانی کۆیە و شەقڵاوەیان لە داگیرکەر پاککردەوە.

هەر لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ شەپۆلی ڕاپەڕین گەیشتە گەرمیانی گڕو گڵپە، جەماوەری دەربەندیخان و شانە چەکدارەکان، بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە، شاری دەربەندیخانیان لە ژێر دەستی چەپەڵی داگیرکەر ڕزگار کرد.

هەمان ڕۆژوو لە گەرمیانی جوامێراندا کەلارو باوەنور ڕاپەڕین و بە ڕزگاری و سەرفرازی شاد بوون.

بە ڕزگار کردنی ئەم ناوچانە هێندەیتر ڕزگاری هەولێرو بادینان و کەرکوکی قودسی کوردستان دڵە زیندووەکەی کوردایەتی نزیککردەوە.

## ڕاپەڕینی خورماتوو
## 1991/3/10

شاری تەعریب کراوی خورماتوو، دەیان ساڵ بوو لە ژێر باری قورسی تەعریب و ڕاگواستن و سەرکوتکردندا دەیناڵاند، دانیشتوانە کوردەکەی وەکو هاووڵاتی پلە دوو لە لایەن ڕژێمی داگیرکەری بەعسەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا، زوڵم و زۆرداری گەیشتبووە لوتکە، بۆیە ئیتر جامی تورەیی جەماوەر سەریکرد بوو، لە ئەنفالی بەدناوی (٣)دا ئەنفالی گەرمیان، ناوچەی داودەو دێیەکانی دەورووبەری خورماتوو کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال و لەگەڵ زەویدا یەکسانکران، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی ڕەوانەی صەحراکانی عەرعەر و نوگرەسەلمانکران، لەوێ کران بە ژێر خاکەوە و بوونە خۆراکی سەگە ڕەشەکانی ئەنفال و قوربانی دەستی

جەللادەکانی بەعس، جەللادەکانی حەجاج و سەگ و گورگەکانی داگیرکەر.

وەکو تێکڕای ناوچەکانی دیکەی کوردستان، خورماتوو قوڵپیئەدا، شانە چەکدارەکانی ناو خورماتوو سازوو ئامادە کرابوون، پەیوەندی توندو تۆڵیان لەگەڵ حەمە ڕەش و مەفرەزەکانی گەرمیان هەبوو.

ڕێکخستنەکانی ناو شار و شانە چەکدارەکان چاوەڕێی بڕیاری سەرکردایەتی ڕاپەڕین و پارتیزانەکانی گەرمیان بوون تا داموودەزگاکانی ڕژێم ڕامالْن.

مەفرەزە پارتیزانەکانی حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود نامەیان بۆ بەشێکی زۆر لە پیاوانی ڕژێم و کەسایەتییە کۆمەڵایەتیەکانی خورماتوو نووسیبوو کە هاوکارو پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بن و ببنە بەشێک لە جەماوەری ڕاپەڕیو.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ ڕۆژێکی مێژووییە لە مێژووی تێکڕای خەڵکی کوردستان و شاری خورماتوودا.

## کـــەلی هـــەنجیرە

کەلی هەنجیرە، کەلی خۆرهەڵاتن و دەرکەوتنی ئاسۆی ڕزگاری خورماتوو بوو، لە کەلی هەنجیرەوە پێشمەرگە پارتیزانەکان هاتنە ناو شارو پەلاماری داموودەزگاکانی داگیرکەریاندا لە شاری خورماتوو.

لە کەلی هەنجیرەوە دکتۆر عاسی و تاهیری حاجی عومەر پێشوازیان لە پێشمەرگە پارتیزانەکان کرد بۆ ناو شار.

ئەو پێشمەرگانەی لە کەلی هەنجیرەوە هاتنە ناو شار پێکهاتبوون لە ڕەشید عەلی، نادر وارانی، ملازم عەباس، حەمە ڕەشید توکنی، عەلی فەقێ مستەفایی، مەجید دوزی، جەمال شێخ حەمیدی، سەباح شێخ حەمیدی، سەڵاح شێخ حەمیدی، سەلام مەلا جەمیل ڕۆژی ٣/٩ هاتبووە ناو شار ئەویش یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو.

لە ڕێی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە، بـەردەوام ئاگاداری بۆ شانە چەکدارەکانی ناو شار بڵاو دەکرایەوە کە هەر شانەیەک ژمارەی تایبەت بە خۆی هەبوو.

لەگەڵ گەیشتنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بۆ ناو شار دەستیانگرت بە سەر بینای قایمقامیەتدا، لە گەڕەکی (جمهوری و حی جمیلە) جەماوەرو شانە چەکدارەکان هەڵیان کوتایە سەر مەرکەزی شورطە، دائیرەی ئەمن قاطعی جەیشی شەعبی و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانگرت بە سەر داموو دەزگاکانی داپلۆسیندا.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ حەمە ڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود لەگەڵ ٣٠ پێشمەرگەدا لە کفریەوە بەرەو خورماتوو هاتن.

حەمە ڕەش، لە ماڵی (جەباری مەلا عەلی) کۆبوونەوەیەکی بەهێزی پێشمەرگە و شانە چەکدارەکان کردو خورماتوویان بە سەر شەش قۆڵدا دابەشکرد.

قۆڵی یەکەم: خەتی دوز کەرکوک (عەلی فەقێ مستەفایی و مەلا سەعید).

قۆڵی دووەم: مەشروعەکە- حەماخە

قۆڵی سێ یەم: خەتی تکریت خورماتوو – طیب، ئەحمەد حاجی ڕەشید .

قۆڵی چوارەم: خەتی خورماتوو بەغدا – مەجید دوزی و جەبار مەلا عەلی.

قۆڵی پێنجەم: شاخی خوێکە (سوڵتان)

قۆڵی شەشەم: کەلی هەنجیرە- حەمە دوزی، ملازم عەباس

بەمجۆرە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شانە چەکدارەکان و جەماوەری خورماتوو لە پێناوی بەرگری لە شاری خورماتوو بە سەر شەش قۆڵدا دابەشبوون و بەرگری بێوێنەیان کرد.

یانزە ڕۆژ شەڕو هێرشی بەردەوام بەڕێوەچوو، ڕژێمی داگیرکەری عێراق بە هەموو جۆرە چەکێک بە پشتیوانی دەبابەو کۆپتەرو هێزێکی زۆر پەلاماری شاری خورماتویدا.

جگە لە هێزی سەربازی عێراق، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک، هاوکارو کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەران بوون، پێش سوپا تۆقیوو بەزیوەکەی بەعس دەکەوتن بۆ سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو شاری خورماتوو، ئەوەش یەکەم جار بوو لە مێژوودا هێزێکی خۆ بە شۆڕشگێڕزان ببێتە داردەستی داگیرکەران و لە ئاغاکەی دڵسۆزانەتر گەلێکی ڕاپەڕیوو خاک و وڵات داگیرکراو سەرکوت بکات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێزەکانی موجاهیدینی خەڵک و مەسعودو مریەمی ڕەجەوی لە ڕوانین و هەڵوێستیان بۆ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو ڕاستیە دەگەین کە موجاهیدینی خەڵک لە بەرانبەر ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستاندا هەمان ڕوانین و دنیابینی جمهوری ئیسلامی ئێرانی هەیە سەبارەت بە مەسەلەی کورد.

هاتنە دەری حزبی دیموکراتی ئێران و حزبە کوردیەکان لە بەرەی (شورای میللی مقاوەمەت) کە بەشێکی دیار لە هێزە سیاسیە بەرهەڵستکارەکانی ئێران و کوردستانی تیا کۆببوەوە هەر لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستانەی موجاهیدینی خەڵک و شۆڤێنیە فارسەکان بوو، کە ئەو کاتیش مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات نەدەسەلماند، بۆیە جاشایەتی و کلکایەتی موجاهیدین لە هەمان ڕوانینەوە بۆ مەسەلەی مافی چارەنووسی کورد سەرچاوە دەگرێ، کە دواتر خۆی لە کلکایەتی ڕژێمی بەعسدا دەبینێتەوە بەرانبەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت شاری خورماتوو.

یانزە ڕۆژ شەڕی بەردەوام و بەرگری قارەمانانە و تێکشکاندنی سوپای داگیرکەرو موجاهید خاصە لە ڕۆژ ژمێری ڕاپەڕینی خورماتودا بە خوێن نەخشاوە.

## شـــەهید بوونی حـــەمە ڕەش

حەمە ڕەش فەرماندەی قارەمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/١١) دا لە ناو شاری خورماتودا بە پارچەی تۆپ بریندار بوو.

بە مەبەستی چارەسەرکردن بردیانە دەرەوەی شاری خورماتوو تا بیگەیەننە نەخۆشخانەی کفری و چارەسەری بۆ بکەن.

ئەو ئۆتۆمبێلەی (حەمە ڕەش) یان پێگواستەوە کەوتە کەمینی سوپای داگیرکەرەوە، دواتر حەمە ڕەشیان بە کۆڵ برد تا بیگەیەننە نەخۆشخانە، بەڵام مەرگ دەرفەتی نەداو شەهید بوو.

دوای بریندار بوونی ئازادی سەگرمە لە گەرمیان و لە چەمی لاهێز، حەمە ڕەش کرایە فەرماندەی پارتیزانەکانی گەرمیان و لە جێگەی کاک ئازاد بەردەوام بوو لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانی، دوای شەهید بوونی حەمە ڕەش، عوسمانی حاجی مەحمود بووە لێپرسراوی میحوەری خورماتوو _ کفری.

مەفرەزەکانی گەرمیان لە چەند دەستەیەک پێکهاتبوون، دوای بریندار بوونی ئازادی سەگرمە کە فەرماندەی پارتیزانەکانی گەرمیان بوو بەم شێوەیە بوو:

١/ مەفرەزەی تایبەتی حەمە ڕەش

٢/ مەفرەزەی مەلا ئەحمەدی گەرمیان

٣/ مەفرەزەی سەید جەوهەر- شێخ کەریم

٤/ مەفرەزەی عەدنانی حەمەی مینە

٥/ مەفرەزەی حەمە پاریاوڵە

٦/ مەفرەزەی مەحمودی مامە عەزە

٧/ مەفرەزەی عوسمانی حاجی مەحموود

لە شەڕی یانزە ڕۆژەی خورماتوو ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان شەهید بوون، لە ئەنجامی هێرشی داگیرکەرو موجاهید خاصە (٤٠٠) خانوو یەکسانی خاککران و تەختبوون.

جگە لە شەهیدی هاووڵاتی و بۆردوومانی فڕۆکە و تۆپ بۆ سەر هاووڵاتیانی خورماتوو ژمارەیەک پێشمەرگەش شەهید بوون.

لە شەڕی یانزە ڕۆژەی خورماتودا جگە لە پێشمەرگە و شانە چەکدارەکان ژمارەیەک هاووڵاتی بە تۆپباران و بۆردوومانی فڕۆکە شەهید بوون:

١/ ئەحمەد محەمەد فەتاح

٢/ فەخرەدین محی الدین فەیزوڵڵا

٣/ تەمینە محەمەد ئیبراهیم

٤/ مەسعود وەلی حەسەن

٥/ نادر ئەحمەد عەلی

٦/ زیرەک حسێن محەمەد

٧/ حسێن محەمەد جومعە

٨/ ئاوات عەبد ئەحمەد

٩/ سەرتیپ لەتیف ڕەشید

١٠/ تالیب محەمەد قادر

١١/ محەمەد ئیبراهیم سەعدوڵڵا

١٢/ دلێر تاهیر حەکیم

١٣/ گەشاو عەلی ئەحمەد

١٤/ فاتمە محەمەد مەحمود

١٥/ محەمەد قاسم ڕەشاد

١٦/ ئەمەل صالٌح عەباس

١٧/ عەلی محەمەد کاکل

١٨/ عەلی مەجید مەحمود

١٩/ عبدالرحمن محەمەد صالٌح

٢٠/ ئیمان صلاٌح لەتیف

٢١/ گورجیە عەباس فەتاح

٢٢/ خەدیجە حەیدەر عەزیز

٢٣/ ئیحسان ڕەشید موسا

٢٤/ جاسم حەمید سەمین

٢٥/ ڕەشید خەسرەو عەبدە

٢٦/ یوسف تالیب ئیبراهیم

٢٧/ حەکیم تاهیر فەتحوڵڵا

٢٨/ محەمەد ئەحمەد محەمەد نەعمان

٢٩/ مەحبوبە جەبار غێدان

٣٠/ نادیە حسێن مەحمود

٣١/ محەمەد جومعە حەمبور
٣٢/ حسێن داود عەلی
٣٣/ فەخرەدین حەمید سەعید
٣٤/ محەمەد حەسەن غەفور ئەحمەد
٣٥/ شیروان وەهاب سەعید
٣٦/ پێشڕەو حسێن یونس
٣٧/ بورهان محەمەد سەلیم
٣٨/ یوسف فەتاح عەبدولقادر
٣٩/ نەبیل عەبدولکەریم قادر
٤٠/ هوریە مەجید
٤١/ ڕوناک خورشید محەمەد
٤٢/ فەرهاد موحسین حەسەن
٤٣/ نەجیبە مەجید محەمەد عەلی

شەهیدانی سەنگەری بەرگری ڕاپەڕینی دوز

١/ ڕزگار عەبدولڕەحیم ئەحمەد
٢/ ئیبراهیم حەمید ئەمین
٣/ محەمەد شوکری ئەمین
٤/ عەبدولکەریم ئیبراهیم شەریف
٥/ جەمال صالّح عەلی
٦/ حەسەن محەمەد عەلی
٧/ حسەین محەمەد عەلی
٨/ قادر فەخرەدین محی الدین
٩/ عەزیز عەباس ئیبراهیم
١٠/ ڕەسوڵ مستەفا عەزیز
١١/ چالاک ڕەمەزان محەمەد

١٢/ کەریم حەمید محەمەد

١٣/ حەمید محەمەد فەتاح

١٤/ ئەحمەد صاڵح جاسم

١٥/ محەمەد عەلی ئەحمەد

١٦/ ڕەمزی حسێن محەمەد

١٧/ عەبدولکەریم قاسم ڕەشید

١٨/ موزەفەر حەمە ڕەشید تۆفیق

١٩/ عەونی عەلی دەروێش

٢٠/ عادل ڕەشید ئیبراهیم

٢١/ عەلی داود محەمەد

٢٢/ عەلی ناصر پیروەیس

٢٣/ کەمال سابیر قازی

٢٤/ ئەحمەد حەمید کەریم

٢٥/ حەیدەر عەلی عەزیز

٢٦/ تاریق خالید جەبار

٢٧/ سەفەر حسێن محەمەد

٢٨/ مەجید محەمەد عەلی

٢٩/ بەکر سەعید ئیسماعیل

٣٠/ ئازاد ڕەشید محەمەد هەمزە

٣١/ سوڵتان حەمید ئیبراهیم

٣٢/ عەلی عەزیز محەمەد

٣٣/ نادر مەجید جوامێر

٣٤/ مەجید ئیبراهیم لفتە

٣٥/ شکور ئەحمەد محەمەد

# ڕزگـــــارکردنی ناوچەیەکی گەورەو فراوان لە گـــــەرمیان و خـــــورماتوو

## تا حـــــاجی هۆمەران هەورە گـــــرمەی ڕاپەڕین تـــــەختی بەغـــــدای هێـــــنایە لـــــــــەرزین

## 1991/3/10

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ بە پێی بەرنامەیەکی تۆکمەی سەرکردایەتی ڕاپەڕین و لە ناویاندا ڕۆڵی دیارو پێشەنگی (ی ن ک) ناوچەیەکی گەورەو فراوان لە داگیرکەر پاککرایەوە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ ورشـەی RBG و شریخەی گوللە لە هـەوادا شەپۆلانی بوو، بە جۆرێک تەختی بەغدای هێنایە لەرزین، هەڵمەت و پەلامار بۆ سەر داموو دەزگاکانی بەعس هەر ناڵەو گرمە بوو.

لە بەرە بەیانی ١٩٩١/٣/١٠ شاری کفری خۆڕاگر، مەڵبەندی دلێران و جوامێران بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیان ڕاپەڕی و بە گژ داموو دەزگا جاسووسیەکانی بەعسدا چوونەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانگرت بە سەر مدیریەتی ئەمن و ئیستخبارات و شورطە و بینای قایمقامیەتداو لە بەعسیەکانیان پاککردەوە.

هـەر لە گەرمیانی گرو کلّپە دا و لە ناحیەی مـەیدان جـەمـاوەرو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان لە داگیرکەر ڕاپەڕین و دەستیانگرت بە سەر ژمارەیەک زرێپۆش و کەلووپەلی سەربازیدا.

هاوکات لەگەڵ ڕزگار بوونی کفری و ناحیەی مەیدان دوای نەبەردێکی گەورەو بێوێنە قەرە هەنجیری تەعریب کراوی ناو سیاسەتی پاکتاوی نەژادی بە سەرفرازی شادبوو، سیاسەتی جیاکاری نەتەوەیی گورزی کاریگەری پێکەوت.

هەر لە هەمان ڕۆژ ١٩٩١/٣/١٠ شاری تەعریبکراوو ئەنفالکراوی خورماتوو ناوچەکانی دەورووبەری لە داگیر کەر ڕاپەڕین و بە هاوکاری مەفرەزە پارتیزانەکانی

گەرمیان و ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی ناو شار بە گژ داموو دەزگاکانی بەعسدا چوونەوەو لە داگیرکەر ڕزگاریانکرد.

هەر لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ دا شەپۆلی ڕاپەڕین پەلیهاویشت بۆ ناوچەکانی دەورووبەری هەولێر، لە دوای ڕزگار بوونی شەقلاوەو بناری سەفین زەمینەی ڕزگار بوونی ناوچەیەکی فراوان ڕەخسا، هەریر و باسرمە بەرگی ئازادیان پۆشی، ڕەواندوزو خەلیفان و دیانە و چۆمان و زێڕینۆک تا حاجی هۆمەران پاککرانەوەو دەستگیرا بە سەر مۆڵگەو سەربازەکانی ڕژێمداو زیاتر لە (٥٠) هەزار ئەفسەرو سەربازو دەرەجەداری ڕژێم تەسلیم بە ئیرادەی گەل بوون.

هەمان ڕۆژ واتە ١٩٩١/٣/١٠ جەماوەری تەقتەق و ئاغجەلەرو هێزی پێشمەرگە و شانە چەکدارەکان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان بەگژ داگیرکەردا چوونەوەو لە دیلی و یەخسیری ڕزگار کران، چیای هەیبەت سوڵتان بە تەواوی کۆنترۆڵکراو شاری کۆیە بە ڕزگاری یەکجارەکی شادبوو.

دوای ڕزگاربوونی ئەو ناوچانە بە گشتی و ناوچەکانی دەورووبەری هەولێر، زەمینەی ڕزگارکردنی شاری هەولێر ڕەخسا.

## ڕێـــکخراوی هـــــەولێر
## ڕاپـــــەڕین و ڕزگـــاری هـــــەولێر
## (1)

ساڵی ١٩٨٧، بە مەبەستی دانانی سەرپەرشتیارێک بۆ ڕێکخراوی هەولێر، لێپرسراوی هێڵەکانی ڕێکخستنی هەولێر کۆبوونەوەو بە تێکڕا بڕیاریاندا مامۆستا زرار بکەن بە لێپرسراوو سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی هەولێر بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی کاک کۆسرەت لە سماقوڵی و شاخەوان عەباس لە سوسێ و عەبدولڕەزاق لە (توتمێ) یان کرد.

**هەیکەلی ڕێکخراوی هەولێر بەمجۆرە دارێژرا**

١/ مامۆستا زرار لێپرسراوو سەرپەرشتیاری ڕێکخراوی هەولێر

٢/ زاهیر عەبدولڕەحمان بایز ل. کەرتی شەهید یوسف دەرگەڵە

٣/ دڵشاد حسن قادر ل. کەرتی شەهید عەبدولڵخالق مەعروف

٤/ دێدەوان سەید محەمەد لە کەرتی شەهید عەلی صاڵح

٥/ مامۆستا هەمزە ئیسماعیل ل. کەرتی شەهید شوان

٦/ سالار حەکیم حەمە ڕەش ل. کەرتی شەهید شوان

٧/ کاکە زیاد عومەر تەها ل. کەرتی شەهید عەبدوڵڵا ڕەشید

مامۆستا زرار سەرپەرشتی ڕێکخراوی هەولێری (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ی دەکرد تا لە مانگی (٢) شوباتی ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێگەی چوون بۆ سەرکردایەتی لە دۆڵی شەکرۆک لە لایەن پیاوانی ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراو دواتر شەهید کرا.

دوای دەستگیرکردنی مامۆستا زرار لە لایەن ڕژێمەوە سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوی هەولێر بە مەلا قادر سپێردرا، کە پێشتریش سەرپەرشتی هێڵەکانی ڕێکخستنی هەولێری دەکرد.

لە مانگی ١٩٨٨/٤ مەلا قادرو کاکە زیاد سەردانی کاک کۆسرەتیان کرد لە خەتێ، دەورەیەکی فێربوونی بەکارهێنانی (بێتەل) یان بۆ کردنەوە، تا بتوانن لە ناو شارەوە پەیوەندی بە سەرکردایەتیەوە بکەن.

لە دوای ئەنفال بەشێک لەو ڕێکخستنانەی پچڕابوون گرێدرانەوە، کاکە زیاد هێڵی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و پارتیزانەکان و ڕێکخراو بوو.

لە ١٩٨٩/٩/٣ کاک کۆسرەت لە ڕێگەی کاکە زیادەوە هەواڵی بۆ مەلا قادر ناردبوو سەردانی بکات لە (زەڵێ) بە مەبەستی کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ئەو ڕێکخستنانەی دابڕابوون و تا ئەو دەمە ڕێک نەخرابوونەوە، مەلا قادر لە ١٩٨٩/٩/١١ چووە ماڵی ئەحمەد بچکۆل بۆ قەڵادزێ، بەڵام لە بەر خراپی ڕێگا نەیتوانی بڕواتە سەرکردایەتی و گەڕایەوە.

لە ١٩٨٩/١١/١٧ش جارێکیتر چووە قەڵادزێ ئەمجارەش دەرفەتی دەرچوونی نەبوو ناچار گەڕایەوە، لە ١٩٨٩/١٢/٢١ جارێکیتر گەڕایەوە قەڵادزێ تا لەوێوە بچێتە سەرکردایەتی، ئەحمەد بچکۆل هەواڵی دابەزینی مستەفای سەید قادرو حەمەدەمینی پێدا.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢١ مەلا قادر، مستەفای سەید قادرو حەمەدەمینی لە قەڵادزێ بینی، دوای گفتوگۆو مشتوومالکردنی دۆخی کوردستان، مستەفای سەید قادر پێیووت پێویست ناکات بچیتە سەرکردایەتی، ئێمە بۆ سەرپەرشتی ئیشوکارەکان هاتووین ناوی بەشێکی زۆر لەو ڕێکخستنە دابڕاوانەیان دایە مەلا قادر کە لە سنووری هەولێرو کەرکوک پەیوەندیان بە هێزی پێشمەرگەوە هەبوەو دابڕاون، جگە لە هێڵێک تێکڕای ڕێکخستنەکان بە ناونیشان دۆزرانەوەو ڕێکخرانەوە، ئەو هێڵەش دواتر پەیوەندیان بە پارتیزانەکانەوە کردبوەوە.

جگە لە ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنە دابڕاوەکان بابەتی دروستکردنی سوپای ڕزگاری کوردستانیش تاووتوێ کرا کە لە سلێمانیش درووست کرابوون و تیپ و مەفرەزەی چەکداریان لێپێکهێنرابوو.

دوای ڕاوێژو گفتوگۆ لە هەولێریش سوپای ڕزگاری کوردستان درووستکراو لە دوو تیپ و چەند مەفرەزەیەک پێکهات.

دوای ڕاگواستنی شاری قەڵادزێ مستەفای سەید قادر هاتە هەولێرو لە ماڵی خاتوو هەیبەت خوشکی مەلا قادر لە چەند ژوورێکدا نیشتەجێبوو ڕێکخراوی هەولێر کرێ خانووی بۆ دەدا.

## ن.ق بـــــاریکە

ن.ق باریکە پێشمەرگە بوو تەسلیم ببووەوە، مەفرەزە خاسەی وەرگرتبوو، مامۆستا هەمزە خاڵی ن.ق بوو لە سەر داواکاری ڕێکخراوی هەولێر داوای لە (ن.ق) کردبوو کاریان لەگەڵ بکات، (ن.ق) وتبووی با کاک کۆسرەت نامەیەکم بۆ بنووسێ، کاک کۆسرەت نامەیەکی بۆ نووسی و (ن.ق) کاری لەگەڵکردن.

(ن.ق) سوودی ئێجگار زۆری بە پێشمەرگە پارتیزانەکان و ڕێکخراوی هەولێر گەیاند، زانیاری و وردەکاری گرنگ و کاریگەری دەدانێ، لە هەموو جمووجۆڵێکی ڕژێم ئاگاداری دەکردنەوە، چەند کەسێکی ئاشکرا کرد کە مەیلیان بۆ ڕژێمی بەعس هەبوو.

کاکە زیاد پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ پارتیزانەکان هەبوو ڕادیـۆو نان و پێداویستی و پارەو جل و بەرگ و خواردنی بۆ دابیندەکردن.

نامەی کاک ڕێباز

ڕێباز پیرداود فەرماندەی پارتیزانەکانی هەولێر نامەیەکی بۆ مەلا قادر نووسیبوو کە زیادی کوێخا مستەفا کلاشینکۆف و RBG ی شۆڕشی لایەو شاردوویەتیەوە، شوێنێکی دیاریکردبوو نزیک دەواجنێک تا بۆیان بەرێتە ئەوێ، زیاد خەڵکی سێگردکان بوو، پێشمەرگەیەکی جوامێر بوو لە ناچاری لە ئەنفالدا گەڕابوەوە شار، زیاد چەکەکانی گەیاندەوە دەستی پێشمەرگە.

## ڕۆڵی دیـــــموکرات

هەڤالانی حزبی دیموکراتی ئێران ڕۆڵی گرنگیان دەبینی لە ئاسانکاری بۆ هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناو شار لە گەیاندنی نامەو ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی بۆ ناو شارو گەیاندنەوەی وەڵامی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی هەولێر بە سەرکردایەتی.

پەیوەندیەکانی نێوان حزبی دیموکرات و ڕێکخستنەکانی ناو شار لە ڕێگەی سەرکردایەتی هەر دوو لاوە درووستکرا بوو.

ڕێکخراوی هەولێرو پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لە ڕێگەی عەلی خەیات لە چوارقوڕنە و عەلی بچکۆل لە ڕانیەو فاتمە سەید قادر نامەو بەریدەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد.

## دەســـتگیرکردنی مســـتەفای ســـەید قـــادر

مستەفای سەید قادر لە گەڕەکی شورتاوای هەولێر بوو، مەلا قادرو چەند هەڤاڵێکی دیکە هامووشۆیان دەکرد، (س) ناسراو بە (ە)[٢٨] هاتووچۆی کاک مستەفای دەکرد، (س) خۆی بە دەزگاکانی ئەمن فرۆشتبوو سیخوڕی دەکرد بە سەر ڕێکخستنەکانەوە، مەلا قادر چەند جارێک کاک مستەفای لە دیداری (ە) ئاگادار کردەوە، ڕێکخراوی هەولێر سەرقاڵی گۆڕینی شوێنی کاک مستەفا بوون، کاک مستەفاش بە کەمی دەهاتەوە ماڵەوە، شوێنێکیتریان بۆ دابین کردبوو تا بگوازێتەوە.

ئێوارەی ١٩٩٠/٩/٢٩ مەلا قادر و خێزانەکەی چوونە ماڵی کاک مستەفا، هەستیانکرد چاودێری ماڵەکە دەکرێت، دوای چوونە ژوورەوەیان لە دەرگادرا، خێزانەکەی کاک مستەفا دەرگاکەی کردەوە، کاک مستەفاش بە دوایدا چووە دەرەوە، فەرید ئەسەسەردوو شاسواریش لە ماڵی کاک مستەفا بوون، خێزانەکەی کاک مستەفا بە پەلە گەڕایەوە ژوورەوەو ووتی مستەفایان دەستگیرکرد.

مستەفای سەید قادر بە هۆی نامەیەکی خۆی و نێوان پارتیزانەکان دەستگیرکرابوو کە دەست ڕژێم کەوتبوو، بەڵام دوای دەستگیر کردنی کاک مستەفا (س) بەردەوام دەهاتە ماڵی خاتوو هەیبەت و هەواڵی دەپرسی، خاتوو هەیبەتیش دەیووت کرێچی بووەو ماڵی گواستوەتەوە، من نازانم چووەتە کوێ، (س) چەند جارێکیتر هاتەوە بۆ هەواڵپرسی کاک مستەفا بەڵام هەر جارە بە جۆرێک وەڵامیان دەدایەوە.

جگە لە هەواڵپرسینی ماڵیان، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانیشەوە هەواڵی دەپرسی و بە ڕاپۆرت داوای زانیاری دەکرد، ڕێکخستنیش وەڵامیان دابوەوە کە گەڕاوەتەوە سەرکردایەتی و ناوەندی کۆمەڵە ئیشیان پێیەتی، جارێکیتر وتبوویان دەورەیەکی

٢٨ (س) ناسراو بە (ە) دوای ڕاپەڕین مەلەفەکەی ئاشکرا بوو

هەیە لە سەرکردایەتی، مستەفای سەید قادر ناسنامەیەکی بۆکرابوو بە ناوی (عەزیز) بۆیە نەیاندەویست کەس بزانێت دەستگیرکراوە تا لە بەندیخانەدا ئاشکرا نەبێت.

## ئـــامادەکاری ڕاپـــەڕین

دوای دەستگیرکردنی مستەفا سەید قادر سەرکردایەتیان لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوەو لیژنەیەکیان لە هەر یەک لە مەلا قادر، ئەحمەد بچکۆل، شاسوار، مامۆستا خالید درووستکرد بۆ ئامادەکاری ڕاپەڕین.

لەگەڵ سەرکردایەتی لە پەیوەندی بـەردەوام دابـوون و ڕێنمایی پێویستیان لێوەردەگرت، سەرکردایەتی (ی ن ک) ئاگاداری هەنگاوەکانیان بوو ئیشوکاری لیژنەکەیان دابەشکرد بە سەر هاوڕێیانی ڕێکخراوی هەولێردا.

مامۆستا خالید سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی دهۆکی دەکرد، ئەحمەد بچکۆل سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی پشدەرو بیتوێنی دەکردو شانەی چەکداریان لەو ناوچانە پێکهێنا، شانە چەکدارەکان پەلیان هاویشت بۆ بازیان و باینجان.

هەولێرو دەوروبـەری و تا کەرکوک مەلا قادر سەرپەرشتی دەکرد، سالار حەکیم حەمە ڕەش هێڵی ڕێکخستنی لە نێوان هەولێر- کەرکوک دروستکردبوو بە تایبەت ئەو کەرکوکیانەی نیشتەجێی هەولێر بوون.

مستەفا ئیبراهیم نووسینی ڕاپۆرت و بابەتی دارایی لە ئەستۆ گرتبوو.

تێکڕا ٧٣٠ شانەی برووسکیان دروستکرد لە هەولێر ڕانیە، حەوزی بازیان، شەقڵاوە، دهۆک، ئۆردوگاکانی دەورووبـەری هەولێر، تەق تەق، کۆیە، شانەکان ژمـارەی تایبەتیان بۆ دادەنـرا، نـاوو ژمـارەی شانەکان بۆ دڵنیایی لە ئیزگەوە دەخوێندرایەوە.

لـە نـاو هـەولـێردا سـوپـای ڕزگـاری کـوردسـتـان دروسـتـکـرا، ڕێکخراوی هەولێر ژمارەیەکی ئێجگار زۆر شانەی ڕێکخستنی لە چوارچێوەی کەرتەکاندا دروستکردبوو.

ڕێکخراوی هەولێر تا پێش ڕاپەڕین بەردەوام بوو جگە لە دەستگیرکردنی کاکە زیاد زیانی تری بەرنەکەوتبوو، کاکە زیاد لە زینداندا خۆڕاگر بوو، هیچ زیانی بە

هاوڕێکانی نەگەیاند، بە پێچەوانەی ڕێکخراوی سلێمانی کە لێپرسراوی ڕێکخراوو ٣٠ کادیری سەرەکی ڕێکخراوی سلێمانی دەستگیر کرابوون، ڕێکخراوی هەولێر وەکو خۆی مایەوەو کەرت و پۆل و شانەکانی پاراست.

## پـــێکهاتەی ڕێکخراوی هـــــەولێر پێش ڕاپەڕین

**لێپرسراوی ڕێکخراو مەلا قادر**

زاهیر عەبدولڕەحمان بایز، لێپرسراوی کەرتی شەهید یوسف دەرگەڵە

دێدەوان سەید محەمەد، ل. کەرتی شەهید عەلی صالّح

سالار حەکیم حەمە ڕەش، ل. کەرتی شەهید شوان

مامۆستا هەمزە ئیسماعیل، ل. کەرتی شەهید محەمەد شینە

کاکە زیاد عومەر تەها، ل. کەرتی شەهید عەبدوڵلا ڕەشید

دڵشاد حەسەن قادر، ل. کەرتی شەهید عەبدولخالق مەعروف

**١/ کەرتی شەهید یوسف دەرگەڵە**

پۆلی (١) خدر ئیسماعیل تەها

**شانەی سەرەکی (١) حاتم خدر تەها لەم چەند کەسە پێکهاتبوو:**

+ کامەران خدر تەها
+ دڵشاد محەمەد سلێمان
+ ئەحمەد محەمەد

**شانەی (٢) عەباس عەزیز نادر (ل. ش) لە چوار کەس پێکهاتبوو:**

+ شەریف عەبدولکەریم
+ نایف عەبدولکەریم
+ حەمید عەبدولکەریم
+ ئەحمەد ئیبراهیم

**شانەی سەرەکی (٢) کاکە ڕەش حاجی ئیبراهیم لێپرسراوی بوو شانەی (١) ئەسعەد شێخ محەمەد لە چوار کەس پێکهاتبوو:**

+ بەهجەت ڕەسوڵ

+ موحسین ئەحمەد

+ فەرمان ئەسعەد

+ مستەفا ئەسعەد

شانەی (٢) شێخ محەمەد مەولود لە سێ ئەندام شانە پێکهاتبوو:

+ یوسف شێخ محەمەد مەولود

+ شێخ ئەحمەد مستەفا

+محەمەد عەزیز

**شانەی (٣) خەسرەو فاروق عەبدولڕەحمان لێپرسراوی بوو لە سێ ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ محەمەد عەزیز ئۆمەر

+ ئەحمەد عەزیز ئۆمەر

+ مامۆستا ئازاد

شانەی (٤) مەغدید عەلی لێپرسراویبوو لە دوو ئەندام شانە پێکهاتبوو:

+ عەبدوڵڵا نادر عەلی

+ عەلی نادر عەلی

**شانەی سەرەکی (٣) نەجمەدین کەریم خدر لێپرسراویبوو لە (٥) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ زاهیر کەریم خدر، ئەمیر حسێن عەبدوڵڵا، غازی شێخ محەمەد حەسەن، کاکە ئەحمەد سابیر عەبدوڵڵا، ئەکرەم سابیر عەبدوڵڵا.

**شانەی (٢) عەزیز شێخ محەمەد لێپرسراویبوو لە (٧) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ عەبدوڵڵا حسێن عەبدوڵڵا

+ صدیق شێخ محەمەد مەولود

+ حامید شێخ محەمەد مەولود

+ نەجات مەلا کاکی

+ شێرزاد عەلی جوکڵ

+ کامەران عەلی جوکڵ
+ دلێر عەزیز شێخ محەمەد

**شانەی (٣) عەولاّ حەمە سوور، لێپرسراویبوو لە (٧) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ مەغدید حەمە ئەمین
+ عەبدوڵلا نادر
+ عەلی نادر
+ مەولا کاکە ڕەش
+ عەبدولواحید قەهار
+ ئیسماعیل عەبدوڵلا حەسەن
+ ئەمیر عەولاّ کوردە

پۆلی (٢) تەحسین سلێمان کەریم لێپرسراویبوو

**شانەی سەرەکی (١) ئیبراهیم ڕۆستەم حەسەن لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

**شانەی (١) عیزەدین سابیر مەولود لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ ئەسکەندەر یابە
+ کاک حەکیم
+مەغدید خدر مەولود
+ عومەر ئەحمەد

**شانەی (٢) نەجمەدین ئەحمەد شەریف لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ ئیدریس سەرتیپ
+ صباح کەریم حەمە شەریف
+ محەمەد سەلیم کەریم
+محەمەد تەها کەریم

**شانەی (٣) وریا نوری کەریم، لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ شەوکەت محەمەد حەمە

+ قاسم ئیسماعیل

+ فاروقە سوور

**شانەی سەرەکی (٢) قاسم ئیسماعیل لێپرسراویبوو لە دوو شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) عەتا ئەڵڵا میکائیل لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ شەمسەدین مامە

+عەلی ئیسماعیل

+ عەلی فەتاح

**شانەی (٢) بورهان وەیس لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئیدریس ئیبراهیم

+ ئەحمەد ئیبراهیم

+ لوقمان عەبدوڵڵا

**شانەی سەرەکی (٣) نەسرەدین محی الدین لێپرسراویبوو لە دوو شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) جونەید قادر حەمە لێپرسراویبوو لە (٥) ئەندام پێکهاتبوو:

+ ئەسکەندەر جەوهەر

+ ئیدریس شورطە

+ کاک ستار

+ عەبدوڵڵا خەتاب

+ چەتۆ مەجید

**شانەی (٢) سەید تالیب حەسەن قەباغی لێپرسراویبوو لە (٥) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ عەبدوڵڵا

+ ئەنوەر عومەر

+ قائد سلێمان

+ لوقمان

+ سیروان سەعدی کەریم

**پۆلی (٣)ی ژنان بەیان یونس لێپرسراویبوو لە دوو شانە پێکهاتبوو:**

**شانەی (١) کانیا سابیر عەزیز لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ زولێخا محەمەد سەمیر

+ ڕەحیمە موحسین سلێمان کەریم

**شانەی (٢) عایشە کەریم خدر لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ کافیە سلێمان کەریم

+ عەزیمە سەلیم کەریم

**٢/ کەرتی شەهید عەلی صالح**

پۆلی یەکی (مەخمور) جوتیار قادر کەریم لێپرسراویبوو لە شانەی سەرەکی (١) ئیبراهیم محەمەد حەمە شەریف لێپرسراوی بوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:

شانەی (١) موحسین حەمە ئەمین حسێن لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ مەهاباد

+ سەردار عوسمان ڕەمەزان

**شانەی (٢) زرار ئەسعەد شەریف لێپرسراویبوو لە دوو ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ڕزگار عومەر گەزۆ

+ قاسم قادر کەریم

**شانەی (٣) حاجی مەحمود لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ڕەفیق سالح

+ تۆفیق سالح

**شانەی سەرەکی (٢) عومەر عەبدوڵڵا حسێن لێپرسراویبوو لە یەک شانە پێکهاتبوو**

**شانەی (١) مەعروف سەید جەمیل لێپرسراویبوو لە (١٠) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئازاد حسێن
+ شێرکۆ کاکۆ
+ کەمال عەبدوڵڵا
+ ئەمیر نامیق
+ ڕەشاد خدر گەلاڵی
+ نەوزاد خدر گەلاڵی
+ ئەحمەد عزەدین
+ سالار سیامەند عەبدوڵڵا
+ جەوهەر ڕەشید
+ خدر مەولود خدر

**شانەی سەرەکی (٣) کەمال محەمەد لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو.**

شانەی (١) حەمید مەجید لێپرسراویبوو لە (١) ئەندام پێکهاتبوو بە ناوی (مەغدید محەمەد حسێن).

**شانەی (٢) حەکیم ڕەحمان ڕەمەزان لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ مەهدی حەسەن هەمزە
+ فاخر نامیق

**شانەی (٣) سوڵتان عەلی صادق لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئیدریس محەمەد
+ کەمال مەولود
+ محەمەد حەمە ئەمین حسێن

پۆلی (٢) سەید ستار سلێمان لێپرسراویبوو شانەی سەرەکی (١) ماکۆک حەمە ئیبراهیم لێپرسراوی بوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو.

**شانەی (١) مەریوان ساڵح ئیبراهیم لێپرسراویبوو لە (٢) کەس پێکهاتبوو:**

+ کاوە فەتاح
+ ئەحمەد محەمەد یابە

شانەی (٢) ئارام ڕەمەزان عەزیز لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ سەعید مەحمود عەسکەری

+ ڕەسوڵ عەلی عەزیز

**شانەی (٣) ناسکە حەمەدەمین لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ خەیریە ستار سلێمان

+ فەخری ڕەشید حسێن

+ خاوەر خدر حسێن

**شانەی سەرەکی (٢) موحسین عەبدولحەمید لێپرسراویبوو لە (٢) شانە پێکهاتبوو.**

**شانەی (١) حەمید مەلا عەبدوڵڵا لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئیبراهیم عومەر حەمە ئەمین

+ عوسمان عەبدوڵڕەحمان حسێن

+ سابیر ئاوماڵی

+ کازم عومەر حەمەدەمین

**شانەی (٢) شێرزاد عومەر مەولود لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ڕەسوڵ عەبدولعەزیز

+ عەزیز عەبدوڵڕەحمان

+ عومەر جەبار

+ نوری محەمەد ئەمین

شانەی سەرەکی (٣) زیاد مستەفا عەبدوڵڵا لێپرسراویبوو لە (٤) شانە پێکهاتبوو.

**شانەی (١) عەلی ئەحمەد ڕەسوڵ لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ سەید محەمەد سەید ئەحمەد

+ سلێمان محەمەد مەحمود

+ جەلال محەمەد مەلا

**شانەی (٢) کوێخا مستەفا لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ جەلال عەبدوڵڵا

+ محەمەد نوری محەمەد

+ شوکریە محەمەد

**شانەی (٣) لەتیف ئەحمەد محەمەد لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ جەلال ئەحمەد محەمەد

+ عەزیمە عەبدولکەریم

**شانەی (٤) فواد عەلی ئەحمەد لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ شاخەوان مەلا محەمەد

+ عوسمان محەمەد ئەحمەد

+ موحسین مەلا عەبدوڵڵا

پۆلی (٣) حسێن سێکانی لێپرسراویبوو لە (٢) شانەی سەرەکی و چەند شانەیەکی تر پێکهاتبوو.

**شانەی سەرەکی (١) لالە حەکیم لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو.**

**شانەی (١) مامۆستا حەمید لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئەحمەد حەمە خدر

+ حسێن ئۆمەر ئەحمەد

+ عومەر ئەحمەد ئەمین ئەحمەد

**شانەی (٢) یاسین عەبدوڵڵا سوور لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو**

+ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا عەزیز

+ عەبدوڵڵا حەمە مەولود

+ کەریم عەبدوڵڵا حەمە

**شانەی (٣) عەبدولخالق محەمەد ڕەسوڵ لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ وەستا ئیبراهیم

+ ئیسماعیل جەبار عارەب

شانەی سەرەکی (٢) مستەفا فەقێ نەجم لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو.

شانەی (١) جەوهەر حەمەدەمین حەمە مستەفا لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام

پێکهاتبوو:

+ جومعە حەمە فەقێ نەجم

+ خدر ئەمین ئەحمەد حەمە ئەمین

**شانەی (٢) یاسین ئەحمەد عەبدوڵڵا لیپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ عەبدولڕەحمان عەزیز حەمەدەمین

+ ئەبوبەکر ڕەحمان حەمە ئەمین

+ ڕەمەزان حەمە ئەمین تۆفیق

**شانەی (٣) ئەحمەد سمایل ڕەحمان لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ خالید مەجید عەلی

+ عوسمان محەمەد شیلەیی

+ فاخر عوسمان میرزا

+ محەمەد حەمید

**٣/ کەرتی شەهید شوان**

**پۆلی (١) ی کەرکوک، میقداد مەلا صاڵح لێپرسراویبوو لە (٣) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو.**

**شانەی سەرەکی (١) سابیر محەمەد ئەمین لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو.**

شانەی (١) شاهۆ مەلا قادر لێپرسراوی بوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ ئازاد مەلا صاڵح

+ مهرز یاسین

**شانەی (٢) کامەران مەلا ئەحمەد لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ کەریم ئەحمەد محەمەد

+ سەمیرە نوری ئەحمەد

**شانەی (٣) فاروق عەبدوڵڵا لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ داود سابیر

+ وەستا غالب

+ جەوهەر حەسەن

**شانەی سەرەکی (٢) یوسف تەیب لێپرسراوییبوو لە (٢) شانە پێکهاتبوو:**

+ جەودەت ئەسعەد میران

+ نێرگز تەیب

**شانەی (٢) فاتح عومەر لێپرسراوییبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئەحمەد محەمەد شەریف

+ قاسم قەرە بەگی

+ عەدنان محەمەد خالید

**شانەی سەرەکی (٣) لوقمان مەلا عومەر لێپرسراوییبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) بورهان عەبدوڵڵا لێپرسراوییبوو.

شانەی (٢) نیزام ڕەحیم لێپرسراوییبوو.

شانەی (٣) ڕەمەزان عوسمان لێپرسراوییبوو (١) فواد حاجی ڕەشید ئەندامی شانەکە بوو شانەی (١) و (٢) ئەندامەکانی نەزانراوە.

پۆلی (٢)ی کەرکوک حسێن محەمەد ئەمین لێپرسراوییبوو لەو (٢) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو.

**شانەی سەرەکی (١) ڕەنجە عەبدولحەمید لێپرسراوییبوو لە (٤) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) یونس شەریف لێپرسراوییبوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:

+ شەوکەت محەمەد ساڵح

+ عەدنان عومەر فەتاح

+ حسێن محەمەد ئەمین

+ عەبدولکەریم

**شانەی (٢) شێرزاد حەمە صاڵح لێپرسراوییبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ خدر فارس

+ فەتاح حاجی مشیر

+ هاشم ئەحمەد حەمە ئەمین

**شانەی (٣) یونس شەریف لێپرسراویبوو پێکهاتبوو لە (٣) ئەندام:**

+ کەریم حەمە فاتە

+ موزەفەر عومەر

+ نەوزاد میکائیل

**شانەی (٤) دلێر حەمە مستەفا لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ سلێمان قادر

+ تایەر پۆلیس

شانەی سەرەکی (٢) وەستا ڕەسوڵ لێپرسراویبوو لە (٤) شانە پێکهاتبوو.

شانەی (١) جەبار ستار ئەمین لێپرسراویبوو پێکهاتبوو لە (٣) ئەندام بەڵام ناوی یەکێکیان بەردەستە

+ ئازاد سەید فەخرەدین

**شانەی (٢) نەوزاد عەبدوڵڵا سەعد ئەحمەد لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ لوقمان بەکر

+ بەکر حەبیب سەعدون

+ عەبدولکەریم عەبدولستار

**شانەی (٣) ستار حسێن محەمەد لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ نازەنین حسێن محەمەد

+ نەجیبە بەکر قادر

**شانەی (٤) نیزام فەتحوڵڵا لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ بورهان عەلی سەعید

+ نەوزاد فاتح

+ نەوزاد حەمە ئەمین

**پۆلی (٣) ی هەولێر، مەلا میرزا لێپرسراویبوو لە (٣) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو:**

شانەی سەرەکی (١) لادێ ئیبراهیم محەمەد ئەمین لێپرسراویبوو لە ناو شاری کۆیە لە (٣) شانە پێکهاتبوو.

**شانەی (١) هاوتا عوسمان لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ کامەران مرور

+ ئارام تاهیر

+ هیوا ستار

**شانەی (٢) ڕەنجە محەمەد لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ کاوە حەمید

+ ئەسوەد حاجی مەلا

+ شیروان عەبدە

**شانەی (٣) نازم عەلی مەولود لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ سەفین عومەر

+ شۆڕش ئیبراهیم حەمە ئەمین

+ ئازاد سەمیع

**شانەی سەرەکی (٢) مامۆستا عومەر حسێن لێپرسراویبوو لە (٥) شانە پێکهاتبوو.**

شانەی (١) محەمەد ئەحمەد لێپرسراویبوو (١) ئەندامی هەبوو بە ناوی (کاکە ئەحە)

شانەی (٢) ڕەمـەزان حەساری لێپرسراویبوو (١) ئەندامی هەبوو بە ناوی موحسین ئیبراهیم.

شانەی (٣) مەلا غەریب لێپرسراویبوو، لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ شێخ عومەر صدیق بیرەسپانی

+ محەمەد کوێخا سەعید

+ شێرزاد ماجید مەلا قەرە

**شانەی (٤) مەلا تەحسین ئیلینجاخی لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندامی شانە پێکهاتبوو:**

+ مام ئەحمەد ئەمین بەرزنجی
+ د. عەلی حسێن
+ سەرتیپ حسێن

**شانەی (٥) عەریف نامیق لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ڕەسوڵ کوێخا حەسەن
+ کەریم محەمەد سۆفی

**شانەی سەرەکی (٣)ی کچان شلێر غەریب لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو.**

شانەی (١) کەوسەر لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ کەلسوم قەڵادزێی
+ سەعدیە غەریب
+ ئەنیسە خۆشناو

**شانەی (٢) ڕێزان ئیبراهیم لێپرسراویبوو پێکهاتبوو لە:**

+ ئیحسان شێرزاد
+ کچەکانی ستار کۆیی

**شانەی (٣) فەزیلە قادر لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ هەڵۆ قادر
+ دڵدار ڕەواندزی
+ پەخشان ڕەواندزی
+ شیرین خۆشناو

## هـێڵی شەهید ڕەفـیق لە کـەرکوك

پێویستە ئەوە بوترێت کە ڕێکخستنەکانی سەر بە ڕێکخراوی هەولێر پەلووپۆیان هاوێشتبووە دەرەوەی هەولێر ڕێکخستنەکانی کەرکوک و شانە چەکدارەکانی ڕانیەو بەشێک لە بازیان و باینجان سەر بە ڕێکخراوی هەولێر بوون، هێڵی شەهید ڕەفیق یەکێک لەو هێڵانە بوو کە لەم تێکۆشەرانە پێکهاتبوو:

١/ سدیق بەکر محەمەد
٢/ کۆسرەت ئاغجەلەری
٣/ سیروان ئەحمەد
٤/ وەستا سابیر
٥/ د. عەدنان عەبدوڵڕەحمان عومەر
٦/ سدیق محەمەد ساڵح
٧/ ئەرسەلان عەبدوڵڵا
٨/ فواد نوری تۆفیق
٩/ ئازاد کەریم مەردان
١٠/ سەرکەوت نەجمەدین
١١/ محەمەد ئەحمەد عومەر
١٢/ شۆڕش حەمید ڕەزا
١٣/ نورەدین نەجمەدین
١٤/ دەشتی عەزیز
١٥/ لوقمان جەلال
١٦/ قاسم عەرەب
١٧/ قاسم جاسم
١٨/ ستار محەمەد ڕەئوف
١٩/ ئەرسەلان عزالدین خدر
٢٠/ سیروان عەزیز

٢١/ نیاز عوبید
٢٢/ ستار ئاغجەلەری
٢٣/ ڕەفیق بەکر محەمەد
٢٤/ جەمال ئاغجەلەری
٢٥/ هاشم قەدوری
٢٦/ فەرهاد مەحمود عەزیز
٢٧/ ئەنوەر عەلی
٢٨/ نەسرین سەعید
٢٩/ لەیلا محەمەد غەریب
٣٠/ ناهیدە سدیق
٣١/ نیشتمان عوسمان عەبدولکەریم
٣٢/ ڕووناک عوسمان عەبدوڵڵا
٣٣/ کابان حەسیبە
٣٤/ فکریە ئەمین
٣٥/ واحیدە بەکر محەمەد
٣٦/ مژدە
٣٧/ لوقمان جەلال محەمەد
٣٨/ سیروان

هێڵی شەهید ڕەفیق پەیوەندیان بە ڕێکخراوی سلێمانی هەبوو بەڵام دوای دەستگیرکردنی بەشێکی زۆر لە لێپرسراوو کادێرانی ڕێکخراوی سلێمانی، پەیوەندیان بە ڕێکخراوی هەولێرەوە کردەوە لە ڕێگەی ئەو هەڤاڵانەی ڕێکخراوی هەولێر کە لە بازیان و باینجان نیشتەجێبوون.

٤/ کەرتی ڕێکخستنی شەهید محەمەد شینە

پۆلی (١) ئەمیر کەریم ئەمین لێپرسراویبوو لە (٢) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو:

**شانەی سەرەکی (١) مەحمود کەریم لێپرسراویبوو لە (٤) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) عەباس ئیسماعیل مەحمود لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندامی شانە پێکهاتبوو:

+ جەبار حەسەن عەولا
+ جەمیل حەسەن عەبدوڵلا
+ ئیبراهیم ئەحمەد عەبدولعەزیز
+ سەیفەدین قادر مەجید

**شانەی (٢) هەژار مام پیرۆت لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ئەحمەد حەمەد ئەمین
+ ئاری عومەر کاکل
+ کەریم عەبدوڵڕەحمان

**شانەی (٣) ئەکرەم حەمەد ئەمین لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ کەریم قادر خدر
+ غەفور ئەحمەد عەزیز
+ سەلیم قادر خدر

**شانەی (٤) نوری قادر مەجید لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ موسا یاسین
+ فاروق حەسەن

**شانەی سەرەکی (٢) محەیدین قادر مەجید لێپرسراویبوو لە (٤) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) ئیدریس محەمەد بارزانی لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ فواد سەید ئۆمەر
+ جەوهەر حەسەن
+ قەهار ڕەسوڵ

شانەی (٣) قادر سمایل لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ زرار سمایل

+ مامەند سینارە

+ کەریم سینارە

شانەی (٣) ئەحمەد عەبدولعەزیز خدر لێپرسراوببوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ محەمەد نەبی خدر

+ جەلال قادر خدر

+ مەجید محەمەد

**شانەی (٤) عەبدوڵڵا سەلیم گردە سووری لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ عەبدولڕەحمان ئەمین

+ عەبدوڵڵا قادر سۆفی

+ زانا هەمزە ئیسماعیل

پۆلی (٢) مەلا عەزیز حەمەد شێخانی لێپرسراویبوو لە قوشتەپە لە (٢) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو:

**شانەی (١) عەلی ئەحمەد لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ قادر مەجید

+ سەباح عەلی

+ فاخیر عوسمان

شانەی (٢) عەلی مەحمود لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ فاروق کانەبی

+ عەبدوڵڵا ئیسماعیل

+ فەتحوڵڵا ئیسماعیل

**شانەی سەرەکی (٢) نامیق باداوە لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) محەمەد ئەمین لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ ئیسماعیل دەوامی

+ حەمەد چێوەیی

شانەی (٢) شەمسەدین باداوە لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ دڵشاد تۆفیق

+ شەریف ئەسعەد

**شانەی (٣) ئامینە قادر مەجید لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ مەلەکە کەریم ئەمین

+ ئەسمەر ئیسماعیل مەحمود

**٥/ کەرتی شەهید عەبدوڵڵا ڕەشید**

پۆلی (١) هونەر ئیسماعیل قادر لێپرسراویبوو لە (٣) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو:

شانەی سەرەکی (١) جەبار شێخە سوورخان مەسیفی لێپرسراویبوو لە (٢) شانە پێکهاتبوو:

**شانەی (١) سەرباز مەجید ئەمین لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ محەمەد عەبدوڵڵا سورچی

+ شێرزاد سابیر

+ کەلسوم حامید مستەفا

شانەی (٢) کاوە ساڵح محەمەد لێپرسراویبوو لە (٥) ئەندام پێکهاتبوو:

+ شێرزاد زیاد

+ کاوە عەوڵا

+ ئەنوەر عەوڵا

+ هێرش جەعفەر

+ عیماد قادر

**شانەی سەرەکی (٢) بەختیار هاشم حەمە ئەمین لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

**شانەی (١) هێمن تاهیر لێپرسراوی بوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ عەزیز حسێن قادر

+ سەیفەدین حەمە شەریف

**شانەی (٢) زانا سابیر ئیسماعیل لێپرسراویبوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ سەرکەوت سابیر ئیسماعیل
+ لوقمان سابیر ئیسماعیل
+ هەڵکەوت حسێن عەبدوڵڕەحمان
+ نەشئەت مەحمود

**شانەی (٣) عەبدولقادر عەبدوڵڵا لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام شانە پێکهاتبوو:**

+ قارەمان حەمە ئەمین محەمەد
+ ئەحمەد ئەنوەر مەهدی
+ سەردار نادر شێخە

شانەی سەرەکی (٣) شیرین عەبدولواحید لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:

شانەی (١) ئەسمەهان عەبدولواحید تەها لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ شادیە ئیسماعیل قادر
+ نازەنین محەمەد شەریف

شانەی (٢) حەنیفە محەمەد لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ ئاورنگ بەکر حەسیب
+ عەتیە تەها نوری
+ تریسکە ئیسماعیل قادر

**پۆلی (٢) سەدرەدین کارەبای (سێ تاقان) لێپرسراویبوو لە (٢) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو:**

**شانەی سەرەکی (١) کاک ئاوات لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

+ شانەی (١) بەهێز، سەرکەوت، گزنگ
+ شانەی (٢) شەرمن، سەروین، بێری
+ شانەی (٣) کەندال، هاوژین، هەندرێن

**شانەی سەرەکی (٢) بێستون لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) ئاسۆ لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ هێمن

+ هەورێ

**شانەی (٢) ئامانج لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ ڕێباز

+ چۆمان

+ هەندرێن

**شانەی (٣) هێڤی لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ کاروان

+ کاوە

**(٢) شانەی سەرەکی**

هەر دوو شانەی سەرەکی هەڵکەوت شاسوار هەر تەنها ناوی نهێنیان دەستکەوت.

شانەی سەرەکی (١) هەڵکەوت لێپرسراویبووە لە (٢) شانە پێکهاتووە.

**شانەی (١) فەرهاد لێپرسراویبووە لە (٢) ئەندام پێکهاتووە:**

+ شوان

+ سامان

شانەی (٢) مامز لێپرسراویبووە لە (٣) ئەندام پێکهاتووە:

+ سروە

+ شەهێن

+ ڕەهێڵ

**شانەی سەرەکی (٢) شاسوار لێپرسراویبووە لە (٣) شانە پێکهاتووە:**

شانەی (١) فیروم لێپرسراویبووە لە (٢) ئەندام پێکهاتووە:

+ قەندیل

+ هەڵۆ

**شانەی (٢) دەشتی لێپرسراویبووە لە (٢) ئەندام پێکهاتووە:**

+ کرمانج

+ سەردار

**شانەی (٣) کاروان لێپرسراویبووە لە (٢) ئەندام پێکهاتووە:**

+ ئامانج

+ ڕەنجدەر

**٦/ کەرتی شەهید عەبدولخالق مەعروف**

پۆلی (١) هەڤاڵ سەید ئەحمەد لێپرسراویبووە لە (٢) شانەی سەرەکی پێکهاتووە:

شانەی سەرەکی (١) عەزیز حسێن قادر لێپرسراویبووە لە (٢) شانە پێکهاتووە:

**شانەی (١) عەقید حسێن قادر لێپرسراویبووە لە (١) ئەندام پێکهاتووە:**

+ مستەفا عوسمان

شانەی (٢) ئاری ئیسماعیل قادر لێپرسراویبووە لە (١) ئەندام پێکهاتووە.

+ لاولاو ئیسماعیل قادر

**شانەی سەرەکی (٢) سەید ئاسۆ ئەحمەد لێپرسراویبووە لە (٢) شانە پێکهاتووە:**

شانەی (١) هەڤاڵ سەید حسێن لێپرسراویبووە لە (٢) ئەندام پێکهاتووە :

+ ئەمەل واحید حسێن

+ شەمام سلێمان ئەحمەد

**شانەی (٢) مامۆستا حەمید عەلی قادر لێپرسراویبووە لە (٢) ئەندام شانە پێکهاتووە:**

+ سالار عەبدوڵڵا مەجید

+ شوان حەمید ئیسماعیل

**پۆلی (٢) کەمال محەمەد کەریم کاوانی لێپرسراویبوو لە (٣) شانەی سەرەکی پێکهاتبوو:**

شانەی سەرەکی (١) محەمەد صاڵح ئەمین لێپرسراویبوو لە (٤) شانە پێکهاتبوو:

**شانەی (١) کەمال حسێن عەلی لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ مەریوان عەلی قادر

+ محەمەد ئۆمەر عەلی

**شانەی (٢) یەعقوب ئەحمەد ڕەشید لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ قارەمان عەلی صالّح

+ ڕۆستەم ئەحمەد کوێخا

**شانەی (٣) ئیسماعیل قادر محەمەد لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ هۆشیار زرار سادق

+ کامەران عەبدوڵلا جومعە

شانەی (٤) زەردەشت محەمەد عەلی لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ ئەرشەد محەمەد عەلی

ئازاد عەلی حسێن

**شانەی سەرەکی (٢) عەزیز حسێن قادر لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پێکهاتبوو:**

شانەی (١) کەریم ئەحمەد عەلی لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ کەریم مستەفا حسێن

+ خەلیل عەبدوڵلا ئیسماعیل

شانەی (٢) مەحمود مستەفا سەدرەدین لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ عەبدولعەزیز حسێن محەمەد

+ جەوهەر کەریم فەقێ

+ شوان جەوهەر کەریم

شانەی (٣) ئازاد سەید حسێن لێپرسراویبوو لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو:

+ هەڤاڵ سەید عەلی حسێن

+ محەمەد کەمال عەلی

+ ئەحمەد کەمال عەلی

**شانەی سەرەکی (٣) ئازاد عەلی محەمەد ئەمین لێپرسراویبوو لە (٣) شانە پیکهاتبوو:**

شانەی (١) نەسرین عەلی ئەحمەد لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:

+ نەرمین عەلی محەمەد ئەمین

+ پەروین عەلی محەمەد ئەمین

شانەی (٢) دلێر عەبدولقادر لێپرسراوی بوو، ئەم شانەیە لە ناو شاری کەرکوک بوو لە (٤) ئەندام پێکهاتبوو:

+ هێمن بەهادین عیزەدین
+ سەردار عەزیز کەریم
+ نیشتمان حسێن ڕەمەزان
+ سیروان عەزیز ئەحمەد

**شانەی (٣) یوسف عەبدولکەریم لێپرسراویبوو لە (٢) ئەندام پێکهاتبوو:**

+ سوەیلە تەها
+ کەوسەر عەبدولکەریم

# ســـوپای ڕزگاری کــــوردستان (ســرك)
## ســرك لە هـــەولێر

دوای ئەنفالی کوردستان سەرکردایەتی (ی ن ک) بەرنامەیەکی تۆکمەو پتەوی بۆ ڕێکخستنەکان نارد کە تیایدا ڕێوشوێنەکانی درووستکردنی سوپای ڕزگاری کوردستانی ڕوونکردبوەوەو هەنگاوەکانی دیاری کردبوو، پرەنسیپەکانی پەسەند کردبوو، تا لە داهاتودا بتوانێ ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروستی کردبوو.

لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان (٣) تیپ و چەند مەفرەزەیەکی سرک درووستکران کە لە بەشەکانی پێشودا بە وردی ئاماژەمان پێداوە، لە هەولێریش بە هەمان شێوە سوپای ڕزگاری کوردستان درووستکرا.

(٢) تیپ و (٢) گروپ یان دەستە پێکهێنرا، لە درووستکردنی سوپای ڕزگاری کوردستاندا پێشمەرگە دێرینە دابڕاوەکان و ڕێکخستنەکان بوونە هەوێن و کاکڵەی درووستکردنی (سرک) لە هەولێر، درووستبوونی (سرک) یش هەوێن و داینەمۆی درووستکردنی شانە چەکدارەکانی بروسک بوو کە توانرا لە هەولێرو ئۆردوگاکانی دەورووبەری و ڕانیە و بازیان و باینجان و شاری کەرکوک (٧٣٠) شانەی چەکداری برووسک درووست بکرێت و ئامادەبن بۆ ڕاپەڕین.

**پێکهاتەی سرک لە هەولێر**

**تیپی سەفین**

فەرماندەی تیپ کاکە زیاد

لە (٤٢) پێشمەرگە پێکهاتبوو، هەر پێشمەرگەیە ژمارەی تایبەت بە خۆی هەبوو:

١/ کاکە زیاد عومەر تەها فەرماندەی تیپ (٠٠١)

٢/ هونەر ئیسماعیل فەرماندەی کەرت (٣٠٢)

٣/ هەمزە ئیسماعیل فەرماندەی کەرت (٤٠٤)

٤/ زاهیر عەبدولڕەحمان بایز (٥٠٦)

٥/ تەحسین سلێمان کەریم فەرماندەی کەرت (٦٠٨)

٦/ بەختیار هاشم حەمەدەمین (پ.م) (٣٠٢١)
٧/ عەبدولقادر عەبدوڵلا (پ.م) (٣٠٢٢)
٨/ عەتیە نوری (پ.م) (٣٠٢٠٣)
٩/ زانا سابیر (پ.م) (٣٠٢٠٤)
١٠/ ئاری عومەر کاکل (پ.م) (٣٠٢٠٥)
١١/ ئیبراهیم عوسمان (٣٠٢٠٠٦)
١٢/ هەژار مام پیرۆت (٣٠٢٠٠٧)
١٣/ زانا هەمزە ئیسماعیل (٣٠٢٠٠٨)
١٤/ قارەمان محەمەد ئەمین (٣٠٠٠١)
١٥/ سەرکەوت سابیر ئیسماعیل (٣٠٠٠٢)
١٦/ ئەمیر کەریم ئەمین (٤٠٤١)
١٧/ سەمەد محەمەد (٤٠٤٢)
١٨/ مەلەک کەریم ئەمین (٤٠٤٠٣)
١٩/ ئامینە نادر مەجید (٤٠٤٠٤)
٢٠/ ئەسمەر ئیسماعیل مەحمود (٤٠٤٠٥)
٢١/ قاسم کاکل (٤٠٤٠٠٢)
٢٢/ حاتم خدر (٤٠٤٠٠٤)
٢٣/ نەجمەدین کەریم خدر (٤٠٤٠٠٦)
٢٤/ خدر تەها ئیسماعیل (٥٠٦١)
٢٥/ کاکە ڕەش حاجی ئیبراهیم (٥٠٦٢)
٢٦/ حەکیم خدر تەها (٥٠٦٠٠)
٢٧/ ئەسعەد شێخ محەمەد (٥٠٦٠١)
٢٨/ عەباس عەزیز نادر (٥٠٦٠٢)
٢٩/ سەید تالب حسن قەپانچی (٥٠٠٠٢)
٣٠/ سەعدەدین کەریم خدر (٥٠٠٠٤)

٣١/ شێخ محەمەد مەولود (٥٠٠٠٦)
٣٢/ عەوڵا حەمەد سوور (٦٠٨١)
٣٣/ ئیبراهیم ڕۆستەم حەسەن (٦٠٨٣)
٣٤/ قاسم ئیسماعیل (٦٠٨٠٤)
٣٥/ عێزەدین سابیر مەولود (٦٠٨٠٦)
٣٦/ نەجمەدین ئەحمەد شەریف (٦٠٨٠٨)
٣٧/ وریا نوری کەریم (٦٠٨٠٠٢)
٣٨/ نەسرەدین محەیدین (٦٠٨٠٠٤)
٣٩/ عەتا ئەڵڵا میکائیل (٦٠٨٠٠٦)
٤٠/ بورهان وەیس (٦٠٠١)
٤١/ جونەید قادر محەمەد (٦٠٠٣)
٤٢/ سلێمان کەریم (٦٠٠٥)

**تیپی بابە گوڕگوڕ**

١/ مەحمود محەمەد ئەمین ناسراو بە خولە فەرماندەی تیپ (٠٠٢)
٢/ ئەبوبەکر ڕەشید (٠٠٣١)
٣/ مستەفا حەمە فەقێ نەجم (٠٠٤١)
٤/ کەریم ڕەش (٠٠٥١)
٥/ قارەمان شینە (٠٠٦١)
٦/ زیاد حەمە مستەفا (٠٠٣١٢)
٧/ عومەر جەبار (٠٠٣١٤)
٨/ یاسین عەبدوڵڵا سوور (٠٠٣١٠٣)
٩/ ساڵح ڕەشید (٠٠٣١٠٥)
١٠/ ئەحمەد محەمەد عومەر (٠٠٣١٠٧)
١١/ مستەفا محەمەد ئەمین (٠٠٣١١١)

١٢/ کامەران محەمەد نوری (٠٠٣١١٢)
١٣/ محەمەد عەبدوڵڵا حەمەمین (٠٠٣١١٣)
١٤/ جەوهەر حەمە ئەمین تۆفیق (٠٠٤١٣)
١٥/ ڕەمەزان حەمە ئەمین تۆفیق (٠٠٤١٣)
١٦/عەبدولڕەحمان عەزیز حەمە ئەمین (٠٠٤١٠٤)
١٧/ جومعە حەمە فەقێ نەجم (٠٠٤١٠٦)
١٨/ یاسین ئەحمەد عەبدوڵڵا (٠٠٤١٠٨)
١٩/ حەمە ئەمین ئەحمەد حەمە ئەمین (٠٠٤١٤١)
٢٠/ ئەبوبەکر عەبدولڕەحمان حەمە ئەمین (٠٠٤١٤٣)
٢١/ محەمەد ئەحمەد محەمەد (٠٠٤١٤٥)
٢٢/ جەبار شێخە (٠٠٥١٥)
٢٣/ لالە حەکیم (٠٥١٧٠)
٢٤/ حاجی هەڵمەت (٠٠٥١٠٢)
٢٥/ سەید جەبار ستار سلێمان (٠٠٥١٠٤)
٢٦/ کاکەمین (٠٠٥١٠٦)
٢٧/ حەمید مەلا عەبدوڵڵا (٠٠٥١٥٣)
٢٨/ فواد عەلی (٠٠٥١٥٧)
٢٩/ مەلا ئیبراهیم عومەر حەمەمین (٠٠٥١٥٩)
٣٠/ حسێن سێکانی (٠٠٦١٦)
٣١/ موحسین عەبدولحەمید (٠٠٦١٨)
٣٢/ سابیر محەمەد ئەمین (٠٠٦١٦١)
٣٣/ مەلا میرزا (٠٠٦١٦٣)
٣٤/ فاخیر نامیق (٠٠٦١٦٥)
٣٥/ ئەحمەد سمایل ڕەحمان (٠٠٦١٠٠)
٣٦/ ئیبراهیم قادر کەریم (٠٠٦١٠٢)

٣٧/ مەریوان ساڵح ئیبراهیم (٠٠٦١٠٤)

**گروپی (٠٠٣)**

١/ دڵشاد حەسەن قادر (٠٠٣) فەرماندەی گروپ

٢/ سەید ئاسۆ ئەحمەد (٠٤٠٠)

٣/ ئازاد عەلی محەمەد ئەمین (٠٤٠١)

٤/ دلێر عەبدولقادر عومەر (٠٤٠٣)

٥/ زەردەشت محەمەد عومەر (٠٤٠٠٤)

٦/ محەمەد صالح حەمەدەمین (٠٤٠٠٦)

٧/ یەعقوب ئەحمەد ڕەشید (٠٤٠٠٨)

٨/ نەسرین عەلی محەمەد ئەمین (٠٤٠٠٠١)

٩/ ماریە ئیسماعیل قادر (٠٤٠٠٠٣)

١٠/لاولاو ئیسماعیل قادر (٠٤٠٠٠٥)

١١/ پەروین عەلی محەمەد ئەمین (٠٤٠٠٠٧)

١٢/ سەردار عەزیز (٠٤٠٠١)

١٣/ نیشتمان حەسەن ڕەمەزان (٠٤٠٠٢)

١٤/ هێمن بەهادین عیزەدین (٠٤٠٠٣)

**گروپی (٠٠٤)**

**گروپی دوو**

١/ دیدەوان سەید محەمەد فەرماندەی گروپ (٠٠٤)

٢/ ئەمیر نامیق (٠٠٥٥)

٣/ کەمال محەمەد کەریم کاوانی (٠٠٦٦)

٤/ محەمەد صالح حەمەدەمین (٠٠٥٥٠٢)

٥/ سەردار سیامەند (٠٠٥٥٠٤)

٦/ کەمال حسێن عەلی (٠٠٥٥٠٦)
٧/ شیرین عەبدولواحید (٠٠٦٦٠٣)
٨/ حەنیفە محەمەد (٠٠٦٦٠٥)
٩/ ئەسمەهان عەبدولواحید (٠٠٦٦٠٧)

جگە لە کەرت و پۆل و شانە و هێڵەکانی ڕێکخستن دەیان کەسیش لە ناو شاری هەولێرو دەورووبەریان هاوکاری ڕێکخستنەکانی ناو شارو شارۆچکەکان بوون.

لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە بەرفراوانتر ڕێکخستنەکان چوونە ناو جەماوەرو زەمینەی ڕاپەڕین ڕەخسا، بە بڕیاری سەرکردایەتی (ی ن ک) هەزاران شانەی چەکدار لە تێکڕای کوردستاندا درووستکران.

لە شاری هەولێرو دەورووبەری تا ڕانیە و کەرکوک و ئۆردوگاکانی بازیان باینجان لە نزیک سلێمانی و لە سنووری بادینانیش (٧٣٠) شانەی چەکدار درووستکران، ڕێکخستنەکان و سوپای ڕزگاری کوردستان کە زۆربەیان لە پێشمەرگە دێرینەکان پێکهاتبوون بوونە هەوێنی درووستکردنی شانە چەکدارەکان خەڵکی کوردستان بە لێشاو لە ڕیزی شانە چەکدارەکانی برووسک خۆیان ڕێک دەخست و ژمارەی تایبەتیان پێدەدرا.

## ڕاپەڕینی شارۆچکەی خەبات

زەمینەی ڕاپەڕین بە تەواوی ڕەخسابوو، شانە چەکدارەکان چاوەڕوانی کاتژمێری سفریان دەکرد، دەنگی گەلی کوردستان جۆش و خرۆشی خستبووە ناو کۆمەلانی خەلکی کوردستانەوە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٤ جەماوەری داخ لە دلی شارۆچکەی خەبات بە گژ داموو دەزگاکانی بەعسدا چوونەوەو ڕاپەڕین، بەلام ڕژێمی داگیرکەر کۆنترۆلی باروودۆخەکەی کردوو ڕاپەڕینەکەی کپ کردەوە.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٤ دوو ئەندامی ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) شەهید بوون، یەکێک لەو شەهیدانە بەختیار خەلکی قەلادزێ بوو.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕین لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینەوە لە چەخماخەی داو بووە سەرمەشقی ڕاپەڕین.

## بۆ لای تەحسین کاوانی

مەلا قادر، مامۆستا جەبار، زاهیر، لە هەولێرەوە چوونە لای تەحسین کاوانی لە کاوانیان تا لە ڕێگەی جیهازەوە پەیوەندی بکەن بە هێزی پێشمەرگەوە تا بگەنە هەولێرو ڕزگاری بکەن، بەلام جیهازەکەی تەحسین کاوانی کاری نەدەکرد.

بە نیاز بوون نانی نیوەڕۆ بخۆن و بە پێ بچن بۆ ڕانیە، لە کاتی نان خواردن بوون، عەبدولڕەزاق و کۆمەلێ پێشمەرگە هاتن وتیان کاک کۆسرەت و حەسەن کوێستانی لە (بانە نۆک) ن بچن بۆ لایان، مەلا قادرو مامۆستا جەبارو زاهیر چوونە لای کاک کۆسرەت لە (بانە نۆک)، باسی ڕزگار کردنی شاری هەولێریان کرد، کاک کۆسرەت پێیوتن ١١ی مانگ ئازادی دەکەین، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مێژووییە، چەک و پێداویستیان دایە مەلا قادرو هەڤالەکانی، مەلا قادرو زاهیرو جەبار گەڕانەوە هەولێر، لە گەڕانەوەیاندا سەیتەرەکانی چوونە ژوورەوەی هەولێر داخرابوون، نەقیبێک لە سەیتەرەکە وەستابوو زاهیر چووە لای، لەگەڵ خۆیان سەریان خست بۆ فەیلەق، بە بۆنەی نەقیبەکەوە ئەوانیش گەڕانەوە هەولێر.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ هاتووچۆ لە ناو شاری هەولێر قەدەغە کرا.

شەوی ١٩٩١/٣/١١\١٠ ڕێکخراوی هەولێر- شانە چەکدارەکانی ناو شار سازوو ئامادەبوون تا سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ ڕاپەڕین و لێدانی داموو دەزگاکانی ڕژێم دەست پێبکەن، بۆ ئەو مەبەستە ناو شاری هەولێریان بە سەر چەند قۆڵ و بازنەیەک دابەشکرد.

+ بازنەی ناو شار بە "ئەحمەد گەل" سپێردرا.

+ بازنەی کۆیە کەرکوک بە "دیدەوان سەید محەمەد" سپێردرا.

+ بەستی پیازە بۆ جادەی شۆڕش بە (نەدار) سپێردرا.

+ جادەی مەخمور بۆ فەیلەق بە "سالار حەکیم حەمە ڕەش" سپێرددرا.

+ بازنەی شۆڕش بۆ فەیلەق بە "مام خدر" سپێردرا.

تێکڕای شانە چەکدارەکان بە سەر ئەو (٥) بازنەیەدا دابەشکران.

شانە چەکدارەکان، ڕێکخستنەکان، جەماوەری کوردستان چاوەڕێی برووسکەی لە باوکی ڕێناسەوە بۆ شانە چەکدارەکانی برووسک بوون تا جامی ڕقی تورەی جەماوەر بە سەر داموو دەزگا سیخوڕیەکانی بەعسدا برێژن.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ ڕۆژێک پێش ڕزگار کردنی شاری هەولێر، (م.ع) کە مستەشار بوو پەیوەندی بە مەلا قادرەوە کردبوو پێیوتبوو قائید فەیلەق و پارێزگار داوایان کردووە لێپرسراوی ناو شار ببینن تا فەیلەق و پارێزگا تەسلیم بکەن، مەلا قادر پێیوتبوو بڵێ من کەسیان ناناسم بەڵام ئەگەر دەیانەوێت تەسلیم بن کاک کۆسرەت لە "مصیف" ە نوێنەری خۆتان بنێرنە لای، (م.ع) وەڵامەکەی بۆ بردبوونەوە، بەڵام شەو هەڵاتن.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ جگە لە شاری هەولێر ئۆردوگاکانی سەر ڕێگای هەولێر، موصڵ، خانەقین، قوشتەپە و خەبات ڕزگار کران.

## ڕزگـــــارکردنی هـــەولێری قەڵای دێـــــرین
## 1991/3/11
## هەولێری هۆلاکۆ بەزێن- بەعسیشی بەزاند

(برووسکەیەک لە باوکی ڕێناسەوە بۆ برووسک دەست بەکاربن)

خانەقین لە ژێر چنگی تەعریب ڕزگاری بوو، قوشتەپە و خەبات و ئۆردوگاکانی سەر ڕێگای هەولێر- موصڵ ئازاد کران.

دوای ڕزگار بوونی بەشێکی گەورە و فراوان لە کوردستانی یەخسیر دوای پاککردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر دوای بڵاوبوونەوەی برووسکەی (لە باوکی ڕێناسەوە بۆ برووسک- دەست بەکار بن) لە دەنگی گەلی کوردستانەوە، کە هێما بوو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانی ڕاپەڕین، شانە چەکدارەکانی برووسک و جەماوەرو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان ڕاپەڕین.

هاوکات هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتنە ناو شاری هەولێرو لە زنجیرە هەڵمەتێکی شێرانەدا دەستیانگرت بە سەر تەواوی سەربازگەو داموودەزگا داپڵۆسێنەرو کارتۆنیەکانی ناو شاری هەولێر.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ لە ناو شاری هەولێردا شانە چەکدارەکان و جەماوەری ڕاپەڕیوو هەڵمەتیانبردە سەر ئەمنی طواری و ئینتیسار جەماوەری ڕاپەڕیوی هەولێرو شانە چەکدارەکان بەرەو فەیلەق ڕۆیشتن، لە هەڵمەتێکی کورتدا دەستیان بە سەرداگرت و ئەفسەرێک و دوو سەرباز بەدیل گیران لە گرتنی فەیلەق جەماوەری ڕاپەڕیو شەهیدێکی بەخشی.

کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆش دەستگیرا بە سەر منظمەی حزبی بەعسدا لە ناو شاری هەولێر.

هەر لە درێژەی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕیندا جەماوەرو شانە چەکدارەکان هێرشیان بردە سەر "ئەمنی طواری" و دەستیانبە سەرداگرت.

هەمان ڕۆژ واتە ٣/١١ دانیشتوانی گەڕەکی ئازادی لە هەولێر بە هاوکاری شانە چەکدارەکان هەڵمەتیانبردە سەر مەخفەری ئازادی و بێتەقە دەستیانبەسەرداگرتن.

بەڵام لە دائیرەی کارەبای بەرانبەر مەخفەرەکەدا ژمارەیەک چەکداری ڕژێم دەستڕێژیان لە جەماوەر کردوو هەشت کەسیان لێ شەهید کردن، ئەو چەکدارانەش کەوتنە بەر ڕق و تورەیی جەماوەرو هەپرون بە هەپرون کران.

لە درێژەی هەڵمەتی شانە چەکدارەکانی برووسک و جەماوەر بۆ سەر دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس دەست گیرا بە سەر فیرقەی فاروق و فیرقەی ئینتساری بەعسدا.

هەر لەو هەڵمەتانەدا دائیرەی ئەمنی هەولێر دەستیبە سەردا گیرا، لە سەر ڕێگای عەنکاوەش دەستگیرا بە سەر قیادەی جەیشی شەعبی بەعسدا ئەم شوێنانەش بە خوێنی دوو شەهیدی قارەمان لە ژێر دەسەڵاتی بەعس دەرهێندران.

بەمجۆرە لە سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ تا ئێوارەی هەمان ڕۆژ تێکڕای شاری هەولێر کەوتە دەست جەماوەری ڕاپەڕیوو شانە چەکدارەکان هەمان ڕۆژیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکردایەتی کاک کۆسرەت گەیشتنە ناو شاری هەولێر.

هەر لەگەڵ هەواڵی مژدە بەخشی ڕزگار بوونی شاری هەولێر شاری خانەقینی تەعریب کراویش ڕاپەڕی و هێزی پێشمەرگە و جەماوەر کۆنترۆڵی شارەکەیانکرد.

هەر هەمان ڕۆژ ١٩٩١/٣/١١ ئۆردوگاکانی قوشتەپە- ناحیەی خەبات، ئۆردوگاکانی سەر ڕێگای هەولێر- موسڵ- بەرحوشتر- کەورگۆسک- جدیدە- ئازادکران و گەردوو تۆزی داگیرکەریان لە شان و مل تەکاند.

ڕزگار بوونی شاری هەولێر گرنگی مێژوویی خۆی هەبوو، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانیدا وەک ڕزگارکردنی شارێکی گەورەو گرنگ، لە گۆڕینی پارسەنگی هێزدا بایەخ و گرنگی زۆری پێدرا.

بە ڕزگار بوونی شاری هەولێر، زەمینەی ڕزگار بوونی دەڤەری بادینان و دڵە زیندووەکەی کوردایەتی، کەرکوکی قودسی کوردستان ڕەخساو نزیک بووەوە.

## ڕزگـــار کردنی شـــاری خـــــانەقین
## 1991/3/11

دوای ڕزگـار کردنی ڕانیـەو سلێمانی و دووکـان و حـەوزی شـارەزوروو دەربـەندیـخان و کـەلار و کفری و شـەقڵاوەو کۆیـەو خورمـاتوو زنجیرەیەک شارۆچکەی دیکەی کوردستان، هاوکات لەگەڵ ڕزگارکردنی شاری هەولێری قەڵاو مناره، شاری خانەقینیش بەرگی یەخسیری دادڕی و بە ڕزگاری شادبوو.

دوای دابەشکردنی میحوەرەکان بە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، هەر شارۆچکەیەک بەرنامەو پلانی بۆ داڕێژراو، هەر میحوەرو ناوچەیەک ڕووبەڕووی فەرماندەیەک کرایەوە تا لە کاتی دیاریکراوو بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەو جەماوەری ڕاپەڕیوو شانە چەکدارەکان ڕزگار بکرێت.

شاری خانەقینی خۆشەویست، ساڵانێکی دوروو درێژ لە دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەردا سیاسەتی پاکتاوی نەژادی، تەعریب، تەبعیس و ڕاگواستنی بە سەردا جێبەجێدەکراو بڕستی لێبڕیبوو، بە درێژایی ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩١ شاری خانەقین بە بەرنامەو پیلانی بەعسیانە لە دانیشتوانە کوردەکەی چۆڵدەکرا، یان ناچار دەکران خۆیان بە عەرەب ناوونووس بکەن و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن، خوێندن بە زمانی دایک قەدەغە بوو، ناوی قوتابخانە و گەڕەک و مەزارگە و مەرقەدو شاخ و لوتکەو پردو ڕێگەوبانیش گۆڕابوون بۆ عەرەبی و ناوی عەرەبیان لێنرابوو، زووڵم و ستەمی کەڵەکە بووی چەندین ساڵە داینەمۆی ڕاپەڕین و پەلامار بوون بۆ سەر داموو دەزگاکانی داگیرکەر لە ناو شاری خانەقیندا.

ڕاپەڕین لە چەخماخەی دابوو گەیشتبووە گەرمیانی گڕووکڵپە و لە لێوارەکانی خانەقین نزیک ببووەوە، جەماوەری ستەمدیدەی خانەقین لە چاوەڕێی هێزی پێشمەرگەدا بوون تا ئەوانیش پەلامار بدەن و تەختی داگیرکەری بەعس بڕوخێنن.

دوای ڕزگارکردنی سلێمانی و گەرمیان و ناوچەکانی دیکە شەپۆلی ڕاپەڕین لە فراوانبووندا بوو، ڕژێمی داگیرکەری عێراق لە ناو شاری خانەقیندا هێزێکی زۆری سەربازی و چەک و جبەخانەی کۆکردبووەوە، موجاهدینی خەڵک شان بە

شانی سوپای داگیرکەری عێراق لە ناو شاری خانەقیندا لە بۆسەدابوون، بەڵام هیچ لەوانە نەبوونە ڕێگر لە بەردەم ڕاپەڕینی جەماوەری خانەقین و هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا.

دوانزە پێشمەرگەی خانەقینی بە فەرماندەیی عەلی شامار لێپرسراوی میحوەری خانەقین و بە هاوکاری و پاڵپشتی ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی کەلارو گەرمیان و شانە چەکدارەکان و ئاوارەکان و جەماوەری ناوچەکانی دەوروبەری خانەقین، لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ لە ماوەیەکی کەمداو لە چەند هەڵمەتێکی شێرانەدا دەستیانگرت بە سەر شاری خانەقینداو لە ژێر دەسەڵاتی پیسی داگیرکەر ڕزگاریانکرد، بەڵام لە ناوچەی جەلەوە کە پێیان دەوت ئیستیخباراتەکە هێزێکی دووژمن مابووەوە بۆ ڕۆژی دوایی ئەو هێزەش تێکشکاو بەرەو جەلەولاو شارەبان ڕایانکرد، شەڕی گەورە لە سەربازگەی مەلکشایی و بەختیاری ڕوویدا.

نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ شەڕی گەورە دەستیپێکرد، ڕژێمی عێراق هێزێکی گەورەی لە بەعقوبەوە بەرەو خانەقین هێنا، هێزە پەرتەوازەکەی کۆکردەوەو هێرشیکردە سەر خانەقین بە چەکی قورس و ساروخ لە شاری خانەقیندا لە ناو ماڵێکدا لە کارێز حەوت ئەندامی خێزانێک بە بۆردومانی هێزەکانی داگیرکەر شەهید بوون.

هێزەکانی داگیرکەر بە پشتیوانی چەکی قورس و تۆپخانە و کۆپتەر لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری خانەقینیدا، بە ئاراستەی هەر سێ پردی بەردین و کارێزو ئەڵوەن هێرش و پەلاماری دەستپێکرد، شەڕی پێشمەرگەو جەماوەرو هێزەکانی داگیرکەر نابەرابەر بوو، پێشمەرگە بە فیشەکی کەم و چەکی سووکەوە شەڕی دەبابەو کۆپتەرو سوپای داگیرکەریان دەکرد.

لە پردەکەی کارێزەوە هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی دەبابەو ناقیلە لە جووڵەدا بوون، هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی مامۆستا سۆران بۆیان چوون و لێیاندان، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، هێزەکەی دووژمن لە پردی کارێزەوە هاتە پێش، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیان کردوو چوونە گەڕەکی ڕەمەزان- فلکەی صناعە.

هێزەکەی دووژمن لە ڕێگەی گەڕەکی شورطەوە پشتیان لە هێزەکەی پێشمەرگە گرت تا کاتژمێر چواری ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، دوو پێشمەرگەش شەهید بوون.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ تا ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ شاری خانەقین لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بوو، بۆ ڕۆژی دواتر هێزەکانی داگیرکەر دەستیانگرتەوە بە سەر شاری خانەقیندا لە ئەنجامی شەڕی چەند ڕۆژەدا ژمارەیەک گەنجی خانەقین شەهید بوون.

ئەو پێشمەرگانەی بە فەرماندەیی عەلی شامار هاتنە ناو شاری خانەقینەوە، ئەم (١٢) پێشمەرگە تێکۆشەرە بوون.

١/ عەلی شامار

٢/ مامۆستا سۆران

٣/ حسێن قاسم

٤/ صلاح جومعە

٥/ حسن جیهاد

٦/ ئیبراهیم مدحت

٧/ کەریم ڕەحمان

٨/ کەریم عەسکەر

٩/ حەقی بچکۆل

١٠/ عەدنان قادر

١١/ یوسف عەزیز

١٢/ صباح مەولود

ئەم دوانزە پێشمەرگەیە خانەقینی بوون، بەڵام وەکو لە سەرەتاوە باسمانکرد دەیان پێشمەرگەی گەرمیانی بەشداریان لە ڕزگارکردنی خانەقیندا کرد.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣ هێزێکی گەورە بە فەرماندەیی سەلامی کوێخا عەزیز، مەحمودی مامە عەزە، شاهۆ، هاتن بە هانای هێزەکەی خانەقینەوە، هێزەکە ئاگادار نەبوون لەوەی کە شاری خانەقین لە لایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە گیراوەتەوە هیچ

پەیوەندیەکیشیان لەگەڵ هێزەکەی عەلی شامار نەبوو، هێزەکەی سەلامی کوێخا عەزیزو مەحمودی مامە عەزە و شاهۆ چوونە ناو شاری خانەقینەوە، لە گەڕەکی حی رەمەزان- فلکەی صناعە کەوتنە بۆسەو کەمینی دوژمنەوەو پۆلێک پێشمەرگە شەهید بوون، بەم ناوانە:

١/ شەهید هادی ئەحمەد مەحمود مرادخان

٢/ شەهید عەتا ئەحمەد مەحمود مراد خان

٣/ ساڵح سلێمان مەحمود

٤/ عەلی ساڵح حسێن

٥/ والی عەلی ڕۆستەم

٦/ مستەفا حارس عەزیز

٧/ عەبدوڵلا قادر فەرەج

٨/ فەلاح عەزیز محەمەد

٩/ صلاح عەزیز محەمەد

١٠/ فریاد حەمە فەرەج فەتاح

١١/ ڕەشید عەزیز ئەحمەد

١٢/ حسێن فەرەج مارف

١٣/ عەبدوڵلا ساڵح عەلی

١٤/ کامیل ساڵح ئەحمەد

١٥/ نەوزاد محەمەد کەریم

دوای شەهید بوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە و ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزەکەی خانەقین بە فەرماندەیی عەلی شامارو مامۆستا سۆران و پێشمەرگەکانیتر، لەگەڵ هێزەکەی سەلامی کوێخا عەزیز و مەحمودی مامە عەزە و شاهۆ هێرشیانبردەوە سەر خانەقین لە قۆڵی مێخاس و تولە فرۆش لە باکووری ڕۆژئاوای خانەقین هاتنە ناو شار هێزێکی دووژمن بە دۆشکاو ئۆتۆمبێلەوە دەگەڕان، هێزی پێشمەرگە لێیاندان، قایمقام و مدیری ئەمن و مدیری شورطە و ژمارەیەک ئەفسەرو دەرەجەداری هێزی

داگیرکەر کوژران و بە سزای تاوانەکانیان گەیشتن و ئۆتۆمبیلەکانیان جێما، ڕەتڵێک لە کوچە باخی توڵە فرۆشەوە چوونە ناو شار پەلاماری بارەگای منظمەیاندا ، بە سەر دیوارەکاندا بۆیان چوونە ناوەوە شەڕی دەستەو یەخەیان لەگەڵ منظمەمەدا کرد، لە بەردەمی منظمەکە دامامۆستا سۆران بریندار بوو فیشەک بەر قۆڵی کەوت، منظمەکە دەبابەو ناقیلەی تیابوو ڕەتڵێکی دیکەی پێشمەرگەش بە فەرماندەیی عەلی شامار و صلاح جومعە و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر چوونە گەڕەکی مەزرەعە.

ئەو شەوەی هێزی پێشمەرگە چوونە سەر منظمەی خانەقین نزیک بە (١٥٠) گەنجی خانەقین لە ناو منظمەدا دەستگیر کرابوون بە نیازبوون گوللەبارانیان بکەن، کە پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەر منظمەکە ، پیاوانی ڕژێم ترسابوون ئەو گەنجە دەستگیرکراوانە پەلاماریان بدەن بۆیە بە ناچاری ئازادیانکردن.

لە ماوەی چوار پێنج ڕۆژدا شەڕ بەمشێوەیە بەردەوام بوو، هێزەکانی داگیرکەر بە ڕۆژ دەهاتنە ناو شارو شەوانەش خانەقین بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بوو.

لەو چەند ڕۆژەدا هێزەکانی داگیرکەر زیاتر لە (٦٠) کەسیان لە گەنجەکانی خانەقین دەستگیر کردوو لە ئیستخبارات گوللەبارانکران، لە نێو ئەو گەنجانەدا سێ برا لە یەک خێزان بوون کە لە لایەن هێزەکانی داگیرکەر گوللەبارانکرابوون.

دوای ئەوەی هێزەکانی داگیرکەر دەستیانگرتەوە بە سەر شاری خانەقیندا، هێزی پێشمەرگە چوونە دەرەوەی شارو لە ئاوایی مێخاس مانەوە، دواتر چوونە ناوچەکانی گاکوڵ و سەوز بڵاخ لە بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دامەزران.

هێزەکانی داگیرکەر بە پشتیوانی (١٣) دەبابەو هێزێکی زۆری سەربازی و موجاهدینی خەڵک هێرشیان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستپێکرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دوو مەفرەزەی سوپای بەدر کە لە ناوچەکە بوون ڕووبەڕوویان بوونەوە، لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی عەباس و عەلی و دوو کەس لە سووپای بەدر شەهید بوون.

هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشەدا هێزێکی دیکەی داگیرکەرو موجاهید خاصە لە ناوچەی جەلەولاوە چووبوونە کەلار، بە نیازی ئەوەی هەر دوو هێزەکە لە کەلار

یەکبگرنەوە بەڵام هێزی پێشمەرگە لە گاکوڵ و سەوز بڵاخ شکستیان بە هێزی یەکەم هێنا.

هێزی دووەم گەیشتبوونە کەلار لە بەردەم نەخۆشخانەی کەلار کوێرانە دەسڕێژی گوللەیان لە خەڵک کردبوو دوو دکتۆرەی عەرەب کە خووشک بوون (زوحاو لەیلا) شەهید بوون، بەڵام هێزی پێشمەرگە لە ناو کەلاردا لێیاندان و نەیانهێشت سەری سەلامەت بەرنەوە تێکڕایان کوشتن و دەبابەکانیشیان سووتاند.

## شانە چەکدارەکانی برووسك - بادینان

بۆ ڕاپەڕین و ڕزگاری شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەری عێراق، سەرکردایەتی (ی ن ک) لە تێکڕای شارو شارۆچکەکانی کوردستان شانەی چەکداری لە ژێر ناوی شانە چەکدارەکانی برووسک و شاڵاو پێکهێنا.

لە دەڤەری بادینان شانە چەکدارەکانی برووسک بەمشێوەیە پێکهاتبوو:

**شانەی یەکەم (١)**

١/ حەسەن نیعمەت لێپرسراوی شانە

٢/ کەمال کێستەیی

٣/ جیهان حسێن

٤/ خورشید عالیە

٥/ شێخ جەواد زەینەدین

٦/ عەبدوڵڵا محەمەد

**شانەی دووەم (٢)**

١/ مستەفا باجلوری لێپرسراوی شانە

٢/ صدیق باجلوری

٣/ عومەر حسێن

٤/ صدقی ئیسماعیل

**شانەی سێهەم (٣)**

١/ عەبدوڵڵا عومەر لێپرسراوی شانە

٢/ عەبدوڵڵا محەمەد صاڵح

٣/ شاهید مامەند

٤/ زەینەڵ عەبدولڕەحمان

٥/ دڵشاد ئیدریس

٦/ گەردی ئیدریس

٧/ محەمەد صاڵح

٨/ محەمەد سەعید

٩/ خەلیل ئیبراهیم

١٠/ سەلیم عەلی

**شانەی چوارەم (٤)**

١/ جەمیل حەجی ل. ش

٢/ خالید عومەر

**شانەی پێنجەم (٥)**

١/ ستار عەلی  ل.ش

٢/ مەردان محەمەد موراد

**شانەی برووسک (زاخۆ)**

١/ نوری ڕەمەزان

٢/ عارف سەعید

٣/ حەسەن حەمۆ

٤/ ئەزهەر محەمەد قەنجۆ

شانەی ئامێدی

عەلی شەعبان

**شانەی سیمێڵ (سیمێڵ)**

١/ حاجی سمۆ ل.ش

٢/ خالید عومەر

٣/ ستار عومەر

**شانەی ئۆردوگای (کوڕاگافانا)**

١/ عەبدوڵڵا خورشید ل.ش

٢/ صباح ڕەحمان مین

٣/ ئیبراهیم داود

٤/ محەمەد عەلی وسوو

٥/ عومەر چۆمانی

**شانەی شارۆچکەی قدش**

١/ تەحسین مائی ل.ش

٢/ ڕەمزی مائی

٣/ مەلا عەبدولڕەحمان

٤/ عەبدولواحید نێروەیی

## ڕزگـــار بوونی شـــاری ئـــاکرێ
## 1991/3/12

ڕاپەڕینی ئاکرێ زەمینەی ئازادبوونی دەڤەری بادینانی ڕەخساند هەوڵی دابڕینی سۆران – لە بادینان شکستیخوارد.

ڕژێمی درندەی عێراق سەرەڕای وێران و کاولکردن و بە سووتماک کردنی کوردستان لە هەوڵی لێکدابڕینی ناوچەکانی (سۆران و بادینان) دا بوو.

بەعس هەوڵی زۆریدا تا دەڤەری بادینان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لێک داببڕێت و سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لەو ناوچانە پیادە بکات، بەڵام بەرنامەی سەرتاسەری ڕاپەڕین و یەکڕیزی جەماوەرو

هێزە سیاسیەکان و هەڵمەتەکانی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو سیاسەتەی شکست پێهێنا کە لە ناوچەکانی شەنگال و شێخان و زوممار بە تەواوی و قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێدەکرا.

لە درێژەی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕین و دوای ڕزگار کردنی ناوچەیەکی گەورەو فراوان، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢دا شاری ئاکرێ ڕاپەڕی و داموو دەزگاکانی ڕژێمی لە شارەکە ڕامالی و دەست گیرا بە سەر مۆڵگە سەربازی و ئەمنیەکانی ڕژێمدا ژمارەیەک ئەفسەرو سەربازیش تەسلیم بە جەماوەر بوون و هاتنە ڕیزی جەماوەری ڕاپەڕیوو.

هاوکات لەگەڵ هەڵمەتەکانی ڕاپەڕیندا، باوەنور و کوڵەجۆو پردێ و ئاڵتون کۆپری و جەبارە بە گژ هێزەکانی داگیرکەردا چوونەوەو لە ژێر چنگاڵی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی ڕزگاریان بوو.

هەر هەمان ڕۆژ ١٩٩١/٣/١٢ ڕژێمی عێراقی بە مەبەستی دەستبە سەرداگرتنەوەی قەرەهەنجیر هێرشێکی فراوانی دەستپێکرد، بەڵام کوڕانی گەل و جەماوەری ناوچەکە بەرپەرچی هێرشەکەی داگیرکەریان دایەوەو تێکیان شکاند، قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهید بوونی "٣" پێشمەرگە بوو.

## ڕزگـــار بوونی شـــــاری زاخـــۆ
## ئازادبوونی شـــێخان و مەخـــمور و قەراج و کـــەندیناوا

هەڤاڵ مامجەلال لە پێشوازیەکی گەورەی جەماوەریدا ووتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد ١٩٩١/٣/١٣.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی بەرنامەی ڕاپەڕین لە دەڤەری بادینان و ڕزگار بوونی شاری ئاکرێ، ڕاپەڕین چەندین شارو شارۆچکەی دیکەی کوردستانی گرتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٣ داو لە درێژەی هەڵمەتەکانی ڕاپەڕیندا جەماوەرو شانە چەکدارەکان و هێزی پێشمەرگە، شاری زاخۆیان لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی

داگیرکەر پاککردەوە.

بە ڕزگار بوونی شاری زاخۆ شەرەفی ئەوەی پێبڕا پێشوازی لە ڕابەری کوردایەتی جەنابی مامجەلال بکات و لە نێو پێشوازی گەرمی جەماوەردا وتارێکی گرنگ و مێژوویی پێشکەش کرد.

لە دوای ڕاپەڕینی جەماوەری زاخۆ، جەماوەری (شێخان) ڕاپەڕین، هەر لە ڕۆژی ٣/١٣ دا مەخمورو قەراج و کەندیناواو بناری قەرەچوغ بە ڕزگاری شاد بوون.

هەر لە ڕۆژی ٣/١٣ دا دەربەند (ساژلو) پاککرایەوە، ڕۆژی پێشووتریش سەربازگەی دارەمان و ڕێگای سەرەکی کەرکوک سلێمانی – بەغدا کەرکوک کۆنترۆڵکران.

## ڕزگـــــار بوونی شـــــاری دهـــۆك
## بـــووکی کـــوردستان

ڕزگار بوونی ئامێدی و سیمێل و زاویتەو سەرسەنگ و شیلادزێ و ژمارەیەک ناوچەیتر.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٤ دوای ڕزگار بوونی شاری سلێمانی و هەولێرو گەرمیان و خانەقین و ئاکرێ و زاخۆ و چەند ناوچەیەکیتری کوردستان ڕاپەڕین سەرتاسەری دەڤەری بادینانی گرتەوە، شاری دهۆک و چەندین ناوچەی گرنگی بادینان لە داگیرکەر پاککرانەوە.

ڕزگار کردنی دەڤەری بادینان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی دکتاتۆری جگە لەوەی ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی لە ژێر دەسەڵاتی بەعس دەرهێنا، دابڕانی بادینان لە ناوچەکانیتری کوردستان و پیادە کردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لە (سیمێل) و بە زۆر ناونووس کردنی  یەزیدیەکان بە عەرەب و ڕاگواستن و سەپاندنی زمانی عەرەبی بە سەر پرۆسەی پەروەردەو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی شکست پێهێناو جەماوەری ئەو ناوچانە جارێکیتر ناسنامەو ڕەسەنایەتی خۆیان لە سایەی ڕاپەڕیندا وەرگرتەوە.

ڕزگارکردنی دەڤەری بادینان زەمینەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی لە کەرکوک ڕەخساندوو کەرکوک بووە دوا وێستگەی نەخشەو پلانی ڕاپەڕین.

لە هەڵمەت و نەبەردیەکانی ڕۆژی ٣/١٤ی دەڤەری بادیناندا شاری دهۆک و ئامێدی و سمێل و زاویتەو سەرسەنگ و شیلادزێ و سیرێ و سیارە توکا، قەسرۆکا و تەواوی ئۆردوگاکانی سەر ڕێگای سمێل و زاخۆ و ماڵتە و ئانیشکێ و تێکڕای ئەو هاوینە هەوارانە ئازاد کران کە ڕژێمی بەعس لە جێگەی شوێنی گەشت و گوزارو سەیرانگا کردبوونی بە سەربازگەو مۆڵگەو شوێنی ئەشکەنجەدان.

لە دەڤەری بادیناندا تا ڕزگار کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان (ی ن ک) ژمارەیەک شەهیدی بەخشی کە ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید حەسەن سەلیم نێروەیی
٢/ شەهید حاجی ئەحمەد نێروەیی
٣/ شەهید سالم تبیان حاجی
٤/ شەهید غەزالی عەلی وسو
٥/ جومعە ئەحمەد محەمەد
٦/ جەرجیز خزر جەبۆ
٧/ هەمزە محەمەد
٨/ عەبدوڵڕەحمان محەمەد عەلی
٩/ فۆاد دەوڵەت صادق بادلی
١٠/ خالید ئەحمەد مەهدی
١١/ محەمەد خزر جەبۆ
١٢/ هەرزخان حەمدین ئەحمەد

مـــــامــجەلال
ســــەفەر - گـــــەڕانەوە
هـــــەشت

## مـــامجەلال
## ســـــەفەر - گــــــەڕانەوە

شالاوەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ دا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ناچار بە پاشەکشە کرد، جگە لەو هێزانەی لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک و کارۆخ و دەشتی هەولێر مابوونەوە تێکڕای هێزی پێشمەرگەی کوردستان کشانەوە سەر سنوورەکان و ناو خاکی ئێران.

سەرکردایەتی (ی ن ک) سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەی هەیکەلی یەکێتی بوو بە جۆرێک لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا بگونجێت، هەموو ئەگەرێکیش لە بەرچاو گیرابوو.

بیرۆکەیەک هاتبووە ئارا کە ڕاگەیاندنی (ی ن ک) بچێتە سوریاو لەوێ جێگە و ڕێگەیان بۆ دابین بکرێت و سەرقاڵی کاری ڕاگەیاندن بن، وێنەو زانیاریان لە کادیرەکانی ڕاگەیاندن وەرگرت تا داوا بکەن پاسپۆرتیان بۆ بکرێت یان ئێران لیزە پاسیان بداتێ و بچنە سوریا، جەنگی عێراق- ئێران کۆتایی هاتبوو، ئەم بیرۆکەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو لە دوای کۆتایی جەنگەوە هەر دوو وڵات ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکانیان تەسلیم بە یەکتر دەکەنەوە، بەڵام بارودۆخەکە گۆڕانی بە سەردا هاتوو ئەو بیرۆکەیەش هەڵوەشایەوە.

## ســــاڵیادی هـــــەڵەبجە

جمهوری ئیسلامی ئێران بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ڕاگەیاند دەیانەوێت لە ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا یادوو مەراسیمی گەورە ئەنجام بدەن.

کادیرو هونەرمەندەکانی (یەکێتی) یان لە بواری موزیک و گۆرانی و شانۆو تەشکیلی بانگ کردو کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئەنجامدان، ڕێبوار سەعید، ئاکۆ غەریب، ئەردەڵان، ڕەمزی قوتبەدین، عوسمان قادر، حەمە جەزاو چەند هونەرمەندێکیتر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

هونەرمەندەکان پرۆژەیەکیان دایە جمهوری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە بەڕێوەچوونی یادەکە جمهوری ئیسلامی پێنج ملیۆن تمەنی بۆ پرۆژەکە تەرخانکرد، وێنەیەکی زۆری هەڵەبجە لە کارت و پۆستەری گەورە چاپکرا، وێنەو تابلۆی هونەرمەندەکانیان بە چاپ گەیاند، بڕیار وابوو هونەرمەندەکان دابەش بن بە سەر وڵاتانی ئەوروپادا، وێنەو تابلۆکانیان لەگەڵ خۆیان بەرن و هەر یەکە بڕۆن بۆ وولاتێک، ئەو کارت و پۆستەرو تابلۆیانەی چاپکرابوون لەساڵیادی هەڵەبجەدا دابەشبکەن و نمایشبکەن.

بۆ ئەو مەبەستە لیزە پاسیان بۆ دەرهێنان تا بڕۆنە ئەوروپا، بەڵام قاسملو بە سەردا شەهید کراو بەرنامەکە هەڵوەشایەوە.

هەر سەبارەت بە یادی هەڵەبجە لە ناوخۆی ئێراندا تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لە شاری سەقز کۆڕاڵێکیان پێشکەشکرد لە سینەماکەی سەقز کۆڕاڵەکە پێشکەشکرا کە باڵەخانەیەکی دووقات بوو لە ئەنجامی ئاپۆڕەی خەڵکدا قاتی سەرەوەی باڵەخانەکە ڕووخا، لە ژوورەوە جێگە نەما بوو خەڵکی سەقز هێندە تامەزرۆی بینینی کۆڕاڵەکە بوون پەنجەرەی هۆڵەکەیان شکاند.

جگە لە وێنەو پۆستەرو تابلۆکان (١٨) ئەلبوم لە وێنە و تابلۆی هونەرمەندەکان چاپکرا، لە ڕێگەی نوێنەرایەتیەکانەوە بە سەر وڵاتانی ئەوروپادا دابەشکرا، ئەوە جگە لەوەی جەنابی مامجەلال لە کاتی سەفەر کردنی بۆ دەرەوەی وولات بەشێکی زۆر لە وێنەو ئەلبوومەکانی لەگەڵ خۆیدا برد.

## ســـــەفەری مــــام

مامجەلال بە نیازی سەفەری دەرەوە بوو، داوای لە هونەرمەندەکان کرد کۆمەڵێک تابلۆی بۆ ئامادە بکەن تا لە ڕێگەی تابلۆی هونەرمەندەکانەوە نیشانی وولاتانی بدەن گەلی کورد تووشی چ کارەسات و نەهامەتیەک بووە.

عەباسی ڤیدیۆو ئاکۆ غەریب چوونە فرۆکەخانەی میهرئاباد و تابلۆکانیان گەیاندە مامجەلال جگە لە تابلۆکان (١٨) ئەلبوومیان دایە مامجەلال، تا لە ئەوروپا

بیداتە (١٨) کەسایەتی جیهانی و لەو ڕێگەیەوە لە زمانی تابلۆو وێنە و ڕەنگەوە مەرگەساتی ئەنفال و کیمیاباران بگەیەنێتە دنیا.

## بـــەرەو ســـوریا

بەشێکی زۆر لە کادرو سەرکردەو پێشمەرگەکانی یەکێتی و خێزانەکانیان چوونە سوریا تا لەوێوە سەفەری ئەوروپا بکەن، بە گەیشتنیان بۆ ناو خاکی سوریا بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر دەستبەسەرکران لە بەر ئەوەی پاسپۆرتیان پێنەبوو، دوای لێکۆڵینەوە ئازاد کران، کە هاتنە دەرەوە چوونە ئوتێل (شنورا) لەوێ مانەوە، ئاراس ئیبراهیم و ئاکۆی جیهاز لە سوریا بوون هاتن بۆ سەردانیان، لە هەوڵی دۆزینەوەی دەروازەیەکدا بوون تا بگەنە ئەوروپا.

## پـــرۆژەکەی کـــوەیت

دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی پەیوەندیەکانی یەکێتی بوو لە سوریا، پەیوەندی بە ئاکۆ غەریب و ئەردەڵانەوە کرد و پێیوتن، سەفارەتی کوەیت بە نیازی پرۆژەیەکی گەورەن، پێیانخۆشە کوردیش بەشداری تیا بکەن، لەو پرۆژە هونەری و کلتوریەدا باسی ئەو نەهامەتیانە بکەن کە ڕژێمی صدام بە سەر کوردستانیدا هێناوە.

ئاکۆ غەریب و ئەردەڵان چوونە سەفارەتی کوەیت لەگەڵ لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیری و هونەری سەفارەتی کوەیت کۆبوونەوە تا بزانن چۆن بەشدار بن، ئەوان وەکو عێراقی قسەیان لەگەڵ ئاکۆو ئەردەڵان دا دەکرد پێیانوتن پرۆژەیەکمان هەیە دەچێتە لوبنان و لەوێشەوە بۆ دانیمارک، پێشیان وتن لە دانیمارک دەتوانن نەگەڕێنەوە و داوای مافی پەنابەری بکەن، هەموو خەرجیەکیشیان دەکێشن، ئاکۆو ئەردەڵان بە سەفارەتی کوەیتیان وت ئێمە وەکو عێراقی نایەین، وەکو کورد چەوسێندراوینەوە، وەکو کورد ئەنفال کراوین و کیمیاباران کراوین، ئێمە هەڵەبجە و ئەنفالمان هەیە خاوەن برینێکی گەورەین، لە بەر ئەوە ئێمە دەمانەوێت لەو

پرۆژەیەدا بەشێکی تایبەت بدەن بە کورد، ئێمە کارەکانی خۆمان و بەرهەمەکانی خۆمان لەوێ نمایش دەکەین، کوەیتیەکان بەوە ڕازی نەبوون وەکو کورد بەشداری بکەن پێیان وتن ئێوە عێراقین و دەبێت وەکو عێراقی بەشداریبکەن، ئەمانیش وتیان ئێمە وەکو کورد بەشداری دەکەین، وەکو عێراقی بەشدارییناکەین.

هەر چەندە دەرگا کراوە بوو لە بەردەم داواکاری و خواستەکانیان بەڵام قبووڵیان نەکرد وەکو عێراقی بەشداریبکەن.

سەفارەتی کوەیت تابلۆکانی ئاکۆو ئەردەڵانیان بینی زۆر سەرسام بوون، زۆریان پێخۆش بوو بەشداریبکەن، بەڵام ئەوان کوردو کورد بوونیان لە سەروو بەرژەوەندیەکانیانەوە دانابوو.

نزیکەی (٦٥٠) پێشمەرگەی یەکێتی، سەڵت و خێزاندار لە سوریا بوون چاوەڕوان بوون دەرگایەک بکرێتەوەو بەرەو ئەوروپا بڕۆن.

مامجەلال هەوڵی دەدا هونەرمەندەکان بڕۆنە ئەوروپا چونکە پێیوابوو لە ڕێگەی هونەرو تابلۆکانیانەوە دەتوانن کێشەی ڕەوای گەلی کوردو ئێش و ئازارەکانی بە دنیای دەرەوە ئاشنا بکەن، هەر بۆیە چەند جارێک داوایلێکردن بچنە ئەوروپا.

چەند جارێک پاسپۆرت و ڤیزەی پۆڵەنداو لە ڕێگەی مۆسکۆوە ڤیزەی وڵاتانی تریان بۆ ئاکۆ غەریب جێبەجێکرد، بەڵام هێزە دەولیەکان بڕیاری لێدانی عێراقیان دابوو عێراق هەڕەشەی لە سوریا و ئیسرائیل دەکرد بۆیە زۆربەی سەفارەتەکان داخرابوون.

## کـــــۆبوونەوە

ئاکۆ غەریب، ئەردەڵان، کامەران قازی، خانویەکیان لە مەساکین لە دیمەشق بە کرێ گرتبوو، جەبار فەرمان هاتەماڵیان پێیوتن بەیانی کۆبوونەوەیەک لە بارەگای پەیوەندیەکانی یەکێتی هەیە، مامجەلال پەیامی هەیە بۆتان، ئەو شەوە کاک جەبار زۆربەی ماڵە پێشمەرگەکان گەڕابوو.

بۆ بەیانی چوونە بارەگای پەیوەندیەکانی یەکێتی لە دیمەشق، لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا مامجەلال بڕیاریداوە لە ڕێگەی هەکارییەوە بگەڕێتەوە کوردستان، (۳۰۰) پێشمەرگە ئامادە کراوە بێن بە پیریانەوە و مامجەلال بگەڕێتەوە کوردستان لە بەر ئەوەی بەرنامەی ڕاپەڕین جێبەجێدەکرێت، بۆیە داوا لە ئێوە دەکەین لەگەڵ مامجەلال بگەڕێنەوە کوردستان.

لەو کۆبوونەوەیەدا نەتوانرا بگەنە هیچ ئەنجامێک چوونکە کۆبوونەوەکە کت و پڕ بوو، داوایانکرد دەرفەتێکیان بدەنێ تا گفتوگۆی لە سەر بکەن دوای ئەو کۆبوونەوەیە چەند کۆبوونەوەیەکیتر لە ماڵی شێخ کامیل و شێخ دارای حەفید و ماڵی ئاکۆ غەریب و ئـەردەڵان ئەنجامدرا، دکتۆر کەمال خۆشناو بەشداری کۆبوونەوەکە بوو بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام.

سەرەتا وتیان ئەو پێشمەرگانەی خێزاندار نین و سەڵتن لەگەڵ مامجەلال بگەڕێنەوە، خێزاندارەکان منداڵەکانیان لێرەن و سەرگەردان دەبن، دواتر بڕیارێکیانداو وتیان ئەگەر مامجەلال پارەی سەفەری ئەوروپامان بۆ دابیندەکات ئێمە لەگەڵی دەگەڕێینەوە، بەڵام دەبێ مامجەلال بەڵێنی ئەوەمان پێبدات کە گەیشتینە هەکاری و تەسلیممان کرد ئێمە جارێکیتر بگەڕێینەوە سوریا و پارەمان بداتێ، ئەو کاتە داوای (۷۲) هەزار دۆلاریان دەکرد لە مامجەلال بۆ ئەو برادەرانەی دەگەڕێنەوە لەگەڵی، بەڵام مامجەلال نیگەران و تورە بوو لەو هەڵوێستەیان ووتی من بە تەنیا دەگەڕێمەوە کوردستان ئەگەر کەسیشم لەگەڵدا نەبێت، پارەم نییە بیدەم بە کەس[۲۹]

بەڵام هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چەند پێشمەرگەیەک وتیان ئێمە لەگەڵ مامجەلال دەگەڕێینەوە نە پارەمان دەوێت و نە هیچ.

۲۹ کۆبونەوەکان لەگەڵ دکتور کەمال خۆشناوو کاک جەبار دەکران، ئەوان ڕاسپاردەکانیان دەگەیاندە مامجەلال.

## حـــــكومەتی تـــاراوگە

باروودۆخەکە لە سوریا گەرم بوو، مامجەلال سەرقاڵ بوو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، هەوڵێک لە ئارادا بوو حکومەتێک لە تاراوگە درووستبکەن بۆ عێراق، وا پێویستیدەکرد مامجەلال لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراق و شیعەکاندا بەردەوام لە سەر هێڵ بێت.

ئەو سەردەمە ململانێیەک درووست ببوو، سوریەکان دەیانویست بە ئەمریکیەکان بڵێن ئێمە دەتوانین ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆنترۆڵ بکەین ئێمە پاڵپشتیان دەکەین، سعودیەکانیش هەمان بەرنامەیان هەبوو.

ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عێراقی ئەو کات لاواز بوون نەیاندەتوانی بە تەنیا خۆیان بڕیار بدەن، بۆیە بۆ هەموو پرس و ڕاکانیان دەگەڕانەوە لای مامجەلال، دەبوایە مامجەلال بڕیاری کۆتایی بدات لە سەر هەموو بابەتەکان.

## ســـەردانی ئـــۆزال

هاوکات لەگەڵ بەرنامەو پلانی ڕاپەڕین و یەکخستن و ڕێکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، هەڤاڵ مامجەلال لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لە باکور، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی تورکوت ئۆزالی کرد بۆ تورکیا تا نێوەندگیری لە نێوان تورکیای سەردەمی ئۆزال و پەکەکە بکات، لەو ڕێگەیەشەوە مەسەلەی کورد لە تورکیادا چارەسەر ببێت.

دوای سەردانی هەڤاڵ مامجەلال بۆ تورکیا و دیداری لەگەڵ تورکوت ئۆزال و گەڕانەوەی بۆ سوریا میواندارییەکی بۆ هونەرمەندان و پێشمەرگەکانی دانیشتووی سوریا ڕێکخستن.

لەو میوانداریەدا کە لە ماڵی هەڤاڵ مامجەلال ڕێکخرا بوو لە دیمەشق، ئاکۆ غەریب، دلێر ئیبراهیم، کاکە عەبەی کاریکاتێر، ئاراس ئیبراهیم، قادری حاجی عەلی، جەبار فەرمان، جەلالی حەمەی محە و ژمارەیەکیتر ئامادە بوون.

لەو میوانداریییەدا هەڤاڵ مامجەلال بە کەیفی خۆشەوە بە هەڤاڵانی وت دەبێ لەمەودوا خۆمان فێری تورکی بکەین، لە بەر ئەوەی تورکوت ئۆزال بەڵێنیداوە

کێشەی کورد لە تورکیادا چارەسەر بکات بەڵام دواتر هەوڵەکان لە بار بران و تورکوت ئۆزال لە دۆخێکی تەمومژاویدا گیانی سپارد چارەسەری مەسەلەی کوردیش لە تورکیا بەم دۆخەی ئێستا گەیشت، دوای ئەو سەفەرەی مامجەلال و گەڕانەوەی لە تورکیا، کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لوبنان ساز کرا.

## کـــۆبوونەوەی بـــەیروت (حـــکومەتی مەنفا)

لە بەیروتی پایتەختی لوبنان ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست، بۆ ئەوەی حکومەتێک لە مەنفا درووست بکەن.

لە کۆبوونەوەکەی بەیروت هەندێک لە شیعەکان بە زمانێک قسەیان دەکرد ئەگەر لە ئایندەدا حکومەتی عێراقی بکەوێتە دەستیان لەگەڵ کورد باش دەبن و ئۆتۆنۆمی بە کورد دەدەن مامجەلال لە سەر ئەو هەڵوێستەی شیعەکان تووڕە بوو داوایلێکردن خۆیان حکومەت درووست بکەن کورد لەگەڵیاندا بەشداریناکات، وتبووی ئێوە کێن ئۆتۆنۆمی دەدەن بە کورد لە کاتێکدا هەتا ئێستا ئێمە دەتانپارێزین، لە کوردستان جێگەمان کردوونەوە بارەگاکانتان دابنێن، پێشمەرگەیە دەتانپارێزێت، دوای ئەو هەڵوێستەی مامجەلال ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بە تایبەت ئەوانەی ئەو قسانەیانکردبوو داوای لێبوردنیان لە مامجەلال کردوو ڕوونیانکردەوە کە مەبەستیان ئەوە نەبووە.

## کـــۆبوونەوەی ســـــعودیە

هەڤاڵان لە ماڵی مامجەلال بوون لە دیمەشق، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەیانویست کۆبوونەوەیەک لە سعودیە بکەن، بەڵام مامجەلال ڕازی نەبوو بچن بۆ سعودیەو بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بکەن بە مەرج نەبێت، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەر هەڵوێستی مامجەلال ڕاوەستان نەیانتوانی بچنە سعودیە.

سەبارەت بە پرسی بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کۆبوونەوەی سعودیە عەبدولحەلیم خەدام تەلەفونی بۆ مامجەلال کرد پێیوت (ئەبو شەلال) بەرنامەی کۆبوونەوەیەک هەیە لە سعودیە مامجەلال پێیوت ئێمە ناچین، ئەگەر بچینە سعودیە

دەبێ مەلیکی سعودیە بە فەرمی پێشوازیمان لێبکات، ئێمە بە فڕۆکەی سوری ناچین دەبێت فڕۆکەی مەلەکی سعودی بە تایبەت بێت بە دواماندا بڕۆینە سعودیە، لەوێ نوێنەری مەلیک پێشوازیمان لێبکات و میوانی مەلیک بین ئەو کاتە دەچین.

عەبدولحەلیم خەدام بە مامجەلالی وت پەیوەندی دەکەمەوە، دوای بیست دەقەیەک عەبدولحەلیم خەدام پەیوەندی بە مامجەلالەوە کردەوەو وتی (ئەبو شەلال)[30] سعودیەکان ڕازین، فڕۆکەیەک دێت بەدواتاندا دەتانبەنە سعودیە و لەوێش پێشوازیتان لێدەکەن.

ڕاپەڕین لە کوردستان لە چەخماخەیدابوو، دوای ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بە بەشداری کارای مامجەلال و یەکێتی، مامجەلال چوو بۆ نەمسا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی و لەوێ خەڵاتی ئاشتی وەرگرت، زنجیرەیەک کۆبوونەوەشی ئەنجامدا.

## گـــــەڕانەوەی مـــــامجەلال

ئەو ئێوارەیەی مامجەلال لە نەمساوە گەیشتەوە دیمەشق پەیوەندیکرد بە نوێنەرایەتی یەکێتی لە سوریا و پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ناو خاکی سوریاداو پێیڕاگەیاندن دەگەڕێمەوە کوردستان کێ دێتەوە بێتەوە کێش نایەتەوە خۆم دەگەڕێمەوە، لە کوردستان ڕاپەڕین ڕوویدا بوو، بەردەوام لە ڕێگەی جیهازەوە هەواڵەکانی کوردستان و هەنگاوەکانی ڕاپەڕین دەگەیشتن، ئاکۆی جیهاز لە سەر جیهازەکە بوو برووسکەی وەردەگرت، لە بارەگای پەیوەندیەکانی یەکێتی لە سوریا، مامجەلال هاتە ژووری جیهازوو بە ئاکۆی وت هەواڵ چیە، ئاکۆ بە مامجەلالی وت بەداخەوە حەمە ڕەش شەهید بووە مامجەلال هەر دوو چاوی پڕبوو لە ئاو، چەند جارێک وتی

دەستم بشکێ، کوێرایم دایە بۆ حەمە ڕەش بەڵام دەبێ تۆڵەی بکەینەوە، مامجەلال زۆر غەمبار بوو بە شەهید بوونی حەمە ڕەش.

---

[30] باڤڵ بە مانای تاڤگە بە عەرەبیش مانای (شەلال) هەر بۆیە بە ناوی کاک باڤڵەوە بە مامجەلالیان دەوت (ئەبو شەلال)

دوای ئەوەی مامجەلال ڕایگەیاند دەگەڕێمەوە کوردستان لە ماڵی شێخ دارای حەفید کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا، سەبارەت بەوەی کێ دەگەڕێتەوە لەگەڵ مامجەلال.

ئاکۆ غەریب، جەلالی حەمەی محە، مامۆستا شێرکۆ وتیان ئێمە دەگەڕێینەوە، مامجەلال بە ئاکۆ غەریبی وت تۆ نابێ بگەڕێیتەوە تۆ هونەرمەندی دەتنێرمە ئەوروپا لەوێ ئیشم پێتە، مامجەلال بە قادری حاجی عەلی و جەبار فەرمانی وتبوو ئاکۆ با نەیەتەوە، بەڵام ئاکۆ گەڕایەوە، وتیان مامجەلال لە قامیشلووش بێت دەتگێڕێتەوە، ووتی قەینا با بمگێڕێتەوە.

برادەرێک ناوی خاڵە ڕێبوار بوو، پێشتر پاسۆک بوو دوایی ببوو بە پارتی، لە ماڵی جەلالی حسێن کەلۆش بوو لە دیمەشق، خاڵە ڕێبوار لە کۆبوونەوەکەدا هەستا قسە بکات ووتی من پارتیم کە دەڕۆمەوە هەر دەبم بە پارتی، بەڵام گەڕانەوەی مامجەلال لەم بارودۆخەدا پێویستیەکی مێژووییە، بۆیە من ڕایدەگەیەنم لەگەڵ مامجەلال دەگەڕێمەوە.

ئەو ئێوارەیەی مامجەلال گەڕایەوە دیمەشق و بڕیاری گەڕانەوەیدا، لە دیمەشق برادەرێکی لێبوو خەیات بوو ناوی ئاراس بوو ژن برای شێخ کامیل بوو، مەکینەیەکی خەیاتیان هێنایە بارەگای پەیوەندیەکانی یەکێتی لە دیمەشق، قوماشیان کڕی، ئاراس دەستیکرد بە جل دورین، ئەو پێشمەرگانەی بە نیازی گەڕانەوە بوون چوون قیاسی گرتن، هەر پێشمەرگەیەی قاتێکی بۆ دورین، دوو قاتیشی بۆ مامجەلال دوری.

ئامادەکاری کرابوو بۆ گەڕانەوە، مامجەلال پەیوەندی کردبوو بە ئەحمەد بامەڕنیەوە لە ئەوروپا، ئەویش گەڕایەوە، یوسف زۆزانیش هاتەوە، شاخەوان عەباس لە دیمەشق بوو ئەویش بڕیاری گەڕانەوەیدا، پشکۆی شەهید عەبدولخالق مەعروف لە دیمەشق بوو ئەویش بڕیاری گەڕانەوەیدا، کچێکی ڕۆژنامەنووس لە ئۆستراليا هاتبووە دیمەشق ئەویش لەگەڵ مامجەلال گەڕایەوە.

ئەو شەوەی کە دەگەڕانەوە کاتژمێر چواری بەیانی پشکۆو ئاراس چوون بۆ فڕۆکە خانە سەربەست بامەڕنیان هێنا ئەویش گەڕابوەوە، بڕیار وابوو کاتژمێر (٦) ی بەیانی لە بەردەرگای ماڵی مامجەلال بن و لەوێوە دەرچن بۆ قامیشلو.

کۆی ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵ مامجەلال گەڕانەوە:

١/ ئاکۆ غەریب

٢/ جەلالی حەمەی محە

٣/ مامۆستا شێرکۆ

٤/ خاڵە ڕێبوار

٥/ یوسف زۆزانی

٦/ ئەحمەد بامەڕنی

٧/ سەربەست بامەڕنی

٨/ شاخەوان عەباس

٩/ جەبار فەرمان

١٠/ پشکۆ عەبدولخالق مەعروف

١١/ بێریڤان

کاتژمێر (٦)ی بەیانی چوونە بەردەرگای ماڵی مامجەلال چەند ئۆتۆمبێلێکی تەکسیان بۆ ئامادە کرد بوون، مامجەلال هاتە خوارەوە، ئەو شەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ماڵی مامجەلال خەوتبوو هەر بە جلی خەوتنەوە کە تراکسودێک بوو هاتە خوارەوە، ماڵاوایی لە پێشمەرگەکان کرد یەکە یەکە تەوقەی لەگەڵکردن و ئەملاولای ماچکردن.

ئۆتۆمبێلە تەکسیەکان ئامادە بوون، بەرنامەکە وابوو بە نهێنی بڕۆن کەس نەزانێت هەتا دەگەنەوە کوردستان، ئەو بەیانیە بوو بە هەورو هەڵا، بارانێکی بەخوڕ دەباری، مامجەلال و پێشمەرگەکان کەوتنە ڕێ، پێشمەرگەکان بە سەر ئۆتۆمبیلەکاندا دابەش بوون، مامجەلال کۆمەڵێک پاسەوانی سوری لەگەڵ بوو، هەر ئۆتۆمبێلێک پاسەوانێکی سوری لەگەڵ سەرکەوت، پێشمەرگەکان چەکیان پێنەبوو تەنها ئاکۆ غەریب چەقۆیەکی پێبوو[٣١]

٣١ پێش گەڕانەوە ئاکۆ غەریب (٥٠٠٠) لیرەی لە کاک جەبار فەرمان وەرگرتبوو، بە چەرم لولەیەکی دروستکردبوو بۆ تابلۆکانی، کردبوونیە ناو لولە چەرمەکەوە تا باران خراپیان نەکات، چەقۆیەکیشی کڕیبوو، هەموو چەکەکەیان ئەو چەقۆیەی ئاکۆ بوو.

مامجەلال ئۆتۆمبێلێکی مازدای مۆدێل ١٩٨٨ هەبوو، مامجەلال و ئەحمەد بامەڕنی لە دوای مازداکە سەرکەوتبوون.

کاک جەبار و هەڤالانیتر دوو دوو لە ئۆتۆمبێلێکدا بوون، ڕێگەی دیمەشق تا قامیشلوو یەک سایدی دوو ئاڕاستە بوو دوو ساید نەبوو.

ئۆتۆمبێلی پێشمەرگەکان خێرا دەڕۆیشتن لە پێشیانەوە، تەنها ئۆتۆمبێلەکەی ئاکۆ غەریب و خاڵە ڕێبواری تیا بوو لە دوای ئۆتۆمبێلەکەی مامجەلالەوە مابوون، ماوەیەک ڕۆیشتن تەماشایانکرد لە ژێر ئۆتۆمبێلەکەی مامجەلالەوە ئاگرو گڕ دەهاتە دەرەوە، بەرەو ڕووشیان ئۆتۆمبێل و ترێلەی گەورە دەهاتن، لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا ڕادیۆی (دیمەشق) یان کردبوەوە ڕایگەیاند، جەلال تاڵەبانی بەڕێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لە کاتێکدا بڕیار وابوو بە نهێنی بگەڕێتەوە، بەڵام سوریا گەڕاندنەوەکەی لە ڕادیۆی دیمەشقەوە بڵاوکردەوە، ترسی ئەوەیان لێنیشت ئەو ئاشکرا کردنە پیلانێکی لە پشتەوە بێ.

ئۆتۆمبێلەکەی ئاکۆ غەریب و خاڵە ڕێبوار لە دوای ئۆتۆمبێلەکەی مامجەلالەوە دەڕۆیشت ئۆتۆمبێلەکەی  مامجەلال گڕی لێدەردەپەڕی، دوای ماوەیەک ڕۆیشتن هێواشی کردەوەو لایدایە قەراخ ڕێگاکە، ئاکۆو خاڵە ڕێبوارو پاسەوانە سوریەکەی کە لەگەڵ ئەوان سەرکەوتبوو دابەزین، ئاکۆ قەمسەڵەیەکی گەورەی لە بەردابوو مامجەلالیان لە ئۆتۆمبێلەکە داگرتوو قەمسەڵەکەیاندا بە سەر مامجەلالدا باوەشیان پیاکردوو خستیانەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیان، کە سەیری

ئۆتۆمبێلەکەی لای مامجەلالیان کرد تایەی دواوەی لای سەکنی تەقیبوو کەوتبووە سەر ویل، ئەو گڕەی لێی دەردەچوو ویلەکە بوو بەر جادەکە دەکەوت گڕی لێدەبوەوە، ئاکۆ چەقۆکەی دەرهێناو لای دەرگاکەی مامجەلالەوە وەستا تا تایەی ئۆتۆمبێلەکەیان گۆڕی، مامجەلالیان هێنایەوە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی، لە نێوان مامجەلال و ئەحمەد بامەڕنی دا لە دوای ئۆتۆمبێلەکەدا شیرینی سوهانی ئەسفەهان دانرا بوو، کە مامجەلال سەرکەوتەوە ئاکۆ چنگی کرد بە شیرینیەکەدا، مامجەلال پێیوت بەشی ئێمەش بهێڵەرەوە.

مامجەلال سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتوو کەوتنە ڕێ ئۆتۆمبێلەکانیتر زۆر ڕۆیشتبوون لە ئۆتۆمبێلەکەی مامجەلال دوور کەوتبوونەوە لە دووڕیانی حەلەب- قامیشلوو وەستا بوون لەوێ یەکیانگرتەوە.

مامجەلال بە هەڤالانی وت دەچین بۆ (تەدمور) هاوڕێیەکم لەوێ کەبابخانەی هەیە زیاتر لە (٣٠) ساڵە نەمدیوە نیوەڕۆ لای ئەوان نان دەخۆین، بەڕێکەوتن بۆ (تەدمور) چوونە کەبابخانەکە، خاوەنی کەبابخانەکە هات بە پیریانەوە، لەوێ نانیان خواردوو پشوویانداو کەوتنە ڕێ بەرەو قامیشلوو چوونە ئوتێلی (مەرکەز شەباب) کە بە تایبەت چۆڵکرا بوو بۆ مامجەلال و هاوڕێکانی.

مامجەلال هەوڵیدەدا هەرچی زووترە بڕۆن، بەڵام باران بواری نەدەدا، بارانێکی زۆر لە خاپور باریبوو پەڕینەوە ئاستەم بوو.

هێرۆ خان گەیشتبووە زاخۆ لەو بەری زێ بوو لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مامجەلالدا بوو، لە قامیشلوو ڕۆژانە میوان دەهات بۆ لای مامجەلال، هەموو ڕۆژێک داوەت دەکران و دەچوونە میوانی.

لە قامیشلوو دوو کەسی پەکەکە تەسلیم بە هێزەکەی مامجەلال کران، پێشمەرگەکان نەیاندەزانی کێن، دواتر زانییان یەکێک لەو دوو کەسە جەمیل بایک بووە.

مامجەلال و هاوڕێکانی لە قامیشلوو بوون، هێشتا باران و شەپۆلە هەڵچووەکانی زێی خاپور بواری پەڕینەوەیان نەدەداو سەر شێتانە خۆیان بە ئەمبەراو بەری زێیەکەدا دەدا، کەفوکوڵی سەر شێتانەیان نەدەنیشتەوە.

شەوێک ژنێکی ئەڵمانی هات بۆ لای مامجەلال کوڕێکی لەگەڵ بوو ناوی مەکی بوو سەر بە پارتی گەل بوو، ئەو ژنە چوو بووە بارەگای پارتی گەل و وتبووی دەمەوێت بچمە لای مامجەلال چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدەم، مەکی لەگەڵ خۆی هێنا بووی بۆ ئەو ئوتێلەی مامجەلالی لێدابەزیبوو.

شەو درەنگانێک گەیشتنە لای مامجەلال ژنەکە (لیسی شمیدت) بوو، چوار ساڵ لە باکوری کوردستان ژیابوو کرمانجی دەزانی، چاوپێکەوتنی لەگەڵ مامجەلال

ئەنجامدا، هەر ئەویش بوو بۆ یەکەمجار هەواڵی ڕاپەڕینی کوردستانی لە ڕادیۆی ئەڵمانیا بڵاوکردەوە.

## تـــەزبیحەکەی مـــام

دوای چاوپێکەوتنی (لیسی شمیدت) دوو کەناڵی ئەڵمانی هاتن بۆ قامیشلوو، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ مامجەلال ئەنجامدا لە ژوورەکەی خۆی، ئەحمەد بامەڕنی لە پاڵ مامجەلال دانیشتبوو پێشمەرگەکانیش لە ناو دەرگای ژوورەکە وەستا بوون گوێیان لە مامجەلال دەگرت.

مامجەلال تەزبیحێکی قەزوانی درێژی بەدەستەوە بوو، بۆ ئەوەی تەزبیحەکە لە کامێراکە دەرنەچێ، ئەحمەد بامەڕنی لە ژێر کامێرەکەوە، دەستیبرد تەزبیحەکە لە مامجەلال وەرگرێ، مامجەلال دەستی ڕاپسکاندو ووتی دەستت لابە ئەوە کلتوری ئێمەیە

ئەمانەش لە وڵاتی خۆیان هەزار شتیان هەیە، کامێراکان وێنەی ئەو گفتوگۆیەیان گرت کە لە نێوان مامجەلال و ئەحمەد بامەڕنی ڕوویدا، دواتر بوو بە پێکەنین.

ئەو ڕێگایەی دەبووایە پێیدا بڕۆن، وەرد بوو ببوو بەقوڕ، ئەو بەلەمەی بۆیان ئامادە کردبوون لە بەر خوڕەی ئاوەکەو توڕەیی شەپۆلەکانی نەیاندەتوانی پێی بپەڕنەوە.

مامجەلال دووپاتی دەکردەوە لەو بەر خاپور ئۆتۆمبێل بۆ هەموو پێشمەرگەکان ئامادە بکەن، یەکێک لە سکرتێرەکانی مامجەلال لە زاخـۆوە هاتبووە قامیشلو مامجەلال ڕایسپاردبوو ئۆتۆمبێل بۆ پێشمەرگەکان ئامادە بکەن و ئامادە سازی بکەن بۆ گەڕانەوە.

بارەگایەکی یەکێتی لە قامیشلوو هەبوو چەک و تەقەمەنی یەکێتی لێبوو، جەلالی حەمەی محەو مامۆستا شێرکۆو ئاکۆ چوونە بارەگاکە چەک وەرگرن برادەرێکی لێبوو کۆمەڵێک چەکی دانێ ژەنگی هێنابوو تەقەیان نەدەکرد، مامجەلال ووتی ئەوە چیە هێناوتانە دارە یان چەکە، ئەمە تەقە ناکات، ئێمە چەکمان هەیە لە ناو گریسدایە

لە سندووقدا، جارێکیتر گەڕانەوە چەکە تازەکانیان وەرگرت، کلاشینکۆفی مزەلی لە ناو سندووقدا، چەکەکانیان دابەشکردوو پاکیانکردنەوە، چەند دەمانچەیەک درایە کاک جەبارو چەند کەسێکیتر.

سـازوو ئامادە بـوون بۆ گـەڕانـەوە، ئـەو شـەوەی بڕیار بوو لە زێی خاپور بپەڕنەوە، سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری پارتی گەل و قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان وەڵامیان نارد بوو بۆ مامجەلال، ئێمەش دەگەڕێینەوە لەگەڵتان، ئەوانیش لەگەڵ مامجەلال دا گەڕانەوە کوردستان.

کاتژمێر دووی شەو ئوتێلەکەیان بەجێهێشت هەندێک لێپرسراوی سوریان لەگەڵدا بوو تا جادەی قیر ماڵاواییان لێکردن، ئۆتۆمبێلێکی لاندکۆزەرو ئیڤایەکیان لەگەڵ بوو، بەو دوو ئۆتۆمبێلە تا سەر زێ هاتن.

شەوێکی تاریکبوو ئاکۆ غەریب کۆڵە پشت و تاقم و تفەنگ و جانتایەکی گەورەی پێبوو لەگەڵ جانتایەکی خۆی و جانتایەکی هێرۆ خان، تابلۆکانیشی کردبووە ملی سوریەکان بەرەو ڕووی هاتن پێیان سەیر بوو ئەو لولە درێژە چیە، یەکێک لە سوریەکان خۆی پێنەگیرا هاتە لای ئاکۆو لێیپرسی ئەوە ئێس بی جی ناینە، ئاکۆش ووتی بەڵێ ئێس بی جی ناینە.

شەو بە تاریکی گەیشتنە سەر خاپور، چونکە ئەگەر لە فایدەوە ببینرانایە بە هاوەن لێیان دەدان ڕێگاکە قوڕ بوو چەند جارێک لاندکرۆزەرەکە چەقی، گەیشتنە سەر ئاوی خاپور بەلەمێکی چووپیان بۆ ئامادەکردبوون بۆ پەڕینەوە مامجەلال بە سەر پێڵاوەکانی خۆیدا جووتێک جزمەی کردە پێ، لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا دابەزین بە ناو قوڕو لیتەدا ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر جادە، ڕێگەیەکی باریک هەبوو مین ڕێژ کرابوو پێیان نەوتبوون ئەو ڕێگایە مین ڕێژە، لە سەر ڕێگا مینەکانیان بینی، باران هێنابوونی.

کە گەیشتنە ئەو بەر تەنها یەک لاندکرۆزەر هاتبوو مامجەلال و کاک جەبارو چەند پێشمەرگەیەک سەرکەوتن و بەرەو زاخۆ ڕۆیشتن.

خەڵکی بادینان زانیبوویان کە مامجەلال دەگەڕێتەوە لە زاخـۆوە ئۆتۆمبێل ڕیزی بەستبوو تا سەر ئاوی خاپور، بە باوەش پێشمەرگەکانیان سەر خستە سەر ئۆتۆمبێلەکانیان، جانتاو کەلووپەلەکانیان لێوەرگرتن و گەیاندیانە زاخۆ، کە گەیشتنە زاخۆ زۆر قەرەباڵخ بوو پێشمەرگەکان لە ناو ئاپورەی جەماوەردا گەیشتنە لای مامجەلال، خەڵک لولەی تفەنگەکانیان گرتبوون لاقی تفەنگەکانیش بە دەست پێشمەرگەکانەوە بوون، بەو شێوەیە سەریان خستن.

## وتـــارە مـــێژووییەکەی مـــامجەلال

باڵەخانەیەک لە زاخۆ بووە شوێنی وتارێکی گرنگ و مێژوویی، مامجەلال، لە لێواری باڵەخانەکە ڕووەو دەرەوە بوو هەزاران کەس وەستا بوون بە حەماسەوە چاوەڕێی وتاری مام بوون، لە نێو ئاپۆرەی هەزاران لە خەڵکی بادینان و زاخۆ وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد پیرۆزبایی ڕاپەڕین و نەورۆزی ڕزگاری لە خەڵک کرد دوای وتارە مێژووییەکەی مامجەلال، مامجەلالیان بردە ماڵێک بۆ پشوودان قاتێک جلی بادینیان بۆ ئامادە کردبوو ئەو جلەی لە بەرکرد، دەستەی پارێزەری مامجەلال لە سلێمانیەوە هاتبوونە زاخۆ (هێرۆ خان) یش لەوێ بوو.

پێشمەرگەکان دابەشبوون بە سەر ماڵەکاندا ئاکۆ غەریب، جەلالی حەمەی محە، مامۆستا شێرکۆ، خاڵە ڕێبوار چوونە ماڵێک پشوویاندا زۆر ڕێزیان لێگرتن، دوای نان خواردن خەوتن، بەرنامەیان دانابوو پاسەوانی بگرن بەڵام لە بەر هیلاکی فریا نەکەوتن خەویان لێکەوت.

مانگی ڕەمەزان بوو، بەرە بەیان ئاکۆ لە دەنگی سەڵای مەلا خەبەری بووەوە سەیریکرد خاوەن ماڵەکە بە برنەوێکەوە لە ناو دەرگاکەدا دانیشتووە پاسەوانیان دەکات، بەیانی هەستان لە خەو نانیان خواردوو وتیان ئێمە جانتاو کەلووپەلمان پێبووە، ماڵەکە وتیان هەقی هیچتان نەبێت هەموویتان بۆ دێنینەوە، پیکابێکیان نارد هەموو شتەکانیان بۆهێنانەوە.

ژمارەیەک لەو پێشمەرگانەی لە سوریاوە لەگەڵ مامجەلال هاتبوونەوە بە جەبار فەرمانیان وت دەمانەوێت بگەڕێینەوە سلێمانی، کاک جەبار بە مامجەلالی وتبوو، مامجەلالیش وتبووی زۆر باشە بە مامۆستا نازم بڵێ خەرجی ڕێگەیان بداتێ مامۆستا نازم هەر پێشمەرگەیەو (٥٠) دیناری دانێ، پێشمەرگەکان وەریان نەگرت وتیان لە زاخۆوە پێیناگەینە (دهۆک) پارەکەیان وەرنەگرت و ڕەتیان کردەوە.

پاسێکی کۆستەر لە سلێمانیەوە هاتبوو هەندێک کوری هێنابوو، برووسکەیان کرد پاسەکە نەڕوات ئەو پێشمەرگانە بەرێتەوە سلێمانی.

شێخ جەبار شۆفێری کۆستەرەکە بوو خزمی ئاکۆ غەریب دەرچـوو، سەر کۆستەرەکە کەوتن کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتنە سلێمانی.

## ڕۆژانی 15 تا 3/19 لە چـــاوەڕوانی ڕزگـــاربوونی کەرکوکدا پـــێکان و خـــستنە خوارەوەی کـــۆپتەرێك لە خورماتوو تێکشکاندنی هێرشی بەربلاوی ڕژێم

ڕۆژانی ١٩٩١/٣/١٦/١٥ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال و بەڕێوەچوونی ڤیستیڤاڵی هەڵەبجە لە شاری سلێمانی.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٥ جگە لە زنجیرەیەک داستانی بەرگری و تێکشکاندنی هێرشەکانی ڕژێم، ڕێو شوێنی توندی پاراستنی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، خۆ سازدان بۆ ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال، بەڕێوەچوون.

لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٥ هێزە تێکشکاوەکەی ڕژێم بە پاڵپشتی کۆپتەرو تانک و زرێپۆش و سەربازێکی زۆرو بە پشتیوانی موجاهید خاسە زنجیرەیەک هێرشیان هێنایە سەر خورماتوو، بەلام تێکڕای هێرشەکان تێک شکێنران و کۆپتەرێکی ڕژێمیان لە سەر ئاسمانی خورماتوو خستە خوارەوە، ڕژێم بەم هێرشانە دەیویست ڕێگە لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوک بگرێت و ڕاپەڕین بەرتەسک بکاتەوە، بەلام هێرشەکانیان وردوو خاشکران و کەرکوکیش ڕزگار کرا.

ڕۆژانی ١٥ تا ١٩ی مانگ ڕۆژانی چاوەڕوانی و خۆ سازدان و خۆ ئامادە کردن بوو بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک.

ڕۆژی ١٦ ی مانگ نووسەران و ڕووناکبیرانی سلێمانی یادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالیان بەرز ڕاگرت.

## ڕێـــکخستن و شـــانە چـــەکدارەکانی کـــەرکوك

بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەوەمان لا ڕوون بێت نووسین و ساخ کردنەوە لە سەر ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی کەرکوک لە خۆ سازدان و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین وردوو کەمێک ئالۆزە، ئالۆز بەو مانایەی شێوازو جۆری پەیوەندیەکان تەنها لە ڕێگەی یەک هێڵ و یەک خەت و یەک کەرت و پۆلی ڕێکخستن نەبووە بەڵکو فراوان و گشتگیرو فرە جەمسەر بووە.

بەو هۆیەی کەرکوک لە هەر دوو شاری سلێمانی و کەرکوکەوە هاوتەریب و نزیکە، ڕێکخستنەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، هێڵ و شانە چەکدارەکانی هەر سێ لا تا ڕادەیەک لە یەکتری نزیک بوون و کاری هاوبەش و خاڵی هاوبەشیان هەبوو.

گەر سەیری ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵە بکەین بەشێک لە ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی کەرکوک لە ناو ڕێکخستنەکانی هەولێر و شانە چەکدارەکانی هەولێرو سوپای ڕزگاری کوردستاندا نەک هەر بەدیدەکرێن بەڵکو زۆریشن.

گەر چاوێک بە لاپەڕە پرشنگدارەکانی پێش ڕاپەڕین لە ڕانیەو چوارقوڕنەو باینجان و بازیان و چەمچەماڵ لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا بگیرێن.

چەندین هێڵ و خەتی ڕێکخستن و شانەی چەکداری برووسک و سوپای ڕزگاری کوردستان بەرچاودەکەون کە لە ڕێگەی ڕێکخراوی هەولێرەوە دووبارە تێکەڵاو بە یەک سەرچاوە دەبنەوە.

گەر سەیری مێژووی پرشنگداری ڕێکخراوی سلێمانی بکەین، بەشێک لە تێکۆشەرانی ڕێکخستنەکانی تەکیە، چەمچەماڵ، کەرکوک، سەر بە ڕێکخراوی سلێمانی بوون، بەڵام لە دوای دەستگیرکردنی بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوی سلێمانی، بەشێک لەو هێڵ و خەتانەی دابڕاون، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ڕانیە، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، دووبارە تێکەڵ بە ڕێکخراوی هەولێر دەبنەوە ئەگەر بۆ زەمەنێکی کەمیش بێ.

هێڵ و خەت و ڕێکخستنەکان، سرک و شانە چەکدارەکانی برووسک، لە کەرکوکدا زۆرن، بەڵام دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەو مێژووە پرشنگدارە ئەستەمە بتوانرێت

سەرجەمیان وەکو خۆیان بنووسرێنەوەو بخرێنە سەر کاغەز.

شێوازی یەکتر ناسین و بەیەکەوە گرێدانی ڕێکخستنەکان بە جۆرێک بووە، لە دوو یان سێ کەس زیاتر یەکتریان نەناسیوە، بەرنامەی سوپای ڕزگاری کوردستانیش بۆ دروستکردنی هێزی چەکدار لە ناو شاردا هەر بە هەمان شێوە بووە هەتا شانەکانی برووسک لە ناو شاری هەولێرو کەرکوکیش جۆرێک لە تێکەڵ بوونیان پێوە دیارە کە دواتر توانرا بە دانانی (سفر) ێک بۆ پێشگری ژمارەی شانەکانی کەرکوک لە ژمارەی شانەکانی هەولێر جودا بکرێتەوە.

ئەم پێشەکیەم بۆ ئەوەیە گەر نەمانتوانیبێ تێکڕای هێڵ و خەت و ناوەکان ساخ بکەینەوە لە دەستە پاچەیمان نیە، بەڵکو لە ڕووداوەکانی چەندساڵی ڕابردوودا بەشێک لەو وردەکاریانە فەوتاون، ئەو هەڤاڵانەی ئێستاش لە ژیان ماون، زاکیرە و یادەوەریان بەشێکی کەمی ڕووداوەکانی تۆمار کردووە ئەوانەشی کۆچی دواییان کردووە دەیان نهێنی و ژمارەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووەتە گۆڕ بەڵام ئەوەی گرنگە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە ئەو جۆش و خرۆشەی سەردەمی ڕاپەڕینە بۆ ڕزگار کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان، کە ڕۆڵەکانی کەرکوک و (ی ن ک) سەلماندیان کەرکوک شارێکی دێرینی کوردستانەو هەر بە کوردستانی بوون دەمێنێتەوە.

ئـەوەی ئێمە لێرەدا لە سـەری دەوەستین ڕزگارکردنی شـاری کەرکوک و ئامادەکاریەکانی سەرکردایەتی (ی ن ک)ە بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکوک پێش ڕاپەڕین کە خۆی لە دروستکردنی شانە چەکدارەکان و هێڵەکانی ڕێکخستن دەبینیتەوە لە کەرکوک و دەرەوەی شاری کەرکوکدا، لەگەڵ خۆڕێکخستنەوەو خۆ سازدانەوە لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالی بەدناو.

## کـــۆبوونەوەی تـــەکیە

وەکو لە بەشەکانی پێشودا ئاماژەمان پێدا بە سەرپەرشتی وەستا بەکری دارتاش لە ناو شارۆچکەی تەکیە کۆبوونەوەیەک بە چەند هێڵێکی ڕێکخستن کرا، کۆسرەت ئاغجەلەری و چیا ، کامیل، جەلال، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

دوای دەستگیرکردنی وەستا بەکری دارتاش و بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوی سلێمانی پەیوەندی ئەم هێڵانەش پچڕا، پێش دەستگیرکردنی وەستا بەکر ئەم هێڵانە لە ڕێگەی (چیا)وە ڕووبەڕووی (حەسەن بەگ) کرانەوە لە باینجان کە فەرماندەی مەفرەزەیەکی سرک بوو، دوای ئاشکرابوونی حەسەن بەگ و خۆ پەنادانی ئەم هێڵانەش لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ڕانیەو چوارقوڕنەوە پەیوەندیان گرێدایەوە.

چیاو کۆسرەت ئاغجەلەری پەیوەندیەکانیان فراوان بوو بە هۆی ئەو دۆخەی ڕێکخستنەکانی پیاتێدەپەڕی لە چەند لایەکەوە لە سەروی خۆیانەوە ئاگادارکرانەوە چیاو کۆسرەت ئاغجەلەری بڕۆنە هەولێر لە بەردەم هۆتێلی قەسری شیمال پیاوێک کراس و شەروالێکی لە بەردایە ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوەیە دەتانبینێ و ڕێنمایتان دەداتێ، کە چوون بۆ دیدارەکە ئەو کەسەی هاتە لایان مستەفای سەید قادر بوو.

ئەو چوار هێڵەی سنووری تەکیە، چەمچەماڵ، کەرکوک سێ مەفرەزەی (سرک) سوپای ڕزگاری کوردستانیان درووستکرد بەم شێوەیە:

**مەفرەزەی یەکەم:**

١/ ئازاد نەجمەدین ساڵح (کۆسرەت ئاغجەلەری) فەرماندەی مەفرەزە

٢/ ستار محمد امین غفور (ڕێبوار

٣/ سدیق محمد ساڵح (هێمن)

٤/ سدیق بەکر محمد (ڕاستی)

٥/ فواد قادر فەرەج (پەروەر)

٦/ عەزیز عومەر محەمەد (دلێر)

٧/ سابیر محەمەد ساڵح (وەستا سابیر)

٨/ جەمال فەتاح ڕەحیم (هەڵکەوت)

٩/ کەمال فەتاح ڕەحیم

١٠/ ئەرسەلان عەبدوڵڵا

١١/ قاسم جەرجیس

**مەفرەزەی دووەم:**

١/ جەلال محەمەد شەریف (هەڵمەت) فەرماندەی مەفرەزە

٢/ کاکە زیاد عەبدوڵرەحمان فەتاح (چالاک)

٣/ تاڵیب محمود ابراهیم (ئارام)

٤/ محەمەد قادر نادر(پشکۆ)

٥/ محمود پیرۆت قادر (کۆسرەت)

**گروپی سێیەم:**

١/ اسماعیل ساڵح عەبدوڵلا (چیا)

٢/ ڕەسوڵ محەمەد حەمە ئەمین (چواس)

٣/ عومەر خدر پیرۆت (چنار)

٤/ قانع بیلال فەقی ئەحمەد (لادێ)

٥/ عادل مەجید عەبدوڵلا (ئەژی)

دوای ڕزگار کردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە سەرکردایەتی (ی ن ک) سازو ئامادە بوو، لە سلێمانی شانە چەکدارەکانی شالاو، لە هەولێر، کەرکوک، بادینان شانە چەکدارەکانی برووسکی دروستکرد.

پارتیزانەکان لە تێکڕای کوردستاندا دابەشکرابوون، لە سنووری کەرکوکیش دا بە هەمان شێوە، بەشێکی زۆر لەو پێشمەرگانەی لە دوای ئەنفال تەسلیم ببوونەوە لە ڕیزەکانی سرک و شانە چەکدارەکاندا ڕێکخرا بوون پێشمەرگە دێرینەکان ڕۆڵی گەورەو گرنگیان بینی لە دروستکردنی شانە چەکدارەکاندا.

لە ناو شاری کەرکوکدا زیاد لە ١٠٠ شانەی چەکدار پێکهێنران، لە لایەن سەرکردایەتی شانە چەکدارەکانی (برووسک) ژمارەی (٩٠٠-١٠٠٠) پێدرا.

شانە چەکدارەکانی برووسک لە هەولێر و کەرکوکیش هەبوون بۆ جیاکردنەوەی ئەو شانە چەکدارانە لە یەکتری تا لە کاتی ئاگادارکردنەوەی شانە چەکدارەکان لە ئیزگەوە شانەکانی هەولێر- کەرکوک لێک جیابکرێنەوەو بناسرێنەوە، شانە چەکدارەکانی بروسک لە کەرکوک سفرێک کرایە پێشگریان بەم شێوەیە:

ئاگاداری بۆ شانەکانی برووسک (٩١٠- ٩٢٠) بەم شێوەیەی لیدەهات، ئاگاداری بۆ شانەکانی (٠٩١٠- ٠٩٢٠) سفرێک دەبووە پێشگری ژمارەکان.

بەشێکی زۆر لە کەسووکاری پێشمەرگە و تێکۆشەران و خەڵکی ڕەسەنی کەرکوک لە شارەکەیان دەرکرابوون و چووبوونە هەولێر، هەر بۆیە بەشێکی دیارو بەرچاو لە ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی کەرکوک لە ناو هەولێردا بوون، شانە و هێڵی چەکداریان درووستکردبوو.

## هـێڵ و خـەتەکانی ناو کـەرکوك

١/ خەتی کاکل، سالار حەکیم حەمە ڕەش سەرپەرشتی بەشێک لە خەت و هێڵەکانی ناو کەرکوکی دەکرد.

٢/ خەتی ئاسۆ ژمارەیەک، لێپرسراوی خەت.

٣/ خەتی سورە، فاروق عەبدوڵڵا عەلی ناسراو بە سۆرانە سور.

٤/ خەتی هەردی (شێرزاد حاجی سالّح) لە سێ خەت پێکهاتبوو، هەولێر، دوبز، پردێ.

٥/ خەتی میقداد مەلا صالّح

٦/ خەتی ڕەفیق ئاغجەلەری

٧/ خەتی وەستا ڕەسوڵ، وەستا جەبار

٨/ خەتی دووبز

٩/ خەتی وەستا سابیر

١٠// خەتی کۆسرەت ئاغجەلەری

شانەکانی (٠٩٠٠) تا (٠٩١٥) ئاسۆ لێپرسراویان بوو.

شانەکانی (٠٩١٦) تا (٠٩٢٦) وەستا ڕەسوڵ

شانەکانی (٠٩٢٧) تا (٠٩٥٠) وەستا سابیر

بۆ کار ئاسانی و هاتووچۆی ڕێکخستنەکانی ناو شار ناسنامەو پێناسی تەزویریان بۆ درووستکرابوو، خوناو محەمەد خوشکەزای شەهید جەمیل ڕەنجبەر

(١٠٠) ناسنامەی بۆ درووستکردبوون، مەلا قادر مۆری ئیستخباراتی تەزویر کردبوو، مۆرەکەیان لە پێناسەکان دەداو ڕێکخستنەکان هاموشۆیان پێوەدەکرد.

وەستا سابیر یەکێک لە فەرماندە کەرتەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک بوو بە هۆی نەخۆشیەوە گەڕابوەوە شار، پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کەرکوک گرێ دایەوەو دەستی بە کارکردن کرد.

کاک نەوشیروان نامەیەکی نارد بوو تیایدا داوای کردبوو وەستا سابیر هێزەکان ڕێک بخاتەوە ڕێکخستنەکانی کەرکوک پێیان باش بوو پێش هەر کەسێک پەیوەندی بە پێشمەرگە دێرینەکان و کەسوکاری شەهیدانەوە بکەن.

وەستا سابیر پەیوەندی بە پێشمەرگە دێرینەکانەوە کردوو دەیان مەفرەزەیان لێدرووستکردن کە نزیکەی (٣٠٠) کەس دەبوون.

## ڕێـــــکخستنی عــــەرەبەکانی کــــــەرکوک

سیروان دووکانی ساردەمەنی هەبوو لە کەرکوک بەرانبەر نەخۆشخانەی جمهوری بوو، وەستا سابیر چووە لای سەبارەت بە ئامادەکاری و خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین قسەی لەگەڵ کردوو نامەکەی کاک نەوشیروانی نیشاندا، لە قسەکردندا بوون وەصفی مزرعاصی هاتە دووکانەکەوە، وەصفی عەرەبێکی کەرکوک بوو ناکۆکی و دوژمنایەتیان لەگەڵ صدام دا هەبوو، وەستا سابیر بە سیروانی وت قسەی لەگەڵ بکەو ڕێکی بخە هیچ نا دژایەتیمان نەکەن، سیروان قسەی لەگەڵ کردبوو وەصفی وتبووی چۆن بڕواتان پێبکەم، سیروان وتبووی ئێوە چالاکیەکمان دژی حکومەت بۆ بکەن با بڕواتان پێبکەین وەک چۆن ئێوە بڕوامان پێناکەن، وەصفی وتبووی چۆن  بڕواتان پێبکەم چالاکی بکەم سیروان ژمارە (٩٠٥)ی دا بوویە لەگەڵ شەپۆلی دەنگی گەلی کوردستان و کاتی دەستپێکردنی بەرنامەکانی بەشی عەرەبی، لە ڕادیۆوە بەم شێوەیە بروسکەکە خوێندرایەوە (نداو من سیروان الی رقم (٩٠٥) وسلت رسالتکم) دوای گوێگرتن لە پەیامەکە، چالاکیەکیان ئەنجام داو لە مەرکەزی دوزیان دا.

## کڕینی دەبابە

فەرهاد مەحمود لە خەتی وەستا سابیر بوو، هەواڵی دایە ڕێکخستنەکان لە ناو شاری کەرکوکدا دەبابە دەفرۆشن بە (٦٠٠٠) دینار، فەرهاد مەحمود لە گیرفانی خۆی دەبابەیەکی کڕی و لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا بەکاریان هێنا.

سەید جیهاد جەباری (٤٠) کلاشینکۆفی دا بە ڕێکخستنەکان و کرایە لێپرسراوی چەند شانەیەکی چەکدار.

جگە لە بروسکەی (بروسک) بۆ شانە چەکدارەکان بروسکەی لە برایانی (صلاح)ەوە لە برایانی محەمەدوو صلاح ەوە، لە ئیزگەوە دەخوێندرایەوە بۆ شانە و هێڵەکانی ناو کەرکوک.

## ڕەشبگیری لە ناو کەرکوکدا

شەوی ١٩٩١/٣/١١\١٠ عەلی حەسەن مەجید چواردەوری شاری کەرکوکی گرت، لە کەرکوکدا زیاد لە (٧٠٠٠) کوردی شاری کەرکوک دەستگیرکران بە مەبەستی درووستکردنی (درعی بەشەری) بۆ ڕێگەگرتن لە ڕزگارکردنی کەرکوک، هەر لە ناو شاری کەرکوک و لە گەڕەکی شۆڕجەدا (٣٣) کوردی بێچەک و بەرگری بۆ چاوترساندنی کوردی کەرکوک لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٢ گوللەبارانکران، بەڵام ئەو تاوانانە نەیتوانی ڕێگە لە ڕزگار کردنی شاری کەرکوک بگرێ و خەڵکی کەرکوک بترسێنێ.

**شەهیدانی گوللە بارنکراو ئەم نەمرانەن**

١/ شێرزاد عاسی خواکەرەم

٢/ شێرزاد محەیدین فەرەج

٣/ ئەسعەد عومەر شەریف

٤/ ئەحمەد عومەر شەریف

٥/ تەحسین عومەر شەریف

٦/ ئەمین صابر ئەمین

٧/ محەمەد صابر ئەمین

٨/ مەنسور ڕەشید محەمەد
٩/ عەبدولوەهاب ڕەشید محەمەد
١٠/ نیعمەت چراخ عەلی
١١/ محەمەد فەتاح ئەحمەد
١٢/ بورهان حسێن مستەفا
١٣/ مەجید عەبدوڵڵا حەمید
١٤/ عەدنان عەبدوڵڕەحمان محەمەد
١٥/ سەرکەوت ناسح ستار
١٦/ شەماڵ ئەسعەد خەلیل
١٧/ عومەر قادر صدیق
١٨/ حەسەن بەکر
١٩/ ئەیوب عەبدوڵڕەحمان
٢٠/ معتصم مستەفا ئەمین
٢١/ سەردار سەیفی نامیق
٢٢/ عەبدوڵڵا میکایل محەمەد
٢٣/ نەوزاد عەبدوڵڵا محەمەد
٢٤/ کەمال ئەحمەد بەرغش
٢٥/ ئامانج نامیق سەعدون
٢٦/ علوان کریم ئیمام
٢٧/ جهاد عەرەب سەعید
٢٨/ نەجمەدین قادر
٢٩/ حسێن حەسەن محەمەد
٣٠/ سەعدوڵڵا شاماس بەرغ
٣١/ بورهان جەلاب محەمەد
٣٢/ سەباح نوری مەجید
٣٣/ موعتەسەم مستەفا ئەنوەر

ڕێکخستن و شانە چەکدارەکانی کەرکوک هەموو هەوڵەکانیان چڕ کردبووەوە بۆ ڕزگارکردنی شاری کەرکوک.

هاوکات لەگەڵ دەستگیرکردنی (٧٠٠٠) کورد لە ناو شاری کەرکوکدا، لە دووبزیش ڕەشبگیری دەستیپێکردوو (٥٠٠) کەس دەستگیر کران، لە مەرکەز شورطەی پیریادی لە ناو شاری کەرکوک (٣) هاووڵاتی تر گوللە بارانکران.

## چـــوونە هـــەولێر

شۆڕش سەرباز بوو لە سەربازگەی نەبیاوا زانیاری وردی لە سەر چەک و تەقەمەنی و ژمارەی سەربازەکان ناردبوو بۆ ڕێکخستنەکان، صدیق داوای لە شۆڕش کرد ژمارەیەک مۆڵەتی سەربازی بۆ پەیدا بکات، شۆڕش ژمارەیەک مۆڵەتی سەربازی هێنا کە تەنها بۆ (٢٤) کاتژمێر بەکار دەهات، مۆڵەتەکانیان پڕ کردەوە وەستا سابیر و حەوت کەسی دیکە بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن.

دۆخی کەرکوک خراپ بوو هەر چەند ڕۆژێکی مابوو ڕاپەڕین بگاتە هەولێر، ڕێگا ناخۆش بوو بە ڕێگەی مەخموردا چوونە کەیوان لایاندا بە لای مەلا عەبدوڵڵادا ڕێگەیەک هەبوو دەچووە موصڵ لە ڕێگە لای دەدایە مەخمور لەوێوە دەڕۆیشتە هەولێر.

ڕانیەو سلێمانی و کۆیە ڕزگار کرابوون، وەستا سابیر کرایە لێپرسراوی سەربازی و گەڕەکی حی عەسکەری هەولێری پێسپێردرا، لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ دا بەشداریان لە ڕزگار کردنی هەولێردا کرد، زیاتر لە (١٥٠٠) پارچە چەکیان کۆکردەوەو دایانە کەرکوکیەکان لە هەولێر و جدیدە و تۆبزاواو دارەمان لەوێشەوە بەرەو ڕزگار کردنی کەرکوک بەڕێکەوتن.

## هـــێڵی ژنـــان

ڕێکخستنەکان بەدەرنەبوون لە ژنان و کچانی تێکۆشەر دەیان ژن و کچی ڕووسوور لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا تێدەکۆشان.

دوای ڕزگارکردنی شاری هەولێر لە ١٩٩١/٣/١١ دا پۆلێک ژنی تێکۆشەری ڕیزەکانی ڕێکخستن مەفرەزەیەکیان لێپێکهات بۆ چوونە ناو شاری کەرکوک.

ئەم مەفرەزە ژنە تێکۆشەرە خولێکی خێرایان لە بنکەی شەهید شوان بروسک بۆ کرایەوە، لەگەڵ جوڵەی شانەو ڕەتڵەکانی بروسک ، ئەوانیش بەرەو شاری کەرکوک بەڕێکەوتن، لە کەلی سێکانیان کۆنە سیطرەیەکیان کردە نەخۆشخانەو چارەسەری بریندارەکانی شەڕی ڕزگاری کەرکوکیان دەکرد کە لەم ژنە تێکۆشەرانە پێکهاتبوون:

١/ شلێر غەریب صادق کەرکوکی (فەرمانبەر لە دەواجنی هەولێر)

٢/ ڕێزان ئیبراهیم کۆیی (فەرمانبەر لە دەواجنی هەولێر)

٣/ ئەنیسە ڕەشید محەمەد (فەرمانبەری برین پێچ لە سەرۆکایەتی تەندروستی هەولێر)

٤/ کلسوم قەڵادزەیی (فەرمانبەر لە دەواجنی هەولێر)

٥/ سعدیە غەریب صادق (خوێندکاری ئامادەیی)

٦/ کەوسەر تۆفیق دوبزی (خوێندکار)

## بەرەو ڕزگارکردنی کەرکوك

شارو شارۆچکەکانی کوردستان تێکڕا ڕزگار کرابوون، نەک هەر باشوری کوردستان بەڵکو کوردستانی گەورە چاوەڕوانی ڕزگارکردنی کەرکوکی کوردستان بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، سەرکردایەتی (ی ن ک) جەماوەری کوردستان و شانە چەکدارەکان، سازوو ئامادە بوون.

سەرکردایەتی ڕزگارکردنی شاری کەرکوک بە کاک نەوشیروان سپێردرا بوو، بەرنامەی چوونە ناو کەرکوک لە سێ قۆڵەوە دەستپێکرد.

**قۆڵی لەیلان:**

شەوی ١٨\١٩/٣/١٩٩١ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شانە چەکدارەکان بە سێ ڕەتڵ لە ڕێگەی لەیلانەوە چوونە ناو گەڕەکەکانی قادسیەو شۆڕجە لە ناو

شاری کەرکوک.

+ ڕەتڵی یەکەم بە فەرماندەیی سەید جەوهەر.

+ ڕەتڵی دووەم بە فەرماندەیی شێخ کەریم.

+ ڕەتڵی سێیەم بە فەرماندەیی ڕزگار حاجی کامیل.

هەر سێ ڕەتڵەکە زیاد لە هەزار پێشمەرگەو شانەی چەکدار بوون.

## قـــۆڵی پـــردێ، هـــەولێر

لە قۆڵی پردێ هەولێرەوە هێزێکی زۆرو بێشومار بە فەرمانـدەیی و سـەرپەرشتی کاک کۆسرەت کۆبوونەوە بۆ چوونە ناو کەرکوک، هێزەکان بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک کران بە چەند ڕەتڵێکەوە.

ڕەتڵی حاجی هەڵمەت بۆ قەسری قازی

ڕەتڵی وەستا سابیر فیلکەی تەپەو ڕەحیماوا

تیپی ٢١ی کەرکوک بۆ سەر ڕەبیەکانی کانی دوومەڵان

ڕەتڵی ڕێباز، سەفین مەلا قەرە، بۆ سەر زنجیرە چیاکانی کانی دوومـەڵان و لەوێشەوە بۆ شەریکەی نەوت.

## سەربازی مام حسێن بۆ ناو کەرکوك

ڕەتڵی کۆیە بە فەرماندەیی ڕەهبەری سەید برایم

خاڵە کاکە مەند ، وەستا ڕەسوڵ، ئاسۆ سوور دەستەی هێرش بوون

شانە چەکدارەکانی کەرکوک، هەولێر، کۆیە لەگەڵ چەکدارە شۆڕشگێڕەکان شانە چەکدارەکانی بیتوێن، پشدەر تێکڕا سازوو ئامادە بوون بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک سەرەتا ٤٠٠ پێشمەرگە چوونە ناو شاری کەرکوک دواتر هێزەکانیتر ڕەوەند مەلا مەحمود یەکێک لە فەرماندەکانی قۆڵی پردێ بوو بۆ ناو کەرکوک کاک کۆسرەت و مام ڕۆستەم و سیروانی کوێخا نەجم گەیشتنە ناو شار.

+ قۆڵی دوبز بە کاک ڕێباز سپێردرا بوو.

## قۆڵی سلێمانی

لە قۆڵی سلێمانیەوە، بەتالیۆنەکانی (٥، ٦، ٧، ١٥) پارتیزانەکانی پیرەمەگرون، شارباژێڕ تیپە دلێرەکانی ٣٧ی شاربازێڕ، ٤٣ی شاربازێڕ، ٣١ی سلێمانی، لەگەڵ چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و شانە چەکدارەکان بە سەرپەرشتی مولازم عومەر هێرشیان دەستپێکرد.

دەیان فەرماندەی قارەمان لە هێرش کردنە سەر داموو دەزگاکانی داگیرکەر لە کەرکوک و دەورووبەری کەرکوکدا بەشدار بوون ئاکۆ سور، عوسمان سێدەری، سەید ئەحمەد، حەمە هەژار، حاجی سەراوی، عەبە ڕەق، حەمە عەلی بەرزنجی، وەستا فاروق، مام ڕۆستەم، فەرماندە دێرینەکانی کەرکوک و دەیان و سەدان پێشمەرگەو فەرماندەی تێکۆشەریتر بەشدار بوون.

## ڕزگـــار کردنی شـــاری کـــــەرکوك

دوای ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان زەمینەی ڕزگارکردنی کەرکوک ڕەخسا، کەرکوک لە ژێر ستەمی دەیان ساڵە هاتە دەروو بە ڕزگاری و سەرفرازی گەیشت.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جەماوەری داخ لە دڵ و کوردی چەوساوەو دوور خراوەی ناو لم و بیابان، چاو لە ڕێ و چاو لە سەر هەڵمەت بوون، ئێستا نا کەمێکیتر، هەر چەند کاتژمێرێکیتر، گرمەو ورشەی باوەشە گڕی ئاربیجی خۆی بکات بە شارداو قریوەی تفەنگ بگاتە ئەو پەڕی شاروو بقاسپێنێ.

جۆش و خرۆشی جەماوەر بە شێوەیەک هاتبووە کوڵ، لە بەردەم گڕەی هەناسەدا هەر داگیرکەر بوو دەپڕووکان، ڕێکخستنەکانی ناو شاری کەرکوک لەگەڵ هەڵمەت و پەلاماری پێشمەرگەدا بە ناو شاردا دەگەڕان و بە بڵندگۆ خەڵکیان ئاگادار دەکردەوەو تەلیسم و دیواری ترسی دوژمنیان دەشکاند.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٩ هەڵمەتیان بردە سەر شاری کەرکوک، ڕاپەڕین لە گەڕەکەکانی ئیمام قاسم، ئازادی، ئیسکان، شاترلوو،

قۆریە، هەردوو ئەحمەد ئاغای کۆن و تازە دەستیپێکردوو سەلماندیان کەرکوک شارێکی کوردستانییە، هەر لەو هەڵمەتانەدا فرۆکەخانەی تسعین کەوتە ژێر کۆنترۆڵی جەماوەرو ڕێگەی سلێمانی کەرکوک کۆنترۆڵ کراو (٣) دەبابەو چەند تۆپێکی قورس و دژە ئاسمانیەک کەوتنە بەردەستی جەماوەر.

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٩ ڕێگا سەرەکیەکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێر بە تەواوی کۆنترۆلکران و هێزی پێشمەرگە و کەرکوک بە یەک شادبوونەوەو یەکتریان لە ئامێز گرت دوای زنجیرەیەک هەڵمەت و پەلاماری بەردەوام لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠دا تەواوی شاری کەرکوک لە داموودەزگاکانی بەعس پاککرانەوەو دەستیان بە سەرداگیرا.

دوای حەفتا ساڵ تەعریب و ڕاگواستن کەرکوک ئازاد کراو بەرگی یەخسیری داماڵی، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ لە ناو قەڵای کەرکوکدا ئاگری نەورۆز کرایەوە.

## بۆ بەرگی دووەمی دۆسییە
## سوودم لە چەند گەس و سەرچاوە وەرگرتووە

**داستانی دابان**

١- ئازادی سەگرمە

٢- بیرەوەریەکانی مەحمود سەنگاوی

٣- وەستا غەفور

٤- فەخرەدین سمایل بەگی

٥- ڕەهبەر سەید برایم

٦- تۆفیق کانی وەتمانی

٧- مستەفا سەرگەڵویی

٨- فەرهاد سەنگاوی

٩- بێستون سابوراوایی

١٠- ئاسۆ سور

١١- جەمالی حەمەی خواکەرەم

١٢- ئەرشیفەکەم

**قەیوان – ماوەت**

١- سەید ئەحمەد حەمە لاو

٢- دکتۆر برایم ماوەتی

٣- وەستا فاروق

٤- خاڵە سەراوی

٥- هەڵۆ پێنجوێنی

٦- عوسمان سێدەری

٧- فاروق عەلی مەولود

٨- دکتۆر کەمال شاکر

٩- وەستا غەفور

١٠- حەمە تەپەدێیی

١١- فەلاح حەمە بۆر
١٢- عەزیز کوڵکنی
١٣- ئەکبەر یەناخی
١٤- عەبدوڵڵا بۆر
١٥- جەمال هەروەتی
١٦- عوزێر فەقیانی
١٧- مەولود هێرۆیی
١٨- عەبدوڵڵا هەمزە
١٩- ئەحمەد هەرتەلی
٢٠- ڕێباز هەولێری
٢١- کەمال تاماس
٢٢- جەمال حاجی مامەندی
٢٣- حەمە سنگری
٢٤- کەمال شێخە
٢٥- ئازاد دەرەمیانەیی
٢٦- بیرەوەرییەکانی مەحمود سەنگاوی
٢٧- ئازادی سەگرمە
٢٨- بیرەوەرییەکانی مستەفا چاوڕەش
٢٩- جەمال چاو شێن وەندەرێنەیی
٣٠- ڕێبازی نوێ
٣١- ئەرشیفەکەم

**لێدانی بیرەنەوتەکان**

١- خولانەوە لە بازنەدا (نەوشیروان مستەفا ئەمین)
٢- ئازادی سەگرمە
٣- ڕەهبەر سەید برایم

٤- عەلی بچکۆل

٥- وەستا سابیر

٦- ڕەوەند مەلا مەحمود

٧- بیرەوەرییەکانی مەحمود سەنگاوی

٨- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان – ی.ن.ک- لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەدا – یوسف محەمەد بەرزنجی

٩- ڕێبازی نوێ

١٠- ئەرشیفەکەم

**داستانی ڕزگاری**

١- عەبدوڵڵا بۆر

٢- سەدار شەرکانی

٣- عوزێر فەقیانی

٤- سەعدەدین

٥- ئەنوەر دۆلانی

٦- حەمە هەژار

٧- خاڵە سەراوی

٨- کەمال شێخە

٩- وەستا فاروق

١٠- جەمال چاوشین وەندەرێنەیی

١١- بیرەوەریەکانی مەحمود سەنگاوی

١٢- ئازادی سەگرمە

١٣- دکتۆر کەمال شاکر

١٤- ئاسۆ سور

١٥- عەزیز کوڵکنی

١٦- جەلال کوڵکنی

١٧- فەلاح حەمە بۆر
١٨- ڕێباز هەولێری
١٩- عوسمان سێدەری
٢٠- زاهیر سێدەری
٢١- هەڵۆ پێنجوێنی
٢٢- هاوڕی کاوە
٢٣- سەباح مێرگەسەری
٢٤- ڕێبازی نوێ
٢٥- ئەرشیفەکەم

**ئاشتبوونەوەی گشتی**

١- بەیاننامەکان – لە هەردوو کتێبی یوسف محەمەد بەرنزنجی
٢- ڕێبازی نوێ
٣- ئەرشیفەکەم

کیمیاباران

١- دکتۆر کەمال شاکر
٢- وەستا فاروق
٣- عەزیز کوڵکنی
٤- فەلاح حەمە بۆر
٥- حەمە عەلی چوارتایی
٦- سید ئەحمەد حەمە لاو
٧- یاسین ئیبراهیم حەسەن
٨- عەدالەت سێوسێنانی
٩- شڤان گۆپتەپەیی
١٠- ڕێبازی نوێ
١١- ئەرشیفەکەم

١٢- سەید ئەحمەد حەمە لاو

**سرک – ڕێکخراو – ڕاپەڕین**

١- فارس عەزیز مەحمود

٢- عەلی شەهید محەمەد

٣- مەحمود حاجی ساڵح

٤- حەسەن بەگ

٥- کۆسرەت ئاغجەلەری

٦- چیا – تەکیە

٧- سامی قەرەداخی

٨- هاوڕی پەنا

٩- شەماڵ عەبدولوەفا

١٠- ئاکۆ غەریب

١١- محەمەد کاک هەمزە

١٢- کوردە عەزیز بەگ

١٣- بەڵگەنامەکانی ئەمنی سلێمانی

١٤- بەڵگەنامەکانی سرک

١٥- ئەرشیفەکەم

١٦- مەلا قادر

١٧- ڕازاو مەحمود فەرەج

١٨- ئەحمەد بچکۆل